فائق رسول

چەند لاپەڕەیەک لە

مێژووی

خەباتی گەلی کورد

ڕووداوو بەڵگەنامە

١٩٨٢ _ ١٩٩٠

بەرگی سێیەم

١٩٩٤

فاتح رسول

چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی خەباتی گەلی کورد

ڕووداوو بەڵگەنامە

١٩٩٠ - ١٩٨٢

بەرگی سێیەم

سوید ١٩٩٤

چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی خەباتی گەلی کورد
نووسینی: فاتیح ڕەسوڵ
چاپی یەکەم
بەرگی: سێیەم
سوید: ١٩٩٤

لە چاپدانەوەی بەدەست خاوەنیەتی

پێشکەش

* بەو تێکۆشەرە دڵسۆزە ڕاستەقینانەیە پشتگیری تەواو لە مێری کوردستانی باشوور دەکەن. بێوچان بۆ سەقامگیرکردن و پێشکەوتنی تەقەلا دەدەن.

* بۆ دوارۆژی منداڵانی کوردستان پێشکەشە .



سەرەتا

گەلی کورد یەکێکە لەو گەلانەی کە بە درێژایی مێژووی کەوتۆتە بەر هێرش و پەلاماردان، هەروەها لەلایەن زلهێزە دەسەلاتدارەکانەوە قڕج و بڕ کراوە.

مێژووی کۆن و تازەی کورد پڕە لە ڕاپەڕین و قوربانیدانی خوێناوی لە پێناو مان و پاراستنی خاک و زمان و کلتووری نەتەوایەتی خۆی.

ئەو شوێنە ستراتیژی و پڕ پیت و بەرەکەتەی کوردستانی تێدا هەڵکەوتووە، یەکێک بووە لەو هۆیە سەرەکیانە کە سەرنجی دەوڵەتە بەهێزو تواناکانی ڕاکێشاوە، مرخی خۆیان لێخۆش کردووە تا هێرشی بهێننە سەرو داگیری بکەن.

هەرچەندە لەم وتارە کورتەدا شوێنی ئەوە نابێتەوە بەدرێژی باسی مێژووی دەوڵەتە کۆنەکانی کورد، ئیمارەتەکانی بکەین. بۆیە لێرەدا تەنیا ئاماژە بۆ ئەو دەوڵەتە کوردیە دەکەین کە لەسەدەی شەشەمی زایینی پێش پەیدا بوونی ئایینی ئیسلام چ ڕۆڵێکی گرنگی

له ڕۆژهه‌لاتی ناوه‌ڕاستدا بینیوه، له‌و کاته‌ی عه‌ره‌به‌کان له دواکه‌وتووترین قۆناخی ژیاندا بوون، تورکه‌کانیش له ناوه‌ڕاستی ئاسیادا خه‌ریکی مه‌ڕو مالأت به‌خێوکردن بوون، به‌دوای له‌وه‌ڕگاو پاوان ده‌سووڕانه‌وه، ژیانێکی کۆچه‌ریانه ده‌ژیان.

له‌و سه‌رده‌مه‌و له ڕۆژئاوای ئێرانی ئێستادا خێڵی (گۆران) که خێڵێکی به‌هێزو به توانای کورد بوون ده‌وڵه‌تێکی بنیات نا، پایته‌خته‌که‌شی شاری (کرماشان) بووه، به سه‌رکردایه‌تی سه‌رۆک (کۆتانزه) سنووری له هه‌رێمی شاری ته‌وریز تێپه‌ڕ بوو.

به په‌یدابوون و بلأوبوونه‌وه‌ی ئاینی ئیسلام، کوردستان بووه سه‌ره ڕێگای هێرش و په‌لاماری له‌شکری ئیسلامی بۆ سه‌ر ولأتانی ڕۆژهه‌لأتی ناوه‌ڕاست و ئاسیا، زۆربه‌ی زۆری کوردیش وازیان له ئاینی باب و باپیرانیان هێنا، هاتنه ژێر ئالأی ئاینی ئیسلام.

گه‌لێ پیاوی ئازاو ناودارو هۆزانی ئه‌وتۆ له نێو کورد هه‌لکه‌وت که له‌به‌ر دڵسۆزی و ڕه‌وشتی پاکیان خزمه‌تی گه‌وره‌یان پێشکه‌ش نه‌ته‌وه‌ی عه‌ره‌ب و ئاینی ئیسلام کرد، هه‌رچه‌نده ڕه‌گه‌ز په‌رسته کۆن و تازه‌کان هه‌مووده‌م ته‌قه‌لای ئه‌وه‌یان داوه ڕاستی و ڕووپه‌ڕی مێژوو بشێوێنن و ئه‌وه‌ی ناڕاست و ناڕه‌وایه بیخه‌نه پاڵ مێژووی کورد، به‌لأم به ده‌ردی کورد گوته‌نی: (به‌ری ڕۆژ به بێژینگ ناگیرێت).

ئه‌گه‌ر ئاوڕێکی بابه‌تیان له دواوه بده‌ینه‌وه‌و لاپه‌ره‌کانی مێژووی گه‌لێ له ولأتان هه‌ڵبده‌ینه‌وه، به‌تایبه‌تی ئه‌و ولأتانه‌ی له‌م چه‌رخه‌دا به‌توانان و پێشکه‌وتوون، ئه‌وه‌مان بۆ ده‌رده‌که‌وێ که کورد له مێژووی ڕابردوودا ڕۆڵی له‌وان پتر بووه!!

بۆ نموونە دوو سەد ساڵێک پێش ئەمڕۆ وڵاتانی وەک ئەڵمانیاو فەرەنساو ئیتالیا لە دەیان میرنشینی پارچە پارچەو فیودالیدا سەریان تێکنابوو. گەلێ هۆ کاری بەهێز بووە هۆی ڕوودانی گۆڕانکاری گەورە لە ژیانی ئەو وڵاتانەدا. شۆڕشی فەرەنسای ساڵی ١٧٨٩ کۆمارێکی یەکگرتووی لە فەرەنسا دامەزراند.

نەتەوەپەرستی ئازاو دلێری ئەڵمانیا واتە بسمارک<١> سیستەمی میرنشینی لە ئەڵمانیا هەڵگرت و کردیە یەکپارچە، ڕۆڵی گاليبالدی<٢> و کافوریش<٣> لە ئیتالیا شیاوی ڕێز لێنان بووە.

لە سەدەی شازدەهەمەوە تا ئەمڕۆ گەلی کوردو نیشتمانەکەی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پتر لەت لەت کراوە، ڕاگوێزراوە بە بارو زرووفی گەلێ سەخت و دژواردا تێپەڕ بووە. هەر دوا بەدوای ڕێکەوتنی

<١> بسمارک: لە ساڵی ١٨١٥-١٨٩٨ز نیشتمانپەروەرێکی ئازاو سیاسەتمەدارێکی ناسراوی ئەڵمانیا بوو، بە ڕەهبەرایەتی ئەو یەکێتی ئەڵمانیا وەجێ هات.

<٢> گريبالدی: ١٨٠٧-١٨٨٢ز نەتەوەپەرست و شۆڕشگێڕێکی ناوداری باشووری ئیتالیا بوو. ڕۆڵێکی سەرەکی و دیاریکراوی بینی لە پێکهێنانی یەکێتی ئیتالیا.

<٣> کافور: ١٨١٠-١٨٦١ لە گەورەترین پیاوە سیاسییەکانی ئیتالیا دەژمێردرێ. یەکێک بوو لە هەرە تێکۆشەرەکان کە یەکێتی ئیتالیایان بنیات نا.

چاڵدێران<٤>ی ساڵی ١٥١٤ لە نێوان سوڵتان سەلیمی<٥> یەکەمی عوسمانلی و ئیسماعیل سەفەوی<٦> شای ئێران، بۆ یەکەم جار بە رەسمی کوردستان کرا بە دوو بەش. رۆژهەلاتی شاخی زاگرۆس کەوتە ژێر چنگی ئێرانیەکان و رۆژئاواکەشی بەر دەوڵەتی عوسمانلی کەوت.

<٤> چاڵدێران: ناوچەیێکە کەوتۆتە باکووری ئازەربایجانی ئێران، لە ساڵی ١٥١٤ شەڕێکی قورس لە نێوان تورکە عوسمانلییەکان بە سەرۆکایەتی سوڵتان سەلیمی یەکەم و فارسەکان بە رابەرایەتی شا ئیسماعیل سەفەوی ڕوویدا، عوسمانلییەکان سەرکەوتن بۆ یەکەم جار لە مێژوودا کوردستان کرا بە وڵات. رۆژهەلاتی شاخی زاگرۆس کەوتە ژێر چنگی فورسەکان. رۆژئاواکەش کەوتە دەستی تورکە عوسمانلیەکان.

چوارسەد ساڵی رەبەق بەشی هەرە زۆری کوردستان لەژێر چەنگی عوسمانلیەکان مایەوە ، ئەوە ٧٥ ساڵیشە کوردستانی باکور لەژێر چەنگی کۆماری تورکیای تۆرانی ماوەتەوەو هی رۆژهەلاتیش ژێردەست بە ئێرانیەکان.

<٥> سوڵتان سەلیمی یەکەم: سوڵتانی نۆهەمی عوسمانلیەکان بوو لە ساڵی ١٥١٢تا ١٥٢٠، لەسەر حوکم مایەوە ، لە شەڕی چاڵدێران بەسەر ئێرانیەکاندا سەرکەوت. بەڵگەنامەیێکی بۆ ٢٣ میر نشینەکانی کورد مۆر کرد کە سەربەخۆیی ئەمارەتەکانیان دەپارێزێت. تەنیا پێوەندیان بە چەقی ئەستەنبوڵ بێت.

<٦> ئیسماعیل سەفەوی: ١٤٨٧-١٥٢٤ز دامەزرێنەری دەوڵەتی سەفەویە ، لەسەردەمی ئەو دەسەلاتی ئێرانییەکان گەیشتە بەغداو ئەجەف و کەربەلا ، مەزهەبی شیعەی باش بلاو کردەوە لە شەڕی چاڵدێراندا شکا.

بەلاّم هەر دوای ئەوەی سولْتان سەلیم لە شەڕەکانیدا سەرکەوت، بەڵێنی بە ٢٣ میرنشینی کورد دا کە یەکێتیەکانی خۆیان بپارێزن و هاوکاریان لەگەلْ چەقی دەولْەتی عوسمانلی بەردەوام بێت.

ڕاوێژکەری سولْتان کە ناوی (ئیدریس) بوو ڕێککەوتننامەیەکی ڕێک و پێکی ئامادەکرد، سولْتان سەلیم و سەرۆکی هەر ٢٣ ئەمارەتەکە مۆریان کرد، بۆ ماوەی ١٥٠ سالْ پارێزگاری لەو ڕێککەوتننامەیە کرا تا سالْی ١٦٨٣ ئەو کاتەی کە سولْتان سلێمان‹٧›ی دووەم لە (ڤییەننا) گەڕایەوە، ڕێککەوتننامەکەی پێشێل کردو کەوتە گیانی کورد لەسەر ڕەوتی (سیاسەتی جیاوازی پەیداکە سەردەکەوی) ڕێشت، تۆوی دووبەرەکی و جیاوازی کورد بە کورد کوشتنی لە نێوانیاندا وەشاند، بەلاّم لەگەلْ ئەوەشدا گەلی کورد چۆکی بۆ ڕژێمە سەربۆکراتیەکەی‹٨› سولْتان دانەداو ڕووبەڕووی وەستان، ڕاپەڕین لە دوای ڕاپەڕین دژی دەولْەتی عوسمانلی بەرپا دەکردو لە هەموو لایەکی کوردستان بە ڕوویدا دەتەقینەوە.

‹٧› سولْتان سلێمانی دووەم، سولْتانی بیستەمی عوسمانلی بوو، گەلێ بەبێ توانایی ناوی دەرکرد بوو لە سالْی ١٨٣٤ ڕێککەوتنەکەی سولْتان سەلیمی یەکەمی هەلْوەشاندەوەو سەربەخۆیی ئەمارەتە کوردییەکانی نەهێشت.

‹٨› سەربۆکراتی: بەو سیستەمە دەگوترێ لەژێر پەردەی ئاینیدا بەدوا کەوتووترین شێواز و دیکتاتۆریە کاروباری دەولْەت بەڕێوە بەرێت.

سالی ١٨٣٤ محەمەد پاشای رەواندوزی کە میری میرنشینی سۆران بوو، ئالای کوردستانی بەرز کردەوە . لە سالی ١٨٤٣ ئەحمەد پاشای بابان میری میرنشینی بابان لەشکری عوسمانلی تا بەغدا راونا ، هەروەها راپەرینەکانی میرنشینی بۆتان بە رابەرایەتی بەدرخانیەکان و راپەرینی (سیرت ١٨٧٥-١٨٧٩)و لە هەمان کاتدا شۆرشی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری لە ١٨٧٢-١٨٨٦ دریژەی کێشا. ئەمانەو گەلێ راپەرین و سەرهەڵدانی دیکە ئارامی و ئاسودەییان لە دەوڵەتی عوسمانلی نەهێشتبوو.

لە سالی ١٩١٥ نەتەوەی کورد دووچاری بەکەم راگوێزان هات، نزیکەی ملیۆنێک کورد لە ناوچەکانی کوردستانی باکور بۆ رۆژئاواو باکوری تورکیا دوور خرانەوەو پەرتەیان پێکرا. دیسان لە سالأنی ١٩٢٥ و ١٩٢٧ و ١٩٣١ بە هەمان شێوەی درندانە، دوور لە هەموو یاسار هەست و نەستی مرۆڤایەتی، گەلی کورد لە کوردستانی باکور، بەر لافاوی ئەشکەنجەو فشاری راونان و راگوێزانی تۆرانیەکان کەوتەوە .

لە ناوەراستی سەدەی بیستەم چەندان شۆرشی دیکەی خوێناوی لە کوردستان هەڵگیرسایەوە . لە سەردەمی ئەمرۆماندا کێشەی کورد لە جیهان دەنگی داوەتەو، شۆرشی چەکداری دەمێکە لە سێ پارچە گەورەکەی بەردەوامە ، گومانیش لەوەدا نییە ئەم شۆرشە هەر بەردەوام دەبێت تا میللەتی کوردیش نوێنەری دەچێتە ریزی ئەنجومەنی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئالأی کوردستانیش لە ئاسماندا دەشەکێتەوە .

خوێنەری خۆشەویست:

هەروەک لە پێشەکی بەرگی یەکەم و دووەمی (چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی خەباتی گەلی کورد) ئاماژەو جەختم لەسەر ئەوە کرد کە ئاوات و ئامانجی سەرەکیم لە نووسینی ئەم کتێبە، ڕوونکردنەوەی ڕووداوە گرنگەکانی ساڵانی هەشتاکانی شۆڕشی تازەی کوردستانی باشوورو ڕیسوا کردنی کینەبەرێتی و ناکۆکییەکانی نێوان حیزبە سیاسییەکانی کوردستانە، کە ناوی لێندرا بوو (شەڕی برا کوژی)و بە مێژەکەیەکی ترسناک دەزانراو جگە لە ماڵوێرانی چیدیکەی تێدا بەستە نەبوو، ئەزموونی ئەو ڕۆژە ڕەشانەش دەبێ بۆ خەباتی دوا ڕۆژمان بە وردی دەرس بکرێ. بەتایبەتی لەم سەردەمەدا کە بەسەردەمی دیموکراسی و مافی مرۆڤ ناو دەبرێ، کەچی نیشتمان و گەلە ستەمدیدەکەمان دووچاری فراوانترین ڕاگوێزان و قڕکردن هات، وەک کیمیابارانی کوردستان و وێرانکردنی پتر لە چوار هەزار شارو شارۆچکەو گوندو بێ سەرو شوێن کردنی نزیکەی ۱۸۲,۰۰۰ هەزار ڕۆڵەی کورد، کە تا ئێستا هیچ کۆمیتەو لایەنێک نەیتوانیوە سەرو شوێنێکی لێ پەیدا بکات، ئەویش بەناوی (ئەنفال) ناو نرا. ئەمە جگە لە بێ سەرو شوێن کردنی هەشت هەزار بارزانی کە لە ئۆردوگا زۆرە ملێکانی قوشتەپەو بحەرکە<۹> کۆ

<۹> بحەرکە و قوشتەپە: قوشتەپە سەرکەزی ناحیەیکە ۲۰ کیلۆمەترێک کەوتۆتە خوارووی هەولێر، لەسەر ڕێگای هەولێر ـ کەرکوک هەڵکەوتووە. بەعسییەکان لە ناوەڕاستی حەفتاکاندا ئۆردوگا زۆرە ملێیەکی گەورەیان لێ پێیات نا. بحەرکە، گوندێکی گەورەیە، کەوتۆتە باکووری شاری هەولێر ۲۰ کیلۆمەترێک دوورە لەوێش ئۆردوگا زۆرە ملێیەک هەیە.

کرابوونەوە، لەژێر فشارو ناخۆشترین باری دژوارو کۆنترۆڵی دام و دەزگای فاشیەکانی بەغدا ژیانیان بەسەر دەبرد.

برایانی ئازیزم:

هەرکە بەرگی یەکەم و دووەمی کتێبەکە گەیشتە بەردەستی خوێنەران، پەی دەر پەی چ بە نامە یان تەلەفۆن، چەندەها تێبینی باش و بە نرخ و ئامۆژگاری برایانەو رەخنەی بنیاتنەرانەی پڕ لە نیاز پاکی دڵسۆزانم پێگەیشت. سەرجەمیان هانیان دەدام و داوایان لێدەکردم کە بەردەوام بم لەسەر بڵاوکردنەوەی هەر شتێکی لە هەگبەو مێشکمدا ماوە، لەو برایانەی کە بە گەرمی تا رادەیەک ئامۆژگاری و تێبینی باشیان پێشکەش کردم و داوایان لێکردم کە بەردەوام بم و گەلێ بەڵگەنامەشیان بۆ ناردم، شەهیدی نەمر دکتۆر سادقی شەرەفکەندی سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، رێکخراوی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە سوید، کاک عومەر شێخ موس، کاک ئەمیری قازی، دکتۆر رەفیق سابیر، کاک مەلا رەسوڵی پێشنەماز، دکتۆر رشاد میران، کاک حەسەنی قازی، هاوڕێ مەلا ئەحمەدی بانیخێلانی، هاوڕێ و برام کاک ئەحمەد دڵزاری شاعیر، گۆشاد حەمەسەعید نووسەر، حەسیب شێخانی «بۆتان» چیرۆکنووس و دەیانی دیکە کە سوپاس و رێزم بۆیان هەیە.

یەکێک لەو رەخنەو تێبینیانەی کە کارێکی زۆری کردە سەر هێندێ راو بۆچوونەکانم، ئەو تەلەفۆنە بوو شەوێک لەناکاو بۆم کرا.

کە تە تەلەفۆنەکە لێیدا هەڵمگرت و کوڕێک خۆی پێناساندم و گوتی: (من لاوێکی کوردم لە شاری «بۆتنۆبۆری»(۱٠)بەوە تەلەفۆنت بۆ دەکەم ناوم «ش.ش.ب» کۆنە پێشمەرگەی «یەک»

بووم وەک پێشمەرگەیەکی ریزەکانی «ینک» لەگەڵی چالاکی پارتیزانی بەشداریم کردووەو بۆ رێبازەکە دڵسۆز بووم، هەروەها لە شەری برا کوژیش بەشداریم کردووە. یەک لە باری خۆم پیرۆزباییەکی گەرم و گورت لەمەر بەجێ گەیاندنی ئەرکی پیرۆزی نووسینی کتێبەکەتان لێدەکەم، کارێکی وا پیرۆز یارمەتی هەزاران لاوی وەک من دەدات کە بە وردی و شارەزایی لەسەر رووداوە تاڵ و سوێرو دڵتەزێنەکانی رابردوو پەیدا بکەن، ئێمەی پێشمەرگە کە گیانی خۆمان لەسەر دەست دادەناو بەوپەری لەخۆبوردوویی و چاو نەترسییەوە تێدەکۆشاین.. بەلأم ئەوەی جێی داخ و مەخابنە نەمانەدەزانی ئەم شەرە براکوژییە لە کوێوە هاتووە او هۆکارە بنەرەتی و نهێنییە شاراوەکانی چین! بۆچی ئێمەی پێشمەرگە نایانزانین! بەراستی بڵاوبوونەوەی کتێبێکی وا یارمەتیمان دەدا بۆ هۆشیاربوونەوەی ئێمەی لاوو تازە پێگەیشتووی کورد.

بۆیە ئەگەر ماوەم بدەی یەک دوو تێبینی و رەخنەی دڵسۆزانەم هەیە و پێشکەشتانی دەکەم.

شێوە ناخاوتنە جوان و رێکوپێکەکەی وای لێکردم زۆری رێز لێبنێم، بۆیە تکام لێکرد هەرچییەکی لەدڵ و دەروونیدا هەیە بە راشکاوی بیخاتە روو، بەرامبەر بەمەش من سوپاسی دەکەم.! کاک

«١» بۆتنبۆری: دووەمین شاری سویدە لە رووی گەورەییدا، کەوتۆتە باشووری رۆژئاوا، بەندەرێکی گرنگە پرە لە کارخانەی پیشەسازی جۆراو جۆر.

ش.ش.ب کەوتەوە قسەکردن و گوتی: (شەهید جەمالی عەلی باپیر هاوڕێ و برادەرێکی نزیک و خۆشەویستم بوو، ئەو شەڕەی کە لە بەشی «میوانداریتی یان تاوان» باستان کردووە، من خۆم تێیدا بەشدار بووم، شوێنی تێکبەربوون و کوشتن و کوشتارەکە بنکەی شەهید شێرکۆ شێخ عەلی بوو نەک بنکەی شەهید جەمال.)

هەر لە هەمان بەشدا نووسیوتە: (ئەوانەی لەو شەڕانەدا کوژران بە شەهید دانانرێن!. پرسیارم هەیە ئایا کە دەستت بە نووسینی ڕووداوەکانی پشت ئاشان کرد گومان نیە دەربارەی شەهیدەکانی (حشع) دەنووسی بەلاّم چی دەنووسی بە شەهیدیان دادەنێی یان نا ؟)

وەرامم دایەوەو گوتم: بەشەهیدیان دادەنێم.

کاک ش گوتی: (هاوڕێی بەڕێزم مامۆستام ئێمەی پێشمەرگەی فیداکارو خەباتکەری کۆڵنەدەر کە هەمیشە بۆ قوربانیدان و شەهید بوون گیان لەسەر دەست بووین ئەمەش لەپێناوی کوردو کوردستان و بیرو باوەری پێشکەوتووخوازانە. ئایا تاوانی ئێمە چییە ئەگەر ئێوە! کادرە سەرەکییەکانی سەرکردایەتی پارتە سیاسیەکانی گۆڕەپانی کوردستان بە بەردەوامی لەژێر پەردەی کوردایەتی و نیشتمانپەروەری و فیکری پێشکەوتوو ئێمەتان بە ئامۆژگاری و بیرو ڕای جۆراو جۆر پەروەردە کردبێ، پاڵتان بەئێمەوە نابێ بۆ کردەوەی سەر سوڕهێنەرو بۆ ناولێراو زۆنگی پڕ مەترسی مردنتان دەناردین، سەدان دڵسۆزو ساکاری وەک منیش لەم ڕێگایەدا سەری تێیدا چوو!! بۆچی ڕۆڵە کوژراوەکانی (حشع) بەشەهید دادەنێی و هی هێزەکانی دیکە کە لە شەڕی برا کوژیدا کوژران بە شەهید

دانانیْ؟.) یەکسەر قسەکەی کەوتە بەر دڵم و دانم پێداهێناو گوتم:
(رەخنەکەتان لە شوێنی خۆیەتی و ڕایەکەت بەڕاست دەزانم بەڵێنم پێدا جارێکی دیکە دووپاتی ئەم بۆچوونە چەوتە نەکەمەوە .)
خوێنەری هێژا... لەوکاتەی کە تازە دەستم بە ڕەشی نووسی ئەم بەشەی سێیەمە کرد. سەرە ساڵی ۱۹۹۲ بوو، لە ساڵەکەدا زیانی گەلیْ گەورەو جەرگبڕ بە بزاڤی ڕزگاریخوازی سیْ پارچەی کوردستان کەوت، سیْ کەڵە مێردی ناسراو لەناو چوون، یەکەم مردنی تێکۆشەری ناسراو لە کوردستانی باشور ئەندامی مەکتەبی سیاسی (پنک) کاک عومەر مستەفا(۱۱) کە بە عومەر دەبابە بەناوبانگ بوو. کاک عومەری ئەمر لە هەلومەرجی نوێی کوردستان لە خەبتێکی بێوچاندا بوو بە نەخۆشی دڵ لەناو کۆنگرەی (پنک) چووە ریزی شەهیدانەوە . ئەمەش زیانێکی گەورە بوو.
دووەمیان، شەهید کردنی دکتۆر سادقی شەرەفکەندی سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، لەکاتێکدا کە هەوڵ و تەقەلای دەدا بۆ ڕێکخستنی ریزی هێزو تاقمە کوردستانیەکانی کوردستانی خۆرهەلات و هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی دژ بە ڕژێمی تاران، لەکاتی بەجێهێنانی ئەم ئەرکە پیرۆزەیدا بەدەستی تاقمە پیاو کوژەکە بەکرێگیراوەکانی سەر بە ڕژێمی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی ئێران ڕۆژی ۱۷ کانوونی یەکەم لە شاری بەرلین هاتە

---

(۱۱) وێنەو کورتەی ژیانی شەهیدان، کاک عومەر مستەفا، دکتۆر سادق شەرەفکەندی، موسا عەنتەر لە بەشی وێنەو بەڵگەنامەکان بلاْوکراونەتەوە .

شەهید کردن. بەمەش زیانێکی گەلیٚ گەورە و پڕ ئەستەم و لە نکاو بە جوستەی (حدکا) و گەلی کوردستانی ئێران کەوت.

لە مانگی ئابی هەمان ساڵدا پارێزەری ناسراو موسا عەنتەر کە زیاتر لە ٥٠ ساڵ لەسەر پاراستنی شوناسنامەی خۆی و کوردەکانی باکوور ئازارو ئەشکەنجەی کێشا. لەکاتێکدا کە ناوی کوردو کوردستان لە تورکیا بە تەواوی قەدەغە بوو حوکمی خنکاندنیشی لەسەر دەدرا... بەڵام موسا عەنتەری ئەمر کۆڵی نەدا هەر لە خەبات و تەقەلای بێوچان و سەختدا بوو تا ئەو ڕۆژەی ژەندرمە پیاوکوژەکانی ڕژێمی ڕەگەزپەرستی تورکیا لە دیاربەکر شەهیدیان کرد.

بە لەدەست چوونی ئەم تێکۆشەرە ناسراوانە، بەتایبەتی لە بارو زروفێکی وا ناسک کە گەلەکەمان پێیدا تێدەپەڕیٚ زیانێکی گەورەمان لێکەوت، لەمە لەکاتێکدا بوو کە بانگەشەی هەموو هێزو ڕۆڵە دڵسۆزەکانی کورد کرا بوو بۆ پتەوکردنی یەکێتی ریزەکانیان و بەکارهێنانی تواناکان بۆ ڕزگارکردنی کوردستان و گەلەکەی لەو مەینەتەی تێیدا دەژی، هەموو لایەکانیش هەوڵبدەن بۆ پشتگیری حکومەتەکەی هەرێمی کوردستان و ئەو هەلومەرجە نوێیەی بۆ گەلی کورد ڕەخساوە لەکیس نەچێت. هەموو لایەک دەستە بەری بکەن بۆ پاراستنی ئەو دەسکەوتە پڕ بەهایەو سەرخستنی ئەو ئەزموونە نوێیە... بکرێت بە لەمپەرێک دژی هەموو فرتو فێڵێکی دوژمنە داگیرکەرەکان بۆ هەرەس پێهێنان و ڕیسوا کردنیان.

ئازیزان:

هێندێک لەو ڕووپەڕانەی بڵاوم کردووەتە ڕوونکردنەوەو [illegible]رامی

گـــەرەكــــە. بەپێی تواناو بۆچوونم بەم ئەركــــە هەڵســـاوم و ڕاو بۆچوونەكانی خۆم خستۆتە پاڵیان، تكای برایانەم ئەوەیە بە دڵێكی فراوان و دوور لە دەمارگرژی و پەلە كردن، نووسینەكانم بخوێننەوە و هۆشمەندانە لەگەڵ بەڵگەنامەكاندا بەراوردی بكەن ئینجا هەڵی بسەنگێنن و بڕیاری خۆتانی لەسەر بدەن، گەورەترین پاداشت بۆ من ئەوەیە كــە خوێنەرو لاوە تازە پێگەیشتــووەكانی كــوردستـــان و توێژەران بەرهەمەكە پەسند بكەن و لێم ڕازی بن، پەند لە كردەوە ڕێكوپێك و جوان و پڕ مـانـاكـان وەربگرن و نەفـرەت و بێزاریش بەرامبەر بە شەڕی ناوەخۆو برا كوژی دەربڕن، واز لە بەرژەوەندی و عەقلیەتی تەسكی حیزبایەتی بێنن و بەیەك دەنگ، دەست لەناو دەست وەك شوورەی پۆلاً بۆ سەركەوتنی كوردستان و ڕزگار كردنی گەلە جەور لێكراوەكەی و بۆ پێشخستن و بەختیاری تێبكۆشن.

سوید: ئیسكلیستونا
١٩٩٣/١١/٢٥

گەڕانەوە
بۆ ناو کۆڕی کارو ئەنجامدانی ئەرکەکان

لە کۆتاییسالی ١٩٨١ دوای تەواو بوونی کۆبوونەوەی کۆمیتەی مەرکەزی، مۆسکۆمان بەجێهێشت و گەڕاینەوە دیمەشق.
لە سوریا هاوڕییانی م.س و ئەوانەی لە کۆمیتەی پێوەندی نیشتمانی کاریان دەکرد، کەوتنە بزاف و تەقەلادان بە مەبەستی ئامادەکردنی دۆکۆمێنتی پێویست، بۆ ئەوەی دەستە دەستە بگەڕێینەوە شوێنەکانی خۆمان لە کوردستان. وا ڕێکخرا هاوڕێ یوسف حەناو من بۆ گەڕانەوە دەستەی دووەم بین.

ڕۆژی ١٩٨٢/٢/١٢ سوریامان بەجێهێشت و گەیشتینە (تاران). لە تاران سێ ڕۆژ ماینەوە. ئەوجا بەرەو ورمێ و ڕاژان هاتین. بەفرێکی یەکجار زۆر لە باکورو ڕۆژئاوای ئێران باری بوو. ڕێگاکان بە ئاسانی هاتوچۆی پێدا نەدەکرا. چەند ڕۆژێک لە میوانداریتی برادەرانی م.س (پدک) لە ڕاژان ماینەوە. کە ئەوانمان

بەجێهێشت و گەیشتینە شاری (پیرانشار-خانە) ئێمان بارەکە ناجۆرو دژوارترە. هاتووچۆکردن فرە سەختە، تراکتۆرێکمان بەکرێگرت کە بمانگەیێنێتە گوندی (خدراوە-ئاڵوەتان)‹١٢›. بە دەردیسەری و ماندوو بوون و شەکەتی، ٣٠ کیلۆمەتر ڕێگامان بە هەشت سەعات بڕی و گەیشتینە گوندی (ئاڵوەتان).

دوو شەو لە گوندەکە ماینەوە، بە یارمەتیدانی دانیشتوانی گوندەکەو خاوەن چەند ولاغێک کە بەست بە بەست شارەزایی زۆریان لەسەر هەموو ناوچەکەدا هەبوو، باش دەیانزانی ڕێگاکە لە دەشتی (وەزنێ و مەردوایێ) بە چ کەندو پێچوو پەنادا تێدەپەڕێ، گەیشتینەوە بنکەکانی خۆمان لە گوندی (نۆکان).

لەلایەن هاوڕێیانمان بەگەرمی پێشوازی کراین، بە تایبەتی کە زانییان هێندێ پارچەی پێویستمان بۆ ئێزگەی دەنگی گەلی عێراق لەگەڵ خۆمان هێناوە. چەند مانگیش بوو ئێزگەکە لەکارکردن وەستا بوو.

پەی دەر پەی ژمارەیەک لە هاوڕێیانی دیکەی م.س و ل.م گەیشتنەوە نۆکان. دوای پشووداێکی چەند ڕۆژی کەوتینەوە کۆبوونەوە و دەرس کردنی باری کوردستان، پێوەندی نێوان گشت

‹١٢› خدراوە-ئاڵوەتان: خدراوە گوندێکی کچکەیە کەوتۆتە سەر ڕێگای ئۆتۆمۆبیلی خانە-سەردەشت، دووریانە بۆ ئاڵوەتان.

ئاڵوەتان: گوندێکی خێلی سەنگورەکانی دیوی کوردستانی ڕۆژهەلاتە، ٣٠ کیلۆمەتر لە ناوزەنگ و سنوور دوورە.

هێزە کوردستانیەکان و ئەم ڕووداوە گرنگانەی لە ماوەی ئەو چوار مانگەی زۆربەی ئەندامانی م.س و ل.م حشع لە دەرەوەی ولات بوون. هەروەها باری تایبەتی ناوخۆی ڕێکخراوەکانی حشع، لە هەمان کاتدا کەوتە خوێندنەوەی گشت ئەو نامەو بلاوکراوانەی لەو ماوەیەدا گەیشتبوونە سەرکردایەتی حشع لە (نۆکان) کە هاوڕێ ئەحمەد بانیخێلانی بەجێهێشترا بوو سەرپەرشتی بکات.

یەکەم: کۆبوونەوەی سەرکردایەتی حشع ڕۆژی ١٩٨٢/٣/١ لە نۆکان دەستی پێکرد، بۆ دەرسکردنی پێوەندی نێوان هێزە کوردستانیەکان. بڕیار وەرگیرا هاوڕێ یوسف حەنا و هاوڕێ مەحمودی حاجی فەقێ خدری قەلادزێ بچنە سەردانی برادەرانی حسک بۆ دوو مەبەست:

١- ڕاو هەلوێستی سەرکردایەتی حسک دەربارەی ئەو کۆبوونەوە دوو قۆلیەی سەرکردایەتی ینک و حسک بەم دواییە سازیان کردبوو.

٢- ڕاو بۆچوونەکانی حشع دەربارەی هاوکاری و هاریکاری لەگەلْ ینک.

ڕۆژی ١٩٨٢/٣/٣ هاوڕێ یوسف ڕاپۆرتێکی پێشکەش کردبوو دەربارەی دانیشتنەکەیان لەگەلْ سەرکردایەتی حسک و گوتی: (سەرکردایەتی حسک بڕوایان بە ڕێککەوتن و بەلێنەکانی «ینک» لاوازە و گوتبوویان «بەم دواییە نەوشیروان مستەفا و حەمەی حەمەباقی لەگەلماندا کۆبوونەوە، پێشنیاریان کردبوو کە:

١- هێزی پێشمەرگەی ینک و حسک بکرێنە یەک هێز.

٢- دەستکەوت و داراییان بکرێت بە یەک.
٣- ڕاگەیاندن و پڕوپاگەندەکان بکەن بە یەک.
٤- سەید کاکە ئەندامی ل.م حسک ببێتە فەرماندەی گشت هێزە چەکدارەکانی هەردوو حیزب.
٥- بەیاننامەیەکی دوو قۆڵی دەربهێنن بۆ گشت ڕێکخراوەکانی هەردوولایان و جەماوەری کوردستان. لێیان داوا بکەن ڕیزەکانی خۆیان پتەو بکەن، گوڕج و گۆڵی و چالاکی پێشمەرگەکانیان پتر بەرەو پێشەوە بەرن، هێرشی توند و کوشندەتر ئاراستەی دام و دەزگاکانی ڕژێمی بەغدا بکەن.

برادەرانی سەرکردایەتی حسک گوتبوویان: (ئێمە ئامادەینە لەسەر چوار خاڵ لەگەڵ برادەرانی سەرکردایەتی «ینک» ڕێکبکەوین، بە مەرجێک هێزەکانی دیکەی کوردستان بەتایبەتی «حشع» لەگەڵماندا بەشدار بێت.

دەربارەی پێشنیاری دەرهێنانی بەیاننامەی دوو قۆڵی ڕای سەرکردایەتی حسک ئەوەیە کە یەکەم هەنگاو هەر لایەکیان بەیاننامەی تایبەتی خۆی دەربهێنێ. بەهەمان گیان و هەناسە و بۆچوون و ڕێبازی باسیان لەسەر کردبوو بنووسرێت، لە داهاتووشدا هەنگاوی دیکە بهاوێژرێن.)

بەردەوام بووم لە خوێندنەوەی گشت ئەو نووسراوو بەڵگەنامانەی کۆبوونەوە، بەڵگەنامەیەک لەو بەڵگەنامانەی سەرنجی ڕاکێشام مەحزەری ئەو کۆبوونەوە بوو کە لە ڕۆژی ٢٤و١٩٨١/١١/٢٥ لە نێوان حشع، حسک، ینک، حدکا بەسترا بوو. بەووردی خوێندمەوە، خاڵە گرنگەکانی تێیدا هاتبوون لای خۆم تۆمارم کردن.

لە سەرەتای مەحزەرەکەدا نارەزایی و بێزاری و دڵگیری هەر چوار حیزبی تێدا بەدی دەکرا لەسەر ئەو شەڕە ناڕەوایەو هێرشی چەکدارەکانی (پدک) لەتەک پاسدارو ئەرتەشی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ سەر شاری (شنۆ) و شەڕی (پەسوێ)<١٣>.

هەر چوار حیزبیش لەسەر ئەم بڕیارانەی خوارەوە ڕێککەوتبوون، ئەمەش دەقی بڕیارەکانە:

یەکەم: خاکی کوردستانی عێراق جێگای نواندنی چالاکی و سوپایی گشت حیزب و هێزە سیاسیە نیشتمانپەروەرو شۆڕشگێڕەکانی عێراقی و کوردستانییە بە ئازادی، بۆ هیچ لایەک نییە بەرگری لە چالاکی سیاسی و چەکداری ئەو لایەنانە بکات و پێویستە لە سەرانسەری کوردستانی عێراقدا سەربەستی بیرو باوەڕو دیموکراسی زامن بکرێت بۆ هەر کێشەیەک ڕوویدا لە نێوان ئەم هێزە نیشتمانی و شۆڕشگێڕانەدا بە گفت و گۆو شێوەی برایانەو هاوخەباتی چارەسەر بکرێت و خەباتیان یەک بخەن دژی ڕژێمی رەفتار فاشی و رەگەزپەرستی بەغدا.

دووەم: لەسەر لایەنی سێیەمی (جود) پێویستە کە بە هەموو هێزەکانی چەکداری و سەرکردایەتییەوە بە تەواوی

<١٣> پەسوێ: گوندێکە لە کوردستانی ئێران خێڵی مامەشەکانی تێدا دەژین، سەربە قەزای پیرانشارە، لەسەردەمی شای پێشوودا ئۆردوگایێکی سەربازی گەورەی لێ بنیات نرابوو.

بگەڕێنەوە مەیدانی خەباتی ڕاستەقینە کە کوردستانی عێراقەو بە هیچ شێوەیەک دەست نەخاتە کاروباری کوردستانی ئێران و شەڕی کوردی ئێران بەتایبەتی (حدکا)ی برا نەکەن و تا ئەوکاتەی دەگەڕێنەوە بەپێی ئەم پرۆژەیە رەفتار بکەن.

١- لەو شوێنانەی کوردستانی ئێران کە پتر لە دوو مانگ لەمەوبەر گرتوویانە بکشێنەوە ئەو شوێنانەی کە لە پێشتر لێی بوون لە ناوچەی (تەرگەوەڕو مەرگەوەڕ)‹١٤› لە ماوەی ١٥ رۆژدا لەدەست پێکردنی گفتوگۆ لەگەڵیان لەلایەن (حشع)و (حسکع)ر لە هیچ شوێنێک و بە هیچ شێوەیەک بەرگری لە هاتووچۆی پێشمەرگەی شۆڕشی کوردستان نەکەن و لە ڕێگاو بانەکاندا بکشێنەوە بۆ ئەو شوێنانەی لەگەڵ (حدکا)ر (حشع)و (حسکع) ئیتیفاقی لەسەر دەکرێت.

٢- لەماوەی مانگێکدا لەدەستپێکردنی گفتوگۆ لەگەڵیان لە تەواوی ئەم شوێنانەی کە تێکەڵاون لەگەڵ ئەرتەش و پاسدارو چەکداری دیکەی دەوڵەتی ئێران دوور بکەونەوەو تا دەگەڕێنەوە کوردستانی عێراق، نابێت دەست بخەنە ناو کاروباری کوردستانی ئێران و یان شەڕ بکەن لەگەڵ (حدکا)و کوردی ئێران.

‹١٤› تەرگەوەڕو مەرگەوەڕ: بەو ناوچەیە دەگوترێ کەتۆتە باکوری رۆژئاوای کوردستانی ئێران. خێڵی شکاکی لێ دەژیت لەنێوان شاری (ورمێ-سەلماس) هەڵکەوتووە.

دوای بڕیاردانیان لەسەر جێبەجێ کردنی برگەی (أ) بگەڕێنەوە بۆ کوردستانی عێراق و ئەرکی سەرشانی خۆیان بەجێبهێنن. پێویستە لەسەر (ێنک) کە شەڕیان نەکات و هیچ کۆسپ نەبەنێتە ڕێگایانەوەو بە هاوکاری هێزە نیشتمانییەکانی دیکە زەمینە لە هەموو ڕوویکەوە خۆش بکەن بۆ ئەو مەبەستەو بۆ ئەوەی لەلایەنی سێیەمی (جود) بەسەربەستی لە کوردستانی عێراقدا هاوبەشی خەبات بکات دژی ڕژێمی بەغدا. هاتنەوەکەیان بەپێی نەخشەیەک دەبێ کە هەموو لایەک لەسەری پێک دێن.

سێیەم: (حدکا) هەموو هاوکارییەکی لایەنی سێیەمی (جود) بکات بۆ گەڕانەوەی بەپێی نەخشەیەک کە هەموو لەسەری پێک دێن.

چوارەم: بۆ جێبەجێ کردنی خاڵی دووەم، نوێنەرێک لە لایەن (حشع)و (حسکم) بچێت بۆ لای لایەنی سێیەمی (جود) بەزووترین کات گفتوگۆیەکانی لەگەڵدا بکات و ئەنجامەکەی بە لایەنەکانی ئەم پەیمانە هاوبەشیە بگەێنێت.

پێنجەم: تا نوێنەرەکە دەگەڕێتەوە ئەم هەنگاوانە بنێن:

أ- وەستاندنی شەڕ لە ناوچەی بالەکایەتی بەپێی بانگەوازەکە بەردەوام بێت و بە وردی پیڕەو بکرێت و هەموو لایەک ئاگاداری هێزەکانیان بکەنەوە کە لەهیچ ناوچەیەکدا هێزی هیچ لایەنێک هێرش نەکاتە سەر لایەنەکانی دیکەو زەمینەیەک بۆ برایەتی و دۆستایەتی دروست بکرێت.

ب- هێرشی ئیعلامی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان دژی لایەنی سێیەمی (جود)و هی ئەوان دژی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوەستێنێت.
شەشەم: پاش گەڕانەوەی نوێنەرەکە لەلایەنی سێیەمی (جود) هەڵوێستی پێویست لەو لایەنەوە وەربگیرێت بەپێی ئەنجامی گفتوگۆکە و بڕیارەکانی.

دوابەدوای کۆبوونەوەکە یەکسەر سەرکردایەتی حشع و حسک نامەیەکی هاوبەشیان ئاراستەی م.س پدک کردبوو، دەقی ئەم خالانەی هەر چوار حیزب لەسەریدا ڕێککەوتبوون لەگەڵ نامەکەیان بۆ پدک ناردبوویان، دڵسۆزانە داوایان لە پارتی کردبوو هەڵوێستی ئەبجەکتیڤی وەربگرێت و لاپەڕەی تازە لەنێوان گشت هێزو حیزبە کوردستانییەکان بکرێتەوە کەچی بە پێچەوانە م.س پارتی بە نارەزایی و توند دژی خاڵەکان وەستا بوون، وەلامیشیان نەدابۆوە!
لێرەدا پێویست بە هەڵوێستێک دەکات، بە ڕاوو بۆچوونی ئەو کات و ئێستاکەم هێندێ لە شێوەی نووسینی مەحزەری دانیشتنە چوار قۆڵییەکە، کە شێوەی فەرمانکردنی بەسەر (پدک) تێدا بەدی دەکرێت، لە مەیدانی پەیوەندی نیشتمانی و بۆ چارە کردنی ناکۆکی و گیروگرفتی نێوان هێزەکانی گۆرەپانی خەبات و تێکۆشان پەسند ناکرێت و بە ساناش پیادەیی بە خۆیەوە نابینێ ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکە گەلێ هەڵوێستێکی مێژوویی و بەسوود دەبوو ئەگەر سەرکردایەتی (پدک) بۆ بەرژەوەندی داهاتووی کوردستان بە پشوونێکی درێژترو ڕەواو بابەتییانە، دووربینی تەواویان تێدا

بەکاربهێنایەو بەگیانێکی دۆستانەش دەرسی پێشنیارەکانی چوار حیزبەکەیان بکردایە، هەم (پدک)و هەم بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان ئەوکات هەنگاوی باش بەرەو پێش دەرۆیشت.... خۆ لەسەرانسەری کوردستان و رۆژهەلاتی ناوەراست شاردراوە نەبوو، کە دوای رێککەوتنەکەی نێوان شای ئێرانی پێشوو سەدام لە شاری (جەزائیر) رۆژی ١٩٧٥/٣/٦ شۆرشی ئەیلولی کوردو هەموو نەتەوەی کوردستان تووشی گەورەترین هەرەسهێنان و تێکشکان هات، سەرکردایەتی پارتی و شۆرشی ئەیلول و پتر لە ١٧٠ هەزار<١٥> کوردی کوردستانی بە عێراق لکاندراو دووچاری دەربەدەری و ئاوارەیی هاتن و پەنایان بردە بەر رژێمی پەهلەوی ئێران، لە ئێرانیش رژێمەکە لە کوردستانی دوور خستنەوە، بەسەر شارو شارۆچکەکانی دابەش کردن، سەرکردەکانیان شۆرش وەک پەنابەر بارمەتی و پێویستەکانی ژیانیان لە رژێم وەردەگرت، زۆربەی هەرە زۆری ئاوارە بووە پەنابەرەکان کەوتنە کارکردن و دەردەسەر بۆ مسۆگەر کردنی بژێوی خۆیان و خێزانەکانیان بەم شێوەیە پەرت و بلاوەیان پێکرا.

دوای پێک هێنانەوەی (سەرکردایەتی کاتی پارتی ـ القیادة المرقتة للپارت)<١٦>و کەوتنە خەباتکردنی چەکداری لەناو خاکی

<١٥> لە دوو سێ برادەرانی کادرو سەرکردایەتی (پدک)م زانی کە دوای هەرەسهێنانی شۆرشی ئەیلول، لە ناوەراستی ١٩٧٥ ژمارەی ئەو کوردانەی رایان کردە ئێران بەپێی سەرژمێری رەسمی حکومەتی شا ژمارەیان لە ١٧٠ هەزار کەس تێپەری کرد بوو.

کوردستانی عێراق، ژمارەیەک لە پەنابەرەکان گەڕانەوەو دەستیان بە چالاکی و شەڕی پارتیزانی دژ بە ڕژێمی فاشی بەغدا کرد.

کەچی هەر دوابەدوای ڕووخاندنی ڕژێمی پەهلەوی و سەرکەوتنی شۆڕشی گەلەکانی ئێران لە شوباتی ١٩٧٩، گۆڕان بەسەر ڕێبازی سەرکردایەتی کاتیدا هات و کەوتە گفتوگۆ کردن لەگەڵ سەرکردەکانی شۆڕشی کۆماری ئیسلامی، زۆری نەخایاند ڕێککەوتن لە نێوانیاندا چێ بوو، ژمارەیەک لە چەکدارەکانی (پدک) کەوتە هاوکاری و هاریکاری کردن لەتەک هێزەکانی پاسدارانی ئیسلامی و ئەرتەش، پاراستنی دەورووبەری هێندێ شارو شارۆچکەو سەرە ڕێگایان لە کوردستانی ئێران پێ سپێردرا. ئەو ئەرکەش پاڵی پێوەنان ڕوو بە ڕوو هێزە بەرهەڵستکارەکانی کۆماری ئیسلامی بەتایبەت چەکدارانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران ببەستن و لە زۆر شوێندا تووشی تێک بەربوون و شەڕکردنی یەکتری هاتن.

‹١٦› سەرکردایەتی کاتی پارتی دیموکراتی کوردستان «القیادة المؤقتة للحزب الدیمقراطي الکردستاني ـ العراق» دوابەدوای هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلولی ١٩٦٣و ئاوارەبوونی زۆربەی هەرە زۆری ئەندام و کادرەکانی (پدک) بۆ ناو خاکی ئێران. لە تەموزی ١٩٧٥ یەکەم جار بە نهێنی کۆمیتەیەکی سەرکردایەتی بە ناوی «سەرکردایەتی کاتی-پدک» بۆ کۆکردنەوەو ڕێکخستنەوەی ئەو پارتیانەی خۆیان بە نزیک و دڵسۆزی سەرۆک مستەفا بارزانی و کوردستان دادەنا پێکهات لە ٢٦/ئاباری ١٩٧٦ دەستی بە خەباتی چەکداری کردەوە.

ئەم ڕەفتارو ڕێبازە چەوتەی برادەرانی سەرکردایەتی (پدک) گرتیە بەر، بە هەڵەیەکی مێژوویی گەورە دەژمێردرێ، ماوەی چەند ساڵێک بوو بە ماک و هۆکارێکی دیکە لە درێژەپێدانی کینەبەرایەتی و شەڕی کورد کورد کوژی و لە سەرانسەری کوردستانیش ڕەنگی دایەوە.

لە زۆربەی کۆبوونەوەکانی دوو قۆڵی نێوان سەرکردایەتی (پدک) و (حشع)و کۆبوونەوەکانی لیژنەی باڵای (جود) کە خۆشم لەگەڵێکیاندا بەشداریم دەکرد، باسی ئەو وانە گرنگە دەکرا کە لەسەر م.س پدک پێویستە هەنگاو بنێت هێزی چەکداری خۆی لەناو خاکی کوردستانی ئێران بکێشێتەوە، لەم تێکهەڵکشان و تێکشاڵانەی لەگەڵ ئەرتەش و پاسداران ڕزگاریان بێ!

بەپێچەوانەی ئەوە سەرکردایەتی (پدک) بە بەردەوامی بەرگریان لە هەڵوێستەکانی خۆیان دەکردو بەڵگەی زۆریشیان دەهێنایەوە کە ئەرکی سەر ئەستۆیان گەلێ گران و سەختە، ژمارەی چل هەزار پەنابەر بە خاوو خێزانیانەوە لە شارەکانی ئێران پەرەوازە کراون. (ینک) کۆسپ و تەگەرەی زۆریان دەهێنێتە پێش، شەڕیان پێ دەفرۆشێت، توانای دارایی و چەکیان کەمە ...هتد. ئەو بەڵگانەی سەرکردایەتی پارتی دەیان خستنە ڕوو هێندێ ڕاستی تێدا بەدی دەکرا، بەڵام بۆچوون و ڕای تایبەتیم کە ئەوکاتیش نەم دەشاردەوەو بە ڕاشکاوی باسم دەکردن کە ماوە هەبوو:

١- سەرکردایەتی پدک دەرسی باری ژیانی گشت پەنابەرەکان و خێزانەکانیانی بکردبا ئەوانەی لە سەردەمی شای پێشوو بە تەواوی کەوتبوونە ناو کارو ڕەنجدەران و خەریکی ژیانی تایبەتی خۆیانن

چەندن؟ ژن و منداڵ و پیرو پەککەوتە لە نێوانیاندا چەندن؟

٢- ئەو پەنابەرە بەتواناو ئامـادەبوو وانەی بۆ خـەباتکردنی سـەخت و نهـێنی و چەکـداری و شـەڕی پارتیـزانی لەناو خـاکی کوردستانی عێراق دژی دیکتاتۆریەت بکەن ژمارەیان چەندن؟

٣- لە ناوچەی بادینان و هێندێ ناوچەی پارێزگـای مـوسڵ و ناوچەی هەورامـان و سنووری گـەلێ شوێنی دیکە، ماوە لەپێش م.س پدک هەبوو، بایەخی باشتـر بەهێزەکانیـان بدەن و پتـر گـەشەیان بکردبایە.

٤- بە بەڵێنی زۆرو هەرەشـە کـردن لەلایەن سـەرکـردەکـانی کۆماری ئیسـلامی ئێران، پدک خۆی نەخستبایە ژێر رکێفی ئەوان و بۆ زۆربەی زۆری داواو بڕیارەکانی ڕژێمەکە ملی کەچ نەکردبایە.

٥- دابەشکردنی بەشێک لە پێشمەرگەکانی پدک بەسەر هێندێ سەنگەرو سەرە ڕێگا سەرەکییەکانی کوردستانی ئێران شان بە شانی ئەرتەش و پاسداران، بە هەڵەیەکی مێژوویی یەکجار زل دەژمێردرێ لە مێژووی دوورو درێژی خەبات و تەقەلادانەکـانی پدک، ئاکـامی کردەوەکـانیـان وای کـرد چەند شـەڕی خوێناوی و تێکهەڵچوونی جـەرگ بڕ لە نێوان پێشـمـەرگـەکـانی پارتی و پێشـمـەرگـەکـانی کوردستانی ئێران ڕوو بدات و ژمارەیەکی زۆریش لە ڕۆڵەی کورد بە فیڕۆ ڕۆیشت.

٦- هەر لەگەڵ سـەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێراندا، جەماوەری کـوردســتـانی ڕۆژهەلات، ئازایانە ڕاپەڕین، زۆری نەخـایاند لە مـاوەیەکی کـورتدا لە دەوروبەری ڕێکخـراوە سـیـاسـیـەکـانیـان کۆبوونەوە، حیزبی دیموکراتی کوردسـتـان بوو بە هێزێکی بەتواناو

دەسەلاتدار. سەرکردایەتی و گشت ڕێکخراوەکانی (حدکا)و جەماوەرەکەش درێغییان لەوە نەدەکرد کە بە پێی توانایان دەستی یارمەتی و کۆمەک بە کوردستانی باشوور (عیراق) و هێزەکانی چەکداریان ڕابگەیێنن. گۆڕەپانی خەباتی پیرۆزی کوردایەتی فرەوانتر بوو.

بەداخ و مخابنییەوە قووت بوونەوەی پێشمەرگەی (پدک) لەتەک هێزەکانی داگیرکەری ئێران لە زۆر شوێنی کوردستانی ڕۆژهەلات ئەنجامێکی، کجار خراپ و پڕ کەسەری دروست کرد، مزاج و ڕاو هەلوێستی چەساوەی کوردی ئێران بەرامبەر بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانی عیراقی گۆڕی. تا گەیشتە ڕوو گرژی و نارەحەتی و پەیڤی ڕەق و توانج.

٧- بە ڕای من لە دوای مۆرکردنی بەرەی نیشتمانی دیموکراتی (جود) ئەگەر بهاتایە برادەرانی سەرکردایەتی پارتی هەنگاو بە هەنگاو چەکدارەکانی خۆیان لەناو سەنگەرەکانی کوردستانی ئێران بکێشابایەوە، زەمینەیەکی لەبارو هەلی زێڕینی دەڕەسکا. کە تەبایی و برایەتی و یەکێتی تێکۆشانی نێوان خەباتکەرانی کوردستانی ڕۆژهەلات و باشوور بە خۆیەوە بدیێ و لاپەڕەی تازەشی لە نێوان پدک و یەنک دەکرایەوە. ئەوکات هەموو هێزەکانی سیاسی و چەکداری و جەماوەری کوردستان سوودو سەرکەوتنی باشی وەدەست دەهێنا.

باری نا ساکارو نا ڕەواو در دونگی و کینەبەرەبەتی درێژەی کێشا، زیانی یەکجار زۆرو زەبەندی بە جەرگەی نەتەوەی کورد

گــەیاند، هەلی لەبار هاتە پێش و لەکــیس درا، دوژمنەکــانی داگیرکەری کوردستان لە هەردوو دیویدا سوودی زۆریان پێگەیشت.

* * *

یەکێتی نیشتمانی کوردستان
و
حیزبی شیوعی عێراق

ڕۆژی ١٩٨٢/٣/٤ نوێنەرانی حشع، هاوڕێیان کەریم ئەحمەد، عومەر عەلی شێخ، ئەحمەد بانیخێلانی و یوسف حەنا لە بارەگای ینک لەگەڵ مام جەلال، نەوشیروان مستەفا، ملازم عومەر عەبدوڵلا، مەلا بەختیار، دکتۆر خدر مەعسوم، جەمال حەکیم، عومەر عەزیز و سێ کادری دیکەی ینک کە ناسراو نەبوون، کۆبوونەوە. کە هاوڕێیانمان گەڕانەوە ڕۆژی دووەم کورتەی کۆبوونەوەیان بۆ باس کردین، هاوڕێ کەریم گوتی:

(دوای ئاڵ و گۆڕ کردنی ڕێزو پێشوازی گەرم و گوڕ لە یەکتری، کورتەو ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکەی (ل.م)ی تشرینی دووەم و هێندێ ڕوانگەی ڕامیاری حیزب و بۆچوونەکانی دەربارەی باری تێکچووی عێراق، پێوەندی نێوان گشت هێزو پارتە کوردستانیەکان و هێزە

ئۆپۆزیسیۆنەکان، شەڕە گڵاوەکەی نێوان ئێران و عێراق... هتد. باسکران،) لەدواییدا مام جەلال ڕاو بۆچوون و تێبینیەکانی (ینک)ی لەسەر باس و ڕووداوەکان دەربڕی، بە ڕاشکاوی گوتی:

(ینک بۆ هەموو ڕێککەوتنێک لەگەڵ حشع ئامادەیە هەر لە ڕێککەوتنی بچووک و ڕۆژی تا ڕێککەوتنی ستراتیژی. ئامادەینە هەر لەم دانیشتنە ڕێککەوتنتان لەگەڵدا مۆر بکەین، بەپاننامەو ئامۆژگاری دوو قۆڵی دەربهێنین، بەمەبەستی پتەوکردنی پێوەندی و هاوکاری نێوان هەردوو لامان، دەربارەی پێوەندی ینک و پدک ئامادەینە کۆبوونەوەیان لەگەڵدا بکەین، بەڵام ینک وای پەسند دەکات هەنگاوی یەکەم کۆبوونەوە لە نێوان کادرەکانی پلەی دووەمی هەردوولاماندا بێت.)

لەکۆتایی دانیشتنەکەدا نوێنەرانی حشع و ینک لەسەر ئەوە ڕێککەوتبوون بەم زووانە کۆبوونەوەیەکی دیکە بکرێت.

یەکسەر بڕیارمان وەرگرت کۆبوونەوەکەی داهاتوو لە ڕۆژی ١٩٨٢/٣/١٣ ببەسترێت. ئەم دوو خاڵەش ئامادە بکەین، لە کۆبوونەوەی داهاتوودا دەرس بکرێن.

١- ڕەشنووسی ئامۆژگاریەکی ناوخۆ ئامادە بکەین، دوای دەرسکردنی لە کۆبوونەوە دوو قۆڵییەکەو بڕیار وەرگرتن لەسەریدا هەر لایەکمان بە جیاواز بڵاوی بکاتەوە.

٢- داوا لە سەرکردایەتی (ینک) بکرێت لەسەر چ بنچینەو بنکەیەک دەیانەوێ لەگەڵ (پدک) دانیشتن بکەن و چ لەسەر حشع پێویستە بیکات.

بەهۆی سایەقەو سەرماو بارینی بەفری زۆر سەرکردایەتی حشع

پێشنیاری کردە سەر م.س ینک، کۆبوونەوەی ڕۆژی ١٩٨٢/٣/١٣ بۆ ڕۆژی ٣/١٦ بوەخرێت. سەرکردایەتی ینک لەگەڵ پێشنیارەدا بوو.

کات و ڕۆژی دیاریکراو نوێنەرانی سەرکردایەتی ینک:
مام جەلال، نەوشیروان مستەفا، ملازم عومەر عەبدوڵلا گەیشتنە بارەگای بەتالیۆنی ١١ی حشع لە گوندی تۆکان. لەگەڵ هەمان چوار هاوڕێکەی ڕۆژی ٣/٤دا کۆبوونەوە، دیسان هاوڕێ کەریم ئەحمەد جەختی لەسەر ئەوە کردبوو کە (لە هەلومەرجی ئێستاماندا ئەرکێکی یەکجار پێویست و مێژووییە تەقەلا بدەین هەموو هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردستانی و عێراقی یەکبگرن ڕیزەکانی ڕێکبخەن و بەرەی بەرفراوان بنیات بنێن، بە توندی دژی ڕژێمی فاشی عێراق بجەنگێن گەلێ هەنگاوێکی پیرۆزو کارێکی ڕەوایە.
١- پێوەندی دوو قۆڵی نێوان حشع و ینک پتەوترو بەهێزتر بکەین.
٢- چارە بۆ ئەو ناکۆکی و دوو بەرەکییە قوڵەی نێوان پدک و ینک بدۆزرێتەوە).

دوای کاک کەریم، مام جەلال کەوتبووە پەیڤ کردن لە پێشەوە باسی پەلاماردانێکی دڕندانەی هێزەکانی چەکداری ڕژێمی ڕەگەزپەرستی بەغدای بۆ سەر گەلێ لە ناوچەکانی کوردستانی کردبوو، بەتایبەت ئەو شەڕە قورسەی ڕۆژی ١٩٨٢/٣/١٥ لەنێوان پێشمەرگەکانی ینک و سوپاو جاشە خۆفرۆشەکان لە گوندی (قازان)‹١٧› ڕوویدا بوو، لە ئەنجامدا ١٢ پێشمەرگەی ینک شەهید کرابوون.

هەروەها گوتبووی: (لای یەنک زۆر مەبەستە پەیوەندییەکانی لەگەڵ حشع پتەوتر بکات و بایەخی تایبەتی پێ دەدات. داواو تکای یەنک لە سەرکردایەتی حشع ئەوەیە هاوکاری و هاریکاری کردن و دڵسۆزایەتی خۆی بە ئێمەوە بە مەسەلەی هەڵوێست و ناکۆکی (یەنک) بەرامبەر بە (پدک) نەبەستێتەوە، لێتانی ناشارینەوە ئێمە گومان لە ڕێبازو کردەوەکانیان دەکەین، بڕوامان پێیان کەمە.)

لە دوای مام جەلال نوێنەرەکانی حشع هێندێ ڕەخنەی برایانەیان ئاراستەی چەند کادرو ڕێکخراوی یەنک کردبوو، کە هێرشی ناڕەواو نا ڕاست دەهێننە سەر حشع و دژایەتی کردنی گشت هێزەکانی چەکداری دیکەی کوردستان ناشارنەوە.

کاک نەوشیروان هاتبووە گوتن:

(ئێمە ناوە نادەین ئەو ناوچانەی بە خوێن و قوربانیدانی زۆر پاراستوومانە هیچ لایەکی دیکە هێزی چەکداری خۆی تێدا بچەسپێنێت!.)

دوای بە دوای گفتوگۆ و مشتومڕێکی زۆر، هاوڕێ کەریم ڕێنەی ئەو ڕەشنووسەی ئامۆژگاری ناوخۆی (التوجیهات الداخلیه) وەک پێشنیارێک لەلایەن سەرکردایەتی حشع ئامادەکرابوو، خستبووە بەردەم برادەرانی سەرکردایەتی یەنک و خوێندرابووەوە.

---

(١٧) قازان: گوندێکی حەقتا ماڵییە، کەوتۆتە پشتی گوندی (چەرمەگا) لە باشووری ڕۆژهەڵاتی شاخی پیرەمەگروون هەڵکەوتووە، سەر بە ناحیەی سەرچنارە لە پارێزگای سلێمانیدا.

مام جەلال گوتبووی:

(ئەمەی لە ناوەڕۆکی نووسراوەکە تێبینی دەکرێت، یەکسەر نزیاڵی زۆربەی ئاژاوەو تێکهەڵژاندن و نا تەبایییەکان خستراوەتە ئەستۆی یەنک کە ئەمەش نە ڕاستەو نە ڕەوایە.)

نوێنەرەکانی حشع داکۆکی زۆریان لە ناوەڕۆکی پێشنیارەکەیان کردبوو، دوای دەستکاری کردن و گۆڕانی هێندێ ڕستەیان کردبوو ئەوکات بلاْوبکرێتەوە.

سەرکردایەتی یەنک وایان بە پەسند زانی بوو پەلە لە بلاْوکردنەوەی نەکرێت، سەرکردایەتی هەردوو لاشیان تەقەلای باش لەنێو ڕێکخراوو لایەنگرەکانی خۆیان بدەن، زەمینەو هەلومەرجی لەبار ساز بکرێت، ئەوکات بلاْوکردنەوەی پڕ سوود و پڕ ئەنجام دەبێت.

کە هاتبوونە سەر باسکردنی پێوەندی نێوان پدک و یەنک، برادەرانی حشع نیشانیاندابوو کە ئامادەنە دڵسۆزانە هەڵسن بە هەر هەنگاوو ئەرکێکی پڕ سوود بۆ سازکردنی زەمینەی لەبارو لە یەکتر نزیک بوونەوەو چارە کردنی ئەو کێشەو ململانێیەی لە نێوانیاندا هەیە. هەر داواو پێشنیارێکی برادەرانی سەرکردایەتی یەنک هەیانبێت بە هەستکردنی پڕ لێپرسراوی پێوەی هەڵبستن.

لە وەرامدا مام جەلال سوپاسی هەڵوێستەکەی کردبوو گوتبووی:

(یەنک خەریکە لە دوو ڕێگاوە پێوەندی لەگەڵ پدک دروست بکات، یەکەمیان بەهۆی هێندێ برادەرانی ناسراوی کوردستانی ئێران، دووەمیان بە ڕێگای تایبەتی خۆمان.)

بەم شێوەیە دانیشتنەکە کۆتایی پێ هێندرا بوو.

حیزبی سۆشیالیستی کوردستانی عێراق

و

یەکێتی نیشتمانی کوردستان

ڕۆژی ١٩٨٢/٣/١٨ کاک ڕەسوڵ مامەندو کاک حاجی حاجی برایم هاتنە سەردانمان، ئێمە پێنج هاوڕێ لەگەڵیان دانیشتین و ڕۆژی زۆریان لێگیرا.

کاک ڕەسوڵ بە دوورودرێژی چەند ڕووداوێکی کوردستانی گێڕایەوەو گوتی: (پێویستە تەقەلای زۆر بدەین پێوەندی نێوان هێزەکانی (جود) لە هەموو ڕوویەکەوە بەهێزتری بکەین، لێتانی ناشارینەوە مەترسیمان لە کردەوەکانی یەک هەیە! گومان لە دڵسۆزایەتیتیان دەکەین، شارەزایی باشمان لەسەر هەڵوێست و مەبەست و ئامانجەکانی دوورو نزیکیاندا هەیە. بڕوامان بە بەڵێنەکانیان کەمە، بە کردەوە کۆسپ و تەگەرە دەخەنە پێش خەبات و هەوڵ و تەقەلادانی هەموو هێزەکانی دیکە. لەم ڕۆژانە یاداشتێکیان بۆ ئێمە ناردووە.)

ئەمەش دەقی یاداشتەکەیە :

یەکێتی نیشتمانی کوردستان — ژمارە : ف
مەکتەبی سیاسی — رۆژ: ۱۹۸۲/۳/۹

هەڤالانی مەکتەبی سیاسی
حیزبی سۆسیالیستی کوردستانی عێراق بەرێز

سلاوێکی شۆرشگێرانەی گەرم.
شادی و بەختیاریتان داوایە.

یەکێتی نیشتمانی کوردستان دوای هەلسەنگاندنی باری سیاسی و هەلومەرجی کوردستان و عێراق و بە رەچاوکردنی دەسکەوتەکانی بنەرەتی خەلکی کوردستان و عێراق و دۆخی شۆرشە عێراقییە دیموکراتییەکەمان بە چاکی زانی بەم یاداشتە هەولْ و تەقەلای باشکردنەوەی پێوەندییەکانی هەردوو لامان و پێکهێنانی هاوخەباتییەکی چەسپاو لە نێوانماندا بهێننە قۆناغی پێویست، قۆناغی دارشتنی پێوەندی و هاوخەباتیمان لەسەر چەند سەرەتایەکی چەسپاو کە دەتوانێ تا سەر بێت و بەراستی و بە جیدی برایەتی و هاوخەباتی نێوانمان پێک بێت و بچەسپێت.

بۆیە بە پێویستمان زانی پێشنیارەکانی بۆ دوو قۆناغ کە پێکەوە بەستراوە بخەینە بەرچاوتان، بەهیوای ئەوەی ئێوەیش بە چاوی بەرزش و گیانی هەست کردن بە بەرپرسیارێتی نیشتمانییەوە هەلْیان

بسەنگێنن و لە ڕەئی و پێشنیارەکانی خۆتان بە نووسین ئاگادارمان بکەنەوە تا لە کــۆبوونەوەی داهاتووی نوێنەرانی دەســەڵاتداری هەردوولا گفتوگۆیان لەسەر بکرێت.

قۆناغی یەکەم:

یەک و حسکع بەڵێن دەدەن بە یەکتری کە:

یەکەم: هیچ کامیان لەگەڵ حیزب و لایەنێکیدیکەدا هاوکاری سیاسی و ئیعلامی و سەربازی نەکات دژی ئەویدیکەیان بێت.

دووەم: هیچ کامیان لەسەر حیسابی ئەوی دیکەیان، یان بۆ دژایەتی سیاسی و سەربازی و ئیعلامی و ئەوی دیکەیان داخلی هیچ جەبهە یان لیژنەی تەنسیق یا ڕێکەوتنێکی دوو قۆڵی نەبن لەگەڵ هیچ حیزبو لایەنێکی دیکە.

سێیەم: هەردوولا ئازادی کاری سیاسی و ئیعلامی و سەربازی دژی ڕژێم و دام و دەزگاکانی و ئازادی گەشەکردنی تەنزیمی و پێشــمەرگایەتی بەو مەرجەی بۆ زەرەردانی نەبێ لەوی دیکەو لە هەموو شوێنەکانی کوردستان بەیەکتری بسەلمێنن.

چوارەم: هەردوولا نابێ پەنا بەرنە بەر ڕێگەی هێرشی چەکدار یا هێرشی ئیـعلامی دژی ئەویدیکەیان بۆ چارەســەرکـردنی ناکۆکی و گیروگرفتەکانی بەینی هەردوولا.

پێنجەم: هەردولا پیڕەوی ڕێگەی سیاسی و گفتوگۆی دیموکراتی دەکەن بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفت و ناکۆکیەکانی بەینی

هەردوولایان.

شەشەم: هەردوولا حورمەتی بیروباوەڕ و ڕێکخستنی ڕێبازی یەکدی بگرن و ئەندام و پێشمەرگەو دەستەکانی خۆیان بە گیانی دۆستایەتی و هاوکاری و پێویستی بە دەنگەوە چوونی یەکدی ئامۆژگاری بکەن.

حەوتەم: هەردوولا هێزەکانی پێشمەرگەو ڕێکخراوەکانی خۆیان هان دەدەن بۆ تەرکیز کردنە سەر ڕژێم و دام و دەزگاکانی و بۆ کاری هاوبەش و بۆ دانانی نەخشەی پیلانی هاوبەش.

هەشتەم: هەردوولا هەوڵ دەدەن هەڵوێستە گشتییەکانیان لە ڕووداوە گرنگانەی دێنە پێشەوە بە ڕێگەی گفتوگۆ یەکی بخەن، لەکاتی پەلاماردانی لایەکیانندا لە لایەن لایەکی دیکەوە بە نارەوا، لایەکەی دیکە داکۆکی لێ دەکات.

نۆیەم: هەموو ئەم بڕیارو ئامۆژگاریانەی پێچەوانەی ئەم ڕێکەوتنەن بیستترا لە سەرکردایەتی و دەزگاکانی هەرکام لەم دوولایەنەوە بە نهێنی یان بە ئاشکرا دەرچووە، هەڵدەوەشێتەوە ئیتر کاریان پێ ناکرێت.

قۆناغی دووەم:

١- یەک و حسکع بەڵێنی ئەوە دەدەن کە ئازادی ژیانی حیزبایەتی بۆخۆیان و هەموو حیزب و ڕێکخراوە سیاسی و دیموکراتیەکانی کوردستان دەسەلمێنێ و لە سنووری دەسەڵاتی خۆیاندا دەپارێزن.

٢- یەک و حسکع بەڵێن دەدەن کە هەوڵی خۆیان یەکبخەن بۆ ئامادەکردنی هەلومەرجی یەکخستنی هەموو داو دەزگا گرنگەکانی

شــۆڕش لە ڕووی ســەرکــردایەتی و بەرنامــەی گــشــتی و هێزە چەکدارەکانی و شێوەی کارکردنی و بەڕێوەبردنی ناوچەکانەوە بە :

یەکەم: یەکخستنی هێزی پێشمەرگە لە ڕووی سەرکردایەتی و شێوەی ڕێکخستن و شێوەی شەڕ کردنییەوە ، بە جۆرێک ببێتە سوپای یەکگرتووی هەموو گەلی کورد لە کوردستانی عێراقدا کە هەموو حیزب و ڕێکخراوەکان بە جیاوازی بیرو باوەڕایان بەشداری تێدا بکەن.

دووەم: پێکهێنانی بەڕێوەبەرایەتی یەکگرتوو لە ناوچەکاندا کە نوێنەری دەســەلاتی کــۆمــەلاتی خــەڵک و شــۆڕشی لە ناوچەکاندا بۆ ڕێکخستنی پێوەندییەکانی نێوان دەزگاکانی شۆڕش و دانیشتوانی و ڕێکخستنی پێوەندییەکانی نێوان دانیشتوان.

سێیەم: یەکخستنی دەرامەتی مالی و چ ئەوەی لە ناوەوە دەس دەکەوێ و چ ئەوەی بە یارمەتی لە دۆستەکانی دەرەوە وەردەگــیــرێ بۆ ســەرف کــردنەوەی بەســەر داو دەزگــا ناوەکییەکانی شۆڕشدا .

چوارەم: یەکخستنی سیاسەتی ئیعلامی شۆڕش و توانای لایەنە بەشدارەکانی لە دام و دەزگای ئیعلامی یەکگرتوودا لە ناوەوەو دەرەوە .

ئیتر خۆشیتان

بۆ پێشەوەو سەرکەوتن بەسەر دوژمنانی گەل و نیشتماندا.

مەکتەبی سیاسی
یەکێتی نیشتمانی کوردستان
جەلال تاڵەبانی

لە خوێندنەوەی ئەم یاداشتــە بە وردی و گـەلێ لە هەنگاوی پێشووی دیکەی سەرکردایەتی (یەک) هەست دەکرێت کە ئەوکات سەرکردایەتی یەک بە گەلێ شێوە تەقەلای زۆری دەدا (جود) هەڵبوەشێنێت و تێکی بدات و هێندێ لایەن و هێزی بۆ لای خۆی ڕاکێشێت.

گومان لەوەدا نەبوو ئەگەر ئەوکات سەرکردایەتی (یەک) یاداشتەکەی بدایە حیزبەکانی (جود) دەبووە سەرەتایەکی لەبارو ڕەواو یاریدەدەر دەبوو بۆ نزیک بوونەوە لە نێوان گشت هێزەکانی چەکداری لە کوردستان بەزۆر لکێندراو بە عێراق.

زۆری نەخایاند دوای حەفتەیەک سەرکردایەتی حسک وێنەی وەرامی خۆیان لەسەر یاداشتەکەی یەک بۆ ناردین.

ئەمەش دەقەکەیەتی:

حیزبی سۆسیالیستی کوردستانی عێراق — ژمارە : ١٢٢٧
مەکتەبی سیاسی — ڕۆژ: ١٨/٣/١٩٨٢

هەڤاڵانی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەڕێز

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانەی گەرم... شادی و بەختیاریتان داوایە.

برایانی بەڕێز: یاداشـــتی ڕۆژی ۱۹۸۲/۳/۹تان کـــە پێشنیارەکانتانی تێدا بوو دەربارەی باشکردنەوە پێوەندییەکانی نێوانمان و لە پێناوی هێنانی هاوخەباتێکی تازەی چەسپاو بەدەستمان گەیشت و زۆر بە ئیهتیمامەوە دراسەت کرا. وا بە سوپاسەوە لە ڕاو پێشنیارەکانی خۆمان لەو بارەوە ئاگادارتان دەکەینەوە:

۱- پێشەکی زۆر سوپاسی هەستی بەرزتان دەکەین، بەڕاستی ئەو هەڵوێستە تازەیەی کە دەرتان بڕیوە بۆ نەهێشتنی گیروگرفت و کۆسپەکانی سەر ڕێگای هاوکاری و هاوخەباتیمان لەگەڵ ئارەزووی هەمیشەیی ئێمەدا یەک دەگرنەوە، سەبارەت بەوە زۆر بەگەرمی پێشوازی لێدەکەین و هیواداریین ئەو هەنگاوەتان سەرەتایەکی تازە بێت بۆ ژیانی هاوخەباتی و هاوپەیمانێتی ڕاستەقینە لەنێوان گشت هێزە نیشتمانییەکانی کوردستان و عێراق.

برایانی بەڕێز... بە پێویستی دەزانین لەم دەرفەتەدا بۆ زیاتر بەر چاوڕوونی و دڵنیـــایی بەڕێزتان چەند ســەرەتایەکی بنەڕەتی کـە حـــزبمان هەمـــیشـــە بڕوای پێ هەبوو هەیە، لە هیچ کـاتێکدا دەستبەرداری نەبووەو پاشەکشەی لێ نەکردووە، تەنانەت هەتا لە ڕۆژگـــارە تاڵ و ناخـــۆشـــیـــەکـــانی کـــاتی شـــەڕو لێکدانی نێوان نیشتمانپەروەرەکان.

لێرەدا جــارێکی دیکەیش بۆ بەڕێزتان تاکـیـدی بکەینەوە بە ئومێدی ئەوەی هێندێک تەم و مژ لەسـەر حـەقیقەتی هەڵوێستە سیاسییەکانمان لە بابەت:

أ- حیزبی سۆسیالیستی کوردستان. هەموو کاتێک و لە هەموو

بەڵگەنامەکانی کۆنگرەی یەکەمدا یەکێتی نیشتمانی کوردستانی بە هێزێکی نیشتمانی و شۆڕشگێڕ هەڵسەنگاندووەو هەر لەو ڕوانگەشەوە بەردەوام خواستاری پێوەندی دۆستانەو هاوکاری و هاوخەباتی پتەو بووە لەگەڵیدا لەسەر بناغەی بەرژەوەندی شۆڕش و بەبێ هیچ قەیدو شەرتێک.

ب- حیزبی سۆسیالیستی کوردستان هەمیشە دەری بڕیوە کە خۆی بە باڵێکی شۆڕش و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان کە یەکێتی نیشتمانی لە ڕووی موقع و تێکەڵاوی هێزەکانمانەوە لە هەموویان لەپێشترە بۆ ئەو هاوکارییە.

ج- حیزبی سۆسیالیستی کوردستانی عێراق بڕوای پتەوی بەو ڕاستییە کە بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد لە کوردستانی عێراقدا بەشێکە لە جولانەوەی نیشتمانی عێراقی کە لەسەرجەمی ئەو جولانەوەیە دووچاری ڕژێمی فاشیست و نیرهابی سەدام بووەو تاکە ڕێگای خەباتی ناوکۆیمان لەم هەلومەرجەدا ڕێگای هاوپەیمانێتییە لەنێوان ریزەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردو هەموو لایەنەکانی جولانەوەی نیشتمانی عێراقی لە سەرێکەوە بۆ پارێزگاری کردنی بزووتنەوەی کوردایەتی لە وەتاق کەوتن و لادان و هەڵدێران کە لە ڕابردوودا دووچاری هاتبوو هەم بۆ زامن کردنی بە عێراق کردنی ڕاستەقینێتی شۆڕشە عێراقییە دیموکراتیەکەمان و هەم بۆ زاڵ بوون و سەرکەوتن بەسەر ڕژێمی فاشیستی بەغدا لەسەرێکی دیکەوە.

هەر لەم بۆچوونەیەوە حیزبمان لە هەموو هەنگاوەکانی هاوپەیمانێتی (جوقد) و (جود) بەشداری کردووە کە بەرنامەکانیان

بۆ دژایەتی رژێمی فاشیستی بەغدایە. تا ئێستا بڕوامان نەگۆڕاوە لە خەبات کردن لەگەڵ هەردوو بەرەکەدا دژی رژێم بەپێی ناوەرۆکی بەرنامەکانیان واتە (جوقد)مان ئیمزا کردووە دژی هیچ لایەک نەبووەو کە (جود)یشمان ئیمزا کردووە دژی هیچ لایەک نەبووە، بەڵکو لە هەردووکیان دژی رژێم بەشداریمان کردووە.

د- حیزبی سۆسیالیستی کوردستانی عێراق لە گیانی هەست کردن بە مەسئولیەتەوە تاکید دەکاتەوە بەتایبەتی لەم هەلومەرجەی ئێستادا کە شۆڕشەکەمان و خەباتەکەمان و نیشتمانەکەمان بە گشتی بە باروو دۆخێکی زۆر ناسک و چارەنووس سازدا تێپەر دەبێ و رژێمی فاشیست و تیرۆریستی بەغدا لە هەموو کەلێن و کەلەبەرەکانی نێوان هێزە نیشتمانیەکان کەڵک وەردەگرێ بۆ مانەوەو درێژەدان بە ژیان لە تاوانی خۆی.

لەم کاتەدا مەسەلەی هاوسەنگەری و هاوکاری و هاوخەباتی لە هەموو کاتێکی دیکە پتر بۆتە پێویستیەکی بابەتی و هیچی دیکە بە کەڵکی دوا خستن نایە. هەلومەرجە مەوزوعیەکانیش هەروا دێنە بەرچاوو خۆیان دەنوێنن.

برایانی بەڕێز... لەبەر رۆشنایی ئەو راستیانەی سەرەوە بە رەچاوکردنی دەستکەوتە بنەڕەتیەکانی شۆڕشە عێراقیە دیموکراتیەکەمان و بەرژەوەندی گشتی جەماوەری گەلەکەمان و خواست و ویستی بەردەوامی خەڵکی کوردستان بۆ تەبایی و هاوسەنگەری و هاوخەباتی گشت هێزە شۆڕشگێرەکان لەسەر بناغەی رەچاوکردنی بەرژەوەندی رەنجدەران و خەڵکی چەوساوەو زەحمەتکێشی کوردستان و بە گیانی هەستکردن بە لێپرسراوێتی و

بەرپەری جیدیيەت و لێپرسراوی تەواو حەز دەکەین پێشتان ڕابگەیەنین کە ئامادەیی ئێمە هیچ سنوورێکی نیە بۆ دامەزراندنی بناغەیەکی پتەو بۆ برایەتی و هاوخەباتیمان لەسەر سەرەتای بڕوا کە لە مەیدانی خەبات و هەڵوێست و کردار ڕەنگ بداتەوە بە شێوەیەک کە ئیتر لەمەو دوا پێویستمان بە داتانی یا ئیمزا کردنی شەرت و شروت دەبێ.

هەر بەم بڕوایە بەرزەش وا پێشنیارو ڕایەکانی خۆمانتان بۆ دەردەبڕین بۆ قۆناغی یەکەمی کە بەڕێزتان باستان کردووەو بناغەشە بۆ قۆناغی دووەم.

١- هەوڵدانی هاوبەش بۆ نەهێشتنی تەنگوچەڵەمەی بێ باوەڕمان لە نێوانماندا و گێڕانەوەی متمانەو باوەڕو خۆشەویستی بۆ باروو دۆخی ئاسایی خۆی، بۆ خۆمان و پێشمەرگەکان و ڕیزەکانی هەردوولامان و بۆ جەماوەری گەلەکەمان.

چونکە زۆربەی خاڵەکانی یاداشتەکەتان لە تەنگوچەڵەمەی نەبوونی باوەڕ بە یەکتریەوە هاتووە، هەروەها بەلای ئێمەشەوە ئەو مەوزوعەو کلیلی چارەسەرکردنی هەموو گیروگرفتەکانی دیکەیە. خۆ ئەگەر توانیمان ئەو مەسەلەیە چارەسەر بکەین، ئەوە ژیانی تازە دەگەڕێتەوە بۆ زۆر ڕێکەوتن و پەیمان و نامەی کە لە نێوانماندا مۆرکراون و پەکیان کەوتووە.

بۆ ئەو مەبەستە پێویستمان بە سەراحەت و هەندێ هەنگاوی پەلەو هەڵوێست و ڕەفتاری ڕۆژانە هەیە کە زەمینە خۆش دەکات بۆی چونکە ئەگەر ئاستی بڕوا بەیەک بوونمان بەرز نەکەینەوەو پەیمانی هاوکاری دیکەیش مۆر بکەین ئەوا هەر پەکیان دەکەوێ و

سوودی نابێت، دەست پێکردن بۆ گەیشتن بەو ئامانجەی سەرەوە بەلای ئێمەوە لە خوارەوە بۆ سەرەوە لە شتی بچووکەوە بۆ هەنگاوی گەورەترو لە تەبایی و هاوسەنگەری بەرەو هاوکاری و هاوخەباتی و هاوپەیمانێتی دەبێت بۆ ئەوەش پێشنیار دەکەین بۆ بەڕێزتان:

أ- حیزبی سۆسیالیست و یەکێتی نیشتمانی ئامۆژگاری هاوبەشیان بەیەک شێوەو هەر یەکە لەلای خۆیەوە دەربکات بۆ ڕیزەکانی پێشمەرگەو حیزب و جەماوەری کوردستان و تێدا بانگیان بکرێت بۆ تەبایی و برایەتی و بەدەنگەوە چوونی یەکتری و لەسەر یەکتری کردنەوەو سڕینەوەی هەموو سلبیاتی پێشوو کە بووەو تاوانبارکردن و پتر ڕەش کردنی شەڕی براکوژی لەبەر چاویان بۆئەوەی شوێنەواری ڕەق و کینەو تۆڵەسەندنەوە نەمێنێ و هەموو پێشمەرگەیەک لە هەر لایەک بێت پێشمەرگەی لایەکەی دیکە بە برای دڵسۆزو هاوپەیمانی خۆی بزانێت.

ب- ئەو ئامۆژگارییەو ئاراستەکردنەش لە ڕێگای نوێنەری هەردوولا لەگەڵ هێزێکی هاوبەش کە بەسەر ناوچەکانەوە بگەڕێن جێبەجێ بکرێ و ڕوون بکرێنەوە بۆ پێشمەرگەو لێپرسراوەکان و بۆ جەماوەری خەڵکی کوردستان وا پیشان بدرێ کە هەر کەسێک پێڕەویان نەکات تۆباڵی مێژوویی هەڵدەگرێت بۆ ئەوەی هیچ کەس زات نەکات بە پێچەوانەیانەوە ڕەفتار بکات.

ج- نەخشە بکێشرێت بۆ چەند دەستەوشاندێکی هاوبەش لە ناوچەکانی کە کەمتر گیروگرفتی نێوانمان تێیدا ڕوو بدا وەکو ناوچەی نزیک سەرکردایەتی.

د- حیزبی سۆسیالیست و یەکێتی نیشتمانی پەیمان بەیەکتری دەدەن کە هاوکاری یەکتری بکەن لە ڕووی سیاسی و عەسکەری و ئیعلامییەوە دژی ڕژێم و هەردوولا مافی ئەوەیان هەیە کە هاوکاری لەگەڵ هەموو لایەنە کوردستانی و عێراقییەکان بکەن و دژی ڕژێم لە ڕووی سیاسی و عەسکەری و ئیعلامیەوە.

٢- هەردوولا مافی ئازادی و چالاکی تواندنی سیاسی و سەربازی و ئیعلامی بۆ خۆیان و هەموو هێزەکانی دیکەی کوردستانی و عێراقی بسەلمێنن و ڕێزی لێ بگرن، لە سەرانسەری کوردستان هەر لە زاخۆوە تا خانەقین دژی ڕژێم و لە چوارچێوەی دیموکراتی سیاسیدا بە شێوەیەک کە لەسەر حیسابی زیان گەیاندن بە هیچ لایەک نەبێت.

٣- خاڵەکانی سێیەم و چوارەم و پێنجەم و شەشەم و حەوتەم و هەشتەم و نۆیەمی یاداشتەکەتان لەگەڵ ڕوونکردنەوەی هێندێ لایەنیدا پێڕەویان لێ بکرێت.

لەکۆتاییدا هیوادارین بە جیدی و بە گیانی هەست کردن بە مەسئولیەتەوە و بە قەناعەت و حەماسەتی تەواوە دەست بکرێ بە وتووێژ بۆ زاڵبوون بەسەر هەموو گیروگرفتەکاندا و بۆ پێکهێنانی تەبایی و برایەتی و هاوخەباتی ڕاستەقینە.

ئیتر دووبارە سڵاوڕێزمان

چاوەنۆڕی وەڵامین بۆ کۆبوونەوەی سێیەم کە بڕیار وابوو لەلای ئێمە پێکبهێنرێت

ئیتر بۆ پێشەوە

حیزبی سۆسیالیستی کوردستانی عێراق
مەکتەبی سیاسی

لەو ساڵانەی کە ململانێ و کینەبەرایەتی و شەڕی کورد کورد کوژی لە نێوان هێزەکانی کوردستانی ستەمکارانە لکاندراو بە عێراق بەردەوام بوو. ناوە ناوە گۆبوونەوەی دوو قۆڵی و سێ قۆڵی پتر لە نێوانیاندا ڕێکدەخرا، گفتوگۆ وتووێژی پڕ سوودو ڕەوای تێدا باس دەکرا، یاداشت و بەیاننامەی ڕێکوپێک لە نێوانیاندا ئاڵوگۆڕ دەکرا.

بۆ ماوەیەکی کەم گیانی تەفاهوم و ئاسۆیەکی گەش دەهاتە کایەو چاوەنۆڕی تەبایی و برایەتی و هاوکاری کردن دەکرا، کەچی زۆری نەدەخایاند سەرلەنوێ توندو تیژی و باری ناجۆرو هەڕەشە و گەف کردن و چاوو سوور کردنەوە دەستی پێدەکرایەوە، ئاکامی هەموو بەڵێن بەیەکدان و مەحزەر مۆر کردن و یاداشت و نامە گۆڕینەوەکان دەگەڕایەوە سەر سفر. وەک تازە سەرەتای گەرمەی تێکهەڵچوون و کوشت و بڕی یەکتری بێت، ئەم جارەش تەمەنی دۆستایەتی و پێوەندی نێوان حسک و ینک کورت بوو.

* * *

سەرەتاو هەنگاوێکی ڕاست

یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە بزاڤێکی ڕاست و ڕە وا هەڵسا، ئەویش ئەوە بوو کادرێکی خۆیان کاک حەمەی حەمە باقی شاعیرییان نارده لای سەرکردایەتی حشع کە یارمەتی بدرێت و ڕەوانەی (ڕاژان) بکرێت، گوایە نیازو ئارەزووی زۆری هەیە سەردانی ئە و نووسەرو شاعیرە کوردانە بکات لەژێر ئاڵای پارتی دیموکراتی کوردستان دانە و ژمارەیەکی زۆریشیان لە ئێراندا دەژین.

ڕاستی ناوەڕۆکی گەشتەکەی کاک حەمە بۆ ئەوە بوو سەرکردایەتی یەنک بزانێ نیازی دوورو نزیکی یەدک چییە و ئایا ئامادەن بکەونە گفتوگۆکردن و لە یەنک نزیک ببنەوە.

ئەمە لە لایەک و لەلایەکی دیکەشەوە بە بۆچوونم نەخشەی سەرەکی سەرکردایەتی یەنک ئەوە بوو کە بەرەی نیشتمانی و دیموکراتی (جود) هەنگزڵ بکات و پووچەڵ بێت، پارسەنگ بۆ لای جوقد ڕابکێشێت و لە داهاتووشدا لەنگەری گۆرەپانەکەی خەبات بۆ بەرژەوەندی ئە و بسوورێت.

م.س حشع بە نامەی تایبەتی هاوڕێ مەحموودی حاجی فەقێ

خدری قەلادزەیی خستە گەر کاک حەمەو بۆ (ڕاژان) ڕۆیشتن. هەروەها بە بروسکەی تایبەتیش ئاگاداری م.س پدک کرد (وا هەڤالێکی یێک شاعیر کاک حەمەی حەمە باقی هات بۆ سەردانی ئێوەی بەرێز، تکاو داوای دڵسۆزانەمان ئەوەیە هەڵوێستتان بەرامبەری پۆزێتیڤ بێت. بەرژەوەندی گشت هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی عێراقی و کوردستانی لە تەبایی و یەکبوونو لە نزیک بوونەوە دایە. هەموو لایەکمان بەرپرسیارین تەقەلای بێوچان بدەین بەرەی یەکگرتووی بەرفراوان لە نێوان هەمووان بنیات بنرێت... هتد.)

دوای سێزدە (١٣) ڕۆژ هەردوو برادەرەکە گەڕانە وە (ئۆکان). هاوڕێیانی م.س حشع ناردمیان بۆ سەردان و بەخێرهاتنە [illegible] کردنی کاک حەمە. هەر کە گەیشتمە لای یەکسەر هەستم بە وە کرد گەلێ گوشادو ئاسوودەیە لە سەفەرەکەی و چاوپێکەوتنەکانی لە (ڕاژان) و گوتی:

(پێشەکی ئە وپەڕی سوپاستان دەکەم لە و بابەخ پێدانە گەرم و گوڕە و ڕێزگرتنە زۆرەی بەمنتان دا. هاوڕێیەکی بە تەمەنی وەک باوکمتان دەگەڵمدا بۆ (ڕاژان) نارد. هەر کە گەیشتمە م.س پدک چەند جار لەگەڵ کاک فەلەکەدین کاکەیی و کاک فازیل موتنی دوو ئەندامی م.س دانیشتنیان لەگەڵدا کردم. بە درێژی باسی باری کوردستان و شەڕی کوردو کورد کوژی و ناکۆکیەکانی نێوان یێک و پدک کرا.

بەهۆی ئە وەی مەبەستی سەرەکی لە سەردانەکەم بۆ ڕێکخستنی ریزی نووسەرەکانی کوردستان بوو، جەختی زۆرم لەسەر ئەم خاڵەیان دەکرد. کاک فەلەکەدین لە وەرامیدا نیشانیدا کە

هەنگاوی سەرەکی دەبێ لە دۆزینەوەی چارەسەرکردنی نێوان یەک و ینک دەست پێ بکات. ئەوکات نووسەرەکانی کوردستان بە سانا ریزەکانی خۆیان رێکدەخەن.)

پرسیارێکم ئاراستەی کاک فەلەکەدین کرد:

(ئایا یەک ئامادەیی هەیە دانیشتنی دوو قۆڵی لەگەڵ سەرکردایەتی ینک بکات بۆ لێدوان لەسەر هەموو ناکۆکی و کینەبەریەکانی لە نێوان هەردوولادا هەیە؟) کاک حەمە لە وەرامدانەوەکەی گوتی:

(لەبەرچاوی من کاک فەلەکەدین پرسیارەکەمی بە کاک مەسعود بارزانی و کاک عەلی عەبدوڵلای سکرتێری پارتی گەیاند! کاک فەلەکەدین گوتی: وەرامی هەردووکیان ئەوەیە دەرسی راو پرسیارەکەت دەکەین و لە رێگای هاورێیانی سەرکردایەتی حشع وەرامتان بۆ دەگێرینەوە.)

هەروەها کاک حەمە بۆی گێرامەوە: (لە رێگای گەرانەوەمدا سەردانی بارەگای برادەرانی (پاسۆک)م لە گوندی (داوداوە)<١٨> کرد بە هەمان هەناسەی ئاشتبوونەوە و تەبایی قسەم لەگەڵ سەرکردەکانیان کرد. هەستم کرد ئەوانیش یەکجار لە شەری کورد کورد کوژی و ئەم تێکهەڵچوون و ململانێیەی لە کوردستان تەشەنەی

<١٨> داوداوە: گوندێکی جوان و خنجیلانەیە پرە لە میوەی جۆراو جۆر. کە وتۆتە پشتی گوندی نۆکان بە پێ رۆیشتن دوو سەعات لە ناوزەنگ دوورە.

کــردیه، بیزارن، دەریان بری کــه ئامــادەنه دوو قــۆڵی لەگــەڵ سەرکردایەتی یەک کۆبوونه وه بکەن و چارەی بۆ هەموو ناکۆکیەکانی هەیە بدۆزنه وە.)

منیش ئه و پرسیارەم ئاراستەی کاک حەمەکرد: تەقدیرت چۆنه ئایا سـەرکردایەتی یەک ئامادەیی ئه واوی هەیە لەگەڵ سەرکردایەتی پدک کۆبوونه وه بکات و لەگەڵیان ڕێکبکه وێت؟ کاک حـەمـه لە وەرامیدا گوتی:

(پێش ئه وەی بێمــه لای ئێوه و بچم بۆ (ڕاژان) لەگــەڵ مــام جەلال تاڵەبانی و کاک ئه وشیروان مستەفا و مولازم عومەر عەبدوڵلا کـۆبوومـه وه، بەڵێنیــان پێدام کــه: یەک ئه وپەڕی ئامــادەیی هەیە کۆبوونه وه لەگەڵ سەرکردایەتی پدک بکات و باسی هەموو ناکۆکی و دووبەرەکی و کینەبەرێتیەکانیان لەگەڵدا باس بکات بە مەبەستی دۆزینه وەی باشتـرین شـێوه بۆ برایەتی و دوژمنایەتی و نەهێشـتنی ناکـۆکیـەکـان و خۆش کـردنی زەمـینه بۆ هاوسـەنگەری خـەبات و تێکۆشان.)

بەم شێوەیە کاک حەمه بارەگای ئێمەی بەجێهێشت و گەڕایه وه سەرکردایەتی یەک.

ڕۆژی ۱۹۸۲/٤/۲٠ مـام جـەلال بە نامەیەکی کـورت ئاگاداری هاوڕێ کەریم ئەحمەدی کرد کە ئه و کات جێگری سکرتێری گشتی حشع بوو لە شـاخ (م.س یەک کـۆبۆوه و بڕیاری وەرگـرت نوێنەری تایبـەتی بۆ «ڕاژان» بنێرێ کـه یەک ئامـادەیه کـۆبوونه وه لەگـەڵ نوێنەرانی م.س پدک بکەن لە پشت ئاشـان، یا گـوندی وەرتێ)(۱۹)

یان نزکان.)

م.س حشع ئەم هەنگاوەی سەرکردایەتی (ینک)ی گەلێ بەگەن کردو پێخۆشحاڵی دەربڕی، زوو بە نامەی تایبەتی هاوڕێ (یوسف حەنا)ی بۆ ڕاژان نارد. بروسکەی تایبەتیشی بۆ کاک مەسعود بارزانی لێدا، جەختی لەسەر ئەوە کرد کە:

(هەنگاوەکانی ینک بزاڤێکی پڕ سوود و ڕەوایە هیواو ئاواتی حشع لەگەڵ ئەوەدایە کە بەدڵێکی زۆر کراوەو فراوان گفتوگۆ لەگەڵ برادەی نێردراوی (ینک) بکرێت.)

لەم کاتە ناسکەی کە جولانەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کوردو عێراق پێیدا تێپەڕ دەبێت، هەڵوێستی سەرکردایەتی (پارتی) چەندە ئیجابی و دەوریێنی تێدا بەدی بکرێ ئەوەندە لە بەرژەوەندی هەموو نەتەوەی کوردو کوردستان دایە.

ڕۆژی ۱۹۸۲/٤/۲۱ جارێکی دیکە کاک حەمەی حەمە باقی گەیشتەوە بارەگاکەمان لە (نزکان) ئاگاداری کردین ئەم جارەیان نیازی هەیە بە تەنیا خۆی سەردانی (ڕاژان) بکات.

م.س حشع نامەی تایبەتی بۆ مولازم عەلی بەرپرسیاری چەکدارەکانی (پدک) لە گوندی شیناوە<۲۰> نزیک شاری خانە نووسی. داوای لێکرا یارمەتی تەواوی برادەری نێردراوی (ینک) بدات و بە سەلامەتی بیگەیێنە (ڕاژان)

<۱۹> وەرتێ: گوندێکی گەورەیە، پێنج سەد خێزانێک تێیدا دەژیت، لە ڕۆژهەلاتی بناری شاخی کارۆخ هەڵکەوتووە، شوێنێکی یەکجار سەخت و شاخاوی هەیە. سەر بە قەزای ڕواندوزی پێشوو.

ڕۆژی ٤/٢٢ کاک حەمە ئیمەی بەجێهێشت بەرە و (ڕاژان) کە وتە ڕێگا. دوای هەفتەیەک زیاتر زاندرا کە گەڕاوەتە وە، دەنگیش بڵاوبۆوە کە ئە و ئەرکە و کارەی پێی سپێردرا بوو تێیدا سەرکە وتووە. سەرکردایەتی هەردوولاشیان لەسەر ئە و ئەرکە ڕێککە وتوون زەمینەی ئاشتبوونە ساز بکرێت و شەڕی برا کوژی لە گۆڕەپانی کوردستانی باشور (عێراق) نەمێنێت.

بۆ یەکتر بینین و لە یەکتر نزیک بوونە وە تەقەلادان بەردە وام بوو. تا گەیشتە ئە وەی نوێنەرانی هەردوولایان (ینک)و (پدک) لە بارەگای بەتالیۆنی ٣١ حشع لە (پشت ئاشان) کۆبوونە وەی دوو قۆڵی خۆیان بکەن.

لە ڕۆژی ١٩٨٢/٧/٢٨ نوێنەرانی (ینک): کاک فەرەیدون عەبدولقادرو دکتۆر خدر مەعسوم لەگەڵ نوێنەرانی (پدک): کاک محەمەد مەلا قادر و مەغدید ئەحمەد کۆبوونە وە و ڕێکە وتنێک لە نێوانیاندا چێ کرا. هەردوولایان مۆری خۆیان لەسەر دانا.

ئەمەش دەقەکەیەتی کە بە زمانی عەرەبی بڵاویان کردە وە:

---

(٢٠) شەناوە گوندێکی خێڵی مەنگوڕەکانە. کە وتۆتە ڕۆژهەڵاتی شاری خانە. دە کیلۆمەتر لە شارەکە دوورە. ماوەی هەشت ساڵ پتر بنکەی چەکدارەکانی (پدک)ی لێ بوو.

نص الترجمه الحرفيه للاتفاقيه التي وقعت بين ممثلي
الحزب الديمقراطي الكردستاني ـ العراق و
الاتحاد الوطني الكردستاني

في يوم ١٩٨٢/٧/٢٨ عقد ممثلي الاتحاد الوطني الكردستاني و الحزب الديمقراطي الكردستاني ـ العراق اجتماعا في مقر الحزب الشيوعي العراق في (پشت ئاشان) بكردستان العراق و قرر مايلي:

١- الحزب الديمقراطي الكردستاني و الاتحاد الوطني الكردستاني اتفاقا على حل المشاكل و الخلافات الداخليه بين القوى السياسيه في كافة مناطق كردستان بالطرق السياسيه و الحوار الاخوي و اتفق الطرفان بأن يحلا خلافاتهما دون اللجوء الى استخدام السلاح و الوقوف ضد استعمال السلاح في كردستان.

٢- كردستان العراق من خانقين الى زاخو ساحه حره للنشاطات السياسيه و الاعمال العسكريه لقوات پيشمرگه كردستان.

٣- قوات الحزب الديمقراطي الكردستاني بالتنسيق و التعاون مع منظمات و فرق الاتحاد الوطني الكردستاني و بعلمهم يدخلون مناطق كردستان و بروح الاخوه و التعاون و يناضلون ضد النظام الفاشي في بغداد و كل المشاكل التي تحدث بين الپيشمرگه تحل بالتنسيق و بروح الاخوه.

في البدايه تحل جميع مشاكل الجماهير بعلم و موافقه اوک و تنظيماته، خاصه في المناطق التي لم يكن لـ(حدک) اي تواجد فيها حتى الآن الى حين ايجاد صيغه مناسبه لحل هذه المشاكل و الخلافات الحاليه او المستقبليه.

٤- لقوات و منظمات الاتحاد الوطني الكردستاني الحريه للذهاب الى مناطق التي ليس للاتحاد الوطني الكردستاني فيها تواجد او ان تواجده ضعيف بالاخص كافه مناطق محافظتي الموصل و دهوك و هذا يتم بالتنسيق و التعاون مع قوات و منظمات الحزب الديمقراطي الكردستاني. و ان الحزب الديمقراطي الكردستاني يبدي كامل استعداده للتعاون الاخوي مع قوات الاتحاد الوطني الكردستاني في المنطقه و كل المشاكل و الخلافات بين البيشمركه تحل بروح التعاون و الاخوه و كمقدمه لذلک فان المشاكل الجماهيريه سيتم حلها بمشوره الحزب الديمقراطي الكردستاني و منظماته لحين الوصول الى صيغه مناسبه لكل تلک الموجوده او التي ستحدث.

٥- على الطرفين (الاتحاد الوطني الكردستاني و الحزب الديمقراطي الكردستاني) اصدار بيانات داخليه حول هذا الاتفاقات الى الانصار بغيه ترسيخ روحيه التعاون في القواعد و ترجمه هذه الاتفاقيه الى الواقع العملي.

٦-ممثلو الطرفين (الحزب الديمقراطي الكردستاني و الاتحاد الوطني الكردستاني) يطلبان لانهاء النواقص في هذه الاتفاقيه عقد اجتماع ارفع و على مستوى اعلى في اقرب فرصه.

ملاحظه: للاتفاقيه ملحق

ممثلان الحزب الديمقرطي الكردستاني	ممثلان الاتحاد الوطني الكردستاني
محمد ملا قادر مقديد احمد	فريدون عبدالقادر خضر معصوم هه ورامي

پشت ئاشان ٢٨ تموز ٢٩٨٢

ملحق الاتفاقيه

١- قوات و منظمات الحزب الديمقراطي الكردستاني لاتتخذ اجراءات بحق الاشخاص الذين سلموا اسلحتهم في السابق الى العدو اى الذين ثم محاسبتهم من قبل الاتحاد الوطني الكردستاني او الجهات الاخرى في الثوره و ذلك لكى لاتظهر المظالم في الثوره.

٢- من ان فصاعدا لكل طرف الحريه الكامله باتخاذ الاجراءات و العقوبات اللازمه بحق الاشخاص الذين يسلمون الاسلحه للعدو و كل طرف يستطيع التعاون مع طرف آخر لاتخاذ الاجراءات.

٣- على الطرفين (الحزب الديمقراطي الكردستاني و الاتحاد الوطني الكردستاني) اختيار المسؤلين السياسين و العسكرين الملائمين و المؤمنين بروحيه هذه الاتفاقيه الى المناطق التي يتوجهون اليها.

ممثلان الحزب الديمقرطي الكردستاني	ممثلان الاتحاد الوطني الكردستاني
محمد ملا قادر مغديد احمد	فريدون عبدالقادر خضر معصوم هه ورامي

پشت ئاشان ٢٨ تموز ٢٩٨٢

مۆر کردنی ڕێککه وتنەکە ڕەنگێکی فـروانی دایه وه و له سەرانسەری کوردستان باشترین دەنگدانه وەی پەیدا کرد، زۆر به گوشادی و گەرم و گوڕی پیرۆزبایی و پێشوازی له لایەن خەڵکی کوردستان و گشت هێزەکانی سیاسی کوردستانی و عێراقی لێکرا، هەر دوا به دوای ڕێککه وتنەکە سەرکردایەتی یەک بانگە وازێکی ڕێکوپێکی بڵاوکردە وه.

ئەمەش دەقەکەیەتی:

الاتحاد الوطني الكردستاني
المكتب السياسي

نــداء
لتتوحد الجهود الخيره من اجل ايقاف اقتتال القوى الكرديه بينها

لقد اسفرت الجهود الكبيره التي بذلتها الاتحاد الوطني الكردستاني بالاضافه الى جهود بقيه القوى الوطنيه العراقيه و الكردستانيه و رغبه الجماهير العريضه في حل الخلافات و انهاء القتال بين القوى الكرديه.. اسفرت تلك الجهود عن اتفاقيه بين الاتحاد الوطني الكردستاني و الحزب الديمقراطي الكردستاني لكي تعود جميع قوات الحزب الى الكردستان العراق للوقوف الى جانب القوى الوطنيه العراقيه للنضال ضد الطغمه الدمويه الحاكمه في بغداد ، و تكون جميع مناطق كردستان من زاخو الى خانقين ساحه عريضه للنضال دون احتكارها من قبل ايه قوه.

و قد استقبلت الجماهير الكرديه و القوى الخيره هذه الاتفاقيه المبرمه بين الطرفين بترحاب و اعتبرتها ضربه لمخططات الاعداء.. لذلك فان اشعال نار الاقتتال مجددا لا يخدم الا المخططات المعادية للقضية الكردية و نضال شعبنا العراقي و لا تبرره ايه ذريعة كانت، و ان موقف الجماهير الكردية و الاحزاب القوى التقدمية من ذلك هو الشجب و الادانة.

لقد تلقى الاتحاد الوطني الكردستاني ببالغ الحزن و الاسف العميق نبأ تعرض قوات الحزب الديمقراطي الكردستاني لقوات حزب الشعب

الديمقراطي الكردستاني في منطقه بهدينان.

ان الاتحاد الوطني الكردستاني الذي طالب و ما يزال يطالب بحل جميع الخلافات و المشاكل بين القوى السياسيه بالطرق السلميه و الحوار البناء... يدعو الى وقف العمليات العسكريه بين الطرفين فورا و يدعو الحزب الديمقراطي الكردستاني الى الكف عن التعرض لحزب الشعب الديمقراطي الكردستاني كما يدعوه الى سحب قواته من كردستان ايران الى كردستان العراق لممارسة نشاطه على الساحه الحقيقية في كردستان العراق و حسب الاتفاق المبرم بين طرفينا.

ان الاتحاد الوطني الكردستاني يدعو جميع الاحزاب السياسيه في كردستان العراق الى بذل طاقاتها و جهودها لتحويل جميع البنادق الى صدر الفاشيه الحاكمه من اجل اسقاطها و اقامه حكم ائتلاف وطني يحقق الديمقراطيه للعراق و الحكم الذاتي لكردستان.

الامين العام
للاتحاد الوطني الكردستاني
١٩٨٢/٨/٢٨

زۆرجار دەبیندرا سەرکردایەتی یەک گەلێ هەڵوێست و هەنگاوی پێکوپێک و ڕە واو شۆڕشگێڕانەی دەگرتەبەر، کەچی بەداخەوە زۆری نەدەخایاند لە ئەنجامی هەڵوێستی چەوت و ناڕەوای ئەملاو ئەولا، یا پیلانی دوژمنەکانی نەتەوەی کوردو گومان لێکراوە تێکدەرەکان، یا کردەوە چەپڕەوی و خوێن گەرمی و کورت بینی هێندە لە

کادرەکانی خودی (یەنک)، سەرکردایەتی یەنک بۆ ڕووکارێکی دیکە ڕادەکێشرا. هەنگاوە پیرۆزو ڕە واکانی پیادەکردنی بە خزیە وە نەدەبینی و تەمەنی کورت دەبووا

ڕووداوو ئاژاوە و کاری تێکدەری وەها دەخزاندرایە ناو بارو دۆخەکەدا سەرجەمی ئیش و کارو ڕووداوەکان بۆ لایەکی دیکە ئاوەژوو دەکرایە. هەنگاوە جوان و پیرۆزو ڕە واکان دەخرانە پشت گوێیان تا ماوەیەکیش لە کولەکەی تەڕ ناوی نەدەهاتە وە.

* * *

له پێوەندییەکانی نەتە وایەتی و نیشتمانی

● له کـۆتایی مـانگی ئاداری ۱۹۸۲ ژمـارەیەک له هاوڕێیـانی ل.م.و م.س و کـادرو ئەندامـانی حـشع گـەیشـتنه وه بارەگـای سەرکردایەتی له (نۆکان) دەنگوباسی زۆریان لەگەڵ خۆیان هانیبوو وەک ئه وەی که: هاوڕێ عەزیز محەممەد سکرتێری گشتی حشع چاوی به سەرۆک حافز ئەسەد که وتبوو لەسەر باری ناوخۆی عێراق، شەڕە گلاوەکەی گەر ئێران، شۆڕشی چەکداری له کوردستانی عێراق، ئه و تەگەرە و کۆسپانەی ڕێگا گرن له پێش بنیاتنانی بەرەی یەکگرتووی گشت هێزه ئۆپۆزیسیۆنەکانی عێراق، گەڕانه وەی (جود) بۆ ناو (جوقد)، گفتوگۆو دووانی زۆریان ببوو...

له دوایشدا لەسەر داوای جێگری ئەمینداری گشتی سەرکردایەتی نەتە وایەتی پارتی بەعسی سوریا، عەبدوڵلا ئەحمەر، هاوڕێ عەزیز لەگەڵیدا کۆببوو وه. هەمان خاڵه سەرەکییەکانی لەگەڵ سەرۆک ئەسەد باسکرا بوون پەیڤیان لەسەردا کردبۆوه. هەردوولایان جەختی

ئه وه‌یان کـردبوو کـه ئه‌م پارچه پارچه‌یه و ناکـۆکی و دڕ دۆنگی له یه‌کتری نێوان هێزو پارته‌کانی به‌رهه‌ڵستکاری عێراقی سوودی باش به ڕژێمی به‌غـدا ده‌گـه‌یێنێ. ئه‌م شـه‌ڕه کـاولکاریه‌ی نێوان عـێراق و ئێرانیش درێژه ده‌خایێنێ. له‌کاتی دانیشتنه‌که‌یاندا عه‌بدوڵلا ئه‌حمه‌د به هاوڕێ عه‌زیز محه‌مه‌دی گوتبوو: (ڕات چیه ته‌له‌فۆن بۆ حازم حوسێن و فه وزی بکه‌م بێنه لامان به‌شداری ئه‌م دانیشتنه‌مان بکه‌ن؟ هاوڕێ عـه‌زیز له وه‌لأمـدا گـوتبـووی: هیـچ ته‌گـه‌ره نیـه خۆ ئه‌مـه ده‌مێکه سه‌رکردایه‌تی حشع ته‌قه‌لا ده‌دا دانیشتن له‌گه‌ڵ حازم و سـه‌رکردایه‌تی هه‌رێمی عـێراق ـ پارتی بـه‌عس بکات؛ به‌لأم حازم خۆی دوور ده‌خاته وه و ماوه نادات.)

عه‌بدوڵلا ئه‌حمه‌د یه‌کسـه‌ر ته‌له‌فۆنیان بۆ ده‌کات. زۆر ناخایه‌نێ هه‌ردوکـیـان ده‌گـه‌نه لایان. دوای ڕێزگـرتن و پێشـوازی کـردن و موجامه‌لات هاوڕێ عه‌زیز به ڕاشکاوی که وتبووه ئاخاوتن:

(ده‌مـانه وێ به‌ره‌یه‌کی به‌رفـراوان بنیـات بنێـن بۆ ڕووخـاندنی ڕژێمی فـاشی به‌غدا تێبکۆشێت، ئیـتـر کـۆنترۆڵ له‌سـه‌ر هیچ هێزو حزبێکی به‌رهه‌ڵستکاری عێراقی و کوردستانیدا نه‌بێت.)

عـه‌بدوڵلا ئـه‌حـمـه‌د یه‌کسـه‌ر لایه‌نی ڕاو بۆچوونه‌کـانی هاوڕێ عه‌زیزی گرتبوو، حازم حوسێن که وتبووه قـسه کردن، گه‌لێ کای کۆنی به‌رامبه‌ر به پێوه‌ندییه‌کانی (جود)و (جوقد) به تایبه‌تی دژی پدک و بنه‌ماڵه‌ی خوالێخۆشبوو بارزانی بلأوکردبۆوه.

عه‌بدوڵلا ئه‌حمه‌د به حازمی گوتبوو: (به‌رژه وه‌ندی له وه‌دایه بۆ کوردستان بچیت له‌گه‌ڵ سه‌رکردایه‌تی (ینک) کۆببیته وه و بگه‌نه ئه‌نجامێکی پڕ سوود بۆ له‌ناوبردنی شه‌ڕی ناوخۆو تا ته‌بایی نێوان

گشت هێزەکانی چەکدار، تەقەلاش بدرێت بە زووترین کات بەرەیەکی نیشتمانی یەکگرتوو پێک بهێندرێت.)

جگە لەمە هاوڕێیەکان گەلێ شتی دیکەیان دەربارەی پێوەندی نیشتمانی بۆ گێڕاینەوە، وەک تەقەلادان بۆ نزیک بوونەوە لە حکومەتی لیبیاو چاوپێکەوتن بە لیوا حەسەن نەقیب کە خۆی بە فەرماندەی شۆڕشی عێراق دادەناو حکومەتی سووریاش پشتی دەگرت!

* * *

● لەمێژ ساڵە پیشەیەکی خنجیلانە لە نێوان پارت و هێزو کەسانی ناسراوی نیشتمانی و دیموکراتی بلاوبۆتەوە، لە ڕۆژی جەژنی نەورۆزو ڕۆژی دامەزراندنی پارتیەکانی ئەتەوەیی و نیشتمانی بروسکە و نامەی پیرۆزبایی لە گەرم و گوڕی ئاڵ و گۆڕ دەکرێت.

نامە و بروسکە ئاڵ و گۆڕ کردنەکانی ساڵی ١٩٨٢ بەهۆی شەڕە درندانەکەی نێوان ئێران و عێراق کە ڕۆژانە بە دەیان لاشەی ڕۆڵەکانی کوژراوی شەڕەکە بە سەر شارو شارۆچکەکان بلاو دەکرایەوە لە لایەکی دیکەش ناسۆیەکی گەشدار سەری دەرهانیبوو، ئەویش تەقەلادانی پیرۆز بۆ ئاشتبوونەوە و تەبایی و نەهێشتنی شەڕی کوردو کورد کوژی گەرمتر هەستی پێدەکرا.

بەسوودم بینی هێندێ لە بروسکە و نامەکانی ئەو ساڵی تۆمار بکەم.

ئەمەش دەقەکانیانە:

بەڕێز م.س پارتی دیموکراتی کوردستان
بەڕێز م.س یەکێتی نیشتمانی کوردستان
بەڕێز م.س حیزبی سۆسیالیستی کوردستانی عێراق.
بەڕێز م.س پارتی سۆسیالیستی کورد «پاسۆک»

دوای سڵاو...

بەبۆنەی جەژنی پیرۆزی نەورۆزەوە، جێژنی بەهارو ئازادی و تێکۆشان. پیرۆزبایتان لێدەکەین و لە ڕێگەی ئێوەشەوە پیرۆزبایی لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبە دۆستەکان دەکەین و سەرکەوتنیان بۆ دەخوازین. ئەم بیرە وەرییە ئیلهامی بەهارو پێ داگرتنمان پێ دەبەخشێ لە تێکۆشانی سەختدا دژی هێزە دیکتاتۆرییە شۆڤێنیستەکان کە خۆیان بە سەرشان و باهووی گەلی عێراقماندا بە عەرەب و کوردو کەمایەتییەکانەوە سەپاندووە.

هیوادارین ئەم ساڵە نوێیە ببێتە ساڵی یەکخستنی تەواوی وزە و توانامان لە بەرەیەکی نیشتمانی دیموکراتی بەربڵاودا. ساڵی ئاراستەکردنی گشت چەکەکانمان بۆ هەڵتەکاندنی حوکمی فاشی لە عێراقداو دامەزراندنی حوکمێکی ئیئتیلافی دیموکارتی کە دیموکراتی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە بۆ گەلی کوردمان بهێنێتە دی
لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزو خۆشەویستیماندا.

مەکتەبی سیاسی
حیزبی شیوعی عێراق
١٩٨٢/٣/٢١

له ڕۆژی ١٩٨٢/٣/٢٤ وەڵامی م.س پدکمان بە دەست گەیشتەوە.

ئەمەش دەقەکەیەتی:

بەڕێز م.س حیزبی شیوعی عێراقی

دوای پێشکەش کردنی سڵاو

بە دڵێکی پڕ لە شادی و شانازییەوە پیرۆزبایی خەباتگێڕەکەتانمان بە بۆنەی جەژنی ئە وڕۆژی پیرۆزە وە پێگەیشت، سوپاسی هەستی بەرزتان دەکەین سەبارەت بە دۆستایەتی تێکۆشەرانەی نێوان هەردوو حزبمان کە خوێنی تێکۆشەرەکانی هەردوولا لە پێناوی بەجێهێنانی مافی دیموکراتی بۆ گەلی عێراق بە عەرەب و کوردە وە تێکەڵ بوو.

هیواداریـن کە ساڵی تازە، ساڵی یەکگرتنی هەموو وزە و تواناکان بێت، لە بەرەیەکی نیشتمانی دیموکراتی بەربڵاودا بۆ سەرکردایەتی کردنی شێوەکانی خەبات دژی حوکمی فاشی لە عێراقداو ڕووخاندنی، هەروەها بۆ دامەزراندنی حوکمێکی ئیئتیلافی دیموکراتی لەجێی ئە ودا کە دیموکراتی بۆ عێراقو ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە بۆ کوردستان بێنە دی.

لەگەڵ ڕێزو خۆشەویستیماندا بۆ ئێوە و هەموو هاوڕێیان و ئەندامان و لایەنگرانی حیزبە دۆستەکەتان.

مەکتەبی سیاسی

حیزبی دیموکراتی کوردستانی عێراق

١٩٨٢/٣/٢٣

هەروەها لە هەمان ڕۆژاندا بە بۆنەی تێپەڕبوونی چل و هەشت ساڵ لەسەر دامەزراندنی حشع ڕۆژی ١٩٢٤/٣/٣١، م.س بەیاننامەیەکی سیاسی دوورو درێژی بڵاو کردە وە. یەک و حسک و پاسۆک و ئاڵای ڕزگاری کوردستانی باکورد (تورکیا) بروسکەی پیرۆزباییان بۆ سەرکردایەتی حشع نارد.

دەقی بروسکەکان:

بۆ: م.س حیزبی شیوعی عێراق

بە بۆنەی دامەزراندنی حیزبە تێکۆشەرەکەتان و تێپەڕبوونی چل و هەشت ساڵ لەسەر تە راوی بەردە وام بوونی لە کۆڕی خەبات و تەقەلادانیدا، گەرمترین پیرۆزباییتان پێشکەش دەکەین.

هیواداریین پێوەندی نێوانمان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەهێزتر بێت، داوای سەرکە وتن بۆ حیزبەکەتان دەکەین.

م.س
پارتی دیموکراتی کوردستان
١٩٨٢/٣/٣١

بروسکەی حیزبی سۆسیالیستی کوردستانی عێراق

م.س
حیزبی سۆسیالیستی کوردستان ـ عێراق
بۆ: مەکتەبی سیاسی حشع بەرێز

هاوڕێیانی خۆشه ویست

به بۆنه‌ی له‌دایکبوونی حیزبی مارکسی ـ لینینی حیزبی چینی کرێکارانی عێراق له قولایی دڵمانه وه گه‌رمترین پیرۆزبایی له ئێوه و گشت زه‌حمه‌تکێشانی عێراق ده‌که‌ین و باوه‌ڕیشمان وایه که حیزبه تێکۆشه‌ره‌که‌تان له ئاستی ئه و لێپرسراویه مێژوییه گه وره‌یه‌دا که به ئه‌ستۆی خۆیه وه گرتووه له ته واو کردنی قۆناغی نیشتمانی دیموکراسی له عێراق و بردنی به‌ره و سۆسیالیزم که حیزبمان، حیزبی سۆسیالیستی کوردستانی عێراق له‌م بواره‌شدا هاوپه‌یمانێکی له پشتتان ده‌بێت و به وپه‌ڕی تواناوه تێکۆشانی خۆی درێژه پێ ده‌دات.

بژی یادی ٣١ی ئادار.

پته وتربێت هاوپه‌یمانێتی نیوان هه‌ردوو حیزب له ڕێگای هێنانه‌دی گشت ئامانجه‌کانی نه‌ته وه‌ی کوردو گه‌لی عێراق.

مه‌کته‌بی سیاسی

حیزبی سۆسیالیستی کوردستانی عێراق

١٩٨٢/٣/٣١

ده‌قی بروسکه‌ی پارتی سۆسیالیستی کورد ـ پاسۆک
بۆ حیزبی شیوعی عێراق به بۆنه‌ی ئالای دامه‌زراندنییه وه

کوردستانێکی ئازاد　　　　گه‌لێکی به‌ختیار

بۆ: مه‌کته‌بی سیاسی حشع تێکۆشه‌ر

سلاوی شۆڕشگێڕان و ئازادیخوازان

ڕێگامان بدەن بەناوی حیزبەکەمانەوە، حیزبی سۆسیالیستی کورد (پاسۆک) بە بۆنەی تێپەڕبوونی ٤٨ ساڵ بەسەر دامەزراندنی حیزبە تێکۆشەرەکەتان گەرمترین پیرۆزباییتان پێشکەش بکەین، هیوای سەرکەوتن و پێشکەوتنی بەردەوامتان بۆ دەخوازین بۆ سوودو قازانجی زەحمەتکێشانی تەواوی دنیا.

هەروا لەم بۆنەیەدا پەیمانی خۆمان تازە دەکەینەوە کە دەست لەناو دەست لەگەڵ ئێوە و تەواوی هێزە خێرخوازەکاندا بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی پیاوکوژانی بەغداو هێنانەدی حکومەتێکی ئیئتیلافی نیشتمانی هەنگاو بنێین و ئەوەندەی پەیوەندی بە ئێمەوە هەبێ ئێمە ئامادەین ئەو بەشەی دەکەوێتە ئەستۆمان لەبەرپرسیاری و ڕاپەڕاندنی هەر چ کارێکی چاک و سوودبەخش جێبەجێی بکەین.

سەرکەوتن هەمیشە بۆ گەلانە.

مەکتەبی سیاسی

حیزبی سۆسیالیستی کورد «پاسۆک»

١٩٨٢/٣/٣١

ئەمەش دەقی بروسکەی ڕێکخراوی حیزبی ئاڵای ڕزگاری کوردستانی تورکیا کە بە میوانی لە ناوچەکەدا دەژیان:

بۆ: مەکتەبی سیاسی حیزبی شیوعی عیراق

هەڤالانی بەڕێز...

بە بۆنەی تێپەڕبوونی ٤٨ ساڵ بەسەر دامەزراندنی حیزبە

تێکۆشەرەکەتانە وە، پیرۆزبایی خۆمان بە گشت ئەندام و لایەنگرانی حیزبی شیوعی عێراق ڕادەگەیەنین.

لەکاتێکدا کە تێکۆشانی گەلی عێراق بۆ ڕزگاری و دیموکراسی و سۆسیالیزم تەقدیر دەکەین، هیواداریین حیزبی شیوعی عێراقی بەرەو سەرکەوتن هەنگاوی پێشتر بهاوێژێ.

بژی تێکۆشانی گەلانی ژێردەست و کرێکارانی جیهان

بژی هاوکاری نێونەتەوەیی.

بمرێ ئیمپریالیزم و کۆلۆنیالیزم ـ کۆنەپەرستی و فاشیزم.

خالید دەلان

ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی ئالأی ڕزگاری

١٩٨٢/٣/٣١

بەهۆی ئە وەی کە بارەگای سەرکردایەتی حشع و ینک گەلێ نزیکی یەکتری بوون. لەم مناسەباتانەدا نوێنەرانی سەرکردایەتی هەردوولا سەردانی بارەگاکانی یەکتریان دەکردو پیرۆزبایی گەرم لەیەکتری دەکراو شیرینی دەخورایە وە.

بەهەمان بۆنە وە ڕۆژی ١٩٨٢/٤/٤ ئاهەنگێکی قشتبلانە لە (نۆکان) سازکرا، دوو سەد کەسێک بەشداری تێدا کرا، وتاری م.س بە عەرەبی و کوردی خوێندرایە وە، جەخت لەسەر هاوکاری و هاریکاری کردنی هەموو هێزو حیزبە تێکۆشەرەکانی نەتە وایەتی و نیشتمانی کرا

پرۆگرامێکی ڕێکوپێکی دلگیرانە لە گۆرانی و سرودی خۆشی

هەمەجۆر پێشکەش کرا.

* * *

● ڕۆژی ١٩٨٢/٣/٢٨ نوێنەرانی سەرکردایەتی حشع کە بریتی بوون لە: هاوڕێیان (کەریم ئەحمەد، مەهدی عەبدولکەریم، ئەحمەد بانیـــخـــێلانی و یوسف حنا) بۆ ســـەردان و کـــۆبوونە وە لەگـــەڵ سەرکردایەتی حدکا و پدک و لیژنەی بالای (جود) ڕۆیشتن. دوای دە ڕۆژ گەڕانە وە نۆکان.

ڕۆژی ١٩٨٢/٤/٨ ئێمەی ئەندامانی م.س و ل.م کە ژمارەمان نۆ هاوڕێ بووین کۆبووینە وە. هاوڕێ کەریم ڕاپۆرتاژێکی دەربارەی کۆبوونە وەکانیان لەگەڵ سەرکردایەتی هەردوو حیزبی دۆست و لیژنەی بالای جودی پێشکەش کردین. پوختەی ناوەڕۆکی ڕاپۆرتاژەکە بریتی بوو لەمەی خوارە وە:

لەگەڵ دوو ئەندامی دەفتەری سیاسی حدکا د. سەعید<٢١>و مستەفا شەلماشی کۆبووینە وە، باری ئاڵۆزو تێکچوو دۆزاری هەردوو وڵات لە نێوانماندا بە تێروتەسەڵ پەیڤی لەسەر کرا. بەتایبەتی کاریگەری شەڕە وێرانکارییەکەی نێوان ئێران و عێراق لەسەر هەردوو دیوی کوردستان.

چەند پێشنیارێکمان خستە پێش چاوی برادەرانی (حدکا) وەکو:

<٢١> ناوی بزاڤی شەهید دکتۆر سادقی شەرەفکەندی بوو.

١- حدكا پێوەندی خۆی لەگەڵ هێزەکانی دیموکراتی و پێشکەوتووپەرستی ئێران بەهێز بکات، بەرژەوەندی هەموو گەلانی ئێرانی لەمەدا بەدی دەکرێت.

٢- رژێمی عێراق بەرە و رووخاندن دەچێت. ئەم راستیەش دەبێ لە لایەن سەرکردایەتی حدکا بزانرێ و پێویستیشە پێوەندیەکانی خۆی پتر لەگەڵ گشت هێزەکانی بەرهەڵستکاری عێراقی و کوردستانی بەهێز بکات.

٣- تکاو راو داوای حشع لەگەڵ ئەوەدایە چارە بۆ ئەو ناکۆکیانەی نێوان حدکاو پدک بدۆزرێتەوە. لاپەڕەی تازە لە نێوانیاندا بکرێتەوە و پێوەندی دوو قۆڵیان پتە و بکەن.

٤- نازانین هۆی چیە بەم دوایە کۆسپ دەخەنە پێش هاتووچۆکردنی برادەرانی (حسک) بەناو خاکی کوردستانی ئێراندا.

برادەران نوێنەرەکانی (حدکا) لە وەرامیاندا گوتیان: (لای ئێمەش روونە کە رژێمی بەغدا بەرە و رووخان دەڕوات، هەمیشە رێبازو ئاواتی حدکا لەگەڵ ئەوەدا بووە و تەقەلاشی بۆ داوە هێزەکان ئۆپۆزیسیۆنەکانی ئێرانی هەر چۆنێک بێت بیرو بڕوا نەتەوەیی و ئاینیان لەسەر پرۆگرامێکی دیموکراتیانەی هاوبەشی یەکتر بگرن و بەرەیەکی یەکگرتوو بنیات بنێن. هەردەم مەبەست و خواستمان بووە برایەتی و دۆستایەتی لەگەڵ حیزبی (توده)(٢٢) پتە و بکەین کەچی بە پێچەوانەوە، (توده) بە ناڕەوا سووره لەسەر دژایەتی کردنمان.)

حدکا دەیەوێ لەگەڵ (پدک) دۆست بێت کۆمەکیان بکات بەمەرجێک چەکدارەکانیان لەناو خاکی کوردستانی ئێران رێگامان نەگرن. بگەڕێنەوە ناو کوردستان عێراق کە شوێنی خەبات و

تێکۆشانی ئه وان له وێیه.

ئامادەینە دانیشتن لەگەڵ سەرکردایەتی (حسک) بکەین. برایانە دەرسی گشت ئە و کۆسپ و تەگەرانە بکەین کە بەم دواییە لە نێوانماندا سەری هەڵدا بوو.

کاک کەریم گێڕایە وە کە برادەرانی سەرکردایەتی (حدکا) نارەزایی زۆریان لەسەر هەڵوێستی وڵاتانی سۆسیالیست و حیزبی تودە دەربڕی بوو.

رای سەرجەمی نوێنەرانی حشع لەگەڵ ئە وەدا بوون کە (حدکا) پێوەندییەکانی لەگەڵ رژێمی بەغدا بمرە و بەتینتر دەروات، کێشەی ناوخۆو ناکۆکی نێوان کادرو رێکخراوەکانیان پتر سەری هەڵداوە و لە پەرەسەندایە، ئەنجامەکەیشی زیان بە بزاڤی رزگاریخوازی کوردستانی ژێر دەستی ئێران دەگەیێنێ.

---

(٢٢) حیزبی تودەی ئێران: لە ساڵی ١٩٤١ لە شوێنی پارتی کۆمۆنیستی ئێران، کە وتە وە خەباتکردنی ئاشکرا لەسەردەمی رژێمی پەهلە وی چەندان جار کە وتە بەر شاڵاوی تیرۆرو فشارو ئیعدام کردن. دوای سەرکە وتنی شۆرشی ئیسلامی ئێران شوباتی ١٩٧٩، وەک حیزبێکی ئاشکرا کە وتە وە خەبات و تێکۆشان. بەدرێژی تەمەنی رێبازو هەڵوێستی بەرامبەر بە کورد، بلوچ، عەرەب و ئازەری دوور بووە لە بیروباوەڕی ئینترناسیونالی راستەقینە، بە عەقلیەتی شۆڤێنیستی نەتە وەیی گە ورەی دەسەڵاتدار رەفتار دەکات.

(بڕوانە «چەند لاپەرەیەک لە مێژووی خەباتی گەلی کورد» بەرگی: ١ لاپەرە: ٢٠٢-٢٠٤)

هاوڕێ کەریم هاتەوە سەر گێڕانەوەی گفتوگۆو وتوێژەکانیان لەگەڵ م.س پدک لە (ڕاژان) ڕۆژی ٣و١٩٨٢/٤ لەگەڵ برادەرانی م.س پدک کۆبوونەوە وە ئاڵوگۆڕی ڕاو بۆچوون لەسەر ئەم خالانەی خوارەوە کرا:

١- باری سەخت و دژوارو شڵەژاوی هەردوو دیوی کوردستان لە ئاکامی ئەم جەنگە پیس و ناهەموارەی لە نێوان ئێران و عێراق بەردەوامە. ڕۆژانەش هەموو تەڕو وشکی وڵاتەکە هەڵدەلوشێت.

٢- م.س پدک نیشانیدا کە مەبەستیانە بگەنە ئاشتبوونەوەو ڕێککەوتن لەگەڵ (ینک) و شەڕی برا کوژیش بن بڕ بکرێت.

٣- دەربارەی پێوەندیان بە (حدکا)وە وادیار بوو گۆڕانێک لە هەڵوێستیاندا نیە بە ڕاشکاوی گوتیان: (هەرکاتێک پارتی هێزەکانی خۆی گێڕایەوە ناو خاکی کوردستانی عێراق ئەوکات پێوەندییان لەگەڵدا پەیدا دەکەین.)

٤- نوێنەرەکانی (پدک) باسیان کرد کە لیوا حەسەن نەقیب<٢٣> کە بە ناوی فەرمانبەری شۆڕشی عێراق ـ قائد الثورە

<٢٣> لیوا حەسەن مستەفا ئەلنەقیب: ئەفسەرێکی کۆنی سوپای عێراقە، لە بنەماڵەیەکی ناسراوی شاری سامرایە. لەدوای کۆدەتای ١٧- ٣٠ تەمووزی ١٩٦٨ کە بەعسەکان هاتنە سەر حوکم کرا بە بالیۆزی عێراق لە ئیسپانیا. لە سەرەتای حەفتاکاندا وازی لەکار هێناو ڕای کردە سووریا. لەدوای پێکهێنانی (جود) و (جوقد) ـ کۆتایی ١٩٨٠ ـ حکومەتی سووریا چەند کەسێکی لە دەوروبەری کۆ کردەوە و ناویان لێنا: «سەرۆکی شۆڕشی عێراق ـ قائد الثورە العراقیە» هیچی بە هیچ نەکرد تا ئەمڕۆکەش هەر لە دیمەشق دەژیت.

العراقيه قسه دەكات لەگەڵ كاك ئیدریس بارزانی گەڕانه وه بۆ سوریا. حەسەن نەقیب باسی ئه وەی بۆ پدک كردووه (حكومەتی سوریا بڕیاری وەرگرتیه یارمەتی باشی پدک و ئه و هێزانەی سەربه نەقیبن بدات، دەروازەی هاتوچۆكردنیان بۆ سوریا دەخاته سەرپشت...

٥- برادەرانی م.س پارتی به ڕاشكاوی دەربانبڕی و گوتیان: (پێوەندیان به كۆماری ئیسلامی ئێرانی له پێشوو بەهێزترو پتەرتر بووه. پارتی بەرهەڵستیش له دامەزراندنی كۆماری ئیسلامی له عێراق ناكات و دژی نیه، هاوكاری و پێوەندیان یەكسەر لەگەڵ (ئەرتەشی) سوپای ئێرانی دایه نەک پاسداران.)

هاوڕێ كەریم گوتی: (هەر كۆبوونه وەی دوونۆزڵیمان كۆتایی پێهات. لێژنەی بالای (جود) كۆبۆوه، لێدوان و پاسكردنەكان هەمان خاڵ و وانه بوون له دانیشتنەكانی دوو قۆزڵیمان قسه و مشتومڕی زۆریان لەسەر كرابوو. تەنیا ئه ▪ نەبێت ، سەركردایەتی پدک بەڵێنیانداوه تا ١٩٨٢/٥/١٥ هێزەكانی چەكداری خۆیان و پێشمەرگەكانیان بۆ ناو خاكی كوردستانی عێراق دەكشێننه وه.)

له كۆتاییدا لەسەر دەرهێنانی بەیاننامەیەكی سیاسی ڕێككه وتن.

* * *

● له وكاتەي نوێنەرانی سەركردایەتی حشع چوو بوون بۆ كۆبوونه ▪ كردن لەگەڵ دەفتەری سیاسی حدكا و م.س پدک و سەركردایەتی (جود). هەڤاڵ سكرتێری گشتی پارتی ئالای رزگاری كوردستانی

باکور(تورکیا)‹٢٤› ئیبراهیم کە ناسناوی سەلیم بوو لەگەڵ ئەندامی م.س خالیـد هاتنە سـەردانی بارەگـای م.س حشع هاوڕێ سکرتێری هەرێمی کوردسـتـان کـاک عـومـەر عـەلی شـێخ و فـاتح لەگـەڵیـاندا کۆبوونە وە. دوای پێشوازی کردن هەڤاڵ خالید گێڕایە وە:

مـاوەیەک لە ئێران بوو لەگەڵ سـەرکردایەتی حدکـاو کۆمـەڵەی زەحمـەتکێشان‹٢٥›، سازمانی خەلک ـ شاخەی کوردستـان‹٢٦›و مجاهیدی خەلک‹٢٧› کۆبوونە وەم کرد. حدکا یەکجار ناڕەزایە و مەترسی زۆریان لە بوونی چەکدارەکانی (پدک) هەیە لە هێندێ شوێن لەناو خاکی کوردستانی ئێران بە تەک پاسداران و ئەرتەشە وە.

‹٢٤› ئاڵای رزگاری: پارتێکی چەپی نەتە وایەتی بوو، لە ساڵی ١٩٧٨ لە لایەن ژمارەیەک لاوە خەباتگێڕەکانی کوردستانی باکور (تورکیا) بنیات نرا، لەلایەن کۆمیتـەیەکی سێ کەسی سـەرۆکایەتی دەکرا لە سـاڵی ١٩٩٢ ئاڵای رزگاری، پارتی دیموکراتی کوردستـانی باکـور، گروپی بەرهەم و ژمارەیەک لە کەسـانی سـەربەخۆ پارتێکـیان بەناوی پارتی دیموکراتی کـوردسـتـان هەڵگرتن ـ یەکگرتن پێکهێنا.

‹٢٥› کۆمەڵەی زەحمەتکێشـانی کوردستانی ئێران لە ساڵی ١٣٤٧ی ئێرانی کە دەکاتە ١٩٦٨ ز بە نهێنی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات لەسەر بناغەیەکی چەپڕە وی کوردستانی دامەزرێندرا.

لەدوای رووخاندنی رژێمی پاشایەتی و سـەرکە وتنی شۆڕشی گەلانی ئێران گەشەی کرد. هەر کـە کۆماری ئیسـلامی کە وتە هێرش بردن بۆ سەر نەتە وەی کـوردی کوردسـتانی ئێران، کۆمەڵە کە وتە خەباتکردنی سەختی چەکداری لە وسـاکە وەش لەشەڕی پارتیزانی بەردە وامە.

‹٢٦› سازمانی چریکی فیداییانی خەڵک ڕێکخراوێکی شۆڕشگێڕی چەپڕەوی ئێرانییە، لە ١٩ بەهمەنی ١٣٤٩ی ئێرانی کە دەکاتە مانگی شوباتی ١٩٧٠ لە باکووری ئێران بنیات نرا، هەر لە سەرەتای دامەزراندنییە وە کە وتە خەباتکردنی سەخت و چالاکی چەکداری دژ بە دام و دەزگاکانی ڕژێمی پەهلەوی، دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران لە شوباتی ١٩٧٩ بوو بە هێزێکی جەماوەری ناودار لە سەرانسەری ئێران. لە سەرەتای ١٩٨٠ بوو بە دوو کەرتی سەرەکی کەمینەتی (الاقلیە) و زۆرینە (الاکثریە) بەشی زۆرینەکە لە حیزبی توودە نزیک بووە، دوای ١٩٨٣ سەرکردەکانی توودە دەستگیرکران و دانیان بە هەموو تێکدا، سازمان تووشی زیانێ زۆرهات.

‹٢٧› مجاهیدینی خەڵکی ئێران: ڕێکخراوێکی سیاسی جەماوەرییە، ساڵی ١٣٤٤ی ئێرانی کە دەکاتە ١٩٦٥ زاینی بە نهێنی لە سەردەمی شای پێشوو دامەزرا. هەر لەسەرەتای دامەزراندنیە وە کە وتە خەباتی سەختی توندو تیژ دژ بە سیستەمی پاشایەتی ئێران و بیرۆکراتیەت، قوربانی زۆری پێشکەش کرد، ڕۆڵێکی دیاریکراوی لەسەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران گێڕا، لە شوباتی ١٩٧٩ هەر سەرکردایەتی مجاهیدین دەرکی ئەوەیان کرد ڕابەرەکانی ئاینی دەستیان بەسەر شۆڕشەکەدا گرت و نەخشە و نیازی لە وەیان هەیە لە هەموو ڕووبەکەی ئێران بۆ دواوە بگێڕنە وە، ڕژێمی کۆنی ئاینی بنیات بنێن، مجاهیدین نارەزایی و دژایەتی خۆی ڕاگەیاند، کە وتە گەر هێزەکانی بەرهەڵستکاری ڕژێمی ئاخوندەکانی ئیسلامی.

لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا پێوەندی بە هێزی لەگەڵ ڕژێمی عێراق پەیدا کرد کە وتە هاوکاری و هاریکاری کردنی تەواو لەگەڵیدا. چەقی سەرکردایەتیان کە وتە عێراق.

لە وکاتە ی ڕژێمی بەغدا گەلێ کاری ناڕەوای بە چەکدارەکانیان کردبە دژی نەتەوەی کوردو شیعە و هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی.

برادەرانی حدکا ئامادەنە لەگەڵ (پدک) ڕێکبکەون بە وەمەرجە بەرهەڵستیان نەکەن و ڕێگایان نەگرن لە گەڕانە وەیان بۆ ناوچەی تەرگە وەڕو مەرگە وەڕو شنۆ، نە وکات ئامادەنە بەڵێن بدەن کۆسپ و تەگەرە بەهیچ شێوەیەک نەخەنە پێش خێزان و کەسوکارو لایەنگرەکانی پدک لە سەرانسەری کوردستانی ڕۆژهەڵات، سەرکردایەتی حدکا ئە وەشیان باس کرد کە لە (پاریس) گفتوگۆیان لەگەڵ چەند هێزی بەرهەڵستکار دژ بە سیستەمی کۆماری ئیسلامی کردیە، جیاوازی لە هەڵوێستیاندا هەیە لەسەر مافی نەتە وەی کورد و دیموکراسیەت بۆ ئێران... هتد.)

هاوڕێ عومەر بە خەستی باسی کۆبوونە وەی ل.م حشع، هی مانگی تشرینی دووەمی ١٩٨١ی بۆ کردن کە سەرکردایەتی حشع لە تەقەلاو هە وڵدانی بێوچاندایە بۆ ڕێکخستنی گشت هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردستانی و عێراقی لە بەرەیەکی یەکگرتووی بەرکراوە لەپێناوی رزگار کردنی گەلەکانی عێراق لە تاوان و تیرۆرو قڕچو بڕکردنی فاشیەکانی بەغدا.

لەدوایدا هەڤاڵ خالید چەند داوایەکیان هەبوو خستیە پێشمان:

أ- هەڤاڵ سەلیم نیازی ئە وەی هەیە بچێتە سوریا، ژمارەیەک هەڤاڵمان هەنە دەمانە وێ بیانگێڕینە وە کوردستانی باکور بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە داوای یارمەتیتان لێدەکەین.

ب- ماوەیەک لەمە وبەر بەهۆی هاوڕێ مەلا ئەحمەد بانیخێلانی نامەمان بۆ م.س تان نارد داوای یارمەتیدانی مادیمان کردبوو کە پێویستمان بۆ ماوەی ساڵێک بە پارە هەیە بۆ ڕێکخراوەکانی حزبمان. تکایە دەستی یارمەتی باشمان پێ بگەیێنن.

هاوڕێ عومەر کە وتە وەرامدانە وەیان:

(بۆ مەسەلەی سەفەرکردنی هەڤاڵ سەلیم بۆ سوریا با خۆی ئامادە بکات ڕۆژی ١٩٨٣/٤/٢ دەینێرینە تاران لە وێوە بۆ دیمەشق، هەڤاڵەکانی دیکەشتان ئامادەبن لەم ڕۆژانە دەیانێرینە بنکەی گوستا‹٢٨› لە وێوە بۆ ئە و شوێنانەی خۆیان ئارەزوویانە.

دەربارەی یارمەتیدانتان بە پارە و پوڵ بۆ ماوەی ساڵێک با هەڤاڵ سەلیم لە دیمەشق لەگەڵ هاوڕێ عەزیز محەممەد باسی بکات.)



● ڕۆژی ١٩٨٢/٤/١٧ مام جەلال تاڵەبانی گەیشتە لای هاوڕێیانی م.س حشع لە نۆکان. هاوڕێیان کەریم ئەحمەدو عومەر عەلی شێخ کۆبوونە وەی تایبەتیان لەگەڵدا کرد. بۆ ڕۆژی دووەم ٤/١٨ ئێمە دە ئەندامی م.س و ل.م کۆبووینە وە، دوو هاوڕێیەکەمان ڕیپۆرتاژێکی دوورودرێژیان لەسەر دانیشتنەکەی گەڵ مام جەلال پێشکەش بە ئێمە کرد، کورتەی ناوەڕۆکەکەی ئەمە بوو:

‹٢٨› گوستا: دۆڵێکی سەختی شاخاوی پڕ کەندو لەندە، دوورترین شوێنە، کە وتۆتە سەر سنووری کوردستانی باشووری باکوور، لە ناحیەی سیدەکان قەزای ڕەواندوز دایە، گوندی (هەدی) نزیکترین شوێنیەتی لە کوردستانی باشوور گوندی گوستاش لە کوردستانی باکور (تورکیا) ڕووبارێکی ئاو زۆری بەناودا تێدەپەڕێت، لە کۆتایی حەفتاکاندا ماوەیەک بنکەی سەرکردایەتی کاتی پدک تێدا بنیات نرا بوو، لە سەرەتای هەشتاکاندا کرا بە بنکەی هێزێکی حشع.

لەسەرەتادا مام جەلال گوتی... (رژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران نوێنەرێکی تازەیان ناردۆتە (ناوزەنگ) وا لامانن گوایە بۆ بەخێرهاتن کردنی حازم حوسێن ـ جەبار کوبەیسی هاتوون، وادەردەکە وێ دوای ئە و سەرکە وتنانەی لە شەڕەکانی (شوش) و (دزفول) بەدەستیان هانیوە، ئێرانیەکان تووشی لەخۆبایی بوونێکی زل و فیز هاتوون.

مەبەستیان لە هاتنەکەیان بۆ ئە وەیە بزانن پێوەندی نێوان هێزەکانی بەرهەڵستکاری عێراقی و کوردستانی گەیشتۆتە چ پلەیەک دژی رژێمی بەغدا، پێوەندی نێوان ینک و حشع و حشع و سۆڤیەت، ینک و پدک، پێوەندی گشت هێزەکان دەگەڵ سوریا... هتد. تەنانەت ئێرانیەکان پرسیاریان لێکردم ئایا راو بۆچوون و تێبینیتان بەرامبەر بە دوا رۆژی کوردستان چییە ؟)

لە وەرامدانە وەیدا مام جەلال گوتبوی: (هێزەکانی کوردستانی عێراق خەبات بۆ ئۆتۆنۆمی راستەقینە دەکات لە پرۆگرام و رێبازی هیچ پارتێکی کوردستانی عێراقیدا نییە خەبات بۆ دامەزراندنی کوردستانی گە ورە بکات.)

هەروەها مام جەلال هێندێ دەنگوباسی دیکەی گێڕایە وە کە لە رێگای حکومەتی سوریا زانراوە گوایە: هێزەکانی چەکداری کۆماری ئیسلامی ئێران نیازی هێرشێکی یەکجار سەخت و فرە وانیان بۆ داگیرکردنی عێراق هەیە، سوریا مەترسی زۆر لەم هێرشە دەکات بەپەلە بروسکەیان بۆ حازم حوسێن ناردیە بەبێ وەستان بەپەلە بگەرێتە وە دیمەشق... دەنگ هەیە کە سەرۆک حافز ئەسەد داوا دەکات کۆبوونە وەیەک لە نێوان عەزیز محەمەدو جەلال تالەبانی، مەسعودو ئیدریس بارزانی، حازم حوسێن، حەسەن نەقیب بەسترێت

بۆ دەرسکردنی باری شڵەژاوو تێکچووی عێراق.

هاوڕێ کەریم گوتی: (مام جەلال ئەم هەنگاوەی سەرۆک ئەسەد گەلێ بە ڕە واو پڕ سوود دەزانێ، هەرچەندە گوتبووی (بەهۆی سەرقاڵی و کاری زۆرم لەم ماوەیەدا ناتوانم بچمە سوریا، بەڵام نوێنەری خۆمان دەنێرین.)

دیسان هاوڕێ کەریم گوتی: هەر مام جەلال لە هەموو گوتەکانی تە واو بوو پێمگوت: (سەرکردایەتی حشع نیازی هەیە دوای چەند ڕۆژێکی دیکە بەناوی م.س پێشنیارێک پێشکەش بە سەرکردایەتی یەک و ینک بکەین، داوای کۆبوونە وە و دانیشتن لەگەڵ یەکتریدا بکەین بۆ دەرس کردنی باری کوردستان و ئاشتبوونە وە و نەهێشتنی شەڕی برا کوژی).

ئێمە بەشداربووانی کۆبوونە وە تایبەتیەکەی خۆمان بەگەرمی پەسندی پێشنیارەکەمان کرد. هەروەها پەسندی ئەم هەنگاوەمان کرد کە برادەرانی سەرکردایەتی ینک هاوێشتی و نوێنەری خۆی بۆ (ڕاژان) نارد. بە سەرەتایەکی ڕاست و ڕە واو هۆشمەندانەمان لەقەڵەمدا. هەمووشمان لە و بڕوایەدا بووین کە ئاشتبوونەوەی نێوان هێزەکانی کوردستانی تەقەلای دڵسۆزانە و پشووی درێژی گەرەکە.

* * *

راپەڕین و پەرەسەندنی چالاکیەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان

لەسەرەتای سالی ۱۹۸۲ کۆمەڵێک ڕووداوی جۆراو جۆرو هۆکاری بنچینەیی بۆ راپەڕینی جەماوەر یەکتریان گرتە وە، وەک ڕاپێچەکدانی هەزاران لاوو قـوتابی و مـوچەخـۆران بە زەبری لێدان و کـوتەک و ئەشکەنجەدانی زۆر بۆ نا و کڵپەی ئاگری جەنگە وێرانکەرەکەی نێوان ئێران و عێراق.

ڕاگـوێزانی هەزاران مـاڵ و خـێزان و دوورخـستنە وەیان لە شوێنەکانی دێرینی باوک و باپیرانیان بۆ ئۆردوگا زۆرە ملێیەکان، کە پێویستییەکانی بنەڕەتی ژیانی تێدا ئامادە نەکرا بوو. هەروەها گرتن و فڕاندن و ڕاونان و ڕۆژانە بە کۆمەڵ کوشتن و پەت پەتی کردن بە زۆربەی جەماوەر لەلایەن دام و دەزگای ڕژێم و تیپەکانی کوشتن.

ڕژێمی عێراق دوژمنایەتی هەموو تیرە و بیرو بڕوا مەزهەبی نەتە وەیێک دەکات کە لەگەڵ ئایدۆلۆژیەتی پارتی بەعسی ڕەگەزپەرست و شۆڤێنییەتی نەتە وەی عەرەب نەگونجێت.

ئەم ریالیستە تاڵ و تیژو ژەهراوییە لەلایەن زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی کوردستان و عێراق بە ڕاشکاوی دەبیندراو هەستی بە تە واوی پێدەکراو ناچاریش کرا بوو لەناویدا بژیت!

بێزاری و نارەزایی لەناو دڵ و دەروونانیدا پەنگاوی دابۆوە، هەر وەک ژیلەمۆی ژێر خۆڵەمێش تەکانی گەرم و گوڕی خۆی پاراستبوو چاوەنواری هەلی لەباری دەکرد بتەقێتەوە!

چالاکی و بەرەبەرەکانی کردنی هێزەکانی چەکداری کوردستان و بزاڤی جەماوەرو جمۆجۆڵی لە گەشەکردندا بوو. لە هەموو لایەکەوە تەقەلاو وزەی جوامێرانە دەدرا هەڵ و دەرفەت بۆ لێدانی کوشندە لە کاسەلێسە نیشتمان فرۆشەکان و دام و دەزگای فاشیەکانی بەعسدا بڕەخسێندرێ.

دەنگی دڵسۆزانە لە هەموو لایەکەوە بۆ یەکگرتن و ڕێکخستنی ریزەکان بەرز ببۆوە. لە هەر چرکەیەکدا چاوەنواری ئەوە دەکرا شاڵاوی ڕق و کین و بێزاری لە دژی تاوانبارەکانی سەر حوکم بتەقێتە وە لە کۆنەوەش گوتراوە (هەستکردن بە ستەمکاری ڕاپەڕین و تەقینەوەی بەدواوەیە ـ الشعور بالظلم یولد الانفجار)

لەتێو ئەو گێژە شێوێنەیەو بارە ناهەموارو دژوارانەدا کە سەرانسەری کوردستانی باشوورو عێراقی گرتبۆوە، بە زەقی دوو دیاردە بەدی دەکران:

یەکەمیان: بە بەردەوامی گەرستەکانی ڕاگەیاندنی هێزەکانی بەرهەڵستکار بە بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندە و بەیاننامە و ئێزگەکانیان ڕژێمیان ڕیسوا دەکرد و هانی جەماوەریان دەدا ڕاپەڕن و بە رووی ڕژێم بوەستن و چۆکی پێیدا بدەن و دەستی دەستدرێژی و تاوان

کردنیان بشکێنن و پەکی بخەن، بەتەک ئەمانەشەوە چالاکی و چاپوکی پێشمەرگەکانی کوردستان لە پەرەسەندا بوو.

دووەمیان: دام و دەزگاکانی رژێمی بەغدا بە هەڕەشە و گەف کردن و شالاوو ئەشکەنجەدان لە شارو شارۆچکەکاندا، قوتابی و موچەخۆرانیان دەهانیە ناو شەقامەکان بۆ خۆپیشاندان و هۆو ڕاکردن بە تەمەن درێژی و سەرکەوتنی سەدامی خوێن ڕێژ و هێزەکانی چەکداری عیراق لە جەنگە پیس و گڵاوەکەی دژ بە کۆماری ئیسلامی هەڵیگیرساندبوو.

رۆژی ٩/١/١٩٨٢ دام و دەزگاکانی رژێم لە شاری (سلێمانی) ژمارەیەکی زۆریان لە قوتابی و مووچەخۆرو کرێکارو دانیشتوان راپێچەکدا و هانیانە ناو شەقامەکان لەژێر دروشمی پشتگیریکردنی پارتی بەعس و صبری لە هەموو کردە‌وە و رەفتارەکانی بەتایبەتی بەشداری کردن لە جەنگەکە کە ناوی لێندرا بوو (قادسیەی دووەم یا قادسیەی سەدام)‹٢٨›.

‹٢٨› قادسیە: لە بنەڕەتدا شوێنێکە کە وتۆتە رۆژئاوای پارێزگای نەجەف، لە ساڵی٦٣٥ز شەڕێکی یەکجار قورس لەنێوان لەشکری عەرەبی ئیسلامی بەسەرکردایەتی سەعدی کوری ئەبی وەقاس و لەشکری فارسەکان بە سەرکردایەتی رۆستەم لە و شوێنەدا رویدا. لەئەنجامدا فارسەکان شکان و رایان کرد. ئەمە قادسیەی یەکەمە.

سەدام حوسێن کە جەنگە ناڕەواکەی دژی کۆماری ئیسلامی ئێران هەڵگیرساند، بۆ پڕوپاگەندە و هەڵخەڵەتاندن ناوی لێنا قادسیەی دووەم یا قادسیەی سەدام! لە دەمێکیشە وە ناوی پارێزگای دیوانیە کراوە بە ناوی پارێزگای قادسیە.

سەرە پەت و جڵەوی خۆپیشاندانەکە لەدەست نۆکەرەکانی ڕژێم دەرچوو جەماوەرەکەی شاری هەڵەبجەت و قوربانیدان کە وتە هێتاف کردن بە ڕوخاندنی ڕژێمە دیکتاتۆرەکە و ڕاگرتنی جەنگە ناڕە واکەی نێوان عێراق و ئێران و سەرکەوتن بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان و ئۆپۆزیسیۆنی دژ بە ڕژێم و دیموکراسیەت بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە بۆ کوردستان.

تیرۆریست و سەرکوتکەرە بکوژەکانی ڕژێم کە وتنە هێرش و پەلاماردانی دڕاندانە بۆسەر خۆپیشاندەرەکان، بۆ دامرکاندنەوە و کپکردنی دەنگیان.

لەهەمان دە وروبەردا هێزێکی یەکگرتووی پێشمەرگەی کوردستان کە بریتی بوون لە پێشمەرگەی حشع و یەنک و حسک ڕۆژی ١٩٨٢/١/٢٨ لەگەڵ هێزەکانی چەکداری ڕژێم لە ناوچەی (تەق تەق)‹٢٩› تووشی شەڕێکی قورس دەبن، زەرەرو زیانی زۆریان بە هێزەکانی دوژمن گەیاند بوو لە ئەنجامیشدا حەوت پێشمەرگە، پێنجی حشع و یەکی یەنک و یەکی حسک شەهید کرابوو. ئەم چالاکیە پیرۆزە دەنگێکی باشی لە ناوچەکان دابە وە.

‹٢٩› تەق تەق: ناحەیەکە سەر بە قەزای کۆیە ـ کۆیسنجق لەسەر ڕێگای کۆیە ـ کەرکوک دایە، کە وتۆتە سەر زێی بچووک (زاب الاسفل) ٣٥ کیلۆمەتر لە کۆیە دوورە.

بۆ هەمان مەبەستی پشت گرتنی هێزەکانی چەکداری رژێم و پەیداکردنی سەرگەرمی و جۆش لەنێوان خەڵکدا بۆ چوونە ناو سوپای میللی (الجیش الشعبي) لە رۆژی ۱۹۸۲/۳/۳۱ هەزاران کەسیان لە هەولێر بۆ ناو شەقامەکان راپێچەکدا بوو ریچکەی کاروانەکە زوو گۆڕا بوو بە خۆپیشاندانێکی گەورەی جەماوەری دژ بە رژێمی ستەمکار و جەنگە وێرانکەرەکە. دەقی ئە و هێتاف و هاوارو دروشمانەی لە خۆپیشاندانەکەی ۱۹۸۲/۱/۹ی شاری سلێمانی بەرز کرابوونە وە لە هەولێریش گوتراوە و رەنگی دایە وە.

پیاو کوژە تیرۆرستەکانی رژێم و هێزەکانی چەکداریان کە وتنە پەلاماردانی خۆپیشاندەران ژمارەیەکی زۆریان دەستگیر کرد بۆ هەڕەشە و چاوترساندن یەکسەر دوو رۆڵەیان لەناو شەقامەکاندا ئیعدام کرد.

* * *

● وا بۆ بیست ساڵ دەچێت، دوای ئە و تاوانە گە ورەیەی رژێمی داگیرکەری رەگەزپەرست دژ بە شاری قەلادزەی وێرانکراو کردی، لە رۆژی ۱۹۷٤/٤/۲٤ بە فڕۆکەی جەنگی بێ بەزەییانە هێرشی سەختیان هانیە سەر شارەکە ژمارەیەکی زۆریان منداڵ و ژن و پیرو پەککە وتوانیان کوشت زەرەرو زیانی زۆریان گەیاند.

لە وکاتە وە رۆژی کارەساتەکە بۆتە رۆژی یادکردنە وەی شەهیدەکان و گشت شەهیدانی کوردستان. بەم بۆنەیە وە لە

ناوەڕاستی مانگی گوڵانی ١٩٨٢ پارتە سیاسییەکان چەندان بەیاننامە و ڕاگەیاندنی شۆڕشگێڕانەیان بڵاوکردە وە. داوایان لە هەموو میللەتی کورد دەکرد یادی کارەساتەکە بکەنە وە. بێزاری و پرۆتێستۆی توند لەسەر کردە وە دڕندەیەکانی دوژمن پێشکەش بکەن، ڕاپەڕن، مان بگرن، خۆپیشاندان و ئە وەی لە توانادایە هەیە پێوەی هەڵستن... هتد.

ئە وەبوو بەیانی ڕۆژی ١٩٨٢/٤/٢٤ دانیشتوانی قەڵادزە بە گە ورە و بچووکە وە، ژن و پیاو لەناوەڕاستی شارەکە کۆبوونە وە بەرە و ئارامگای شەهیدان بە هێتاف کردن و یادکردنە وەی شەهیدەکانی ڕێگای ئازادی و سەرفەرازی، بە ڕووخاندنی ڕژێم و سەرکە وتنی هێزی پێشمەرگە کە وتنە ڕێگا. لە و کاتەی کە خۆپیشاندەران بە ڕێگاوە بوون. نۆکەرو کاسەلێسەکانی ڕژێم کە وتنە تەقە کردن و گوللە باران کردنی خۆ پیشاندەرەکان. دوو شەهید کە وتە گۆڕێ، مامۆستای جوانەمەرگ سنە وبەر مەحموود و دایکە ئامینە سروور ژمارەیەکیش بریندار... ئەم دەستدرێژییە و تاوانە چاوی جەماوەرەکەی نەترساند، بە پێچە وانە ڕق و کینی دانیشتوانی شارەکەی پتر بەرز کردە وە، یەکسەر مانگرتنی تە واوی شارەکە بەرپاکرا. هێزەکانی چەکداری سیستێمی داگیرکەری ڕەگەزپەرست کە وتە گرتن و ڕاونان و شاڵاوبردن و گەف و گوڕو هەڕەشە کردنی زۆر ئە وەی لە توانایاندا هەبوو بەکاریان هانی. تەنانەت مارەی ئە وەشیان نەدا بریندارەکان لە نەخۆشخانە و برین پێچی شار تیمار بکرێن. جەماوەری شارەکەو ئۆردوگا زۆرە ملێیەکانی دە وروبەری شار گوێیان نەدا، لە ڕاپەڕین و بەربەرەکانی بەردە وام بوون، ڕۆژی ١٩٨٢/٥/٢. جارێکی دیکە

جۆش و گــۆشی خـەڵکەکـە بەرزبۆوە و مـانیــان گـرتە وە، بە بۆنەی یادکـــردنە وەی چلەی دوو شـــەهیـــدەکـــە ڕۆژی ١٩٨٢/٦/٣ خۆپیشاندانێکی گە ورە لە شارەکە ڕێکخرا.

گلێـەی ئاگـری دەروون دژ بە تاوانی فـاشیـەکـانی بەعـسدا هەمـوو دیارەیەکی داگــرتبـــوو بە ســوورببوونیش داوای تۆڵە کــردنە وە و ڕووخاندنی رژێمەکە دەکرا.

ڕاپەڕینەکـەی قـەڵادزە وەک هە ورە تریشـقـە لە سـەرانـسـەری کــوردســتــانی باشــوور ڕەنگی دایە وە و دەنگدانە وەیەکی باشی ڕسکاند. ڕۆژانەش ئێزگەکـانی دەنگی گـەلی عـێراق، دەنگی عـێراق، دەنگی شۆڕشی عێراق و دەنگی کوردستانی عێراق بەگەرم و گوڕی هانی خەڵکی کوردستانیان دەدا ڕاپەڕن، بە هەموو شێوەیەک بکە ونە بەر بەرەکانی کردنی سەرجەمی دام و دەزگاو بەرژە وەندیەکانی مـیـری عێراق و تێکیان بشکێنن، مـان بگرن مـەبن بە سـووتەمـەنی ئاگری جەنگە شووم و ناڕە واکەی کە بەعـس فاشی هەڵیگیرساندووە. پشتی هێزی پێشـمـەرگـە و گـشت ئۆپۆزیسـیۆن بگرن، کـۆمـەک و یارمەتیان پێشکەش بکەن... هتد.

لە هەمـان کاتدا فـەرمان و ئامۆژگاری بە پێشـمـەرگە دەدرا خۆ لە شارەکان نزیک بکەنە وە، پشتی جەماوەری ڕاپەڕ بگرن. گورج و گۆڵ و جوامێرانە دەسـتی کرشندە لە دوژمنی داگیـرکـەر بەرز بکەنە وە، زیانی گـە ورەی پڕ ئازاری پێبگەیەنن... لە هەمـوو سوچ و کـەنارو شوێنێکی کوردستان هەر هاوار بوو دەگوترا:

بژی هێزی پێشـمەرگە	دوژمن ئەنجامی مەرگە
بەهێزی پێشمەرگەکان	رزگار دەکەین کوردستان

سەربازان برامانن   فاشیستان دوژمنمانم

بروخێ بروخێ رژێمی فاشی...

بلێسەی راپەرینە مێرانەکەی قەلادزە بوو بە پلیتە و سەرەتای سەرجەمی ئە و راپەرینانەی لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان بەرز بۆوە.

هەر یەکسەر دوای راپەرینەکەی ١٩٨٤/٤/٢٤ی قەلادزێ، جەماوەری شاری رانیە و ئۆردوگا زۆرە ملێیەکانی سەنگسەر، بەستەستێن و ژاراوە‹٣٠› جوامێرانە راپەرین و پشتی قەلادزەیان گرت. بۆ ماوەیەک دەستیان بەسەر شارو شارۆچکەکانیاندا گرت. تەپسەری لە نۆکەرو سیخوڕ‹٣١› و چڵکاوخۆرەکانی رژێمی بەغدا بوو بە کونە مشک، تووشی راڕایی و سەرلێشێوان هاتبوون، کە وتبوونە ترس و لەرزو پاڕانە وە و پاکانە کردن. مەشخەڵی تین و راپەرین گەیشتە شاری سلێمانی، لە رۆژی ١٩٨٢/٤/٢٨ خۆپیشاندانێکی گەورە بەرپاکرا لەژێر هەمان دروشمی نەتەوایەتی و

‹٣٠› بەستەستێن و ژاراوە: دوو ئۆردوگای زۆرە ملێن کە وونە لە ناوەراستی حەفتاکاندا رژێمی عێراق لەنێوان ناحیەی سەنگسەرو قەلادزە دروستی کرد. لەسەرەتای هەشتاکاندا، ماڵ و خێزانی چل و هەشت گوند راگوێزراو لەم دوو ئۆردوگایە کۆکرانە وە، توندترین سانسۆریان بەسەرە وە بوو.

‹٣١› [illegible] دەبێکە وە لە کوردستان بەتایبەت لەنێوان رۆشنبیرو تێکۆشەران بە جاسوسان گوتراوە سیخوڕ.

نیشتمانی و یادکردنه وەی شەهیدەکانی کوردستان و ڕووخاندنی ڕژێمە شۆڤێنیستەکە، خۆپیشاندەران لەناو شەقامەکاندا دەگەڕان. هاوارو هیتاف و ڕق و قینی ڕاپەرینکەرەکان دەنگی لە ئاسمان دەدایەوە...

هێزەکانی چەکداری دوژمنی فاشی کە وتە بەکارهێنانی ئاگرو ئاسن و تەقەکردن، هێرش و شالاوی دڕندانەیان بۆ سەر جەماوەر برد، لە ئەنجامدا چوار ڕۆڵەی شارەکە هاتنە ریزی کاروانی شەهیدان و ژمارەیەکیش بریندار کران، زۆریش دەستگیر کران.

ڕۆژبە ڕۆژ بەبێ پسانەوە دەنگوباسی ڕاپەڕینی شارو شارۆچکەکان و بەرەبەرەکانی کردن دژ بە ڕژێم دەگەیشتە سەرکردایەتی هێزو پارتە کوردستانیەکان، ورە و هەست و نەستی سەرگەرمی شۆڕشگێڕانە یەکجار بەرز بووە.

لە ڕۆژی ١٩٨٢/٤/٢٦ دانیشتوانی شاری هەڵەبجەی شەهید ڕاپەڕین و هاتنە شەقامەکان، کە وتنە خۆپیشاندا و دەربڕینی ناڕەزایی و بێزاری دژی پارتی بەعسی فەرمانڕەوا، بە تەقە کردن و شالاوو فشارو تیرۆر وەلامی خەڵکەکەیان دایە وە، دوو شەهید و ژمارەیەکیش بریندا کەوتنە گۆڕێ...

ڕاپەڕین لە ڕۆژی ١٩٨٢/٥/٤ گەیشتە شاری کۆیەی خۆڕاگر. لە وێش لە ئەنجامی تەقە و پەلاماردانی چەتە پیاوکوژەکان، چەکدارانی دوژمن دایکێک بەناو (شوکریە قادر) شەهید کرا. لەگەڵ جۆرەها شێوازو کردە وەی جانە وەرانە و فرت و فێڵی ڕژێمی داگیرکەر بۆ دابین کردنە وەی بارە شڵەژاوو تێکچووەکە، کە بە کاری دەهانی، دەبیندرا بڵێسەی ڕاپەڕینەکان لەبەردە وام بوون و پەرەسەندا بوون.

لە: دهۆک، شەقلاوە، سەلاحەدین، بەکرەجۆ، چوارقورنە، سەید سادق و ماوەت و گەلێ شوێنی دی ڕاپەڕین و وەستان بەڕووی دوژمنی داگیرکەر بەردە وام بوو، لە سەید سادق چوار ڕۆڵەی بە جەرگ و لە ماوەتیش ئافرەتێکی بەتەمەن (پیرۆز حەسەن) بە گوللەی دوژمن شەهید کران. جەماوەری شاری ئاگرو مەشخەڵی بابە گوڕ گوڕ، کەرکوکی داگیر کراوی ژێر پۆستاڵ، ئە و کەرکوکەی کە لەمێژ ساڵە دوژمنانی کوردو کوردستان مرخیان لێ کردووە، شێتانە دەیانە وێ لە کوردستان دای بپچڕن و بیکەن بە خاکی عەرەب، لە ڕۆژەکانی ٣ و ٥ و ١٩٨٢/٥/٦ خۆپیشاندان ڕێکخراو هاتنە شەقامەکان، دروشم و هێتافەکان وەک هی هەمان ناوچەکانی دیکەی کوردستان بوون هاوار دەکرا: کەرکوک پارچەیەکە لە خاکی کوردستان، شۆڤێنیستەکان ناتوانن لێمان دابڕن هەر خاکی کوردە بۆ کورد دەمێنێتە وە... دوژمن زوو دەنگە زوڵاڵەکانی کپ کرد.

ڕاپەڕینە پیرۆزو بەجەرگەکەی بەهاری ساڵی ١٩٨٢ سەرانسەری کوردستانی ستەمکارانەی بە عێراق لکاندراوی گرتە وە، تەنانەت پرکێشیشی گەیشتە شاری بەغدا، لەڕۆژی ١٩٨٢/٥/٨ قوتابیانی فێرگای تەکنۆلۆژی و کۆلیژی ئاداب دەنگی بێزاری و ناڕەزاییان بەرزکردە وەو مانیان گرت.

دام و دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕژێم زۆر فشاری توندو بە تە وژمیان بردە سەر قوتابییەکان و پەرت و بڵاوەیان پێکردن، هەرچی دەردەسەری و ئەشکەنجەدان هەبوو بەسەریان سەپاندن و زوو دامرکێندرایە وە.

ناڕەزایی و بێزاری و ڕق و کینەی پەنگاوەی ناو دەروونی

جەماوەرەکە وەک پەنگری ژێر کۆتەڵ لەملاو ئە ولا سەری هەڵدەدایە وە و بەربەرەکانی کوردن دژی رژێم بەردە وام دەبوو. لە سەرەتای مانگی حوزەیران، رۆژی ١٩٨٢/٦/٩ راپەڕین و خۆپیشاندان لە سلێمانی بەرپاکرایە وە، جارێکی دیکەش ژمارەیەک لە رۆڵە ئازاو چاو نەترسەکان کە وتنە گەر کاروانی شەهیدان.

رۆژی ١٩٨٢/١٠/٢٤ لە شاری کۆیە، ١٩٨٢/١١/١٦ لە هە ولێر خۆپیشاندانی گە ورە لەم دوو شارە هەڵگیرسایە وە. بە رووخانی رژێمی فاشی و راگرتنی جەنگە وێرانکەرەکەی وشک و تەڕی لە ئێران و عێراق دەهاری و بۆ دیموکراسیەت و ئۆتۆنۆمی راستەقینە بۆ کوردستان جەماوەر هێتافی دەکرد.

دوژمنی ستەمکارو داگیرکەر بە تەقە کردن و پەلاماردان کە وتە گیانی خۆپیشاندەرەکان، لە ئاکامدا قوتابی پۆلی شەشی دواناوەندی لە هە ولێر (سەلاح جە وهەر) شەهید کرا.

بەتەک سەرجەمی گشت راپەڕین و چالاکیەکانی دانیشتوانی شارو شارۆچکەکانی کوردستانی عێراق، کە بەجەرگ و ئازایانە بە رووی دام و دەزگا سەرکوتکەرەکانی رژێمی فاشی دا وەستان، هێزەکانی پێشمەرگە کە وتبوونە سەرگەرمی شەری پارتیزانی ، گورج و گۆڵی و چالاکیەکانیان بەرە و قۆناغێکی چلۆنی (ئە وعی) بەرە و پێشکە وتن رۆیشتبوو، لێدانی کوشندەی پر زامداریان بە دوژمن دەگەیاند، دەستکە وتی باش لە چەکی جۆراو جۆرو کەل و پەلی عەسکەری و داگیرکردنی سەنگەرەکانیان بەدەست دەهانی... ژمارەی زۆریشیان لە چەکدارەکانی دوژمن بەدیل دەگرتن. لە گەرمیان، تۆبزاوای کۆیە، سەید سادق، ماوەت، دهۆک، ئامێدی و بامەڕنی...

هتد.

دوژمنی داگیرکەر تووشی سەرلێشێوان هاتبوو جۆرەها شێوازو ڕێگای پڕ فرت و فێڵ و ساختە و بەڵێن پێدانی بە درۆی دەگرتەبەر، بە و مەبەستەی پێشەکی بارەکە هێمن بکاتە وە، لەدوایشدا نەخشە و نیازو ئاواتە گڵاوەکانی جێبەجێ بکات و تۆڵە لە هەموو نەتە وەی کوردستان بکاتە وە. کتوپڕ بە سانا ئە وەی مەبەستی بوو بۆی نەدەهاتە دی.

لێرەدا پرسیارێک دێتە پێش ئایا ئە و ڕاپەڕینەی سەرتاپای کوردستانی باشووری گرتە وە بەشێک لە ئامانجەکانی جەماوەری هانیە دی؟ وابزانم بە هەڵسەنگاندن و تۆژینە وە دەتواندرێ بڵێین نا؟ هۆیەکانیش بۆ ئەم خاڵانەی خوارە وە دەگەڕێتە وە:

١- نەبوونی نەخشەو پلانێکی ڕێک و پێکی یەکگرتوو لەنێوان هەموو پارت و هێزەکانی کوردستانی باشوور بۆ هەڵگیرساندنی ڕاپەڕینەکە و ڕابەرایەتی کردنی بە یەکگرتوویی.

٢- سستی و لاوازی و بێ توانایی ڕێکخراوەکانی نهێنی گشت هێزو پارتە بەرهەڵستکارەکانی دژ بە عێراق. ئە وەش وای کرد ئە وژمی ڕاپەڕینەکان لە سنووری هەرێمی کوردستان دەرنەچێت. ناوەندو باشووری عێراق بزاڤێک. جەموجۆڵێکی لێ هەڵنەستا، سەر لە ڕژێم بشێوێنێت و تەگەرەو تەنگ و چەڵمەکانی قووڵتر بکات.

٣- نەبوونی بەرەیەکی یەکگرتووی فرە وانی بەتوانا، لەنێوان گشت هێزو پارت و تاقمەکانی ئایینی و نەتە وەیی لە عێراقدا کە ڕابەرایەتی سەرجەمی خەبات و تێکۆشان و بزاڤەکانی هەموو دوژمنەکانی ڕژێم بکات و لە ڕۆڵی کارگەری بیدیبا، کۆمەک و

یارمەتی جۆراو جۆری پێویستیشی بۆ کۆ بکردبانە وە.

٤- هەڕەشە و گوڕەشە کردنی بێ سنووری کۆماری ئیسلامی ئێران لە گشت ولاتانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و کۆمپانیەکانی نە وتی مانۆپۆلی و بەرژە وەندی ولاتانی ڕۆژئاواو ڕۆژهەلات، وای کردبوو هەموویان پشتی ڕژێمی بەعسی عێراق بگرن. هەموو جۆرە کۆمەک و یارمەتی لە چەکی جۆراو جۆرو تاکنۆلۆژیای جەنگی و کەرستەی وێران کردن و کاولکاری پێشکەشی بکەن. ماوەیان نەدەدا تووشی شکستی و تێکشکاندن بێت، یاخود لەنگەر بۆ بەرژە وەندی ئێران بگۆڕێت.

٥- بیست ساڵ پتر بوو پارتی بەعسی عێراق بایەخی زۆرو سەرەکی بە گشت دام و دەزگاکانی تیرۆرو ئەشکەنجەدان دابوو، دەسەلاتی ئە واو هەموو پێویستیێکیان خرابووە بەردەست بۆ لەناوبردن و نەهێشتنی هیچ بزووتنە وە یان سەرپێچی کردنێک دژیان. هەروەها بۆ چۆک پێدادان و سەر شۆڕکردنی هەموو گەلەکانی عێراق و تواندنە وەیان لە بۆتەی نەسیۆنالی عەرەبی. بەمەش توانیبوویان هێزو تواتای هێزەکانی سیاسی و جەماوەر ئیفلیج بکەن.

٦- لەلایەک کێشە و دڕ دژنگی زۆر لەنێوان هێزە کوردستانیەکان، لەلایەکی دیکە پێشبڕکی کردنی ناڕە وا لە نێوانیاندا بۆ خۆدەرخستن و دەرچوونی ناوبانگیان وەدەست هێنانی دەسکە وتی مادی. زیانی بە خودی ڕاپەڕینەکان گەیاندو کاریگەری خراپی کردە سەر ورە و ئامادەیی جەماوەر، ئەمەش دیاردەیەکە لە دوا کە وتوویی و عەقلیەتی پارتایەتی تەسک.

٧-لەم جیهانە پان و بەرینەدا. لەم سەردەمە کە بە سەردەمی پێشکە وتن و دیموکراسیەت و پاراستنی مافی مرۆڤ و گەلانی

مافخوراو ناوی دەبردرێ ولاتێکی ئە وتۆ نەبوو هەتا بە پروپاگەندەش پشتی ڕاپەڕینەکان و نەتە وەی کورد بگرێت، دەنگی ناڕەزایی و بێزاری دژ بە تاوانەکانی ڕژێمی فاشی بەغدا بەرز بکاتە وە.

خۆ کۆمیتەی نەتە وە یەکگرتووەکان (هیئە الامم المتحدە)‹٣٢› زۆربەی هەرە زۆری هەڵوێست و بڕیارەکانی لە قە وارەی بەرژە وەندی ولاتە زلهێزەکان و خاوەن دەسەلات دەرناچێت!

سەرجەمی ئەم هۆکارانەی ئامازەیان بۆ کراوە، بۆ ماوەیەک وایان کرد ڕاپەڕینەکان کپ بکرێنە وە، ڕژێمی فاشیش دەسەلاّ و زەبرو توندو تیژی خۆی گێڕایە وە سەر ناوچەکان.

بەلاّم میللەتە قارەمان و کۆڵنەدەرەکەی کورد ساتێک چۆکی دانەدا بەرگی سەرشۆڕی نەپۆشی. بەپێی توانای لەبەربەرەکانی کردن و خەباتی سەختی بەردە وام بوو، هەزاران ڕۆڵە دلێرو ئازاو چاو نەترسەکانی نەدەچوونە ژێر باڵی ڕەشبگیری و ڕاپێچەکدان بۆ ناو گۆڕی شەڕە گەلاّوەکەی کە ناویان نابوو قادسیەی دووەم. ڕۆڵەکان ڕوویان دەکردە ناوچە شاخاویەکان و دەهاتنە ریزی پێشمەرگەو هێزەکانی بەرهەلستکار. چەکیان لە شان دەکرد، ڕق و کینی دژایەتی و بێزاری لە تاوانەکانی ڕژێمی بەعسی لەناو دەروونیا قوڵپی دەدا.

‹٣٢› ژمارەی ئەم ولاتانەی ئەندامی کۆمیتەکەنە ئەم ساڵە (١٩٩٣) بوو بە (١٨٣) ولات لەناویدا پتر لە (١٤٠) ولات هەیە ولاتی بچووکن، ئە نیشتمانەکەیان ئە سەرزەمینیان بەقەد نیشتمانی کوردستان و دانیشتوانی دەبێت. کەچی ئە وان ئالاّیان لە ئاسمانیا بەرزو شکاوەیە. ئێمەش بە لەت لەت کراوی و ژێر دەستی ماوینەتە وە!

ئاسودەیبو حەسانەوە و پشوودانی بە دوژمن و چلکاوخۆرەکانی نەهێشتبوو، دووچاری هەراسانی و سەرلێشێوانی کردبوون.

بڵێسەی ئاگری راپەڕین و بەربەرەکانی کردن و دەستکردنە هەر زوو زوو سەری هەڵدەدایە وە.

* * *

چەند کۆبوونەوەیەکی دیکە

● لەسەرەتای مانگی ئایاری ١٩٨٢ بۆ سەرپەرشت کردنی کۆبوونەوەی کۆمیتەی پارێزگاری هەولێر بۆ پشت ئاشان چووم.

دوای تەواو بوونی کۆبوونەوەکە، لەسەر داوای پێشنیاری هاورێیان، لەگەڵ هاوڕێ فەتاح تۆفیق بۆ سەردانی کۆمیتەی مەڵبەندی چواری ینک بۆ گوندی (وەرتێ) ڕۆیشتین.

ئەوکات د. کەمال خۆشناو لێپرسراوی مەڵبەندو سەید مەجید یاریدەدەری بوو، هەردووکیشیان لە کۆنەوە برادەرو دۆستی تایبەتیم بوون.

گەلێ بە گەرمی و ڕێزلێنان پێشوازیان کردین. کە وتینە لێدوان و گفتوگۆ لەسەر باری پێوەندی نێوان ڕێکخراوو پێشمەرگەکانی حشع و ینک.

ئێمە هێندێ ڕەخنە و گلەیی و گازاندەمان خستە ڕووبان وەک (لەرێزی ڕێکخراوو پێشمەرگەکانی ینک هێرش دەکرێتە سەر حشع گوایە: دۆستایەتی پدک دەکات، کەم و کورتی و هەڵەکردنە زلەکانیان دادەپۆشێ و بەرگریان لێدەکات) هەروەها هێندێ

پێشمەرگەی یەک لە کەسوکارەکانی وەسمان بەگ کە لە ڕووداوەکانی نەیلولی ١٩٨١ نێوان حشع و یەک شەهید کران هەڕەشە و گەف و گوڕ لە هاوڕێیان و لایەنگرانی ئێمە دەکەن. جگە لەمانە وا هەست دەکەین لە ریزی یەک کەسانێ وا هەیە هانی خاوەن زەوی و کێڵگەی گوندەکانی دۆڵی (ناودەشت)‹٣٣› دەدەن کە دژایەتی حشع بکەن کۆسپ و تەگەرەیان بۆ دروست بکەن... هتد.

د. کەماڵ خۆشناو بە دوورودرێژی باسی باری سیاسی و کۆمەلایەتی هەموو ناوچەکەی کرد. دانی بە بوونی هێندێ کەم و کوڕی ناو گوتی: (وابزانم لە ریزی هەردوولامانا پیاوی نەفام و ساویلکە و گێرە شێوێنکەر هەنە، لەملاو ئەولاش دەنگوباسی ئەوتۆ بە ئێمە دەگات کە هێندێ کادرو پێشمەرگەی حشع و حسک، گوتەی ناڕەوا بڵاو دەکەنەوە و هێرش دەهێننە سەر یەک و دەڵێن بەم زووانە هێزێکی زۆری یەک دەگەڕێتەوە ناوچەکانی پارێزگای هەولێر ئەوکات پارسەنگ دەگۆڕێت و سەرجەمی بارەکە شێوازێکی دیکە بە خۆیەوە دەبینێ)

هەردوولامان لەسەر ئەوە ڕێککەوتین ماوە نەدرێت دۆستایەتی و هاوکاری نێوان حشع و یەک تەگەرەی تێ بکەوێ و بشێوێندرێت. بەردەوامیش تەقەلا بدرێت پێوەندی نێوان هەردوولا هەمیشە پتەو و

‹٣٣› ناودەشت: بە و دۆڵە دەڵێن کە وتۆتە رۆژئاوای شاخی قەندیلی سەرگەش، درێژاییەکەی ٢٥ کیلۆمەتر دەبێ. ١١ گوندێکی تێدا هەڵکەوتووە، لە هەموویان ناودارتر گوندی «پشت ئاشان»و «ئێندزێ»یە. بە ناوو هەوای سازگارو میوەی زۆرو توتنی بۆندار ناسراوە.

بکرێت، ئه و کەم و کورتیانەی لەنێواندا ڕوو دەدات بە گفتوگۆی برایانە لە شوێنی خۆیاندا چارەیان بۆ بدۆزرێتە وە.

شە وەکە لایان مـاینە وە بۆ ڕۆژی دووەم گەڕاینە وە شوێنی خۆمان.

* * *

● ڕۆژی ١٩٨٢/٥/٢٣ نوێنەرانی دەفتەری سیاسی (حدکا) شەهیدی نەمر د. قاسملو کاک فەتاحی کاویان و سەید محەمەد گەیشتنە بارەگای م.س حشع، هاوڕێیان کەریم ئەحمەدو عومەر شێخ و ماجد عەبدورەزاو فاتح ڕەسولْ لەگەڵیان کۆبوونە وە.

لەنێوان هەردوولامـانـدا زۆر بە دوورودرێژی باری دژوارو ئاڵۆزو تێکچووی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، باری هەردوو دیوی کوردستان، جەنگە گڵاوەکەی نێوان عێراق و ئێران باسکران. لێکدانە وە و ڕاوو بۆچوونی هەردوولامان لەیەک دەچوو.

د. عەبدورەحمان قاسملو ڕایگەیاند کە: (تاکە داوای «حدکا» لە پدک ئه وەیە چەکدارەکانیان بۆ ناو خاکی کوردستانی عێراق بگەڕێنە وە، دیسان چەند ڕۆژ لەمە وبەر لە گوندی (لاجان)‹٣٤› کە وتنە وە

‹٣٤› لاجان: گوندێکی خنجیلانەیە نزیک دە کیلۆمەترێک کە وتۆتە ڕۆژئاوای شاری «خانە ـ پیرانشار».

شەڕکردن لەگەڵ پێشمەرگەکانی ئێمە چەند شەهید لە هەردوولامان کە وتە گۆڕێ. ئەگەر واز لە دوژمنایەتی کردنی ئێمە و ناحەزیمان بهێنن بەگەرمی دۆستایەتیان دەکەین و بەپێ تواناشمان کۆمەکیان دەکەین).

هەردوولامان جەختمان لەسەر ئە وە کرد کە پێویستە دۆستایەتی و هاوکاری نێوان حشع و حدکا پتە وتر بکرێت.

شەهید د. قاسملو پرسیاری کرد: (ئایا بە هیچ شێوەیەک ماوە نیە چارەیەک بۆ کێشە و ناکۆکیەکانی نێوان هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی عێراقی و کوردستانی لەگەڵ ڕژێمی عێراق بدۆزرێتە وە؟)

لە وەڵامدانە وەی پرسیارەکە هاوڕێ کەریم گوتی: (وەڵامی ئەم پرسیارە لەدەست ڕژێمی بەغدایە، بەندیشە بە ڕاگرتنی ئە و شەڕە شێت و هارەی دژی کۆماری ئیسلامی ئێران هەڵیانگیرساند، هەروەها بە وەش بەندە ڕژێم چەندە دان بە مافە رە واو دیموکراتی و نەتە وایەتی بۆ عێراق و کوردستان دەنێت.

* * *

● وا لێرەدا بە خەستی ئاماژە بۆ چەند بڕاف و هەڵسوکە وتێک دەکەم کە سەرجەمیان لە قەبارەی پێوەندییەکانی نیشتمانی و نەتە وایەتی دەسووڕایە وە، کە بەشێکی گرنگ بوون لە تێکۆشان و تەقەلادانەکان بۆ چارە کردنی کێشە و ناکۆکییەکانی دووچارێ بزووتنە وەی ڕزگاریخوازی نەتە وەی کورد هاتبوون.لەسەر داوای م.س (یەکێ)

رۆژی ۱۹۸۲/۵/۳۱ هاوڕێ کەریم ئەحمەدو دوو ئەندامی ل.م حشع بۆ بارەگـای ئە وان ڕۆیشتن لەگـەڵ مـام جـەلال و ژمـارەیەک لە ئەندامانەکانی سەرکردایەتی کۆبوونە وە.

سـەرکـردایەتی ینک یەکـجـار پەستی و ناڕەزایی خۆیان لەسەر شـەڕەکەی گوندی (لاجان) نیشـاندا بوو بە ڕاشکاوی گوتبوویان (تاوانە چەکـدارەکـانی پدک بەتەک ئەرتەش و پاسـدارانی ئیرانی پێشـمەرگەی (حدکا) شەهید بکەن. گشت هێزەکانی کوردستانی و پێشکە وت پەرست بانگێژن ڕۆڵی خۆیان بدەن، دەنگی ڕاستەقینە و بێزاری دژ بە ئەم جـۆرە کـردە وانە بەرز بکەنە وە و هەڵوێسـتـان هەبێت... هتد.)

رۆژی ۱۹۸۲/٦/۱ م.س حشع هاوڕێ یوسف حەنای بۆ سـەردانی م.س حـدکـا هەنارد، بە و مـەبەسـتـەی ناڕەزایی و نیگەرانی سەرکـردایەتی (حشـع)یان پێ ڕابگەیەنێت لەسەر ئە و کـوشت وبڕە و تێکهەڵچوونەی نێوان حدکاو پدک.

* * *

● ئێوارەی ۱۹۸۲/٦/٤ هاوڕێ عـەزیز محـەمـەدو ئارا خـشـادۆر ئەندامی ل.م لە دەرە وەی وڵاتان گەیشتنە وە (نۆزکان) پێشوازی گەرم و گـوڕیان لێکرا. بۆ ڕۆژی دووەم مـام جـەلال و چەند ئەندامـێکی سەرکردایەتی (ینک) هاتنە سەردانی دوو هاوڕێکە.

ڕۆژی ٦/١٢ ئەندامی مەکتەبی سیاسی حدکا کاک مەلا عەبدوڵلای حەیاکی هاتە سەردانی م.س حشع، بەناوی مەکتەبی سیاسی و د. قاسملو بەخێرهاتنە وەی لە هاوڕێ عەزیزو ئارا کردو گوتی: (مەکتەبی سیاسی و د. قاسملو گەلێ گوشاد دەبن سەردانیمان بکەن و چاوەنواڕی هاتنتان دەکەین)

ئێمە هەشت ئەندامی ل.م و سێ ئەندامی م.س ڕۆژی ٦/١٤ لەگەڵ هاوڕێ عەزیز کۆبووینە وە، لە دانیشتنەکەماندا ئەم دوو خاڵە باسکران:

١- دەرسی پرۆژەی ئە و بەیاننامە سیاسییە کرا کە وەک پێشنیارێک بەسەرکردایەتی (ینک) پێشکەش دەکرێت بە مەبەستی ڕێککە وتن لەسەریداو بەناوی هەردوولا بڵاو بکرێتە وە.

٢- چوونی وەفدێک بۆسەردانی مەکتەبی سیاسی حدکا، گفتوگۆو وتوێژیان لەسەر هەمان لێدوان بکرێت کە لە کۆبوونە وەی ١٩٨٢/٥/٢٣ باسیان لەسەر کرابوو، بڕیار وەرگیرا ڕۆژی ٦/١٨ وەفدەکە بچێتە سەردانیان.

هەروەها لە کۆبوونە وەکە بڕیار وەرگیرا کە بە بۆنەی تێپەڕبوون شەش ساڵ لەسەر دامەزراندنی (ینک) بروسکەی پیرۆزبایان بۆ بنێردرێ، دووای دوو ڕۆژ بروسکەکە نێردرا.

ئەمەش دەقەکەیەتی:

هاوڕێ بەڕێز سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان.
هاوڕێیانی بەڕێزو خۆشە ویست لە مەکتەبی سیاسی
یەکێتی نیشتمانی کوردستان

خۆمان بە بەختیار دەزانین، بەبۆنەی دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستانی دۆستمان جوانترین پیرۆزبایی و سڵاوی برایانەمانتان پێشکەش بکەین لە ڕێگای ئێوەشەوە بۆ هەموو ئەندامان و پێشمەرگەکانی یەکێتییەکەتان.

هاوڕێیانی خۆشەویست

ڕژێمی دیکتاتۆری کۆنەپەرست بەهۆی سیاسەتی کۆنەپەرستانە و شێوازی فاشیانەی و ڕێبازی شۆڤێنیستانە و دەست تێکەڵ کردنی لەگەڵ هێزەکانی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی عەرەب لە ناوچەکەدا... ئێستا لە هەموو کاتێک لاوازترەو پتر لە جەماوەری گەلی عێراق بە عەرەب و کوردو کەمەنەتەوە و ڕایەتیەکانی و هەروا لە پەلەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی عەرەب گۆشەگیر بووە.

جەماوەری گەلەکەمان بە حیزب و هێزە نیشتمانی و دیموکراتیەکانیەوە پەرە بە تێکۆشانی شۆڕشگێڕی چەکداری و نا چەکداری دەدات بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی خیانەتکاری نیشتمانی و کاولکردن و مردن و بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی دیموکراتی ئیئتیلافی ئەوتۆ کە کۆتایی بە شەڕی دوژمنکاری دژی ئێرانی دراوسێی بێنێ و دیموکراتی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە بۆ کوردستان بێنێتە دی.

بێگومان تێکۆشان لەپێناوی ئەم ئامانجە پیرۆزانەدا کە گەلەکەمان و بزووتنەوە نیشتمانییەکەی لەسەری ڕێککەوتوون، لەهەموو کاتێک پتر پێویستی بە یەکێتی تێکۆشانی حیزب و هێزە نیشتمانی و دیموکراتیەکانی گەلەکەمان لە بەرەیەکی خەباتگێڕانەی بەرفراواندا دەخاتە ڕوو کە سەرکردایەتی گەلەکەمان بکات لە شەڕەکەیدا دژی ئەو تاقمەی کە خۆی بەسەر تواناکانی و چارەنووسی وڵاتدا سەپاندووە.

هاوڕێیانی خۆشە ویست:

چەند دڵشادین کە دەبینین پێوەندی خەباتگێڕانەی نێوان حیزبمان و یەکێتییەکەتان پتە و دەبێت و پەرە دەستێنێ لە خەباتی هاوبەش دژی دوژمنی هاوبەش و لەپێناوی بەدی هێنانی ئامانجە هاوبەشەکانمان لە دیموکراتی و لە بەدیهێنانی مافی نەتە وایەتی گەلی کوردمان.

جارێکی دیش بەبۆنەی دامەزراندنی یەکێتییەکەتان پیرۆزبایتان لێدەکەین و سڵاوی خۆمانتان بۆ دەنێرین. هیوای سەرکە وتنتان بۆ دەخوازین لە تێکۆشاندا بۆ خزمەتی ئامانجەکانی گەلی کوردمان بەتایبەتی و گەلی عێراقمان بە گشتی.

مەکتەبی سیاسی
کۆمیتەی ناوەندی حیزبی شیوعی عێراقی
١٦ی حوزەیرانی ١٩٨٢

لەدوای هەفتەیەک م.س یەنک وەرامی خۆی لەسەر بروسکەی م.س حشع دایە وە و لە ئێزگەی دەنگی شۆڕشی عێراقی بە عەرەبی و کوردی بلاویان کردە وە.

دەقی وەرامەکەی یەنک:

هاوڕێ بەڕێزو خۆشە ویست سکرتێری ناوەندی حیزبی شیوعی عێراق
هاوڕێیانی بەڕێزو خۆشە ویست ئەندامانی
مەکتەبی سیاسی حیزبی شیوعی عێراق
سڵاوێکی شۆڕشگێڕانەی گەرم...

بە وپەڕی ڕێزو سوپاسە وە بروسکە ناسکەکەتانمان پێگەیشت کە بە بۆنەی یادی دامەزراندنی یەکێتییەکەمانە وە... یەکێتی نیشتمانی کوردستان ناردبووتان.

بەشداری هەستی دڵخۆشی و شانازیتان دەکەین سەبارەت بە وەی کە پێوەندی تێکۆشەرانەی نێوان حیزبی دۆستمان، حیزبی شیوعی عێراق و یەکێتییەکەمان پتەو دەبێت و پەرەدەستێنێ لە جەنگی هاوبەشیدا دژی دوژمنە هاوبەشەکان لە ئیمپریالیستەکان و زایۆنیستەکان و داروەدەستەی حوکمی دیکتاتۆری کۆنەپەرست و لە پێناوی بەدیهێنانی ئامانجە هاوبەشییەکانمان لە ڕووخاندنی ڕژێمی بۆرژوازی بیروکراتی دوژمن بە گەلەکەمان و بۆ بەدیهێنانی سەربەخۆیی نیشتمانی بۆ عێراق و دیموکراتی بۆ گەلی عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان و ڕێ خۆشکردن بۆ دامەزراندنی دیموکراسی میللیانە وەک سەرەتایەک بۆ سۆسیالیزم.

هاوڕێیانی خۆشە ویست... حوکمی دیکتاتۆری خاین تووشی تەنگ وچەڵمەیەکی گشتی و شەڕێکی وێرانکارانە هاتووە کە خۆی بەرپای کردووە و سیاسەتە خیانەتکارو داپڵۆسێنەرو فاشییەکەی توندو تیژی کردوتە وە. بە ئاشکرا بەپێی نەخشەکانی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم دەڕوا. بۆیە پێویستە لەسەر هەموو هێزە دیموکراتی و پێشکە وتنخوازو شۆڕشگێڕەکانی ولاَت، بە هەستێکی بەرزی لێپرسراوی نیشتمانییە وە بڕواننە مەترسی بارو دۆخی ئێستاو یەکگرتنی خەبات و ئامادەکردنی وزە و تواناکانی خۆیان و ڕێکخستنی ریزەکانیان بۆ ڕزگارکردنی عێراق لە دیکتاتۆرییەت و کۆنەپەرست و ئە و وێرانکارییەی کە لەگەڵ خۆی هێناو ئە و مەترسییە زۆرانە کە لە

مانەوەیدا دروست دەبێ.

جارێکی دیکەش سوپاستان دەکەین و دووپاتی دەکەینەوە کە یەکێتییەکەمان (یەکێتی نیشتمانی کوردستان) سوورە لەسەر هەولی بەردەوامی بۆ بەهێزکردنی پیوەندی تێکۆشەرانە لەگەڵ حیزبی دۆستمان، (حیزبی شیوعی عێراق) لەسەر پتەوکردنی بناغە، ئاواتی سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین لە تێکۆشاندا بۆ خزمەتی گەلی عێراقمان بە هەردوو نەتەوەی عەرەب و کوردو هەموو هاوولاتیانەوە.

مەکتەبی سیاسی
یەکێتی نیشتمانی کوردستان
٢٦ی حوزەیرانی ١٩٨٢

لە ئەنجامی پیوەندی بەهێزو هاتووچۆکردنی گەرم و گوڕی نێوان سەرکردایەتی ینک و حشع، ڕێکەوتن لە نێوانیاندا چێ بوو کە نوێنەرانی هەردوولایان پێکرا سەردانی دەفتەری سیاسی (حدکا) بکەن.

ڕۆژی ١٩٨٢/٦/١٨ هاوڕێیان عەزیز محەمەدو کەریم ئەحمەدو ئارا خاشادوورو یوسف حەنا لەگەڵ مام جەلال تاڵەبانی و جەمال حەکیم و شەهید ئازاد هەورامی بۆ دەفتەری سیاسی (حدکا) ڕۆیشتن... دوای سێ ڕۆژ هاوڕێ کەریم و مام جەلال و هێندێ لە نوێنەرەکان گەڕانەوە (نۆکان و ناوزەنگ) ئاگاداریان کردین کە هاوڕێ عەزیز و یوسف حەنا بۆ (ڕاژان) بۆ سەردانی م.س (پدک) چوون.

لە ڕۆژی ١٩٨٢/٦/٢٣ گەڕانەوە (نۆکان) دوای دوو ڕۆژ

هاوڕێ عەزیز ئێمەی ئەندامانی ل.م و م.س کۆکردە وە ئاگاداری کردین کە: لەگەڵ کاک مەسعود بارزانی و کاک ئیدریس و ئەندامانی م.س پدک کۆبوونە وە، سەرکردایەتی (پدک) بڕیاریان داوەکە:

١- زۆر ناخایەنێ چەکدارەکانیان بۆ ناو خاکی کوردستانی عێراق دەگێڕنە وە.

٢- ئامادەنە بکە ونە گفتوگۆ کردن لەگەڵ سەرکردایەتی (ینک) تا وکات ناکۆکی و کینەبەرەتیەی لە نێوانیاندا هەیە نەیهێڵن.

٣- بڕا بڕا (پدک) شەڕ لەگەڵ (حدکا) ناکات.

٤- بەڵێن دەدەن لە ماوەی مانگێک بە تە واوی بگوازنە وە بۆ ناو کوردستانی عێراق، تەنانەت سەرەتای بارەگای (م.س)یان گەڕاندۆتە وە بۆ سەرسنووری ئێران و عێراق لە سەرووی ئاوی (گادەر)‹٣٥›.

٥- سەرکردایەتی (پدک) گوتیان: ئاگاداری باشمان هەیە کە کادرو پێشمەرگەکانی (حدکا) لە ناوچەی باکوری کوردستانی ئێران هاتووچۆو جمو جۆڵیان هەیە، پدک بە هیچ شێوەیەک کۆسپ ناخاتە پێشیان.

‹٣٥› گادەر: چۆمێکە یا ڕووبارێکە کە ڕژاوەتە ڕۆژئاوای شاری (شنۆ) لە بناری ڕۆژهەڵاتی زنجیرەی شاخی زاگرۆس دێتەخوار، زستانان بە تایبەت بەهاران کە بەفری شاخەکانی دەتوێتە وە، ئاوی گەلێ زۆر دەبێت دەڕژێتە لقێکی زێی بچووک، لە زۆر شوێن هاوینان وشک دەکات.

هەروەها کاک عەزیز محەمەد ئاگاداری کردین نامەیەکی تایبەتیشی بۆ شەهید د. قاسملو ئامادەکردیە دەقەکەی بۆ خوێندینەوە، سەرجەمی ئەم خاڵانەی بۆ ئێمەی باسک کرد بۆ ئەویشی نووسیبوو.

لە و سنوورەی من (نووسەری ئەم کتێبە) ئاگادار بووم و بە وردی هەنگاو بە هەنگاو بەدوای ڕووداوەکاندا دەسووڕامە وە، ئەگەڕێشتمە ئە وە ڕستەیەک تۆمار بکەم و بڵێم خاڵێک لە و خاڵانەی هاوڕێ عەزیز باسی بۆ کردین جێبەجێ کرابێ!

لە ڕۆژی ١٩٨٢/٧/١ کۆبوونە وەیەکی تایبەتی لەنێوان مام جەلال و هاوڕێ عەزیز و کاک کەریم ئەحمەد لە (نۆکان) چێ بوو، دیسان جارێکی دیکەش دوای دوو ڕۆژ لەسەر داوای هاوڕێ عەزیز ئێمە ١١ ئەندامی ل.م و م.س کۆبووینە وە. هاوڕێ عەزیز پوختەی گفتوگۆیەکانیانی لەگەڵ مام جەلال بۆ باس کردین کە بریتی بوو لە:

١- سەرکردایەتی ینک هێندێ ڕەخنە و ڕای تایبەتیان لەسەر پرۆژەی ڕەشنووسی بەیاننامەکە هەیە. مام جەلال داوا دەکات هەموو ئەندامەکانی سەرکردایەتی هەردوولا (حشع و ینک) کە لە ناوچەکە دەژین کۆببنە وە. پرۆژەکە دەرس بکرێت و یەکسەریش بڕیاری ڕێککەوتن لەسەری و بڵاوکردنە وەی وەربگیرێت.

٢- لەگەڵ هاوڕێ کەریم وامان هەست کرد کە سەرکردایەتی ینک مەترسی زۆریان لە ئامانجە و نیازو کردە وەکانی ئێستاو داهاتووی سەرکردایەتی (پدک)دا هەیە.

٣- مام جەلال تێدەکۆشێت پارسەنگی باری سیاسی و خەبات و تەقەلاو تێکۆشانەکانی دەکرێن بۆ لایەن و بەرژە وەندی (جوقد)دا

بشکێنته وه.

هەر لە کۆبوونە وەکەماندا بڕیار وەرگیرا کە نوێنەرانی حشع بۆ کۆبوونە وەکەی داهاتووی گەر سەرکردایەتی (ینک) لە پێنج تا حه وت هاوڕێ پێک بێنت. ڕۆژی ١٩٨٢/٧/٦ کـۆبوونە وەکـەش سـاز بکرێت.

کات و ڕۆژی دیاریکراو لە (ژەلێ) کۆبوونە بەسترا. نوێنەرەکانی ینک: مـام جەلال تالەبانی، جەمال حەکیم، نازم عومـەر، ئازاد هه ورامی، د. خدر مەعسوم، عومەر عەزیز، ئەرسەلان بایز.

نوێنەرانی حشع: عەزیز محەممەد، کەریم ئەحمەد، عومەر عەلی شێخ، سابت حەبیب عانی، یوسف حەنا، ماجد عەبوورەزا.

نوێنەرەکـانمان کـە گـەڕانە وە ئاگـاداریان کـردین هەر لە دوای خوێندنە وەی ڕەشنووسی بەیاننامەکە دەست بە دەرسکردن و دەمەتەقە و وتووێژ لەسـەر ناوەڕۆکی کرا بوو. ئاڵوگـۆڕی بەسەر هێندێ ڕستە و برگەدا هات لە کۆتاییدا گەلێ بە گوشادی و خۆشی کاک عەزیز و مـام جەلال مۆری خۆیان خـستـە سەر بەیانەکەو بڕیار وەرگیرا بە کوردی و عـەرەبی لە ئێزگـەی دەنگی شـۆڕشی عـێراق<٣٦>و ئێزگـه دەنگی گەلی عێراق<٣٧> بلاْوبکرێتە وە، لە دام و دەزگا چاپەمەنی هەردوولاش زۆری لێ چاپ بکرێت و بە فرە وانیش لە شارو شارۆچە و دەرە وە بلاْوبکرێتە وە. بۆ ئێوارەی٧/٧ لەهەردوو ئێزگە بلاْوکرایەوە.

<٣٦> ئە وکات ناوی ئێزگەی ینک، ئێزگەی شۆڕشی عێراق بو.

<٣٧> ئێزگەی دەنگی گەلی عێراق، ئێزگەی پارتی کۆمۆنیستی عێراق بوو، بەردە وامە لەکارکردن.

ئەمەش دەقی بەیاننامەکەیە:

بەیاننامەیەکی هاوبەش کە لەگەڵ حیزبی شیوعی عێراق و یەکێتی نیشتمانی کوردستانە وە دەرچووە.

لە ئەمڕۆی ئێستاو لە دانیشتنێکی هاوڕێیانەدا چەند وتووێژێک لە نێوان سەرکردایەتی حیزبی شیوعی عێراق و یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە لە ئاستی مەکتەبی سیاسیدا بوون کرا.

لەم وتووێژانەدا بەفراوانی باری گشتی عێراق بە کوردستانی عێراقیشە وە شی کرایە وە و لە پێشە وەیان سیاسەتی ڕژێمی دیکتاتۆری کۆنەپەرست و ڕێباز فاشی شۆڤێنیبانەی دژ بە گەل و بزووتنە وەی دیموکراتی و ئەنجامی شەڕە تاوانبارە وێرانکارییەکەی لەگەڵ ئێرانی دراوسێ و سیاسەتی دژ بە بزووتنە وەی ڕزگاریخوازی عەرەب و کوردو ئە و تەنگوچەڵەمە قوڵانە خرانە ڕوو کە بە هۆیە وە سەری هەڵداوە و ڕژێمی دیکتاتۆری تەنیوە و تە واوی لایەنە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکانی گرتووە و مەترسی گە ورەیان بەسەر عێراق و سەربەخۆیی و پاشەڕۆژەکەی دروست کردووە.

هەروا هەردوولا باسی شێوەکانی تێکۆشانی هێزە نیشتمانییەکان و بزووتنە وەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی عەرەب و کوردیان لە دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپەرستی لە ناوچەکەدا خستە ڕوو.

ڕژێمی دیکتاتۆری پشتی بە ڕێبازێکی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی بەستووە کە دژی جەماوەری گەلەکەمانە و بە پێچە وانەی بەرژە وەندییەکانی وڵاتەکەمانە. ڕژێم لە دژی حیزب و هێزە

نیشتمانی و دیموکراتیخوازو جەماوەری میللی فرە وان پشتی بەرێ و شوێنی تیرۆرو داپڵۆسین بەستووە کە بە هۆیە وە هەزاران لە کوڕان و کچانی گەلەکەمان لە عەرەب و کوردو کەمەنەتە وەییەکان و لە تایین و تایەفە جۆر بە جۆرەکان گیراون و دەربەدەرو ئاوارە کراون و لە کار دەرکراون. هەروەها لە کوجەگەکانی داپڵۆسیندا لە گۆرەپانی لە سێدارەداندان، یان بە رێ و شوێنی زاڵمانەی دیکە لە تە واوی گۆرەپانی تێکۆشانی نیشتمانیدا شەهید کراون.

لە پاڵ ئەشکەنجەدانی بەربەریانە و ڕاونان و زۆرلێکردنی جۆربەجۆر، بە چەپەڵ ترین و بێ شەرمانەترین شێوەش رێ و شوێنی دەم و چە ورکردن و ویژدان کرین و دەروون تێکدان بەکار دێنێ.

بەڵام رژێم نەیتوانیوە بەرگری کردنی جەماوەری گەلەکەمان و حیزبە نیشتمانیەکانی سەرکوت بکات. بەڵکو ئەم بەرگری کردنە پەرەگرتووە و فرە وان بووە.

گەلی عێراقیمان ئە وپەری قارەمانێتی تواناو قوربانی گە ورەی داوە و شۆڕشگێڕانە لە کوردستاندا لەبارو دۆخێکی سەخت و دژواردا درێژەیان بە تێکۆشانی پالە وانانەیان داوە.

هەردوولا سیاسەتی رژێمی شۆڤێنی بەرامبەر بە گەلی کوردستان و کەمە نەتە وەییەکان تاوانبار دەکەن. ئە و سیاسەتەی کە نکوڵی لە ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە کردووە و سیاسەتی بە عەرەب و گۆڕینی دانیشتوانی شارو ناوچەکانی پێڕەو کردووە و بە سەدان هەزاران لە رۆڵەکانی گەلی کورد لە گوندو کێڵگەکانیان، دوای کاولکردن و سووتاندنیان ڕاگواستووە و کوردستانی کردووتە گۆرەپانی شەڕ لە دژی گەلی کوردو لە دژی ئە و هێزە نیشتمانیانەی داکۆکی لە

مافەکانی گەلەکەمان دەکەن.

هەردوولا داوا لە ڕۆڵەکانی گەلی کوردمان دەکەم کە ئۆردوگا زۆرە ملێکان بەجێبهێڵن و بۆ گوندو شارەکانیان بگەڕێنە وە و دەست بە هەموو شێوەکانی تێکۆشان بکەن لە پێناوی دیموکراتی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە بۆ کوردستان لەسەر بنچینەی دانان بە پرنسیپی مافی بڕیاردانی چارەنووسی بۆ گەلی کورد.

هەردوولا سلاوی خۆیان نارد بۆ تێکۆشانی جەماوەری کۆڵنەدەرانەی گەلی کورد لە تە واوی شارە پاڵە وانەکانی کوردستاندا، بڕواشیان وایە کە گەلەکەمان بە عەرەب و کوردو کەمەنەتە وەیەکانیە وە تێکۆشانی خۆیان لەسەرتاسەری ولاتدا درێژە و پەرەی پێ دەداو هەموو جۆرەکانی تێکۆشانی توندو تیژو ئاشتیبیانە دەگرنەبەر بۆ هەڵتەکاندنی ڕژێمی تاقمی فاشی خاین، هەروا لە و باوەڕەدان کە تێکۆشانی میللی پەرەدەستێنێ و درێژە دەکێشێ تا ئە و شارانەی عێراق دەگرنە وە کە بە تێکۆشانی شۆڕشگێرانەیان ناسراون لە پێشە وە بەغدای پایتەختە خۆشە ویستەکەمان.

تاقمی دیکتاتۆری خۆسەپێنەر بەسەر گەلەکەماندا سیاسەتی خیانەتکارانەی خۆی دەرهەق بە گەلی ولاتەکەمان گەیاندە لوتکە، بە وەی کە ولاتەکەمانی ڕاپێچی دۆزەخی شەڕێکی تاوانبارانە کرد، لە دژی ئێرانی دراوسێ کە لە ئەنجامدا خوێنی دەیان هەزار لە ڕۆڵەکانی گەل بە فیڕۆ چوو. وزەی بەرگریکارانەی ولاتەکەمان تێکشاو ژیانی ئابوری بە تە واوی ئیفلیج بوو، میردەزمەی تیرۆر تەشەنەی کردو کارەساتی شەڕ سەری بە هەموو ماڵێکی عێراقدا کردو سوپای عێراق لە مەیدانی ڕاستەقینەی خۆی مەیدانی ڕووبەڕووبونە وەی ئیمپریالی

و ژاپۆنی دوژمن دوور خرایە وە و پیلانی لەناوبردنی لێکرا لە ڕێگەی ڕاپێچ کردنی بۆ ئەم شەڕە دزراوەی کە خزمەتی نەخشەکانی ئیمپریالیزم بە تایبەتی ئیمپریالیزمی ئەمریکی کرد.

هەردوولا دووپاتیان کردە وە کە ئەمێنشتنی ئە واوی ئە و ماڵ وێرانی و کارەسات و تەنگوچەڵەمانەی بەهۆی حوکمی دیکتاتۆری فاشییە وە پەیدا بوون وادەخوازێ کە تێکۆشانی گەلەکمان بە سەرجەمی حیزب و هێزە نیشتمانی و دیموکراتی و نەتە وەییە پێشکە وتنخوازەکانیە وە ئاڕاستەی ئامانجی سەرەکی بکرێ کە ڕووخاندنی ڕژێمی دیکتاتۆری و دامەزراندنی حکومەتی دیموکراتی ئیئتیلافییە، بە ڕێیەی ئاکە جێگرو چارەسەرە کە بتوانێ هەر خۆی شەڕ لەگەڵ ئێران کۆتایی پێ بێنێ و دیموکراتی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان دابین بکاو بە ڕێگای دامەزراندنی ڕژێمی دیموکراتی لە وڵاتەکەماندا و بە ڕێگای ئامادەکردنی وزەی عێراق بۆ بەشداری کردنی ڕاستەقینە لە جەنگی سەروەرانەی نەتە وەی عەرەب لە دژی دەستدرێژی ئیمپریالی زایۆنی هەنگاو بنێ.

ئە و هاریکاری و کارە هاوبەشانەی لە بواری تێکۆشانە جەماوەری چالاکییە هەسکەرییە هاوبەشەکاندا لەنێوان لایەنە نیشتمانییەکان. لە وانە لەنێوان یەکێتی نیشتمانی کوردستان و حیزبی شیوعی عێراقدا سەریان هەڵدا، دووپاتیان کردە وە کە گرنگە و پێویستە کار بکرێ بۆ بواردنی ئاکۆکی لەنێوان هێزە نیشتمانیەکان و دوورکە وتنە وە لە یەکتری کوشتن و لەهەر هەڵوێستێک کە وزەیان بە فیڕۆ بدات پوچەڵ کردنە وەی تەقەلا یەک لەدوای یەکەکانی ڕژێمی دیکتاتۆری بۆ تێکدانی یەکێتی و ڕیزی نیشتمانیان بۆ سەرنج

ڕاکێشانی هێزە نیشتمانیەکان بەلای چارەسەرکردنی یەکبوونی و مام ناوەندی و کاتی.

لەسەر ئەم بنچینەیە ئەرکی بەرە و پێش بردن و ڕاگەر کردنی تێکۆشانی چەسپاندنی کاری هاوبەش لەنێوان هێزە نیشتمانیەکاندا لە باروو دۆخی ئێستادا ئە و ئەرکە دەخاتە ڕوو تێکۆشانی حیزب و هێزە نیشتمانی و دیموکراتییە کوردستانیەکان بەتێن بکرێ کە بە بەرێبە وە هەبە هاریکاری نێوان تە واوی هێزە دیموکراتییەکانی عێراق مەبەسەرو پتە و بکا.

ناشتواندرێ ئەم ئەرکە پیرۆزە بەدی بێ ئەگەر تێکۆشانی هەموو حیزب و هێزە نیشتمانی و پێشکە وتنخوازو دیموکراتیەکان لە تاکە بەرەیەکی نیشتمانیدا یەک نەخرێ کە سەرکردایەتی هاوبەشی تێکۆشانی گەل و حکومەتی دیوکراتی ئیئتیلافی چاوەڕوان کراو پێ‌بێنێ.

هەردوولا دەستدرێژییە دڕندە بەرە■ وامەکانی ئیسرائیل بۆ سەر ولاتانی عەرەب و هەڕەشەکردن لەسەربەخۆیی نیشتمانیان و هێرش بردنە سەر بزووتنە وەی رزگاریخوازی نیشتمانی عەرەب ڕیسواو تاوانبار دەکەن، کە دوا دەستدرێژیان پەلامارەکەی ئیسرائیل بوو بۆ سەر لوبنان و ئە و شەڕە تاوانبارییە بوو کە بە بەرگری فەلەستین و بزووتنە وەی نیشتمانی لوبنان و سوریای فرۆشت.

هەروەها ئە و کۆمەکە تاوانبار دەکەین کە ئیمپریالیزمی جیهانی و لە سەرروویە وە ئیمپریالیزمی ئەمریکا بەدەست درێژییەکەی ئیسرائیل دەکا. ئەگەر ئەم کۆمەکە نەبوایە تاقمی ڕەگەزپەرستی فاشی فەرمانڕە وا لە ئیسرائیل و زایۆنیزمی جیهانی، زاتی ■ وەبان

نەدەکرد دەستدرێژی و داگیرکردن و نیشتەجێ کردن لە دژی گەلی عەرەبی فەلەستین و لە دژی گەلانی عەرەبی دراوسێ پێڕە و بکەن. ئێمە داوا دەکەین هێزە دەست درێژکارەکانی زایۆنی بەپەلە لە خاکی داگیرکراوەکانی عەرەبیدا بکشێنە وە و دان بە مافی نیشتمانی ڕە وای گەلی فەلەستینی برا لە پێشە وەیان مافی دامەزراندنی دە وڵەتی نیشتمانی سەربەخۆی دابنرێ و هاوکار لەگەڵ ڕێکخراوی رزگاریخوازی فەلەستینی تاکە نوێنەرەکەی گەلی فەلەستین و لەگەڵ تە واوی پەلەکانی بەرگری فەلەستین و هاوکاری لەگەڵ بزووتنە وەی نیشتمانی لوبنانی دەکەین لە تێکۆشانیدا لە پێناوی لوبنانێکی سەربەخۆ یەکگرتوو دیموکراتی.

هەروەها کاری خۆمان لەگەڵ کۆماری عەرەبی سوریا دەردەبڕین لە تێکۆشانی ڕە وایدا لە دژی شالاوی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم. هەردوولایەنیشی لە و باوەڕەدان کە وەترین کۆمەکێک کە گەلەکەمان بە تێکۆشانی رزگاریخوازانەی عەرەب پێشکەش بکات ئە وەیە رژێمێکی دیموکراتی ئینتیلافی لە عێراق دابمەزرێ کە بتوانێ وڵاتەکەمان بۆ ریزی بزووتنە وەی رزگاریخوازی عەرەبی بگێڕێتە وە و کاریگەرانە بەشداری (بەرەی خۆڕاگرتن و بەرەنگار بوون - جبهە الصمود و التصدي)(٣٨) بکا لە تێکۆشانیدا دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپەرستی و لەپێناوی پێڕەو کردنی سەرەتاکانی بزووتنە وەی وڵاتانی بێ لایەن و سیاسەتی ئاشتی و پێکە وە ژیانی بە ئاشتییانەی نێوان رژێمە کۆمەلایەتیە جۆر بە جۆرەکان و بەستنی پێوەندی دۆستایەتی و هاریکاری لەگەڵ وڵاتە دۆستەکان و سۆسیالیستییەکان، لە پێشە وەیاندا یەکێتی سۆڤیەتی دۆستی گەلی

عیراقمان و ته واوی گەلانی عەرەب.

یەکێتی نیشتمانی کوردستان و حیزبی شیوعی عیراق دووپاتی دەکەنە وە کە سوورن لەسەر ئە وەی هاریکاری نێوانیان بچەسپێنن و کاری نەخشە بۆ کێشراوو هاوبەشی لە نێواندا پێشبخرێت تا دەگاتە ئە وەی لەمە ودوا هاوپەیمانی نێوانیان لەسەر بنچینەی تێکۆشان لەپێناوی ئامانجە سیاسی و کۆمەلأیەتی و بنەڕەتیەکان قووڵ ببێتە وە و تەقەلای خۆیان تەرخان دەکەن لەپێناوی دامەزراندنی باشترین پێوەندی هاریکاری لەنێوان تە واوی حیزبە نیشتمانی و دیموکراتییەکان و نەهێشتنی ئە و کۆسپانەی ڕێگای ئەم کارەیان گرتووە. لە پێناوی چارەسەرکردنی هەر ناکۆکیەک کە لە بواری تێکۆشانی هاوبەشدا سەرهەڵبدا. بەڕێ و شوێنی و دیموکراتیانەی برایانە تا دەگاتە ئە وەی تێکۆشانیان یەکبخرێت و وزە و توانایان کۆ بکرێتە وە بۆ بەدیهێنانی ئە و ئامانجانەی تە واوی جەماوەری گەلەکەمان چاوی تێبڕیوە.

---

(٣٨) جبهه الصمود و التصدي: لە حەفتاکانی ئەم چەرخەدا ڕێککەوتنێک بە ناوی (بەرەی خۆراگرتن و بەرەنگار بوون) لەنێوان کۆماری عەرەبی سووریاو لیبیاو کۆماری یەمەنی دیمکراتی و بەرەی ڕزگاریخوازی فەلەستینی پێکهێندرا بۆ هارکاری کردن و هاریکار دژ بە پیلانەکانی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپەرست و پارمەتیدان و پشت گرتنی جولانە وەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی عەرەبی.

لەڕووی پڕوپاگاندە و راگەیاند چەند ساڵێک ڕۆڵێکی یەکجار سست و لاوازی بینی. تەمەنی گەلێ کورت بوو... زووش تاوایە وە.

هەروەها هەردوولا بە بانگە وازە وە روو لە جەماوەری گەلی مەزنی عیراقمان دەکەن بە حیزب و هێزو کەسە دیموکراتی و نیشتمانی و نەتە وە پێشکە وتنخوازەکانیە وە لە عەرەب و کوردو کەمەنەتە وەییەکانە و لەهەموو ئایین و تایەفەکان کە ریزەکانیان و تێکۆشانیان یەک بخەن لە دژی تاقی دیکتاتۆری کە تالأوی ژان و زەبرو زەنگ بە گەرووی گەلەکەماندا دەکاو سەربەخۆیی نیشتمانیمان لەدەست دەداو دووچاری توندترین مەترسی دەکا.

ئێمە چاوەڕێین و گەلەکەمان بانگ دەکەین درێژە و پەرە بە راپەڕینی خۆی بدا بۆ رووخاندنی دیکتاتۆری زۆردار لەپێناوی حکومەتێکی دیموکراسی نیشتیمانی و رێگە بەین لە تەقەلاو پیلانەکانی هێزە ئیمپریالی و کۆنەپەرستەکان کە دەیانە وێ لە رێگای چارەسەرکردنی (فوقی) گومان لێکراوو ئاتە واوەیانە وە تێکۆشانی گەلەکەمان لەبار بچوێنن، ئە و چارەسەرکردنە گومان لێکراوەی کە ئامانجەکانی گەلەکەمان ناهێنێتە دی. بە تایبەتی ئامانجەکانی سەربەخۆیی نیشتمانی و دیموکراتی و ئۆتۆنۆمی راستەقینە بۆ کوردستانی عیراق و گۆرانکاریە ئابوری و کۆمەلأیەتییە پێشکە وتنخوازەکان.

سەرکە وتن هەر بۆ گەلانە

حیزبی شیوعی عیراق

یەکێتی نیشتمانی کوردستان

٧ی تەممووزی ١٩٨٢

* * *

ئەحمەد مارۆفی نانەوا

ڕێچکەی کاروانی شەهیدەکانی ئەمر، بە بەردە وامی هەر درێژ دەبێتەوە، درێژەپێیەکەشی لە پێوان نایێت و سەرژمێریش ناکرێت.

خەباتی ڕاستەقینەی ئەتە وەکەمان لە پێناوی ئازادی و بەختیاری و مافی چارەی خۆ نووسین، هەتا هەنوکە جۆرەها شێوازو قۆناغی بەخۆوە بینیوە دژی داگیرکەرانی ستەمکار، چە وسێنەرەکانی خوێنمژ، نۆکەرانی بێگانە، دژی نەخوێندە واری و دواکە وتوون، لە خەبات و قوربانیدانی سەخت بەردە وام بووە و چۆکی دانەداوە.

هەرچەندەی لەسەر شەهیدان بنوسرێت و ڕێزیان لێبگیرێت کەمە و ئە و نرخ و بایەخ پێدانە ناگاتە پلەی لەخۆبووردن و گیان فیداکاریدا. تێکۆشەران لە کۆڕی خەبات کردنیاندا بە جۆرەها شێوە شەهید دەکرێن، بەدەستی چەپەڵی دوژمنان، لە ئەنجامی تێرۆرو ئەشکەنجەدان، لە سەرپێری بەرەبەرەکانی کردنی دوژمن و لە خۆڕاگرتندا. یا بە گوللەی وێڵ و کەسانی ساویلکە و نە فام، گەلێ جاریش بە کارەساتی سروشتی وەک لافاو، بروسکەی هە ورە تریشقە، ڕەق بوونە وە لەناو بەفردا، هەڵدێران لە شاخە بەرزەکان، مار

پێوەدان... هتد.

ئەحەی ماروفی نانە وا، یەکێکە لە و شەهیدانەی مەبەستمە لەم بەشە کورتەدا چەند ڕستەیەکی لەسەر بنووسم.

ئەم تێکۆشەرە یەکێک بوو لە هەژارەکانی شاری سلێمانی، کە لە سەردەمی سیستێمی پاشایەتیە وە لە عێراقدا دڵسۆزانە لەپێناو مافی نەتەوایەتی و هەژاران و زەحمەتکێشان کە وتە ناو کۆڕی خەبات و تێکۆشاندا.

تەمەنی لاوێتی بە هەژاری و شاگرد نانە وایی و لە گرتە و بردەی پۆلیسەکانی ڕژێمی پاشایەتی لەناو گرتووخانەکانی: سلێمانی، کەرکوک، بەغدا بردە سەر دوای سەرکەوتنی شۆڕشی چواردەی تەمووزی پیرۆزی ١٩٥٨ شەهید ئەحمەد بوو بە ڕۆڵەیەکی ناسراو لە شاری سلێمانی و گەلێ ناوچەکانی دیکەی کوردستان. بە تێکۆشەرێکی ڕاستەقینەی دڵسۆزو پە وشت پاک و خۆشە ویست ناوی دەبرا. هاوڕێ و دۆست و ناسیاو نە ناسی ڕێزی زۆریان لێدەگرت.

لەسەرەتای ١٩٧٩ هەر لەگەڵ هێرشە درندانەکەی ڕژێمی بەعسی فاشی هانیە سەر هەموو تێکۆشەران و دیموکرات پەرستەکانی عێراقی، هاوڕێ شەهید وەک هەزاران خەباتگێر ڕووی کردە ناوچە شاخاوییەکانی کوردستان و ماڵ و خێزان و ژیانی شارستانی بەجێهێشت.

دوا قۆناغی ژیانی گەیشتە گوندی (نزکان) و (ناوزەنگ). لە ئێوارەی ١٩٨٢/٧/٧ هاوڕێ ئەحمەد کە وتە گەڕان بەسەر هاوڕێ و برادەرانی، بۆ ئە وەی ئاگاداریان بکات کە بەیانی ٧/٨ بەرە و (تاران) دەکە وێتە ڕێگا، بەمەبەستی دۆزینە وەی کوڕی گە ورەی کە

گوایە لە جەنگەکەی نێوان عێراق و ئێران بەدیل گیراوە لە هەمان کات ئامادەشە هەر ڕاسپاردەیەکی پێ بگوترێ جێبەجێی بکات.

بەڕێکەوت ئەو ئێوارەیە لە بارەگــای مــەکــتــەبی هەرێمی کوردستان حشع کە کەوتبووە دۆڵەکەی پشتی گوندی (نزکان) هاوڕێ عومەر عەلی شێخ ئەندامی م.س حشع، گشت کادرو تیشکەرەکانی بارەگاکەی کۆ کردبۆوە ژمارەیان لە سنووری بیست هاوڕێ بوون کە سیمینارێک دەربارەی بارە سیاسی و پێوەندی نێوان گشت هێزەکانی کوردستان و عێراقی بگێڕێت.

کاک ئەحمەد لە گەڕانەوەیدا بۆ بارەگاکە یەکسەر بەشداری دەکات لە کۆبوونەکە، زۆر ناخایەنێ دوای چەند دەقیقەیەک بەردێکی خڕی دوو کیلۆیی لە پێپی شاخەکە یەکجار بەخێرا غلۆر دەبێتەوە و بە پشتە سەری شەهید ئەحمەد دەکەوێ و دەیخاتە سەر دەمو دوو سێ لرخەی لێوەدەردەچێت کــتــوپڕ گــیــانی پاکی ئەم کــۆڵنەدەرە دەردەچێت و دێتە ریزی کاروانی شەهیدانی نەتەوایەتی و چینایەتی.

بۆارە و ماتەمی دڵ برینداری هەموو هاوڕێیان و ناسیارانی داگرت. بۆ ڕۆژی دووەم نەک بەرە و (تاران) بە ئامادەبووانی زۆربەی کادرو ئەندام و لایەنگرانی حشع و ینک تەرمەکەی لە ئارامگەی (زەڵێ) بەتەک ژمارەیەکی دیکەی شەهیدانی ڕێگای ئازادی و سەربەخۆیی نیشتمان، بەخاک سپاردرا،

ئەم تێکۆشەرە ڕەنجدەرە زیاتر لە ٣٠ ساڵ ئەندامێکی دڵسۆز بوو لە ڕێکخراوەکانی حشع، هەرێمی کوردستان هەر کارو ئەرکێکی پێ دەسپێردرا وەک سەربازێکی نەناسراو درێغی لە بەجێ هێنانیدا نەدەکرد. لە پلەی حیزبایەتیشدا گەیشتە ئەندامێتی لیژنەی پارێزگاری

سلێمانی.

دوای ئەم هەموو خەبات و تەقەلادانە و دەردەسەریانەی لە ژیانیدا دوچاری هاتبوو بەم شێوەیە کۆتایی بە تەمەن و تێکۆشانی هات. بە نامەیەکی پڕ کەسەرو پڕ ئازار مەکتەبی هەرێمی کوردستان خێزانەکەی ئاگادار کرد. لە هەمان کات لە ڕۆژنامەی (ڕێگای کوردستان) شتێکی لەسەر بڵاوکرایەوە.

ئەمەش دەقی پرسەنامەکەیە:

بۆ خێزان و بنەماڵەی هاوڕێی خۆشەویست هاوڕێ ئەحمەد

دوای پێشکەش کردنی سڵاوو ڕێزگرتنمان...

لای حیزبە قارەمانەکەمان ڕوونە کە خێزانی ئێوە چ خێزانێکی خەباتکەری کۆڵنەدەرن، تەحەمولی ئەزیەت و ئازارو کوێرەوەری زۆرتان کردیە لەپێناوی ئامانج و ئاواتەکانی گەلی هەژارو چینی کرێکاری عێراق،

هاوڕێ ئەحمەد هەموو مێژووی ژیانی خۆی تەرخان کرد بوو بۆ قوربانیدان لەپێناوی ئامانجە پیرۆزەکانی حیزب و جەماوەر.

زۆر زۆر بەداخەوە کە لە ئێوارەی ١٩٨٢/٧/٧ بە کارەساتێکی قەزاو قەدەرو ناهەموار، هاوڕێ ئەحمەد کۆچی دوایی کرد. گەورەترین خەسارەیە نەک هەر لە ئێوە بەڵکە لە حیزب و گەل و هاوڕێکانی، پرسە لە ئێوە و لە خۆمان دەکەین.

هەمیشە ئێوەی بەڕێز خێزانی هاوڕێ ئەحمەد، هەردەم زۆر بە چاوێکی نزیک و ڕێزگرتن و پڕ نرخ تەماشا دەکرێن لەلایەن حیزب و

هاوڕێیانی هاوڕێی نەمر.

داواکارین تووشی ناخۆشی وەها نەبنە و
لەگەڵ ڕێز گرتنماندا.

مەکتەبی هەرێمی کوردستان
حیزبی شیوعی عیراق
١٩٨٢/٧/٨

* * *

دیکتاتۆریەت و دیکتاتۆر

ئە و ڕژێمە بەرژگرات و بۆرژوازیانەی بە پشت گرتن و کۆمەک کردنی کۆنەپەرستانی ناوە وە و دەرە وەی وڵاتەکەی دەگاتە سەر کارو دەسەڵاتی دەکە وێتە ژێر چەنگ، گومانی تێدا نیە بناغە و بنچینەکەی لەبۆ چەسپاندن و ئایدیۆلۆژیەتی ڕەگەزپەرستی و شۆڤێنیەت و جە ووروستەمکاری هەڵقوڵیوە، میللەتانی دونیا تاقیکردنە و لێزانینی زۆرو زەبەندیان لەسەر ئەم جۆرە سیستەم و ڕێبەرە مێژوو ڕەشەکانیان لەلا کۆبۆتە وە.

ئە و جۆرە ڕژێمە دیکتاتۆرانە لەپێناو چەسپاندنی دەسەڵات و حوکمڕانیان هەر کارو کردارو شێوازێک پێویستی کرد وەجێی دەهێنن. گوێ بە هیچ شتێک نادەن خۆ هەر هەستی بچووکترین مەترسی و بزاڤیان کرد کە لە دژیان ئەنجام دەدرێت. بەبێ بەزەییانە بە ئاگرو ئاسن و قڕچوبڕ کردن لەناوی دەبەن، یاسا، مافی مرۆڤ، دادپەروەری، یەکسانی و دیموکراسیەت لەلای دیکتاتۆرو دیکتاتۆریەت ■ وەبە چۆن و بەچ شێوەیەک مانە وەی خۆیان لەسەر کار بپارێزن و حوکم لەدەستیان دەرنەچێت!

پارتی بەعسی دەسەلأتداری عێراق یەکێکە لە و پارت و هێزانە کە مێژووی دوور و نزیکی هەر تاوان کردن و خیانەتکاری و بەڵێن شکاندن و بێ وەفایی بووە!

یەکەمجار بەعسیەکان کە لە ٨ی شوباتی ١٩٦٣ بە یارمەتیدانی بێگانەو کۆنەپەرستانی دونیا هاتنە سەر حوکم و شۆڕشی چواردەی تەمموزی ١٩٥٨یان خنکاند. جاری دووەمیش لە ١٧ی تەمموزی ١٩٦٨ بە هاوکاری کردنی کەسانی گومان لێکراوو نەخشە و پلانی وڵأتانی بێگانە گەڕانە وە سەر کار.

لە سەرەتادا کە حوکمیان وەرگرتە وە، تەقەلای زۆریان دەدا کە بە بوبەکی ئە وتۆ ڕووکاری خۆیان پێشکەش بە گەلانی عێراق و هێزەکانی سیاسی بکەن، کە ڕێبازو ڕەفتاری ئە وان جیاوازە لە بەعسیەکانی پێشوویان. لە هەموو ڕوونێکە وە گۆڕاون. پەند و سودی زۆریان لە ئەزموون و تاقیکردنە وە تاڵ و تفت و ناڕە واو شوومەکانی پێشوویان وەرگرتیە!

زۆری نەخایاند گشت داواکردنەکان و خۆدەرخستنیان ڕاست نەبوو درۆ دەرچوو. گەڕانە وە سەر هەمان ڕێبازو پیشە و تاوانکردن. جەختیان کردە وە کە پرۆگرام و ئایدیۆلۆژیەتیان هەمان ڕێبازی ڕەگەزپەرستن و شۆڤێنیستی و دیکتاتۆریەتە.

خۆ دوا بە دوای ئە وەی سەدام حوسێن لە تەمموزی ١٩٧٩ بە تە واوی هەموو دەسەلأتی کە وتە دەست و بوو بە سەرۆک کۆمار، تاڵ و گۆڕی و گۆڕان و گۆڕانکاری بەسەر هەموو شتێکدا هات، ئە و کارەسات و تاپوورانەی دووچاری عێراق هات لەمێژوودا کەم وێنەیە، لە ئەشکەنجەدان و تیرۆر، لە شالأوی ئیعدام کردنی بە کۆمەڵ، لە

فــڕاندن و وونـکردنی بێ ســەرو شــوێن ، لە بەکــارهێنانی چەکی کیمیاوی، لە قڕج و بڕ کردن و وێرانکردن و کاول کردن و ڕاگوێزاندا لە شـەڕکـردنی نەتە وەی کـورد بۆ لەناوبردنی، لە هەڵگیـرسـاندنی جەنگ دژی کـۆمـاری ئیسـلامی ئێران کە هەشت سـاڵی خایاند، لە داگیرکردنی (کوێت) و لە دەربەدەر کردنی دەیان هەزار خێزان و ماڵ و منداڵی برا شیعەکانی ناوەندو خوارووی عێراق... هتد. لە ئەنجامدا باری وڵات ئاداری لەسەر پادار نەما، پیشەسازی، کشتوکاڵ، ئاداب و ئەخلاق و نەرەتی کۆمەڵایەتی گشتیان دواکە وتن، گۆڕانیان بەسەردا هات و شێواندران. هێمنی و ئاسودەیی و ژیانی چەسپاو لەناو خودی دام و دەزگاکانی دە وڵەت و ڕێکخراوەکانی پارتی بەعسدا نەما. بێ بڕوایی و گـومــان کــردن لە هەمــوو ڕووداوو دیاریەیەک، ترس لە یەکتری پەرەی سەند.

ڕابەلی سازمانەکانی ئەمن و موخابەرات وەک دێوەزمەکە هەموو لەبەریان دەلەرزین، سـەرتاپای عـێراقی گرتە وە. لە هەر ئاڵ وگـۆڕ کردنێکیشدا ژمارەیەک لە کادرە سـەرەکییـەکان بە پەلپ و بیانووی هەڵبەستراو دوور دەخرانە وە، زۆریەشیان سەریان تێدا چوو.

گۆڕانێک لەم گۆڕانکاریە گرنگانەی کە لە هەموو مێژووی پارتی بەعـسی دیکتاتۆری عێراق پتر شوێنی دیاریکراوی زەقی وەرگرتیە، ئە و گۆڕانە قولاتە بووە کە سەدام حوسێن لە ناوەڕاستی سـاڵی ١٩٨٢ بە مـەبەست و ئارەزووی تایبـەتی خـۆی بەسـەر گـشت کـۆمـیتـە سەرەکییەکانی پارتی بەعس و دە وڵەتی عێراقیدا هانی.

لەســەرەتای مـانگی تەمووزی ١٩٨٢ لە ئێزگـەی رادیۆی بەغـداو وڵاتانی دەرە وە بڵاوکـــرایە وە کـــە لە ڕۆژی ٢٤-١٩٨٢/٦/٢٧

کۆنگرەی نۆیەمی پارتی بەعسی سەرکار بەسترا، گۆڕانکاری لە سەرکردایەتی هەرێمی عێراق و ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و ئەنجومەمی وەزیران کرا، کۆنگرە ئەم یازدە ناوەی بۆ سەرکردایەتی هەرێمی پارتی بەعس هەڵبژاردو سەدام حوسێن بە ئەمینداری گشتی بەعس و سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش:

١- سەدام حوسێن ئەمینداری گشتی
٢- عزەت ئیبراهیم
٣- تەها یاسین رەمەزان
٤- سەعدون شاکر
٥- تاریق عەزیز
٦-حەسەن عەلی نەسار
٧- نەعیم حەداد
٨-.عەدنان خیراللە
٩- محەمەد هەمزە
١٠- عەبدولغەنی عەبدولقادر
١١- سەمیر محەمەد عەبدولوەهاب

لە هەمان کات کۆنگرە بڕیاری دوورخستنەوەی نۆ ئەندامی سەرکردایەتی بەعسی وەرگرت و هەڵی نەبژاردنەوە:

١- تاهە عبدالکریم
٢- تاهیر تۆفیق

٣- عبدالله فازل
٤- برهان عبدالرحمن
٥- جعفر قاسم حمودي
٦- عبدالفتاح محمدامين ياسين

٧- شەفیق ئەلکەمالی
٨- کامل یاسین ئەم سێیە پاڵێوراو بوون
٩- جعفر العید.

هەریەکـــەر دوای کـۆنگرەکـە، بەپێی ئە و دەسـەڵاتە زۆرە بێ سنوورەی سەدام کە وتە دەستی چەند بڕیاری گرنگی دەرهانی ئەمەش هێندێکیانە:

بەپێی بڕیاری ژمارە: ٨٣٦ی ١٩٨٢/٦/٢٨ برگەی: ب، ج لە مادەی: ٣٧ لە دەستوری کاتی عێراق هەڵگیرا.

بەم بڕیارە ئەنجومەنی سەرکردایەتی پێشوو هەڵوەشاندرا.

سەدام بڕیاری وەرگرت ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی نوێی لەم ناوانەی خوارە وە پێکهێنا:

١- سەدام حوسێن سەرۆک
٢- عیزەت ئیبراهیم جێگری سەرۆک
٣- تەها یاسین رەمەزان ئەندام
٤- عدنان خیرالله ئەندام

٥- سعدون شاكر ئەندام
٦- تاريق عزيز ئەندام
٧- حەسەن على نەسار ئەندام
٨- نەعيم حميد حداد ئەندام
٩- طه محيالدين معروف ئەندام

به پێی مەرسومی ژمارە: ٣٤١ ئەم وەزیرانەش لەسەر کار دەرکران:

١- سعدون غيدان وەزیری هاتووچۆکردن
٢- عامر مهدي خشالي وەزیری کشتوکاڵ
٣- کەریم محمود حسين وەزیری لاوان
٤- ریاز ئبراهيم وەزیری تەندروستی
٥- عبدولغني عبدالغفور وەزیری ئە وقاف

لە شوێنی ئەمانەشدا بەپێی مەرسومی:٣٤٢ ئەم ناوانەی خوارە وە کران بە وەزیر:

١- تارق حمد عبدالله وزیری پیشەسازی سوک
٢- سوبحی یاسین خزەیر وزیری پیشەسازی و کانەکان
٣- قاسم ئەحمەد تەقي وەزیری نە وت
٤- عبدالجبار عبدالرحيم وەزیری هاتوچۆ
٥- احمد حسين سامەرائی وزیری لاوان
٦- سدیق عبداللطیف یونس وزیری کشتوکاڵ

٧- دکتۆر سادق حمید علوەش وەزیری تەندروستی
٨- عبدالله فازیل عباس وەزیری ئەوقاف
٩- سعدی عیاش عریم وەزیری حوکمی محەلی
١٠- سامالْ مەجید فەرەج وەزیری تەختیت.

هەروەها بەپێی بڕیاری ژمارە: ٨٣٨ی ١٩٨٢/٦/٢٨ سەدام، تاریق حەمەد عەبدوڵلا کە هەشت ساڵی ڕەبەق سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی کۆماری و بە ئیشوکاری بڕوا پێکراوی نهێنی (ئەمین سر)ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش هەڵدەستا دوورخرایە وە و خالید عبدالمنعم لە شوێنی داندرا.

بە بڕیاری: ٨٣٩ی ١٩٨٢/٦/٢٨ ئەم ناوانەی خوارە وەی کرد بە ڕاوێژکار(مستشار)ی تایبەتی خۆی:

١- محمد حمزە زوبیدی
٢- عبدالغنی عبدالقادر
٣- سمیر محمد عبدالوهاب (سمیر شیخلی)
٤- عبدالحسین راهی فرعون
٥- سعدی مهدی سالح
٦- مزبان خدر هادی

لەلایەکی دیکەشەوە بەپێی بڕیاری: ٨٤١ی ١٩٨٢/٦/٢٨ ئەم ناوانەی خوارە وە لە هەموو ئیشوکار دووری خستنەوە، بەناوی

مستشار له دهفتەری ڕێکخراوەکانی میللی (مکتب المنظمات الشعبية)و خستراٍنه ژێر سانسۆری دام و دەزگای نهێنی کۆشکی کۆماری و موخابەرات، ناوەکان:

١- جعفر قاسم حمودي
٢- حكمت ابراهيم (حكمت عزاوي)
٣- عبدالفتاح ياسين
٤- تايه عبدالكريم
٥- برهان‌الدين عبدالرحمن
٦- تاهير توفيق يوسف (تاهير العاني)

هەر دوا بە دوای ئەم گۆڕانکاریانه دەنگ بڵاوبۆوە کـه چەتە پیاوکوژەکانی ڕژێمی فاشی وەزیری تەندروستی پێشوو ریاز ابراهیم بە تۆمەتێکی ناڕەوا لەناویان برد و تاریق حمد عبداللەش بە دەستێکی نهێنی کوژرا.

ژیانی هەموو دیکتاتۆرێک هەمیشە پڕە له گومان و بێ بڕوایی و ڕاڕاو دڵ لە دڵدان. لە نزیکترین کەس وکارو هاوڕێی خۆی سڵ دەکاتە وە. ئەوەی بە ناخی مێشکی دا دێت ڕەفتاری پێدەکات لە ڕووی سوسیولۆژیەوە تووشی نەخۆشی گەورەیی و لە خۆبایی بوون و ئەوپەڕی لوت بەرزی دێت. لەم جیهانەدا خۆی لە هەموو سەرۆک و زاناو هۆزانان و پیاوە ناسراوو ناودارەکان بە لێهاتووترو تواناتر دەزانێ.

سەرجەمی بۆچوون و بیرکردنەوەکانی لە وروبەری ئەوە

دەسووڕێتە و چۆن ناوو ناوبانگ زیتر دەربکات و ژیانی تایبەتی خۆی و کورسیەکەی زۆری تا درێژترین ماوەی ژیانی بپارێزێت.

هەر ڕاو پێشنیارێکیش بخرێتە پێشی، لە سەدا سەد بە تە واوی لەگەڵ سەرجەمی تاخی بیرو بڕواو پیشە و ڕەفتارەکانیدا نەگونجێت، ئەمە بەسە بۆ ئە وەی ببێتە گومان لێکردن و ناوی خاوەن پێشنیارەکەش دەخرێتە لیستەی ڕەش و ئەم دوژمنانەی پێویستە لە ژیاندا نەمێنن.

هەرچی نووسراوە و بنووسرێت دەربارەی دڕندایەتی سەدام حوسێن و تاوانەکانی لە هی هیتلەر‹٣٩›و مۆسۆلینی‹٤٠›و هۆلاکۆ‹٤١›و هەموو ستەمکارە خوێنمژەکانی لە مێژوودا بە تاوانبار ناویان دێت ئەگەر پتر نەبێت کەمتر نیە...!

‹٣٩› هیتلەر: ١٨٨٩-١٩٤٥ز لە ساڵی ١٩٣٣ حوکمی ئەڵمانیا کە وتە چەنگ، جەنگی جیهانی دووەمی ١٩٣٩-١٩٤٥ هەڵگیرساند لە مانگی ئاپاری ١٩٤٥ کە بەرلین ئابلوقەدرا لەلایەن ولاتەکانی هاوپەیمان خۆی کوشت. دیکتاتۆرێک بوو لە و دیکتاتۆرانەی بە دڕندەترین خوێنڕێژ ناسراوە.
‹٤٠› مۆسۆلینی: ١٨٨٣-١٩٤٥ز لە ساڵی ١٩١٩ پارتی فاشیستی ئیتالیای دامەزراند لە ١٩٢٢ حوکمی ئیتالیای کە وتە دەست و لەگەڵ هیتلەر ڕێککە وت، بەشداری لە جەنگی جیهانی دووەمدا کرد. لەسەرەتای ١٩٤٥ جەماوەری ئیتالیا کوشتی.
‹٤١› هۆلاکۆ: ١٢١٧-١٢٦٥ز داگیرکەرێکی خوێنڕێژی مەنگۆلی بوو، لە باکووری چینە و بە لەشکرێکی زۆر هات زۆربەی ولاتانی ناوەڕاستی ئاسیاو ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی داگیرکرد. لە ساڵی ١٢٥٨ شاری بەغدای گرت و وێرانی کرد، حکومەتی عەباسیشی نەهێشت.

بە دە ورویەری ئەم هەموو گۆڕانکاریانەی لە ماوەیەکی کورتدا لەناو دام و دەزگا سەرەکیەکانی ڕژێمی بەعس ئەنجامدرا، دوای تێپەڕبوونی بیست و دوو مانگ بەسەر جەنگە هارە وێرانکاریەکەی سەدام دژی کۆماری ئیسلامی ئێران هەلیگیرساندو عێراقی تووشی گەورەترین زیانی مالی و بەشەری کرد.

ڕۆژی ١٩٨٢/٦/٢٩ بەپێی بەیانی ژمارە: ٧٥٧ کە لە ئێزگە و تەلەفزیۆنی بەغدا بلاوکرایە وە، بڕیاردرا کە بەبێ وەستان گشت هێزەکانی چەکداری عێراق خاکی ئێران بەجێبهێڵن و بکشێنە وە سەر هێلی سنووری نێوان هەردوو ولات.

ئەم بڕیارە ئە وە دەگەیەنێ کە پێوەندییەکی بەتین لەنێوان سەرجەمی ئە و گۆڕانکاریانەی وەجێهێندران وەرگرتنی بڕیاری کشانە وەی سوپای عێرا لە نێو خاکی ئێراندا هەبوو.

سەدام حوسێن باش دەرکی ئە وەی کرد کە هەر هێزەکانی چەکداری عێراق لە شەڕەکانی محەمەرە و دزفول تووشی تێکشکان و زیانی زۆر هاتن، ئە و مەبەست و نەخشانەی لە هەلگیرساندنی شەڕەکەدا هەیبوو نایەتە دی. لای ڕوون ببوەوە ئەگەر باری بەرەکانی شەڕ بەم پێوودانە بڕوات، ئەنجامەکەی یەکجار بە گران ەەکە ڕێتە سەر کورسیەکەی خۆی و ڕژێمەکەیان، مەترسی نەمان و لەناوچوونیان نزیک دەبێتە وە هەر وەک کورد گوتەنی (پێشی تایێ بەرەی بەخۆ دادا). بۆیەگا پێش ئە وەی بڕیاری کشانە وەیان لەناو خاکی ئێران وەربگیرێت کە وتە تەقەلادان و کار کردن بۆ بەرپەرچ کردنە وەی بارەکەیان و یەکلا کردن و پتە وکردنی جەمسەرەکان. یەکەم هەنگاو ئەمانەی لە دەروونی خۆیدا هەستی بە ناحەزی و هێنەک گرانی

دەکردن لەسەر کار دووری خستنە وە و پەرت و بلاوەی پێکردن. دە وروبەری بە دارو دەستە و گوێ لە مست و بڕوا پێکراوەکانی خۆی ئابلوقەدا، بەرامبەر بە هەر بزاڤێک یا دەربڕینی ناڕەزایی جەماوەر یا سەرپێچی کردنی ئەفسەرو سەربازان ئیحتیاتی تە واوی وەرگرت، خۆشی بۆ ئامادە کرد.

لە وساوە تا هەنوکەش گۆڕان و گۆڕانکاری هەر بەردە وامە، قەیرانی ڕژێمەکە یەکجار قووڵترو فراوانتر بووە. زۆربەی لە و کادرو ئەندامە سەرەکیانەی لە کۆنگرەی نۆیەمی بەعس هەڵبژاردران و پێشخران ناویان نەماو فڕێدرانە زبڵخانەی مێژوو، هەموو گەلەکانی عێراق و هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە دەمێکە وە بە پەلە چاویان بڕیتە ئەو ڕۆژەی کە بە یەکجاری ڕژێمە دیکتاتۆریەکەو وردو خاش دەکرێت و ڕێبەرەکانی دەکە ونە چەنگ جەماوەری دڵ پڕ ڕق و کینە و ئازار، دادگای دادپەروەریش بڕیاری لەناوبردن و نەفرەت کردنیان دەدا.

*   *   *

لە ڕێگای یەکێتی سۆڤییەتەوە [42]

لەدوای ئەوەی کە پارتی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی عێراق لە تەمموزی ١٩٦٨ گەڕایەوە سەر کارو حوکمیان کەوتەوە چەنگ. لە سەرەتادا چەند هەنگاوی ڕەواو بڕیاری پێشکەوتنخوازانەی کە لە بەرژەوەندی جەماوەردا بوو وەرگرت. لە هەمان کاتدا کە وتە تەقەلادان بۆ بەهێزکردنی پێوەندییەکانی دەگەڵ وڵاتانی بەرەی

‹٤٢› ئەم وڵاتە بەرین و پانە وەگێڕدرا کە لە ئەنجامی سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ز بە ڕێبەرایەتی پارتی کۆمۆنیستی بۆلشەفی. لەم وڵاتانەی سەدان ساڵ لەژێر چەوروستەم و داگیرکردنی ئیمپراتۆریەتی ڕوسیای قەیسەری ڕزابوونەوە، بنیات نرا، شەش یەکی زەوی دونیای گرتبۆوە.
بەهۆی بیروکراتیەت و هەڵەکردنی زۆرو دوورکەوتنەوە لە ئینتەرناسیۆنالی ڕاستەقینە و تیۆری مارکسیزم دوای ٧٤ ساڵ لە کۆتایی ١٩٩١ هەڵوەشێندرایەوە و لەیەکتر دەرهاتن. سەرجەمیان جیاوازی ئەواری خۆیان ڕاگەیاند، هەر وڵاتەش کۆمارو ناوی دێرینی تایبەتی خۆیان هەڵگرتەوە گەورەترین کۆماریان کۆماری ڕوسیای یەکگرتووە. شاری مۆسکۆ پایتەختی. هەموشیان گەڕانەوە سەر سیستەمی سەرمایەداری.

سۆسیالیستی و وڵاتانی دونیای سێیەم و پارت و هێزە پێشکە وتیەرستەکانی دنیا.

مەبەستی سەرەکیشیان ئەوەبوو پێشەکی زوو دەسەڵات و توانای خۆیان لە ناوەوەی عێراق بە تەواوی سەقامگیر بکەن و لە هەموو دونیاش بگەیەنن کە ئەمان جیاوازیان هەیە لەگەڵ ئە و بەعسیانەی پێشی ئەوان لەسەر کاردا بوون!

زۆری نەخایاند کە خۆیان بینیبیە وە لەناو بارەگە بە ئارەزوو و مەبەستی ئەوان ڕەخساو لە هەندەرانیش ناوو ناوبانگیان بە پێشکە وتپەرست و ئاشتی خواز دەرکردووە، هەنگاو بە هەنگاو هێنانە بەرە و پاش گەڕانە وە سەر هەمان پیشە و ڕێبازی دیکتاتۆری شۆڤێنیستی. لەمەش ژێتر لە ڕیالیستدا ئاوات و ئارەزووی بەعس ئە وە بوو حوکم بە تە واوی بە سیستێمی یەک پارت بەڕێوە بەرن.

لە ناوەڕاستی ١٩٧٥ ستەمکارانەو دوور لە هەموو یاساو گیانی مرۆڤایەتی کە وتنە نشاربردن و تەشکەلجەدانی نەتە وەی کوردو کەمە نەتە وەییەکان، دەستیان بە ڕاگوێزان و بە عەرەب کردنی کوردستان کرد، هێرش و پەلاماردانی درندانەیان کردە سەر هەموو ڕووەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابوری و ڕۆشنبیری و فیکری لە کوردستانی باشوور. لە ناوەڕاستی ١٩٧٨ بە تە واوی پەردەیان لەسەر ڕووە نگریس و بەدفەرەکەیان لادا، ڕووی ئاگری هێرش و پەلامارەدانیان کردە سەر حشعیش، کە تا ئە وکات هەر لە نێو بەرە شەرو ساختەکەیان (بەرەی نەتە وایەتی و پێشکە وتنپەرست) مابۆوە.

تە وژمی هێرشی تیرۆرو تەشکەلجەدانی رژێمی بەعس گەیشتە سنوورێک حشع چارەی نەما کە وتە خۆ دەربازکردن و دوورکە وتنە

وه. هەر یەکسەر کە وتە ریزی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی، لە کوردستانیش چەکی هەڵگرت و کە وتە خەباتی چەکداری و شەڕی پارتیزانی.

ڕژێمی بەعسیش پتر بایەخی بە گورج و گۆڵی پروپاگەندەداو کە وتە داکۆکی کردن لە ڕێبازو سیاسەتی، کە گۆڕان لە مێتۆدی ئە واندا نیە، حشع بەرپرسیارە لە تێکچوونی ئە و پێوەندییە لە نێوانیاندا هەبوو. نەخشەی نهێنی کێشا بوو دەسەڵاتیان لەدەست دەربهێنێ و بێنە سەر حوکم... هتد.

لەلایەکی دیکەشە وە بەعس بەتەک سەرجەمی تاوانکردن و گوناهەکانی، لە کوشش و تەقەلاکانی وازی نەدەهانی، هە وڵی ئە وەی دەدا گەلێ مەبەستیشی بوو جارێکی دیکەیش حشع بۆ ژێر ڕکێفی خۆی ڕابکێشێتە وە.

لەسەرەتای ۱۹۷۹وە ڕژێمی بەعسی لە ڕێگای هێندێ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئە ورووپاو پارتە کۆمۆنیستەکانی دیکە و پاڵێوراوێکی پێشووی ل.م/ی حشع (م.ت)‹٤٣› چەندان جار داوای لە حشع دەکرد واز لە بەرهەڵستکردنیان بهێنێ و خۆ لە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی و کوردستانیەکان دوور بکاتە وە.

لە سەرجەمیان گرنگتر ئە وەیە لێرەدا وا باسی دەکرێت:

لەسەر داوای هاوڕێی سکرتێری یەکەمی حشع ڕۆژی ۱۹۸۲/۷/۱ ئێمە نۆ هاوڕێ (سێ م.س و ٦ ل.م) کۆبووینە وە. لە کۆبوونە وەکەدا هاوڕێ عەزیز محەمەد ئاگاداری کردین کە (پرسەیەکی گرنگ هەیە،

‹٤٣› م.ت: مرکەرەم جەماڵ تاڵەبانی

بریتییە لە وەی رژێمی بەعسی عێراق لەرێگەی باڵیوزەکەیان لە مۆسکۆ پێوەندیان بە کارگێرێکی گەورەی وەزارەتی دەرەوەی یەکێتی سۆڤیەت کردیە. داوایان لە سۆڤیەتەکان کردیە پێوەندی بە سەرکردایەتی حشع بکەن ئەم رایانەی بەعسی عێراق رابگەیێنن:

١- پارتی بەعس بەرامبەر بە حشع تووشی هەڵەکردنی زۆر هات.

٢- ئە و پێوەندی و هاوکارییەی لە نێوانندا هەبوو بە سانا ناگەڕێتە وە دۆخی پێشووی.

٣- وڵاتەکەمان لە مەترسی گەورەدایە، لە هەموو لایەکە وە دوژمنان دە وریان داوە.

٤- پارتی بەعس دەیە وێ حشع بگەڕێتە وە ناو (بەرەی نیشتمانی و نەتە وایەتی و پێشکە وتنخواز ـ الجبهه الوطنیه و القومیه التقدمیه «جوقت»)‹٤٤›.

‹٤٤› بەرەی نیشتمانی نەتە وایەتی پێشکە وتنخواز ـ الجبهه الوطنیه و القومیه التقدمیه «جوقت»: بەرەیەکی دوو قۆڵی لە نێوان حشع و پارتی بەعسی ئیشتراکی عێراق بوو. رۆژی ١٧ی تەمووزی ١٩٧٣ بە ئاهەنگێکی رەسمی لەلایەن سەرۆک کۆماری ئە وکات (ئەحمەد حەسەن بەکر سکرتێری یەکەمی پارتی کۆمۆنیستی عێراق، هاورێ عەزیز محەممەد) مۆرکرا. هەرچەندە زۆربەی پرۆگرام و خاڵە سەرەکییەکانی بەرەکە نەخرازەلا ئە رانەی جەختیان لەسەر دەسەڵات و حوکم کردن و رۆڵی پارتی بەعسی دەکرد. بەتە واوی بۆ بەرژە وەندی ئە وان دەگەرایە وە، بۆ پروپاگەندە دوو سێ راپەستەی خۆیان خستبووە ناو بەرەکە. بەهۆی عەقلیەتی دیکتاتۆری و رەفتاری شۆڤێنیستی و رەگەزپەرستی و دژ بە دیموکراسیەت بەعسییەکان رێککەوتنەکەیان پێ رانەگیرا .لە ساڵی ٩٧٨کە وتنە پەرپەرە کانی کردنو راونانی حشع.لەسەرەتای ٩٧٩پارتی کۆمۆنیستی عێراق بەتەو لەبەرەکە دەرهاتو کەوتەگەرهێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراق کوردستانی

٥- لێبووردنی گشتی بۆ هەموو گیراوە سیاسیەکان دەردەکات.
٦- ئه و هەنگاوەش ئه وه ناگەیەنێ کـه رژێمی پارتی بەعس لاوازو بێ توانایە.

نوێنەری بەعسیـەکان (باڵیۆزەکه) له مۆسکۆ دەربڕیبوو کـه یەکێتی سۆڤیەت دۆستی نزیکی پارتی بەعس و حشعـه، بۆیه چاوەنۆڕی رۆڵێکی پۆزێتڤانەیان لێدەکەن که له نێوان هەردوولا بیدیێن و ئارەزوویانه حشع بگەڕێتـه وه شوێنی خۆی له بەرەکه و هاوکاری کردنی رژێمی بەعس بکاته وه... هتد. دەست به دەرس کردنی داواو پێشنیارەکەی رژێم کرا، دەمەتەقه و مشتومڕی زۆری لەسەر کرا. ڕاوو بۆچوونی هەمـوو هاوڕێیـان پێکڕا لەگـەڵ ئه وەدا بوو ئه و ڕێبـازو هەڵوێستـەی له سـەرەتای ١٩٧٩ گرتوومانەتەبەر سووربین و بەردە وامیش بین زۆر به گەرم و گوڕی لەسەر جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی ل.م کـه له کۆبوونەوەی مانگی تشرینی دووەمی ١٩٨١ وەرگیرا بوو.

کۆبوونه وەکه گەیشته ئەو قەناعەتە که رژێمی بەعسی فاشی تووشی شکست و خەسارەتی گه وره هات له جەنگه ناڕه واکەی دژی کۆماری ئیسلامی ئێران هەڵیگیرساندبه، هەست و ئارەمایی ئه وەیان کردبه که دووچاری تەنگوچەڵەمه و کێشەی سەخت هاتوون و بەره و تێکشکان و قەیرانێکی قووڵی پڕ مەترسی دەڕۆن.

کۆبوونه وەکه بڕیاری وەرگرت که پێویست دەکات به نامەیەکی ڕێک و پێک وەرامی هاوڕێیانی سۆڤیەت بدرێته وه، به ڕاشکاوی و بێ پێچو پەنا جەخد لەسەر ڕێبازو هەڵوێستی بەرەبەرەکانی کردنی رژێمی بەعسی فاشی عێراق بکرێت کـه تاوانبـاران و هۆکـاره

بنەڕەتیەکانیش بۆ دوو خاڵ دەگەڕێتە وە :

١- ڕژێمی بەعسی عێراق پەردەی بە تە واوی لەسەر ڕووی خۆی هەڵماڵیوە، دوژمنایەتی تە واوی نەتە وەی کوردو کەمەنەتە وەیەکانی لە عێراقدانە دەکات. بۆ لەناوبردنیان دەجەنگێت دژی دیموکراسیەت و مافی مرۆڤە، تووشی لەخۆبایی بوون و لوت بەرزی و بۆزێنک هاتوون وێنەی کەمە.

٢- لە ڕووی پێوەندیەکانی ئابووری و بازرگانی و ڕامیاریان بە وڵاتانی دەرە وە، بەپەلە ڕۆژانە بۆ لایەنگرتنی وڵاتە ئیمپریالیستەکان و کۆنەپەرستەکانی دونیاو عەرەب دەڕۆن.

دوای کۆبوونەوەکە بە چەند ڕۆژێک م.س نامەکەیان ئامادەکرد و بە ڕێگای تایبەتی حیزبایەتی بۆ سۆڤیەتەکان نێردرا.

ئەمەش دەقی نامەکەیە :

الرفاق الاعزاء في اللجنة المركزية للحزب الشيوعي
في الاتحاد السوفيتي

تحية رفاقية

نود اللجنة المركزية للحزب الشيوعي العراقي ان تعرب عن شكرها الجزيل للاهتمام الذي تبدونه بمجريات الاوضاع في بلادنا و دعمكم لنضال حزبنا و شعبنا الظروف الصعبة و المعقدة لتي تمر بها المنطقة و العالم ككل.

لقد تلقينا بالاهتمام ما نقلتموه الينا على لسان المسؤلين العراقين من شعور بخطاء مواقفهم منا خلال السنوات الاخيرة و صعوبة استعادة

الثقة بين الطرفين (هم و نحن) وطلبهم عودتنا الى التعاون معهم. دفاعا عن ارض الوطن و استعدادهم لاصدار عفو عام و عرضهم عودة حزبنا الى الجبهة القومية التقدمية (جوقت).

وقد درسنا الموضوع في ضوء المعطيات المتوفرة لنا التي كانت في اساس تقديرات الاجتماع الاعتيادي الكامل للجنة المركزية لحزبنا في تشرين الثاني الماضي و وجدنا ان هذه التقديرات و الاستنتاجات التي بنيت عليها و تقصد بالاساس الدعوة لاسقاط النظام و السعي لاقامة حكومة ديمقراطية ائتلافية مازالت تحتفظ بسلامتها و حيويتها.

و اننا لا نجد ما يحملنا على اللقاء مع النظام و التعاون معه، اذا انه مايزال ينتهج حتى بعد العرض السابق ذكره، نفس السياسة التي حملتنا على الدعوة لاسقاطه. فسياسة مصادرة الحريات العامة و حقوق الشعب الديمقراطية و الارهاب و القمع الدموي ضد كل الاحزاب و القوى الوطنية في البلاد مستمرة و لا يغير من جوهر هذه السياسة اطلاق سراح بضعة مئات من المحتجزين من السياسين و عوائلهم، و هم في غالبيتهم من العناصر غير الرئيسية ممن احتجزوا بشكل اعتباطي و دون اي سند قانوني، في حين لايزال يقبع في السجون و المعتقلات عدد من كوادر حزبنا، اضافة الى عشرات الالوف من المهجرين الملاحقين في الداخل و الخارج.

وان الاجرءات التي اتخذت على صعيد القيادة السياسية للحكم، سواء على صعيد القيادة القطرية لحزب البعث الحاكم، او مايسمى بمجلس قيادة الثورة لا تعكس سوى الاصرار على الاستئثار بالسلطة و اعتماد الارهاب الدموي و التصفيات الجسدية، حتى في صفوف الحزب نفسة و السير في ذات النهج الكارثي الذي اوصل البلاد الى ما وصلت

اليه الان، و سياسة العداء للشعب الكردي و حقوقه القومية و شن الحرب هذه و العمل على تعريبه بشكل قسري و تهجيره عن مناطق سكناه و مازالت مستمرة ايضا.

ان سحب القوات العراقية الى الحدود الدولية و اذا تم تنفيذه فعلا على اهميته لا يشكل ضمانا بعدم العودة الى ارتكاب نفس الجريمة، جريمة شن الحرب العدوانية على الجيران اذا ما التقط هذا النظام انفاسه و عزز اوضاعه المتدهورة من جديد، بعد الاندحارات العسكرية و السياسية التي منى بها جراء حربه العدوانية فلم تكن الحرب الا امتدادا لسياسات النظام الشوفينية.

ان سياسة النظام على صعيد العربي و في المنطقة ماتزال تدهور اذا يشتد التعاون و التحالف مع النظم الرجعية و العميلة كالسعودية و سلطنة عمان و الاردن و مصر كمپ ديفيد و معاداة النظم الوطنية المعادية للامپريالية مثل سوريا و ليبيا و اليمن الديمقراطية.

و رغم الضجيج الدعائي و المواقف المتطرفة التي كان يقفها النظام طيلة السنوات الاربعة عشر الماضية في القضية الفلسطينية و قضية النزاع الشرق الاوسط فقد خدم بمواقفه العميلة المعادية لسوريا و لمنظمة التحرير الفلسطينية و شنه الحرب ضد الجمهورية الاسلامية الايرانية، اكبر عون للامبريالية الامريكية لتعزيز وجودها العسكري العدواني في المنطقة و اكبر خدمة للصهيونية للاستمرار في سياستها التوسعية بضم الجولان و اخضاع مصر و غزة و لبنان و يمكن قول الشي نفسة عن مواقفه في السياسة الدولية و من الجدير بالذكر ان المسؤولين العراقين في نفس الوقت الذي يهمسون سرا باعترافاتهم بخطاء مواقفهم تجاهنا و عروضهم للتعاون معنا يواصلون علنا و بصخب في صحافتهم و وثائق مؤتمرهم

القطري التاسع المنعقد في ٢٤-٢٧ حزيران ١٩٨٢ سياسة التهجم على حزبنا و اتهامه بالخيانة لا لشئ الا لانه ينتهج سياسة وطنية اثبت الحياة صحتها حتى باعترافهم.

رفاقنا الاعزاء

اننا لانجد مايجملنا التعاون مع النظام تحت اية لافتة كانت بما فيها لافتة (الدفاع عن الوطن) التي يحملها الان الامر الذي كنا نتوقعه بعد اندحاره في حربه المدمرة و ذلك ان حملة هذه اللافتة الان لايعني سوى الدفاع عن النظام و ضمان استمرار سياسته المعادية للشعب. و نرى ان مهمة حماية الاستقلال الوطني الذي عرضه النظام لاشد الاخطار هي مسؤلية القوى الوطنية و شعبنا كله.

ان ازمة النظام المستعصية و اندحاراته العسكرية و السياسة و بدء نهوض الجماهير ضده و رغبته في خلق اوضاع ملائمة له لضمان عقد مؤتمر قمة عدم الانحياز القادمة في بغداد. هي التي اضطرته على اتخاذ الخطوات التراجعية و اللجوء للمناورات السياسية و ليس مايزعمه ممثلو النظام من (انهم لاينطلقون من موقف ضعف، بل من الحرص على وحدة الصف الوطني)

لذا فاننا نرى ان السياسة الصائبة هي مواصلة النضال بمختلف السبل من اجل اجبار النظام على المزيد من التراجعات لصالح الشعب و الحركة الوطنية و لصالح ايقاف تامره ضد سوريا و قوى حركة التحرر الوطني العربية و حتى يتحقق الشعار الذي تجمع عليه قوى حركتنا الوطنية و القومية التقدمية في اسقاط النظام و اقامة حكومة ديمقراطية ائتلافية تضم كل قوى شعبنا و احزابه الوطنية.

مع تحياتنا الرفاقية

اللجنة المركزية
للحزب الشيوعي العراقي
١٩٨٢/٧/١١

*   *   *

پێوەندی نێوان هێزو پارتیە کوردستانیەکان

لەسەر داواو پێشنیاری مەکتەبی سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، کە ماوەیەک لەمەوبەر بەنامەی تایبەتی لەلایەن د. عەبدالرحمن قاسملو پێشکەش کرابوو، ڕۆژی ۱۹/۷/۱۹۸۲ لە بارەگای سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کۆبوونەوەیەکی سێ قۆڵی بەسترا.

لە حدکا: کاک مستەفا شەلماشی و کاک تەیفوری بەتحائی.
لە ینک: مام جەلال تاڵەبانی و ئەرسەلان بایزو د. خدر مەعسوم
لە حشع: عەزیز محەممەد و فاتح رەسوڵ.

دوای ئەوەی مام جەلال پێشوازی گەرم و ڕێزگرتنی زۆری لە میوانەکان نا کاک مستەفا کەوتە پەیڤ کردن: (ئەم جۆرە دانیشتن و کۆبوونەوانە گەلێ بەسوودە بۆ سەرجەمی بزافی ئازادیخوازی رزگاری

کوردستان و بۆ هەرلایەکیش لە ئێمە. پێویست دەکات لە هەلومەرجی ئێستاماندا زوو زوو ئەم جۆرە دانیشتن و کۆبوونەوانە لە نێوانماندا ساز بکرێت.

ئەم بارە ناسک و پڕ مەترسیانەی بەسەر زۆربەی ناوچەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست تێدەپەڕێت، لەسەرمان دەیکاتە پێویست تەقەلای دڵسۆزانە بدەین نەخشە بۆ ڕێککەوتنی ستراتیژی بکێشین، بەناوی دەفتەری سیاسی حدکا پێشنیار دەکەم لەم کۆبوونەوەماندا لەسەر ئەم خالأنەی خوارەوە ڕێکبکەوین):

١- پرۆگرامێکی یەکگرتووی هاوکاری و هاریکاری نێوان هەرسێ لامان بنیات بنێین.

٢- کۆمیتەیەکی سەرەکی بنیات بنێین. بە بەردەوامی لە کارکردندا بێت بۆ جێبەجێ کردنی ئەو پرۆگرامەی لەسەریدا ڕێکدەکەوین.

٣- مەکتەبی سیاسی حدکا پێشنیار دەکات کە خاکی کوردستانی ئەم دیوو ئەو دیوو (کوردستانی بەزۆر لکاندراو بە ئێران و عێراق) بکرێت بە یەک گۆڕەپانی خەبات و تێکۆشان، بەتایبەتی هێزی چەکداری هەرسێ لامان سەرفرازانە بتوانن هاتوچۆی تێدا بکەن. پشوبدەن، لەکاتی پێویستدا پشتی یەکتری بگرین و پێکرا بە هێندێ چالاکی پارتیزانی هەڵبستن... هتد.

بە بۆچوون و لێکدانەوەو هەڵسەنگاندنی حدکا ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران لەم جەنگەی گەڵ عێراق سەردەکەوێت. بەمەش باری کوردستان و ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست یەکجار سەخت و دژوارو ناجۆرتر دەبێت. ئەوکاتیش ئەرکی دڵسۆزانەو خەباتی هاوبەشی ینک و حشع

بۆ پشتگیریکردنی حدکا پتر پێویست دەکات، خۆ ئەگەر بە پێچەوانە عێراق سەربکەوێت، ئەوە باری نەتەوەی کوردستانی باشوور یەکجار قورس و نالەبار دەبێ...)

هاوڕێ عەزیز محمەد:

ماوەیەک لەمەوبەر لەگەڵ د. قاسملو دانیشتین بە دوورو درێژی باسی ئەم پرۆسەیەمان کردو گوتمان پێویست دەکات حدکا پەی دەر پەی بە هەنگاوی ڕێکوپێکی هێمنانە ئیشوکارە گرنگەکانی بەرەو ڕێکخستنی کارکردنی نهێنی بەرێت. پتر بایەخ بە بەهێزکردنی بەشی ڕاگەیاندن و پڕوپاگەندەی فیکری و سیاسی و نەتەوایەتی بدات.

لە سەرانسەری کوردستانی ئێران و ئەو شارو ناوچەو شوێنانەی کوردی تێدا دەژیت کاروباری ڕێکخراوەکانی حدکا بە شێوازی نهێنی توندو تۆڵ ڕێکبخەنەوە. تەقەلا بدەن تووشی شەڕی بەرەیی لەگەڵ پاسدارو ئەرتەش نەبن، بە تەواوی بکەونە شەڕی پارتیزانی دژی دام و دەزگاکانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران.

بە ڕاو بۆچوونی ئێمە لەسەر حدکا یەکجار پێویستە لە فرت و فێڵ و ناپاکی ڕژێمی بەعسی ڕەگەزپەرستی عێراق هۆشیار بێت. ئێمە لەگەڵ ڕاکانی کاک مستەفا داینە پەیتا پەیتا کۆبوونەوە لە نێوانماندا بکرێت بەسوودە.

مام جەلال:

بە هەڵسەنگاندن و کێش و لێکدانەوەم بەعسی عێراق هەرچەند مانگێکی دیکە دەسەلاتی لەدەستدا دەمێنێ، شەڕیش نێوان هەردوو ولاتەکە بەردەوام دەبێت لەیەک ڕوانگەو تێڕوانینمدا حشع و یەنک باری نزیکی داهاتووی عێراقیان دەکەونە بەرچاو، لەگەڵ ڕای مامۆستا

عەزیز دامە کە کۆماری ئیسلامی ئێران تەقەلا دەدات عێراق داگیر بکات و ڕژێمێکی ئیسلامی شیعەی تێدا بنیات بنێ. ئێمەش هەردوولامان داوای حکومەتێکی ئیئتیلافی دیموکراتی دەکەین. وا دەبینم لە ئەنجامی کۆبوونەوەکانی پێشوماندا هێندێ هەنگاو بۆ پێشەوە نراوە. ماندووبوون و تەقەلاکانی هاوڕێیانی حشع لەگەڵ (ینک) سوودار بووە. وا دەردەکەوێ بەم دووایە (پدک) ژمارەیەک لە چەکدارەکانی بۆ ناوچەکانی شارباژێر، چۆمان و ڕەواندوز بۆ شەڕ کردنی ڕژێمی فاشی گێڕاوەتەوە. هەروەها بەڵێنیان بە کاک عەزیز داوە کە بە هیچ شێوەیەک دەست ناخەنە ناو ئیشوکاری کوردستانی ئێران، کۆسپ و تەگەرە ناخەنە پێش حدکا.

پرسیارم لە کاک مستەفا ئەوەیە: مەبەست چیە ئەم کۆمیتەیە تەنیا لەنێوان ئەم سێ هێزە دابمەزرێندرێ؟

مستەفا شەڵماشی: مەبەست لە پێشنیارەکە ئەوەیە:

١- لە دەمێکەوە ئێمە سێ هێزی دۆست بەیەکترین، لەگەڵێ ڕاو بۆچوون و هەڵوێستەکانی نەتەوایەتی و ڕامیاریدا لە یەکتری نزیکین.

٢- بۆ ئەوەی ئێمە ببین بە سەرەتای بناغەیەکی پتەو لە سەنگەری خەباتماندا و لە دوایشدا هێزە کوردستانیەکانی دیکە بەشداریمان لەگەڵدا بکەن و بێنە ناو کۆمیتە هاوبەشەکەمان.

عەزیز محەمەد: لە ڕاستیدا مەسەلەی ڕێککەوتن لەسەر بنیاتنانی کۆمیتەیەکی سێ قۆڵی لەلایەن سەرکردایەتی ئێمە دەرس نەکراوە، کارێکی وا گرنگ و بایەخدار پێویست بە دەرسکردن و هەڵگێڕو وەرگێڕی زۆر دەکات، پێشەکی ڕای حشع لەگەڵ ئەوەدایە کە نابێ دەروازەی بەشداربوون لەم جۆرە ڕێککەوتنانە پێش هیچ

پارت و هێزێکی نیشتمانپەروەر دابخرێت. کارێکی گەلێ پیرۆزو مێژووییە دڵسۆزانە تەقەلا بدرێت هاوکاری و پێوەندی نێوان گشت هێزو تاقم و پارتە کوردستانییەکان پتەو بکرێت و دووبەرەکی و ناکۆکی و دڕدۆنگی لە نێواندا لە ڕەگ و ڕیشە هەڵبکەندرێ.

مام جەلال: لەگەڵ پێکهێنانی کۆمیتەکەدامە، تۆکمەکردن و پتەوکردنی پێوەندی هەرسێ لامان هەلومەرجێکی لەبار دەڕسکێنێ و یارمەتیدەرە بۆ گەشەکردنی گوڕج و گۆڵی چالاکیەکانی هەسێ لامان بەرامبەر بە نەخشە و پیلانی وڵاتانی کۆنەپەرست و ئیمپریالیستەکان، لە هەمان کاتدا سەرەتاو یاریدەدەرێکی بەسوودو بەهایە بۆ ستراتیژیەتی جوڵانەوەی رزگاریخوازی نیشتمانی و نەتەوایەتیمان بەتایبەتی ئەگەر بتوانین لەسەرەتای کارکانماندا ڕێکخراوە دیموکراسیە کوردستانیەکان‹٤٥› لە هەندەران بکەین بەیەک ڕێکخراوەی بەتین... حدکا توانای چەکی زۆرە، کارێکی ڕەواو لەجێیە دەستی یارمەتی بۆ ئێمە درێژ بکات.

مستەفا شەڵماشی: داواو تکام ئەوەیە ئەوەی لەم کۆبوونەوەماندا لەسەری ڕێکەوتووین لە ئێزگەو ڕاگەیاندنەکانماندا بڵاوبکرێتەوە تاکو لە سەرکردایەتی هەرسێ لامان بڕیاری تەواوی لەسەر وەردەگیرێت.

عەزیز محەممەد: گومان لەوەدا نیە کۆماری ئیسلامی ئێران نیازی داگیرکردنی خاکی عێراقی هەیەو مەبەستیەتی حکومەتێکی

‹٤٥› مەبەست لە ڕێکخراوە دیموکراسیەکانی کوردستان: یەکێتی خوێندکاران، یەکێتی قوتابیان، یەکێتی لاوان، یەکێتی ئافرەتان... هتد لە ئەورووپاو کەنەداو ئەمەریکا.

ئیسلامی شیعە مەزهەبی لێ بنیات بنێت، ئەوکات پێویست دەکات کوردستانی عێراق ببێتە مەڵبەندێکی سەخت و خۆڕاگر، سەرجەمی هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی عێراقی لێ کۆبێتەوە، زۆر بەچاکی و جوامێرانە جۆرەها خەبات و تێکۆشان و بەرهەڵستکردنی تێدا ئەنجام بدرێت.

هەمیشە ئەوەشمان لەبەرچاو بێت کە هێزەکانی چەکداری کۆماری ئیسلامی هێرش و پەلاماردان دەهێنێ بۆ سەر کوردستانی عێراق و ناوچەکانی ئێمەیش.

داوام لە کاک مستەفا ئەوەیە بۆمانی روون بکاتەوە ئەم شورای میللییەی ئێرانی کە چەقەکەی لە فەرەنسایە لە چەند هێز پێکهاتووە و کێ نە؟.

مستەفا شەڵماشی: حدکا زۆر بە پێویستی دەزانێ هەنگاوی یەکەمان کۆمیتەیەکی هاوبەش لە هەرسێ لامان بۆ پڕۆپاگەندەو راگەیاند بنیات بنێین. شورای میللیش<٤٦> لە بەرەی میللی ـ مەتین دەفتەری<٤٧>، مجاهیدی خەڵک ـ مەسعود رەجەوی، حدکا، یەکێتی چەپگەرانی ئێران. ئەمانە لە باکوری ئێران هێزی چەکداریان هەیە لەگەڵ سەرۆک کۆماری پێشوو ئەبولحەسەن بەنی سەدر پێکهاتووە.

<٤٦> شورای میللی: مەبەست ئەنجومەنی نیشتمانییە.

<٤٧> بەرەی میللی یا بەرەی نیشتمانی: بەو پێکخراوە دەگوترێ کە لە سەرەتای پەنجاکانی ئەم چەرخەدا لە ژمارەیەک بۆرژوا نیشتمانپەروەرەکان و ئەندامانی پارلەمانی ئێرانی پێکهاتبوو.

لە ساڵی ۱۹٥۳ سەرۆکی بەرەکە دکتۆر محەمەد موسەدیق بوو بە سەرۆک

دوای دمەتەقەو گفتوگۆی زۆر هەرسیٚ لا لەسەر ئەوە ڕێککەوتین بەم زووانە کۆبوونەوەی دیکە لەنێوان هەرسیٚ لا بکرێت. ئەوکات بڕیاری تەواو لەسەر شێوازی کارکردن و ڕێککەوتنەکانمان وەربگیرێت.

ڕۆژی ۱۹۸۲/۸/۲۳ د. عبدالرحمن قاسملو بە نامەیەکی تایبەتی پێشنیاری کردبوو کە لە ڕۆژی ۱۹۸۳/۸/۲۹ کۆبوونەوەیەک لەنێوان سەرکردایەتی: ینک، حشک حدکا و پارتی سۆسیالیستی کوردستانی باکور ببەسترێت.

م.س حشع وەڵامی بۆ دەفتەری سیاسی حدکا گێڕایەوەو داوای کرد کە:

١- کاتی کۆبوونەوەکە دوو حەفتە دوا بخرێت.

٢- باسی جموجۆڵ و تەقەلاکانی ڕژیمی دیکتاتۆری عێراق بکرێت، کە لە هەوڵدانادایە بۆئەوەی بکەوێتە گفتوگۆکردن لەگەڵ پارتە کوردستانیەکانی عێراق.

وەزیرانی ئێران. د. موسەدیق ئەوکات هەنگاوێکی یەکجار نیشتمانی و شۆڕشگێڕی دژی کۆمپانیاکانی مانۆپۆلی نەوتی نا، بڕیاری خۆماڵی کردنی نەوتی ئێرانی وەرگرت (تامیم النفط الایراني) بە پیلان و نەخشەی ئیمپریالیستەکانی جیهانی کودەتایەکی کۆنەپەرستی ڕەشی خوێناوی بە سەرۆکایەتی ژەنەراڵ زاهیدی بەرپا کرا. د. موسەدیق و کابینەی وەزیرانی و هەزاران دیموکرات پەرستەکانی ئێران خرانە زیندان و تووشی ئەشکەنجە و ئاوارەیی هاتن.

سەتین دەفتەری لە بنەماڵەی د. محەمەد موسەدیقەو یەکێک بوو لەوانەی کە سەردەمی شای پێشوو دوچاری ئازار هات، ئێستاکە لە بەرەی بەرهەڵستکاری ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێرانیە.

له ڕۆژی ۱۹۸۲/۹/۱۵ کـۆبوونەوەکـە لە (تۆژەڵە) بەسـتـرا، بەشداربووەکان:

حدکا: د. عبدالرحمن قاسملو، مەلا عەبدوڵڵای حەپاکی.

ینک: جەلال تاڵەبانی، نەوشیروان مستەفا، د. خدر مەعسوم، ئەرسەلان بایز.

حشع: عەزیز محەمەد، عومەر عەلی شێخ، سابت حەبیب عانی، یوسف حەنا.

پارتی سۆسیالیستی کوردستانی تورکیا: هەڤاڵ سەلیم.

کە نوێنەرەکانی حشع گەڕانەوە لامان، ئاگاداریان کردین لە کۆبوونەوەکەدا ئەم خاڵانەی خوارەوە گفتوگۆیان لەسەر کرابوو:

۱- پتەوکردنی هاوکاری لە نێوان پارتەکانی کوردستانی.

۲- ڕێکخستن و ئامادەکردنی هێزە کوردستانییەکان بۆ بەربەرەکانی کردن و بەرهەڵستی کردنی ئەو هێرشە فرەوانەی پاسدارو ئەرتەشی کۆماری ئیسلامی ئێران خەریکن بۆ سەر کوردستانی ڕۆژهەڵات بیهێنان.

۳- پێوەندی و هاوکاری (پدک) لگەڵ هێزەکانی چەکداری کۆماری ئیسلامی ئێران و هێرش و دەستدرێژیان بۆ سەر هێندی ناوچە لە کوردستانی ئێران.

د. قاسملو بە دوور و درێژی باسی باری ئاڵۆز و شڵەژاوی کوردستانی کرد، بەتایبەتی باری کوردستانی ئێران و گوتبووی: (لەچەند سەرچاوەیەکی بڕوا پێکراو زانراوە کە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی خەریکی خۆ ئامادەکردنە، هێرش و پەلاماردانێکی بەکجار فراوان بۆ سەر هەموو ناوچەکانی کوردستانی لکاندراو بە ئێران

بهـێنن، ئەوكـاتیش وەك هێزێكی داگـیـركـەری دەسـەڵاتدار، نیـشتـمـانەكـەمـان وێران دەكـات و وشك و تەڕ پێكرا دەسـووتێنێ، چاوەنۆڕی پارمەتی و پشت گرتنی ئێوە دەكەین.)

نوێنەرەكانی حشع بە كۆبوونەوەكەیان ڕاگەیاندبوو كە: (حشع ئامادەیە بۆ پارمەتیدانی گەلی كوردی كـوردستانی ئێران و خەبتە پیرۆزو ڕەواكەی بەپێی توانای و بەم شێوازەی كۆمیتەی مەركەزی نەخشـەی بۆ دەكـێشـێت. ئامـادە نیـە دەست بخـاتە ناو كـاروباری ئێران.)

دەربارەی هێندێ كردەوەی (پدک) لەناو خاكی كوردستانی ئێران حشع بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ كردەوەكانیاندا نیە. بە بەردەوامیش ڕەخنەی لێگرتوون و داوای كـردووە خۆ لەو تێكهـەڵكیشـان و تێك ئالانەی گـەر ئەرتەش و پاسـداران رزگـار بكەن و چەكـدارو كـادرە لێهاتووەكانیان بۆ دیوی كوردستانی باشوور بگێڕنەوە.

هەڵوێست دەربارەی رۆژنی بەغـدا، سـەرجـەمی بڕیارەكـانی كۆمیتەی ناوەندی كە لە مانگی تشرینی دووەمی ١٩٨١ وەرگیرابوو، لە دەقی خۆی ماوەتەوە هیچ گۆڕانێك بەسەریدا نەهاتووە.

هاوڕێیان گێڕایانەوە كە نوێنەرەكانی (ینک) بە گەرمی پشتی ڕاو بۆچوون و داواكـانی د. قـاسـملویان گرتبوو ئامـادەیی تەواوی خۆیان نیشاندا كە بە هەموو شێوەیەو توانایان پشتی (حدكا) دەگرن.

برادەران نوێنەرەكـانی (ینک) و (حدكـا) ڕەخنەی زۆریان لەسـەر ئەم بەیاننامەیە دەربڕی كە لە ڕۆژی ١٩٨٢/٨/٦ لە دیمەشق بەناوی كۆمیتەی ئامادەكردنی پارتیـە كوردستانیەكان بڵاو كرابۆوە. ناوەڕۆكی بەیانەكە بە تەواوی لە بەیاننامـەی هێزێكی عـەرەبی دەكات نەك بۆ

کوردو کوردستان بێت، دەقی بەیانەکە لە شوێنێکی دیکە لەم کتێبەدا بڵاوکراوەتەوە.

ڕووداوو گۆڕانکاری سەرسوورمێنەر یەکجار خێرا بەسەر وڵاتەکەماندا تێپەڕ دەبوو. هەردوو ڕژێمە داگیرکەرەکەی کوردستان کەوتبوونە ئەوپەڕی جۆشی خۆ ئامادەکردن و گەف وگوڕ و پرتاو کردن لەیەکتر. هەردوولاش هەوساری جەنگیان بۆ سەر خاکی کوردستان وەرگێڕا بوو. هێمنی و ئاسزدەیی لە هیچ شتێکدا بەدی نەدەکرا.

ڕۆژی ۱۹۸۲/۱/۱۰/۱۵ هاوڕێ عەزیز محەمەد و مام جەلال تاڵەبانی لە (ئۆکان) دووقۆڵی کۆبوونەوەیەکی تایبەتیان کرد.

لەدوایێدا هاوڕێ عەزیز پوختەی دانیشتنەکەیانی بۆ ئێمەی ئەندامانی ل.م و م.س گێڕایەوە، پوختەکەیشی ئەمە بوو:

ڕۆژی ۱۹۸۲/۱/۱۰/۱۳ مام جەلال لە گوندی (گۆڕەشێر) چاوی بە د. قاسملو کەوتبوو. سێ نوێنەری ڕژێمی بەغدا لەگەڵ د. قاسملو ئامادە ببوون. یەکێکیان برای سەعدون شاکری مدیری موخابەرات دەبێ، مام جەلال داوای لە نوێنەرانی بەعسی کردبوو ئایا ڕژێمی بەغدا ئامادەیە چۆن لەگەڵ نەتەوەی کوردستانی عێراق ڕێکبکەوێت و چ هەنگاوێکیش دەنێت لەگەڵ هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی عێراقی چارەی جیاوازی و ناکۆکییەکان بکات؟ مام جەلال پێ گوتبوون:

(یەک ئامادە نیە بە تەنیا لەگەڵ ڕژێم بکەوێتە گفتوگۆ کردن.)

هەروەها مام جەلال باسی کردبوو کە: د. قاسملو پەست و ناڕەزایە لەسەر ئەوەی پێشمەرگەکانی حشع بنکەی خۆیان لە گوندی (سونێ)‹٤٨› داناوە چونکە ئەو دیبیە سەرە ڕێگای هاتووچۆکردنی حدکایە بۆ عێراق.

چەخدی تەواوی لەسەر ئەوەش کردبوو کە : ماوە نادەن هێزی ئەرتەش و پاسداران بگەنە دەورووبەری ئێمە و نابلوقەمان بدەن و بکەوینە ژێر کۆنترۆڵی ئەوان. یەک خەریکە پێشمەرگە کۆدەکاتەوە بۆ یارمەتیدانی هێزەکانی چەکداری (حدکا) لە دەورووبەری ڕێگای (خانە ـ میراوە ـ ئاڵوەتان ـ دۆڵەتوو)

سەردەشت ـ بیوران ـ بنوخەڵەف ـ کانی زەرد ـ قاسمەڕەش ـ نۆکان‹٤٩›... هتد.

هەتا هەنوکەش ژمارەیەک لە پێشمەرگەکانی یەک بەتەک هێزی پێشمەرگەی حدکا بەرامبەر بە هێرشبەرەکانی کۆماری ئیسلامی لە یەک سەنگەری خەبات و قوربانیدان وەستاون. بە چالاکی و جوامێرانە، تووشی چەند تێکهەڵچوون و لێکدان هاتوون، هەرکاتێک پاسدار و ئەرتەش بگەنە (دۆڵەتو) و لوتکە بەرزەکانی پشتی (نۆکان) بگرن دەبێ شوێنەکانی خۆمان لە تۆژەڵە و ناوزەنگ و زەڵێ بەجێبهێڵن.)

‹٤٨› سونێ: گوندێکی بچوکی خێڵی میراودەلیە. کەوتۆتە باکووری بناری شاخی مامەندە، لەسەر ڕێگای هاتوچۆکردنی نێوان ئێران و عێراق نزیک بە گوندی گۆڕەشێر دۆڵە توی کوردستانی ئێران هەڵکەوتووە.

‹٤٩› ئەم دێهـانەی ناویان هاتووە کەوتوونەتە ڕۆژهەڵاتی شاخی مامەندە، ناوچەیەکی بەکچار خۆشە. بە جەنگەڵ و دارستان داپۆشراوە. پڕە لە میوەی زۆر. درێژیەکەی ٢٥-٣٠ کیلۆمەترێکە. شوێنی خێڵی سونێیەکانە سەربە قەزای سەردەشتە.

هەروەها هاوڕێ عەزیز ئاگاداری کردبین کە بە مێژووی ١٣/١٠/١٩٨٢ د. قاسملو بە نامەی تایبەتی داوای کردبوو حشع ژمارەیەک لە پێشمەرگەکانی بنێرێتە یارمەتیدانی هێزەکانی حدکا لەپێش گرتنی پەلامارو هێرشەکانی ئەرتەش و پاسداران و گوتی بە هەمان هەڵوێستەکانی پێشوومان بۆ د. قاسملو وەرام نووسراوە کە حشع خۆ ناخاتە شەڕکردنی هێزەکانی چەکداری کۆماری ئیسلامی ئێران.

ڕۆژانی ١٧ و ١٨/١٠/١٩٨٢ زاندرا کە هێزی پێشمەرگەی حدکا و ینک پاشەکشەیان لەپێش هێزی ئەرتەش و پاسداران کردبە. ئاڵوەتان ـ کونەمشکە لە لایەن هێزەکانی ئێران داگیرکرا، ژمارەیەک لە پێشمەرگەی کوردستان شەهید کران. دەنگ بڵاوبوو کە چواردە (١٤) لە شەهیدەکان لە پێشمەرگەکانی (ینک)ن بریندارێش زۆرە.

لە هەمان کاتدا بە زەقی و بێ پێچوپەنا ژمارەیەک لە چەکدارەکانی (پدک) کە ئێرانیەکان بەناوی (ئەفرادی بارزانی) ناوی دەبردن بەتەک هێزەکانی چەکداری کۆماری ئیسلامی لەم هێرش و پەلامارداناتەی کرانە سەر ناوچەکە بەشدار بوون.

ڕۆژی ١٩/١٠/١٩٨٢ م/س حشع بڕیارێکی یەکجار بەپەلەی وەرگرت کە بریتی بووە لەوەی: پێویستە گشت بنکەو بارەگاکانی خۆی لە نۆکان ـ زەڵێ سونێ بەبێ وەستان بۆ (پشت ئاشان) بگوازێتەوە.

تەنیا کەس بووم لە ل.م دژی ئەم بڕیارە وەستام کە (پشت ئاشان) بۆ ئەوە ناشێ بکرێت بە بنکە و بارەگا سەرەکیەکانی م.س و کۆمیتەکانی. بەڵگەشم ئەوە بوو کە لە ڕووی جوگرافیەوە ناوچەکە

له قـهوارەیەکی تەسکدایە مـاوەی ئابلوقـەدانی سـانایە، لە سـاڵێکدا شـەش مـانگ پتـر بەفـری زۆرو سـەختی شـاخی سـەرکـەشی قـەندیل دەورووبەری دەگرێت. ڕێگای هاتوچۆکردنی کەم دەبێت، تەنیا بۆ ئەوە دەگونجێت بکرێتـە شوێنی بەتالیۆنێکی پێشـمەرگەی ئازاو چالاک... هتـد. بەرامـبەر بـە ڕاو بۆچوونەکـانم تەنـیا هاوڕێ عـەبدوڵڵای مـەلا فەرەج کە بە مەلا عەلی ناسراوە و ئەو کات ئەندامی لێژنەی هەرێمی کوردستـان حشع و لێپرسراوی کاروباری پارتیزانی پێشـمەرگەکانی بارەگای م.س بوو لە نزکان و ناوزەنگ، لەگەڵ ڕاو بۆچوونەکانمدا بوو، ئەویش بە توندی دژی ئەم هەڵبژاردنە وەستا!

یەکـسـەر دەست کرا بـە کـۆچ و کـۆچبـار و گـواسـتنەوە بۆ پشت ئاشـان. ناوچەکـە و گـشت لایەنەکان لە ئەوپەڕی سـەرقاڵی و کـەین و بەینی و پەشێوی و سەرلێشێواویدا دەژیان.

مـام جـەلال نامـەی بۆ هاوڕێ عـەزیز مـحـەمـەد نارد، بۆ ئێـمـەی خوێندەوە، نووسـیبـووی: (د. قـاسـملو و دەفـتـەری سیـاسی حدکـا یەکجـار ناڕازی و پەسـتن لە کردەوەکـانی ئەم دواییەی (پدک) ئەمـە چەند جارە بەڵێن دەشکێنن، پێشـمەرگەکانیان شان بەشانی ئەرتەش و پاسـداران بەردەوامـن لە هێرش هێنان بۆ سـەر ئەو ناوچانەی لەژێر دەسـەڵاتی حدکا دایە.)

لەناو ئەم بارە ناهەمـوارەدا لـە کـۆتایی مـانگی دە (۱۰) هاوڕێ عەزیز ئێـمـەی بەجێهێشتـو گەڕایەوە دەرەوە، هاوڕێ کـەریم لە شوێنی ئەو مایەوە.

م.س هاوڕێ کـەریمی بۆ سـەرکـردایەتی یـنک نارد کـە داوایان لێبکا بـە پشـووی درێژو دووربینی تەواو ڕەفـتـار لەگـەڵ کردەوەکـانی

(پدک) بکرێت. حشمیش بەردەوام لە تەقەلاکانی دابە بەو مەبەست و نیازەی (پدک) لەم لێراو زەلکاوەی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی تێکەوتووە دووری بخاتەوە.

وا لێرەدا ڕاو بۆچوونم دەربارەی بارو هێندێ لە ڕووداوەکانی ناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٢ لە چەند خاڵێکدا پێشکەش دەکەم:

١- ڕژێمی بەعسی عێراق یارمەتی باش لە چەک و کەل و پەل و ئازوقەی پێویست بە حدکا گەیاند.

٢- هێزەکانی چەکداری کۆماری ئیسلامی ئێران، بە پان و درێژی پەلامارو هێرشی فراوانیان هانیە سەر زۆربەی ناوچەکانی کوردستانی ژێر دەستکراو بە ئێران. زیانی زۆریان بە نەتەوەی کورد گەیاند.

٣- م.س حدکا بە تایبەت د. قاسملوی شەهید تەقەلای زۆریاندا کە حشع و یەنک بکەونە گفتوگۆ کردن و ڕێککەوتن لەگەڵ ڕژێمی بەعسی بەغدا. بە لێکدانەوەو کێش د. قاسملو مەترسی کۆماری ئیسلامی ئێران لەسەر ئاشتی و دیموکراتیەت و بەرژەوەندی نەتەوەی کورد گەلێ زلتر و ترسناک ترە لە ڕژێمی بەغدا.

ئیمەی هێزەکانی کوردستانی عێراق بە پێچەوانەی مەترسی و درندایەتی بە عسمان لە هی ڕژێمی ئێران بە کەمتر دانەدەنا.

٤- بەداخەو ئۆزفەوە لەو کاتانەی ئەرتەش و پاسدرات هێرش و پەلاماردانیان دەهانیە سەر ئەو شوێن و ناوچانەی لەژێر دەسەلاتی حدکادا بوون، چەکدارەکانی (پدک) لە چەند لایەک و ناوچە، پشتی هێرش بەرەکانی ڕژێمی ئێرانی دەگرت و دژی حدکا دەجەنگی.

٥- یەنک پەلەی زۆری کرد کە خۆی تێکەڵ بە شەڕەکانی میراوە - ئالوەتان - دۆڵەتوو، کرد. لە توانایدا هەبوو بە شێوازێکی دیکە

کۆمەکی بە حدکا بگەیاندبا.

٦- گشت هەڵوێست و ڕێبازەکانی سەرکردایەتی حشع لەو چوار چوویە دەرنەدەچوو کە پارتێکی عێراقیە نە کوردستانی

لە هەموو بۆچوون و لێکدانەوەکانیدا حسێبی بۆ سیاسەت و هەڵوێستەکانی حیزبی تودەی ئێران دەکرد. کە سەرکردەکانیانی هیواو ناماڵجی زۆریان لەسەر پێڕەوی ئیمام خومەینی بنیات نابوو!

٧- گواستنەوەی بنکەو بارەگاکانی م.س حشع و کۆمیتە سەرەکیەکانی بەو پەلە کردنەو تاو تاوە لە ناوزەنگ و نۆکانەوە بۆ پشت ئاشان کورت بینی زۆری تیدا بەدی دەکرا، بڕیارێکی کاڵو کرچ بوو. زەمینەی لەباری بۆ گێرە شێوێنکەران و هەلپەرست و گومان لێکراوو نۆکەرانی دوژمن ڕەخساند.

دوژمنانی کورد و کوردستان کەوتنە بزاف و جەموجۆڵی و بڵاوکردنەوەی درۆو بوختان و پیلانگێرانی تێکدەری نێوان هێزە کوردستانیەکان بەتایبەتمەند نێوان حشع و ینک.

* * *

هەنگاوێکی پیرۆز... بەڵام؟!

دەتوانین بڵێین و بەڵگە نامەی مێژوویش هەیە کە لەسەرەتای بیستەکانی ئەم چەرخەوە خەبات و تەقەلای زۆر کراوە بۆ ئەوەی بۆ سەرانسەری کوردستان پرۆگرام و ستراتیژیەتێکی یەکگرتووی درێژخایەن بنیات بنرێ. ئاوات و ئامانجی نزیک و دووری نەتەوەی کوردی تێدا بەدی بکرێت. سەرجەمی پارتە کوردستانیەکان و هێزو چین و توێشک و خێڵەکانی کۆمەڵگای کوردستانی لەت لەتکراو و داگیراوی ژێر دەستی بێگانە لە دەوریدا کۆببنەوە. لەپێناو وەدەست هێنانی پرۆگرامەکە خەباتی راو پیرۆزیان ئەنجام بدەن.

بە هۆی گەلێ کۆسپ و تەگەرەی زاتی و مەوزوعی کە زاتیەکەی بەندە بە عەقلیەتی پارتایەتی تەسک، مەرضی خۆپەرستی و بەرژەوەندی تایبەتی خێڵەکی و تایەفەگەری، تا سنوورێکی زۆریش مانەوەی کۆمەڵگای کوردەواری بە دواکەوتوویی لە رووی زانست و هۆشیار بوونەوە... هتد.

بارە مەوزوعیەکەش بۆ پیلان و فرت و فێڵ و تیرۆر و فشاری داگیرکەرانی کوردستان و بەرژەوەندی وڵاتانی دەوڵەمەندو دەسەڵاتدار

دەگەڕێتەوە.

بە داخ و کەسەرەوە تا ئەم سەردەمە ئەم ئاواتە نەهاتووتە دی. لە بەرگی یەک و دووی (چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی خەباتی گەلی کورد) بە کورتی ئاماژە بۆ ئەو کۆششەش و تەقەلاو ماندووبوونانە کراوە کە لە کۆتایی حەفتاکاندا ئەنجامدراوە بۆ دامەزراندنی بناغەیەکی ڕێک و پێکی پتەو لە نێوان گشت هێزو پارت و تێکۆشەرەکانی کوردستان.

ژمارەیەک لە سەرکردە ناسراوەکانی خەباتگێڕ وەک تێکۆشەری شەهید د.عبدالرحمن قاسملو، کاک کەمال بورقای، کاک حەمید دەروێش، هاوڕێ ڕەمەزان شێخۆ ـ باوکی جەنگۆ... هتد. لە هاتوچۆکردن و گەشت و گەڕان ئازاری زۆریا چێشت، چەندین کۆبوونەوەو گفتوگۆ لە نێوان سەرکردە و ڕێبەرەکانی پارتە کوردستانیەکان کرا. بەو ئاوات و مەبەستەی لە سەرانسەری کوردستان لە یەکتری نزیک ببنەوە و نیمچە یەکێتییەکی تێکۆشان پێک بێت و هەموو هێزەکانی جولانەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان لەسەر ڕێبازێکی ستراتیژی کۆ بکاتەوە، لە هەر پارچەیەک کوردستان و هەر شوێنێکی کوردی لێ دەژیت، خەبات و تێکۆشانی جۆراو جۆر بۆ بەجێهێنانی ئەنجام بدرێت و لە هەر پارچەیەک بەرەی یەکێتی خەبات و بەرگری دروست بکرێت. یەک دەفتەری پڕۆپاگەند و ڕاگەیاندن هەبێت، بەرگری لە مافە ڕەواکانمان بکات و دەنگی زوڵاڵی نەتەوە ماف ژێر پێستاڵ کراوەکەمان بەرای گشتی جیهانی ڕابگەیێنێت داوای پشت گرتن و پارمەتیان لێبکات و دوژمن و داگیرکەرانی کوردستان ڕیسوا بکات.

له سەرەتای مانگی ئابی ١٩٨٢ نوێنەرانی پارتی سۆسیالیستی کوردستانی باکور ـ تورکیا. پارتی دیموکراتی پێشکەوتووخوازی کورد لە سوریا، یەکێتی نیشتمانی کوردستان ـ عێراق، پارتی کۆمۆنیستی سوریا، پارتی کۆمۆنیستی عێراق لە دیمەشق کۆبوونەوە. نوێنەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە کۆبوونەوەکە ڕانەگەیشتبوون دوای گفتوگۆ و مشت و مڕ و لێکدانەوەی زۆر لە ڕۆژی ١٩٨٢/٨/٦ ڕێککەوتبوون لەسەر بڵاوکردنەوەی ڕاگەیاندنێکی ڕامیاری ئەمەش دەقەکەیەتی کە بە عارەبی نووسرا بوو.

بلاغ عن اجتماع الهيئه التحضيريه للتعاون و التنسيق بين القوى الكرديه و الكردستانيــه

عقد اجتماع هذه الهيئه في ١٩٨٢/٨/٥و حضره ممثلون عن كل من الحزب الاشتراكي الكردي في تركيا و الحزب الديمقراطي الكردي في سوريا و الاتحاد الوطني الكردستاني و الحزب الشيوعي السوري و الحزب الشيوعي العراقي و تغيبت عن الاجتماع ممثلو الحزب الديمقراطي الكردستاني في ايران.

جرى بحث الوضع الراهن للحركه القوميه التحرريه الكرديه و التطورات التي تجري في البلدان التي يتوجد فيها الشعب الكردي.

حيث ثمنت الجهود المبذوله و التي تبذل و النجاحات المحرزه على صعيد العمل المشترک و تنقيه الجو بين القوى القوميه و الوطنيه و التقدميه بهدف تعزيز النضال المشترک من اجل الديمقراطيه و الحقوق القوميه العادله للشعب الكردي كما هو مثبت في الوثيقه البرنامجيه

للجنه التحضيريه و الصادره في شهر نوفمبر عام ۱۹۸۰. بهذا الصدد جرى الاشاره بالنجاحات المحرزه في كردستان العراق على صعيد تنقيه الاجواء و تأثير ذلك على النضال المشترک ضد الديكتاتوريه و الرجعيه و الامبرياليه و في سبيل تحقيق الحكم الذاتي الحقيقي لكردستان العراق و اقامه الحكم الديمقراطي الائتلافي التقدمي في العراق، و اكد المساهمون في الاجتماع على اهميه التنسيق و العمل المشترک بين الاحزاب و الحركات الكرديه و الكردستانيه في كل من كردستان تركيا و ايران و العراق و كذلک الحال بالنسبه للاحزاب الكرديه في سوريا.

و من جانب آخر جرى التاكيد على اهميه التنسيق و التحالف مع القوى الوطنيه و الديمقراطيه و التقدميه المعاديه للامبرياليه الامريكيه و الرجعيه و الصهيونيه في كل من تركيا و ايران و العراق و سوريا و ضروره التميز بين الاعداء و الاصدقاء داخليا و خارجيا و توجيه النار ضد العدو الشترک الامبرياليه العالميه، و تعزيز التضامن و التحالف مع منظومه البلدان الاشتراكيه و في مقدمتها الاتحاد السوفيتي السند الاساسي و الثابت لحركات التحرر لوطني و القومي و من بينها الحركه التحرريه و القوميه الديمقراطيه للشعب الكردي.

فالامبرياليه العالميه و في مقدمتها الامبرياليه الامريكيه و الرجعيه و الصهيونيه عبرت و تعبر بشكل سافر عن عدائها المستحكم للحركه القوميه التحرريه للشعب الكردي لاكثر من مره و هذا ناجم عن الطبيعه الطبقيه و الاستغلاليه للرأسماليه و الامبراليه كنظام اجتماعي قائم على اساس استغلال و اضطهاد الشعوب التواقه لنيل حقوقها و حريتها لذلک اخذت تلجاء في ظروف الازمه العالميه للنظام

الرأسمال العالمي الى تبديل الواجهه بالتنسيق مع الاشتراكيه الدوليه‹. ٥› بهدف صرف حركات التحرر الوطني عن طريق العداء

‹. ٥› الاشتراكيه الدوليه: یا سۆسیال دیموکرات: لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمەوە تا پێش جەنگی جیهانی یەکەم (١٩١٢-١٩١٧) سەرجەمی پارتەکانی کرێکاری و چەپی و جەماوەری لەژێر پرۆگرام و دروشمی گۆڕان و پێشخستنی کۆمەڵگاکان بە ڕێگای ڕیفۆرمی بەرەو پێشی بەرن و بە هەمان شێوازیش کێشەی چینایەتی (الصراع الطبقي) نێوان چەوسێنەرو چەوسێنراوەکان چارەسەر بکەن.

لە ساڵی ١٩١٢ زۆربەی پارتە سۆسیال دیموکراتەکان دژی داگیرکردن و هەڵگیرساندنی جەنگ وەستان، کە جەنگی جیهانی یەکەم لە ساڵی ١٩١٤ بەرپا کرا، ژمارەیەک لە حیزبە سۆسیال دیموکراتەکان پشتی وڵاتەکانی سەرمایەدار و ئیمپریالیستەکانیان گرت.

بە سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە ڕوسیا (١٩١٧/١١/٧) گۆڕانێکی بنەڕەتی بەسەر باری گشتیدا هات. پارتە کرێکاریەکان و هێزەکانی چەپپەرست بوون بە دوو کەرت ئەوانەی کەوتنە پشتگرتن و لایەنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و پارتی کۆمۆنیستی بەلشەوی لە هەموو ڕوویەکەوە کەوتنە دژایەتی کردن و هێرش بردنە سەر سۆسیال دیموکراتەکان، تۆمەتی گەلێ نا بەجێی ناڕەوایان ئاڕاستە دەکرا.

لەوکاتەوە تا ئەمڕۆکە هەموو ساڵێک پارتەکانی سۆسیال دیموکرات کۆبوونەوە دەکەن دەربارەی ئاشتی جیهان، کێشەی نێو دەوڵەتان کەمو کورتی کۆمەڵگاکانیان و چۆنیەتی پێش خستنی، پرۆسەی کێشەی چینایەتی و باری چینی کرێکارو سەرمایەدار... هتد. دەرس دەکەنو گەلێ بڕیار وەردەگرن.

هەڵوێست و ڕێبازی جیاواز جیاواز لە پرۆگرامەکەنیان بەدی دەکرێت. لەگەڵێ ڕووەو داکۆکی و پشتگیری لە مافی مرۆڤ و دیموکراسیەت دەکەن. ناودارترین پارتی سۆسیال دیموکرات هی سوید، ئەلمانیا، فەرەنسا و پارتی کرێکاراتی بەریتانیا و کەنەدا و ئوسترالیایە... هتد.

للرأسمالية كتشكيلة اجتماعيةاقتصادية و منها من تبني النظرية الاشتراكية العالمية كمرشد للنظال في بناء المجتمع الديمقراطي الثوري و الاشتراكي و من الحركات المستهدفه في هذا الاطار هي حركه الشعب الكردي القوميه الديمقراطيه التحرريه.

بناء على ذلک اكد المساهمين في الاجتماع على ضروره الحذر و اليقظه ازاء الخطر الفكري للاشتراكيه الدوليه و ضروره التصدي لها و خلف الحصانه لدى قواعد و جماهير الاحزاب الكرديه و الكردستانيه، حيث ان حركه الشعب الكردي هي حركه لا تقف على الحياد في قضيه الصراع العالمي بين الامبرياليه و الاشتراكيه.

و شدد المساهمون في الجتماع على ادانتهم للعدوان الاسرائيلي - الامريكي البربري بالتنسيق مع الرجعيه العربيه على حرية و استقلال و وحده لبنان و حركه التحرر الوطني الفلسطينيه و الجمهوريه السوريه، و يعتبرون هذا العدوان بمثابة عدوان على حرية و استقلال و مصير شعوب المنطقه كافه، لذلک يجب التصدي الحازم لهذا العدوان بالتنسيق و التحالف الشامل لشعوب و حركات و احزاب المنطقه، و ابداء كامل الدعم للحركه الوطنيه اللبنانيه و منظمه التحرير الفلسطينيه و شعب و حكومه سوريا الصامدين بوجه العدوان و يثمنون الصمود البطولي للحركه الوطنيه اللبنانيه و منظمه التحرير الفلسطينيه و الجيش السوري ضد اشرس عدو مدجج باحدث الاسلحه الامريكيه و بدعم كامل من الامبرياليه، الولايات المتحده الامريكيه.

و من خلال النقاش الرفاقي و المبدئي توصل المساهمون في الاجتماع اللجنه التحضيريه للتنسيق و التعاون بين الاحزاب الكرديه و الكردستانيه التقدميه الى صياغه القرارات التاليه:

١- عقد اجتماع اللجنه التحضيريه في اواخر ايلول عام ١٩٨٢ بكامل اطرافها على مستوى المكتب السياسي و بفضل حضور الامناء لهذا الاجتماع و يعقد هذا الاجتماع في كردستان و اذا تعذر ذلك يجري اختيار مكان آخر لعقد الاجتماع.

٢- الاتصال بالاحزاب و الحركات الكرديه و الكردستانيه التي لها مندوبون في سوريا من اجل عقد اجتماع تضامني مع الحركه الوطنيه اللبنانيه و المقاومه الفلسطينيه و سوريا ضد العدوان الاسرئيلي الامريكي و اصدار نداء بهذا المناسبه.

٣- يعد كل من الرفاق د. جوهر شاويس و د. فؤاد معصوم التقرير السياسي للمؤتمر العام الكردستاني الذي يتم فيها بعد الاتفاق على موعد و مكان انعقاده.

٤- ينفذ اطراف اللجنه التحضيريه التزاماته الماليه في الاجتماع القادم.

و في ختام الاجتماع اكد المساهمون على اهميه مواصله عمل اللجنه التحضيريه و ان الوقت قد حان بان نترجم قرارتها الى عمل مباشر و ملموس خدمه لقضيه الشعب الكردي التحرريه الديمقراطيه و ضروره نشر الوثيقه البرنامجيه الصادره عن الاجتماع الاول للجنه التحضيريه بعد الاجتماع القادم.

الهيئه التحضيريه

دمشق: ١٩٨٢/٨/٦

له چەند دانیشتن و کۆبوونەوەدا خۆم گیوم له ناڕەزایی و رەخنەی زۆری د. قاسملو بوو لەسەر بەهانەکە، دەیگوت: هی پارتە

کوردستانیەکان نیە، بۆ نەتەوەی کورد نە نووسراوە، داکۆکی سەرەکی لە پرۆسەی فەلەستینی و لوبنان دەکات... هتد.

خوێنەری کورو توێژینەران بە وردی بەیاننامەکە بخوێننەوە، گەلێ هەڵوێست و بیرو بۆچوونیان لا دەردەکەوێ کە بەشداربووەکانی کۆبوونەوەکە لە روانگەیەک سەیری پرۆسەی کوردو کوردستانیان کردیە کە:

١- بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەی کورد بەشێکە لە جولانەوەی رزگاریخوازی عەرەبی و پاشکۆیە بە ئەو کەڵە لە راستیدا واقعیش وا نەبووە.

٢- مافە رەواکانی نەتەوەی کورد بەندە بە بنیاتنانی رژێمی دیموکراسی لەو وڵاتانە دەسەڵاتدارانەی ستەمکارانە کوردستانیان داگیر کردووە.

٣- لەبۆتەی ئەزموون و تاقیکردنەوەی ٧٥ ساڵ لەم چەرخەدا بۆ هەموو گەلانی دونیا دەرکەوتووە کە نە ئەو رژێمانەی گوزیە پێشکەوتپەرست و سۆسیالیستینە، نە ئەوانەی لەژێر سیستمی برژەوای دیموکراسی دانە، نەبوواو نەستیان، نە لە پرانسیپیان دایە، دانی تەواو بە مافی رەوای نەتەوەکانی دیکەی ژێر دەست و مافخوراو بنێن و یارمەتی چاکەو خێرخوازیان پێشکەش بکەن.

هەردوو سیستەم لە سۆنگەی ئایدیۆلۆژیەتی شۆڤێنیا و بەرژەوەندی نەتەوەی گەورەو خاوەن دەسەڵات رەفتاریان لەگەڵ نەتەوەکەم توانا و بچووکەکاندا کردیە و ئازار و زیانی زۆریشیان پێ گەیاندوون.

٤- پرۆسەی کورد و کوردستان، پرۆسەی نەتەوەیەکی گەورەی

٢٥-٣٠ ميليۆنيه، كه نيشتمانهكهى بۆ بهرژهوهندى ولاٌتانى داگيركهر و سهرمايهدارانى دونيا لهت لهت كراوه و ستهمكارانهش ژێردهست ماوهتهوه. پاشكۆ نيه به جولانهوهى رزگاريخوازو ديموكراسى تورك و فارس و عهرهب... له ههموو رووێكهوه دهبێ خاوهن رێكخراو و بڕيارى سهربهخۆ بێت.

رهفتار لهگهڵ ههموو لايهنهكاندا بكات بهپێى ههڵوێست و رێبازو پرۆگرامى ئهوان بهرامبهر مافه رهواكانى گهلى كورد و داهاتووى كوردستان.

٥- له بهياننامهكهدا هێرش و توانجى زۆر كراوهته سهر بهرهى سۆسيال ديموكراتهكان (الاشتراكيه الديمقراطيه الدوليه) ئهم جۆره ههڵوێسته له بهرژهوهندى پرۆسهكهدا نيه ‹٥١›.

‹٥١› له ناوهراستى ههشتاكاندا گهلێ هێرش و رهخنهى ناڕهوا كرايه سهر شههيد د. عبدالرحمن قاسملو بههۆى ئهوهى كه پێوهندى لهگهڵ هێندێ پارتو ولاٌتانى سۆسيال ديموكرات پهيدا كرد بوو. وهك پارتى سۆسياليستى فهرهنسا و د. فيلى براندت و سۆسيال ديموكراتهكانى ئهلمانيا، پارتى سۆسيال ديموكراتى سويد و سهرۆكهكهى ئۆلف پالمێ سهرۆك وهزير كه به دۆستى ئاشتى و مرۆڤايهتى و كورد ناوبانگى دهركردبوو. له ساڵى ١٩٨٨ لهلايهن هێزه كۆنهپهرستهكان شههيد كرا.

كهچى به پێچهوانهى هێندێ هێز و پارت له ولاٌتهكانى عهرهبى بهبێ سلكردنهوه و گێردان به هيچ شتێك پێشبڕكهيان بۆ خۆ نزيك كردنهوه له سۆسيال ديموكراتهكان دهكرد، بۆ ئهوان دهشيا و بۆ كورد تاوان بووا

٦- لە ناو هەمان بەیاننامەکەدا گەلێ ستایش و بە شان و باڵی یەکێتی سۆڤیەتی و ئەو وڵاتانەی کە پێیان دەگوترا وڵاتانی بەرەی سۆسیالیستی (المعسكر الاشتراكي) هەڵگۆتراوە.

لە ڕاستیدا مێژوو دەری خست لەو ماوە درێژەی وڵاتەکانی بە خۆیان دەگوت سۆسیالیست و دەسەڵاتیان لەژێر چەنگ دابوو و حوکمڕانیان دەکرد بە تەواوی لە ڕێبازی ئینتەرناسیۆنالی ڕاستەقینە بەرامبەر مافی چارەنووسی میللەتان و مافی کەمەنەتەوایەتی و ئایینی و عرفی دوور کەوتبوونەوە. ڕەفتاریان ڕەفتاری دیکتاتۆری سەرکوتکەر بوو بە هەموو مانای وشە‹٥٢›.

‹٥٢› هەڵوێست و ڕێبازی حکومەتی یەکێتی سۆڤیەت لەسەرەتای سییەکانی ئەم چەرخە بەرامبەر بەو کوردانەی لە خوارووی قەفقاسیا دەژیا یەکجار ستەمکارانە و دڕندانە بوو. بەتایبەت لەو کاتەی جەعفەر باقرۆف ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤێتی و سەرۆک کۆماری ئازربایجان حوکمڕانی دەکرد. پەت پەتێکی ئەوتۆ بە کوردەکان کرا، چاوەڕوان نەدەکرا. زۆربەیان بۆ ناو کۆمارەکانی ناوەڕاستی ئاسیا ڕاگوێزران و شوناسنامەیان ون کرا.

باقرۆف لە نەتەوەی تورک بوو، لە ساڵی ١٩٣٣ بوو بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی و سەرۆک کۆماری ئازربایجان، بە ئاشکاری دوژمنایەتی کورد و ئەرمەنیەکانی دەکرد.

لەدوای کۆنگرەی بیستی (٢٠) پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەتی بە تۆمەتی خیانەتکار تاوانبار کرا لەگەڵ (بیریا)ی وەزیری ناوخۆی سۆڤیەتی لە سەرەتای ١٩٥٧ ئیعدام کران.

٧- یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکان کە هەمیشە وەک ڤیتۆ بەکار هێندراوە بۆ لادان و دوورخستنەوەی ئەم هێزو ئەو پارت و بوونەتە کۆسپ و ماوە نەدان کە ئەم جۆرە کۆمیتەیە بۆ سەرانسەری کوردستان بنیات بندرێ، بۆ عەقڵیەتی پارتایەتی تەسکی کورت بینی و دەمار ڕەقیی و خۆپەرستی یا پێشخستنی بەرژەوەندی بنەماڵەیی یا خێڵەکی بەسەر سەرجەمی بەرژەوەندی نەتەوەی کورد دەگەڕێتەوە.

لە هەلومەرجی تازەی ئەم سەردەمەدا، لەنێوان ئەو گۆڕانکارییە قولانەی بەسەر بارو دۆخی جیهاندا هاتییە. کە مافی مرۆڤ و دیموکراسیەت و مافی نەتەوە مافخوراوەکان و پاراستنی سروشت و ئاشتی ڕۆژ دوا ڕۆژ وا خەریکە قەبارەیەکی تازە بە خۆیەوە بدینێ ڕووی یاساو داکۆکی لێکردن و پارستنیان وەربگرێت.

ئەرکێکی مێژوویی گرنگ لە ئەستۆی هەموو پارتە کوردستانییەکان و هێزو کەسانی تێکۆشەر و هێژای کورد دایە، دڵسۆزانە ڕووبەڕی تازە لە نێوان خۆیاندا بکەنەوە، بە چوستی و چالاکی بزاڤ بکەن.

کۆمیتەیەکی یەکگرتوو وەک دەفتەری ڕاگەیاندن و ڕێکخستن بنیات بنێن. بەو مەبەستەی لە ڕووی ڕێنما کردن و ئامۆژگاری و پڕۆپاگاندە و ڕاگەیاندن ڕێبەرایەتی خەبات و تێکۆشانی جۆراو جۆری نەتەوەکەمان بکات لە سەرانسەری کوردستاندا. با چیتر لە کاروانی ژیانی بەختیاری و ئازادی و پێشکەوتن دوا نەکەوین.

* * *

کورتەی چەند رووداوێک ٠

١- رۆژی ١٩٨٢/٩/٤ ئەنجومەنی پارتیزانی گشت هێزەکانی حشع لە گوندی (قەرناقاو)(٥٣) کۆبۆوە. هاوڕێ عەزیز محەممەد و چوار ئەندامی م.س و چوار ئەندامی ل.م و دوو ئەندامی پاڵێوراوی ل.م و شەش ئەندامی ل. هەرێمی کوردستان، چوار ئەندام بە پلەی لێژنەی پارێزگاو دوو ئەندامی قەزا بەشداری کۆبوونەوەکەمان کرد.

راپۆرتێکی کورت خرایە پێش کۆبووەکان ئەم خاڵانەی خوارەوە بە تێرو تەسەلی دەرسکران:

١- کاروباری شەڕی پارتیزانی و چۆنیەتی بایەخدان بە گەشە کردنی و جێبەجێ کردنی پێویستەکانی.

٢- بە هێز و پتەوکردنی ڕێکخراوی حیزبی لە نێو تەشکیلاتی پارتیزانی حشع. بە ڕاشکاوی بەشداربووەکان ڕاو بۆچوونەکانیان،

---

(٥٣) قەرناقاو: گوندێکە لە بناری شاخی قەندیل پێنج کیلۆمەتر لە رۆژهەلاتی گوندی پشت ئاشان هەڵکەوتووە.

ڕەخنە گرتن لە کەم و کورتیەکان، پێشنیاری ڕێکوپێکیان خستە پێش کۆبوونەوەکە.

بڕیار وەرگیرا کە کوردستانی باشور (عێراق) بکرێت بە سێ مەڵبەند بۆ ڕێکخستنو بایەخدانی زۆر و گەشەدان بە شەڕی پارتیزانی و چالاکیەکان.

١- مەڵبەندی بادینان، ٢- مەڵبەندی ناوەند ناوچەی پارێزگای هەولێر و قەزاکانی قەلادزە و ڕانیە و چەمچەماڵ، ٣- مەڵبەندی سێیەم ناوچەکانی پارێزگای کەرکوک و سلێمانی.

لە هەمان کاتدا دەرسی بارو پێوەندی نێوان گشت هێزو پارتیە کوردستانیەکان کرا. جەخد لەسەر ئەوە کرایەوە، لە کوژشەش و تەقەلادان بەردەوام بین بۆ لەناوبردن و نەهێشتنی شەڕی کورد کورد کوژی و دڕەزنگی لە یەکتر. تەقەلاش بدرێت پاوان کردنی ئەم ناوچە و ئەو ناوچە بۆ ئەم هێز و ئەو هێزو نەمێنێت. سەرتاپای کوردستانی باشوور گۆڕەپانی خەبات و تەقەلادان بێت بۆ سەرجەمی دوژمنانی ڕژێمی فاشی بەغدا.

کۆبوونەوەکە حەفت ڕۆژی خایاند، ڕاگەیاندنێکی بڵاوکردەوە، دەقەکەی لە بەشی بەڵگەنامەکان بڵاوکراوەتەوە.

* * *

٢- دوای چوار ساڵ پەراگەندەیی و پەرەوازبوونی کادرو ئەندامانی حشع، بۆ یەکەم جار لەسەر خاکی کوردستان ڕۆژی ١٩٨٢/٩/٢٧

کۆمیتەی ناوەندی حشع کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی لە پشتی گوندی (نۆکان) کرد. بیست و سێ (٢٣) هاوڕێ بەشداریان تیدا کرد، لەماوەی چوار ڕۆژ ئەم خاڵانەی خوارەوە دەرسکران:

١- بەردەوام بوونی جەنگە ناڕەواکەی نێوان عێراق و ئێران.

٢- باری هێزەکانی چەکداری عێراق دوای ئەو شکستەی لە خورەم شەهر دووچاری هات.

٣- تەقەلادانەکانی ڕژێمی بەعسی بەغدا بۆ پەیداکردنی پێوەندی بەهێندێ هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردستانی و عێراقی بە تایبەت: حشع، ینک، پدک.

٤- کورتە باسێک لەسەر یەکەم ئەنجومەنی عەسکەری حشع لە قرناقاوە. کۆبوونەوەکە بڕیارەکانی ئەنجومەنەکەی زۆر پەسند کرد. جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە پێویستە بەردەوام بین لە تەقەلادان بۆ دامەزراندنی بەرەی بەرفراوانو سووربوون لەسەر دروشمی ڕوخاندنی ڕژێمی دیکتاتۆری بەغدا کە ئەرکێکی سەرەکیە لە ئەرکە بنەڕەتیەکان گشتی هێزە بەرهەڵستکارەکانی عێراقی.

* * *

٣- لە سەرەتای مانگی ئەیلولی ١٩٨٢ لە نێزگەی شۆڕشی عێراق ـ نێزگەی ینک بەیاننامەیەک بلاوکرایەوە کە لە کۆنفرانسێکی فراواندا، ژمارەیەک لە تێکۆشەرانی باڵی هێڵی گشتی و باڵی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان لەنێو یەکێتی نیشتمانی

کوردستان، چەند ڕۆژ کۆبوونەوەیان کردبوو.

دوای مشتومڕ و دەرسکردن هەردوو باڵەکە، بوون بەیەک هێز وەک پارتێک لەژێر ناوی (یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان) پرۆگرام و ڕێبازیان هەمان پرۆگرام و ڕێبازی یەکێتی نیشتمانی دەبێ. بە سووربوونێکی تەواو جەخد لەسەر ئەوە کرا بوو کە پێویست دەکات هەمیشە ڕیزەکانی یەک پتەو بکرێت. بەهیچ شێوەیەک ماوە نەدرێت ئەو جیاوازیە فیکری و کێشە لاوەکیانەی لە نێوان کۆمەڵەی ڕەنجدەران و شۆڕشگێڕاندا هەیە ناکامێکی خراپی هەبێت لەناو ڕێکخراوەکانی یەک و پێویستە دڵسۆزانە بە گفتوگۆی برایانە چارەسەر بکرێت. ڕێکخراوەکانی یەک پتەو بکرێت. لە ڕووی چۆنی و چەندی (الكمية و النوعية). هێزی پێشمەرگەی یەک زێتر فرەوان و بەتوانا بێت و گەشە بکات. لە کۆتایی کۆبوونەوەکاندا پازدە هەڤاڵیان بۆ سەرکردایەتی پارتەکەیان هەڵبژارد.

١- جەلال تاڵەبانی
٢- عومەر مستەفا (دەبابە)
٣- عومەر شێخ موس
٤- د. فواد مەعسوم.
٥- د. کەمال فواد
٦- د. خدر مەعسوم
٧- جەمال حەکیم
٨- نازم عومەر
٩- سەید مەجید

١٠- عەلی حەویز
١١- عومەر عەزیز

زۆری نەخایاند دوای ماوەیەکی کورت زاندرا کە مام جەلال تاڵەبانی لەسەرکردایەتی شۆڕشگێڕان خۆی کێشایەوە بەو"هۆکارەی ئەو سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستانە.

* * *

٤- ڕۆژی ١٩٨٢/١١/٢٥ لیژنەی باڵای بەرەی نیشتمانی دیموکراتی (جود) لە گوندی (ڕوست و گرتک)(٥٥) کۆبۆوە. نوێنەرانی حشع کاک کەریم ئەحمەد و کاک عەبدالرزاق سافي و کاک ئەحمەد بانیخێلانی. لە پدک کاک فەلەکەدین کاکەیی و کاک مولازم عەلی و مولازم عومەر عوسمان. حسک کاک ڕەسوڵ مامەند و کاک محەمەد شاکەلی، پاسوک شەهید ئازاد مستەفا کە هاوڕێیان گەڕانەوەلامان لە (توژکان) ئاگاداریان کردین کە وەک زۆربەی

---

(٥٥) ڕوست و گرتک: دوو گوندي یەکجار خۆش و بە میوەو دارستانن. بەتەک یەکن. کەوتوونەتە پشتی شاخی زلزگ لە قەزای ڕەواندوز لە ناوچەیەکی شاخاوی سەخت هەڵکەوتووە سەربە ناحیەی گەلاڵەیە.

کۆبوونەوەکانی پێشوو، باسی باری عێراق و کوردستان و جەنگە ناڕەواو شوومەکەی نێوان هەردوو وڵات کرا بوو. نوێنەرانی حشع و حسک و پاسۆک ڕەخنە و ناڕەزایی خۆیان ئاراستەی پدک کردبوو بەهۆی بەردەوام بوونی لە هاوکاری و پشتگرتنی ئەرتەش و پاسدارانی کۆماری ئیسلامی لەو هێرش و پەلاماردانەیان بەم دواییە هانیبوویانە سەر ناوچەکانی خانە ـ میراوە ـ ئالوەتان ـ دۆڵەتو ـ سەردەشت ـ بێوران ـ قەلەڕەشە.

هاوڕێیان گێڕایانەوە کەوا هەست دەکرا نوێنەرەکانی پدک دەسەلاتێکی ئەوتۆیان پێ نەدرابێت، تەنانەت لە گفتوگۆکانیشدا رایەکی ئەوتۆیان دەرنەبڕیبوو.

بڕیارێکی ئەوتۆ لە کۆبوونەوەکە وەرنەگیرا، سودێکی تێدا بێت و سەرنج ڕاکێشێت، سەرەڕای بڕینی ئەم هەموو بەرزی و نزمیە و ڕێگا دوورو سەختە، پڕ کەدەر و پڕ مەترسیە، چەژتنی ئازارو ماندوو بوون و بڵاوبوونەوەی دەنگ و دەهۆڵی زۆر کە لیژنەی باڵای جود کۆبوونەتەوە.

ئەنجامەکەشی ڕاگەیاندنێکی رۆتینی لاوازی دەرهێنا و بروسکەی بۆ مەکتەبی سیاسی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەت نارد، بەبۆنەی مردنی لیونید برێجنێف(٥٦).

دەقی بروسکەکە:

بۆ: کۆمیتەی ناوەندی حیزبی شیوعی یەکێتی سۆڤیەت

بە نیگەرانی و دڵتەنگییەوە هەواڵی کۆچی دوایی لیونید ئلیچ برژنیف/مان پێ گەیشت. ناوداری دیاری دەوڵەت و ئاشتیخوازی گەورەو دۆستی گەلی عیراقیمان و تەواوی گەلان و سکرتێری گشتی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی شیوعی یەکێتی سۆڤیەت و سەرۆکی دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی باڵای سۆڤیەت.

کۆچی دوایی لیونید برێجنێف زیانێک بوو تەنیا لە حیزبی ئێوە و گەلی دۆستمان نەکەوت، بەڵکو زیانێک بوو لە تەواوی ئەو گەلانە کەوت کە لە پێناوی ئاشتییەکی پتەوو ژیانێکی باشتر تێدەکۆشن.

بە گەرمی هاوبەشی خەمی ئێوەو هاوڕێیان و خێزانی کۆچ کردوین.

کۆمیتەی باڵای
بەرەی نیشتمانی دیموکراتی عێراق
١٩٨٢/١١/٢٥

لە هەموو جیهاندا دەزانرا و تەهێنیش نەبوو کە یەکێتی سۆڤیەت بە هەموو جۆرە چەک و جبەخانەو کۆمەکی پێویست، یارمەتی تەواوی بە ڕژێمی فاشی عێراق دەگەیاند و بە توندی لە پشتی وەستا بوو، کەچی ڕژێمەکەش ڕۆژانە کوردستانی دەهاڕی و دەیان تێکۆشەرانی لە سەرانسەری عێراق لەناو دەبرد. ئێمە و زۆربەی هێزەکانی نیشتمانی بەم جۆرە هەڵوێست و عەقڵیەتە چەوت و نارەوایە مەرایمان بۆ سۆڤیەت دەکرد.

له هەمان کۆبوونەوە بروسکەی پیرۆزبایی بۆ سکرتێری تازە (ئەندرۆپۆف) نێردرا.

* * *

٥- لەسەرەتای مانگی دوازدەی ١٩٨٢ دەنگوباسێکی یەکجار ناخۆش و دڵتەزێنەر لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان بڵاوبۆوە، دەنگە شووم و ناسازەکەش ئەوە بوو کە کاک تاهیری عەلی والی ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی و م.س حسیک لەگەڵ حەفت تێکۆشەر کە یەکێکیان شەهید کاوەی شێخ لەتیفی حەفید دەبێ، لە ڕۆژی ١٩٨٢/١٢/٢ دەکەونە ڕێگا، سنگ دەدەنە بەر سەرکەوتنی شاخی قەندیلی سەخت و ترسناک بە نیازی ئاوابوون بۆ دیوی کوردستانی ڕۆژهەلات، بە مەبەستی وەجێهێنانی کۆمەلی ئەرک و کاروباری پێوەندی نیشتمانیانی تایبەتی پارتەکەیان و بایەخدان بە ئیشوکارەکانی پارتیزانیان لە ناوچەی سلێمانی و گەشە پێکردنی.

دوای سەرکەوتن و دابەزینی زۆری پڕ ئازار و شەکەتی، دەکەونە بەر تەوژمی گێژەلولکەی بارینی بەفرێکی زۆرو ساردو سەهۆڵی و تەم و مژی چڕی تێکهەڵچوو، لە ڕێگاکە یەکیان دەکەوێت، لە ڕێچکەیەکی درێژدا، یەک لە دوای یەک دڵیان لەکار دەوەستێت و دێنە ڕیزی شەهیدەکانی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد. تەنیا یەکێکیان نەبێت ئەویش بە هەزار دەردەسەری و نەمر و نەژین خۆ دەکاتە گوندی (کۆنەلاجان) نزیک شاری خانە... دانیشتوانی دێیەکە هەر

چاویان بە دیمەنەکە دەکەوێ دەزانن ڕوداوێکی جەرگ بڕی پڕ ئستەم و زیانێکی گەورە ڕووی داوە، یەکسەر کە دەگەنە پنجو بنەوانی کارەساتەکە، وەک پیشەی دێرینی باوک و باپیرانیان، لە لێقەومان و تەنگانەدا کورد بە گیان و بە ماڵ دێتە کۆڕی فریاکەوتن و یارمەتیدان. جوامێرانە جار لە زۆربەی لادییەکانی دەوروبەری گوندەکەیان دەدەن. زۆر ناخایەنێ بەسەدان دانیشتوانی ناوچەکە ئامادە دەبن. بێ ئەوەی گێو بدەنە سەختی سروشت و زۆری بەفرو کەندو دۆڵە پڕ مەترسییەکانی شاخی قەندیل، یا لە مردن بترسن، دەکەونە دۆزینەوەی تەرمی شەهیدەکان بە ماندوو بوونی یەکجار زۆر و بە ستەم و ئازار یەکە یەکە لە ناو بەفر دەیان دۆزنەوە، بە ڕێزگرتن و پەژارە و هەڵگرتن لەسەر شانانەوە تەرمەکانیان دەهێنەوە لادێکە.

لە هەمان کات کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی و دانیشتوانی خانە و ناوچەکە بە کارەساتەکە دەزانن. بە یارمەتیدانی هەموویان تەرمە پیرۆزەکانیان دەنێردرێنەوە بۆ شوێنی کەسوکارو ماڵ و خێزانەکانیان.

پرسە و ماتەمێ گەلێ شوێنی گرتەوە. سەرجەمی هێزو پارتە کوردستانیەکان و ئۆپۆزیسیۆنەکانی عێراقی و پیاوانی ناودار، بروسکە و نامەی پرسەیان بۆ م.س حسک و کەس وکاری شەهیدەکان نارد.

بەم شێوەیە چەند تێکۆشەرێکی لەخۆبوردوو کەوتنە گەر کاروانی شەهیدان.

* * *

ڕێککەوتنێکی تەمەن کورت

لە ئەنجامی گفتوگۆ و تەقەلادانی بێوچانی زۆربەی هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن و نیشتمانی عێراقی. لە ڕۆژی ١-١٩٨٣/٢/٦ نوێنەرانی نۆزدە (١٩) پارت و گروپ لە پایتەختی کۆماری عەرەبی لیبیا (تەرابلس) کۆبوونەوە. بریتی بوون لەم هێزانە:

١- بزووتنەوەی ئیشتراکی عەرەبی
٢- پارتی ئیشتراکی عەرەبی
٣- پارتی سۆسیالیستی کوردستان ـ عێراق
٤- پارتی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی ـ سەرکردایەتی هەرێمی عێراق
٥- ڕێکخراوی سوپای ڕزگارکردنی میللی عێراق
٦- پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق
٧- یەکێتی دیموکراتی یەکبوونی ئیشتراکیەکان
٨- یەکێتی دیموکراتی کوردستانی
٩- کۆنگرەی گەلی عێراق
١٠- پارتی کۆمۆنیستی عێراق

١١- پارتی گەلی دیموکراتی کوردستانی عیراق
١٢- بزووتنەوەی پێشڕەوی دیموکراتی عیراقی
١٣- کۆنگرەی نەتەوەییەکانی ئیشتراکی
١٤- پەلەکانی شۆڕش عیراق
١٦- یەکێتی نیشتمانی کوردستان
١٧- ڕێکخراوی تورکمانە دیموکراتیەکان
١٩- پارتی کاری ئیشتراکی عیراقی

دوای گفتوگۆ و مشتومڕ و لێدوان کە پێنج ڕۆژی خایاند. ڕۆژی ١٩٨٣/٢/٦ نوێنەرانی هەر ١٩ پارت و گروپ بە ئامادەبوونی ئەندامی سەرکردایەتی شۆڕشی یەکی ئەیلول (ثورە الفاتح من ایلول)<٥٧> رائد عبدالسلام جەلود، محمد حیدر ئەندامی سەرکردایەتی پارتی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی سوریا ئەحمەد جبرائیل ئەمینداری گشتی بەرەی میللی رزگاریخوازی فەلەستینی - سەرکردایەتی گشتی و ئەبو ماهر ئەلیەمانی و تەیسیر قوبەعە دوو ئەندامی مەکتەبی سیاسی بەرەی میللی رزگاریخوازی فەلەستین - تائمی د. جۆرج حەبەش - بە ڕوو خۆشی و شادی و تەفائول و هیوای زۆر هەر نوزدە (١٩) هێزەکە مۆری خۆیان لەسەر ڕێککەوتنەکە دانا.

<٥٧> لە ڕووی ڕاگەیاندن و پروپاگەندە حکومەتی کۆماری عەرەبی لیبیا ناوی لە راپەڕینەکەی سوپا بە سەرۆکایەتی عەقید موعەممەر قەزافی ناوە (ثورە الفاتح ایلول) بەهۆی ئەوەی لە ڕۆژی ١٩٧٠/٩/١ ڕاپەڕینەکە سەرکەوت و سیستەمی پاشایەتی نەما و بوو بە کۆمار.

بەیاننامەی ڕێککەوتنەکە و پەیمانی هاوکاری کردن، ماوەی چەند ڕۆژ لە ئێزگەکانی تەرابلس، تاران، دیمەشق و ئیزگەکانی هێزە بەرهەڵستکارەکانی عێراقی و کوردستانی بە فراوانی بلاوکرایەوە.

ئەمەش دەقەکەیەتی:

بيان صادر عن القوى الوطنية و القومية و التقدمية العراقية من اجل اسقاط النظام الفاشي العميل في العراق و اقامة حكم ديمقراطي لحل المعضلات التي يعاني فيها الشعب العراقي.

نظرا للمخاطر التي تهدد الوجود العربي و لاهمية استرداد ساحة العراق للنضال القومي و لان اسقاط هذا النظام الفاشي العميل اصبح مسؤلية ثورة و وطنية و قومية مسؤلية الجماهير العراقية ممثلة بقواها الحية و استشعارا من القوى الوطنية و القومية و الثورية العراقية بدورها الوطني و القومي عقد هذه الاحزاب و القوى و الشخصيات الوطنية سلسلة من اللقاءات و الاجتماعات توجت بلقاء شامل في السادس من شباط الجاري في طرابلس خلال انعقاد مؤتمر الاحزاب و القوى السياسية المعارضة في الوطن العربي و الجماهيرية العربية الليبية الاشتراكية و تنصرت فيه ارادتها و ارادة الجماهير الشعبية العراقية و هذه الاحزاب و القوى و الشخصيات الوطنية هي:

١- الحركة الاشتراكية العربية

٢- الحزب الاشتراكي ـ العراقي

٣- الحزب الاشتراكي الكردستاني ـ العراق
٤- حزب البعث الاشتراكي ـ قيادة قطر العراق
٥- منظمة جيش التحرير الشعبي العراقي
٦- الحزب الديمقراطي الكردستاني
٧- اتحاد الديمقراطين الوحدويين الاشتراكين.
٨- الاتحاد الديمقراطي الكردستاني
٩- مؤتمر الشعب العراقي
١٠- الحزب الشيوعي العراقي
١١- حزب الشعب الديمقراطي الكردستاني
١٢- حركة الطليعة الديمقراطية
١٣- مؤتمر القومين الاشتراكيين
١٤- فصائل الثورة العراقية.
١٥- المستقلون الديمقراطيون
١٦- الاتحاد الوطني الكردستاني
١٧- حركة الوحدويين الاحرار.
١٨- منظمة الديمقراطيين التركمان
١٩- حزب العمل الاشتراكي العراقي

وقد قرر مايلي:

١- اتخذت قرارا نهائيا لتوحيد نفسها في جبهة وطنية عريضة تبقى مفتوحة للقوى الاسلامية الثورية و القوى و الشخصيات الوطنية المعادية للامبريالية و الصهيونية و الرجعية و امريكا.

٢- اتفقت على برنامج سياسي للجبهة يحدد كالآتي:

أ- اسقاط النظام الفاشي العميل في العراق
ب- اقامة نظام حكم ديمقراطي شعبي وحدوي
ج- يترك للشعب العراقي ان يختار نظام الحكم الذي يريده بارادة الحرة بعد اسقاط النظام.
د- اعطاء حكم ذاتي حقيقي لكردستان العراق و ضمان حقوق التركمان و الاقليات الاخرى
هـ- عقد اجتماع لوضع برنامج الجبهة ولائحتها الداخلية يوم ٢٥ شباط الحالي.
٣- يتم تحقيق الوحدة الجبهوية خلال شهر من توقيع البيان
٤- قررت فورا و اعتبارا من اليوم ٦ شباط ١٩٨٣ مايلي:

ـ ايقاف الحملات الاعلامية فيما بينها.
ـ ايقاف النزاعات و الصدامات المسلحة فيما بينها فورا.

هەرکە بەیاننامەی ڕێککەوتنەکە بڵاوکرایەوە، دەنگێکی فرەی دایەوە، خۆشی و گوشادی لەنێوان ئەندام و دۆست و لایەنگرەکانی دیموکراتپەرس بەرهەڵستکارەکانی کوردستانی و عێراقی بەرپا کرد، وەرە بەرز بۆوە هیوای کۆتای هێنان بە ڕژێمی فاشی بەعسی عێراق لە هەڵسوکەوتدا بەدی دەکرا. دەنگی پەسند کردن و پشتگرتنی ڕێککەوتنەکە لە هەموو لایەکەوە دەگەیشت. نیمچە بڕوایەک لەلایەن جەماوەر کۆبۆوە. کە سەرەتای زەمینەو بارو دۆخێکی بەسوود سەری هەڵداوە، کە بەم نزیکە گشت هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی و کوردستانی، ریزەکانی خۆیان لە بەرەیەکی یەکگرتوو ڕێکبخەن.

ناکۆکی و دووبەرەکی و شەڕی براکوژی بەلاوە بندرێت. لە گۆڕەپانی خەبات و قوربانیداندا وزەو توانایان بکەن بەیەک هێزو بازووی بەتین.

سەرکردایەتی کۆماری عەرەبی لیبیاش بە ئاشکرا و نەهێنی بەڵێنی باشی دابوو کە پشتگیری تەواوی ڕێککەوتنەکە بکات و کۆمەک و یارمەتیش پێشکەش بکات.

یەکێک لە بڕیاری نوێنەرەکانی ۱۹ هێزەکە ئەوە بوو کە دەبێ دوای سێ هەفتە لە ڕۆژی ۱۹۸۳/۲/۲۵ کۆبوونەوەی دیکە بکەن، کارو ئەرکەکانی بەرەکە بە تەواوی بنیات بنێن و بنەمایەکی پتەو دابمەزرێنن،

کتوپڕ هێندێ هەڵوێستی چەوت و گۆڕانی سەر سووڕمێنەر قوت کرایەوە، بەتایبەت لەلایەن چەند ئەندامێکی سەرکردایەتی حشع و کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئێران!!.

بەڵگەو نارەزایی هاوڕێیان حشع ئەوەبوو، کە لە نێوان ئەوانەی لە لیبیا کۆبوونەوە، ژمارەیەکیان ناری بێ ناوەڕۆکن، دروستکراون، لاوازن کەسیان لەگەڵدا نیە و وابەستەنە بەو دەوڵەت و ئەو دەوڵەت ئامادەبووەکان خاوەن بڕیاردانی سەربەخۆ نینە... هتد.

ئەم پاشگەزبوونەوەو خۆ دوورخستنەوە لە ڕێککەوتنەکەی (تەرابلس) زیانی زۆر و زەبەندی بە کاروانی بزاڤی دیموکراتی و بەرهەڵستکاری عێراقی و کوردستانی گەیاند، بێ بڕوایی و گومان لە یەکتر کردن زیادی کرد. پێوەندی و دۆستایەتی نێوانیان لاوازتر بوو. ئەکامێکی یەکجار خراپی کردە سەر دۆستایەتی و هاوکاری نێوان حشع و ینک


پارتی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی ـ سەرکردایەتی هەرێمی عێراق

و بنک بەکــجــار دلگیــری و پەست بوون، ناڕەزاییــان دەربڕی لەم هەنگاوەی ســەرکـردایەتی حـشع پیرەوی هەسـتــا. بە گـەلێ شـێوەو بۆچوونی جۆراو جۆر لێکیان دەدایەوە.

راسـتـە رێککەوتنەکە کـاڵ و کرچ و پەلەکردنی تێدا بوو، بەڕاو بۆچوونم ســەرجـەمی کـۆبوونەوەکـانی تەرابلس ـ لیـبـیـا هەنـگاوێکی پیـرۆزی رەوا بوون، دەتواندرا بە پێشـوویی درێژ و کـردەوەی راست و رێبازی خزمەت کردنی بەرژەوەندی جەماوەر، رێککەوتنەکە بکرێت بە سـەرەتایەکی پڕ ســوود و ئاشت بوونەوەیەکی باش بە تایبـەت نێوان هێزەکانی کوردستان.

* * *

کارەساتی پشت ئاشان



شوێنی پشت ئاشان لەسەر
نەخشەی کوردستانی
باشور - عێراق



* ـ هێرشی هێزەکانی ینک

٥ ـ کشانەوەی هێزەکانی حشع و حسک

پشت ئاشان

مەبەست لە پشت ئاشان باسکردنی خۆشی و جوانی و قەشەنگی ناوچە پڕ پیت و بەرەکەتەکەی بناری شاخی قەندیلی سەرکەش نیە. مەبەست ئەو پشت ئاشانە نیە کە لە سەرانسەری کوردستانی باشور بە شوێنی میوەی زۆری هەمەجۆر و توتنی بۆندار و ئاوو هەوای سازگار لە کۆنەوە ناوی دەردکردووە.

مەبەست ئەو ناوچە سەختە پڕ کەندو لەند، و هەوراز و نشێوانە نیە کە ماوەیەکی چەند ساڵی، لە ساڵەکانی شۆڕشی ئەیلولی کورد ١٩٦١-١٩٧٥، مەڵبەندی پشوودان و لەئامێزکردنی پێشمەرگەی بریندار و دەیان خێزانی ئاوارەو دەربەدەر و ڕاکردوانی دەست فشارو تیرۆری شۆڤێنیستە داگیرکەرەکانی کوردستان بووە.

مەسەبەستم ئەو سروشتە شاخاوی و هاوینە هەوارە کەم وێنەیە نیە، پاڵی داوەتە شاخێک کە یەکێکە لە سەخترین شاخەکانی کوردستان دەژمێردرێ. هەزارەها ساڵیشە وەک قەڵایەکی سەربەرزی خۆڕاگر، ڕوو بە ڕووی ستەمکاران و هەموو داگیرکەرەکانی وەستاوەو چۆکی دانەداوە، کەرنۆشی نەبردووە. مەبەست باسکردنی پشت ئاشانی وێران کراو ڕاگێزراوی دەست بەعسیە فاشیەکانی بەغدا نیە. کە دوژمنی مرۆڤ و شارستانیەت و سروشت و مافی مرۆڤ و دیموکراسیەت و باغ و جەنگەڵ و کانی و کانیاون.

لەم بەشەدا مەبەست باسکردنی کارەساتێکی خوێناوی کەم وێنە و جەرگ بڕی پارتیە کوردستانیەکانە. لە شەڕی براکوژی و کینەبەریەتی نێوان هێزو پارتیە کوردستانیەکان. گومان لەوەشدانیە کە زۆربەی هەرە زۆری نەتەوەی کورد و هێزەکانی سیاسی و پێشکەوت پەرست و کۆمەڵایەتی لە سەرانسەری کوردستانی گەورەو

دەرەوە، کـارەسـاتەکـانی یەکی ئایاری ۱۹۸۳، وەک ڕووداوێکی دراماتیکی کوشندەی پڕ زام و ئەندێشە و کاری تێکدەرانە، بە زەقی و ڕاشکاوی لە هەموو ڕوونکەوە، هۆکارە سـەرەکیـەکانی نەهێنی و ئاشکرای نەزانـدراوە، تا هەنکەش نەکەوتۆتە بەر لێکۆڵینەوەو پێوانی ڕاسـتـەقـینەی لێزان و توێژینەرانی مـێژوو بۆ ئەوەی هەڵـسـەنگاندنی ڕووداوەکـان شـێوازی بابەتیـانەی ڕاسـتـەقـینە وەربگرێت و لەسـەر بنەمـایەکی زانسـتـیـانەی پڕ سـوود بنیـات بندرێ، پێویست بە لە یەکگرێندانی وردو درشتی سەرجەمی ڕێبازی ڕامیاری و کردەوەی دوورو نزیکی هەموو هێزەکانی گۆڕەپانەکەی خەباتی کوردستانی دەکات.

وا دەسـاڵی ڕەبەق بەسـەر کارەساتەکە تێـپەڕ دەکات، نە پارتەک، نە کۆمیتەیەک یا تاکە مرۆڤێک، بە جەرگانە بەبێ خوارکردنەوەی لنگەری پێوان و دەرسـکردن و هەڵـسـەنگان، دەنگێکی دڵـسـۆزانە و هاوارێکی پاکی ڕاسـتـەقـینەیان بەرز نەکـردووتەوە و پرسـیـارێک ئاراستەی سـەرجەمی لایەنەکانی ڕامیاری و نەتەوایەتی بکات؟ ئەرێ بۆ چی دوای کـارەسـاتی هەکـاری<٥٨> لە ناوەڕاسـتـی ۱۹۷۷، کـارەسـاتێکی گـەورەتر و فـرەوان، ئازار و زیانی قـووڵی بە بڕ بڕەی پشـتی بزاڤی ڕزگـاریخـوازی نەتەوەی کـورد گـەیاند؟ پێوەندی نێوان هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی عێراقی پتر لە یەکتر ترازاند؟ سەرکەوتوو چ لایەک بوو؟ دۆڕاو تێکشـاو کێ بوون؟ ئەنجـامی سـەرجـەمی کارەساتەکە بۆ بەرژەوەندی چ هێزو لایەنەک گەڕایەوە؟

<<٥٨> کارەساتی هەکاری: هەکاری شارێکی کۆنی کوردە، کەوتووتە باشووری ڕۆژهەلاتی تورکیا. لە مانگی نیسانی ۱۹۷۷ یەکێتی نیشتمانی کوردستان نزیک

کە حشع لە بەرە شەق و شڕە فیلاویەکەی گەر پارتی بەعسی ئیشتراکی فەرمانڕەوا دەرپەڕاندرا. لە سەرەتای ١٩٧٩ بە تەواوی لەبەر یەکتر هاتنەدەر، ڕووی کردە شاخ و پەنای بردە بەر خەباتی چەکداری. هەر لە سەرەتای ئەو گۆڕانکاریە قوڵەی بەسەر شێوازی خەبات کردنەکەمدا هات، من یەکێک بووم لەگەڵ هاوڕێیانی دیکە، بەشداریم کرد لە ئەنجامدانی ئەرک و کارەکانی ئەم ڕێبازە نوێیەی حشع گرتیە بەر.

هەزار پێشمەرگەیەکی خۆی چەکدارو بێ چەک بە سێ تیپ، بە ڕێگا شاخاوییەکانی کوردستان بەرەو سوریا ڕەوانە دەکات، بەو مەبەستەی یەک چەکی □ سوریا هەیە، بۆ کوردستانی بهێنن. خەباتی چەکداری و شەڕی پارتیزانی دژی فاشیەکانی عێراق گەشە پێ بدات. بە شەکەتی و دەردەسەری و ماندووبوونی زۆر دەگەنە ناو خاکی کوردستانی باکور (پارێزگا یا ویلایەتی هەکاری) □ مانگی حوزەیران هێزێکی چەکداری سەرکردایەتی کاتی پدک و ژمارەیەکی زۆر □ چەکدارەکانی خێڵە کوردەکانی باکور وابەستەکانی سەر بە ڕژێمی تورانیەکانی تورکیا. دەکەونە شەڕ فرۆشتن و ڕاونان و ئابلوقەدانیان. چەند شەڕو تێکهەڵچوونی قورسی خوێناوی □ نێوانیاندا ڕوویدا بوو. لە ئەنجامدا ژمارەیەکی زۆر لە کادرو پێشمەرگەکانی یەک شەهید دەکرێن کاروانەکە تووشی زیانی زۆر دێت و سەرکەوتن ناهێنێ.

لە نێو شەهیدەکاندا سێ کادری سەرەکی یەک، شەهید عەلی عەسکەری، شەهید خالید سەعید و شەهید شێخ حوسێن بابەشێخ شەهید دەکرێن.

بە ئەرکێکی پیرۆزی دەزانم ئەوەی لە هەگبەکەمدا هەیە، یا بە تەواوی لە یادمدا ماوەتەوە، پێوەندی تەواویشیان بە خودی کارەساتەکەی پشت ئاشانەوە هەیە، لە یەکتریان گرێبدەم و بە پەرچکراوی بیخەمە بەر ویژدان و هەڵسەنگاندنی خوێنەرانی ئازیزو توێژینەرانی مێژوو.

هەروەها سەرەتایەکی راست و بەجێیە ئەگەر بەچەند برگەیەکی کورت ئاماژە بۆ هێندێ رووداوی گرنگی بنەڕەتی بکرێت، کە لە ناوەڕاستی ئەم چەرخە روویدا و بوونەتە هۆکاری گۆڕانکاری چۆنی و چلۆنی لە عێراقدا بە گشتی و لە کوردستان بە تایبەتی.

لە دوای تێپەڕبوونی سێ رۆژ بەسەر سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ لە دەستووری کاتی، مادەی سێ بڵاوکرایەوە و هاتبوو کە عێراق نیشتمانی هاوبەشی عەرەب و کوردە. ئەوکات خودی ئەو مادەیە بە دەستکەوتێکی مێژوویی گەورە دەژمێردرا لە مێژووی عێراقی رامیاری تازە. ئەو عێراقەی لەدوای ساڵی ١٩٢٠ دامەزرا، بۆ بەرژەوەندی وڵاتانی زلهێز لە قەوارەیەکی سیاسی و ئیداری ستەمکارانە کۆکراوە سەریەک!

مادەی سێیەمی دەستووری کاتی دڵی: جەماوەری کوردستانی گرشاد کرد. ئامانج و ئاواتی نەتەوایەتی کوردی بوژاندەوە، ئەو هیوار ئاواتانەی تێکۆشەرو خەباتگێڕەکانی نەتەوەکەمان بردبوویانە ژێر خاک هاتنەوە کایەو سەری هەڵدایەوە، باش گەشەی کرد.

سەرجەمی هێزەکانی پێشکەوت پەرستی عێراقی و تەواوی نەتەوەی کورد کەوتنە پشتگرتنی کۆماری تازەو دەستکەوتەکانی.

شۆڕشەکەی چواردەی تەمووزی ١٩٥٨ وەک هەر شۆڕشێکی

نیشتمانی دیموکراسی لە سەرەتادا گەلێ بڕیارو هەنگاوی پێشکەوتوخوازانەو ڕەوای وەرگرت، وەک گۆڕانی سیستیمی باشایەتی بۆ کۆماری، مادەی سێی دەستووری کاتی دەرهێنانی یاسای چارەسەرکردنی کشتوکاڵ، دەرکردنی سوپای ئینگلیز لە خاکی عێراق، بەردانی گیراوە سیاسییەکان و گەڕانەوە نەمر مستەفا بارزانی و ئەوانەی لەگەڵیدا دەربەدەرکرا بوون، دەرچوون لە پەیمانی سەنتۆ(٥٩) ماوەدان بە هێندێ مافەکانی دیموکراسی... هتد.
ڕووداوەکان یەکجار بەپەلە بەسەر عێراقدا دەهات، جەماوەر لە هەموو کەنارو کونجێک چالاکانە هۆشیاربوونەوە و ڕاپەڕین، بزاڤێکی پڕ تەوژمی فرەوانی خۆلقاند.
لە هەمان کاتدا زۆری نەخایاند کۆنەپەرستەکانی پاشماوەی ڕژێمی باشایەتی فیودالی و گشت ئەو چین و توێژ و کاسە لێسانەی ئالقە لە گیو وابەستەی کۆنەپەرستی و بێگانە بوون، کەوتنەوە جەم و جۆڵ کردن و نانەوەی پیلان و دورستکردنی کۆسپ و تەگەرە و ئاژاوە نانەوە، بەو مەبەستەی نەهێڵن ڕژێمی کۆمارە تازەکە سەقامگیربێت.

---

(٥٩) پەیمانی سەنتۆ: لە سەرەتای ساڵی ١٩٥٥ حکومەتی بریتانیا، عێراق، تورکیا، ئێران، پاکستان پەیمانێکیان لە نێو خۆدا مۆر کرد بە ناوی پەیمانی بەغدا لە دوایدا ناوی گۆڕا بە پەیمانی سنتۆ. پرۆگرام و ئامانجە سەرەکییەکانی ئەو پەیمانە بۆ ئەوە بوو دژایەتی تەواوی یەکێتی سۆڤیەت بکات وەک سوورێک بەری بگرێت. ماوەش نەدەن لەم چوار وڵاتە هیچ ڕا پەڕین یا بەرهەڵستکاری، بە تایبەت نەتەوەی کورد لەسێ وڵاتیان بجوڵێت یان بزە بکات.

لە نێوان ئەماندا هێندێ هێز و گـروپ، پارتە ناسیـۆنالیـسـتـەکـانی عـەرەبی کەوتنە هاوار کـردن و تەقـەلادان پیلان نانەوە بە نهێنی و ئاشکرا، بۆ ئەوەی عـێراق بە کۆماری عـەرەبی یەکگرتوو (الجـمـهـوریە العربیـە المتحدە)<٦٠> بلەکێنن لەژێر ڕێبەرایەتی تێکۆشـەری دژ بە ئیمپریالیزم، نیشتمانپەروەری عەرەبی جەمال عەبدول ناسر<٦١>.
لە ئەوکاتدا ئەوەی لە هـەمـوو شتێک پتر زیانی زۆری بە جولانەوەی نیشتمانی و دیموکراتی عێراقی و کوردستانی گەیاند، ئەو کێشە و دووبەرەکی و کـــینەبەریـــانە بوون کـــە لە نێوان هێزو پارتە پێشکەوتپەرست و دیموکـراسیـەکـان سـەری هەڵدا بوو. بە توندیش کەوتبوونە دڕدۆنگی و دژایەتی کردنی یەکدی.

<٦٠> کۆماری عـەرەبی یەکگرتوو: الجمهوریە العربیە المتحدە لە ٢٢ی شوباتی سـاڵی ١٩٥٨ یەکـبوونێک نێوان کۆمـاری مـیـسـر و سـوریا پێکهات، ناونرا بە کۆماری عـەرەبی یەکگرتوو. تەمەنی کـورت بوو، لە کۆتایی ١٩٦١ سـوریا لە یەکگرتنەکە دەرهات. مـیـسـر بە هەمـان ناو مایەوە، تا سـاڵی ١٩٧٢ سـەرۆک کـۆمـار ئەنوەر سـادات ناوەکـەی هەڵگرت، ناوی لە مـیـسـرنا کـۆمـاری مـیـسـری عەرەبی.
<٦١> جەمال عەبدول ناسر: ١٩١٨-١٩٧٠ ئەفـسـەرێکی میـسری لە بنەماڵەیەکی بژاوی بچـووک بوو، ڕۆڵێکی سـەرەکی هەبوو لە هەڵگیـرسـاندن و سـەرخـسـتنی شۆڕشی ٢٣ی تەمووزی ١٩٥٢ سـیـستـێمی میسر لە پاشایەتی کرا بە کۆماری. لە ناوەڕاستی پەنجاکاندا بوو بە سەرۆک کۆمار، نیـشـتمانپەروەرێکی نەتەوایەتی عەرەبی ناسراو، ئاشتیخواز بوو دوژمنایەتی ئیمپریالیـست و کۆنەپەرستی دەکرد لە پایزی ١٩٧٠ بە نەخۆشی دڵ کۆتایی بە ژیانی هات و دنیای بەجێهێشت.

هێندێک لەو هێزو گروپانە کەوتبوونە مەرای و تەقەلادان و پێشبڕکێ کردن و خۆ نزیک کردنەوە و دروست کردنی پێوەندی لەگەڵ ئەو هێزو ئەم هێزی دەسەڵاتدار، یاخود لایەنگرتن ئەو لایەنانەی دژایەتی ڕێبازی کۆمارەکەی شۆڕشی چواردەی تەمۆزیان دەکرد.

لە نێوان ئەو بارودۆخە ناجۆرانەو تێکهەڵچوون و ئاژاوەو بێنە و بەریانەدا لە ڕۆژی ١١ ئەیلولی ١٩٦١ سەرەتای جولانەوەیەکی چەکداری لە کوردستانی باشوور بەرپا کرا.

گەلێ ڕووپەڕ و نامیلکە و کتێب لەسەر باری کوردستان و هۆکارە بنەڕەتیەکانی شۆڕشی ١١ی ئەیلول نووسراوە. بەڕاو بۆچوونەکانم تا هەنوکە ئەوەی بڵاوکراونەتەوە مافی تەواوی بە هەموو لایەن و ڕووەکانی شۆڕشەکە و هۆکارە سەرەکیەکانی هەڵگیرساندنی، پۆزێتیڤ و نێگەتیڤی نەدراوە، یا دەرسکردنێکی ڕەخنەگرانەی زانستیانەی بە جەرگ نەکراوە. کە ماوەی چواردە ساڵ نەتەوەی کورد هەزاران قوربانی لە پێناویدا پێشکەش کرد، ئاکامەکەشی هەرەسهێنان بووا! ئەنجامدانی ئەم ئەرکە پیرۆزە مێژووییە لە ئەستۆی ئەو تێکۆشەرانە دایە، کە هەر لە سەرەتای ڕاپەڕینەکەوە تا دوامین ڕۆژی شۆڕشی لە شوێنی سەرکردایەتیدا بوون، ڕۆڵی سەرەکی و گرنگیان دەگێڕا. لە وردو درشت و ئاشکراو نهێنی کارو کردەوەکانی شۆڕش و میتۆدی کارکردنیدا، ئاگاداری تەواویان بەسەر هەموو شتێکەوە هەبووە!

هەر لەگەڵ بەرپا بوونی ڕاپەڕینە چەکداریەکەی ١١ی ئەیلولی ١٩٦١ کە لە دوایدا گۆڕا، بوو بە شۆڕشی ئەیلولی کورد، باری عێراق و کوردستانی باشور ڕۆژ دوای ڕۆژ بەکجار بەپەلە و شێواوی بەرەو شەڕی ناوخۆ و تێکبەربوون ڕۆیشت. هەلی زێڕینی و دەرفەتی

لەبار بۆ کۆنەپەرست و شۆڤینیستەکانی عەرەبی لە دەرەوەو ناوەوەو خودی دام و دەزگاکانی حکومەتی چواردەی تەمموز هەڵکەوت. بۆ بەدەستهێنان و جێبەجێ کردنی دوو مەبەستی سەرەکیان:

١- لادانی شۆڕشی چواردەی تەمموز لەسەر ئەو نەخشەو پلان و بەرنامەی لەپێناویدا بەرپاکرا. کە هەر لەیەکەم ڕۆژی هەڵگیرساندنیدا هەموو جەماوەری عێراق، عەرەب، کورد، کەمەنەتەوەیەکان بە شۆڕشی خۆیان لە قەڵەمدا، بەگەرمی دەوریان گرت و لە ئامێزی خۆیان نا.

٢- هێرش و پەلاماردان بۆ سەر نەتەوەی کورد لە کوردستانی باشوور ـ عێراق بە مەبەست چۆکپێدانی و خنکاندنی ڕاپەڕینە چەکدارییەکەی، لە هەمان کاتدا گۆڕکردنی مادەی سێ کە لە دەستوری کاتی بلاوکرابۆوە.

لە گەرمەی ئەو هەموو گێرە شێوێنییە و قەیران و تەنگوچەڵەمانەدا، باروودۆخێکی ناجۆر و دژوار کە سەرانسەری عێراقی گرتبۆوە، زۆری نەخایاند دەنگ بە هەموو لایەک بڵاوبۆوە کە دوبەرەکی و دڕدۆنگی و کێشە لە نێوان خودی سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلولی کورد پەیدا بووە. لەلایەک مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان کە ئەوکات مامۆستا برایم ئەحمەد سکرتێری گشتی بوو، لەلایەکی دیکە سەرۆکی شۆڕش و پارتی خوالێخۆشبوو مستەفا بارزانی.

کینەبەریەتی و کێشە و ناکۆکی لە نێوانیاندا بەردەوام بوو، لە نیسانی ساڵی ١٩٦٤ گەیشتە سنووری تێکهەڵچوون و شەڕی ناوەخۆ و یەکتر کوشتن و ڕاونان. تۆی شەڕی برا کوژی و هێرش بردنی ناڕەوا

و تۆهێن ئاراستەکردنی یەکدی پرژا. بەشی زۆری شۆڕش و پارتی کەوتە ژێر دەسەلات و ڕێبەرایەتی خوالێخۆشبوو مستەفا بارزانی.

شەڕی ناوخۆ و کورد کورد کوژی و کینەبەریەتیەکان درێژەی کێشا، زەرەر و زیانی یەکجار بە خودی پرۆسەی کورد و هەموو نەتەوەکە لە سەرانسەری کوردستان گەیاند.

نووسینی ڕووداوەکانی ئەوکات نە لە توانای مندا هەیە نە ئەرکی منیشە. تەنیا ئاماژەکردنەکە بۆئەوە هاتووە کە هەر لە دوای هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلولی ١٩٦١، لەدوای ڕێککەوتنەکەی (الجزائیر)‹٦٢› زۆری نەخایاند ڕاپەڕین و شۆڕش لە کوردستانی ستەمکارانە لکاندراو بە عێراق هەڵگیرسایەوە. بەداخەوە جارێکی دی سەرلەنوێ هەمان دووبەرەکی و شەڕی برا کوژی پێشوو هەر لە سەرەتادا سەری هەڵدایەوە.

‹٦٢› ڕێککەوتنی الجزائیر ـ اتفاقیە الجزائر: ١٩٧٥/٣/٦ ڕژێمی بەعسی عێراق کە گەیشتە تەواوی ئەو بڕوایە، لە توانایدا نەماوە بەسەر شۆڕشی ئەیلولی کورد زاڵ بێت، پەنای بردە بەر هێندێ سەرۆک و ڕێبەرەکانی وڵاتانی عەرەب یارمەتیان بدەن، بەو مەبەستەی سەرکردایەتی عێراق لەگەڵ شای پێشووی ئێران حەمە ڕەزا شا کۆ ببنەوەو بکەونە گفتوگۆ کردن، ناکۆکیەکانی نێوانیان نەهێڵن و ڕێبکەون.

لە ئەنجامدا بە میوانداریتی سەرۆک کۆماری پێشووی الجزائر (هەواری بوومەدیەن) کۆبوونەوە لە نێوان شا و سەدام حوسێن لە پایتەختی شاری (الجەزائیر) ڕێکخرا.

سەرەتای ساڵی ١٩٧٩ حشع کەوتە گەڕ بەرەی ئۆپۆزیسیۆنەکانی عێراقی، پەنای بردە بەر خەباتی چەکداری و ڕووی کردە شاخ، بەسەر ئەم بارە دژوارو ئاڵۆزەدا کەوت!

یەکێتی نیشتمانی کوردستان خۆی بە خاوەن دەسەڵات و توانا و دەست پێشکەری هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی حوزەیرانی ١٩٧٦ دادەنا شانازی بەوە دەکرد قوربانی زۆری داوە، بە خوێنی سوری شەهیدانی و تەقەلادانی زۆر، دەسەڵات و توانای باشی بەسەر زۆربەی ناوچەکانی سۆراندا هەیە. بەبێ گفتوگۆ کردن و ڕێککەوتن لەگەڵ ئەودا، ماوە بە هیچ هێز و لایەنەک نادەن کاری سیاسی یا چالاکی پارتیزانی تێدا ئەنجام بدەن.

بە هەمان ڕاو ڕێباز پارتی دیموکراتی کوردستان، ناوچەی بادینانی بە هی خۆ دەزانی، چەکدارو لایەنگرەکانیان دەسەڵاتی باشیان بەسەر ناوچەکەدا هەبوو، ماوەی هیچ لایەنەکیشیان نەدەدا کاری سیاسی و چالاکی پارتیزانی دژ بە ڕژێمی بەغدا لە مەڵبەندەکەدا بکرێت، ڕەزا بوون و بوارنامەی ئەوانی لەگەڵدا نەبێت!

سەدام لە کۆبوونەوەکەدا بە تەواوی چۆکی بۆ شا دادا. دانی بە گشت مەرج و پێداویستەکانی شا نا، نیوەی دووتاری عەرەب (شط العرب) و بە درێژایی سنوور و گەلێ ناوچەی لە سنوور دا بە ئێرانیەکان. هەر کە لە ١٩٧٥/٣/٦ بەیاننامەی ڕێککەوتنەکە بلاوکرایەوە، سیستێمی ئێران بە تەواوی پشتی لە شۆڕشەکەی ئەیلول کردو لە گشت بەڵێنەکانی پاشگەزبۆوە. سنووری بە ڕووی ئەتەوەی کوردستانی باشوور (عێراق) داخست ڕێککەوتنە شوومەکە بوو بە هۆکارەکی سەرەکی لە هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلولی کوردستان.

کە حشع ناچار کرا شێوازی خەبتی بگۆڕێت، ئەرکێک لە ئەرکەکانی بوو بە خەباتی چەکداری سەخت، لە سەرەتادا نە نەخشە نە بڕیارێکی داڕێژراوی ئەوتۆ نەبوو کە ڕاکردووەکان ڕوو بکەنە چ ناوچەیەک، یا چ شوێنێک دەشێ بکرێت بە بنکەی سەرەکی بۆ زۆربەی ئەندام و کادرە سەرەکیەکان. ڕێککەوت وا هات کە ناو زەنگ و زەڵێ شوێنی گەڵێ لەبار و لەژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەدا بوو، هەر هەندە بیندرا پەی دەر پەی، کلو کلو دەستە دەستە ژمارەیەکی زۆر لە کادر و ئەندامەکانی حشع بەتەک بنکەکانی سەرکردایەتی ینک کۆبوونەوە، بنکەی خۆشیان بنیات نا... لە بەرگی یەکی (چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی خەباتی گەلی کورد) باسی ئەم وانیە هاتیە و نووسیومە کە : ئەوکات هەڵوێستەکانی سەرکردایەتی ینک لە هەموو ڕووێکەوە برایانە و ڕێکوپێک بوو، بەپێی توانایان دەستی یارمەتیان بۆ درێژ کردبوو... هتد.

زووش بۆمان دەرکەوت کە لە ڕووی سیاسی و فیکری و پێوەندی نیشتمانی، کێشە و جیاوازییە کۆنەکانی نێوان هێزە کوردستانیەکان هەر ماوە. یەکەم جیاوازی و بۆچوونی فیکری و سیاسی کە لە سەرەتادا نێوان حشع و ینک بە ڕاشکاوی دەرکەوت، هەڵوێست و هەڵسەنگاندن بوو بەرامبەر بە (پدک) و بنەماڵەی خوالێخۆشبوو مستەفا بارزانی!

لە ناوەڕاستی ۱۹۷۹ کۆمیتەی مەرکەزی حشع، دەرسی باری کوردستان و عێراقی کرد، بڕیاری وەرگرت کە پارتی دیموکراتی کوردستان بە هەموو کەم و کورتی و هەڵە زل و زۆرەکانی هێزێکی نیشتمانی نەتەوەییە، ڕۆڵی خۆی لە کۆمۆڵگای کوردەواریدا هەر

ماوە، بەشێکیشە لە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردستانی و عیراقی.
بۆیە لەسەر حشع پێویستە بە توندی دژی شەڕی کورد کورد کوژی بوەستێت، تەقەلای دڵسۆزانە بدات پێوەندی نێوان گشت هێزە بەرهەڵستکارەکان بە تایبەت نێوان (پدک) و (ینک) بگەڕێتەوە سەر بارو دۆخێکی دۆستانەو هاوکاری کردنی یەکدی. پێکڕا خەباتکردن دژی ڕژێمی فاشی ئەنجام بدەن. هەمەوو هێزو لایەنەکانیش تێبکۆشن بەرەیەکی بەرفراوان بنیات بنێن.
تا ماوەیەکی باش سەرکردایەتی حشع و ینک لە زۆریەی بۆچوون و لێکدانەوە و هەڵسەنگانەکانیان، دەربارەی باری کوردستان و ئاسۆی داهاتووی عیراق، لە یەکدی نزیک بوون تەنیا دوو خاڵی سەرەکی نەبێت:
١- هەڵوێست بەرامبەر بە (پدک) و بنەماڵەی ئەمر بارزانی.
٢- کوردستانی باشوور بکرێت بە گۆڕەپانی خەباتی سیاسی و چەکداری و چالاکیەکانی پێشمەرگە بۆ هەمەوو هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عیراقی و کوردستانی، پاوان کردن و کەنترۆڵ لە نێواندا نەبێت.
لە گشت یەکتر بینین و کۆبوونەوەکانی دوو قۆڵی و زێتر، کە لە نێوان هێزەکان دەکرا، دەمەتەقەو مشتومڕی زۆرو گفتوگۆ لەسەر ئەم دوو خاڵە دەکران. لە هەمان کات و بارودۆخدا گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی بەسەر ئێراندا هات، شۆڕشی گەلانی ئێران لە شوباتی ١٩٧٩ سەرکەوت و ڕژێمی پاشایەتی پەهلەوی ڕووخێندرا، ئەمە تەئسیرێکی کاریگەری کردە سەر سەرجەمی کاروبار و پێوەندی نێوان پارتە کوردستانیەکان، خەبات و تێکۆشانی سیاسی و چەکداری لە هەردوو دیوی خاکی کوردستانی ڕۆژهەلأت و باشوور کەوتە گەشە کردن.

دوا بەدوای سەرکەوتنی شۆڕشەکە لە ئێران، لە ماوەیەکی کورتدا حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کەوتەوە سەر شنگ و هێزی، کارو ئەرک و ڕێکخراوەکانی خۆی ڕێکخستەوە. زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە دەوروبەری کۆبوەوە. بوو بە هێزێکی جەماوەری کەم وێنە لە سەرانسەری ئێران.

یەکسەر رژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران وەک هەر رژێمی دەسەڵاتداری شۆڤێنیست کەوتە دژایەتی کردنی ڕاپەڕینە پیرۆزەکەی نەتەوەی کوردی کوردستانی ڕۆژهەڵات. بە هیچ شێوەیەک ئامادەبیان نیشان نەدا بە ڕێگای گفتوگۆ کردنی ئاشتیانە لەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستان بگەنە ئاکامێکی پڕ سوودی بەگەن کراو. دان بە هێندێ مافە رەواکانی نەتەوەی کورد بنێن. بەسەر حدکا و هێزەکانی چەپی کوردستانیان سەپاند بەرگری لە بوون و نەمانی خۆیان بکەن. چارەیان نەما پەنایان بردە بەر خەباتی چەکداری و شەڕی پارتیزانی.

لە هەمان کاتیشدا سەرکردایەتی پارتی و زۆربەی هێزو لایەنگرەکانیان لە ناوەڕاستی ١٩٧٥ لە خاکی ئێران دەژیان، رژێمی کۆماری ئیسلامی، هەروەک رژێمەکەی حەمە ڕەزا شای پێشوو کەوتە سەرپەرشت کردن و ئامۆژگاری کردنیان.

زوو بەسەر (پدک)یان سەپاند کە دەبێ گێوگرو ئامادە بن بۆ جێبەجێ کردنی هەموو ئەو فەرمان و بڕیارانەی لێیان داوا دەکرێت. شاردراوەش نیە و لای زۆربەی هێزەکانی نیشتمانی و دیموکراتی لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ڕوون و ئاشکرایە کە (پدک) و هێزە چەکداریەکەی ماوەی چەند ساڵێک وابەستەو گێو لە مستی ئەرتەش و پاسداران بوون. تووشی گەلێ هەڵوێست و کردەوەی چەوت و ناڕەوا

هاتن دژی (حدکا) و کوردستانی ئێران. ڕێبازو کارو کردەوەکانی ئەوکاتیان و هەڵوێستیان ئازاری زۆریان بەسەرجەمی جولانەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد گەیاند!

خۆ هەر کە خەباتی چەکداری و شەڕی پارتیزانی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دەستی پێکرد، حدکا کەوتە تەقەلادانی زۆر، چەکدارەکانی پارتی لە تەک ئەرتەش و پاسداران دوور بخەنەوە، دەست نەخەنە ناو کاروباری کوردستانی ئێران، چەکدارەکانیان بۆ دیوی کوردستانی باشور بگەڕێنەوە.

(یەک) هەر لە سەرەتاوە لەسەر ئەم داوا و هەڵوێستە بەتوندی پشتی (حدکا)ی دەگرت! بە پێچەوانە سەرکردایەتی پارتی بە سووربوونێکی توند داکۆکی لە ڕەفتارو کردەوەکانی خۆی دەکرد!

لە نێوان ئەو کێژاوەو کەبن و بەینانەدا دوژمنە سەرەکیەکانی نەتەوەی کورد، کە ستەمکارانە کوردستانیان خستۆتە ژێر پۆستاڵی خۆیان. ساتێک ئەسرەوتان لە قوڵ کردنی ئازار و پرۆسەکانمان و گرێواری کردنی. هەمیشە هاندان و بەگژ یەکدا کردنی هێز و پارتە کوردستانیەکان بە ئەرکی ژمارەیەکی خۆیان دادەنا !

لەسەرەتای ۱۹۸۳ سەرجەمی باری کوردستان لە هەردوو دیوبدا یەکجار ئاڵۆز و شێواو بوو. گەلێ دیاردە بە زەقی تێدا بەدی دەکرا وەک:

١- هەرچەندە جەنگە ناڕەواو وێران کەرەکەی نێوان عێراق و ئێران لە تەوژمی کوشت و بڕو کاولکردندا بوو، دەبیندرا هەردوولایان چرکەیەک لە دوژمنایەتی کورد و هێرش بردن بۆ سەر خاکی کوردستانیان نەدەوەستان.

٢- حکومەتی تورکیای داگیرکەری کوردستانی باکور، هەر بەبنا بەین بە چەکی هەمە جۆر و فڕۆکەی جەنگی هێرشی دەهانیە سەر هێندێ ناوچەکانی کوردستانی باشوور، زیانی بە ناوچەکانیش دەگەیاند.

٣- ڕژێمی بەعسی فاشی بەغدا بە بەردەوامی تەقەلای دەدا و خەریکی ئەوە بوو، دووبەرەکی و دڕ دۆنگی و شەڕی کورد بە کورد گۆڕتن بەتین بکات و پەرەی پێبدات.

بە بەردەوامیش وەرامی بۆ سەرکردایەتی پارتە کوردستانیەکان دەنارد بکەونە گفتوگۆ لەگەڵیدا بەمەرجێک جیا جیا بێت. بە درۆ و فرت و فێڵ و ساختە ئامادەیی دەردەبڕی کە نیازی پاکە و دەیەوێ لەگەڵ کوردەکان ڕێکبکەوێت.؟!

٤- زۆر لە کۆنەوە زاندراوە کە شۆڤێنیستە داگیرکەرەکانی کوردستان لە پێشەوەیاندا ڕژێمی ئێران و عێراق، دۆستایەتی هیچ هێز و پارتێکی کوردستانیان نەکردووە، ئامادەش نەبوون بچووکترین کۆمەک پێشکەش بکەن، ئەگەر لایەنەکە وێراو گێڕ لە مستی ئەوان نەبێت، لەسەر ئەو پلانێنەخشەش نەڕوات لەلایەن ئەوانەوە کێشرا بێت.

٥- زلهێزە داگیرکەرەکانی کوردستان بە گەلێ شێواز و ڕێگا، تەقەلای زۆریان دەدا نۆکەرو کاسە لێسەکانی خۆیان بنێرنە ڕیزی هێز و پارتە کوردستانیەکان و ئۆپۆزسیۆنەکانی عێراقی و ئێرانی، بۆ ئەوەی چەندە لە توانایاندا بێت بە کاری تێکدەری و گێرە شێوێنی و ئاژاوە نانەوە هەڵبستن، نەهێڵن برایەتی و دۆستایەتی و خەبات و تێکۆشانی هاوبەش لە نێواندا دروست بێت و گەشە بکات.

٦- لەژێر پەردەی شانازی کردن بە کوردایەتی، یا عەقڵیەتی پارتایەتی تەسک و توورەسک، یا دەمار ڕەقی چەپگەری و شۆڕشگێڕایەتی، ڕۆژانە چەندان وردە کارکردنی تێکدەری بۆ خۆشکردنی ئاگری دوژمنایەتی کردنی یەکدی لە نێوان هێزە کوردستانیەکان بەرپا دەکراو بارەکەی دەهەژاند.

لە نێوان ئەو بارودۆخە تێک چرژا و ئاڵۆز و لێڵ و گرێوارییانەدا، سەرەتای هەر هەڵوێست و بزاڤێکی ڕەوای ڕاستەقینەی هۆشمەندانە لە ئاسۆدا دەرکەوتبایە، یەکسەر تەگەری دەخرایە پێش، پیادەکردنی نەدەبینی و لە شوێنی خۆیدا دادەمرکایەوە.

زندە لە مانەی ئاماژەشیان بۆ کراوە، چەند ڕووداوێکی دیکەی هاتە پاڵ، گشتیان بوونە هۆکاری بنەڕەتی بۆ ئەوەی پێوەندی نێوان بەرەی نیشتمانی دیموکراتی (جود) و بەرەی نیشتمانی نەتەوایەتی (جوقد) پتر داببرزێت گومان و بێ بڕوایی پتر تەشەنە بکات. بەتایبەتەند ئەو دۆستایەتی و پێوەندییەی نێوان (ینک) و (حشع) هەبوو، ڕووی دیکە وەربگرێت و لاواز بێت.

ڕووداوەکانیش ئەمانە بوون:

١- پێوەندی هێزەکانی چەکداری بەرەی نیشتمانی دیموکراتی (جود) پەی دەر پەی ڕۆژانە پتر پتەو دەبوو، لە چەند ناوچەیەکی کوردستانی باشوور بە پێکڕایی کەوتبوونە گەڕان و سووڕان.!

(ینک) ئەم کردەوانەی وا لێکدەدایەوە کە ناحەزی و دژایەتی کردنە بۆ دەسەلاَت و هێز و توانای ئەو.؟

٢- سەرکردایەتی ینک سوور بوو لەسەر هەڵوێست و ڕێبازی کۆنی کە نەخشەی بۆ کێشا بوو، ئەویش بریتی بوو کە بەبێ ڕێککەوتن و

ڕەزا بوونی ئەودا. قەدەغەیە چەکدارەکانی (پدک) بگەڕێنەوە ناوچەکانی سووران، یا هێزی چەکداری (جود) گەشە بکات.

٣- پاشگەزبوونەوەی سەرکردایەتی حشع لە ڕێککەوتنەکەی ١٩٨٢/٢/٦ تەرابلس ـ لیبیا، ئەنجامێکی خراپی لەلایەن بەرەی نیشتمانی نەتەوایەتی (جوقد) بەتایبەتی لەلایەن (ینک) پەیدا کرد.

٤- دوورکەوتنەوەی بارەگا سەرەکییەکانی حشع لە نۆکان و ناوزەنگ و زەڵێ بەپەلە و گوازتنەوەیان بۆ پشت ئاشان.

٥- بە کردەوە و هەڵوێست لە ڕووی پروپاگەندەو ڕاگەیاندن، حشع پارسەنگی تاوێژی کردنی بۆ لایەن گرتنی پدک و حسک دادەشکاندەوە.

٦- لەماوەی دوو ساڵ کەمتر، دوو جار هێزێکی زۆری (پدک) هات لوتکەی شاخە بەرزەکانی پشتی گوندی دۆڵەتوو سەری جاسوسانیان گرت، بەرامبەر بە بنکەو بارەگاکانی سەرکردایەتی (ینک) کەوتنە هەڕەشەو گەف کردن.

٧- لەناو سەرکردایەتی پارتەکانی بەرەی نیشتمانی (جود)دا هەبوون بە زەقی و سەرگەرمانە تەقەلاو کۆششیان بۆ ئەوە دەکرد، بە هەر شێوازێک بێت سنوور بۆ لە خۆبایی بوون و دەست درێژی کردنەکانی هێزەکانی (ینک) دابندرێت.

٨- دام و دەزگاکانی جاسووسی و ڕاگەیاندنی دوژمنەکانی کوردستان بە نهێنی و بە ئاشکرا، ڕۆڵێکی یەکجار کاریگەری تێکدەریان دەبینی بۆ قوڵکردنی کێشەو ناکۆکییەکانی نێوان هێز و پارتەکانی گۆڕەپانەکە، بەتایبەت نێوان ینک و حشع <٦٣>

له بهرگی یهک و دووی کتێبی (چهند لاپهڕهیهک له مێژووی خهباتی گهلی کورد)دا بهڵگهنامهی زۆرو زهبهند دهربارهی پێوهندی نێوان هێزهکانی کوردستانی و ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی، شهڕی کورد کورد کوژی بڵاوکراوهتهوه، پێویست به دووبات کردنهوهیان ناکات، (١١) كه له دوای راپهڕینه پیرۆزهكهی مانگی مارتی ١٩٩١، هێلانه و داو و دهزگاکانی ئهمن و موخابهرات له ههرێمی کوردستان دهستی بهسهردا گیرا. بهتهن بهڵگهنامه و کاغهز و کاره نهێنیهکانی جاسوس و تێکدهری رژێمی فاشی بهغدا کهوته ژێر دهستی جهماوهر و هێزهکانی سیاسی، ئهمه یهکێکه لهو بهڵگهنامانه:

- كتاب مديرية الاستخبارات العامة رقم ٢٠٧٢٨ في ١٩٨٣/٢/١

الموضوع: بث دعاية و تحريك*

يعطلب من كافة الاجهزة المخابراتية في المنطقة الشمالية بث الاشاعة بين المواطنين الاكراد و ايصالها الى فصائل التخريب بالوسائل الممكنة و ايصالها الى العناصر المتعاونة في صفوف المخربين، بالخصوص زمرة (حسك) في وادي الان و سماقوليان و خوشناو و تحريك الزمر المذكورة

باثارة الشقاق و الخلافات بين الاتحاد الوطني و الحزب الشيوعي و الايعاز الى بعض العناصر بضرب مقرات زمرة الاتحا ليلا و نصب الكمائن، كما يعطلب في نفس الوقت تكليف المفارز الخاصة بالقيام بفعاليات ضمن القاطع اعلاه و بث اشاعة عن وجود تعاون و تفاوض بصورة مخفية بين الاتحاد الوطني الكردستاني و السلطة و عن قرب خروج الحزب الاخير عن الجبهة المعلنة في سوريا و عن تغير موقفه حول اسقاط النظام.

* التشديدات بالخطوط من عندنا

لیرەدا یەکسەر دێمە سەر ئەو هەنگاو و تەقەلادانەی پێشی ڕوودانی کارەساتەکە، بە ماوەیەکی کەم ئەنجام دەدرا بۆ چارەسەرکردنی کێشەو ناکۆکیەکان بە گفتوگۆ و وتووێژی برایانە و بە بەربەستکردنی شەڕی برا کوژی.

هەروەها لە چەند شوێنێکدا باسی ئەوە کراوە کە بە بەردەوامی ڕژێمی بەغدا کۆششی دەکردو کەسانی بروا پێکراو یان لایەنگر بە خۆیەوە بۆ سەرکردایەتی پارتیەکانی کوردستان دەنارد کە بگەڕێنەوە ریزی نیشتمانی و هاوکاری کردنی پارتی بەعس. ڕژێمیش ئامادەیە بکەونە گفتوگۆ کردن لەگەڵیاندا، بەو مەرجە پێوەندییەکان دوو قۆلی بێت ئامادەش نیە بە هیچ شێوەیەک بە یەکپارچەیی لەگەڵ هێزە کوردستانیەکان کۆبوونەوە بکەن!

جارێکی دی لە سەرەتای ۱۹۸۳، دەنگ بڵاوبۆوە کە ڕژێمی بەغدا نوێنەری تایبەتی بۆ سەرکردایەتی پارتەکانی کوردستان هەناردیە، داوای کردیە بکەونە گفتوگۆ و وتوێژ.

بە مێژووی ۱۹۸۳/۱/۲۸ مام جەلال بە نامەیەکی کورت، داوای لە م.س حشع کردبوو کۆببنەوە. ڕۆژی ۱۹۸۳/۱/۳۰ نوێنەرانی حشع هاوڕێیان کەریم ئەحمەد، عەبدولڕەزاق سافی و ئەحمەد بانیخێلانی بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ سەرکردایەتی (ینک) بەرەو (ناوزەنگ) کەوتنە ڕێگا.

ڕۆژی ۱۹۸۳/۲/۱۰ هەرسێ هاوڕێ کە گەیشتنەوە (پشت ئاشان) کۆبوونەوەیەکیان بۆ ئەندامەکانی م.س و ل.م کە لە نزیکیان دەژیان ساز کرد، هاوڕێیان بۆیان گێڕاینەوە:

کۆبوونەوەکە لەگەڵ برادەرانی سەرکردایەتی (ینک) گەلێ

سەرکەوتوو بوو، لەسەر چەند خاڵێکی گرنگ ڕێککەوتین. دەقی مەحزەری دانیشتنەکەیان خستە پێشمان.

ئەمەش دەقەکەیەتی:

محضر لقاء بين الحزب الشيوعي العراقي و الاتحاد الوطني الكردستاني في ٥، ٦ شباط ١٩٨٣

وفد الحزب الشيوعي العراقي: ابو سليم، ابو مخلص، ابو سرباز.

وفد الاتحاد الوطني الكردستاني: جلال الطالباني، نوشيروان، فريدون، الملازم عمر، د. خضر، جمال حكيم، جمال طاهر، ارسلان

تم اللقاء في مقر الاتحاد الوطني الكردستاني

بدأ الاجتماع بترحيب حار من الرفيق جلال الطالباني، سكرتير عام الاتحاد الوطني الكردستاني بوفد الحزب الشيوعي العراقي، و ابداء الاستعداد للتباحث في القضايا التي تهم الطرفين بما يعزز العلاقات بينهما، و على طريق الجبهة الوطنية الشاملة و الاعراب عن الامل في ان تسود المحادثات روح المودة بين الطرفين و الصراحة الرفاقية.

و قد رد الرفيق ابو سليم باسم وفد الحزب الشيوعي العراقي شاكرا الحفاوة التي استقبل بها الوفد. و اكد المنطلقات التي تحدث عنها الرفيق جلال الطالباني و تمنى النجاح للقاء.

و بعد ذلك جرى التداول في جدول عمل اللقاء و النقاط المراد بحثها و اتفق على التداول في:

١- الوضع في العراق.

٢- العلاقات بين الطرفين.
٣- العلاقات مع اطراف الحركة الوطنية.
و بصدد النقطة الاولى جرى الاتفاق على ان الحرب المدمرة التي شنتها الطغمة الدكتاتورية ضد ايران. و استمرارها مايزيد على الثمانية و العشرين شهرا قد عمقت الازمة التي يعيشها النظام اكثر فاكثر في جميع المجالات السياسية و العسكرية و الاقتصادية و الاجتماعية. و ان الوضع الاقتصادي قد تدهور اكثر من اي وقت مضى، و ان جدار الارهاب الدموي الذي اقامة النظام بدأ يتشقق، و تزداد تحديات الجماهير لاجهزة القمع الارهابية.
و لاحظ الطرفان ان السلطة توغل في اتجاهها نحو القوى الرجعية في المنطقة و طلب نجده الامبريالية العالمية ـ و في مقدمتها الاميركية ـ لتخليصها من ورطتها في الحرب و مساعدتها على البقاء في الحكم.
وان الضعف الذي تعانيه السلطة الدكتاتورية، جراء اشتداد ازمتها و تزايد عزلتها عن الجماهير و وجود بوادر لتصاعد النضال الجماهيري ضدها، يحملها على اللجوء الى المناورة، و اشاعة الشائعات عن وجود مفاوضات لها مع بعض القوى و الاحزاب الوطنية بهدف اضعاف نضال الجماهير ضد الدكتاتورية و بلبلة الجماهير و منعها من تصعيد نضالها.
و جرى الاتفاق بين الطرفين على احباط مناورات السلطة، برفض المفاوضات و الضغط على السلطة عن طريق اتخاذ موقف موحد من قبل كل الاطراف الوطنية، من اجل فرض التراجعات عليها. كما جرى الاتفاق بيت الطرفين على تبادل المعلومات، بشأن السلطة بهذا الشأن اولا باول، في سبيل اتخاذ مواقف موحدة تجاه هذا انشاط.
و جرى التطرق الى موضوع البديل الذي ينبغي ان يعقب اسقاط

السلطة الدكتاتورية، و اتفق الطرفان على العمل المشترك من اجل ان يكون هذا البديل حكومة وطنية ديمقراطية ائتلافية تتسع لجميع القوى الوطنية المناضلة ضد الدكتاتورية و النضال ضد فرض اي بديل يلغي حق الشعب العراقي في ممارسة حقه في تقرير مصيره و شكل النظام الذي يريد ان يحيا في ظله و الدفاع عن الاستقلال الوطني، و للوصول الى هذا الهدف المشترك اتفق الطرفان على العمل سويه من اجل اقامة جبهة وطنية شاملة لكل القوى الوطنية المعادية للدكتاتورية، ذات شخصية وطنية مستقلة، و تائيد كل المساعي النبيلة التي تبذل في هذا المجال، و دعوة كل القوي الوطنية العراقية الى تشديد نضالها و تركيز قواها في مقارعة الدكتاتورية الغاشمة على الساحة العراقية.

و ان النجاح في هذا المسعى و ظهور هذه الجبهة، التي تجسد البديل الديمقراطي الذي ينشده الشعب، سيضاعف قوى المعارضة العراقية عدة مرات، و يخرجها من حالة التشتت الحالية و يعزز ثقة الجماهير بانتصار النضال العادل لاسقاط الدكتاتورية.

و لذا اتفق الطرفان على ضرورة تعزيز الجهود الرامية الى بناء الجبهة الوطنية الشاملة و بذل المساعي للتغلب على المصاعب التي تعيق ذلك.

و بحث الطرفان موضوع تعزيز العلاقات بينهما في جميع المجالات. و لتحقيق ذلك جرى الاتفاق على ما يلي:

١- عقد لقاء شهري على المستوى القيادي (مرة عند اوك و مرة عند حشع)

٢- اقامة لجان تعاون مشترك في القواطع و المدن و القرى حيث يوجد رفاق من الطرفين.

٣- القيام بعمليات عسكرية مشتركة و جولات حيثما امكن القيام

بذلك.

٤- البحث في وضع خطة طوارئ مشتركة.

٥- تنظيم جباية رسوم الكمارك بشكل مشترك.

و جرى بحث موضوع مجالس الشوري في القرى و اتفق الطرفان على ضرورة التعاون على انجاح التجربة الديمقراطية و ذلك بدفع الجماهير للممارسة حقها في انتخاب ممثليها الى هذه المجالس بحرية دون فرض احد عليها. و التعاون بين الطرفين لتوجيه هذه العملية بما يخدم تعويد الجماهير على الممارسات الديمقراطية و اقامة اجهزة السلطة المنتخبة من قبلها.

و بحث الطرفان موضوع العلاقات مع القوى الوطنية الاخرى.

و جرى الاتفاق على ضرورة بذل المساعي من جانب الطرفين لتحسين العلاقات مع كل الاطراف في الساحة الكردستانية و العراقية و السعي المشترك لازالة الخلافات و حل المشاكل الناجمة عن الممارسات السلبية، و تجنب القتال بين الاطراف الذي لايمكن ان ينتفع منه غير اعداء شعبنا العراقي بعربه و كرده، من حكام دكتاتوريين و امبرياليين و صهاينة و رجعيين، و الاعتماد في حل المشاكل على اللقاءات المباشرة و اللجان المشتركة، و تحكيم الاصدقاء لدرء كل ما من شانه تعقيد العلاقات بين اطراف الحركة القومية الكردية و غيرها من الاطراف داخل العراق و في المنطقة.

جلال الطالباني	كريم احمد الداود
عن الاتحاد الوطني الكردستاني	عن وفد الحزب الشيوعي العراقي

١٩٨٣/٢/٦

لە هەمان کات و ڕۆژدا، ڕێککەوت وا هاتبوو کە لە تەرابلس پایتەختی لیبیا نۆزدە (١٩) پارت و گروپ لەسەر بنیاتنانی بەرەی بەرهەڵستکاری هێزەکانی کوردستانی و عێراقی ڕێککەوتبوون و (لەشوێنێکی دیکەی ئەم کتێبەدا باسی کۆبوونەوە و ڕێککەوتنەکەی تەرابلس هاتیە)

ئەنجامی هەردوو هەنگاوە پیرۆزەکە (هی تەرابلس و هی ناوزەنگ) بۆ ڕێکخستن و یەکگرتنی یەک جەمسەر دەگەیشتەوە یەک خۆشی و شادی، گیانی پڕ تەفاول، هیواو وورەی بەرزی لە نێو دڵ و دەروونی تێکۆشەران و جەماوەر ڕسکاند.

م.س حشع بروسکەی پیرۆزبایی و خۆشحالبوونی، بۆ م.س پدک نارد.

ئەمەش تێکستیەتی:

من م.س حشع

الى م.س حدك

العدد: ٨

التاريخ ١٩٨٣/٢/١٤

قبل ايام صدور بيان عن ١٩ (تسعة عشر) حزبا و منظمة عراقية و من بينها اطراف (جود) دعا البيان الى وضع حد للاقتتال بين الفصائل الوطنية العراقية.

ان ما تحقق هو خطوة في طريق ما ناضلنا من اجله سوية. لقد تم بيننا و بين (اوك) و كان موقفه ايجابيا لتحسين العلاقة معكم. و اتفقنا بعض الاتفاقيات الايجابية. و اليوم وصلتنا اخبار تشير الى ان وحداتكم في منطقة آلواتان ـ كونة مشكة لا تزال ترافق القوات الايرانية لتهاجم

مواقع (اوك) في منطقة نركان ـ ناوزةنگ و اننا حرصا على مجهوداتنا المشتركة لتوحيد جهود القوى الوطنية ضد العدو المشترك. نأمل ان تتداركو الامر سريعا حتى لا تتكرر المأساة السابقة. نقترح في منطلق الاخوة و الحرص، باتخاذ التدابير الضرورية العاجلة لتجنب مرافقة وحداتكم للقوات الايرانية و عدم القيام باى شكل كان بما يخلق لكم و لنا المزيد من المصاعب و التعقيدات.

آملين الالتزامات بتاكيداتكم لنا، خدمة لمسيرتنا المشتركة.

ابيؤنا.

م.س پدک وەرامی دایەوە ئەوەش تکستەکەیەتی:

م. م.س حدك

الى م.س حشع

العدد: ٧

التاريخ ١٩٨٣/٢/١٥

برقيتكم ٨، تحية رفاقية وضحنا الموقف و نؤكد مايلي:

استقرت قواتنا في اعلى قمة كاجراء وقائي دفاعي لوضع حد لضغوط اوك على قواتنا (الفرع الثاني و الرابع) و كي يفهم الموقف، فليكف عن التحرش بنا هذا الاجراء هو الضمان الوحيد لوضع حد لاقتتال الاخوة اللذي يثيره اوك. تقدم و استقرت قواتنا بوحدها و لم يكن معها قوات ايرانية مطلقا. لم نضرب اوك و لن نضربه ان ظل موقفه ايجابيا.

تقدر جهودكم الايجابية و ستكون نحن اضا ايجابين ان ظل اوك هكذا.

يوم ١٩٨٣/٢/٩ هاجم اوك قواتنا هناك و لم تحقق شيئا. تحركنا قبل ٦ شباط و لم تسفك قطرة دم واحدة.

لان لم يكن في القمة احد. اقلقتنا اصطدامات اوك مع سوسياليست في سهل كوي و شوان، اوعزنا الى الفرع للتنسيق مع رفاقكم في جهود مشتركة لتخفيف التوتر.

مع التقدير

م.س حشع به بروسكه و نامه‌يه‌كى كورت، پێشنیارێكی پێشكه‌ش به‌سه‌ركردایه‌تی ینک كرد: كه ئایه ئاماده‌نه له‌گه‌ڵ م.س پدک كۆبوونه‌وه‌یه‌كی سێ قۆڵی بۆ چاره‌سه‌ركردنی ئه‌م ئاكۆكی و ململانێیه‌ی له نێوان ئێوه‌و پدک دا هه‌یه؟

ینک له وه‌رامدانه‌وه‌یدا ئاماده‌یی خۆی نیشاندا، به‌گه‌ر م.س حشع ئه‌م بروسكه‌ی بۆ م.س پدک نارد.

ده‌قه‌كه‌ی:

من: م.س حشع

الى: م.س حدك

العدد: ٩

التاريخ ١٩٨٣/٢/١٦

جرى الاتفاق مع اوك في اللقاء الاخير معهم، بعقد اجتماع بينكم و بينهم و نحضره نحن.

نرجوا اعلامنا برأيكم..

ئه‌مه‌ش ده‌قی وه‌رامی م.س پدک

م: م.س حدك
الى: م.س حشع
العدد: ٩
التاريخ ١٩٨٣/٢/١٦

برقيتكم ٩ نحن موافقون، طبعا بعد تخفيف التوتر الحالي و تطويق اثاره، نرجو اعلامنا في وقت لاحق عن تصوركم حول مكان و موعد و مستوى اللقاء، للبث في التفاصيل

رۆژی ١٩٨٣/٢/١٦ هەمـــــان سێ هاوڕێکەی دە (١٠) ڕۆژ لەمەوبەر کۆبوونەوەیان لە (ناوزەنگ) لەگەڵ سەرکردایەتی یەک کردبوو، بۆ گوندی (ئاشقولکە) چوون. کۆبوونەوەیان لەگەڵ بڕادەرانی سەرکردایەتی حسک کاک ڕەسوڵ مامەند، کاک قادر جەباری، کاک سەعدی عەوێنە کرد بوو،
شەو کە گەڕانەوە لامان ئاگاداریان کردین: گفتوگۆی زۆریان لەسەر باری کوردستان و پێوەندی نێوان هێزە کوردستانیەکان کردبوو کە پێویست دەکات بە چ شێوازێک ڕەفتار و بزاڤ بۆ چارەکردنی ئەم گیروگرفتانەی لە نێوانیدا هەنە بکرێن. لەسەر ڕەوت و ڕۆشنایی ڕێککەوتنەکەی ١٩٨٣/٢/٦ تەرابلس.

لە هەمان کات و ڕۆژ دوو بروسکەی ناخۆش و دڵتەزێنەر گەیشتە م.س حشع،
ئەمەش دەقەکەیانە:

من: ق. اربيل(٦٤)
الى: م.س
١٩٨٣/٢/١٥

اعلمنا قوات اوك في قاطع اربيل ان القتال تجدد في دشت اربيل بينهم و بين حسك. هناك قتلى و جرحى بين الطرفين، و اعترفو باسر سبعة من انصارنا. لا نعرف الى الان هل لدينا شهداء. المعارك مستمرة رغم جهودنا لوقفها. نرجو اشعار م.س اوك بوقف القتال و سحب قواتهم الاضافية في منطقة دشت اربيل و كوى.
رأيكم..

دەقی بروسکەی دووەم:

من: ق اربيل
الى: م.س
١٩٨٣/٢/١٦

الحاقا ببرقيتنا في ١٩٨٣/٢/١٥ ان اوك نصب كمينا متعمدا في ١٩٨٣/٢/١١ لسرية فوج ٥ و سرية ٣ فوج ٢١ سقط ثلاثة شهداء: اسماعيل آمر فرج، محمود قادر آمر فصيل لسرية ٣ و گيلان مع ستة جرحى و سبعة اسرى.
المعركة لازالت مستمرة، حاجاتنا للعتاد، كلاشينكوف، كرينوف، برنو
م.س حشع بە پەلە کەوتە دەرسکردنی بارە دژوارو ناجۆرەکە. ئەم

بروسکەی بۆ م.س ینک نارد:

من: م.س حشع
الى: م.س اوک
١٩٨٣/٢/١٦

اعلمنا رفاقنا ان صداما حدث بينكم و بين حسك و انهم يبذلون المساعي لحقن الدماء. و بعد ذلك اعلمنا بان انصاركم قد نصبوا كمينا متعمدا لرفاقنا في ١١ و ١٩٨٣/٢/١٢ نجم عن استشهاد ثلاثة و جرح ستة و اسر سبعة من رفاقنا.
نطالبكم بايقاف القتال فورا و اطلاق سراح الاسرىً مع اسلحتهم و سحب قواتكم الاضافيةالمرسلة الى هناك و الشروع بالتحقيق المشترك لمعرفة المسؤلين و معاقبتهم..
انيؤنا...

ڕووداوەکان بە خێرا یەک دوای یەک ڕووی دەدا، لەماوەی چوار پێنج ڕۆژ چەند بروسکە و نامەی بەپەلە، لە نێوان سەرکردایەتی پارتەکان ئاڵ و گۆڕ کران. بۆنی هەڕەشەکردن و گرژی و دڕدۆنگی لە یەکدی تێدا بەدی دەکرا.
بە لێکدانەوەو بیرکردنەوەیەکی کەم، بۆ مرۆڤ دەردەکەوت مەترسی ڕەنگدانەوەی تێکهەڵچوون و کینەبەرەیەتی توند و شەڕی ناوخۆی بەرفراوان و یەکدی کوشتن لە تاپلۆی ڕووداوەکان دەکەوتە بەر چاو!
پارتی کۆمۆنیستی عێراقیش کە سێ ساڵ پتر وەک ناوبژیکەر

تەقەلای بۆ نەهێشتن و لەناوبردنی ناکۆکییەکان دەدا، ڕووداوەکانی ڕۆژانە بۆ ئەوە دەچوو ئەویش بۆ شەڕی برا کوژی ڕابکێشرێت و بکەوێتە ناو گێژنگەری کێشە خوێناوییەکانی گۆڕەپانەکە، وا لێرەدا دەقی هێندێک بروسکەو بەڵگەنامەی دیکە بڵاو دەکەینەوە:

من: ق اربيل
الى: م.س حشع
التاريخ ١٩٨٣/٢/١٧

جود اصدرت نداءا للجماهير، استنكرت اعتداءات قوات اوك على قوى (جود) يطلب النداء و قف القتال فورا و سحب القوات الاضافية الى مواقعها و حل الخلافات بالطرق السليمة

* * *

من: م.س حسع
الى: م.س اوك
التاريخ ١٩٨٣/٢/١٧

نرجوا الايعاز لرفاقكم في قاطع اربيل بتشكيل هيئة تحقيق مشتركة حول الحوادث الاخيرة يشترك فيها حسك ايضا...
انبۆنا.

من: م.س اوك
الى: م.س حشع
العدد: ١
التاريخ ١٩٨٣

نحن آسفين عما حدث ضدكم و لم نكن على علم به و سنعمل على تحقيق ماجاء ببرقيتكم..

* * *

من م.س حدك
الى: م.س حشع
العدد: ٨
التاريخ ١٩٨٣/٢/١٧

برقيتكم ١٠ نداء لجنة جود اربيل بهذا الصدد صدر، نتصور ان المؤمرة اكبر، نرجو رجاء رفاقيا ان تحذروا قد يتركز التآمر عليكم في هذه المرحلة ثم يأتي دورنا. و الهدف ضرب جود و افشال اتفاق طرابلس. المؤمراة من النظام و عملائه المندسين، من الضروري ان نحافظ على تماسكنا مهما كانت المحاولات

سننتصر حتما.

لەنێو ئەم بارە ناهەموار و تێک هەڵڤژان و ئاژاوەدا. ئێزگەی پدک چەند جار بەیاننامەکەی کۆمیتەی بەرەی نیشتمانی دیموکراتی (جود)

لە هەولێر بە کوردی و عارەبی بڵاو کردەوە.
ئەمە دەقەکەیەتی:

ئەی جەماوەری میللەتە قارەمانەکەمان
ئەی جەماوەری هەولێری تێکۆشەر
ئەی پێشمەرگە پاڵەوانەکان

دەمێکە یەکێتی نیشتمانی کوردستان بارێکی ئاڵۆزی لە ناوچەکە دروست کردووە. لە ١٩٨٣/١/١٧ چەکدارەکانی یەکێتی هێرشیان بردووتە سەر بارەگای پارتی دیموکراتی کوردستان لە گوندی (بالوکاوە)‹٦٥› لە ١٩٨٣/١/٢ یشدا (١٢) دوازدە پێشمەرگەی حزبی سۆسیالیستی کوردستانی عێراقیان چەک کرد کە لە چالاکیەکی دژی رژێم دەگەڕانەوە. لە مەیانی ئەم ماوەیەشدا، یەکێتی هێزە چەکدارەکانی خۆی لە دەشتی کۆیە و هەولێردا کۆ کردووەتەوە.
هەروەها لە شەوی ١١ و ١٩٨٣/٢/١٢دا بۆسەکیان بۆ هێزێکی حیزبی شیوعی نایەوە، کە لە بەجێهێنانی چالاکیەکدا دژی رژێم دەگەڕایەوە. هەر لەو ماوەیەشدا هێرشیان بردە سەر گوندی (نێرەگێن)

‹٦٥› بالوکاوە: گوندێکی بچوکە، کەوتووتە نزیک گوندی بالیسان سەر بە لەزای شەقڵاوەیە.

و (میرکە) و (جلبەسەر)<٦٦> و چەند دێیەکی دیکە کە هێزەکانی بەرەی نیشتمانی دیموکراتیان تێدا بوو. بە هەموو جۆرە چەکێک دایان لە مزگەوت و چەند ماڵێکی گوندی (نیرەگین) لە پێش چاوی خەڵک دوویان لە پێشمەرگەکانی حیزبی سۆسیالیستی کوردستانی عێراق لە سێدارەدا.

لە ئەنجامی ئەم لێدانەدا (٨) هەشت پێشمەرگە لە هەموو لایەنەکانی بەرەی نیشتمانی دیموکراتی شەهید بوون، ژمارەیەکی زۆریش بریندار کراون و شەر تا ئێستاکە بەردەوامە.

ئێمە بە توندی بەرپەرچی ئەم کردەوانە دەدەینەوە کە خزمەتی کەس ناکات. تەنیا دوژمنانی گەلەکەمان و رژێمی فاشی نەبێت. یەکێتی نیشتمانی لە ئانەوەی ئەم کوشتارە بەرپرسیار دەکەین.

ئەی جەماوەری تێکۆشەر:

ئەم شەرە لەدوای ئەو کۆبوونەوە فراوانە دێت کە لە تەرابلس کرار کە بە یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە (١٩) نوزدە حیزب و رێکخراو دەگرێتەوە. داوا لە یەکێتی دەکەین زوو کوشتارەکە رابگرێت و هێزەکانیش بگێرێتەوە جێگا سروشتیەکانی خۆیان هەروەها پەنابەرێتە بەر رێگای ئاشتیانە بۆ چارەسەرکردنی هەموو گیروگرفتەکان.

لێژنەی بەرەی نیشتمانی دیموکراتی

لە پارێزگای هەولێر

لە شازدەی شوباتی ١٩٨٣

<٦٦> نیرەگین، میرکە جلبەسەر: سێ گوندن کەوتونەتە رۆژئاوای قەزای کۆیە.

تێبینی: دەقی عارەبییەکەی لە بەشی بەڵگەنامەکاندا بڵاوکراوەتەوە.

پێش ئەوەی بێنە سەر باسکردنی ڕووداوەکانی (پشت ئاشان) ئاماژە بۆ ئەو هێرشە بەرفراوانە کراوە کە لە سەرەتای پایزی ١٩٨٢ هێزەکانی ئەرتەش و پاسداران هێنایانە سەر ناوچەکان ئاڵوەتان ـ کونەمشکە ... هتد.

زۆری نەخایاند بەتەک هێرشی ئێرانیەکانەوە، هێزێکی چەکداری پدک بەسەرکردایەتی حەسۆ میرخان ژاژۆکی، جارێکی دیکە هاتنەوە شاخە بەرزەکانی پشتی گوندی (دۆڵەتو) و (سەری چاسوسان)یان گرتەوە. ئەم هەنگاوە بارەکەی پتر ئاڵۆز کرد.

لە ناوەڕاستی مانگی شوباتی ١٩٨٣ نامەی هاوڕێیان مەحمودی فەقێ خدری قەڵادزەیی و قادر ڕەشید، کە لەگەڵ ژمارەیەک پێشمەرگە بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری حیزبایەتی ناوچەکە و پێوەندی نیشتمانی، لە نۆکان و سونێ هێشترابوونەوە لەگەڵ نامەی مام جەلال تاڵەبانی بۆ هاوڕێ کەریم ئەحمەد و کۆمەڵێ نامەو دەنگوباس گەیشتە م.س حشع.

بە وردی هەموویانم خوێندەوە. ئەوەی بەسودم زانی لەلای خۆم تۆمارم کرد. ئەمەش کورتەی ناوەڕۆکی نامەی دوو هاوڕێکەیە:

(ماوەیەکە مەترسی و ناڕەزایی لە ناوچەکەمان پێنگاوی داوەتەوە، ئارامی هەڵگیراوە، بەهۆی ئەوەی هێزێکی چەکداری (پدک) بە سەرکردایەتی حەسۆ میرخان ژاژۆکی پشتی گوندی (دۆڵەتوو) و لوتکە بەرزەکانیان گرتووە، کارەکە هەرەشە کردنە لە

ینک و حدکا، هەردوولایان ناڕەزا و بێزاری زۆریان لامان دەربڕیوە، ئێمە لە نێوان خۆماندا سەرجەمی بارەکەمان دەرسکرد، کەوتینە بزاف و پێوەندی کردن، لە پێشەوەیاندا بە برادەرانی سەرکردایەتی ینک و حەسۆ مسرخان، لە ئەنجامدا هەستمان کرد هەڵوێستی هەردوولایان ئیجابیە.

لە ڕۆژی ١٩٨٣/٢/١٣ ئێمە هەردووکمان و سەلیم حەسەن‹٦٧› و نوێنەری ینک محمد وەقان لەگەڵ کاک حەسۆ و حمید ڕێکانی کۆبووینەوە. لە سەرەتای دانیشتنەکەدا ئێمە باسی باری ناجۆرو ئاڵۆز و دژواری کوردستانمان کرد، ڕەخنەو ناڕەزاییمان لەسەر ئەوە دەربڕی کە پێشمەرگەکانی پدک هاتوون لرتکەی شاخە بەرزەکانیانی بەرامبەر (سونێ) و (شێنێ) و (ناوزەنگیان) گرتیە، پێمان گوتن کارەکەیان ناڕەوایە، چەوتە، شەڕ فرۆشتنە بە (حدکا) و (ینک)... هتد.)

کاک حەسۆ لە وەرامیدا گوتی: ئێمە هاتووینە ئەم شوێنانە تێپەڕین بۆ هێرش بردن بۆ سەر دام و دەزگاکانی ڕژێمی بەغدا، شەڕی ینک ناکەین ئەگەر ڕێگامان نەگرن.

کاک محەمەد وەقان نوێنەری ینک و فەرماندەی تیپی ٦١ پێشمەرگەکان لێپرسراوی ناوچەکە بوو بە هێمنی کەوتە قسە کردن.

‹٦٧› سەلیم حەسەن: ناسراوە بە سەلیمە سوور، یەکێکە لە جوتیارە ئازاو چاونەترسەکانی ناوچەی پشدەرە. لە سەرەتای ١٩٧٩ سەری بۆ ڕژێمی بەعس شۆڕ نەکرد. پەنای بردە بەر شاخ. ماوەی چەند ساڵ سەرلقی پێشمەرگەکانی حشع بوو لە ناوچەی پشدەر.

ڕەخنەی لە هاتنی چەکدارەکانی پدک گرت کە بەم چلەی زستانە ساردو سەختەبە لوتکەی شاخەکانیان گرتیە، ئەگەر ئەم کارە مەبەست دژایەتی کردنی ینک و شەڕ فرۆشتن نەبێت مانای چی دەدات؟ هەستمان کرد کە محەمەد ڕەقان دەیەویست بە هەر شێوەیەک بێت، مەترسی هێرشی چەکدارەکانی پارتی لەسەر ناوچەکە دوور بخاتەوە. سەرجەمی گفتوگۆ و ئاخاوتنەکان بە ڕێکوپێکی کرا.

هەردوولایان ڕازی بوونیان لەسەر دانیشتنەکە نیشانداو سوپاسی هەڵوێستی ئێمەیان کرد. کاک حەمزە میرخان بەڵێنیدا کە تەقەلا ئەدا لە ماوەیەکی کورتدا چارەی گیروگرفتەکە بکات، زۆری نەخایاند سەرکردایەتی پدک چەکدارەکانی خۆی گەڕاندەوە کونە مشکە و شێناوە<٦٨>.

<٦٨> لە بەرگی دووەم لە کتێبی (چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی خەباتی گەلی کورد) لاپەڕەکانی ١٩٨ - ٢١٥ بە درێژی باسی ئەوە کراوە کە لە سەرەتای مانگی ئەیلولی ١٩٨٠ هێزێکی چەکداری پدک هات پشتی گوندی (دزڵەتو) و لوتکەی شاخەکانی سەری (جاسوسان)یان گرت. لە ئەنجامدانی تەقەلای زۆر، ڕۆژی ١٩٨٠/١٠/٣١ بە بڕیاری م.س پدک هێزەکە گەڕایەوە ناوچەکانی خۆیان.

بە هەمان ئەمانەتەوە من بۆ ئەوە چوو بووم کە کشانەوەی جاری دووەمیش لە ئەنجامی تەقەلادانی دڵسۆزانە و هەست کردن بە بەرپرسیارێتی نەتەوایەتییە، چەکدارەکان ناوچەکەیان بەجێهێشت و گەڕانەوە شوێنەکانیان، لەناو خاکی کوردستانی ئێران.

بە پێچەوانەوە برادەرێکی خۆشەویستم، نەمەویست ناوی بهێنم، لە نزیکەوە

دوای چەند مانگێک چوار نامەم کەوتە دەست، نامەیەکی خوالێخۆشبوو ئیدریس بارزانی بە میژووی ١٩٨٢/١٠/١٤، نامەیەکی کاک مەسعود بارزانی بە میژووی ١٩٨٣/٢/٢٨، لەگەڵ دوو نامەی کاک محەمد وەتمان کە بە میژووی ١٩٨٣/٢/١٠ و ١٩٨٣/٢/١٢ هەر چوار نامە بۆ شەهید حەسۆ نێردرا بوو، هەر چوار نامە پێوەندی زۆریان بە بارودۆخی گۆڕەپانەکە هەبوو، ئەمەش دەقەکانیانە:

ئاگاداری لە گەڵ پێوەندی و نەهێنیەکانی (پدک) هەبوو، بۆی گێڕامەوە:
هەر دوای ڕێککەوتنەکەی ١٩٨٣/٢/٦ تەرابلس ـ لیبیا کە ١٩ پارت و گروپ مۆریان کردبوو، سەرکردایەتی حکومەتی سوریا و لیبیا داوایان لە سەرکردایەتی کۆماری ئیسلامی ئێران کرد کە ئێران پشتی ڕێککەوتنەکە بگرێت، هانی شەڕی برا کوژی و کورد کورد کوژی نەدات، نەهێڵێ شەڕ لە نێوان کوردی عێراق ڕوو بدات لە تاران بڕیار بەپەلە بۆ قەرارگای حەمزەو ڕەمەزان* نێردرا. کە هێزەکانی ئەفرادی بارزانی بگەڕێنەوە دواوە، دەوروبەری (دۆڵەتو) بەجێبهێڵن. هەر بڕیارەکە گەیشتە دەستی شەهید حەسۆ ناوچەکەیان بەجێهێشت.
* قەرارگای حەمزە و ڕەمەزان: دوو کۆمیتەی فەرماندارێتی ئەرتەش و پاسدارانی کۆماری ئیسلامی ئێرانیە. چەقەکەیان لە شاری ورمێیە قەرارگای حەمزە بۆ هێرش و سەرکوت کردنی هێزەکانی چەکداری و بەرهەڵستکارە لەناو خاکی کوردستانی ئێران، ڕەمەزان بۆ پاراستنی سنووری ڕۆژئاوای ئێران و هێرش بردنە بۆ ناو خاکی کوردستانی عێراق.

برای عزیز وە محترم کاک حسو میرخان

پاشی زور سەلاما بو هنگو وە بو هەموو برایێت پێشمەرگە لە قوەتا هنگو بە عام. هێڤیا من ئەوە لە خودێی کو هنگو هەمیا بپارێزیت لە هەموو بەلایا وە دواهام هینرییت.

نوکە ئەز ییی لە شیناڤیٚ ئەڤرۆ ئەز هاتم من دل لیٚ بوو بێمە نک هنگو پاشی لە قرارگای گرتە من لازمە مشورەتیٚ بکەین طەلەب لمن کر تگەل هنگو وە ملازم محمد هندەک مشورەتی بکەین ڤیجا بو هیندی داکو پێشتر مشورەتا خو بکەین وە ئەگەر ممکن بیی اجازەی وەربگرە لە هەموو مسؤلێت قوەتا خو سەرەکی بینە بو شیناڤی داکو مشورەتا بکەین بە شەرتەکی مەسئولیت دی محافظا جماعەتی بکەین دە حەرەسیا خۆ رێکوپێک بگرن پاشی ئەگەر هنگو بە باش زانی ممکنە هەر بچینە ناڤ جماعەتی یان ئەوان لە جهەکی ببینین.

ریجادکەم سەلاما لە هەموو برایا بکە ئەویت لنک هنگو وە اجازەی لوان وەربگرە. هەتا نیرە وەرە کادی چ بکەین.

چومکو ئەگەر بە حسابا قرارگای بیت لازمە ئەز زوو دەست بە شولی بکەین، ئەمما هەتا ئەم هەموو ڤێکرا نەگەینە نتیجەکی امکان نیە ئەز چ رایا بدەم هێڤیا من ئەوە هەموو ئەمانەتی خودیٚ بن ئەو هاروکار بیت.

برای هنگو

ادریس بارزانی

١٩٨٢/١٠/١٤

دەقی نامەکەی کاک محمد وەقمان:

کوردستان یان نەمان

بۆ برای بەڕێز کاک حەسۆ میرخان
سڵاوێکی شۆڕشگێڕانەی گەرم

هیوادارم سەرکەوتووبن بۆ خەباتی ڕەوای گەلە ژێردەستەکەمان کە ساڵەهای ساڵە گەلی کوردمان چاوەڕوانییەتی.

سڵاوم هەیە بۆ گشت ئەو برادەرانەی کە لاتان مەوجودن.

برای بەڕێز وەکو زانیـومـانە ئێوە نیـازی گـەڕانەوەتان هەیە بۆ کوردستانی داگیرکراومان بەڵام دوێنێ هەندێک تەقەی دووروو دوور ڕوویداوە لە نێوان هێزەکانمان. جا برا گیان ئەگەر ئێوە نیازی گەڕانەوەتان هەیە بە تەواوی و ئەتانەوێ بێنەوە بە هەردووک لامان بەرووی دوژمنی داگیرکەردا بوەستین و خۆشت دەزانی ماوەی چەند ساڵە ئێمە دژی شەڕی کورد بە کورد بە کوشتندانین و ئێستاش هەمیشە ئامادەین بۆ هاوکاری و برایەتی لە ڕێگای کوردایەتیدا.

جا زۆرمان پێخۆشە ئەگەر مەجالْ هەیە با نوێنەرێکی ئێمە و نوێنەرێکی ئێوە چاویان بە یەک بکەوێ و گفتوگۆ لەگەڵ یەکتری بکەن و ڕوونکردنەوەی زێتری وەزعی هەردوولامان. خۆشتان دەزانن کە ئێستا هێزەکانی ئێمە و ئێوە لە هەموو شوێنەکانی کوردستان بەیەکەوە هاوکاری یەکتر دەکەن لەیەک سەنگەردا دەجەنگێن دژی دوژمنی داگیرکەر.

هیواداریـن ئێوەش هەر بەم شیوەیە بێت و چونکە جەماوەر چاوەڕوانی برایەتی دەکات نەوەک شەڕی کورد بە کورد بەکوشتندان و

بە نووسراو هەر ئەوەندە دەکرێ بەڵام ئەگەر بێت و هەردوولامان یەکتر ببینین بەڵکو ئەنجامی زیتر روون بێتەوەو باشتر بێت.

شەڕی ناوخۆمان لە بەرژەوەندی داگیرکەرانی کوردستانە نەک لە بەرژەوەندی گەلەکەمان.

هەر سەرکەوتووبن

دڵسۆزتان

محمد وەقان

١٩٨٣/٢/١٠

تێبینی:

١- ئێمە زۆرمان پێ خۆشە لەم ڕۆژانەدا کە بەهاو کاری لە سەنگەرەکانی کوردستاندا بین و دژی دوژمن بجەنگین.

٢- تکایە جوابمان بۆ ڕەوانە بکەنەوە بە زووترین کات.

حەسەنیش وەڵامی نامەکەی بە هەڵگری نامەدا دابۆوەو موافقەتی کرد بوو لەسەر دیتنی نوێنەرەکەی یەکێتی.

نامەی دووەمی محەمەد وەقان:

کوردستان یان نەمان

برای بەڕێز کاک حەسەن میرخان

سلاوێکی شۆڕشگێڕانە... هیوادارین سەرکەوتووبن.

برای بەڕێز نووسراوت گەیشت دەربارەی چاوپێکەوتنەکە ئاگاداری سەرکردایەتیم کرد ئەوانیش زۆریان پێ کارێکی باش و برایانەیە بەڵام

ئەگەر پێتان باش بێت ئەوا برادەرێکی حیزبی شیوعی لەگەڵ خۆمان دەهێنین بۆئەوەی هەرسێ لامان پێکەوە دانیشین و قسە بکەین جا ئەگەر پێتان باش نیە ئەوالمان لەگەڵ بن ئاگادارمان بکەنەوە هەر خۆمان لەگەڵ ئێوە کۆدەبینەوە.

وە شوێنێک دیاری دەکەین بۆ دانیشتنەکە بۆ هەردوولامان نزیک بێت، هیوادارم تۆش ڕەئیت هەروا بێت هاوکاری و برایەتی نزیک بکەینەوە. خۆمان دوور بخەینەوە لە شەڕی لایەلا لەبەر ئەوەی جەماوەر دژی شەڕی ناوخۆیە و پێی خۆشە ئێمە هەموومان بەیەکەوە دژی دوژمنی داگیرکەر لەیەک سەنگەردا بین.

تکایە بەپەلە ئاگادارمان بکەنەوە بەڵکو بەیانی چاومان بەیەک بکەوێ ئەگەر هات و یەک دوو نەفەر بەرەو ئێوە هاتن تکایە ڕێگایان پێ بدەن.

هەر سەرکەوتووبن

دڵسۆزتان
محمد رەقمان
١٩٨٣/٢/١٢

پاش ئەوەی پێشمەرگەکانی پدک لەسەر شاخەکانی پشتی گوندی دۆڵەتو و لوتکەی شاخی جاسوسان هاتنە خوارەوە و گەڕانەوە شوێنەکانی خۆیان. کاک مەسعود بارزانی لەگەڵ هەنگاوەکانی شەهید حەسۆ میرخان دا ئەبوو بە نامەی تایبەتی ڕەخنەو ناڕەزای خۆی دەربڕیبوو.

ئەمەش دەقی نامەکەیە:

برای عزیز حسو میرخان ژاژوکی
پاس سەلامان

کاغەزاتە گەشتە من و هەرچیا تە نڤیسی من زانی. بەهیچ شێوەیەکی حق نەبوو هنگ دگەل ئەوان دانیشن قەیدی نەبو ابو شوان و محمود ئەما ئەوی دی ئەم رازی نەبووین و مە بروسکەش کربوو کو نابی دگەل وان دانیشن. ئایا چەوا ئەڤ دانیشتنە بویە.
ئەز چاڤەری کاک ادریس دکەم نەخو ئەز بەخودی هیم بووی منطقی و ئەو قوەتا من دگەل خو ئینا هەمیی دی ئینم و ئەوسا لە هەموو قوەتا خو دی ئیخینە منطقا قلعەدزەو رانیی و نوکە مهم ئەوە حراسەتەکا باش هەبیت بۆ عملیاتا و هێشتا تقلمی ئەز بخود دهێم انشاللە.
گوتنا ئەو نقطا سەری جاسوسان پشتا دوژمنا شکاند و ئەز سوپاسا همیا دکەم بیت زەحمت کێشای و انشاالله مشایخ دی موتەبەرکا دەنی
هەروەکی من گوتی باشترین قوەتیت خو ئەناردی بچیتە وی منطقێ لبەر پێویست ناکەت زێدەتر بچمە ناڤ تفصیلاتێ
دوعای خۆشیا هنگو لە خودی دخازم
برای هنگو
مسعود بارزانی ١٩٨٣/٢/٢٨

لەگەڵ هەمان بریدی دوو هاورێکە. کە ڕۆژی ١٩٨٣/٢/١٧ گەیشتە م.س حشع نامەی مام جەلالی تێدا بوو کە بۆ هاورێ کەریم

ئەحمەدی ناردبوو.

دەقی نامەکە:

١٩٨٣/٢/١٤

هەڤاڵی خۆشەویستم کاک کەریم ئەحمەدی بەڕێز

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانەی گەرم...

شادی و سەرکەوتنی خۆتان و هاوڕێیانی لای ئێوەم داوایە. ئێمەش هەموو باشین و هەڤاڵان هەموو سڵاویان هەیە.

بەم نامەیە دەمەوێ لەم دەنگوباس و خاڵانەی خوارەوە ئاگادارتان بکەم بەهیوای هەمیشە ئاگاداری وەزع و ڕووداوەکان بین پێکەوە:

یەکەم: ١- چەند ڕۆژێ لەمەوبەر ئاگادارکراین کە میری ڕاسپاردەی بەپەلەو گرنگی هەیە بۆمان. دەیەوێ ئاگادارمان بکات و ڕاسپاردراوەکان ببینین، ئێمەش وەڵامماندانەوە کە ڕاسپێردراوەکان دەتوانن بێنە بارەگای سەرکردایەتیمان. هەرچەندە هەوڵیاندا هیچ شوێنێکی دیکەمان قەبوڵ نەکرد. ئەوە بوو دوێنێ ١٩٨٣/٢/١٣ سێ کەسیان هاتن کە بریتی بوون لە: محمد شاكر (برای سعدون شاكر) و عقيد احسان لێپرسراوی مخابراتی شمالی و یەکێکی دیکە نەمان ناسی.

٢- دوای سەلام و بەخێرهاتن دەستیان کرد بە باسکردنی (خطورەتی وەزع) و خەتەری ئێران و پێویستی (وحده الصف الوطني العراقي) داوایان کرد لە ی.ن.ک کە لەم ڕۆژانەدا دەوری نیشتمانی خۆیان باشتر بنوێنێت.

٣- لە نامەیەکی نووسراویشدا هەڵوێستی خۆیان لەسەر داواکانی

گەلی کوردستان نیشاندابوو کەوا لە خوارەوە گرنگترین خاڵەکانیت بۆ دەنووسمەوە:

ان بيان اذار ١٩٧٠ كان و مازال التزاما تاريخيا من قبل ثورة ١٧-٣٠ تموز تجاه العراقين ككل و تجاه المواطنين الاكراد بوجه خاص.

لذا فان تطبيق هذا البيان نصا و روحا هو التزام وطني ثابت و مهمة وضعتها الثورة في المرتبة الاولى من مهماتها الرئيسية و ان ذلك لا يعني ان عناصر التطبيق مالم يرديه فصل محدد لا يمكن ان تكون محل اجتهاد. فالاجتهاد هنا كما في المسائل الاخرى مسائل مشروعة و طبيعية على ان يمارس هذا الاجتهاد بالوسائل الديمقراطية و في اطار علاقات الاخوة و الحرص المطلق على الوحدة الوطنية و السيادة الوطنية.

ان الاسس المركزية لتجربة الحكم الذاتي كما تراها قيادة الثورة هي ممارسة الاكراد لحقوقهم القومية الخاصة في اطار وحدة وطنية صلبة و متماسكة في ظل السلطة المركزية للدولة ذات الطبيعة الشاملة و التي ليست من حيث المبدء و من حيث التطبيق موضع نقاش.

ـ ان منطقة كردستان للحكم الذاتي قد تحدد على اساس المادة الاولى من قانون الحكم الذاتي و التي تقول: (تتحدد المنطقة حيث يكون الاكراد غالبية سكانها.)

ـ لانرى من الصواب تعين مضمون الحكم الذاتي على اساس تحديد صلاحيات الحكم المركزي اولا على ما ان يترك ماعداه للحكم الذاتي...

(ئەمە وەڵامی قسەیەکی ئێمەیە کە وەختی خۆی لە گوزەشتیر...)

ان الاسلوب الصحيح هو تحديد صلاحيات و اختصاصات هيئات الحكم الذاتي و يكون مفهوما بان ماعداه هو من اختصاص السلطات المركزية و

هذا ماجرى العمل به و اذا كان لديكم ملاحظات حول طبيعة الاختصاصات و الصلاحيات فاننا نود الاطلاع عليها و على اي حال فان هذه المسألة عيراقية صرف و لا يمكن تحديدها على اساس المقارنات. ان اتساع و تقلص صلاحيات هيئات الحكم الذاتي ترتبط بعاملين اساسيين:

الاول: هو ضرورة بان يكون لهيئات الحكم اذاتي من حيث الاساس صلاحيات و اختصاصات جدية تبرر وجودها.

الثاني: هو الحالة الوطنية العامة و الضرورات السياسة و الاقتصادية و الامنية و الادارية التي تفرضها كل مرحلة من مراحل الحياة الوطنية.

ـ اننا نؤمن ايمانا عميقا بممارسة الشعب الكردي للحكم الذاتي عن طريق ممثليه الحقيقين المنتخبين بحرية تامة في منطقة كردستان.

ـ ان الدستور يضمن للمواطن العراقي حق السكن و الانتقال في اي مكان في البلاد وفقا للقوانين المرعية. و ان هذا لحق مضمون للمواطنين في المناطق الحدودية كما ان للسلطة الحق في تغير موقع سكن اي مواطن وفقا للضرورات الوطنية سواء كانت امنية او اقتصادية على ان تعوض المواطن تعويضا مناسبا.

ـ ان العمل السياسي الحزبي في البلاد و ما ينطوي عليه من حق اصدار الصحف و غيرها يتحدد في اطار الجبهة الوطنية و القومية التقدمية و الشروط العمل فيها.

و في الختتام نود ان نؤكد بانه قد يكون مفيدا في البداية تبادل وجهات النظر حول القظايا الرئيسية باسلوب غير مباشر (من قبل الوسطاء) غير ان هذا الاسلوب لا يقضى الى التفاهم لانه يفتقر الى عنصر التفاعل في الحوار المهاشر ان الحوار المباشر الشامل و العميق هو

الاسلوب الانفضل الذي تحدد في ضونه المواقف و سيكون قاعدة ممكنة و جدية للاتفاق اذا ما حصلت النوايا.

٤- ئەوانە داوایان دەکرد مفاوەزات دەست پێبکات و نوێنەرانی ئێمەش بچن بۆ بەغدا، گوتیان لەوان طارق عزیز و نعیم حداد دانراون بۆ گەلاڵەی باس و خواس و گفتوگۆیەکە و باشان دەچێتە بەردەمی (الرئيس القائد) ئێمەش هەر بەسەربەستی و بە نووسین پێمان راگەیاندن کە:

١- ان مضمون رسالتكم يتناقض مع اهم مطالب الشعب الكردي.

٢- لا نرى في موقفكم ارضية مناسبة و مشجعة لبدء المفاوضات معكم و لذلك نرفضها و لن نرسل مندوبنا.

٣- اننا سندافع عن الوطن و عن مناطقنا المحررة و سندرس في حينه مسالة ايقاف القتال ضد الجيش العراقي اذا تعرض الوطن للاحتلال الاجنبي.

ئەمە لە دوای هودنە کردن بوو.

٤- ئەوان گوتیان لەگەڵ مسعود مفاوەزاتمان هەیە، عزەت سلێمان بەگ<٦٨> هەر رێنوێنە، نوێنەری خۆمان دەبینێت، تەنانەت عزەت لە دانیشتنندا نیە، گوتیان حەفتەی داهاتوو دەیبینینەوە. مسعود مرونەتی زۆرە. ئێمەش گوتمان:

<٦٨> کوڕی دووەمی سلێمان بەگی دەرگەڵەیە، تەمەنی لە نێوان ٥٥-٦٠ ساڵ دەبێت لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلولی ١٩٦١ دەستی دایە چەک و هاتە ریزی شۆڕش تا رۆژی هەرەسهێنانی شۆڕش لە مانگی مارتی ١٩٧٥ هەر مابوو، لەو کاتەوە لە شارۆچکەی (دیانا) قەزای رەواندوز دەژیت.

سنرحب باتفاقكم مع قيادة البارزاني ـ البارتي في كل ما يتضمن مصالح الوطن)

٥- هەروەها پێمان ڕاگەیاندن کە ئێمە بەتەنیا هیچ کارێک پەسەند ناکەین پێویستە حشع و حسکع‌یش بەشدار بن لە هەموو شتێکی گرنگ،

لەسەر حشع پرسیان ئایا ڕاسپاردەی ئەوانتان پێیە؟ بۆچی ئەوەندە باسیان دەکەن؟

گوتمان نەخێر پێمان نیە، بەڵام چونکە دۆستی ئێمەن و ئەهمیەتی خۆیان هەیە بۆیە باسیان دەکەین. گوتیان ڕاستە مەلا ئەحمەد بانیخێلانی هاتووە بۆ لاتان؟ گوتمان ڕاستە وەفدێکی مهمی ئەوان و سەرکردایەتی ئێمە یەکترمان دیوە و پێک هاتووین لەسەر جبهەی وطني شاميلەی هێزە شۆڕشگێڕەکان لەسەر دیفاع لە نیشتمان و بەرگری پەلاماردان و دژی هەموو جۆرە دیکتاتۆریەتێک بە هی ئیسلامی و ولایەتی فەقیهیشەوە، گوتیان ئەمە گۆڕانێکە لە هەڵوێستی حشع و تازەیە.

پرسیان حشع سەربەخۆیە؟ گوتمان بەڵێ سەربەخۆیە و دیارە یەک حیزبێکی شیوعی، حیزبی شیوعی سۆڤیەت بە پێشڕەوی حەرەکەی شیوعی عالەمی دەزانێت. بەڵام ئێمە هەست دەکەین سیاسەتی خۆیان هەیە، گوتیان ئێمە عەلاقەمان لەگەڵ حشع لەناو (اطار المشكله الكرديه) دانانێین. بەڵکو لە نیتاقی عێراقی و جەبهەی وەتەنی دایە وە ڕێگەی دیکەمان هەیە بۆ قسەکردن لەگەڵیان.

٦- زۆر نارەحەتن بە ڕێککەوتنی (١٩) حزبەکە لە لیبیا و دەشیان گوت ئەگەر لە لیبیا نەبا تەئسیری دەکرد. بەڵام هەڵەتان کرد

لەویَ دەرتان کرد. گوتمان ئێمە بە پێچەوانەی تێدەگەین.

٧- زۆر تکایان هەبوو کـە ئەگـەر مـفـاوەزەش ناکـەین ڕێگەی (الوسطاء) نەگرین، گـوتمان کـەی کـاری جدی هەبوو و خطر لەسـەر (الوطن) هەبوو ئەم دەرگەیە کراوەیە. بەلاَم مفاوەزات ناکەین تاکو ئێوە خۆتان زەمینە بە کردەوە خۆش نەکەن.

مامۆستای خۆشەویستم

ئێمە پێمان وایە حسـابی هاتنی حسۆ میرخانیشیان کردبوو، وایان دەزانی ئێمە تەنگاوین، ئێمەش خۆمان زۆر بە ئاسودە نیشـاندا گوتمان ئێمـە ناترسین تا بۆمان بکریَ دیفاع دەکەین، ئەگـەر بۆمـان نەکرا خۆتان دەزانن ئێمە شێوەی خەباتمان شەڕی پێشمەرگانەیە، بەلاَم (اننا ندافع عن ارض الوطن) بەپێی توانا و ئەگـەر حـسـومـیـرخـان ئێرانی لەگـەڵ نەبێ و شـەڕی حدکا نەکـا، ڕێگەشی دەدەین بێتەوە عێراق، هەروەها بە سـەرکەوتنی (شیب) نەختی کێف بوونەتەوە بەلاَم هێشتا زۆر دەترسن لە خۆیان لەسەر حسکم دەیان گوت: (جماعە صغیرە و هامشیە) و بەشی هەموو لایەکی تێدایە. ئێمە کورتەی برای ڕەسول مامەندمان ناردووتە لای بۆ مەسەلەی کابرای دانیمارکی.

دووەم: نامەیەکم لە (برۆنۆ کرایسکی)(٧٠)یەوە بۆ هاتووە،

---

(٧٠) برنۆکرایسکی: لە سالی ١٩١١ هاتوتە دونیا لە ١٩٦٧-١٩٨٣ سەرۆکی پارتی سۆسیال دیموکراتی نەمساو لە ١٩٧٠-١٩٨٣ سەرۆک کۆماری نەمسا بوو. لە ١٩٨٣ تا ڕۆژی کۆچ کردنی کرا بە سەرۆکی لەخری پارتی سۆسیال دیموکراتی نەمسا. لە سەرەتای مانگی ئابی ١٩٩٠ دونیا بەجێهێشت. یەکێک بوو لە هەرە پیاوەکانی ناوداری سۆسیال دیموکراتەکانی ئەم چەرخە. تێکۆشەرێکی بە جەرگ بوو لە پێناوی مافی مرۆڤ و ئاشتی لەم جیهانەدا.

دۆستایەتی خۆی لەگەڵ کوردستان نیشان دەدا گلەیی دەکات لە ئازاردانی هاولاتیە نەمساویەکانی خۆی لە لایەن هەندێ هێزی بچووکەوە دەڵێ (دەزانم هێزەکانی ی.ن.ک ئەمە ناکەن. بەلأم تکام وایە نفوزی زۆری خۆتان لەناو کوردەکان بەکاربهێنن بۆ پاراستنی نەمساویەکان کە کاری « الري و الارواء » ئەنجام دەدەن لە پەنای هەولێر) سوپاسمان دەکات و ئارەزووی خۆی دوپات دەکاتەوە بۆ درێژەدان بە دۆستایەتی لەگەڵمان.

سێیەم: بۆ مەسەلەی هێرشی ق.م<٧١> بۆ سەرمان لەسەر داواو پێشنیاری ئێمە وەفدی هەردوولامان حسزبان دێت. دیارە بۆتان دەنووسن بەلأم سەیر ئەوەیە حسو بە ئاشکرا دەڵێ پاسدار و ئەرتەش بهێنین بۆ شەڕی عێراق و حاشای لە شەڕی کورد ئێران نیە.

هەڤالأنمان زۆر لە هەڵوێستی هاوڕێیانی حشع ڕازین. هیوادارین درێژەی پێبدرێت. ئێمە هێزمان بەشی بەرگریەکی باش کۆ کردوتەوە.

چوارەم: بە بروسکە وەرمانگرت (لە شامەوە) کە سوریا و لیبیا لەگەڵ ئەو جەبهەیە تازەیەن و داوایان لە ئێران کردووە کە چیدیکە دوژمنایەتیمان نەکات و تەسهیلاتمان بۆ بکات، ئەگینا ئەوانیش هەڵوێست وەردەگرن (ببورە نازانم ئەوانیش هەڵوێست وەردەگرن یان دەردەبڕن)

<٧١> ق.م: القیادە الموقتە ـ سەرکردایەتی کاتی پارتی دیموکراتی کوردستان تا کۆنگرەی نۆیەم.

پێنجەم: زۆر بەداخەوە بیستم شەڕێ ڕوویدا لە نێوان پێشمەرگەی ی.ن.ک و حسکع لە دەشتی کۆیە، زۆرمان پێ خراپ بوو پێ ناخۆشە.

داوامان کردووە هێزەکانمان بگەڕێنەوە بۆ مەڵبەند تا زەحمەتیان بکەین، ئێمە هەر لەسەر سیاسەتی خۆمانین، بە ئاشتی چارەسەرکردنی گیروگرفتەکان و بە بەشداری کردنی ئێوە بکەین.

شەشەم: نامەیەکم لە کاک فوزی الراوي بۆ هاتووە ئارەزوو دەکەن کە لەگەڵ حشع بەینیان خۆش بکەن و هاو پەیمانی بکەن.

لەدوایدا سڵاوم هەیە بۆ گشت هاوڕێیان بە تایبەتی کاک ابو فاروق ابو موخلیس، کاک ئەبو سەرباز و ئەبو ئاسۆس. لێرەش هەموو برایان بە تایبەتی کاکە نەوە و کاک جمال سڵاویان هەیە.

هەربژی تۆ

برای دڵسۆزتان

مام جەلال

لەدوای چاپ کردنەکە بە بیرم هاتەوە کە باسی (مکرم الطالباني)یشیان کرد گوتیان (رجل طیب مستور و محترم نفسە لا یرضی علینا و لا علی حشع) هەروەها گوتیان دانیشتووە وازی لە سیاسەت هێناوە.

لە ڕۆژی ١٩٨٣/٢/١٨ سێ بروسکەی م.س یەک گەیشتە م.س حشع بە ڕاشکاوی لە بروسکەکان دەردەکەوت کە یەک یەکجار پەست و نارەزایە لەسەر ئەو بەیانە بەپەلەیەی کۆمیتەی بەرەی نیشتمانی دیموکراتی (جود) لە هەولێر بڵاوی کردبۆوە.

ئەمەش دەقی هەر سێ بروسکەیە:

من: م.س اوك
الى: م.س حشع
العدد: ٢
التاريخ ١٩٨٣/٢/١٨

نعرب عن اسفنا للبيان الصادر باسم (جود) ضد اوك هذا البيان هو خرق للاتفاق الاخير بين اطراف المعارضة العراقية و نقض للاتفاق الثنائي بيننا.

من: م.س اوك
الى: م.س حشع
العدد: ٤
التاريخ ١٩٨٣/٢/١٨

ان بيان جود هو خرق خطير لاتفاق طرابلس و الاتفاق الثنائي بيننا لا يمكن المرور عليه مرور الكرام مطلقا و قد وقعت بين ايدينا و ثيقة تعاون حزبكم قبل حدوث الأصطدام مع حسك لمقاتلة رفاقنا و هذا خرق خطير آخر من جانبكم للاتفاق. نريد توضيحا جديا قبل الاجابة على برقيتكم الاخيرة.

من: م.س اوك
الى: م.س حشع
العدد:
التاريخ ١٩٨٣/٢/١٨

برقيتكم: ٢ سوف نتصرف على ضوء جوابكم لبرقيتنا عدد: ٢ و شكرا انبؤنا.

م.س حشع ئەو بروسكەی بۆ م.س پدک نارد

من: م.س حشع
الى: م.س حدك
العدد: ١١
التاريخ ١٩٨٣/٢/١٨

من اجل تطويق مؤامرة النظام و عملائه المندسين و تعزيز جود و انجاح اتفاق طرابلس، نرى ان نعمل سوية من اجل حد للصدامات و حل الخلافات و تقوية التضامن.

لە ئێوارەی ١٩٨٣/٢/٢٠ ئێزگەی یەنک بە ناوی قسەکەرێکی سەرکردایەتی هێرشێکی توند و پڕ هەڕەشەو گەف و گوڕ کرایە سەر هەموو پارتەکانی (جود)

دەربارەی سەرجەمی ئاژاوەو ڕووداوەکان کە لە مانگی یەک و

دووی ١٩٨٣ ڕوویاندا بوو، م.س حــــشع لە ڕۆژی ١٩٨٣/٢/٢٤ یاداشتێکی بۆ م.س ینک نارد. هەروەها لە هەمان ڕۆژدا سکرتاریەتی گشتی بەرەی نیشتمانی دیموکراتی (جود) بەیاننامەیەکی توندی دژ بە ینک بلاوکردەوە.

دەقی یاداشت و بەیاننامــەکــە لە بەشی بەڵگەنامــەکــان بلاوکراونەتەوە.

پلەی ئەمــپــیری ڕاگــەیاندن و دڕ دۆنگی و هێرش بردن بۆ ســەر یەکدی، زۆر خێرا بەرەو بەرزبوونەوە دەڕۆیشت، بارەکە یەکجار گرژ و ئاڵۆز بــوو. لە هەمــوو لایەکدا بۆنی باروت و ئاگر و یەکــتر کــوشتن دەهات.

سەر گەرمە کورت بینەکان لە نێوان گشت هێز و پارتەکاندا ڕۆڵی تێکدەری و سەر لێشێواوی خۆیان دەبینی. بە کردەوە و ڕەفــتـار و بزاڤکردن ئاگری شەڕی ناوەخۆیان خۆش دەکرد. دوژمنەکانی ئەتەوەی کــوردیش لە پشت پەردەی شــانۆگــەریەکــەدا، بە هەمــوو شــێواز و توانایان، بە فــرت و فێڵی درۆو دەلەسە، هانی وابەســتەکانی خۆیان دەدا، شــەڕ هەڵبگیــرســێنن، ئەو هێزەی لایەنی ئەوان ناکــەن لە گــۆڕەپانەکــەی کــوردســتــانی باشــور دەریان پەڕێنن یا بێ توانــاو بێ دەستەلات بکرێن!!

لەنێو ئەو گــێرە شــێوێنی و تێکهــەڵدانی و کــێژاوە لێخن و زلکاوانەدا، سەرکردایەتی حشع ڕاکێشرا و ئێوە گلایە گــەرمــەی کێشەو کینەبەریەتیەکانی نێوان هێزە کوردستانیەکان. ڕۆڵی ڕەش سپیەتی و ناوبژی کردنی لەدەست دەرهات.

بە کــردەوە و هەڵوێست کــەوتە گــەر ئەو هێزانەی لە کــۆنەوە

ناکۆکیان لەگەڵ یەک هەبوو. لە هەمان باروو دۆخیشدا نیاز پاکی خێر خوازان، بە تەواوی تووشی نا ئومێدی نەهاتبوون، تەقەلا هەر دەدرا بۆ ئەوەی سنوورێک بۆ ئاژاوە تێکهەڵچوونە پڕ مەترسیەکان دابنرێت.

لە ڕۆژی ١٩٨٣/٢/٢٩ بڕیارێک وەرگیرا، لیژنەیەکی سێ قۆڵی لە یەک و حسک و حشع پێک بهێنرێ بۆ دابینکردنەوەی بارە نارەواو دژوارو تێکچووەکەی مەڵبەندی هەولێر و بە گفتوگۆی ئاشتیانە چارە بۆ ناکۆکیەکان بدۆزنەوە.

لە ڕۆژی ١٩٨٣/٣/٧ لە (بەستی شەرغە) ڕۆژئاوای کۆیە، دەکەونە دانیشتن و وتووێژ کردن لە ئەنجامدا ڕێککەوتنێک لە نێوانیاندا وەجێ بوو. بە بروسکە دەقەکەی گەیشتە م.س حشع.

الی: م.س حشع و معم
من: قاطع اربیل
التاریخ ١٩٨٣/٣/١١

تم الاتفاق من قبل اللجنه المشترکه في یوم ٣/٧ في سهل الکوي علی مایلي:

١- تنفیذ بنود الاتفاق الموقع في ٢/١٩.
٢- الالتزام الکامل بقرار الاجتماع المتفق علیه في ٢/٢٥
٣- المباشره فورا بتبادل الاسری.
٤- جرد الاسلحه و الممتلکات و تبادلها بین الاطراف کافه
٥- المباشره بسحب القوات الاضافیه في سهل کویه و اربیل و

تنسحب الى مواقعها الطبيعيه (حد يوم ١٤/٣)
٦- تشكيل لجان تحقيق مشتركه للتحقيق في احداث بعد اتفاقيه (وەرتى) و (بەرگرده) وفقه قائمه الحوادث المرفقه.
٧- محاسبه المقصر من كافه الاطراف.
٨- تشكيل لجنه من اطراف الجبهه الواسعه الموجوده في المنطقه لحل المشاكل التي تحدث.
٩- الاستماع الى مسؤل الانصار من الجميع.
١٠- ايجاد صيغ ثابته بعدم تكرار اقتتال الاخوه و ذلك:
أ- حريه انتقال الانصار من حزب الى آخر شرط عدم ارتكاب جريمه.
ب- الاسلحه اذا كان ملكا للحزب لا ينتقل معه، فقط سلاحه الخاص.
ج- يمنع تجريد الانصار من اى حزب الى آخر الا في حالات الجرائم. تتخذ الاجرات اللازمه بشرط اعاده الاسلحه و اخبار الحزب الذي ينتمي اليه.
د-حل المشاكل و المنازعات بين الاطراف الوطنيه كافه بالطرق السلميه و بالروح الاخويه.
هـ- عدم ايواء الانصار الذين يقومون بجرائم و الاتصال بالعدو من الجميع.
١١- منع القتل و الاعتداءات و منع الاتاوات او اخذ الاسلحه من الناس.
١٢- ضمان حريه العمل السياسي و العسكري و الجماهيري في كردستان من زاخو و عماديه حتى خانقين و حلبجه لجميع الاطراف الوطنيه و القوى في الجبهه الوطنيه الواسعه.
١٣- تقترح اللجنه المشتركه و السؤلين الممثلين تشكيل لجنه مشتركه

عليها من قياده الاحزاب لحل كافه المشاكل ما بين الاطراف الوطنيه.

ابو عائد<٧٢> قادر عزيز<٧٢> علي حويز<٧٢>

من حشع قاطع اربيل حسك لوك

١٩٨٣/٣/٧

<٧٢> ابو عائد: علوان نعمان التميمي سالی ١٩٣٨ له بەغدا هاتووته دنيا، سالی ١٩٦١ کۆلیجی عەسكەری تەواو كرد بوو بە ئەفسەر لە سوپای عێراق، لە کودەتاکەی هەشتی شوباتی ١٩٦٣ تووشی ئازار و ئەشکەنجەدان هات، کۆتایی ١٩٦٣ گەیشتە شاخ، بوو بە لێپرسراوێکی پێشمەرگەکانی حشع لە ناوچەی باڵەک. تا ڕێککەوتنەکەی ١١ ئاداری ١٩٧٠ لەگەڵ ڕۆڵی جوامێرانەی بینی، بە مەلازم خدر ناوی دەرکردبوو، کە ڕژێمی بەعسی عێراق لە ساڵی ١٩٧٩ کەوتە ڕاونانی حشع، مەلازم خدر گەیشتەوە شاخ، کەوتەوە ناو خەباتی چەکداری و شەڕی پارتیزانی، ماوەیەک ئەندامی مەکتەبی عەسکەری حشع بوو لە کوردستان. تا کۆتایی ١٩٨٥ لە شاخ مایەوە، چەند ساڵێک لە سوریا ژیا. لە کۆتایی ١٩٨٩وە لە سوید دەژیت.

قادر عەزیز: لە ساڵی ١٩٥٢ لە خێزانێکی فەلاحی لە گوندی سێبیرانی نزیک بە ناحیەی قوشتەپەی سەر بە پارێزگای هەولێر هاتووتە دونیا. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە هەولێر خوێندییە. لە ناوەڕاستی ١٩٧٦ لەگەڵ چەند تێکۆشەرێکی دی بە نهێنی هەولێریان بەجێهێشت و ڕوویان کردە شاخ کەوتنە خەباتی چەکداری. دوای ماوەیەکی کورت بوو بە ئەندامێکی سەرکردایەتی ینک. لە مارتی ١٩٧٩ یەکێک بوو لەو سەرکردانەی حسک، لە دوایشدا حسک یان دامەزراند.
لە ناوەڕاستی هەشتاکان لەگەڵ چەند کادیرێکی دیکەی حسک، پارتی زەحمەتکێشانی کوردستانیان بنیات نا. لەو کاتەوە سکرتێری یەکەمی ئەو پارتەیە.
عەلی حەویز: لە خەباتگەرە کۆنەکانی (پدک) بوو لە کۆیە، سەرەتای چلەکان لە خێزانێکی هەژار هاتووتە دونیا. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە کۆیە تەواو کرد.

ئەوەی سەرنجی هەموو لایەکی ڕادەکێشا، ئەوجۆرە ڕێککەوتنە، هی مەڵبەندێک یا بۆ چارەکردنی هێندێک مەشاکیل و کەم و کورتی و چەند ڕووداوێک نیە بۆ سەرانسەری کوردستان نووسراوە.

تەنانەت هەتا سەرکردایەتی هەموو هێز و پارتەکان کۆبوونەوەیان بکردبایە وەها بە هاسانی و سوکی لەسەر ئەم جۆرە ڕێککەوتنە بەیەک نەدەگەیشتن!

هەر زووش ئەوکات لەچەند لا دەنگ بڵاوبۆوە کە سەرکردایەتی (ینک) نارەزایە لەسەر ڕێککەوتنە سێ قۆڵییەکەی ڕۆژی ۱۹۸۳/۳/۷ لە ناوچەی هەولێر.

بەهۆکاری ئەوەی کە لیژنەی بەرەی نیشتمانی دیموکراتی (جود)ی پارێزگای هەولێر لە بەیاننامەکەی ڕۆژی ۱۹۸۳/۲/۱۶ گەلێ هێرش و تۆمەتی ناڕاست و ناڕەوای دژ بە ئەو بڵاوکردووەتەوە.

ئاژاوە و تێکهەڵقرژاندن و شەڕی کورد کورد کوژی سەر لە نوێ دیسان لە مەڵبەندی سلێمانی سەری هەڵدایەوە، ڕۆژی ۱۹۸۳/٤/۱ (جەزای عەلی کاتب) و چوار پێشمەرگەی (پدک) لەلایەن کەمینێکی پێشمەرگەکانی (ینک) شەهید دەکرێن، بۆ ڕۆژی دووەم (٤/۲) پێشمەرگەکانی پدک (۹) پێشمەرگەی ینک شەهید دەکەنەوە.

نارەزایی و بێزاری و سەرگەردانی دژ بەم هەموو کێنەبەرییەتی و کێشەو شەڕی برا کوژیە گەیشتە پلەیەک هاوار لە جەماوەر هەڵسا. تا

لە سەرەتای شێستەکان بوو بە مامۆستای ئوتابخانەی سەرەتای، هەر زوو کەوتە گەر تاقمی م.س کۆنی پدک لە سەرەتای هەشتاکاندا، ماوەیەک ئەندامی م.س و سەرکردایەتی ینک بوو. لە دواییدا کەوتە سوریا و سوید.

نارامی و گرژی و ژیانی تا ناسودەیی وەک هەوری ڕەشی شوومەاری ناوچەکانی گرتبۆوە.

ڕۆژی ١٩٨٣/٤/٩، نوێنەرانی دە گوند لە پیاوانی ڕیش سپی و دەم ڕاست و هەژار و جوتیاری وەرزێرانی شارباژێڕ چوونە سەردانی بنکەکانی پێشمەرگەی ینک و حشع. بە پاڕانەوە داوایان کردبوو، سنوورێک بۆ ئەم ماڵوێرانی و کوشت و بڕە و گێرە شێوێنانە دابندرێ. (شارباژێڕ) شیای ژیانی تێدا نەماوە. وامان لێهاتووە سەری خۆمان هەڵبگرین و ناوچەکە بەجێبهێڵین!

بۆ ڕۆژی ١٩٨٣/٤/١١ نوێنەرەکـــان لەگـــەڵ نوێنەرانی پێشمەرگەکانی ینک ئاسۆ شێخ نوری و کەمال شاکر هەڵەبجەیی، نوێنەرانی حشع عەبدوڵلا مەلا فەرەج ـ مەلا عەلی و شێخ سەعیدی شێخ حسێن بەرزنجی و ئەحمەد رەجەب، پدک شەوکەت لەهۆنی و نوێنەرێکی حسک لە گوندی (قولە گیسکان)‹٧٣› کۆبوونەوە دەکەن.

لە سەرەتادا ڕیش سپی و قسەکەرانی ناوچەکە کەوتبوونە پەیف کردن: (ها بەس بێت یەکتر کوشتن، چیدی دوژمنەکانی خۆتان گوشاد مەکەن، چیدی خوێنی ڕۆڵەی کورد بەدەستی کورد بە فیڕۆ مەڕێژن، ئەم کارەسات و ڕووداوانەی هەمووتان پێوەی هەڵدەستن، نە کوردایەتیە و نە ڕاپەڕین و شۆڕشگێڕییە! ئەگەر سنوورێک بۆ ئەم برا کوژییە دانەنێن و بن بڕی نەکەن، چارەمان نامێنێت ڕادەکەین، سەری خۆمان و ماڵ و

‹٧٣› قولە گیسکان: گوندێکی بچووکە، کەوتووەتە پشتی گوندی حاجی مامەند، نزیک بە گوندی پاڕێزان، قەزای شارباژێڕ.

منداڵــان هەڵدەگــرن، خـۆ دەخـزێنینە نێو ئۆردوگـا زۆرە ملیـەکــانی دوژمنی داگـیرکـەری ڕەگەزپەرسـت، سـەریان بۆ دادەنوێنین، بە تەواوی خۆ کڕ دەبن.

بەدەستی کورت و هەژاری و دەردەسەری و ڕەنجدانی زۆر بە تەمەر و تەژێنی کـەمێ بژێوی پێویـسـت پەیدا دەکـەین کارو کـردەوەشـمان بووتە ئامادەکردنی خـواردن و پێخەف بۆ پێشمەرگـەو ڕاکـردووەکانی دەست فاشیـە زۆردارەکانی بەغدا، یا ڕاکردن و بۆ ناشتنی ڕۆڵە کوژراوەکانی بێتاوان یا تیـمارکردنی بریندار و نەخۆشەکان.

تا کــەی لەم ئازارو چەرمـــەســـەریە و بارە ناجــۆر و ناڕەوایەدا بژێینەوە؟ ئەم قرچ و بەرە دەرهەق بە یەکتر، بەتەواوی دەرفەتدانە بە دوژمنەکانی نەتەوەی کـوردمان، کە هەر بە کەڵەگـایی و داگیرکـەری، ستەمکارین بەسەرمانەوە... هتد.)

مشت و مڕو گفتوگۆی یەکجار زۆر لەسەر ڕووداوەکان و پێوەندی نێوان چوار هێزەکــە کـرا. لە گـۆتەی ڕێکوپێک و هێرش بردنە ســەر ڕژێمی فــاشی بەغـداو هەڵوێـست و ڕاوو بۆچوونی گــشــتــیــان ڕەواو هۆشمەندانە بوو.

نوێنەرانی سێ پارت: حشع، پدک، حسک و جوتیارەکـان رایان لەگەڵ ئەوەدا بوون شارەزایانە بکرێت بە ناوچەی هاوکاری و هاریکاری و برایەتی نێوان ســەرجەمی هێزەکـانی پێشـمەرگـەو کـەسـانی دڵسۆز و جەماوەر، بە یەکپارچەیی دژی ڕژێمی فاشی ڕەگەزپەرست بجەنگێن.
پاوان کردن و سنووردانان لە نێوان ئەم هێز و ئەو هێزدا هەڵبگیرێت.

لە ڕاو بۆ چوونی نوێنەرەکـانی یەنک جـیـاوازی بەدی دەکـرا. بە ڕاشکاوی دەریا بڕیەوو کە دەسـتـەڵاتی سەرەکی لە ناوچە لەدەست ئەوان

دایە. مـاوە نادەن بە هیچ شـێوەیەک پێشـمەرگـەکـانی (پدک) لە ناوچەکەدا بێننەوە. یارمەتی و پارە و باجی گومرگ تەنیا ئەوان وەری دەگـرن. کـۆبوونـەوەکـە نەگـەیشت بە ئاکـامـێک سـوودێکی ئەوتۆی پێوەبێت.

ڕۆژی ۱/٤/۱۹۸۳. زاندرا کە هێزێک لە پێشمەرگەکانی یەک ژمارەیەک لە پێشـمـەرگـەکـانی (حسک)یان لەناوچەی بنگرد<٧٤> ئابلۆقەداوە، شەڕ لە نێوانیاندا گەرمە و بەردەوامە.

لە ڕۆژی ۱۳/٤/۱۹۸۳ هاوڕێیـان کـەریم ئەحـمەد و عـبدالرزاق سافی و فاتح بۆ بارەگای م.س حسک لە قرناقاو چووین، لەگەڵ کاک ڕەسـوول مـامـەند، قـادر جەباری، عـبدالخالق زەنگەنە، سەید کـاکـە کۆبووینەوە.

هەر زوو هەستمان کرد برادەرانی سەرکردایەتی حسک یەکجار لە بارەکە پەستن، بە گڕژی و گازاندە و ڕەخنەی خستە پێش: پوختەکەی ئەمانە بوون:

١- ئیش و کارەکانی بەرەی نیشتمانی دیموکراتی (جود) بەپێی پێویست و لەنگەری ڕووداوەکان نیە.

٢- لە هەمـوو لایەک پێشـمـەرگـەکـانی یەک هێرش و پەلامـار دەهێننە سەر پێشمەرگەکانی حسک. لە دەشتی مەرگە ژمارەیەک لە پێشمەرگەکانمان ئابلۆقە دراوە، مەترسی لەناوبردنیان لەسەرە.

<٧٤> ناوچەی بنگرد: بەو ناحیە دەگوترێ کەوتووەتە نێوان ڕۆژهەڵاتی دەریاچەی (دوکان) و ڕۆژئاوای شاخی ئاسۆس، سەر بە قەزای ڕانیەیە، دەشتێکی پان و پڕ پیت و بەرەکەتی تێدا هەڵکەوتووە پێیدەگوترێ دەشتی مەرگە.

٤- ئەمە ماوەکی دورو درێژە لیژنەی بالأی بەرەکەمان کۆبوونەی نەکردیە.

دوا بە دوای کاک رەسول، سید کاکە کەوتە قسەکردن، رەخنەی لەسەر هێزی پێشمەرگەکانی حشع هەبوو کە لە ناوچەی هەولێر و دەشتی کۆیە پاشەکشەیان کرد، ماوەیان نەدا بەردەوام بین لە بەرگری کردن و رێگا گرتن لەدەست درێژەکانی پێشمەرگەی (یەنک) و سنوور بۆ تاوانەکانیان دابندرێت!!

هاورێ کەریم کەوتە وەرامدانەوە:

١- راستە کۆبوونەوەکانی لیژنەی بالأی (جود) وەخرا دەبێ چارەسەر بکرێت.

٢- ئێمە لەگەڵ دامەزراندنی بەرەی بەرفراوانی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عێراق دا نیە، بەلأم بۆیە لە رێککەوتنەکەی (طرابلس ـ لیبیا) پاشگەز بووینەوە، بە راو بۆچوونی ئێمە پێویست دەکات ڤیتۆی<٧٥> بڕیار وەرگرتن لە دەستی سکرتاریەتدابایە، نەک هەر

<٧٥> ڤیتۆ: وشەیەکی ئنگلیزیە مانای (مافی رەتکردنەوە) پێش کۆتاییهێنان بە جەنگی جیهانی دووەم (١٩٣٩-١٩٤٥) وڵاتە هاوپەیمانەکان، لەسەر ئەوە رێککەوتبوون کە هەر بەسەر هێزی فاشیستیەت سەرکەوتن، ئەنجومەنی ئاسایش و کۆمەلی نەتەوە یەکگرتووەکان دابمەزرێت، بۆ پاراستنی ئاسایش و ئاشتی لە ئەنجومەنی ئاسایشدا پێنج دەوڵەتە گەورە و دەستەلأتدارەکە، ئەو مافەیان بە دەست بێت، هەر بڕیارێک لە ئەنجومەنەکەدا راو دەنگی هەر پێنجیان لەگەڵدا نەبێت ـ ئەنجوات و کاری پێ نەکرێت. تا ئێستاکە ئەم مافە هەر ماوە و وڵاتەکان (وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئنگلترا، روسیا، چین، فەرەنسا.

لایەک چی بە ئارەزوو و نیـازی بێت بیـخـاتە دەنگدان و بە دەنگی زۆریە کۆتایـی پێ بهێـنـدرێ. چەند ناوێک لە ناو هێزەکەدا هاتووە نەناسـراون، نەدەنگیـان بووە نە ڕەنگ کت و پڕ لە لایەن هێندێ حکومەت قوت کراونەوە.

٣- لەگەڵ ئەوەدایە هێزو توانای چەکداری بەرەی نیشتمانی دیموکـراتی (جود) بکرێت بە یەک هێز، بەرامبـەر بەدەست درێژی چەکدارەکانی یەنک.

٤- داوا لە (پ.د.ک) بکرێت هێزی چەکـداری خـۆیان بەپەلە بگێڕنەوە مەڵبەندی هەولێر.

کۆبوونەوەکە لەگەڵ ڕاو بۆچوونەکانی هاوڕێ کەریم دا بوو، ئێوارە گەڕاینەوە (پشت ئاشان)

هەر هەندە زانرا بەیانی ١٩٨٣/٤/١٨ ناوچەی دۆڵی ناودەشت و پشت ئاشان کەوتە بەر تۆپ باران کردنی دوژمن، هێرشێکی جاشەکانی سەنگسەر و سوپا کرایە سەر دۆڵی شەهیدان و گوندی کۆمتان<٧٦> دوای شەڕکردنێکی سێ سەعاتی چەکدارەکانی ڕژێم شکان و ڕایان کرد.

ڕۆژی ١٩٨٣/٤/١٩ بروسکەیەکی م.س پدک گەیشتە م.س حشع نووسیبوویان: شەڕێکی قورس لە نێوان پێشمەرگەکانی پدک و ینک لە ناوچەی شـارباژێر ڕوویداوە، کـوژراو و بریندار لە هەردوولادا هەیە.

<٧٦> دۆڵی شەهیدان و کۆمتان: بەم دۆڵە دەگوترێ لە پشتی ناحیەی سەنگسەر دەست پێدەکات تاکو گوندی کۆمتان، کۆمتانیش گوندێکە کەوتووەتە سەر ڕێگای سەنگسەر ـ حاجی ڕێگای ڕەواندوز ـ حاجی ئۆمەران.

پێشمەرگەکانی حشع بێ لایەن (الحیاد) وەستا بوون. پێشمەرگەکانی پدک پاشەکشەیان بۆ سەر سنووری ئێران و عێراق (سەرکێو)‹٧٨› کردووە.

لە هەمان کاتدا حسک ئاگاداری حشعیان کرد کە پێشمەرگە ئابلوقەدراوەکانیان لە مەرگە خۆیان دەرباز کردیە، لە دەرباچەی (دوکان) پەڕیونەتەوە گەیشتوونەتە بناری شاخی کۆسرەت‹٧٩› نزیک بەتالیۆنی ٣١ حشع.

لە ڕۆژی ١٩٨٣/٤/٢٠ ئەم بروسکەی مەکتەبی سیاسی حسک گەیشتە م.س حشع

عدد: ١٠٠

ت: ٤/٢٠

الی م.س حدک، م.س حشع

من م.س حسک

جلال اعلن حربه المشبوهه ضد جود و بشکل خاص ضد حزبکم و حزبنا، المطلوب التنسیق الفوري المشترک لتوجیه ضربات تأدیبیه لهم، و الایعاز الی (لق ١) للتحرک المشترک.

‹٧٨› سەرکێو: ئەم زنجیرە شاخە بەرزەیە کەوتووتە نێوان شارباژێڕو قەزای بانە لە کوردستانی ڕۆژهەلات

‹٧٩› کۆسرەت: شاخێکی سەختە لە ڕۆژئاوای دەرباچەی دوکانە، لە سنوری قەزای ڕانیە دایە، سی(٣٠) کیلۆمەترێک لە کۆیە دوورە.

برجی ارسال قوه مع الاخ نجم الدين گوروني الى منطقه ليوژه و ئيندزه للعمل بتامين طريق قواتنا المشتركه في قاطع اربيل.

ئێوارەی ۱۹۸۳/٤/۲٤ ئەو پێشمەرگانەی حسک کە لە (مەرگە)وە گەیشتبوونە بنارەکە لەگەڵ ژمارەیەک لە پێشمەرگەکانی حشع لە گوندی بیستانەی<۸.> دۆڵی خەلەکان، بە رێککەوت رووبان بە رووی ژمارەیەک لە پێشمەرگەکانی (یەک) دەکەوێت. یەکسەر تەقە دەست پێدەکات لە ئەنجامدا دوو کادری یەک: شەماڵ ـ شێخ محمد محمود فەرماندەی هێزی ۹۳ی کۆسرەت و سەرباز ئەحمەد جێگری شەماڵ لەگەڵ دوو پێشمەرگەی یەک سەعدی و کامران شەهید دەکرێن.

ئەم کارە ناڕەوایە و تاوانە زێتر بارەکەی ئاڵۆز کرد، گرژی، ماتەمی، نا ئارامی و نا ئاسوودەیی بە ڕاشکاوی لەسەر ڕووانەدا بەدی دەکرا.

گۆتە، دووان و بیرکردنەوەی هەموو کۆمیتەو کۆڕێک لە دەور و بەری ئەوە دەسووڕایەوە، ئایا ئەنجامی ئەم مەللانەو تێکهەڵچوونە خوێناویە گەرم و گوڕانە بەچی دەگات؟

<۸.> دۆڵی خەلەکان و بیستانە: بەم دۆڵە دەڵێن کەوتوتە نێوان شاخی هەیبەت سوڵتان لە ڕۆژئاوای، شاخی کۆسرەت لە ڕۆژهەڵاتی.
لە شارۆچکەی خەلەکان دەستپێدەکات تا دووڕیانی کۆیە ـ ڕانیە.
بیستانە: ئەم گوندە کەوتووتە سەر دووڕیانەکە سەر بە قەزای ڕانیە، بیست کیلۆمەتر لە کۆیە دوورە.

لێرەدا تەنیا بۆ مێژوو گلەیی بە کورتی ئەم چەند ڕستە دەخەمە پێش خوێنەری هێژا و توێژەران.

لە نێو ئەم کەمین و بەینە و ڕاڕاو مەقەز مەقەزیانەدا، ئێوارەی ١٩٨٣/٢/٤٢ چووم بۆلای هاوڕێیانی م.س حشع، کە بەپێی ڕۆیشتن دە دەقیقە لە شوێنی مەکتەبی هەرێم دوور بوون. دیم ئەندامانی م.س هاوڕێ کەریم ئەحمەد، باقر ئیبراهیم و عبدالرزاق سافي و باوکی عامل لەسەر بانی ژوورەکانی خۆیان بە گەرمی هاتووچۆیان دەکرد. دوای سەلاو کردن کەوتمە پەیف کردن لەگەڵیاندا گوتم بارەکە یەکجار ناجۆرە، ڕوو لە تێکچوون و لەبەریەکدەرهاتنی تەواو دایەا بۆنی باروت و ئاگری شەڕێکی بەرفرەوانی ناڕەوا، پەی دەر پەی لە بەرەساندنەدایە، لە ناو پارتەکانی بەرەی نیشتمانی دیموکراتی (جود)دا هەنە تەنیا سێیەکی هێز و توانای لەناو ئەم گێژاوە لیخنە و ئاژاوە پڕ مەترسیانەدا هەیەا

بە ڕەوای نابینم، کارێکی چەوتە حشع بە هەموو هێز و تواناییەوە خۆیخاتە نێوان ئەم ئاپۆر و گوشت و بڕەیەی کە لە سێ سالە، لە کوردستانی عێراق وەک نەخۆشی ساری پەنجی داکوتاوە و تەشەنای کردووە. هەڵ لە پێشمانەوەدا ماوەا با تەقەلا بدەین بە جارێک ڕێش سپیایەتیەکمان نەدۆڕێنین و زیانی یەکجار زۆر و زەبەندیش بە ئەستۆ و بەر بەرەی پشتی حزبمان نەکەوێت؟

هاوڕێ کەریم ئەحمەد لە مەبەستم گەیشت، کە براەرانی پدک، بارەگای مەکتەبی سیاسی و کۆمیتە سەرەکیەکانی، ئێزگە و دام و دەزگای ڕاگەیاندنیان، ژمارەی هەرە زۆری هێزەکانی چەکداریان لەناو خاکی ئێراندا دەژین. تەنیا ژمارەیەک لە پێشمەرگەیان لە مەڵبەندی بادینان و سەر سنوورەکاندا هەیە. بە توندی و دەمار ڕەقی وەڵامی

دامەوەو گوتی:

(مــەڵێ ســیــیــەک ئێمــە دەزانین هێز هەیە پێنج یەکی لەگــەڵ (جود)دایە، ئێمە تەقەلا دەدەین شەڕ نەبێت. بەلاّم ڕۆژانە سەرکردایەتی ینک شەڕ بە هەموو لایەکمان دەفرۆشێت) بەم شێوەیە قسەکانم بە فیڕۆ ڕۆیشت.

لەم بارو دۆخە نا ئارامــیــەدا دەخــولاینەوە، بروسکەیەکی کــورتی سەرکردایەتی مــەڵبەندی هەولێر ـ حشع گەیشتە م.س نووسرا بوو (ناکۆکی نێوان یەک و حسک لەگەڵ ینک لە زیاد بووندایە هەڵوێــستی ئێمە چی بێت؟) وەرامی م.س حشع بۆ کۆمیتەکەی مەڵبەند ئەوە بوو: (گشت ئەرک و کارەکانتان لەگەڵ هێزەکانی دیکەی جود ڕێکبخەن.)

لەم کەین و بەینە و دەردەسەرییەدا بووین هاوڕێ محەمــودی حاجی فەقێ خدری قەلاّدزەیی کە ئەو کات لێپرسراوی ڕێکخراوەکانی حشع بوو لە ناوچەی پشدەر لە (ڕەزگــە و مــارە دوو)وە هاتە لام گــوتی: (هاوڕێ فریا بکەوە بڕۆ لای مەکتەبی سیاسی ینک تەقەلا بدە ئاورێک بەم ئاگرەدا بکرێت") یەکــسەر گوتم بە ڕاستی داواو پێشنیارەکەت یەکجار پیرۆز و ڕەوایە... بەلاّم بەداخەوە ناتوانم بەم ئەرکە هەڵبستم، چونکە هەموو بڕیار و فەرمانێک لە دەستی م.س دایە. خۆ ئەگەر ئەوە بکەم، یەکسەر بڕیاری توندی بێ بەزەییانە دژم وەردەگرێت.!!

لە ڕۆژی ١٩٨٤/٤/٢٦ بروسکەیەک گــەیشــتــە م.س حــشع: (هێزەکانی جود هێرشیان بردە سەر بارەگای مەڵبەندی چواری ینک لە گوندی (بالیسان)یان دەرکردن. پاشەکشەیان بۆ گوندی (شیرێ) و لوتکە بەرزەکــانی (دەرەشــێــر)‹٨١› کــرد. هێندێ کــەل و پەل و بەڵگەنامەی نهێنی کەوتە دەستمان. دوو شەهیدمان هەیە ئازاد عەزیز

شەقلاوەیی و شەهیدێکی دیکە. لەناو بەڵگەنامەکاندا نامەیەکی تایبەتی نەوشیروان مستەفای تێدایە کە بۆ ملازم سەید کەریمی نووسیوە، پڕە لە ڕق و کین و ناحەزی لە حشع... هتد.

هەروەها ئەو یاداشتەی کە کۆمیتەی سەرکردایەتی مەڵبەندی حشع لە ڕۆژی ١٩٨٣/٤/٢٤ دابوویان بە سەرکردایەتی مەڵبەندی چواری یەنک لە دوایاندا بەجێ مابوو. ئەمەش.

دەقی یاداشتەکەیە:

الرفاق الاعزاء في قياده المليند الرابع
للاتحاد الوطني الكردستاني

تحيه ثوريه..

استلمنا رسالتكم المؤرخه في ١٩٨٣/٤/٢٣ و التي تؤكدون فيها، ان موقفكم من حزبنا الشيوعي كان وديا و انكم لا تريدون مقاتلتنا في حين اننا الشيوعين لم نتجاوب مع نواياكم هذه.

منذ مده نتابع نحن الشيوعيون سلوك و نهج اتحادكم في خلق الاستفزازات و الاعتداءات هنا و هناك ضد رفاقنا و انصارنا و ضد القوى الوطنيه المعارضه للحكم الفاشي:

<81> شێرێ و دەرەشێر: شێرێ، گوندێکی خۆشناوەتییە کەوتووەتە بناری شاخی (هەورێ). دەرەشێر، شوێنێکی یەکجار سەخت و بەرزە لە زنجیرەی شاخی هەورێ، سەر بەناحیەی شەقڵاوەیە.

١- فقد تم تجريد (٢) من انصارنا في شوان من السلاح و لم تعيدوا السلاح اليهم الا بعد مرور اكثر من شهرين.

٢- جرتم (٢) آخرين من السلاح في شرق كويه و لم تعيدوا السلاح رغم مطالبتنا.

٣- حاولتم تجريد (٤) من انصارنا من السلاح في غرب كويه (قريه سماقه) الا ان الموقف الصلب لرفاقنا حال دون تحقيق الهدف.

٤- نصبتم كمينا لرفاقنا الذين كانو في طريق عودتهم من عمليه عسكريه ضد السلطه و ضربتموهم بمختلف الاسلحه، رغم معرفتكم بانهم من انصار حزبنا الشيوعي و استشهاد عدد من رفاقنا و جرح عدد آخر.

٥- هاجمتم قريه (نيره‌گين) و اسرتم عدد من كوادر حزبنا الذين رفضو اطلاق النار و كنتم تتجولون بهم في قرى سهل كوى، لاهانتهم و اهانه حزبنا الشيوعي، ثم حدث معارك اخرى استشهد عدد منا و منكم و على اثر لقاء (كاني بهرد) في ٢/١٩ تم الاتفاق على تكوين لجنه تحقيق مشتركه و بمستوى يمكنها من حل المشكله في سهل كوى من الحادكم و حزبنا و حسك. الا ان رفيقكم (علي بچكول) الذي جاء من ملبند آخر تدخل في الاتفاقيه و حاول فرض سياسه الاتحاد على وفدي حزبنا و الحزب الاشتراكي الكردستاني و تهرب وفدكم من تحديد المسؤليه في اثاره احداث كوى و لم تعيدوا الاسلحه و المواد المصادره حتى الان بمختلف الحجج و الاعتذار.

و على اثر حادثه كوسرت(٨٢) المؤسفه قاطعتم اعمال لجنه التحقيق التي كانت قد اصبحت بمستوى قياده الملبند و القاطع مما ترك لدينا انطباعا سيئا عن مقاطعتكم هذا، حاولنا اظهار موقفنا

الودي و ارسلنا عدد من انصارنا بالسياره الى الشارع عبر باليسان، الا ان انصاركم اشبعوهم سبا و شتما و جردهم من السلاح و اهانوا كرامتهم. و لو انكم اعدتم اسلحتهم باستثناء صف رصاص و كل عتاد كلاشينكوف.

في ليله ١٧ و ١٩٨٣/٤/١٨ قامت مفرزتكم في كوى بضرب مواقع رفاقنا في قريه (گويتەپە) بقذائف ار.بى.جي.

و في وادي باليسان رفعتم من درجه التوتر بنصبكم كمينا على الشارع العام و ضرب سياره كانت تنقل رفاقنا و رفاق حسك فاستشهد (٢) من حسك و جرح (٢) آخران، احدهما من انصارنا. ثم فرضتم السيطره على الشارع و تهددون الناس الذين تعتقدون ان لهم صله بنا. مما حدا بنا الى منع مرور رفاقنا من المرور في الشارع العام لئلا تخلق لكم المبررات لاعتداء عليهم. حتى اصبحت قاعدتنا في شبه حصار فلا الرفاق و لا السيارات تمر على الشارع اللذي يوصل شيخ وسانان بباليسان و الشارع المبلط‹٨٣›.

‹٨٢› حادثه كوسرەت: مەبەستسان ■ ڕووداوەكەی ڕۆژی ١٩٨٣/٢/٢٤ گوندی بیستانەی دۆڵی خەلەكانە كە دوو كادری ینک شەهید كران.

‹٨٣› ئەو ڕێگا قیرتاو كراوەیە كە لە دووڕیانی چوار قورنەی بێتوێن دەست پێدەكات تا ناحیەی خەلیفان ـ ڕێگای هەولێر ـ ڕەواندوز.

و قبل ايام قامت مفرزه من انصاركم باحتلال مقر حدک في (سمران)‹٨٤› و قطع الطريق للاتصال مع پشت ئاشان بالاضافه الى قطع الطريق في زارگەلی‹٨٥›.

لقد كانت حصيله هذه الاعمال و المواقف ان تم تجميد نشاط المئات من انصارنا القيام بايه فعاليه عسكريه ضد الحكم الفاشي. بالاضافه الى هذا فان رد الناطق الرسمي للمكتب السياسي للاتحاد الوطني الكردستاني على بيان لجنه جود اربيل عن احداث كوى. قد كشف الستار عن الكثير من النوايا ضد حزبنا. تم جاءت احداث شارباژير حيث تدهورت العلاقه بينكم و بين حدک و حسک مما ادى الى تجدد القتال في المنطقه و اعلنت اذاعتكم حربا اعلاميا ضد الحزبين الحلفين.

ان مجرد تسلسل هذه الاحداث و الوقائع لاتزن اقوالكم في انكم تودون اقامه علاقات وديه مع حزبنا.

في حين انكم ادري من غيركم عن موقف و سياسه حزبنا في تجنب اقتتال الاخوه و في اللجوء الى الاساليب السلميه و الديمقراطيه لحل المشاكل و الخلافات التي قد تنشاء بين اطراف القوى الوطنيه و تعلمون انتم اكثر من غيركم كم بذل حزبنا من جهد مع حدک و حسک و پاسوک للجلوس معكم على مائده واحده لحل الخلافات و خلق اجواء طبيعيه تمهيدا لاقامه تعاون فعال بين القوى الوطنيه و القوميه

‹٨٤› سمران: گوندێكی شاخاویه كەوتووەتە بناری شاخی كارۆخ. لە دیوی رۆژئاوای گوندی دەرگەڵەیە، سەر بە قەزای رەواندوزە

‹٨٥› زارگەلی: گوندێكی خێڵی ئاكۆیە. كەوتۆتە رۆژهەڵاتی شاخی ئەستەبڕۆک كێوەرەش لەسەر رێگای حاجیز ـ سەنگەسەرە. لە سنووری قەزای رەواندوز دایە.

المعارضه و المناضله ضد الحكم الفاشي و التي تجمع على شعار الحكم الذاتي الحقيقي لكردستان.

نحن الان ايها الرفاق كما كان شاننا نتمسك بثبات السياسه المعروفه عنا في توحيد الصف الوطني و المطلوب منكم ان تعيدوا النظر قبل فوات الاوان في كامل مواقفكم و اعمالكم التي اقدمتم عليها ضد حزبنا و رفاقنا او هذه القوه او تلك من قوى المعارضه. و استخدام لغه الحكمه و المنطق و توجيه فوهات البنادق ضد نظام البعث الدكتاتوري، اذ ان سياستكم الراهنه لا تحظى بالتايد و الدعم من قبل الجماهير الشعبيه العراقيه بعربها و كردها و اقلياتها و محكوم عليها بالفشل المؤكد و لايزال هناك متسع من الوقت للتوجيه نحو وحده قوى المعارضه الوطنيه و تشديد النضال ضد عدونا المشترك.

وختاما تقبلوا فائق تقديرنا

قياده قاطع اربيل
للحزب الشيوعي العراقي
١٩٨٣/٢/٢٤

ئه‌مه‌ش ده‌قی ئه‌و ئامۆژگاری و بروسكه‌یه‌ی كه سه‌ركردایه‌تی مه‌لبه‌ندی چواری یه‌نك ئاراسته‌ی گشت هێزی پێشمه‌رگه و ئه‌و ڕێكخراوانه‌ی كردبوو ئه‌وان لێیان به‌رپرسیارن:

ی.ن.ك — ژماره

مه‌لبه‌ندی چوار — رۆژ ١٩٨٣/٤/١٧

بۆ گشت تیپه‌كان و ڕێكخراوی كۆمه‌له و ناوچه‌كانی

ی.ش.ک تێکۆشەر

١- دەربارەی بڕیارەکەمان، هەروەکو ناوەکانتان لایە، تکایە ناوی ئەوانەی حشع لابەرن، جاریْ واز لەوان بێنین، بەهۆی داواو ئامۆژگاری سەرکردایەتیمان کە ئامانەویْ لەم ماوەیە لەگەلْ حشع تووشی کێشە و شەڕ کردن بین، بۆیە دەست مەخەنە ڕێگای ئەوان.

٢- ئێوە التزام بە بڕیارەکەوە بکەن دەربارەی حسک و کەسانی سەرکردایەتی ق.م.

٣- بە نسبەت شەڕکردن ئێمە هەڵوێستمان جاریْ دیفاعی دەبێت تا لەم ڕۆژانە هێزەکانمانْ دەگەن. تکایە بەم شێوەیە هەڵوێستان بێت، وا لە خوارەوە دەقی بروسکەکەی سەرکردایەتیمان بۆ ناردن.

بروسکە:

١- پێویستە تیپەکان سازکەن بۆ بەرگری و تێک شکاندن و لێدانی چەکدارەکانی حسک و ق.م کە اعلانی شەڕیان کردیە لەسەرمان.

٢- پێویستە هەمووتان هەوڵبدەن تا حشع بیْ لایەن بکەن و تا بکریْ دۆستایەتیان بکەن. نەرم بن کێشەکان ئاڵۆز مەکەن لەگەڵیانا.

٣- هەوڵبدەن لەناو پ.م و جەماوەر قیادەی بارزانی و حسک ڕیسوا بکەن وەک دوژمنەکانی شۆڕش و نۆکەرە هەرە داگیرکەرانی بێگانە.

* * *

وا لێرەدا ئەو نامەی کاک نەوشیروان مستەفا، کە بۆ مولازم سەید کەریمی ڕەواندوزی ناردبوو، کەوتبووە دەستی هێزشبەرەکانی جود بۆ سەر مەڵبەندی چوار، دەیخەینە بەر خوێنەری کورد و توێژینەرانی بەڕێز، بە وردی بیخوێننەوە، ئەوەیان بۆ دەردەکەوێ کە بیرکردنەوەو بۆچوونی هێندێ لە تێکۆشەر و ڕێبەرەکانی نەتەوەی کورد کە کاک نەوشیروان ئەوکات سکرتێری کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانی عێراق و جێگری سکرتێری گشتی یەک چی بووە بەرامبەر سەرجەمی باری کوردستان و پەیوەندی و ڕەفتار کردن لە نێوان هێزەکانی دژ بە ڕژێمی فاشی بەغدا.

دەقی نامەکە:

ناوزەنگ

١٩٨٣/٣/٢٢

برای بەڕێز و خۆشەویستم کاکە سەید

سڵاوێکی گەرم

هیوام خۆشی و بەختیاریتانە... سڵاو لە کاک دکتۆر کەماڵ و کاک ڕێکەوت و هەموو برایانی ئەوێ دەکەم و ئومێدەوارم شاد و سەرکەوتوو بن.

نامەکانم پێگەیشت. بەڵام لەبەرئەوە کەسێکی ئەوتۆ نەبوو وەڵامەکانی دواکەوت و بەناشەرکەری نەڵێم نازانم بۆچی مەسەلەی جیهازەکەی ئێوە وای لێهات.

وا ئێمە لە لای خۆمانەوە جیهازێکی زۆر چاکمان بۆ ناردن کە زۆر سووک و زۆر بەهێزە، هیوادارم باش پارێزگاری بکەن و نەهێڵن نەزان و نە شارەزا بیسووتێنێ. ئێمەش دوو دانەی ترمان هەیە هێشتا یەک

دانەیان گەیشتووەتە دەستمان و لە شوێنە تازەکەمان کە تەئیمتمان کرد یەکێکیان بۆ ئێوە دەنێرین و ئەمەیان دەکێشینەوە بۆ لای خۆمان بۆ شتی دیکە لازم دەبێت، تازەکان هەموویان یەک مارکەن و زۆر باشن، بەلام ناسکن و فێربوونیان پێویستە.

ئێمە خەریکین بارگاکانی ئێرە سوک دەکەین، زیندانیمان تەسفیە کرد و ناردمانە وەرتێ، تەنیا سووەی قۆرپتانیمان لەلا ماوە ئەویش دەنێرین بۆ مەلبەندی ۲ خەستەخانە و بریندارەکانمان گواستەوە، هەر کاکە خولە ماوە لە مەقەری ئێمەیە، چووین بۆ هەر کوێ لەگەڵ خۆمان دەیبەین، ئەمڕۆش هەموو تۆژەڵە (یەکەڵ و پەڵ و مامۆستا و پێشمەرگەوە) دەگوێزینەوە بۆ ئەو شوێنەی ڕەچاومان کردووە و لەبەر ئەوە چەند ڕۆژێک ئێستگەش ڕادەوەستێ، لەم چەند ڕۆژە وا دەکەین هەر خۆمان بەسەلتی لێرە بێنینەوە، تەنانەت هەموو ژنەکانی ئەم ناوەشمان ئێرن داوە و هەر هێزۆ خان و یەک دوو کەسی دیکەی لێ ماوە ئەگینا ماڵەکانیش تەسفیە کراون، بە هیوایین ئەگەر گواستمانەوە جارێ بچینە لای باوزێ ـ رازان ـ گەناو کە تیپەکانی جوتیاران و قادر ئاغا و سەدرەدین و عبدالرحیم و مەلبەندی ۲ی لێ نزیکە و ئەگەر ئەویش هێرشی ئێرانی بێتەسەر بە ئاسانی دەتوانین بچینە ئاسۆس.

دەمانەوێ ئەمساڵ سەرکردایەتی زۆر سوک و تەخفیف بکەین بۆ ئەوەی بە ئاسانی توانای گواستنەوە و گۆڕینی جێگای هەبێ و ئەگەر گەلە کۆمەکیی ئێران+ ق.م+حشع+حسکع و شەڕی عێراقیش هەر بەردەوام بوو، بتوانین بەرەنگاری هەموویان بین و پێمانەوە دیار نەبێ. بەتایبەتی ئێستا لەدوای پێکهێنانی مەلبەندەکان هەبوونی بارگای زەلێ وەکو جاران بۆ سەرکردایەتی ئەهمیەتێکی ئەوتۆی نەماوە.

تۆ ڕەنی من لە شەڕدا دەزانی، من هەرگیز لایەنگری شەڕی دوورو درێژخایەن و بێ بەرنامە نیم لەگەڵ لایەنەکانی دیکە، چونکە ئێمە قازانجی لێ ناکەین و ئەوان قازانجی لێ دەکەن من لایەنگری خۆ ئامادە کردن و دانانی بەرنامەی تصفیە و مباغتە و ڕاپاندنەوەو بەلادا خستنی شەڕەکەم لە ماوەیەکی کورتدا.

شەڕی ئەم جارە لە دەشتی هەولێر زۆر درێژەی دەکێشا و تەبیعی چونکە ئەوان خۆیان بۆ حازر کردبوو تصفیەش نەدەکران. بە بێتەڵ لەگەڵ کاک عەلی و هەموو برادەرانی دیکە قسەم کرد و لێم پرسین کە ئاخۆ دەتوانین لە ماوەی چەند ڕۆژێک یان تەنانەت چەند شەڕێکدا وەک (لاک)یان لێ بکەین! بۆ ئەوەی بەو پێیە ئێمەش بە هێزەکانی مەڵبەندی ۳ و تیپی ئاسۆس و پاشماوەی تیپەکانی سەدرەدین و قادر ئاغە و جوتیاران و هەموو ئەوانەی لە سەرکردایەتی (ئەوسا ع.کوێستانی و احمد مولودیش لێرە بوون) پەلاماری سەرکردایەتی حسک و حشع بدەین لە کەڵەکی پالَیان ـ کۆستان ـ دۆڵی شەهیدان ـ ساوێن و بێ‌ئالان و ئابلوقەیان بدەین و تصفیەیان بکەینەوە بۆ ئەو مسئلەیە استفتاءمان لەگەڵ هەموو ئەندامانی مەڵبەندەکان و زۆری سەرتیپەکان کرد، بەلام ئەوکاتە شەڕی تیا وەستا بوو، مەڵبەندی ئێوە ئیتر اتفاقیان لەگەڵ ئیمزا کردبوون هەروەها جوابی کاک عەلی و هەموو تیپەکانی ئەولاش ئەوە بوو کە ناتوانن بە ماوەی چەند ڕۆژێک و چەند شەڕێک وا لە هێزەکانی حسکع و حشع بکەن (لەدەشتی هەولێر ـ کۆیە) وەکو ئەوەی لاک بەڵکو دەبێ پەلاماریان بدەن و متارەدەیان بکەن و درێژە دەکێشێ. ڕەنگە خۆت بزانی من چەند ئەواتم خۆش دەوێ چونکە لە نامەکەی بۆ مامۆستا جەمالت نووسی بوو گلەییت

کردبوو کە من ڕەنیم نەبووە بۆ شەڕ ئەوە ڕاستی مەسەلەکەیە.

ئێستاش ئێمە بیرمان لێ کردۆتەوە ئەگەر شەڕ نوێ بووەوە چی بکەین و لە کۆبوونەوەی ئەمجارەدا بڕیارمان لەسەرداوە و ڕشیەکی وازحمان لەسەر دروست کردووە، بە گوێرەی ئەو مەعلوماتانەی دێن. ق.م خۆیان ئامادە دەکەن بۆ پەلاماردانی بەهار بە پشتیوانی هێزی ئێران دەکەن، هەر بۆیەشە وا خەریکی سوک کردنی ئێرەین بۆئەوەی ئەوەندە پێشمەرگە بە بارێزگاری ئێرە مەشغول نەبن و ئازادی جولان و مبادەرە و مباغەتمان هەبێ.

حسکع لە قۆڵی ئەملاوە بریتیە لە (حەمەی حاجی محمود ۱۰۰ نەفەرێک + عرسەی قالە منوەر ۳۰ نەفەرێک، پاککردنەوەی عوسە ئاسانە، هی حەمە زەحمەتە چونکە لە شوێنێکی دووری هەندێ لە برادەرانی ئەویش (ئەوانەی جاران زۆر دژی بوون) ناوێرن بچنە سەری، بەلاّم نەخشەی بنکۆڵ و باککردنەوەی ئەویشمان داناوە، لە سنووری م/۱ غەیری ئەوانە هیچی دیکەی لێ نیە، لە سنووری م/۲ (قالە بایز) ۳۵ نەفەرێک، لەم ڕۆژانە ٥یان هاتنەوە ناو خۆمان لەگەڵ محمد علی بەردەشانی خزمی رسول مامەند (۳۰) نەفەرێک. ئەمانە هەرکە شەڕەکەی یەکەم جار ئەوی فەرەبدونی تێدا شەهید بوو خۆمان ئاگاداری م-۱ یش لە ڕۆژانی شەڕدا داوای مرتەقیان کردو ئامادەیی خۆیان دەربڕی بوو، بۆ پەلاماردانی حسکع و حشع لە سنوری خۆیاندا بەلاّم ئەوە بوو تا کاک عەلی بچکۆل گەیشت شەڕەکە تەواو بوو، برایانی مەسئولی هەموو مەڵبەندەکان ڕۆژانە خۆیان لەسەر جیهازەکان تەعقیبی هەواڵەکان و مرتەقیان دەکرد. بۆ خۆشبەختی ئێستا هەموو پێشمەرگەکانی خۆمان داوای شەڕو پاککردنەوەی حسکع دەکەن بە

یەکجاری لە سنوری م/٣ بەڕاستی هێزێکی ئەوتۆیان نەبوو بۆ ئێوەی بنێرین چونکە نزیکەی ۱۰۰ پێشمەرگەیان لەلای ئێمە بوو، تیپەکانی ئەوانیش غەیری ١٢ی سۆران، ٧٤ی باڵەک ئەوانی دیکە کلۆر بوون و مەسەلەن فەقێ حەسەن ۲۰ کەس ماوە، عەولای حاجی شێخە ١٢ کەسە، حاجی ئەحمەدی بۆڵی ٢٠-٣٠ کەسە لەبەر ئەوە گلەییەکەتان لە مەسەلەی کەمتەرخەمی ئەوان لە ناردنی پێشمەرگە وا بزانم لە شوێنی خۆی نییە چونکە هێزێکی ئەوتۆیان نییە، جگە لەوەی ئەندامانی مەڵبەدەکەیان زۆر لاواز و کزن و ئێستا خەریکی هەندێ ئاڵ و گۆڕین بۆ چاککردنی وەزعی ئەوێ، بەتایبەتی چونکە خزمان ناچینە ئەو ناوچەیە، وەزعی مەڵبەندەکەیان زۆر خراپە.

بۆ مەسەلەی کاک غەریب سەعید ئێمەش هەر وەکو ئێوە بیری لێ دەکەینەوە بۆیە بڕیاری مانەوەی تیپەکەماندا و خراپە سەر مەڵبەندی ئێوە و بە هەر جۆرێک بکولجێ هەڵبەتە لە پارمەتیدانی درێغی ناکەین بۆ گەشە کردن و پێشکەوتنی و بەڕاستی شایستەی هەموو جۆرە تقدیر و پشتیوانییەکە.

بۆ مەسەلەی ناردنی کاک ڕێباز + وەرزێر + بەکر مستەفا ئەگەر دەزانن لەوێ دەتوانن بحەوێنەوە و جێگیر بین من بەلامەوە زۆر باشە لەگەڵ برادەرانیشمان باسم کرد، بەلایانەوە چاکە. بەڵام نازانم ئاخۆ ڕێباز لە ڕووی شەڕ و دەستوەشاندن و جموجۆڵ و ئیدارەوە دەتوانێ بەڕێوەیان ببات یان نا! چونکە وەکو زانیبێتم ڕێباز کوڕێکی چاک و دڵسۆزە بەڵام لە پێشمەرگایەتیدا شەڕکەر نییە. نازانم کاک عبداللە رەشیدی کەرتی ڕێکخستن چۆنە؟ ئەگەر بۆ سەرتیپی لێی دەوەشێتەوە و بە شەخسییەت و لێهاتووە ئەوا یان لە زرارەتی ـ بەرانەتی و یا لە

دەشتی هەولێر لە شوێنی شاخەوان، بەڕاستی شاخەوان کوڕێکی زۆر دڵسۆز و چاک و خۆگرە بەڵام وەکو بیستوومە حکم لێی ناترسن و بە هیچی نازانن، لەبەر ئەوە ئەگەر ئەو بهێنە مەڵبەند و بیکەنە مەسئولی مالی و عبداللە رەشید لە جێگەی دابنێن... ئاخۆ چۆن بێ؟

تکایە لەم ڕووەوە ئاگادارم بکەن. بۆ مەسەلەی سەرباز ڕەنگە ئەو گواستنەوەیە بە سزادان دابنێ یاخود بە دوورخستنەوە، ئەگەر چارێکی تری بکەن لە بەینی دەشتی هەولێر- کۆیەدا شوێنێکی بۆ بکەنەوە یاخود هەر لە شوێنەکەی خۆی بێت و لام وایە لە شوێنەکەی ئێستای گلەیی نییە.

بۆ مەسەلەی کاک غازی حاجی قادر بە ڕاستی لەنامەکانی پێشوو لەبەر ئەو هەموو مەسەلانەی دیکە لەبیرم چوو بوو، ئەگەر خۆت ڕەئیت وایە ئەوا شەرەفی ئەندامێتی بدەنەوە و ئاگاداری کاک ڕێکەوت بکەن لەو بارەوە ڕێکی بخەن.

بە زەردە بڵێ ئەوەی کاتی خۆی پێم گوتبوو با ئێستا وازی لێ بهێنێ و جێبەجێی نەکات.

ئەگەر کاک کۆسرەت هاتە لاتان ئاگاداری بکەن با لە شار بمێنێ مادام ئێوەش ڕەئیتان وەهایە، هەرچەندە ئەگەر لەوێش بێ زۆر سوودی دەبێ.

بەگشتی وەزعی مەڵبەندەکان باشە، مەڵبەندی ٣ نەبێ بێ ئیش و ناڕازییەکان ئێستا لە گوندێک کۆبوونەتەوە لە م/١ بەڵام نرخ و قورسییەکیان نەماوە لەناو پێشمەرگەدا... وەزعی ئەبو شەهاب و ڕێکخراوەکەی ئەوێ زۆر باشە و بارەگای تایبەتی خۆیان داناوە دوور لە مەڵبەندی- تا ئێستا چەند ڕاپۆرتی درێژیان نووسیوە، زۆر بە بەرۆشن

بۆ هەواڵ و دەنگ و باسی ئێوە، بەدرێژی بۆم نووسیوە.

دەربارەی لێدانی ئەم و ئەو، وەکو بیستوومە خۆت لەوێ گرتوتە باوی لێدان نەماوە، لەبەر ئەوە بۆ خۆت جوان نییە لەکەس بدەی یا هەڕەشەی بۆ بنێری ئەو سەردەمە تێپەڕی کرد. ئێمە خۆمان هەندێ ئاڵ و گۆڕ دەکەین ئەویش لەبەر ئەوە دەکەوێ و لا دەبرێ. ئەوانەی لە چەند تەجروبەدا ناجح نەبوون وردە وردە تقاعدیان دەکەین، یا بۆخۆیان زووڕنا لێ بدەن و عەینی پیرێژن دوعا و نزا بکەن.

شرعلە ڕۆیشتۆتەوە، ئەمجارە بە تایبەتی ناردمەوە بچێ مشووری هێنانەوەی ڕەشیفە بخوات و چەند کەسێکی دەست ڕۆیشتووشم بۆ ئەو مەبەستە ڕاسپاردووە کە بچن بۆ دەرەوە، بزانم سەردەگرێ یان نا؟

ئێستا ئەم ناوە زۆر چۆڵ بووە، ژمارەی پێشمەرگە و مەسئولەکانی ئێرە زۆر کەم بوونەتەوە و زۆربەیان نەقلی مەلبەندەکان کردووە، بێ تۆ ناخۆش زستانێکی خۆشمان لەگەڵ کاک عومەر و کاک جەمال و کاک فەرەیدون و کاک قادر و کاک ئازاد... بەسەر برد و زۆر باشن و بەدڵی تۆن.

کاک ئازادیش ئێستا لە خوارەوەیە (کاک ئازادی کەرتی/١) فەرماندەی تیپی سورداشە.

بەهۆی سوریا و لیبیاوە زەغتێکی زۆرمان بۆ ق.م و ئێران بردووە بۆ ئەوەی شەڕمان پێ نەفرۆشن و بەلاماری مەقەڕەکانی ئێرە نەدەن، دواکەوتنی هێرشەکەیان بە ڕەئی من دەگەڕێتەوە بە زۆری بۆ ئەو زەغتە. چونکە هەڕەشەی ئەوەمان لێ کردن کە ئەگەر وازمان لێ نەهێنن ئەوا مەجبوورین شەڕی ئەملا ڕابگرین و خۆمان بۆ ئەوان تەرخان بکەین و تۆبالی ئەو مەسەلەیش دەکەوێتە ئەستۆی ئەوان، ئێستا برادەران لەوێ

خەریکن کە زۆر لە ئێران بکەن هەڵوێستی خۆی بگۆڕێ هەرچەندە بڕواناکەم بەقەد مووەیەک هەڵوێست بگۆڕێ.

بە نیازی جەولەیەکی دوور و درێژ بووم و بە تەماى سەردانی ئێوەو تیپەکانی ئەولایش بووم، بەڵام بەهۆی هاتنی ق.م و مەسەلەی گواستنەوە بەلامەوە عەیب بوو لەم کاتەدا بڕۆم، ئەگینا ئێستا لێرە چ کارێکی ئەوتۆم نەماوە و لێرە خۆم بۆ سازداوە کاک محەمەدی حەمە باقی چەند ڕۆژێکە هاتووەتەوە لە شار لە ناو نووسەر و ئەدیباندا کاری زۆر باشی کردووە و بەڕاستی دەورێکی زۆر پیاوانەی هەبووە دەڵێن ئەدیبەکانی ئەولا ئاشبەتاڵیان کردووەو تەسلیم بوونەتەوە! بەم زووانە چەند دیوانی شیعری جوان و چەند چیرۆکی جوان جوان کە لە شارەوە بۆیان ناردووین لە (بڵاوکراوەکانی کۆمەڵە) بڵاو دەکەینەوە، چەندین بڵاوکراوەی ناوخۆمان نووسیوە هیوادارم بیخوێنیتەوە لە ملاحەزاتی خۆت ئاگادارمان بکەی.

بۆ مەسەلەی بڵاوکراوەی ـ تەعریب و تەبعیس ـ و (پیاچوونەوە بە کاری پێشمەرگایەتیماندا) هیوادارم بە وردی بیان خوێنیتەوە چونکە بەشێکی دەکەوێتە ئەستۆی تیپەکانی دەشتی هەولێر و کۆیە و هەوری بۆ زەرەر دان لە ناوچە تەعریب کراوەکان.

من نامەم بۆ تیپی ٢١ی کەرکوک، ٥٧ سەگرمە، ٥٥ قەرەداغ، ٥١ گەرمیان نووسیوە لەو بارەیەوە. تکایە تۆش تیپەکانی ئەو شوێنانە تەبلیغ بکە و هانیان بدە بۆ ئەوەی چالاکی و دەستوەشاندنی کاریگەر بخەنە ناوچە تەعریب کراوەکانەوە بەوەی:

١- هەوڵبدەن ماڵ و خانووەکانیان بڕووخێنن.

٢- تراکتۆر و دەرِاسە و ئۆتۆمبێل و مەکینەکانیان بسووتێنن.

٣- گەنم و جۆ و زراعەتەکانیان بسوتێنن.
٤- مەڕو ماڵاٌ و گا و گوتالیان تالاٌن بکەن یان قڕ بکەن بۆ ئەوەی ناچار بن بڕۆن و لەوەدا گوێ مەدەنە ئەوەی چیمان پێدەڵێن و کێ ئەوە بە انسانی دەزانێ یا بە نا انسانی.

هەربژیت

نەوشیروان

* * *

هێرش بردنە سەر بارەگای مەڵبەندی چواری یەک و دەست بەسەرداگرتنیدا، کارێکی ناڕەوا و سەر لێشێواوی و کورت بینی تەواوی تێدا بەدی دەکرا. لە هەمان کات کرا بە فتیلەی خۆشکردنی ئاگری شەڕ ناوەخۆ و یەکتر کوژتن.

چونکە تا ئەوکات لە هەموو ڕوێکەوە، ماوەی ئەوە مابوو، بە تایبەت نێوان سەرکردایەتی حشع و یەک کە بە ڕێگای گفتوگۆ کردن، چارەی ناشتیانە بۆ ئاکۆکی و مشاکیلەکان بدۆزرێتەوە.

بۆ ئێوارەکە (١٩٨٣/٤/٢٦) ئێزگەی یەک، بانگەوازێکی یەکجار توند و هەڕەشە و گەف کردنی دژی داگیرکەرەکانی مەڵبەندەکەیانی بلاٌوکردەوە لە کۆتاییدا هاتبوو (تۆڵە بە سەیرە بەلاٌم بە زەبرە...)

کار لە کار ترازا، بارەکە یەکجار شێوا، نا ئارامی و ناسوودەیی

له هەموو شتێکدا هەڵگیرا، لەناو گەرمەی ئەم تێک چرژان و تێکهەلایی بەگژ یەکتردا چوونە، هەستم دەکرد لە لایەن ئەندامانی م.س حشع چاوەنۆڕی ئەوەیان نە دەکرد م.س ینک بریاری هێرش بردنە سەر بارەگاکانی سەرکردایەتی حشع لە پشت ئاشان وەربگرێت هەر لە هەمان کاتیشدا دەنگ و باسی جۆراو جۆر دەگەیشت، کە سەرکردایەتی ینک هێزێکی زۆری کۆکردووتەوە و خۆی ئامادە دەکات بەرەو پشت ئاشان و قرناقاوە دەکەونە ڕێگا.

شەوی بیست و هەشت لەسەر بیست و نۆی/٤ ئێمە پێنج ئەندامی ل.م و پێنج ئەندامی م.س کۆبوونەوەمان کرد، دوای دەمەتەقە و مشتومڕی زۆر و لێکدانەوەی دور و درێژ بریار وەرگیرا:

١- پەلە بکرێت لە ڕووی عەسکەری دەور و بەری پشت ئاشان پتەو بکرێت.

٢- کەنترۆل بە توندی لەسەر ڕێگای کۆستان ـ دەرگەلە دابندرێت.

٣- داوا لە پدک بکرێت، بە زووترین کات هێزێکی زۆری پێشمەرگە و چەک و فیشەک لە دیوی کوردستانی ئێران بگەیێنێتە (قەسر و ماکۆس)‹٨٦› بۆ پارمەتیدانی هێزەکانی (جود).

‹٨٦› قەسر و ماکۆس: دوو گوندن کەوتوونەتە بناری شاخی قەندیل، شوێنێکی هەوا خۆش و سازگار و قایمە. لە دەرگەلە و ڕێگای ئۆتۆمبێلی نێوان حاجی ـ کۆستان ـ سەنگسەر نزیکە. چەند ساڵێک لە کاتی شۆڕشی ئەیلول ماڵ و خێزانی خوالێخۆشبوو مستەفا بارزانی لەوێ دەژیان.

٤- بانگەوازێک بە ناوی م.س حشع دژی سەرکردایەتی یەنک بڵاوبکرێتەوە، یەکجار بە درەنگی بیر لە وەرگرتنی ئەم جۆرە بڕیارانە کرایەوە. گشتیان قرانێکیان نەگەیاند، لەکاتێکدا هاتە کایە، کە باڵی شوومی پەشێوی و سەر لێشێوان و مەترسی شەڕێکی شێتانەی قورس ڕووکاری هەموو شتێکی لە ناوچەکەدا گرتبۆوە.

ئێزگەی یەنک کەوتبووە ئەرپەڕی تەکاندان لە هەڕەشە کردن، چاوو سوور کردنەوە و هاوار کردن بە کوشتن و تۆڵە ستاندنەوە لە هیچ سنوورێک دا نەما بوو. هەرچی تۆهینی ناڕەوا و بوختان هەبوو ئاراستەی حشع و دۆستەکانی دەکرد.

لەنێو ئەم شانۆگەریە سەر سوورمێنەرەدا. بەیانی ڕۆژی ١٩٨٣/٤/٣٠ ژمارەیەکی زۆر لە کادرو پێشمەرگەکانی حشع بەسەر گەرمیەوە خەریکی خۆ ئامادەکردن بوون بۆ گێڕانی ئاهەنگێکی خنجیلانە. لە بەیانی ٥/١ ڕۆژی جەژنی کرێکارانی جیهان ‹٨٧›

‹٨٧› جەژنی یەکی ئایار: لە ڕۆژی یەکی ئایاری ساڵی ١٨٨٦ کرێکارانی شاری شیکاگۆ لە ئەمەریکا مانیان گرت، داوای کەم کردنەوەی سەعاتی ئیشکردن و پتر کردنی ڕۆژانەیان کردبوو، بەکرێنگیراو و چڵکاو خۆرەکانی سەرمایەداران ئازاوەیەکی خوێناوی دژی کرێکارانیان گێڕا.

لە ساڵی ١٨٨٩ ئینتەرناسیۆنالی دووەم (١٨٨٩ ـ ١٩١٧) لە یەکەم کۆبوونەوەی بڕیاری وەرگرت، هەموو ساڵێک ڕۆژی یەکی ئایار بکرێتە ڕۆژی جەژن و خەبات و تێکۆشانی کرێکاران و زەحمەتکێشان لە دنیادا.

■ هەمان ڕۆژ ئەم بروسکەی م.س حدک گەیشت:

م.س حدک
الی م.س حشع/ م.س حسک
التاریخ ٤/٣٠

برقیتکم ٥٣ فی ٤/٣٠ ستدخل قواتنا من محورین الاول الی سکران و ئینئزه و الثانی الی دولەتو و ناوزەنگ. نحن علی عجل مثلکم ایضا.

لە ڕاستیدا هیچ هێز و یارمەتیدانی (پدک) نەگەیشت.

سات بە ساتیش دەنگوباسی ناڕەوا و جۆراو جۆر وەک تریشقەی هەورە بەهارە بڵاودەبۆوە: ئەها هێزی هێرشبەرەکانی یەک گەیشتە ڕەزگە ـ مارەدوو ـ سەری ساوێن<٨٨>... لە دۆڵی شەهیدانەوەش خەریکن بگەنە کزمتان. تەنگەبەری خوارووی دۆڵی ناوچەکەی پشت ئاشان.

<٨٨> سەری ساوێن: شاخێکی بەرزە و کەوتووەتە بناری خوارووی ڕۆژئاوای شاخی قەندیل ١٥٠٠ مەترێک لە ڕووی دەریاوە بەرزە. سەرە ڕێگای هاتووچۆکردنی ڕەوەند و کۆچەرانە، لە مابەینی گوندی قەلاتوکان و قرناقاوە هەڵکەوتووە کانیاوێکی سازگاری تێدا هەیە ■ کبکزمەتر لە پشت ئاشان دوورە.

ئەو شیروان مستەفا فەرماندەیە. هێزی زۆریان لەم لاو ئەولاش کۆ کردوونەوە. تەنانەت نێوی چەند گروپ دەهات کە دەستی یارمەتیان ـ کەل و پەل و شەرکەریان بە ینک گەیاندووە... هتد.

رۆژی ١٩٨٣/٥/١ بەیانیەکەی زوو تەتەر لە (قرناقاوە) بە هەرەداو و هەناسە برکە گەیشتە م.س حشع. دەنگوباسی گەیاند کە پێشمەرگەکانی ینک هێرشی توندیان بردوتە سەر پێشمەرگەکانی حشع لە (سەری ساوێن) لە ئەنجامدا نۆ پێشمەرگە شەهید کراون، هاوڕێ رەسولە سووری مەنگوڕی کە بەرپرسیاریان بوون لە نۆ شەهیدەکان دایە.

تەقە زۆر لە هەموو لایەکەوە دەستی پێکرد. لە سەری ساوێن بەرەو قرناقاوە و پشت ئاشان لە ڕێگای کۆمتان.. ناوچەکە بوو بە ناوچەی جەنگێکی راستەقینەی بەرفراوان. جۆرەها چەک، تۆپ، کلاشینکۆف، ئار.بی.جی، دۆشکا، نارنجۆک، بی.کەی.سی، تفەنگی ژێر سێ... هتد. بەکاردەهێندرا. بۆ ئێوارەکە زاندرا پەلاماری هێرشبەرەکان سەرێکی گەیشتوەتە نزیکی بارەگاکانی حسک لە قەرناقاوە.

شەوی یەک لەسەر دووی ١٩٨٣/٥/ ئێمە هەموو ئەندامانی م.س و ل.م بە بەردەوامی لە کۆبوونەوەدا بوون.. دەنگی تەقە و بەلاماردان و هێرشکردن تا دەهات گەرمتر دەبوو، سەعات سێی بەیانی ٥/٢ پێکرا هەموو گەیشتینە ئەم قەناعەتە کە پێویستە پاشەکشە بکەین بەرەو شاخی سەرکەشی قەندیل بە هۆی ئەوەی لە هەموو لایەنەکانی دیکە ئابلوقە دراوین...

هاوڕێ کەریم ئەحمەد کەوتە دەست نیشان کردنی یەکەم دەستە

کە بەبێ وەستان بەرەو شاخی قەندیل بکەونە ڕێگا، بە مەبەستی ڕزگار بوون و ڕێگا کردنەوە.

نیشان کراوەکان دوو ئەندامی م.س باقر ابراهیم، عەبدولرەزاق صافي، ئەندامانی ل.م معحدي عبدالکریم، عبدالوهاب تاهیر، سلێمان شێخ محمد و فاتح و ژمارەیەک کادری پێشکەوتوو: سابت عانی، مجید عبدالرزاق، ئەحمەد دڵزار و باوکی عادلی بەسراوی و چەند پێشمەرگە وەکو سید باقي هەڵەبجەیی و شەماڵی حەویزی و سیروانی شەقڵاوەیی... هتد. ژمارەمان بوو بە هەژدە هاوڕێ. کاک کەریم ئەحمەد داوای لێکردم کە وەک لێپرسراوی ڕێگا بیانگەیێنم بە شوێنێکی ئارام و ڕێگا بۆ هەموویان بکەینەوە، بەڵام پێشی ئەوەی لەناو بنکەکان دەرچین، چاوم بە لێپرسراوی دارای م.س باوکی ئەحلامی ئەلقوشی بکەوێت، مقدارێک پارە لەگەڵ خۆماندا ڕزگار بکەین، پارەکەمان وەرگرت.

لە نێوە خۆمان بەسەر ژمارەیەک دابەشکرا. هەر یەکێکیش دوو ئەستورکی خستە گیرفان. یەکسەر ڕزگارکردنی ئەو بەڵگەنامە سەرەکیانە و ڕووداوە گرنگەکانی لە ماوەی چوار ساڵ کۆمکردبورنەوە، کەوتە یاد، بەپەلە هەموویانم لەگەڵ ڕادیۆیێکی بچووک خستە ناو ساکێکی شانەوە، ماڵم بەجێهێشت، شارەزا و ڕێبین لە نێوانماندا نەبوو.

لە گازیرەی سەعاتی پێنجی بەیانی ٢/٥/١٩٨٣ بەرەو ڕووی شاخی قەندیل، ڕێگای هاتوو نەهات کەوتینە ڕێگا، قەندیلی سەرکەشیش وەک بووکێکی ڕازاوە بە بەرگی سپی یەکپارچە داپۆشرا بوو. بەفری زۆر کەند و لەند، بەرزی و نزمی، چاڵ و ڕاستی هەمووی

کردبوو بەیەک شوورەی بەرز، ئاسۆکەی سەری بە ئاسمان گەیشتبوو.

پێنج سەد مەترێک بەرەو بناری قەندیل ڕۆیشتین، بە ڕێکەوت ڕوومان کەوت بە ڕەشماڵی پەزدارێکی ناوچەکە. دیمان پیاوێکی بە تەمەن لەگەڵ کوڕێکیانی خەریکی بەخێوکردنی ئاژەڵ بوون. پیاوەکە ناسیاوم دەرچوو. لە باوک و باپیرانەوە هەر دانیشتووی پشت ئاشان بوو ون. بەست بە بەست شارەزایی لەسەر ئاوو هەواو ڕێگاوبانی ناوچەکەدا هەبوو، دوای سەلاو کردن و ڕێز گرتن، داوام لێکرد یارمەتیمان بدات ڕێنمایمان بکات دەمانەوێ ڕێگای بەفر بشکێنین لە هەرەسهێنانی ڕەنوە بەفر و گێژەلووکەی و زریانی قەندیل بە سەلامەتی دەرباز بین.

ئاسیارەکە کەوتە تکاو پاڕانەوە، کە خۆ تووشی مردن نەکەین، وزە زۆرە بەفر یەکجار زۆرە، ڕێگا نەکراوەتەوە، بە پەنجەکانی ئاماژەی بۆ چەند هاوڕێیەک کرد گوتی (ئەمانە ناگەنە سەری قەندیل لە ڕێگا دەمرن) ئەوەندەی تەقەلاماندا سوودی نەدا تەنیا ئەوە نەبێت خوا کاری ڕاست بکا، کەوتە پێشمان ..٥ مەترێک پتر ڕۆیشتین وەستا گوتی (ئەمە دووڕیانە، ڕێگای دەستە چەپ بەرەو گۆمی کرمە سووران سەری شێخانان دەڕوات تا دەگاتە گوندی کزنەلاجان دیوی کوردستانی ئێران ئەم ڕێگایە یەکجار دوور و سەختە، پڕ کەند و چاڵی قووڵ قوولە، پڕ مەترسیە، لەم ڕێگایە ڕزگاربوونتان نابێت! ئەو ڕێگایەی دەستە ڕاست بگرن. ئاماژەی بۆ سێ بەرزترین لوتکەی پۆپی قەندیل کرد، لە نێوان لوتکەی دووەم و سێیەم قەبرێک هەیە کێلەکانی دوو داری بەرزن. ناسراوە بە قەبری شێخ شەرۆ، تەقەلا بدەن ئەگەر بە حەوت هەشت سەعات ڕۆیشتن بگەنە سەر قەبرەکە،

ئەوە مەترسی مردن و لەناو چوونتان لەسەردا نامێنێت، لەوێوە یەکسەر خۆ لەسەر بەفر غلۆر بکەنەوە، زۆر ناخایەنێت دەگەن بەئەشکەوتێک پێی دەڵێن ئەشکەوتی (دۆڵە نێ) شەوەکە لەژێر ئەشکەوتەکە پشوویەک بدەن بۆ ڕۆژی ١٩٨٣/٥/٣ دەگەنە شوێنی ئاوەدانی لەناو خاکی کوردستانی ئێران.

ژیان خۆشە، مرۆڤیش لە هەموو شتێک بەنرختره، هەرکاتێک مەترسی مان و نەمان هاتە پێش، ئادەمیزاد یەکجار خۆ ڕاگرتر دەبێ و تامی ژیانیش خۆشتر. سنگمان دایە بەر شاخی قەندیل... دوای چێژتنی ئازار و ماندوو بوون و شەکەتی زۆری کەم وێنە. سەعات چوار دوای نیوەڕۆ و بە شەو شەپەڕی گەیشتینە سەر قەبرەکە، خۆشبەختانە کەس لە ئێمەدا نەمرد. ماوەی نیو سەعاتێک هەرتووترکاین و کەمێ پشوومان خوارد. لە دوورەوە دیەنی کارەساتی ئاپۆرەکەمان دەبینی. لە چەشنی ئەو دیەنانەی دەکرد، کە لە نێو فیلمەکانی جەنگی شەڕە ناودارەکان دەبیندرا.

دەنگی تەقەو گرمەی تۆپ و ئارپی‌جی لە هەموو لایەکانی پشت ئاشان و لوتکە بەرزەکان دەهات، مەشخەڵی ئاگر لە چەند شوێنێکدا گەیشتبووە ئاسمان.

گیومان لە ئێزگەی یەنک گرت، قسەکەرێک تا توانای تێدا هەبوو دەی قیراند، بیان کوژن، ڕاویان بنێن، مەیان هێڵن، لەناویان بەرن، تەفرو تونایان بکەن... هەرچی گوتە و قسەی ناڕەوا و بوختان و تۆمەتی ناڕاست هەبوو، بە گوژمە ئاراستەی حشع و پارتەکانی بەرەی نیشتمانی (جود)ی دەکرد، هەر بەبنا بەبنیش بروسکەی پشتگیری و پیرۆزبایی کردن کە بۆ سەرکردایەتی (یەنک) دەناردرا، دەی

خوێندەوە.!

فـره بە ئاسـانی بۆ دیوی کـوردسـتـانی ڕۆژهەڵات (ئێـران) شۆڕبووینەوە لای سەعات حەوتی ئێوارە ٥/٢ گەیشتینە ئەشکەوتی (دۆڵە نێ) هەر چەند بەفـر سـەرتاپای ناوچەکـەی داپۆشـیـبوو، بە دەردەسـەری زۆر سـووتەمـەنیـمـان پەیدا کـرد و ئاگرێکمـان لەناو ئەشکەوتەکـەدا کردەوە. مـاندوو بوون و ئازاری زۆر گیانی و لەشی وەها هاری بووین کـەس هۆش و هەسـتی لەلای خـۆی نەمـا، هەر هەمووومان ملمان لار بووەو نووستین.

بەیانی ٣/٥ سـەعات پێنج دونیا لە کازیوەدا بوو، گورگ و مەڕ لە یەکدی جیاواز نەدەکرایەوە. لە نووسـکە نووسکی دەنگی سـەگێک هەموومـان لەخەو ڕاپەڕین، دیمان سەگی پێشمەرگەکانی م.س حشع لە پێشی ئەشکەوتەکە وەستاوە.

زۆری نەخایاند دوای چەند دەقیقەیەک ڕێچکەی هاوڕێیانی ئێمە و حسک و چەند پێشمـەرگەی پدک گەیشتنە دەوروبەری ئەشکەوتەکە ژمارەی هەمـوومان لە دەوروبەری ٤٠ کەسێک دەبووین.

تێکڕا هەمـوو برادەرەکـان بەسـەر سـووڕمـاوی باسی زیرەکی و دڵسۆزی وەفای سـەگـەکەیان دەگێڕایەوە کە چۆن هەر تاریکی دونیای داپۆشی، کەوتبووە پێشیان، بەبێ هەڵەکردن یان ون کردنی ڕێگا بەو شوێنەدا هاتبوو کـە دەسـتـەی یەکـەم ڕێگاکەیان کردبووە و بەفریان شکاندبوو. هەمووی گەیاندبووە بەر دەرگای ئەشکەوتەکە.

لە دۆڵەنێ دوای دەمـەتەقـە و گـفـتوگـۆ و مشت و مـڕێکی زۆری توند و تیژ، پۆل پۆل بەرەو گوندی (بادیناوە) کەوتینە ڕێگا. هەر کە گەیشتینە پێش پاسگاکەی ئەرتەشی ئێرانی وا خۆمان بێشکەش کرد

کە لایەنگران و ئەفرادی بارزانیتە، زۆرەندخاباند چەند چەکدارێکی پدک و ئۆتۆمۆبیلی زیلی عەسکەری گەیشتە پاسگاکە.

دانیشتوانی دێکەش کە چاویان بەو دیمەنە شەر و شەڕپرۆە کەوت، جوامێرانە هەر کەس لە ماڵی خۆی دەستە نانی زۆریان هێنا و لەگەڵ خواردنی قوتو بەسەریاندا بەشکردین. دەستە دەستە بە ئوتۆمۆبیلە زیلەکانی ئەرتەش نێردراینە گوندی (شیناوە) بە تەک شاری خانە ـ پیرانشار. لەلایەن فەرماندەی پێشمەرگەکانی (پدک) مولازم عەلی بە گەرمی پێشوازی کراین. شوێن و خواردنیشیان ئامادە کرد.

چەندە بگوترێ و خامەش بتوانێ سەرجەمی رووداو و کارەساتەکە بنووسێت، ناگات بە وەسف کردنی ئەو دراماییەی لەماوەی چەند رۆژێکدا بەسەر ئاوچەکەدا هات. مەگەر دەرهێنەرێکی سینەمایی دیکەی وەک رۆڵەی ئازا و چاو نەترسی کورد تێکۆشەری نەمر (یەڵماز گۆنای)«٨٩» پەیدا ببێتەوە، مافی تەواو و گیان بداتەوە بەو کارەساتەکان، کە چۆن رۆڵەی کورد کەوتبوونە گیانی یەکدی و وێرانکردنی شوێن و خانوو تالان کردنا

«٨٩» یەڵماز گۆنای: ناودارو تێکۆشەرێکی نەتەوەی کوردە، ساڵی ١٩٣٧ لە دەوروبەری شاری (ئەدەنە) باشووری تورکیا لە خێزانێکی جووتیاری هەژار چاوی بە دونیا کەوت.

هەر زوو بووە هونەرمەند و دەرهێنەری فیلمی سینەما و شانۆگەری. لە ساڵی ١٩٥٨ یەکەم فیلمی بە ناوی (رۆڵەکانی ئەم نیشتمانە)ی دەرهێنا. ساڵی ١٩٧٠ فیلمێکی دیکەی بەناوی (هیوا)ی دەرهێنا، ناوی دەرکرد و چەند خەڵاتی .

ورەی رزگار بووەکان دابەزیوە ژێر سفر، گرژی و [redacted] ناسوردەیی و بێزاری و جیقە تەسکی ڕووی هەموو شتێکی داگرتبوو. سەرجەمی پێشمەرگە و کادرەکانی حشع و حسک، بە ماتەمی دەست لە چۆک ئالاندن و دەست لەژێر چەنەگەدا لە دەوروو بەری ینکەکانی (پدک) و کوڵانەکانی ناو دێیەکەدا هەڵتروکابوون. لەناو ئەم بارو دۆخە ناجۆرەدا، دەنگ بڵاوبوەوە و زاندرا کە پێشمەرگەیەک لە هاوڕێیانی عارەب پێش ئەوەی بگاتە (دۆڵەنێ) بە سەد مەترێک دوور لە ناو بەفردا ڕەق ببووەوە، هیچ دەنگوباسێک دەربارەی ئەو خێزان و هاوڕێیانەی لە پشت ئاشان بەجێمابوون نەگەیشت.

ڕۆژی ١٩٨٣/٥/٤ باقر ابراهیم، عبدالرزاق سافي، مهدي عبدالکریم، عبدالوهاب تاهیر و فاتیح لە شیناوە کۆبوونەوەیەکی کورتمان کرد. بڕیارمان وەرگرت دوو ئەندامەکەی م.س (باقر و سافي) بەپێ وەستان بۆ (ڕاژان) بچن، بەو مەبەستەی داوا لە م.س پدک بکەن کە بەپەلە فریا بکەون. پێشمەرگە و ئازوقە بنێرنە دەوروبەری

وەرگرت، ناودارترین فیلمی بە ناوی (ڕێگا) [redacted] سالی ١٩٨٢ بڵاوکرایەوە لە فستەڤاڵی سینەمای جیهانی لە (کان) خەڵاتی باشی پێدرا، ناوبانگی بڵاوبوەوە کە یەکێکە لە هونەرمەندە ناودارەکانی جیهان. بەهۆی دڵسۆزی بۆ نەتەوەکەی و بەرگری کردن لە ماف و داهاتووی کوردستان، لەلایەن ڕژێمی ڕەگەزپەرستی تورکیا چەند جار زیندانی کرا، دوازدە ١٢ ساڵ پتر لە بەندیخانە ژیانی بەسەر برد. لە ساڵی ١٩٨٤ ئەم تێکۆشەرە ناودارە، دوور لە خاکی نیشتمان و نەتەوەکەی لە پاریس دونیای بەجێهێشت، کەوتە ڕیزی شەهیدانی کورد و کوردستان

پشت ئاشان، بۆ یارمەتیدان و پشت گرتنی ئەو هاوڕێیانەی بەجێ مابوون.هەر بەیانیەکە دوو هاوڕێکە ئێمەیان بەجێهێشت، بۆ ئێوارە هاوڕێ عومەر عەلی شێخ ئەندامی م.س گەیشتە لامان، بۆ ڕۆژی دووەم ئەویش لەگەڵ کاک ڕەسوڵ مامەند بۆ (ڕاژان) ڕۆیشتن.

سەرجەمی کادر و پێشمەرگەکان لە ئەو پەڕی پەشێوی و ڕاڕا و نا ئارامیدا دەژیان، بەهۆی ئەوەی نەیاندەزانی چارەی ئەو هاوڕێیانەی لە بناری قەندیل بەجێ مابوون بەچی گەیشتووە، چیان بەسەرهات، بۆچ هەر نەگەیشتن؟

بە بڕیاری هاوڕێکانم ڕۆژی ١٩٨٣/٥/٨ منیش بۆ (ڕاژان) چووم، بە بەردەوامی ئێمەی نوێنەرانی حشع و حسک لەگەڵ برادەرانی م.س پدک لە کۆبوونەوەدا بووین، لێکدانەوە و دەمەتەقە و مشت و مڕی زۆر لە نێوانماندا دەکرا. ئێمە و حسک بەگەرمی و سوور بوونێکی تەواو داوای ڕزگارکردنی هاوڕێ کەریم ئەحمەد و مەلا ئەحمەد بانیخێلانی و پێشمەرگەکانی لەگەڵیاندا مابوون دەکرد.

هەست دەکرا ئەو ئاگر لە جەرگ بەربوونەی لە دەروونی ئێمە و حسک دا جۆشی خواردووەتەوە، لای م.س پدک وا نەبوو، هەزار و یەک حسابیان بۆ هەموو ڕووداو دیاردەی نهێنی و ئاشکرا دەکرد.

لە ئێوارەی هەمان ڕۆژ(٥/٨) ئێزگەی ینک بڵاوی کردەوە کە کەریم ئەحمەد ئەندامی م.س و جێگری سکرتێری یەکەمی حشع و ئەحمەد بانیخێلانی ئەندامی ل.م و ٤٨ پێشمەرگە و کادر لە لایەن هێزەکانی ئەوان بەدیل گیران‹٩٠›. کوژراویش لە ژماردن نایەت کەسوکاریان با بگەنە بناری شاخی قەندیل تەرمەکانیان بەرنەوە.

<۹۰> ڕوونکردنەوەیەک: ڕۆژی سێ لەسەر چوار/٥ لە هێرشە ناڕەوا پڕتاوەکانی ینک هاوڕێ کەریم ئەحمەد و مەلا ئەحمەد بانیخێلانی و نزیک ۱۰۰ هاوڕێیەکی چەکدار کە دوایەمین گروپ دەبن، دەکەونە پاشەکشەکردن، کە دەگەنە بناری قەندیل سەر دووڕیانی ڕێگای قەبری شێخ شەرۆ و ڕێگای گزمی کرمە سووران ـ سەری شێخانان ـ لاجان. دەبینن کە ڕێگاکەی قەبری شێخ شەرۆ بە تەواوی گیراوەتەوە و بەفر شکاندراوە، پتر لە ۴۰۰ کەسیش پێدا ڕزگاریان بووە. لە نێوە خۆیان دەکەونە مشت و مڕ و لێکدانەوە و دەرسکردنی دیوی کوردستانی ئێران.. گەلێ ئیحتیمالاتیش دەخەنە پێش خۆیان. بڕیار وەردەگرن بکەونە ڕێگای گزمی کرمە سووران ـ سەری شێخانان کە چەند بگرێ سەخت و پڕ بەفراوییە، هاتوو چۆشی پێدا نەکرا بوو!

دوای شەو ڕۆژێک بەبێ وەستان، بە برسیەتی و شەکەتی لە سەخترین شوێن ڕێگا ون دەکەن. دادەبەزنەوە لای ڕۆژئاوای شاخی قەندیل، کاتێک خۆیان بە تەک چەند ماڵە ڕاکردوویەکی گوندی (کزیلە) دەبینن. بەپارە کەمێ نان و شەکر و چایان لێ وەردەگرن. ماڵەکان لە هەمان کات سەر بە (ینک) دەبن. بە نهێنی و بەپەلە پێوەندی بە هێزەکانی ینک دەکەن، هاوڕێیان هەر هەندە دەبینن چوار دەوریان گیراوە، بە تەقەکردنی زۆر هێرشیان دەبەنەسەر، ئەوەی شەهید کرا و ئەوەی بەدیل گیرا!

لە هەمووی دڵگیرتر و ناڕەواتر کە بە کارێکی دڕندانە دەژمێردرێ، کوشتنی ژمارەیەکی زۆر لە دیلکراوەکان بوو. زیانی هەرە گەورە لە کارەساتەکە، لەم هەڵەکردنە گەورەیە بە ئەستۆی حشع کەوت. خۆ ئەگەر ئەمە ڕووی نەدابا، خەسارەتی حشع و ینک جیاوازی زۆری لە نێوانیدا نەدەبوو.

بۆ ڕۆژی ١٩٨٣/٥/٩ هاوڕێ عومەر و من گەڕاینەوە (شیناوە) بە ڕێککەوتنێ لە نێوان پدک و ئەرتەش و پاسـداران، ڕۆژی ١٩٨٣/٥/١٠ هەموو ئێمە و حسکیان بۆ گوندی (سێلۆێ)<٩١> نزیک بە شاری (خانە) گیوزایەوە. پێشمەرگەکانیش لە گوندەکانی: کاولان، قەلان، هەمزاوای خوارو و هەمزاوای سەروو دابەشکران.

بەهۆی پێشـمـەرگـەکـانی (پدک) و بەناوی ئەوان، هێزەکـانی چەکداری کۆماری ئیسلامی خواردەمەنی و ئازوقەیان بۆ دەناردین.

سـەرجەمی ڕزگار بووەکان هاواریان لێ هەستا بوو، گشتیان داوای شـتـومـەکی پێویست بە مـرۆڤ، لە گـۆرەوی و پێلاو بگرە تا جلوبەرگی ژێر و کـراس و کـۆت و شـەرواڵ و پێخـەف... هتـد. چونکە هەمـوو شـتـومـەک و کـەل و پەلەکانی گشتی و تایبەت بە تالآنی بردران، کەس هیچی پێ ڕزگار نەکرا بوو.

ڕۆژی ١٩٨٣/٥/١١ ئێزگـەی ینک بانگەوازێکی بەناوی مـام جەلال تالەبانی و هاوڕێ کەریم ئەحمەد بڵاوکـردەوە، داوای ڕاگرتنی شەڕی دەکرد لە نێوان پێشمەرگەکانی ینک و حشع.

ئەمە دەقی بانگەوازەکەیە:

<٩١> سێلۆێ، کاولان، قەلات، هەمزاوای خوارو و هەمزاوای سەرو، زێوکە: چەند گوندێکی خێڵی مامەشـەکانە، کەوتوونەتە باکووری شاری خانە، بە تەواوی لە ڕۆژهەڵاتی گوندی خەلان و زێوێی شێخی ـ کوردستـانی عـێراق هەڵکەوتوون. تەنیا شاخێکی بەرزیان نێوانە.

نداء مشترك بين ممثلي الاتحاد الوطني الكردستاني و الحزب الشيوعي العراقي

الى جميع مسلحي الطرفين

نطالب بوقف القتال بين الطرفين فورا لان الحوادث الداميه المؤسفه التي وقعت مؤخرا قد تركت آثارا سلبيه في الحركه الوطنيه المناضله ضد السلطه الفاشيه عدونا المشتركه و على الحركه الجماهيريه المناضله حيث تتفرج الفاشيه على سيل الدماء بينهم الذي كان يجب ان تراق هذه الدماء الزكيه في خندق واحد ضد السلطه الدكتاتوريه الفاشيه المتسلطه على رقاب شعبنا العراقي بعربه و كورده و اقلياته القوميه.

ان ممثلي الطرفين يعلنان بحزم و اصرار وضع حد ثوري للاقتتال و انهاء هذه الحاله الشاذه فورا بينهما تمهيدا لمعالجه جروح هذه الحوادث المؤسفه و التوصل الى توحيد الجهود المشتركه بين الطرفين و سائر الاطراف الوطنيه ضد السلطه الدكتاتوريه و في سبيل تحقيق الاهداف الوطنيه لاقامه حكومه ائتلافيه وطنيه ديمقراطيه قادره على تحقيق الاستقلال الوطني و تحقيق الديمقراطيه و الحكم الذاتي الحقيقي لكردستان.

عن	عن
الحزب الشيوعي العراقي	الاتحاد الوطني الكردستاني
كريم احمد	جلال الطالباني

١٠/آيار/ ١٩٨٣

له هه‌مـــانی ده‌ورویه‌ردا ، دوای چه‌ند رۆژێک ئیزگـــه‌ی یه‌ک ناوه‌رۆکی به‌یاننامـه‌ی رێککه‌وتنی نێوان سـه‌رکـردایه‌تی مـه‌ڵبـه‌ندی سلێمـانی حشع و یه‌ک ی بلاوکـرده‌وه کـه له دیی: (دێوانه‌ی حاجی حه‌مه فه‌روج) کۆبوونه‌وه‌ی له‌سه‌ر کرا بوو:

ده‌قی به‌یاننامه‌ی رێککه‌وتنه‌که

رێکه‌وتن بۆ به‌رژه‌وه‌ندی گشـتی به هه‌ڵوێـستی مـه‌بده‌ئیـمـان، بۆ چاره‌سـه‌رکردنی کێشـه‌کانمان له سنووری مه‌ڵبه‌ندی/١ له رۆژی ٥/١٠. نوێنه‌رانی مـه‌ڵبـه‌ندی/١ ی.ن.ک و نوێنه‌رانی سـه‌رکردایه‌تی حیـزبی شیوعی عـیراقی له لیوای سلێمـانیـدا له کـات و شوێنی دیاریکراو کۆبوونه‌وه و له‌سه‌ر ئه‌م خالآنه‌ی خواره‌وه رێککه‌وتن، به ئاماده بوونی شورای (٤٠) دێ له ناوچه‌ی قه‌ره‌داغ.

١- راگرتنی ته‌قه له‌نێوان حشع له قاطعی سلێمانی و مه‌ڵبه‌ندی/١ی ی.ن.ک.

٢- ته‌حقیق کردن له مه‌سه‌له‌ی رووداوه‌که‌ی (مه‌سوێ)‹٩٢› و بۆ ئه‌م مـه‌به‌ســتـه پێکهـێنانی لیژنه‌یه‌کی هاوبه‌ش و نه‌به‌ســتنی شـه‌ری ناوچه‌کانی دیکه به‌م ناوچه‌یه‌وه.

‹٩٢› مـه‌ســوێ: گوندێکه له ناوچه‌ی قـه‌ره‌داغ دایه، کـه‌وتۆته نزیک گوندی (دێوانه) له کـه‌مـینێکی نه‌هێنی نه‌زانـدراو، دووکـادری حشع نه‌جـمـه‌دین محمد قادر و فازیل شه‌هید کران.

٣- ڕێکخستنی جەولە لەگەڵ یەک لە ئاستی بەرزەوە تا دەگاتە هەموو هێزەکانی مەڵبەندی/١.
٤- هێزەکانی حشع لە قاطعی سلێمانی نابێ تێکەڵی حسک یا پاسۆک و قیادە مووەقەتە بێن. ئەگەر تووشبێ بە تێکەڵاوی ی.ن.ک بەرپرسیار نیە.
٥- بڵاوەپێکردنی هێزەکان کە هی ناوچەی قەرەداغ نەبن، بە ئێمە و بە حشعەوە. یانی مەڵبەندی/١ و حشع.
٦- هێرش نەکردنە سەر یەک چ لە ڕووی ئیعلامیەوە چ لە ڕووی عەسکریەوە لە سنووری مەڵبەندی/١دا.
٧- هیچ قوەتێک نەڕوا لە قاطعێکەوە بۆ قاطعێکی دیکە دژ بە حشع، هەروەها لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە لە حشعەوە نەڕوا لە قاطعێکەوە بۆ قاطعێکی دیکە دژ بە ی.ن.ک.
٨- چەکەکانی هەردوولا بگەڕێتەوە بۆ شوێنی خۆی.
٩- سنووری جەولەکردن بۆ لێپرسراوانی حشع تا دووکان و مەسوێ و ڕووی شارەزوور، بۆ ماوەیەکی کەم تا ئەو جەولەیە تەواو دەبێ لە نیتاقی مسئولیەتی قەرەداغی هەردوولا دەبێ.
١٠- نەگرتنی سەر شاخ و ئەملا و ئەولا لەیەکدی.
١١- نوێنەرانی حشع ڕازی نین کە ئەم ئیتیفاقە لە ئێزگە بڵاوبکرێتەوە هەتا خاڵەکان جێبەجێ دەکرێ.

نوێنەرانی حشع لە لیوای سلێمانی — نوێنەرانی ی.ن.ک
مەلا عەلی — لێپرسراوی مەکتەبی عەسکەری
شێخ سەعید — حەمەی فەرەج ، مامۆستا ئەنوەر
نەسرەدین هەورامی — ١٩٨٣/٥/١٠ — مەلا ئیبراهیم

لەوکاتە ناڕەواو دژوار و پەشۆکاویەدا، کتوپڕ بڵاوکردنەوەی بەیانەکە، باری حشعی لە ڕووی فیکری و سیاسی و مەزاجی و پێوەندییەکانی ڕێکخراوی پارتایەتی گەلێ شێواند، پتر لەبەر یەکتردا هەرزڕاند.

دەربڕینی بێزاری و ناڕەزایی و ئاراستەکردنی هێرش و ڕەخنەی توند و تیژ، دژ بەو هاوڕێیانەی دوو ڕێککەوتنەکیان مۆر کردبوو، گەیشتبووە سنوورێک پەردەی ڕێزگرتنی کۆمەڵایەتی و سیاسی و هاوخەباتی یەک سەنگەری و یەک پارتی لەسەر ڕووان ماڵدرا بوو. کەم کادرو پێشمەرگە مابوون جەلەوی هۆشمەندی خۆیان بپارێزن. زۆربەیان هەر شتێکی بکەوتبایە مێشکیان، یا بە دەوریان بهاتایە سەرگەرمانە دەریان دەپەڕاند، گەڕانەوەی تێدا نەدەکرا.

ڕاستە خودی ڕووداوی کارەساتەکانی ڕۆژی یەکی ئایار بنەمای خولقێنەری ئەو هەموو دەردەسەری و سەر لێشێوانانەیە، بەڵام بڵاوبوونەوەی دوو بەیانەکە، کران بە بەڵگەی سەرەکی، شەوو ڕۆژ دەگوترانەوە و کاروێژی لەسەر دەکرا، بەتایبەت ئەم دوو خاڵەیان:

١- بە ڕەوا نەدەبینرا دیل لەکاتی دیلێتیدا، بەیاننامە لەگەڵ سەرکردایەتی هێزێکی هێرشبەری سەرکەوتوو دەربکات. لەکاتێکدا تەرمی ژمارەیەکی زۆر لە شەهیدەکان لەگۆڕێ کەوتبن، هەموو بارەگا و دام و دەزگا سەرەکییەکانی وێران کرابێت و دووچاری گەورەترین زیانیش هاتبن.

بۆ هاوڕێ کەریم ئەحمەد ڕەواتر ئەوە بوو، پێشەکی داوای بکردبایە بگەڕێتەوە لای هاوڕێیانی سەرکردایەتی حشع ئەوکات داوای گفتوگۆ کردن و وتووێژ و ئاشتبوونەوە لەگەڵ ێنک بکرابایە.

٢- لە بەیاننامەکەی مەڵبەندی سلێمانی، بە زەقی دەبینرا

زۆربەی خاڵەکان و مەرجەکان بەسەر هاوڕێیانی حشع سەپاندراوە. بەمەش ناگوتری گفتوگۆ و ڕێککەوتنی برایانەی هاوبەش. خاڵەکانی ڕێککەوتنەکە دەرچوون بوون لە شێوازی وتوێژ و گفتوگۆ کردن.

سەرجەمی ناوەڕۆکی ڕێککەوتنەکە بە تەواوی لەگەڵ ستراتیژیەی یەنک دەگونجێت و لەبەرژەوەندی ئەو دا بوو. لە ڕووی پروپاگاندە و ڕاگەیاندن ئێزگەی یەنک و دام و دەزگای ڕاگەیاند و بڵاوکراوەکانی، کەوتبووە ئەوپەڕی گورج و گۆڵی و تاوادان و هێرش بردن و هەڵبەستنی ناڕاست. بەرگری تەواوی لە هەڵوێست و کردەوەکانی دەکرد، کە ناچار کران ئەم ڕێگایە بگرنەبەر، شەڕەکان بەسەریاندا سەپاندرا.

ئێمە لە ئەوپەڕی سەرقاڵی و ژیانی سەخت و کەبین و بەبین و هێلانە تێکچووندا بووین، لە ناوەڕاستی مانگی ئاباری ١٩٨٣ هاوڕێیانی گوندی کاولان کە پێنج کیلۆمەترێک لە (سیلۆێ) دوورە، ئاگاداریان کردین کە شەو بە نهێنی دوو کادر یەکیان هی سازمانی چریک شاخەی کوردستان، ئەوی دیکەیان هی حیزبی تودە گەیشتوون، داوای دیتنی ئەندامێکی ل.م دەکەن. هاوڕێیان بڕیاریان دا من بچم دیدەنیان بکەم، لە دووری ماڵەکانی (سیلۆێ) لەناو باخێکی چڕ و پڕ لەگەڵیان کۆبوومەوە.

دوای ناسینەوەی یەکتر، کەوتینە گوفتار: ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران هێرشێکی بەرفراوانی کردووەتە سەر هێزەکانی چەپ، سەرکردەکانی حیزبی تودە دەستگیر کراون، لە زۆربەی شار و ناوچەکانی سەرانسەری ئێران، شاڵاوی تیرۆر و فشار دەستی پێکردووە. ژمارەیەکی زۆر لە تێکۆشەران خستراونەتە زیندان.

بڕیارمان هەیە ئەمەی بتوانین لەم لاقاوەدا ڕزگاریان بکەین بیکەین، یەکسەر بۆ لای ئێوەیان بنێرین. بەتەک ئێوەوە بڕێن، وەک ئەندام و لایەنگرەکانی خۆتان ڕەفتاریان لەگەڵدا بکەن.

بەبێ دوو سێ پێم گوتن دەروازەمان هەمیشە بۆ ئێوە لەسەر پشت کراوەتەوە. جیاوازی لە نێوانماندا نیە، تکاو داوامان ئەوەیە زۆر بە ئەهێنی بەچەند ڕێگاوە، شەو بگەنە گوندی (کاولان) ئێمە شوێنیان بۆ دابین دەکەین... داوام لێکردن چەند سەعاتێک چاوەڕێی وەرامی تەواو بکەن، ئەوانم بەجێ‌هێشت و گەڕامەوە لای هاوڕێیان، بەتەواوی باسەکەم بۆ گێڕانەوە، پەسندی هەڵوێستەکەمیان کرد، ئاگاداری دوو برادەرەکە کرابەوە کە چاوەڕێمان دەکەین! یەکسەر بڕیارمان وەرگرت کە بەبێ وەستان چەند خیوەت و ژمارەیەکی زۆر پەتو و کەڵ و پەلیان بۆ بکڕین و بنێردرێنە پشتی گوندی (زێوکە) لەسەر سنوور، شوێنی ژیانیان بۆ ئامادە بکرێت.

زۆری نەخایاند لە ماوەیەکی یەکجار کەم، دوو دوو سێ سێ پتر لە ۲۰۰ تێکۆشەر لە حیزبی توده، سازمانی چریک ـ اکثریت و گروپی کەرتکەرەکانی مام غەنی بلوریان لە حدکا گەیشتنە لامان. بار و ئەرکمان چەند سەخت و پڕ ئەندێشە بوو گەلێ گەلێ خراپتری بەسەرهات.

ڕۆژی ١٩٨٣/٥/١٤ ئێزگەی (پدک) بڵاوی کردەوە کە ئەندامی کۆمیتەی مەرکەزی (پ.ک.ک) پارتی کرێکارانی کوردستانی باکوور هەڤاڵ خالید و کادری پێشکەوتوو سەعید، لەوکاتەی دەیانەویست بە کارێکی نەتەوایەتی و مرۆڤایەتی هەڵبستن و ڕۆڵێکی باش بدەن و ئاوێک بە ئاگری شەڕی برا کوژیدا بکەن، بە نیازی سەردانی م.س

یەک کەوتبوونە ڕێگا. لە بناری قەندیل بە دەستی پێشمەرگەکانی یەک ئەوانیش شەهید دەکرێن.

لێژنەی باڵای بەرەی نیشتمانی دیموکراتی عێراق ئەم بروسکەی بۆ م.س (پ.ک.ک) نارد.

دەقی بروسکەکە:

الى المكتب السياسي
لحزب العمال الكردستاني في تركيا

تتقدم اللجنه العليا لجود بتعازيها الحاره لكم و لعائله الشهيدين: خالد عضو اللجنه المركزيه لحزبكم الصديق و سعيد الكادر المتقدم في حزبكم اللذين ذهبا ضحيه استهتار و اجرام قياده (اوک) بكل القيم و الاعراف السياسيه و الخلقيه.

لقد تصدى الشهيدان خالد و سعيد لمهمه نبيله هى السعى لوقف القتال الناجم عن الهجوم الغادر الذي دبرته قياده اوک على مقرات قوى جود في پشت ئاشان و كانا يطمحان لصيانه دماء الانصار من الهدر.

و عرفا المعتدين بهويتهما و بمهمتهما النبيله و خرجا اليهم عزلاء من السلاح. و مع ذلک فقد اصلاهما المعتدين الاوباش بنيران رشاشاتهم بشكل اجرامي حاقد خال من اى خلق او شعور بالمسؤليه.

ان دماء الشهيدين الطاهره ستسهم في تعزيز التضامن الكفاحي

بين شعبنا الصديقين و قواها و احزابهما الوطنيه و التقدميه. و ان مسؤليه اراقه دمائهما الزكيه و دماء العشرات من شهداء (جود) ستظل تلاحق اوك حتى ينالوا القصاص العادله جراء ما اقترحت ايديهم من جرائم بشعه.

المجد لشهداء الابرار

و الخزي و العار للقتله المجرمين

اللجنه العليا

للجبهه الوطنيه الديمقراطيه ـ العراق

١٩٨٣/٥/١٥

هەروەها م.س پدک لە ڕۆژی ٥/١٤ ئاگاداریان کردین کە هاوڕێیان کاک کەریم ئەحمەد و مەلا ئەحمەد بانیخێلانی و قادر ڕەشید گەیشتنە (ڕاژان).

ڕۆژی ٥/٢٢ کاک کەریم و مەلا ئەحمەد و یوسف حەنا گەیشتنە (سێلۆێ)

ڕێککەوت وا هات لە هەمان ڕۆژ گشت پێشمەرگە و کادرەکانی مەڵبەندی هەولێر، دوای بڕینی ڕێگای دور و پڕ مەترسی ئەوانیش گەیشتن.

پێش ئەوەی ئەم دوو دەستە هاوڕێیانە بگەنە لامان و پێش ڕوودانی کارەساتەکانی پشتئاشان لە یەکی ئایار، ژمارەیەک لە کادر و هاوڕێیان لە مەڵبەندی سلێمانی بەرەو پشت ئاشان دەکەونە ڕێگا. لە گوندی (دوولکان)(٩٣) کە گیو لە ئێزگەی ێنک دەگرن. دەزانن

هێرشی فرەوانە بردراوەتە سەر بارەگاکانی سەرکردایەتی حشع و حسک لە قرناقار پشت ئاشان. ژمارەیەکی زۆر شەهید کراون و بنکەکانیش وێران کراوە. چارەیان نامێنێت ڕووەکە بارەگای م.س حدکا لە گوندی (بێتوش)‹٩٤›.

.سەرکردایەتی حدکا فرە ڕێزیان دەگرن، ماوەیەک لای خۆیان دەیانهێڵنەوە. لە دوایدا بە یارمەتی ئەوان، ڕۆژی ١٩٨٣/٥/١٢ گەیشتنە سێلوە.

دکتۆری شەهید عەبدوڕەحمان قاسملو نامەیەکیان بۆ هاوڕێ کەریم ئەحمەد پێدا دەنێرێ.

ئەمەش دەقەکەیەتی:

الاخ المحترم کاک کریم

بعد التحیه الاخویه الحاره

منذ مده طویله لا نعرف شیئا عنکم، في حینه ارسلنا ایضا رساله رسمیه الیکم و لکن للاسف لم تجاوبتونا سلبا و ایجابا. یبدو ارتابتم

‹٩٣› دوولکان: گوندێکە لە کوردستانی ئێران. سەربە قەزای سەردەشتە بەرامبەر بە ناحیەی ماوەت لە کوردستانی عێراق هەڵکەوتووە. لە سنوور نزیکە.

‹٩٤› بێتوش: گوندێکی گەورەو خۆشە کەوتووتە ڕۆژئاوای شاخی زەردە لە بناری شاخی ئالانە. تەنیا ئاوی زێی گچکە لە نێوان گوندەکە و کوردستانی باشوور ـ عێراق سەربە قەزای سەردەشتە

بعد المصلحه لان جواب كلمه الحق كيف ترد. اما عليك ان تقبل و هذا لا يتفق مع سياستكم الحاليه او ترفض و هذا صعب لان الحق و الحقيقه لا تردان.

رفاقكم طلبوا مساعدتنا لايصالهم الى طرفكم و الشي الذي استطعناه عملنا لهم. و نامل وصولهم اليكم على الرغم من اننا اخبرناهم بان الجرحى و المرضى قسم منهم كانو من القياده‹٩٥› و لكن ماذا نعمل اذا كان الحزب الشيوعي سلبيا معنا، علينا ان نكون معه ايجابيين. ومن الواضح ان القتال الداخلي بينكم موضع عدم ارتياحنا الكثير.

كاك كريم: من الخارج يتصورون بان مهمه حزبنا اطلاق سراح الرهائن و يعرفون ايضا نحن اصدقاء الحزب الشيوعي. ولهذا نطلب اطلاق سراح الالمانيين و هما:

١- برناردو كردسن

٢- ايرهار كليمان

الذين اعتقلا في شباط ١٩٨٣ عن طريق طوز ـ قادر كرم نحن نعرف بان هذين الالمانين عندكم. اذا لايهمكم كثيرا ارسلوها الينا لكى نطلق سراحهما و في ذهني ان نطلب اطلاق عدد من رفاقكم لدى اسماء ثلاثه من رفاقكم و بينهم صديقي القديم الدكتور صفاء الحافظ و اذا كان لديكم راي آخر اعلامنا، و لكن نكو متشكرين لو ارسلتم الالمانيين.

‹٩٥› مەبەستی د. قاسملو سەرکردایەتی کاتی پدک (القیاده الموقته للپارت)

تحياتي الى جميع الرفاق و اتمنى لهم الصحه و الموفقيه.

اخوكم
د.ع.قاسملو
١٣٦٢/١٢/١٢

بە میژووی ١٩٨٣/٥/٢٢ مەکتەبی سیاسی حشع وەرامی بۆ د. قاسملو نووسیەوە، بەدەستی هاوڕێ محمودی فەقێ خدر بۆ م.س حدکا نێردرا.

دەقی وەرامەکە:

م.س حشع
التاريخ ١٩٨٣/٥/٢٢

الاخوه المكتب السياسي للحزب الديمقراطي الكردستاني الايراني
تحية اخوية

اطلعنا على الرسالة التى وجهها الاخ د. عبدالرحمن قاسملو الى الرفيق كريم احمد في ١٣٦٢/٢/١٢ هـ.ش الموافق للثاني في ايار ١٩٨٣.

تقبلوا شكرنا على مساعدتكم في ايصال رفاقنا الينا و انهم جميعا رفاقنا و ان ماجرى اخباركم به عكس ذلك لم يكن له نصيب من الصحة.

تعتبرون علينا لا تنالم لحجب على رسالتكم السابقة التي وقعتموها سوية مع جلال الطالباني دون مبرر على ما تعتقد و التي ضمنتموها تدخلا واضحا في شؤن حزبنا الداخليه. في حين انكم تعرفون جيدا

وجهة نظرنا بالامور المطروحة في الرسالة.

فحزبنا الشيوعي العراقي وقف دائما باستمرار الى جانب نضال الشعب الكردي في سبيل حقوقه القومية العادلة في جميع ارجاء وطنه المجزاء و وقف ضد الاقتتال بين فصائل الحركة القومية الكردية و دعا باستمرار الى حل الخلافات بينها بالطرق السلمية و بما يخدم وحدة نضال الشعب الكردي ضد الامبريالية و الرجعية و من اجل الحقوق القومية، و لذا لم يكن لدينا ماهو جديد بهذا الصدد نخبركم به جوابا على رسالتكم.

و لسنا الان بصدد تعداد موقف حزبنا طيلة السنوات الماضية التي تعرفونها جيدا و تعرفها فصائل الحركة الكردية و الجماهير الشعبية على نطاق واسع.

يسرنا ان تعلنو انكم تريدون ان تكونوا ايجابيين مع حزبنا. و كان بودنا ان نتلمس هذه الايجابية في هذا الظروف اثر الهجوم الغادر الذي شنته قادة اوك ضدنا و الذي ادى بحياة اكثر من ستين رفيقا و رفيقة من كوادر حزبنا و اعضائه النشيطين و غالبيتهم من العاملين في المجالات العلمية و اختصاصات غير القتالية و الى تدمير و نهب الاذاعة و القاعدة الطباعية و المستشفى المركزي و الادارة المركزية و مخازنها لقد ارتكبت في هذا الهجوم جرائم منكرة لا يمكن السكوت عليها. فقد جرى قتل الاسرى و التمثيل بجثث الشهداء. و قتل رفاق لا علاقة لهم بالقتال من حزب العمال الكردستاني في تركيا هما خالد عضو ل.م و سعيد الكادر المتقدم في الحزب اللذين ذهبا ضحية رغبتهما النبيلة في التوسط لوقف القتال. و لم ترتكب هذه الجرائم سرا. بل جرى اعلانها على لسان مرتكبيهابتبجح و افتخار. مصحوبة بحملة اذاعية حاقدة ضد

حزبنا الشيوعي العراقي، مليئة بالافتراءات و الشتائم البذيئة. و استخدمت فيها كل قواميس الامبرياليين و الرجعيين و عملائهم و الدكتاتوريين الفاشيين في مهاجمة الشيوعيين و التقدميين و الاتحاد السوفيتي الصديق. و تتبجح الاوساط القيادية في (اوك) بانها عملت و تعمل بالتنسيق مع كوملة الايرانية و معكم، و قد وردتنا اخبار عن مساهمة كوملة الايرانية و جماعة عزالدين الحسيني من الهجوم علينا الذين لم يخفوا فرحهم بالجرائم التى ارتكبت ضد رفاقنا و ارسلو التهاني الى شركائهم قادة (اوك).

و بدلا ان نسمع صوتكم يشجب العدوان و التضامن مع حزبنا، سمعنا صوت قوتكم في (ناواره) يهلل للعدوان و يهنئ القتلة المجرمين. لم يرد في رسالتكم حول الموضوع سوى ان القتال الداخلى هو موضع عدم ارتياح كبير من قبلكم.

ان الجماهير الشعبية في العراق و كل اصدقاء حزبنا و الحركة الوطنية العراقية في البلدان العربية و سائر انحاء العالم. الذين هزتهم الجرائم البشعة التى ارتكبتها قادة (اوك) و اثارت السخط و الغضب في نفوسهم ضد مرتكبها قد بادرو و للاعلان عن موقفهم و اعربو عن التضامن مع حزبنا.

و اننا نغتنم فرصة كتابة هذه الرسالة اليكم لمطالبتكم باتخاذ موقف واضح بادانة العدوان المشين وما رافقة من جرائم نكراء و مطالبة قادة (اوك) باطلاق سراح العشرات من الاسرى من رفاقنا الذين يعيشون ظرفا قاسيا في الاسر و خصوصا الجرحى منهم.

اما بصدد الاسيرين الالمانين الغربين، فسنبحث الموضوع مع رفاقنا المعنين بالخبر. و اذا كان الاسيران لدى رفاقنا سنكون مرتاحين لو ان

جهودكم اثمرت عن مبادلتهم بالرفاق صفاء الحافظ<٩٦> و د. صباح الدرة<٩٧> المعتقلين منذ شباط ١٩٨٠ و الرفيقة عائدة ياسين<٩٨> المعتقلة من تموز ١٩٨٠.

ولابد لنا في الختام ان نعرب عن الاسف للانقطاع الاضطراري بيننا الذي فرضته ظروف قاهرة لا نستطيع التغلب عليها و نؤكد من جديد سياستنا الثابتة في تائيد المطالب العادلة للشعب الكردي بالتمتع بحقوقه القومية في كل اجزاء وطنه و رغبتنا الصحيحة بقيام علاقات تضامن كفاحي بين جميع فصائل الحركة القومية الكردية التحررية من جهة و بينها و بين حزبنا من جهة اخرى

مع تحياتنا الاخوية

المكتب السياسي
للحزب الشيوعي العراقي
١٩٨٣/٥/٢٢

<٩٦> دکتۆر سەفاد حافز: لە خێزانێکی ناسراوی شاری بەغدایە، لە ساڵی ١٩٥٣ دکتۆرای لە یاسای نێودەوڵەتان لە زانکۆی سۆربۆن ـ فەرەنسا وەرگرت و گەڕایەوە عێراق، ڕۆڵێکی دیاریکراوی لە بزاڤی ئاشتیخوازانی عێراق و ندقابەی مامۆستایانی گێڕا.

هەر لە تەمەنی گەنجییەوە لە ریزی حشع کاری دەکرد. لە تەمووزی ١٩٨٠ ڕژێمی بەعسی فاشی دەستگیریان کرد، سەری بۆ شۆڕ نەکردن، بە ئەشکەنجەو ئازاردانی

لەدوای دوو هەفتە نێردراوی م.س هاوڕێ محەمودی فەقێ خدر گەڕایەوە لامان. نامەی مەکتەبی سیاسی حدکای هێنا بوو.

زۆر لە زیندان شەهیدیان کرد.

<٩٧> دکتۆر سەباح ئەلدورە: خەڵکی شاری بەغدایە، ماوەیەکی زۆر لە رێکخراوەکانی دیموکراتی وەک یەکێتی لاوانی جیهان و یەکێتی قوتابیانی جیهان لە دەرەوەی عێراق کاری دەکرد، دکتۆرای لە ئابووری رامیاری لە ئەڵمانیای دیموکراتی وەرگرت، هەرکە گەڕایەوە عێراقیش لە یەکێک لە کۆمیتە پێشڕەوەکانی سەربە م.س حشع کاری دەکرد، بەهۆی ئەرەی چۆکی بۆ فاشیەکانی بەغدا دانەدا لە ئەمووزی ١٩٨٠ بەندیان کرد بە ئەشکەنجەو ئازارەوانی زۆر شەهید کرا.

<٩٨> عائیدە یاسین: ئافرەتێکی تێکۆشەری شاری بەسرایە، لە خێزانێکی کرێکارە لەسەرەتای جەنێڵیدا هاتبووە ناو کۆڕی خەباتو تێکۆشان، لە ناوەڕاستی شێستەکان کەوتە کارکردنی نەهێنی و راپەڕاندنی ئەو کارو ئەرکانەی حشع پێی رادەسپارد.

لە کۆنگرەی سێیەمی حشع ئایاری ١٩٧٦ بە پاڵێوراوی ل.م هەڵبژاردرا. لەکاتی هێرشە بەرفراوانەکەی بەعسی عێراق لە کۆتایی ١٩٧٨ کردیە سەر حشع، بە بڕیاری م.س یەکێک بوو لەو کادرە سەرەکیانەی لە ناوەوەی عێراق بۆ کارکردنی پارتایەتی نەهێنی لە جەڵقی ئیشکارەکانی حشع مایەوە، لە شوباتی ١٩٨٠ لەلایەن پیاوکوژەکانی بەعس دەستگیرکرا، لەژێر ئەشکەنجەدانی زۆر تێکۆشەر عائیدە چووە ریزی شەهیدەکانی چینی کرێکاران و بزاڤی نیشتمانی و دیموکراتی عێراقی.

ئەمە دەقەکەیەتی:

برایانی بەڕێزی دەفتەری سیاسی حیزبی شیوعی عێراق
لەگەڵ سڵاوی شۆڕشگێڕانە...

نامەی بێ مۆر و ئیمزای ڕۆژی ١٩٨٣/٥/٢٢تان گەیشت و لە ناوەڕۆکی ئاگادار بووین، جارێکی دیکەش گلەیی خۆمان لە بێ وەڵام هێشتنەوەی نامەی هاوبەشی حیزبی ئێمە و یەکێتی نیشتمانی کوردستان دووپات دەکەینەوە.

بە ڕواڵەت وەڵام نەدانەوەی نامەی ناوبراوتان بەوە تەوجیە کردووە کە هەڵوێستی حیزبی شیوعی بەرامبەر بە مەسەلەکان ڕوونە. بەڵام ئەوەی ڕاست بێ ئەو هەڵوێستانە هەتا ئێستاش بۆ ئێمە و بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ئێران ڕوون نیە. وەک بۆ خۆتان دەزانن لە دوایەمین کۆبوونەوەی هاوبەش، هەرسێ لامان (حدکا، حشع، ینک) بڕیارتان دابوو ئەگەر قیادەی موەقەت جارێکی دیکە شەڕی کوردی ئێران بکا، ئێوە بە ئاشکرا ئەو کردەوەیە مەحکوم دەکەن، بە کردەوەش دەست لە هاوکاری قیادە لە چوارچێوەی (جود)دا هەڵدەگرن کەچی سەرباری ئەوەی لەوکاتەوە و تا ئێستا، هەمیشە چەکدارەکانی قیادە لە ناو کوردستانی ئێران دا هێرشیان کردووتە سەر پێشمەرگەو شەڕیان بە کوردی ئێران فرۆشتووە، ئێوە هیچ هەڵوێستێکتان دەرنەبڕیوە هەروەها لەگەڵیان لە یەک (جەبهە) دان.

دیارە ئەو ڕوون بوونی هەڵوێستە، بەهیچ جۆر کاری نەکردووتە سەر سیاسەتی دۆستانەی ئێمە بەرامبەر بە حیزبی شیوعی عێراق، و

هیواداریـن لە داهاتووشدا ئەو دۆستایەتییە بە قـازانجی هەردوولا بە سودی گەلانی ئێران و عێراق هەروا بەردەوام بێ و گەشە بستێنێ.

لە ڕووداوە دڵتەزێنەکانی ئەم دواییەی نێوان ئێوە و یەکێتی نیشتمانی کوردستانیش‌دا ئێمە بەهیچ جۆر تەماشاچی نەبووین، بە بیستنی خەتەری هێرشی هێزەکانی یەکێتی بۆسەر بنکەکانی ئێوە، دەستبەجێ داخ و نارەحەتی خۆمان لەو ڕووەدا بە یەکێتی ڕاگەیاندووە و نێوبژی کردن و ئازاد کردنی برایان کاک کەریم ئەحمەد و کاک مەلا ئەحمەدی بانیخێڵانی نوێنەرمان ناردووتە لای یەکێتی نیشتمانی کە بە خۆشییەوە سەرکەوتوو بووین و ئەو دوو برایە بە حورمەتەوە ئازاد کراون.

ئێمە بە توندی هەر چەشنە ئاگادارییەکی خۆمان لەو هێرشەوە دوور دەخەینەوە، تەنانەت ئەوەش ڕەت دەکەینەوە کە یەکێتی نیشتمانی دیعایەی کردبێ کە ئێمە هاوکاریمان کردوون.

ئێمە هیچ شتێکمان بەدەستەوە نیە کە یەکێتی بە بەیاننامە یا ڕادیۆ شتێکی گوتبێ.

سەبارەت بەوەش کە گۆیا هێزی ئاوارە پیرۆزبایی کردووە، دەبێ کە ئێمە بە بیستنی ئەو خەبەرە نارەحەت بووین و دەستبەجێ ناڕەزایی لە هێزی ئاوارە دەربڕی، دەرکەوت کە ئەوان پیرۆزبایی‌کیان بۆ یەکێتی نە ناردووە، دوایەش کە ڕەخنەمان لە یەکێتی گرت، دەرکەوت کە ئەوان نووسراوێکی لەو بابەتەیان پێ نەگەیشتووە. بۆخۆشتان دەزانن کە ئێمە بەرامبەر بە کردەوەی کۆمەڵەی ئێران و تاقمەکەی دیکە مەسئول نین.

برایانی بەڕێز... بەڕاستی حەزمان دەکرد ئێوە بۆ هەموو مەسەلەکان یەک پێوانەتان هەبوایە. پێمان سەیرە لە کاتێکدا دوو ساڵی ڕەبەقە هاوپەیمانی ئێوە قیادە موقەت لە ناو خۆی خاکی ئێران شان بە شانی هێزە کۆنەپەرستەکانی ڕژێمی خومەینی شەڕ بە حیزبی ئێمە و کوردی ئێران دەفرۆشن و تا ئێستا ئێوە لەگەڵیان لە جەبهەدانەو بچووکترین نارەزایی ڕەسمیتان دەرنەبڕیوە. چاوەڕوانن کە لەسەر ڕووداوی بەڕاستی دڵتەزێنی نێوان ئێوە و یەکێتی نیشتمانی کە لەسەر خاکی خۆتانیش بووە، دەستبەجێ ئێمە هەڵوێستی ئاشکرا وەربگرین و لایەنێک مەحکوم بکەین؟

بەداخیشەوە دەبێ بڵێین هاوکاری و هاوپەیمانی لەگەڵ کەسانێک کە زەبر وەشاندن لە بزووتنەوەی هەقخوازانەی گەلی کوردیان بە ئەرکی مێژوویی خۆیان داناوە، ناتوانن بەرهەمی باشی هەبێ و هەمیشە مەترسی ڕووداوی ئەم جۆرە پێشانانەی لێ دەکرێ.

ئێمە جارێکی دیکەش دڵ پەرۆشی قووڵی خۆمان لەو چەشنە ڕووداوانە بە ئێوەش و بە یەکێتی نیشتمانی ڕادەگەیەنین و بەڵێنیش دەدەین کە بۆ ئازادکردنی دیلەکانی ئێوە لەلای یەکێتی هەموو هەوڵی خۆمان بەکار بێنین.

سەبارەت بە ئەسیرە ئەڵمانیەکانیش لەلای ئێوە بۆ لای ئێمەیان بنێرن، ئەگەر ئێمەکانی گۆڕینەوەیان هەبوو بیانگۆڕینەوە. ئێمەش بە داخین کە بە ناچاری لێک دوور کەوتووینەوە، هیوادارین کە دیسانیش دووری ماوەی نێوانمان نەبێتە هۆی بچڕانی پێوەندی نێوانمان و جارێکی دیکە سڵاو و حورمەتمان وەربگرن.

مەکتەبی سیاسی
حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران
١٩٨٣/٦/١٥-١٣٦٢/٣/٢٥

لەچەند رووپەڕێکدا باسی ئەوە هاتووە کە لە ناوەڕاستی مانگی ئایاری ١٩٨٣، ژمارەیەکی زۆر لە هاوڕێیان و هاوبیرانی دۆست، دەستە دەستە گروپ گروپ گەیشتنە گوندی (سێلوە) و دەوروبەری، کۆمەڵێ دەنگوباس و بەڵگەنامە و مشاکیلی تایبەتی خۆیان بە تەکەوە بوو. ژیانمان ئاوارەیی و هەوار تێکچوون و بێ شوێنی. پچڕانی تەواویش بە ڕێکخراو و دۆست و جەماوەر دووریش لە خاکی کوردستانی عێراقدا، یەکجار دژوار و سەخت و پڕ ئەستەم بوو.

ئەوەی لە هەموو رووداوەکان پتر نارەحەتی کردبووین، ئاسودەیشی پێ نەهێشتبووین و بە تەواوی گیانمانی پەشۆکاند بوو، ئەوە بوو کە بە ناچاری کەوتبووینە ژێر کەنترۆڵ و چاوەدێری کردنی ئەرتەش و پاسدارانی ئێران، هەر ڕۆژێکمان بە ساڵێک لەسەردا تێدەپەڕی.

شەڕی ڕاگەیاندن و پروپاگاندە دژ بە یەکتری، لە هەموو سنوور و ئادابێک دا دەرچوو بوو، یەک بە گەرمی لە ئێزگە و ڕاگەیاندنەکانیدا داکۆکی لە هەڵوێست و کردەوەکانی خۆی دەکرد. کە شەڕی پێفرۆشراوە، درێغی لە نامە ناردن و یاداشت پێشکەش کردن بۆ کەسانی ناسراو و جولانەوەی رزگاریخوازی عەرەبی کوردستانیدا نەدەکرا. حشع و جود و دۆستەکانیشیان بە دەربڕینی ناڕەزایی و بلاْوکردنەوەی پروتستو و هێرش بردنە سەر یەک کەوتبوونە ئەوپەڕی

سەرگەرمی و تاودانی شالای پڕوپاگەندە و ڕاگەیاندن. خۆ ئەگەر تەنیا هەمــوو ئەو بەڵگەنامــانەی لە مــانگی ئایار بڵاوکــراونەتەوە، کــۆ بەکرێتەوە سەریەک کتێبێکی ۱۵۰ لاپەڕی لێوە دەردەچێ. لە بەشی بەڵگەنامەکاندا تەنیا چەندێکی گرنگیانی لێ بڵاو دەکەینەوە.

لە لێرەدا دەگەڕێمەوە سەر باسی هێندێ کارو باری تایبەتیمان،

شەوی ۱۹۸۳/۵/۲٤ پێنج ئەندامی م.س و حەوت ئەندامی ل.م کۆبووینەوە بە دوور و درێژی باسی بەسەر هات و کارەساتەکە کرا. دەمەتەقە و مشت و مڕی زۆرمان لەسەردا کرد. ئەم خاڵانەی خوارەوە دەرسکران:

۱- کــورتەیەک لەســەر پەلامــاردانەکــان و ئەو زیانە زۆرانەی بە ئەســتــۆی حشع کــەوت، تەقــدیری ســەرەکی ئەوە بوو کــە ژمــارەی شەهیدەکان (٥٧) شەهیدن.

۲- محاسبەی هاوڕێ کەریم ئەحمەد کرا لەسەر ئەو ڕێککەوتنەی لەکــاتی دیلێتــیــدا لەگــەڵ مــام جــەلال تاڵەبانی ڕۆژی ۵/۱۰ مــۆری کردبوو. زۆر بە جەرگانە و بە ڕاشکاوی دانی بە هەڵەکردنەکەی نا و ڕەخنەی توندی لە خۆ گرت.

۳- هاوڕێ عــومــەر عــەلی شــێخ لە شــوێنی ئەو هەڵبــژێردرا کــە سەرکردایەتی کۆمیتەکەمان بکات، تا سکرتێری یەکەم دەگاتە لامان.

٤- بڕیار وەرگیرا نوێنەرانی حشع بۆ ڕاژان بچن و لیژنەی بەرەی نیشتمانی دیموکراتی کۆبێتەوە.

۵- تەقــەلا بدرێت هێزەکــانی جــود ئامــادە بکرێت بۆ ئەوەی ستوورێک بۆ تاوان و دەست درێژییەکانی (یەک) دابندرێت.

٦- دەربارەی کۆبوونەوەکە، ڕاگەیاندنێک بڵاو بکرێتەوە.

ئەمەش دەقی ڕاگەیاندنەکەیە:

بلاغ عن الاجتماع الطارى للجنة المركزية للحزب الشيوعي العراقي

عقدت اللجنة المركزية للحزب الشيوعي العراقي اجتماعا طارئا في اواخر ايار ١٩٨٣. بحثت فيه الاوضاع الراهنة الناجمة عن الهجوم العدواني الغادر الذي قامت به قيادة الاتحاد الوطني الكردستاني على مقرات الحزب و قوى الجبهة الوطنية الديمقراطية في الاول من ايار ١٩٨٣ و الذي ادى بحياة عشرات المناضلين و ارتكب فيه جرائم بشعة لا تحصى و اعلانها الحرب على الجبهة الوطنية الديمقراطية.

حيث اللجنة المركزية المقاومة البطولية التى ابداها رفاقنا و انصار الجبهة الوطنية الديمقراطية و مجدت الشهداء الابرار الذين سقطو صرعى هذا الهجوم الوحشي و حيا الاجتماع اطراف الجبهة الوطنية الديمقراطية في بلادنا.

و اقرت اللجنة المركزية الوجهه التى اختطها المكتب السياسي و عبر عنها في البيان الصادر في ١٩٨٣/٥/٨ و اكدت ضرورة تعزيز الجهود و تشديد النضال للتصدي للمؤامرة الكبرى التى خططتها الامبريالية و الحكم الدكتاتوري الرجعي الهادفة الى تصفية الجبهة الوطنية الديمقراطية و اضعاف و تمزيق الحركة الوطنية العراقية و الحركة القومية الكردية التحررية في العراق.

و اكدت اللجنة المركزية ضرورة اتخاذ كل الاجراءات اللازمة لتعزيز التعاون بين اطراف الجبهة الوطنية الديمقراطية و الارتفاع به الى مستوى

اعلى في جميع المجالات لمجابهة المخطط التآمري و احباطه و تصعيد نضال شعبنا بجميع قواة الوطنية ضد الحكم الدكتاتوري الفاشي ـ العدو الرئيسي لشعبنا و ضد كل المتعاونين معه في تنفيذ جرائمه البشعة.

و بحث الاجتماع جملة من قضايا اخرى من شانها تعزيز نضال الحزب في مختلف الميادين و حيث اللجنة المركزية جميع الاطراف الوطنية و التقدمية العراقية و العربية و الاحزاب الشيوعية الشقيقة التى اعربت عن نضالها الحار مع حزبنا و الجبهة الوطنية الديمقراطية و ادانت الجرائم البشعة التى ارتكبت ضدها.

و اعربت اللجنة المركزية عن الامل بالقيام بمزيد من اعمال الفضح و الادانة للمؤمراة التى تحاك ضد شعبنا و مزيد من التضامن معه في نضاله الصعب من اجل الخلاص من الحكم الدكتاتوري و الحرب و من اجل اقامة حكومة وطنية ائتلافية تحقق الديمقراطية للعراق و الحكم الذاتي الحقيقي لكردستان.

و اعربت اللجنة المركزية عن ثقتها المطلقة بانتصار قضية شعبنا المناضل مهما عظمت الصعاب و اندحار كل المخططات الامبريالية و الرجعية و مؤمراة الدكتاتورية الفاشية.

اللجنة المركزية
للحزب الشيوعي العراقي
اواخر ايار ١٩٨٣

پارتەکانی بەرەی نیشتمانی دیموکراتی (جود) لەسەر ڕۆژ و کاتی کۆبوونەوەی لیژنەی بەرەکە ڕێککەوتن.

ڕۆژی ١٩٨٣/٥/٢٦ نوێنەرانی حشع هاوڕێیان عومەر عەلی شێخ، عبدالرزاق سافي، یوسف حنا و مولازم خدر (ابو رائد) بەرەو ڕاژان کەوتنە ڕێگا. زانیراش کە نوێنەرانی حسک برادەران کاک ڕەسول مامەند، حاجی حاجی برایم، قادر عەزیز، سەید کاکە و محمد شاکەلی بۆ ڕاژان ڕێشتبوون.

ئێوارەی ٢٩/٣٠/ ١٩٨٣/٥ هاوڕێیان شێخ و سافی گەیشتنەوە لامان بۆ بەیانی ڕۆژی ١٩٨٣/٦/١ جارێکی دیکە ئێمە پێنج ئەندامی م.س و حەوت ئەندامی ل.م کۆبووینەوە.

دوو هاوڕێکە ڕاپۆرتێکی دوور و درێژیان دەربارەی کۆبوونەوەکەی لیژنەی باڵای جودیان پێشکەش کردین، کۆمەڵێ بڕیاری گرنگیان وەرگرتبوو، ئەمەش پوختەی خاڵ و بڕیارەکانە:

١- باری رامیاری و کۆمەلایەتی کوردستان و عێراق و ئەو هێرشە ناڕەوایەی لە یەکی ئایار کرایە سەر پشت ئاشان و قرناقاوە، لە هەمان دەوروبەردا، هێرشی سوپایی تورکیا بۆ سەر ناوچەی بادینان، بە دوور و درێژی دەرسکران.

٢- هەڵوێستی رژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران و خۆ مەلاسدانی و خۆ تێخزاندن، لە کار و باری تێکچووی کوردستانی عێراق بەو مەبەستەی بۆ بەرژەوەندی جەنگی خۆیانی بکوڵجێنن.

٣- پێوەندی تایبەتی نێوان پارتەکانی جود پتەو بکرێت. هەنگاوەکانی داهاتوویان بۆ چەپەڵ کردنی گشت نەخشە و پیلانی ناحەز و دوژمنان هەرچی بێت؟ کار و ئەرکەکان چۆن بە ڕێوە

ببردرێن؟

٤- بڕیار وەرگیرا کۆمیتەیەکی سەرکردایەتی عەسکەری بۆ سەرجەمی هێزەکانی چەکداری (جود) پێکبهێندرێ، بۆ سەرپەشتکردن و ڕێکخستن و ئامادەکردنی هێزەکان بە یەکگرتوویی.

کۆمیتەکە لەم برادەرانە پێک هێندرا بوو.

١- خوالێخۆشبوو ئیدریس بارزانی پدک
٢-مولازم عەلی پدک
٣- مولازم محمد پدک
٤- حمید حسێن ڕەواندوزی پدک
٥- یوسف حنا حشع
٦- مولازم خدر ابوعائد حشع
٧- سید کاکە حسک
٨- حاجی حاجی برایم حسک.

٥- بڕیارێکی تایبەتیش وەرگیرا کە تەقەلا بدرێت و پەلە بکرێت بە زووترین کات هێزەکانی (جود) بگەڕێنەوە بناری قەندیل شوێنەکانی پێشوویان و سەرکردایەتی پدک، چەک و فیشەک، ئازوقە و کەڵ و پەلی پێویستی تەواو ئامادە بکات.

ئێمە گشتمان بەبێ جیاوازی لەگەڵ ئەوە دا بووین کە چەند ڕۆژێک زووتر سنوور بۆ دەست درێژی و لە خۆیای بوونەکانی (ینک) دابندرێت، ئەوەندە لە بەرژەوەندی جولانەوەی ڕزگاریخوازی هەموو نەتەوەی کورد و هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی عێراقی دایە. هەنگاوی دوای

ئەوەش ئەوە بێت بە ڕێگای گفتوگۆ کردن و شێوازی ئاشتییانە، ناکۆکی و کینە بەربەتیەکانی لە نێواندا هەتە چارەسەر بکرێن.

بۆ ڕۆژی ١٩٨٣/٦/٢ هاوڕێیان یوسف حنا و مولازم خدر گەیشتنەوە (سێلوە)، ئاگاداریان کردین کە کۆمیتەکەی عەسکەری بڕیاری وەرگرتیە، لە ماوەیەکی کەم هێزەکان ئامادە بکەن و هێرش بەرنەوە سەر هێزەکانی (یەک) لە ئاوزەنگەوە تا گوندی وەرتێ و سەری زینوێ ئەستێروکان تەنانەت نوێنەرانی پدک ئاگاداری کۆمیتەکەیان کرد بوو:

هێزێکی پدک بەرەو گوندی کونە مشکە ـ دۆڵەتوو کەوتوونەتە ڕێگا.

زۆری نەخایاند دەنگ بڵاوبووە کە لە ڕۆژی ١٩٨٣/٦/١ هێزێکی هاوبەشی پێشمەرگەکانی حدکا و یەک لەگەڵ چەکدارەکانی پدک لە دەشتی (وەزنێ) تووشی شەڕێکی گەرم هاتبوون، لەئەنجامدا تەرمی چەند ڕۆڵە کوردێک لە گۆڕی شەڕەکەدا بەجێ مابوو.

لە هەمان دەوروبەر هێزێکی زۆری ئەرتەش و پاسداران هێرشیان هانیبووە سەر گوندەکانی ڕۆژئاوای (سەردەشت) بەرەو گوندەکانی بێوران ـ قەلەڕەشە ـ شاخی زەردە ـ بێتوش. ئێرانیەکان پاسگای (بەردەپان)یان<٩٩> گرتووتەوە.

<٩٩> پاسگای بەردەپان: یەکەم پاسگای ئێرانیەکانە لە سنوور، ڕۆژهەڵاتی شاخی مامەندە، کەوتووتە سەرە ڕێگای ئۆتۆمۆبیل نێوان قەلادزە ـ سەردەشت، سی (٣٠) کیلۆمەترێک لە سەردەشت دوورە.

بە ڕاو بۆچوونم بزاڤی هێزی چەکــداری (پدک) و ئەرتەش و پاسداران لە یەک کاتدا و لە دوو هێڵەوە ڕێککەوت نەبوو، بە بڕیار و نەخشەی دەرسکراوی قەرارگای حەمزە و ئەرتەشی ئێران ڕێکخرا بوو.

لە لایەکی دیکەشـــەوە دەســـتدرێژی کـردن و هێرشی ناڕەوای تورکیای داگیرکەری کوردستانی باکور، بۆ سەر هێندێ ناوچەکانی بادینان هەر بەردەوام بوو، حشع و جود بەیاننامە و پروتستۆی توندیان دژ بە تاوانەکانی تورانیە ڕەگەزپەرستەکان بلأو کردەوە.

بە بڕیاری م.س ڕۆژی ١٩٨٣/٧/٤ هاوڕێ کەریم ئەحمەد و ئەز بۆ سەردانی تێکۆشەرە ڕاکردووەکانی کوردستانی ڕۆژهەلأت ـ ئێران لە گوندی (زێوکە) چووین. ماوەیەکی باش لایان ماینەوە، بە خەستی دەنگوباسی ولأت و شەڕی ئێران و عـێراق و پێوەندیمان بە حدکا و کارەساتەکانی پشت ئاشانیان بۆ باسکرا. ئەوکات ژمارەی هەرسێ هێز (تودە، سازمانی چریک ـ ئەکـەریەت، گروپی حەوت کەسی ـ حدکا لایەنگرانی مام غەنی بلوریان) گەیشتبووە (٢٠٦) هاوڕێ ڕاکردوو.

کۆبوونەوەیەکی تایبەتیمان لەگەڵ کاک حەمەدەمین سراجی و کاک ئەحمەدی عەزیزی کرد کە ئەو کات هەردووکیان ئەندامی سەرکردایەتی گروپی حەوت کەسیەکە بوون. پێشـووش ئەندامی کۆمیتەی مەرکەزی حدکا بوون.

هەردوو برادەرەکــە بە درێژی باسی باری دژوار و تێکچـووی سەرانسەری ئێرانیان بۆ کردین. ئەم داوایانەشیان خستە پێشمان:

١- نیازیان هەیە سێ ئەندامی سەرکردایەتی خۆیان بۆ ئەورووپا بنێرن، پێویستیان بە یارمەتیدانی حشع هەیە.

٢- ئامبلکەیەکی ئامادەکراویان هەیە، بە کوردی نووسراوە بۆیان چاپ بکرێ.

٣- ژمارەی هەرسێ لایان لە زێوکە ٢.٦ هەڤاڵە بە تەهێنیش ٢. کەسیان لەلای پدک هەیە لەم ڕۆژانە ئەوانیش دەگەن، تکاو داوامان ئەوەیە لە ڕووی تیۆری و ڕۆشنبیر کردنیان بایەخیان پێ بدەن، لە هەموو ڕوونکەوە وەک هاوڕێکانی خۆتان ڕەفتاریان لەگەڵدا بکەن.

بەڵێنمان پێدان داواکانیان زوو جێبەجێ بکرێت.

شەو گەڕاینەوە (سێلوە)

*   *   *

خۆئامادەکردن بۆ گەڕانەوە

پاش ئەوەی لە کۆتای مانگی ئاپاری ١٩٨٣ کۆمیتەی بالای عەسکەری بەرەی نیشتمانی دیموکراتی بنیات نرا، نوێنەرەکانی حشع و حسک بۆ سەرکردایەتی خۆیان گەڕانەوە، هیوای زۆر لە نێوان گشت پێشمەرگەکان بلاوبووە، گیانی ئامادە بوون و لەخۆبووردن بە ڕاشکاوی بەدی دەکرا. ڕێکخراوەکانی هەردوو پارت (حشع و حسک) سەرگەرمانە کەوتنە چاو پێخشانە و پشکنینی کەم و کوڕییەکانیان و ڕێکخستنەوەی کار و ئەرکەکانیان. بەپەلە هەموو لایەک چاوی بڕیبووە ڕۆڵی (پدک) کە بە زووترین کات ئەو بەڵێنانەی خستوتیە ئەرکی خۆی جێبەجێیان بکات.

ڕۆژی ١٩٨٣/٦/٣٠ خوالێخۆشبو کاک ئیدریس بارزانی و دکتۆر محمد سالح جومعە ئەندامی م.س و کاک محمدی مەلا قادر ئەندامی ل.م پدک هاتنە سەردانیمان لە (سێلوە). هاوڕێیانی سەرکردایەتی حشع و حسک پێشوازی گەرمیان لێکردن و پێکرا لەگەڵیان دانیشتین.

کاک ئیدریس بارزانی کەوتە پەیڤ کردن، گەلێ شتی باس کرد، لە هەمووی گرنگتر کە بە تەفائول گیرایەوە ئەوە بوو کە: (بەم

زووانه هێزێکی زۆری کۆماری ئیسلامی ئێران، هێرشی توند و فرەوان دەکاتە سەر حاجی ئۆمەران ـ چۆمان، هەموو ناوچەکەش داگیر دەکەن. هێزەکانی جودیش هێرشی تایبەتی خۆی دەکاتە سەر ناوچەکانی ناوزەنگ ـ ڕەزگە ـ قەلاتوکان.)

لەلایەکی دیکەشەوە هێزێک لە ێنێ ـ زارگەلی بەرەو پشت ئاشان دێت، هەروەها گوتی: (ئێرانیەکان یارمەتی باشمان نادەن هێرشیش بۆ سەر ئەو ناوچانەی ێنک داگیری کردووە ساانا نیە، چەک و ئازۆقە و خۆ ئامادەکردنی باشی گەرەکە. هیما ئەم بارو و دۆخە نەڕسکاوە.)

لە دانیشتنەکەدا گەلێ ڕاو پێشنیار هاتە کایە، کارێکی ئەوتووی نەکردە سەر بۆچوون و ڕووکاری بارە ئالۆز و پەشۆکاوەکە. زۆربەی ئێمەی دانیشتوانی کۆبوونەوەکە، کەوتینە سەر ئەو بڕوایە، کە گەڕانەوەی هێزەکانی بەرەی نیشتمانی دیموکراتی (جود) بۆ بناری شاخی قەندیل و شوێنەکانی پێشووی خۆمان، بە ستراتیژیەتی بزاڤ و هێرشی ئەرتەش و پاسدارانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر خاکی عێراق بەرپەرچ کراوە. (یدک)یش بەبێ ڕەزا بوون و بڕیاردان و یارمەتی ئێرانیەکان بە هیچ هەنگاوێک هەڵنەدەستا، تێکڕا سەرجەمی کادر و پێشمەرگەکانی حشع و حسک، باش دەرکی ئەوەیان کردبوو کە دوا بە دوای ئەو هەموو زەرەرو زیان و تێکشکانەکانی سەرەتای مانگی ئایار، گەڕانەوە بۆ ڕۆژئاوای شاخی قەندیل لە توانای هەردوولادا نیە!

هاتووچۆ کردن و پێوەندی بەیەکتری لە نێوان حیزبەکانی جود بە گەرم و گوڕی بەردەوام بوو، سەرگەرمانە داوا دەکرا، پەلە بکرێت و پێویستیەکانی خۆ ئامادەکردن زوو بکەونە دەست و جێبەجێ بکرێن. چەند ڕۆژێ زووتر گەڕانەوە بکرێت لە بەرژەوەندی هێزەکانی (جود)

دایە. بەلاّم کارەکان وا نەدەڕۆیشتن.

بە سوور بوون و داواکردنی زۆری نوێنەرانی حشع و حسک، ڕۆژی ٢٨ و ١٩٨٣/٧/٢٩ کۆمیتەکەی عەسکەری لە سەرووی شاخی قەندیل کۆبۆوە، بڕیاری گەڕانەوەیان وەرگرت و نەخشەی چۆنیەتی گەڕانەوەکە و شوێنەکان و دابەشکردنی هێزی پێشمەرگەیان بە باشی دەست نیشان کرد.

دەقی مەحزەرەکە:

کــــۆبوونەوەی م.ع و ل.ع لە ٢٨ و ٧/٢٩ لە قــــەندیل بە ئامادەبوونی نوێنەرانی پارتی: ئیدریس بارزانی، د. محمد سالح و حمید ئەفەندی، مەلا حسن، حسۆ، نجم‌الدین یوسفی. حشع ملازم خدر، ملازم احمد ـ کانەبی، ملازم احسان. حسک: حاجی حاجی براییم. ئەم بڕیارانەی خوارەوەیان دا:

١- گرتنی ئەو شوێنانەی کە پێویستن بۆ پاراستنی ناوچەکە

٢- پاک کردنەوەی ڕێی بالەیبان تاکو قەلاّتی بالەیان و ئیندزێ و لیوژێ تاکو پەندز.

٣- کارکردن بۆ گرتنی لوتکەی زارگەلی مفارز بۆ سەر لوتکەکانی ئەوبەری جادەی گشتی.

٤- کارکردن و پەلە کردن بۆ تەواو کردنی پێویستیەکانی قۆناغی دووەم.

٥- مشوور خواردنی نەقلی ئەرزاق لە کۆنەلاجان بۆ ناوەشت.

٦- قەدەغە کردنی چوونە خوارێی ڕەشماڵەکان و گەڕانەوە بۆ گوندەکانی ناوچە بۆ شار و ئۆردوگایەکان.

دەستە دیفاعیەکان:

١- گــردی ٥٠ پ.م، قــەلاتوکــان ٥٠ پ.م، ســاوێن ٥٠ پ.م، هەمووی ١٥٠ پ.م شیوعی و سۆسیالیـست.

٢- کۆمتان، ٣٠ پ.م شیوعی

٣-بۆلێ، سۆرالنگ، پارتی

٤- گۆمی کرمەسووران، شیوعی

پشتی ئێندزێ، لیوژێ، قەلاتێ باڵەیان پارتی.

قوەتی دیفاعی ٥٠٠ پ.م

قوەتی هجومی و شوێنەکانی دیکە ٥٠٠ پ.م

١٠٠ پ.م شیوعی، ملازم احسـان.

سـوزالینگ تا رۆژهەلاتی باڵەیان لە شـاخـەوە بۆ شـاخ ١٠٠ پ.م پارتی، مەغدید، خالید ئاژگەیی.

بۆلێ بنار و بنار بۆ ئێندزێ و لیـوژێ ١٠٠ پ.م پارتی مـلا احـمـد، خالد، شێخ‌الله.

راست و چەپی جادەی گشتی پارتی + سۆسیالیـست + شیوعی، ٢٠٠ پ.م حسێ + حاجی + یەک شیوعی

رۆژی حەرەکەت: ٨/٢

شوێنی کۆبوونەوەی قوەتەکان منتیقەی بۆلێ.

مەسئولی شوێنە دیفاعیەکانی گردی رمکان، قەلاتوکان، ساوێن، پیرمەمکە، ملازم احمد شیوعی. مسئولی شوێنە دیفاعیەکانی بۆلێ تاکو قەلاتی باڵەیان ملا حسن و ملا قادر پارتی.

لە سـەرەتای مـانگی ئاب ١٩٨٣ لە دوولاوە هێزەکـانی (جـود)

گەڕانەوە ڕەزگە ـ قەلاتوکان ـ پشت ئاشان ـ ئیندزێ تاکو دەوروبەری گوندی کزیلە.

هێزەکانی یەنک لە بناری ڕۆژهەلاتی شاخی کێوەڕەش ـ بەرەی جادەی کۆمتان ـ زارگەلی ـ خانەقا مانەوەو خۆیان مەلاس دا.

هێزەکانی (جود) پتر لە سێ هەفتە لە شوێنەکانی خۆیان چەقین، کەوتبوونە چاوەنۆڕ کردن. ئەو ماوەیە پێشمەرگەکانیش هەر لە هێشکگرتن و نە نووستندا دەژیان، چەند جار فڕۆکە جەنگیەکانی عێراقیش ناوچەکەیان بە دۆشکا و موشەک ڕشاند.

ناڕەزایی و ڕەخنە و ژیانی پڕ دڵ لە دڵمان، گومانی وەڕس بوونی لە نێوان پێشمەرگە و کادرە عەسکەریەکانی (جود) پەیدا کرد.

لە واقیعدا ڕووداوەکان یەک لەدوای یەک دەریان خست، کە دوای هێزەکانی (جود) گەڕانەوە زۆربەی شوێنەکانی پێشوویان. چاوەنۆڕی ئەوە دەکرا، ئەو هێرشە توندەی لە هەمان دەوروبەردا، هێزەکانی کۆماری ئیسلامی کردیانە ناوچە حاجی ئۆمەران ـ چۆمان. هەموو ناوچەکە لە هێزەکانی سوپای عێراق پاک بکەنەوە و دەستی بەسەردا بگرن، یەکسەر هێزێکی چەکداری یەک دەگەنە دۆڵی بالەیان ـ بەرەو زارگەلی دێن. ئەو کات ناوچەکە لە هێزی چەکداری (یەنک) پاک دەکرایەوە.

بەلام ڕاگرتنی هێزی سوپای عێراق و بەرگری کردنیان لە (گردەمەند) و وەستاندنی هێرشی ئێرانیەکان لە شوێنی خۆیدا، لەلایەتی دیکەوە خۆ ئامادە کردن و هۆشیاری هێزەکانی چەکداری (یەنک) پلانەکانی (جود)ی تێک شکاند و ماوەی نەدا جارێکی دیکە سەرکەوتن وەدەستبهێنێ.

لێرەدا دەقی چەند نامە و بروسکە بلاو دەکەینەوە:

١- دەقی نامەی خوالێخۆشبو کاک ئیدریس بارزانی بۆ شەهید حەسۆ میرخان ژاژۆکی:

برای عزیز وە محترم حسو میرخان ژاژوکی
پاشی زۆر سەلاما...

زۆر ئەحوالی هنگو دپرسم. زۆر سەلاما لە هەموو برا پێشمەرگا دکەم وەهیڤی دکەم لە خودێ هەرباش و موفەقبن وە بە خێرو خۆشی خێربیت.
الحمدللە ئەمیش سەلامەتین.

کاغەزا هنگۆ با رۆژا ١٩٨٣/٨/٧ گەشتە دەستێ من. زۆر ممنون بووم چونکو بە راستی لبەر وەزعی جبهەی ناودەشتیوە برابیت مەبیت پێشمەرگە زۆری متاسر بووم مخسوسا وەختی طەیارە هاتن چونکو لێرەوە لە کۆنە لاجانی زۆر قەسف کر ئەمما لە نک هنگۆ زۆرتر بە کەیفا خودی قەسفی کە چونکو بینە، مە زۆر سەعی کر هندەک دۆشکا پەیدا کەین ئەمەلا هەی انشااللە جێبەجێ ببی.

بۆ مەسەلا حسو دۆلەمەری ئەز نزانم وەکو برایەکی کەیفا وی بتنێت وە ممکن نیە بە قسا خەلکی چستورکی ببێژنە هنگو ئەمما وەزعی ویش وەیە ممکنە هندەک شولا وەکو بارەکی لسەر خو هەلگری بهنگو بکەت، هنگیش تەمام برایەتی تگەل بکەن وە بزانە ئەگەر لبەر کیمیا قوەتی نەبیت وە لبەر وەزعی منطقی نەبیت من پێ

خوشه هنگ نیزیک بن له من بهەر حال هەر وەکو هەتا نوکە تگەل کاک حسو تریفەجوی برایەتیا خو بپارێزن.

بۆ جاشیت کوره ایادان یا باشه زۆر باشه جابی بدەنی کو هاروکاریی لدو امکانا خو لوەختي پێویست بومه بکەن. ئەگەر خودێ بو قوەتا بارزانیا ئەگەر خودی بو کر کەس نیە ڕێگاوان بگری ئەمیش بییت، انتظارا رحما وا دکەین و هەموو ڤێکرا ئەمانەتی وا نەبین

برای هنگز
ادریس بارزانی
١٩٨٣/٨/٨

٢- نامەی فەرماندەی پێشمەرگەکانی (جود) لە بناری قەندیل بۆ لێپرسراوەکانی پێشمەرگە:

برایانی بەرێز کاک حسن، کاک محمد، کاک مستەفا، کاک حمید، کاک محسین، کاک خالیدی تێکۆشەر
سلاوێکی شۆڕشگێڕانە

١- بەرنامەی پیرێ و دوێنێ قەراری نهائی لەسەر درا ئەمشەو ئەنجام دەدرێت انشاالله بە شێوەیەکی ڕێکو پێک و سەرکەوتووانە، دلنیابن ئێوە دەورێکی کاریگەر و اساسی‌تان دەبێت بۆ سەرخستنی ئەو بەرنامەیە کە تاسیرێکی زۆر باشی دەبێت لەسەر وەزعی ئێمە و دوژمن بە تەواوی دەشکێ.

٢- وا نیشانەی نیوان هێزەکان ناردمان بۆ تان کاتی هێرش ئەمشەو ٨/٢٢/٢١، سعات ٥ . ٤ دەستی بە ئەنجامدانی دەکرێت.

٣- ئاگاداری قوەتەکانی لای سید کاکە و لقی/٢ و لقی/١یش کراوە کە ئەوانیش خۆیان حازر بکەن، هەوڵ بدەن زەربە لە دوژمن بدەن و لەگەڵ ئێمە هاوکات بن.

٤- پێویستە لە سعات ٤ جیهازەکانتان کراوەبن و پێوەندی دائمی هەبێت لەگەڵ ئێمە.

٥- هەر بۆ احتیاط قوەتێک لە قوەتی کاک مستەفا و کاک حمید لەبەری گوندەکانی کۆیلە و چۆمی دەبن لە پشتی ئێوە وریا بن و شوێنی گرنگ بگرن.

٦- ئەگەر تاکیدبن کە ئەو قوەتەی کە هاتووتە پشتی وەڵزێ لای ئێمەش دیارە هی رژێمی عێراق بێت، واتە بێت هەندی دوورە لە ئێمە تاسیرێکی ئەوتۆی نابێت. مەگەر قەسفی تۆپ یان تەیارەش، ئەویش هەروەک جاران دەبێ پارێزگاری خۆمان بکەین، بەلام بە تەواوی تاکید بکەن ئەوەکو جاشەکانی جەلال بن هەر بۆ مشاغلە چوینە ئەوێ.

ئیتر بۆ پێشەوە

براتان	براتان	براتان
ملازم خدر	حسن میرخان	حاجی

١٩٨٣/٨/٢١

لە کۆتای مانگی نیسانی ١٩٨٣ م.س حشع داوای لە مەڵبەندی

بادینان کرد. ژمارەیەک لە پێشمەرگەی شەڕکەر بنێرن بۆ پتەوکردنی دەوروبەری بنکەکانی م.س. پێشمەرگەکان لەکاتی کارەساتەکە نەگەیشتن. دوای ماوەیەک ئەوانیش لەگەڵ هێزەکانی مەڵبەندی هەولێر گەیشتنە (سێلوە) بەشداریان لە گەڕانەوەی دووە بۆ پشت ناشان کرد. بەداخەوە چەند رۆڵەی لێهاتوو کادریشیان لێ شەهید کرا، ئەمە ئەقی نامەی هاوڕێ ملازم خدر ـ باوکی رائد کە بۆ ئەوانی نارد. بوو:

رفاق م بهدينان
تحية رفاقية

اشد على اياديكم و اتمنى لكم دوام النجاح و الانتصار.

اراقب الوضع عندكم باستمرار من القمة. ارجو مساعدة الاخ سيد كاكه بكل امكانياتكم حول العتاد نرسل لكم الاحتياط الموجود عندنا و طلبت من حسو ارسال كمية اليكم من بولي. امنوا الاتصال مع ملا محمد و اطلبوا منه العتاد اليكم و الى سيد كاكه من الضروري ان يرسل ملا محمد قوة لسد الثغرة بينه و بين سيد كاكه.

حاولوا اللقاء مع ملا محمد لهذا الغرض. اخرجوا ليلا كمينا الى يسار التسلسل.

ان كل هذا العمليات التي يجريها الجلاليين هي لالهاء قواتنا و ابقائها بالجبل و لذلك الموقف يتطلب ايجاد اجراءات سريعة هجومية لطردهم. على ضوء ذلك.

ارسلت ممثلنا الى ادريس البارزاني و كذلك برقية لارسال قوات

جديدة بالسرعة الممكنة. و جوابه سيعلمون المستحيل على تلبية طلبنا بالاشخاصه و العتاد.

هنا امس وجهنا لهم ضربة بالمدفعية قوية جدا و يظهر ان خسائرهم كبيرة شوهدوا وهم يخلون قتلاهم.

لاتوجد عندنا خسائر، موقف بعض الاطراف و عدم تنفيذهم الخطة الموضوعة حال دون احتلال مواضعهم على كل ساخبركم برسالة لاحقة تفصيلية حول مسالة فشل الهجوم و الاكتفاء بالقصف المدفعي.

ارسلوا مفرزة لجلب مالمحتاجونه و كذلك لسيد كاكة كلي ثقة بانهم الرجال الابطال الذين بامكانهم ارجو الاهتمام بالرفاق من كافة النواحي

اكرر احياتي لهم و لكافة الرفاق و الى الامام

مع فائق اعتزازي و تقديري

رفيقكم

ابو عائد

١٩٨٣/٨/٢٢

١- هل وصلتكم قوة سرية كوى.

٢- اذا كنتم بحاجة الى قوة يمكن سحب قسم من قوة

٣- اذا تطلب الموقف سانزل اليكم. هنا لازالت

هەر كادر و پێشمەرگەکانی حشع، دیبوویان ژمارەیەک لە ئەفسەر و سەرباز و پاسدارانی ئێرانی بە ئامێری بێ تەل و ئامێری کەنترۆڵ و دەستنیشان کردن بەتەک پێشمەرگەکانی (پدک) هاتوونەتە ناوچەکەی بناری قەندیل، هەڵسوکەوتیان لەوە دەکات کە

بزاف و گەڕانەوەی پێشمەرگەکانی (جود) بۆ ڕۆژئاوای شاخی قەندیل، بە کردەوە کرابێتە پاشکۆ و بەشێک لە هێرشە سەرەکیەکەی ئەرتەش و پاسدارانی ئێرانی بۆ حاجی ئۆمەران و ناوچەی بالەک و بناری شاخی قەندیل.

پێشمەرگەکانی حشع کە دیبوویان ژمارەیەک پاسدار و ئەرتەش، بەتەک پێشمەرگەکانی پدک گەیشتوونەتە بناری قەندیل، هاواریان لێ هەڵدەستێ. دەکەونە دەربڕینی بێزاری و ناڕەزایی، نامە و بروسکە بۆ سەرکردایەتی حشع و کۆمیتەی بالای جود دەنێرن، داوایان کرد بوو ئێرانیەکان لە ناوچەکە دوور بخرێنەوە. تەنانەت وایان نیشان دا بوو، ئەگەر ئێرانیەکان ناوچەکان بەجێ نەهێڵن، ئامادە نین لەژێر فەرماندە و ئامۆژگاری ئێرانیەکان شەڕی پارتیزانی و شەڕی سوپای عێراق بکەن.

ئەمە دەقی بروسکەی فەرماندەی پێشمەرگەکانی حشعە، لە بناری قەندیل ناردبوویان:

الی: م.س حشع
م.س حدک
م.س حسک
ل. جود
من: ابو عائد
١٩٨٣/٨/٦

وصل عدد من الاجانب (الپاسدار) الى منطقة عمل جود، مع احدى

القوات الحليفة (...) هذا مخالف لقرارت جود، يطلب سحبهم من المنطقة فورا و خلال ٤٨ ساعة، انبونا رجاء.

دوای دوو رۆژ م.س پدک، بە ناوی م.ا.ب وەرامی مەکتەبی عسکەری پارتیەکانی جود و کاک ا/ب و م.س پدک دابووە.

ئەمەش دەقەکەیەتی:

الی: ل.ع، حشع، ل.ع.جود، م.س.ا.ب

من: م.ب(١..)

١٩٨٣/٨/٢٨/٢٧

برقيتكم. الاخوان ا.ب و ابو حكمت على وشك السفر الى طرفكم لايمكن مع السحبة الموضوع بالحدة تطلبون، يجب ان تتخذ ل.ع جود هذا القرار يرجى بحث الموضوع مع ا.ب و ابو حكمت و مع الجسر بهدوء

(١..) م.ب: مسعود بارزانی

ل.ع حشع: کۆمیتەی عسکەری حشع

ل.ع جود: کۆمیتەی عسکەری جود

ا.ب: ادریس بارزانی

ابو حکمت: یوسف حنا

الجسر: مەبەست ئێرانیەکانە

لێپرسراوی هێزێکی پێشمەرگەکانی پدک، نامە بۆ حسۆ میر خان دەنێرێ دوای ڕاو بڕیارە دەکات لەسەر داوای پێشمەرگەکانی حشع.

بۆ هەڤاڵ حسۆ میرخان
سلاوێکی شۆڕشگێڕانە

داوا لە خودای گەورە دەکەین کە هەر سەرکەوتووین لەسەر دوژمن.
جماعەتی حزبی شیوعی برقیکیان نووسیە دەربارەی سربازەکانی ئێرانی گوتبتیان داوا لە حیزبی پارتی دیموکراتی کردیتمان دریان بکەن لە منطقە و ئەوانیش دریان نەکردیە.
ئایە ئەو برقیە بدین یان نە وەلام بە پەلە ئێمە پێمان وتووە لاسلکی ڕاوستاوە ئیش ناکا.

ولام ولام

براتان
ایوب سعید قازی
١٩٨٣/٨/٢٩

ئەم کەین و بەینە درێژەی کێشا، بواری باشی بۆ سەرکردایەتی ینک ڕەخساند، کە باش هێزەکانی کۆ بکاتەوە و خۆی بۆ شەڕ کردن و پەلاماردانی دیکە ئامادە بکات.
کتوپڕ لە کۆتایی مانگی ئابی ١٩٨٣ هێزەکانی ینک هێرشی بەرفراوانیان کردەوە سەر هێزەکانی (جود) پێشەکی بەرزترین لوتکەی

شاخی (کونەکۆتر)(١.١)یان گرتەوە. گشت ئەو پێشمەرگانەی پدک. کە ژمارەیان ٤٦ پێشمەرگە بوو بە فەرماندەی حسنز میرخان ژاژۆکی شەهید کران، بۆ ڕۆژی ١٩٨٣/٩/١ جارێکی دیکە بە تەواوی (ینک) دەستی بەسەر هەموو ناوچەکەدا گرتەوە، هێزەکانی (جود) دووچاری شکان و باشەکشە هاتنەوە، ژمارەیەکی زۆریش لە هەموو هێزەکە شەهید کران.

*   *   *

(١.١) شاخی کونە کۆتر: لوتکە شاخێکی یەکجار بەرزە، کەوتووەتە نێوان گوندی ئینذز و کۆیلە. لە ڕۆژئاوای شاخی قەندیلە. لە لقێکی ئەویش دەژمێردرێ.

ئاکامی کارەساتەکە

لە توانای هەر کوردێکی دڵسۆز و کەسانی هێزا و ڕاستگۆ و دیموکرات پەرستدا هەیە، بە دەرسکردن و لێکدانەوەیەک، بە ماوەیەکی کورت بگاتە سەر بڕوایەکی تەواو. کە ئاپۆرو کارەساتەکانی ڕۆژی یەکی ئابار و مانگی ئابی ۱۹۸۳، سێ ساڵێک پتر زیانی گەورەی بە بەرەی پشتی نەتەوەی کورد و بزاڤی ڕزگاریخوازەکەی و هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی عێراقی گەیاند.

دوژمنە سەرەکیە زلهێزەکان داگیرکەرانی خاکی نیشتمانەکەمان، هەل و بواری لەباریان بۆ ڕەخسا. هەر زوو کەوتنە سوود وەرگرتن و چنینەوەی بەرهەمی باش دوای کارەساتەکان.

هەر لایەکیان بەپێی توانا و نەخشەی تایبەتمەندی خۆی کەوتە دەست پێشخەری و پێشبڕکە کردن، چۆن سوود پتر بۆ لای خۆی ڕاکێشیت؟

بە چ شێوازێک ئاگری کورد کورد کوژی خۆشتر بکەن، ئاکۆکی و کینەبەریەتی نێوان هێزە کوردستانیەکان قووڵتر و پڕ ئازارتری بکەن، پێوەندیەکانی نێوان پتر لەبەریەکتریدا دەربهێنن.

له كەڵەگایی كردندا لە بار و دۆخی ئەوكات دا سیستەمی توركیای ڕەگەزپەرست، داگیركەری كوردستانی باكور، كەوتبووە دەستدرێژی كردن و هێرش هانینی بۆ دەورووبەری سنووری خۆی

لە ماوەی سێ ساڵدا چەندان جار سوپای توركیا، بە درێژایی سنووری دروستكراوی نێوان عێراق ـ توركیا، بە پانی چەند كیلۆمەترێک خاكی كوردستانی باشوور، هێندێ لە ناوچەكانی بادینانیان بە پۆستاڵەكانیان دەشێلا، ڕەفتاریان وەک هەر داگیركەرێک، پڕ بوو لە تاوان كردن و دەستدرێژی. هەر جارێكیش ژمارەیەک لە ڕۆڵەی كوردیان شەهید دەكرد. گەلێ شوێنیان لە دوای خۆیان دا بە وێران كراوی بەجێ دەهێشت.

ڕژێمی كۆماری ئیسلامی ئێرانیش، هەلی زێڕینی لەباری بۆ هەڵكەوت كەوتە تاوان و كەنە كردن لە نێوان هەزارەها كوردە ئاوارەو دەربەدەر و ڕاكردووەكان و ئەو عێراقیانەی ڕژێمی شۆڤێنیستی بەغدا دەستی بەسەر ماڵ و سامانیان داگرتبوو، بە هەژاری و كەسایی و ڕووتی فڕێندرابوونە سەر سنووری ئێران، بە بەڵگەی ئەوەی تەبەعەی ئێرانن، یا شناسنامەیان تەواو نیە، مەبەستی ئێرانیەكان ئەوە بوو، بیرو بڕوایان بگۆڕن و بە ئایدیۆلۆژیەتی مەذهەبی شیعە مێشكیان پڕ بكەن بیان كەن بە وابەستە و بەكرێگیراوی خۆیان.

بە ڕاشكاوی و بێ شەرمانە كەوتنە سەپاندنی مەرجی زۆر و زەبەند بەسەر ئەو پارت و گروپانەی كۆیە دەستی دام و دەزگاكانی كۆماری ئیسلامینەا لە ژێر دروشمی بەرگری كردن لە ئاینی ئیسلام و ناوی جۆرا و جۆر پەیدەر پەی چەكداریان دەكردن، بۆ ئەمرازەكانی خۆشیان بەكاریان دەهانین.

بێنە سەر بارو دۆخی کوردستانی باشوور ـ عێراق. دوای کارەساتەکان، ڕژێمی ڕەگەزپەرستی بەعسی بەغدا کۆمەڵێ لەو مەبەستو ئاوات و نەخشانەی کە دەمێک بوو تەقەلا و کۆشەشی بۆ دەکرد هانیە دی.

پێشەکی لەژێر پەردەی پڕ فرت و فێڵ و تەڵەکەبازانەیدا بە ناوی گفتو گۆ کردن لەگەڵ (یەنک) یەکێتی گشت هێزەکانی چەکداری خۆی لە هەموو چالاکی و کردەوەیەک دژ بە ڕژێم ڕاگرت.

ئەم هەڵوێستەش ماوەی باشی دا بە پێشمەرگەکانی یەنک بکەونە ڕاونان و بەربەرەکانی کردن و شەڕ کردنی ڕێکخراوەکانی سیاسی و پێشمەرگەکانی بەرەی نیشتمانی دیموکراتی.

هەر لە سەرەتادا ڕژێمی فاشی بەغدا، کە جەنگە ناڕەواکەی دژ بە کۆماری ئیسلامی هەڵگیرساند، یەکێک لە پلان و نەخشە سەرەکیەکانی ئەوە بوو کە زۆربەی ڕۆڵەکانی کوردستان ـ عێراق ڕابکێشێت بۆ لایەنگری و پشت گرتنی، لە هەمان کاتدا بیان نێرێتە ناو گەرمەی جەنگەکە.

لە دوا بە دوای کارەساتەکانی پشت ئاشان، ڕژێم ئەم ئامانج و مەبەستە گلاوانەی باش وەدەست هانی و جێبەجێ کردن.

تا ناوەڕاستی ١٩٨٣ سەرجەمی ژمارەی ئەم کوردانەی بە ناوی ئەفواجی سوک (الافواج الخفیفە) چەکیان بۆ ڕژێم هەڵگرتبوو، لە دەوروبەری ٥٠ هەزار دا بوو، لە سەرانسەری کوردستانیش بە جاش ناویان دەبردن، کەچی لە ماوەی گفتوگۆی یەنک و میری بەغدا و تا سەرەتای ١٩٨٦ ژمارەیان لە ٢٠٠ هەزار کوردی چەک هەڵگر‹١٠٢› نزیک ببۆوە.

دەسەلات و دەست درێژ کردن و تاوانەکان ڕژێم بەرامبەر بە نەتەوەی کورد لە هەموو سنوورێکدا دەرچوو، ئەمەی بیانەوێستبا سل کردنەوەیان نەبوو کەت و بڕ نەنجامیان دەدا. ئەو کات بیر و بڕوای جەماوەری کوردستان بەرامبەر بە هێزی پێشمەرگە و نیشتمانپەروەرەکان گەلی لە کزی دابوو. ئامادە بوون بۆ تێکۆشان قوربانیدان ساردی و سستی بەسەردا هاتبوو. هەزاران ڕۆڵەی کوردی دڵسۆز، دوژمنانی ڕژێمی فاشی و جەنگ، لە جیات ئەوەی پشتی هێزەکانی بەرهەڵستکار بگرن، بەپێی توانایان بکەونە کۆڕی خەبات و تێکۆشان، یا چەک بکەنە شانیان و بینە ڕیزی پێشمەرگەی کوردستان، ڕێگای دوور کەوتنەوە و ئاوارەبوونیان هەڵدەبژارد، پەرت و بەلاوەیان تێکەوت، پەرەوازە بوون ڕوویان کردە ولاتانی هەندەران؛ لەناو هێزەکانی بەرهەڵستکار لە سووریا بە گشتی، بە تایبەت

«١.٢» لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٥ مەکتەبی هەرێمی کوردستان ـ حشع، ڕاپۆرتێکی ١٥ لاپەڕەیی فولسکاپی ئامادە کرد، دەربارەی ژیانی کۆمەلایەتی، ئابووری و عەسکەری ئەو کوردانەی چەکیان بۆ ڕژێمی بەعس هەڵگرتبوو ئەو چەوسانە و پارە و پوولە زۆرەی سەرۆکەکانیان (سەرۆک جاشەکان) دەکەوتە دەستیان.

لە ڕاپۆرتەکەدا هاتبوو کە سەرجەمی ژمارەی چەک هەڵگری کورد تا ناوەڕاستی ١٩٨٣ لە دەوروبەری ٥٠ هەزار چەکدار بوو، کەچی لە کۆتای ١٩٨٥ ژمارەیان گەیشتبووە نزیکی ٢٠٠ هەزار چەک هەڵگر.

کاتی خۆی ئەم ڕیپۆرتاجە بۆ م.س حشع بەرز کرایەوە، ئەو دانەی لای خۆشم هەڵمگرتبوو لەگەڵ دوو دەفتەری کە لە پێشەکی بەرگی یەکی کتابەکەم باسک کردیە. نەکەوتنەوە دەستم.

لەناو برا کوردەکان، بارە ئاڵۆز و تێکچووەکەی کوردستانی باشوور بە شێوەیەکی دیکە ڕەنگی دایەوە، سەرجەمیان دەنگی ناڕەزایی و بێزاریان بەرز کردەوە، هەموو لایەکان بە توندی دژی شەڕی ناوەخۆ و کورد کوژی وەستان. کەوتنە بزاڤ و تەقەلادان بۆ هێمن کردنەوەی بارە دژوارەکە.

تکاو داوایان لە هەموو هێزەکانی گۆڕەپانەکەی کوردستانی باشوور ئەوە بوو، چاو بە کردەوە و هەڵوێستەکانیاندا بخشێننەوە. واز بهێنن لەو ڕەفتار و کردەوە چەوتانەی لە فۆزتان و ماڵ وێران کردنی کورد بەولاوە چیتری لێ وەدەست نایەت. زیانی زۆریش بە گشت هێزەکانی دژ بە ڕژێمی فاشی بەغدا دەگەیێنێ!!

دەگەڕێینەوە سەر باری ناوەخۆی پێشمەرگە و ڕێکخراوەکانی حشع، دوای تێکشکان و کارەساتەکە گەلی پیشە و نەرەتی ناڕەوا، دوور لە پرنسیپی ڕێبازی ڕاستی پارتایەتی، لەناو سەرجەمی ڕێکخراوەکانی دەرەوە و ناوەی حشع و پێشمەرگەکانی بڵاوبۆوە، وەک ئەوەی ڕەوا نیە هاوڕێ کۆمۆنیستی عارەب لە شاخەکانی کوردستان بە کوشت بدرێت! ئەو ئامادە بوونانەی لە وڵاتانی دەرەوە بۆ گەڕانەوە و بۆ چەک هەڵگرتن هەبوو نەما، بە پێچەوانە ژمارەیەکی زۆر لەو هاوڕێیانەی لە شاخ دەژیان، کەوتنە هەوڵدان، بە پەلەپەو بیانوی زۆر کوردستانیان بەجێهێشت، وازیان لە خەباتی چەکداری هێنا. یەکێتی بیر و بڕوا کار لەناو خودی سەرکردایەتی حشع گەندەلی تێکەوت، کێشەی ناوەخۆ و مەللاتەی عەرەبی و کوردی لە پتر بووندا بوو!

ئەمە بوو کورتەی واقیعی بارو دۆخی کوردستانی باشوور، لە

ناوەڕاستی ۱۹۸۳ و تا ماوەیەک پێشی ئاشتبوونەوە و بنیاتنانی بەرەی بەسوود و پێویستی دەزانم کە بەشێکی کەم، لەم زەرەر و زیانانەی لە ئاکامی کارەساتەکانی پشت ئاشان، بە ئەستۆی نەتەوەی کورد و هێزەکانی ڕامیاری کەوت، بیخەمە پێش هەست و هۆشی گەلەکەمان و گشت مرۆڤێکی دیموکرات پەرستی ڕاستەقینە. تا هەمیشە وەک ئەزموون و تاقیکردنەوەی ڕۆژانی ڕەش و شوومی ئیگریس، دەرس و پەندی لێوەربگیرێت. قەت لە یاد نەکرێن، دڵسۆزانە تەقەلا بدرێت ڕەگ و ڕیشە و پنجی دوو بەرەکی و کینەبەریەتی و جیاوازی و مەلالانەی تێکدەری لە کۆمەڵگای کوردەواریدا هەڵبکەندرێت!

ڕۆڵی نا پاک و ژەهراوی داگیرکەرەکانی کوردستان، لەژێر هەر پەردە و دروشم و ناوێکدا بێت ڕەسوا بکرێت،.

هەروەک لە گەلێ شوێندا جەغدم لەوە کردیە کە مەبەستی سەرەکیم لەوەکارانەدا تەنیا وەک بانگهێزێکی دەروونی خێرخوازانە و هۆشیار کەرەوەیە بۆ نەوەی تازەی کورد بۆ ڕۆڵە تێکۆشەرە لە خۆبووردووەکانی سەرانسەری کوردستانی گەورە، کە هەر دەم لە پێناوی ئاوات و ئامانجە ڕەواکانی نەتەوەیان گیانیان لەسەر دەست داناوە، تا بتوانن لە هەموو کات و شوێنێکدا وەک بەر بەستێکی پۆلای چەسپاو، بەرامبەر بە جۆرەها بەرژەوەندی تایبەتمەند، یا ئاقڵیەتی تەسکی پارتایەتی یا بەرژەوەندی ئەو گروپ یا ئەو بنەماڵە یا خێڵەکی بووەستن.

بەرژەوەندی مافی گەلی کورد و کوردستانی لەت لەتک کراو، و

داهاتووی ۲۵-۳۰ ملیۆن کورد دەبێ لەسەرەوەی هەموو دەستکەوت و بەرژەوەندییەک دابندرێت.

*　　*　　*

چەمکێک لە زیانەکان

یەکجار لە مێژ ساڵە، نەتەوەی کورد لە سەرانسەری کوردستان، لەبەر شاڵاو و زەبر و جەوری هێزەکانی دەسەڵاتداری ملهوڕ، داگیرکەرانی ستەمکاردا دەژیت.

هەر لە کۆنەوە تا هەنوکە دوژمنانی کوردستان، بە گەلێ شێوازی جۆرا و جۆر، لەژێر پەردەی ئاین، یا بەرژەوەندی و توانا و هێز یا سەرە ڕێگای هاتووچۆ کردن و شوێنێکی پڕ پیتوو بەرەکەتو ستراتیژی هەیە... هتد. مەرخیان لێ کردووە پەلامار دراوە، داگیریان کردووە، نەتەوەکەیان چەوساندوتەوە، بە ژێر دەستکراویان هێشتووتەوە؟

چەکێک لەو چەکە گلاوە ژەهراویانەی هەر لە کۆنەوە دوژمنەکانی کوردستان بەکاریان هێناوە، پرژاندن و چاندنی تۆوی دوو بەرەکی و کورد بە کورد کوشتن بووە.

راگیرزاندن، وێران کردن و سووتاندنی شار و گوند و شوێنەکانی پڕ سوود، بە تاڵان بردنی سەر و ماڵ. بوونەتە بەشێک لە مێژووی دوور و درێژی نەتەوەی کورد.

سەدان ڕووبەڕ و گوتە و شیعر و چیرۆکیان لەسەر تۆمار کراوە. ئەوەی لێرەدا مەبەستە بلاو بکرێتەوە، چەمکێکی کەمە لەو زەرەر و

زیانانەی لە ئەنجامی کارەساتەکانی پشت ئاشان بە ئەستۆی سەرجەمی هێز و پارتەکان کەوت. بەلای منەوە، لە کارەساتەکەدا سەرکەوت و ژێرکەوت، لەیەک لەنگەردا دەژمێردرێن. هەموویان تووشی زیانی زۆر و پەشێمانی هاتن! لە واقیعدا زیانی گەورە و دڵتەزێنەر و جەرگ بڕ بە جولانەوەی رزگاریخوازی نەتەوەی کورد لە سەرانسەری کوردستان کەوت. قازانجکەری تەواو و گوشادبووان تەنیا دوژمنەکان، داگیرکەرانی خاک و نیشتمانەکەمان بوون:

شەهیدەکان

زیانی مادی چەندە فرەوان و گەورە بێت پڕ دەکرێتەوە، شوێنەوارەکەشی پەی دەر پەی دەگێردرێتەوە سەر قەوارەی پێشووی. بەلام گیان ناگێردرێتەوە بەرجەستەی شەهید. ئەگەر هەموو زانین و پارە و پوولی دونیای بۆ تەرخان بکرێت.

نە دایک و باوک، نە ژن و منداڵ و کەس و کاری شەهید، نەتەوەو نیشتمان، جارێکی دیکە شەهید نابیننەوە، لە ئارامگەیدا بێتەدەرەوە و راست بێتەوە و بکەوێتەوە کۆڕی ژیان و بەشداری کردن لە هەموو هەڵس و کەوت و تێکۆشاندا.

شوێنی شەهیدان هەمیشە دیارە، لە پێشەوەی کاروانی خەبات و ژیان و قوربانیدان حسێبیان بۆ دەکرێت هەرگیز شیای رێز گرتن و سەربەرزینە بە کرنۆش بردن سەیری شوێنەکانیان دەکرێت.

بە داخ و ئاهو ئۆف و کەسەر، شەهیدەکانی شەڕی برا کوژی و کورد بە کورد گوژتن، ئەندێشەمو ئازار و کەلەبەرەکانی خستوویانەتە

قولأی جەرگ و دەروونەوە یەکجار پر ژان و پڕ نەستەمن قەت لە یاد دەرناچن.

وا ناوی ئەو شەهیدانە بلأو دەکەینەوە، کە ناوەکانیان لەلام پاراستراوە و یەکسەریش پێوەندیان بە کارەساتی پشت ئاشان و پاشکۆکانیەوە هەیە.

تەقەلای زۆرم دا کە تێکۆشەران لە سەرجەمی پارتەکانی کوردستانی عێراق، ناوی شەهیدەکانیانم بۆ بنێرن، بۆ ئەوەی کە گوریان و ناوناویشیان وون نەکرێن!

تکاو داوا لە خێزان و خزم و کەس و کاری ئەو شەهیدانە دەکەم، لە گێژەلوولەی کارەساتەکانی پشت ئاشان و دوایدا لە شەڕی برا کوژی شەهید کران ناویان نەهاتووە لێم ببورن، گوناهم نیە، ناوەکانیان بە دەستم نەگەیشت، خۆ زۆریش سوپاسیان دەکەم ئەگەر ناو وێنەیان بۆم بنێرن، بۆ ئەوەی ئەگەر سەردەم یارمەتیدام لە چاپدانەوەی دووەم ناوی ئوانیش بکەوێتە گەر لیستەی شەهیدەکان.

تاکە مەبەستم لە بلأوکردنەوەی ناوەکان ئەوەیە، قەبارەی خەسارەتەکان بزانڕێ کە چەندە زۆر و گەورە بووە لە ماوەیەکی کورتدا. سوودیش بۆ ئێستای کوردستان و داهاتوو لێوەربگیرێت.

شەهیدەکانی پارتی کۆمۆنیستی عێراق

١- ئازاد عزیز سالح	شەقلاوە	٩٨٣/٤/٢٦
٢- جەمال	=	=
٣- هیوا مغدید عومەر	کۆیە	٩٨٣/٤/٣٠
٤- نیاز رسول شیخە	رانیە	٩٨٣/٤/٢٧
٥- رسول سوفی منگوری	سەنگەسەر	١٩٨٣/٥/١
٦- قادر حسن دەرگەیی	قەلادزە	=
٧- عبداللە حسن دەرگەیی	=	=
٨- عبدالمحسن احمدعمارە	عمارە	=
٩- کازم ترقان	=	=
١٠- محمد فواد عبدالهادي	بەسرە	=
١١- مجید رسن‌کوت	کوت	=
١٢- ملازم وهاب عبدالرزاق	حلە	=
١٣- حامد الخطیب	بغداد	=
١٤- دکتور بەهائەدین طارق	=	=
١٥- سلاح حمید	نجف	=
١٦- ابو توفیق رشاد	=	=
١٧- سمیر مهدي شلال	=	=
١٨- علي عبدالکریم نعیمي	=	=
١٩- یحیی موسا مورتەزا	=	=
٢٠- نەسیر محمد سەباغ	کوفە	=
٢١- شهید عبدالرزاق	عمارە	=

٢٢- خدر كاكلڕەواندوز	ڕەواندوز	-
٢٣- سائر عبدالرزاق احمد	بغداد	٥/٢
٢٤- حسين حميد	-	-
٢٥- علي حسين بدر	سماوه	-
٢٦- ناسر عواد	ديوانيه	٥/٢
٢٧- سمير يوسف كامل	بغداد	-
٢٨- حسن احمد فتاح	هەولێر	-
٢٩- سەباح موشرف	ناسريه	-
٣٠- سيدو خلو يزيدي	نينوى	٥/٣
٣١- وعد عبالمجيد يوسف	بەسره	-
٣٢- تارق عوده مزعل	-	-
٣٣- عبدالوهاب عبدالرحمن سالم	-	-
٣٤- عميده عزبي حالون ـ احلام	بغداد	-
٣٥- انور حاجي عمر	هەولێر	-
٣٦- هاشم كازم	سماوه	-
٣٧- عبد علي جبر	نجف	-
٣٨- محمد عوده عامر	شرق‌الشيخ	-
٣٩- ابو سلام	بەسره	-
٤٠- عماد شهيد هجول	حله	-
٤١- نعيمه شيخ فازل	كوت	-
٤٢- عيسى عبدالجبار	بەسره	-
٤٣- عبدالامير عباس علي	كوت	-
٤٤- محمد سالح ساعدي	بغداد	-

٤٥- عتران حسين عەتيە	=	=
٤٦- مازن موسی کمالالدين	نجف	=
٤٧- مويد عبدالكريم	بغداد	=
٤٨- ناسر احمد کانبي	هەولێر	=
٤٩- ئاوات	=	=
٥٠-ستار مستەفا ئیسماعیل	=	=
٥١- باسم الساعدیسەماوە	سەماوە	=
٥٢- محمد نبي	هەولێر	=
٥٣- علی مردان	ناحیەی شوان	=
٥٤- محمد امین عبدالله	دیبەگە	=
٥٥- خالد کریم علی	قوشتەپە	=
٥٦- احمد بکر ابراهیم	هەولێر	=
٥٧- ئازاد ئاغزک ناد	=	=
٥٨- ابراهیم عبدالله شمسە	نجف	=
٥٩- رعد یوسف	بەسرە	=
٦٠- عتوان حسين	بغداد	٥/١
٦١- دکتور غسان عاکف الوسي عانە		٩/١
٦٢- نزار ناجي يوسف	بغداد	=
٦٣- زوهير عمران موسی	=	=
٦٤- سعد علوان هادي		=
٦٥- سەباح موشرف		=

ئەوەی یەکجار بە کارێکی ناڕەوا و نا مرۆڤانە دەژمێردرێ، ئەوە بوو کە هێرشبەرەکانی ینک. ژمارەیەکی زۆر لە دیل و بریندارەکانیان

له گۆرەبانی کارەساتەکەدا شەهید کرد.

کوشتن و سەرلێشێواوی بە شێوەیەک پەرەی سەند بوو، نارامی و ئاسوودەیی لە زۆربەی ناوچەکانی سووراندا نەمابوو، ڕاونان و بۆسە دانان لە دژی یەکتری، ببوە کارو ئەرک و پیشەی هێزەکانی پێشمەرگە. بەتایبەت لەلایەن پێشمەرگەکانی یەنک. بەم بارە دژوار و ناجۆرەش دوای کارەساتەکانی یەکی ئاپاری ١٩٨٣ ماوەی سێ ساڵێک درێژەی کێشا.

ژمارەیەکی دیکەش شەهید کران، بەتایبەت لە شەڕەکانی سەفین، قەلاسنج، ئیلینجاغ، ئەمەش ناوی هێندێ لەو شەهیدانەیە:

٦٦- نجم شیخ محمد	دەربندیخان	٥/٤
٦٧- فازیل	=	=
٦٨- کاویس رشید	کۆیە	
٦٩- کاوە جمال خدر هیرانی	رانیە	
٧٠- ئازاد شوانی	ناحیەی شوان	
٧١- لالە ئەحمد	=	
٧٢- وەحید اسعد خدر	هەولێر	
٧٣- علی حاجی نادر	چوارقوڕنە	
٧٤- عبدالموتەلیب کمال رشید	بەغداد	
٧٥- عبدوڵلا فقی		
٧٦- محمد رسول	سەنگەسەر	
٧٧- محمود حسن	دەربەندیخان	
٧٨- فهد کریم پیرداود	هەولێر	

٧٩- توفیق سیدا عەنکاوە(٣٠١)

٨٠- فهد الیاس هرمز =

٨١- زهیر بنیامین =

٨٢- موفق رحیم =

---

(٣٠١) توفیق سەیدا و فهد کریم پیرداود و چوار پێشمەرگە لە ناوەڕاستی ١٩٨٤ بۆ ئەنجامدانی چالاکیەکی پارتیزانی نێردرابوونە ناو شاری هەولێر. لە نزیک گوندی (بحرکە)ی باکووری هەولێر بەسەر کەمینێکی پێشمەرگەکانی ینک/دا دەکەون. دەیاندەنە بەر گوللە دوویان بەکسەر شەهید دەکرێن. سێیشیان بە بریندار دوای ماوەیەک دەکەونە دەستی فەشیەکانی بەعسدا. ئیعدام کران. تەنیا پێشمەرگەیەک رزگاری بوو و گەیشتەوە لامان لە (بارزان).

شەهیدەکانی حیزبی سۆسیالیستی کوردستان ـ عێراق

١- فەرەیدون مرشد
٢- عبدالله بەگ
٣- محمود حەمەتاڵ
٤- ئیدریس پیرداود
٥- کرێکار قادر
٦- عومەر رەسول
٧- احمد حاجی عبدالله
٨- خدر مەرگەیی
٩- شریف محمد
١٠- شریف خدر
١١- وهاب حەمەرەش
١٢- کوێخا مستەفا
١٣- حسن علی

گومان لەوەدا نیە کە برادەرانی حسک شەهیدیان لە شەرەکانی ئاشقۆڵکە و پشت ئاشان و تا ئاشتبوونەوە گەلێ لەوە زیاترە کە بلاوکراەتەوە، بەداخەوە هەر ئەوەندە ناوەم دەست کەوت.

شەهیدەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان

١- شێخ محمد محمود ـ شەمال سلێمانی		٩٨٣/٤/٢٦
٢- سەرباز احمد خدر	کۆیە	=
٣- ناميق حەمەشوکر		
٤- احمد قەمبەری	ناحیەی شوان	٤/٣٠
٥- وريا مام قادر	کۆیە	=
٦- حمە محمود عسکری	ئاغجەلەر	
٧- بدرخان سابير	قامیشە	
٨- كامل وەستا احمد	کۆیە	
٩- ياسين عبدالكريم	كفری	
١٠- ابراهيم احمد	=	
١١- لەشکر	چوارقورنە	=
١٢- حاجی مستەفا	رەواندوز	٨/١٢
١٣- مینە احمد سوفی	=	٨/٢٨
١٤- شوان محمد امين	کۆیە	٩٨٣/٨/٢٨
١٥- عزيز فرحان	=	=
١٦- علی مستەفا	=	=
١٧- عیسام الدين عبد	رواندوز	٩/١
١٨- حاجی کاک احمد ملا	گەلاڵە	=
١٩- برایم احمد رسول	رواندوز	=
٢٠- عبدالرحمن حمد امين	چۆمان	=
٢١- احمد حمد سالح	سیروان	=

٢٢- فاروق احمد	كۆیە	=
٢٣- نازم محمد سلێمان	شوان	=
٢٤- احمدە سوور	دەشتی هەولێر	=
٢٥- رزگار عبدالرزاق حکیم	کۆیە	
٢٦- عیزەدین‹٥ . ١›	هەولێر	
٢٧- مامۆستا فریدون	=	
٢٨- ملا حسن‌ب	بیتوێن	
٢٩- فەیسەڵ ملا علی	رانیە	
٣٠- تالیب حاجی عبدالله	بیتوێن	

لە شەڕەکانی سەفین و ئیلینجاغ و هێندێ شوێنی دیکە، ژمارەیەک لە شەهیدی دیکەی هەیە، ناوەکانیانم دەست نەکەوت، بۆیە بڵاونەکراونەتەوە.

‹٥ . ١› دۆستێکم لە یەک ئەوکات لێپرسراوی ڕێکخراوی ناوچە یەک بوو بۆمی گێڕایەوە کە دوای ڕووداوەکانی پشت ئاشان پەشێکاوی و سەر لێشێوان لە نێوان پێشمەرگەکان بە شێوەیەک بڵاو بیووە، سل لە هەموو شتێک دەکرایەوە. گوولە بە تارمایشەوە دەنرا. ئەم شەهیدە عیزەدینە برازای حاجی مەمزی نووسەرە، پێشمەرگەیەکی ئازا و لێهاتوو بوو، کاتێک دەگەڕایەوە لای برا پێشمەرگەکانی، باش نەیان ناسیبوو، هاوارکردنەکانی بێ سوود بوو، بە گوللەی هەڤاڵەکانی شەهید کرا.

شەهیدەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان ـ عێراق

١- حسومیرخان ژاژوکی   بارزان   ٩٨٣/٩/١
٢- عبدالرحیم بەسیم
٣- میرخان محمد امین
٤- وەسمان ڕەزگەیی
تا ٤٦.
لەگەڵ ٤٢ شەهیدی دیکە کە لە شەوی ٩/١/٣١ لەسەر شاخی کونە کۆتر شەهید کران.

لە دەمێکەوە تەقەلا دەدەم و داوام لە چەند برادەر و ناسیار و برایانی لێپرسراوی پدک لە سوید کردیە. هەروەها نامەم بۆ کاک فەرەنسز هەریری ئەندامی کۆمیتەی مەرکەزی و کاک فەلەکەدین کاکەیی نارد، تکام لێکردن ناوی شەهیدەکانیان، بەتایبەت شەهیدەکانی پشت ئاشانی دووەم تا کاتی ئاشتبوونەوەم بۆ بنێرن، بۆ ئەوەی ناوەکانیان لە ریزی شەهیدەکان بڵاویکەمەوە.

بەداخەوە وەرامم وەرنەگرتەوە. ناوەکانیشم دەست نەکەوت.

شەهیدەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان پ.ک.ک

١- هەڤاڵ خالید   ئەندامی کۆمیتەی مەرکەزی   ٨٣/٥/١٢
٢- هەڤاڵ سەعید کادرێکی پێشکەوتوو   =

ئەم دوو هەڤاڵە هەرکە زانیان کارەساتەکەی یەکێ ئایار، زیانی زۆری بە جوڵانەوەی رزگاریخواز، بەتایبەتەند نێوان هێزەکانی کوردستانی باشوور گەیاندووە، کەوتنە بزاڤ و تەقەلادان بۆ کوژاندنەوەی ئاگری هەڵگیرساوی شەڕەکە. لە بناری قەندیل رۆژی ٥/١٢ تووشیان بە تووشی مەفرەزەیەکی ینک دەکەوێ. تەقەیان لێدەکەن و شەهید دەکرێن.

* * *

زیانەکانی دارایی

تا سنوورێک بە گشتی ئاماژە بۆ ئەو زیانە زۆر و زەبەندە جۆرا و جۆرانە کراوە. کە کارەساتەکە گەیاندی، شوێنەواری خراپ و قوڵ و پڕ زام و ئازاری لە دوای خۆیدا بەجێهێشت، وەک چەند ڕووبەری ڕەش لە مێژووی خەباتی نەتەوەیمان تۆمار کراوە و دەشمێنێتەوە.

تۆڵە و پڕکردنەوەی تەنیا بەوە دەکرێت، چیدی جارێکی دیکە شەڕی برا کوژی و کێشە و ململانەی ناڕەوا لە نێوان هێزە کوردستانیەکان ڕوونەداتەوە. گیانی برایەتی و هاوکاری و هاریکاری یەکێتی خەبات و تێکۆشان سەرانسەری کوردستان بگرێتەوە.

جگە لە شەهیدکردنی ژمارەیەکی زۆر لە کادری ڕێکخراوی سیاسی و زانستی و عەسکەری، زیانی فرە گەورە بە ئەستۆی حشع کەوت، تا سنوورێکیش حسک.

حشع دووچاری تەنگوچەڵەمە و کەند و کۆسپ و پرۆسەی وەهای کەوتەوە پێش، کە دەمێک بوو سەرکەوتووانە لێیان ڕزگار ببوو، کاروانەکەی کەوتبووە بەرەو پێش ڕۆیشتن. جارێکی دیکە بەسەریدا سەپێندراوە کە لە سەرەتاوە دەست بە بنیاتنانی دام و دەزگاکانی

بکاتەوە.

وا لێرەدا لیستەی ئەو زیانانە پێشکەش دەکەم کە بە ئەستۆی حشع کەوت، لیستەکە بە ئاگاداری و تەواو لێزانینی هاوکاری لێپرسراوی ئابووری و دارایی سەرکردایەتی حشع لە شاخ ئامادە کراوە، کە هاوڕێکە ماوەی ۱۰ ساڵ پتر لێپرسراوی بەشەکە بوو، بە سەرەوەنان و پتر کردنی تێدا نیە، بە پێچەوانە گەلی گەلی بە کەمتر، بەپێی کڕین و فرۆشتنی نرخی بازاڕی ئەوکات، ئامادەکراوە، لە نێو لیستەکەدا چەند شتێک ناوی هاتیە. یەکجار بە کەمی و بە تەسکی کڕین و فرۆشتنی لەسەر دەکرێت. ئەوەدەهێنێ سوپاسی هاوڕێکە بکەم کە لیستەکەی ئامادە کرد و یارمەتیدام:

لیستەی زیانەکانی حشع

دینار

..... ۹ نەقدی لای ئەو هاوڕێیانەی لە پشت ئاشان شەهید کران.

..... ۱۳ = = = گوندی کزیلە لەگەڵ هاوڕێ کەریم احمد بەدیل گیران و شەهیدەکان.

..... ۱۵ حانوت.

..... ۳ ئازوقە لە عەمباری سەرەکی

..... ۲۵ کەلو پەلی بنکەکان، هی نووستنی ۴۰۰ پێشمەرگە، دۆشەک، چادر، پەتو، مشەما، کومبار، نایلۆن، سزندە.

..... ۴ نەقدی لای هاوڕێیانی لێوژە.

..... ۲ کەلو پەلی خەستەخانە، بەشی ددانسازی، دەرمان،

.... ۲۵ کەلو پەلی نێزگە، دام و دەزگای چاپەمەنی، کاغەزی زۆر.

. . . . ۳۰ دوو ئامێری ئێزگه.

. . . ۲۰ مرشەکی ستیرلا و ئامێری تەقاندن.

. . . . ۲۵ دۆشکا ٥ عدد.

. . . . ۱٥ تۆپ ۷ عدد(۱۲ ملم، ۸۰ملم، ٦۰ملم لەگەڵ گولەی زۆر.

. . . . ۲٥ چەکی سووک، کاشینکۆف، تفەنگی ناتۆ و ژێر سێ، دەمانچە، نارنجۆک، ئار.بی.جی لەگەڵ فیشەک و فیشەکدانی زۆر.

. . . . ۳۰ بێ سیم، ماتۆر، پاتری و کەلوپەلەکانی

. . . . ٥ بۆ چاککردنی شوێن خانوو و پێویستیەکان.

. . . . ۱٫٦۰ یەک ملیۆن و ٦۰ هەزار دینار.

جگە لەم شتومەکانەی لە لیستەکەدا هاتووە، کەل و پەلی تایبەتی هەموو کادر و پێشمەرگەکان و کەلوپەلی و جل و بەرگی ۱۲ خێزان هەموویان تالان کران، خۆ ئەگەر لیستەی ئەو پارە زۆرانەی بخرێتە سەر کە لە دروستکردنی ۳۰ خانوو خەرج کرا بوو، ئەو زەرەرو زیانە زۆرانەی لە مەڵبەندی هەولێر و سلێمانی حشع کەوت لە دوای پاشەکشەکەیان ئەوە زیانەکان یەکجار پترە.

پێویستە ئەوەش بزاندرێ کە ئەوکات نرخی یەک دۆلار لە بازاری ڕەش لەسەر سنوور و ئێران بە ٥۰۰ فلس بوو.

* * *

زیانەکانی پارتی سۆسیالیستی کوردستان ـ عیراق

هەرچەندە ئاگاداری وردم لەسەر سەرجەمی زیانەکانیان نیە، بەلاَم ئەوەی بە زۆقی زاندرا، پارەگاکانی م.س.یان لە قرناقاوە تێک و پێک درا، کەل و پەلەکانیان دام و دەزگای چاپەمەنیان، ژمارەیەک لە چەکەکانیان، لەگەلْ کەل و پەلی ئەو خێزانانەی لەگەلْیاندا دەژیانو هێرشبەرەکانی پێک هەموویان بە تالاَن برد.

*   *   *

زیانی پارتی دیموکراتی کوردستان ـ عیراق

بەپێی ئەو دەنگوباسانەی زاندرا، زیانی (پدک) برێتی بوو لە چەک و کەل و پەلەکانی ئەو ٤٦ پێشمەرگەی شەوی ١٩٨٣/٨/٣١ لەسەر شاخی (کوتەکۆتر) شەهید کران.

*   *   *

دوا وتەم لەسەر کارەساتەکە

هەڵسەنگاندن و بڕیار وەرگرتن لەسەر کارەساتێکی وا گەورە و فرەوان کارێکی سانا نیە، یەکجار سەخت و گرانە. بەرپرسیاری مێژوویی و ویژدانی و کۆمەڵایەتی تێدایە! بەوە کۆتایی نایەت تەنیا لایەنەک بە هێرشبەر و پێشمەرگە کوژ و گێرە شێوێنکەر تاوانبار بکرێت، لایەنەکانی دیکەیش بێ تاوان، ستەملێکراو، تالانکراو و خانە وێران کراو و ئاشتیخواز لە قەڵەم بدرێن.!!

لە پێش و پاشی ڕووداوەکانی یەکی ئایاری ١٩٨٣ هەر لایەک داکۆکی تەواوی لەسەرجەمی کردار و هەڵوێست و ڕێبازی خۆی دەکرد، لایەنی دیکەی بە جۆرەها تۆمەتی ناڕەوا و ناڕاست تاوانبار دەکرد. لە ڕووی ڕاگەیاندن و بڕوپاگاندە، هیچ لایەنەکیان درێغی لە پاکانە کردن و ڕوو سپی کردنەوەی خۆی نەدەکرد. ئەو هەرا و هۆریا و شین و شەپۆرە لە سنووری کوردستان دەرچوو بوو، گەیشتبووە ڕووپەڕی گەلێ لە ڕۆژنامەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هێزەکانی سیاسی و نەتەوەیی و دیموکراسیەکان لە ناوچەکەدا.

دەنگی خێرخوازانە لەگەلێ لاوە بەرز بیەوە. دڵسۆزانە داوای

نەهێشتن و لەناوبردنی ئەو ناکۆکی و کێشە و یەکتر کوژتنانەیان دەکرد.

دوژمنە زلهێز و دەستەلاتدارەکان، داگیرکەرەکانی کوردستان، بە نەهێنی و بە ڕاشکاوی، بە چەندین پیلان و ڕێباز و شێوە ئەوەی لە توانایان دا هەبوو درێغیان لە تیژکردنەوەی ناکۆکیەکان نەدەکرد، بۆ ئەوەی هەر کاتێک مەبەستیشیان بێت ئاگری کورد بە کورد کوشتن هەڵگیرسێنەوە، چۆنیش ئارەزوو مەبەستیان بێت وها ئامۆژگاری و ڕێنوێنی بکەن.

لە ئەستۆی هەموو کوردێک دایە، لە هەر شوێنێکی سیاسی و کۆمەلایەتی دابێت، تەقەلا بدات تا بزانێ هۆکارە سەرەکیەکان و بنەمای سەرجەمی تێکهەلپڕژان و کێشە و تێکهەڵدانەکانی ناوەخۆ لە کێوە هاتووە و دێت؟ کە هەمیشە وەک ئەخۆشی (تیراوە)<١.٧> ڕەگ و ڕیشە و پنجی داکوتاوە، بەبنا بەبنیش دەردەکەوێتەوە؟

بە چ ڕێگاو شێواز چارەی یەکجاری بۆ دەدۆزرێتەوە و بن بڕ دەکرێت.

<١.٧> ئەخۆشی تیراوە: بەم ئەخۆشیە دەڵێن لە گرێیەکانی لەشی مرۆڤ پەیدا دەبێ. ڕەگ و ڕیشە و پنجی تێکەڵ بە خوێن دەبێ، وەک دوومەڵ و ماسولکەی بەرزەوەی ژێر پێست دەبیندرێ، ئازاری زۆری هەیە، کێم و خوێناوی لێدەردەچێت، لە شوێنێک چاک دەبێت، لە شوێنێکی دیکە سەرهەڵدەداتەوە. درێژە دەکێشێ.

لە هەمان کاتدا پرسیارێک لە مێشکی هەموو رۆڵەیێکی کورد، خول دەداتەوە. پرسیارەکەش ئایە سەرکردەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستان بەشێک لە بەرپرسیاریان هەڵنەگرتووە و هەڵناگرن لەم رۆژە رەش و دژوارەی کورد تێدا دەژیت؟

پێویست بەوە دەکات لە وەرامدا بە جەرگانە هەموو بڵێین بەڵێ...!!

وا لێرەدا پوختەی هێندێ لە راو بۆچوونی تایبەتیم لەسەر رووداوەکان دەخەمە پێش خوێنەران، ئومێدەوارم جێگای رەزامەندی زۆربەی جەماوەری کوردستان بێت:

أ- دوا بەدوای هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلولی کورد، لە سەرەتای ١٩٧٥، زەمینە و هەلومەرج بە تەواوی بۆ رژێمی پارتی بەعسی رەگەزپەرستی بەغدا رەخسا، بەرگری کردن، تەگەرە و کۆسپ لە پێشدا نەما. یەکسەر کەوتنە راگیوزان و وێران کردنی دێیەکانی سنوور و بە بەعس کردنی کورد و کەمە نەتەوەییەکان و هێنانی خێزان و خێڵی عەرەب بۆ چەند ناوچەیەک لە کوردستان. گوزەپانکەی بە تەخت کراوی کەوتبووە ژێر چەنگی رژێمە داگیرکەرەکە.

بەپێی پێویست و ئەرکی مێژوویش حشع داکۆکی لە نەتەوەی کورد و مافە بنەمایە دیموکراسیەکانی پێ نەدەکرا. هەرچەندە لێژنەی هەرێمی کوردستان ـ حشع و رێکخراوەکانی، گەلێ راپۆرت و دەنگوباس و ناڕەزاییان دەربارەی دەستدرێژی و تاوانەکانی رژێمی شۆڤینیستی بەغدا بۆ م.س حشع بەرز کردەوە، لە سنووری هەرێمیشدا رەخنەو ناڕەزایی لە کردەوەکانیان دەگیرا، گشتیان بێ

ئەنجام دەڕۆیشت، بەعسییەکان گیرویان بە هیچ نەدەدا. تووشی ئەوپەڕی باغری و لەخۆبایی بوون و خاوەن دەسەلات و هێز هاتبوون. بە تەواوی وەک داگیرکەر، ڕەفتاریان لەگەڵ میللەتی کورد و خاکی کوردستان دەکرد. سەرجەمی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عێراق لاواز و بێ توانا و پەرتوبڵاو بوون.

لەنێو ئەو بارە دژوار و ناجۆر و دراما تێکچڕژاوەیەدا. یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئاڵای بەرگری کردن و داکۆکی لە کوردستانی باشوور بەرز کردەوە. کەوتە ڕاپەڕین دژ بە ڕژێمی فاشی بەغدا، دەستکرایەوە بە خەباتی چەکداری و شەڕی پارتیزانی. جەم و جۆلی سیاسی لە شار و شارۆچەکە و لادێ و شاخەکان کەوتنەوە گەرم و گوڕی و بزاف.

خودی ڕابوون و سەرشۆڕ نەکردن و چۆکدانەنواندنێکە شیاوی ڕێز لێنان و نرخاندنە. بەڕاو بۆ چوونم یەنک هەر لە سەرەتای ڕاپەڕینەکەیدا تووشی چەند هەڵەیەکی گەورە و هەڵوێستی چەوت هات. ماوەی چەند ساڵێک زەرەر و ئازاری بە خۆی و بە بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان گەیان وەک:

١- لە یەکەم بەیاننامەی دامەزراندنیدا و یەکەم نامیلکە بە ناوی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆچی؟ بلاویان کردەوە. (پدک) و بنەماڵەی خوالێخۆشبوو مستەفا بارزانی بە دوژمنی سەرەکی نەتەوەی کورد و نۆکەرانی بێگانەی لە قەڵەم دەدا. ئەم سەرەتایە چەوت و ناڕەوایە وای کرد، هەموو ناکۆکی و کێشە و دوو بەرەکییە خوێناویەکانی نێوان لایەنگرەکانی م.س کۆنی پدک کە لە نیسانی ١٩٦٤ بە تەواوی لەگەڵ بارزانی لەیەریەکتر دەرهاتن و کەوتنە

شەڕکردنی خویناوی لەگەڵ یەکتری. سەر لە نوو هەڵگیرسایەوە.

٢- کـۆمـەڵەی ڕەنجـدەرانی کـوردسـتـان کـە ئەوکـات ناویان (کۆمـەڵەی مارکـسیزمی لینینیـزمی کوردستان) بوو ڕێکخراوێکی نەهێنی کوردستانی بوو، لە سەرەتای حەفتاکان بنیات نرا بوو، بیر و ڕاو تیژی تیـوریان ئەوپەڕی چەپگەری وەرگـرتبـوو. لە سـەرەتای دامەزراندنی یەک کۆمەڵە باڵێکی گرنگ و گورچو گۆڵ و چاپوک بوو لە نێویدا. ڕۆڵی سەرەکی لە خەباتی چەکداری و شەڕی پارتیزانیدا دەبینی. لە ژێر پەردەی چەپگەری و مارکـسیـمت یەکجار بە کورت بینی و توند و تیـژی، ڕەفـتـاریان لەگـەڵ گـشت تەیار و حـزب و جـەمـاوەردا دەکـرد. تا مـاوەیەکی زۆر بە پرنسـیـپی شۆڕشگێڕیان دەزانی، کـە دەبێ بە لوولەی تفـەنگ سـەر بە هەمـوو دوژمن و ناحەزانیان شۆڕ بکەن. دروشمیان ئەوە بوو: (ئەوەی لەگەڵ ئەواندا نەبێ دوژمنیـانە) مـاوەیەک ڕۆڵی تێکدەری ناشـیـرینیـان لە نێوان هێزەکانی کوردستانیدا بینی.؟

٣- بە قوربانی دانی زۆر و لەخۆبوردن و چالاکی جوامێرانە، لە مـاوەیەکی کـەم دا یەک توانی بزاڤـێکی چەکـداری لە زۆربەی ناوچەکـانی سـووران پەیدا بکاتەوە. دەنگی ڕاپەڕینەوە و خـەباتی چەکداری کوردستانی باشوور باش بەرز بۆوە. بەمە تووشی لەخۆبایی بوون هات. لە بڵاوکراوە و ڕاگەیاندنەکانیدا بە کردەوە و شالآی بیر و بڕوا، خۆیان وا دەردەخست کە تاکە سواری گۆڕەپانی کوردستان هەر (یەک)ـە. هەر پارت و هێز و گرووپێک مەبەستیان بێت کاری سیاسی و خەباتی جۆرا و جۆر بەرپا بکەن. لەسـەریدا پێویسـتـە پێشـەکی بوارنامـە و ڕەزا بوونی سـەرکـردایەتی یەک لەگەڵدا بێت. دەنا بەبێ

بەزەییانە بەرىەرەکانی دەکرا و تەقەلای لەناوبردنی دەدرا.

٤- لە رووی راگــەیاندن و هەڵس و کــەوت، چەند جــار سـەرکردایەتی یەک هەنگاوی راست و رەوای دەهاویشت، بانگەواز و بانگ هێزی رێکوپێکی بۆ ئاشــتبــوونەوە بڵاو دەکــردەوە. بەڵام بەداخــەوە بەهۆی هێندێ رووداو و کــردەوەی ئەم لاو ئەولا و بوونی پارای و هەڵوێستی ئەچەسپاو لەناو سەرکردایەتی یەک دا هەنگاوە رەواو و پیرۆزەکانیان پیادەکردنی بە خۆوە نەدەبینی بە شێوەیەکی دیکە زوو ئاوەژوو دەکرایەوە.

٥- خــۆ ئەگــەر بهــاتایە هەر لە ســەرەتای راپەرین و هەڵگیرساندنەوەی شۆرشی ١٩٧٦دا یەک بە پێچەوانەی ئەو خاڵانەی ئاماژەم بۆ کــردووە رەفــتاری بکردبایە. رۆڵی گــەلی گــەل بەرێزتر و بایەخدارتر و دیار تری دەبوو. ئۆبالی بەرپرسیاری یەکەم لە شەری برا کوژی و کارەساتەکانی پشت ئاشان لە ئەستۆیدا دوور دەخرایەوە.

* * *

ب- پارتی دیموکــراتی کــوردســتــانی عــێراق یەکــێکە لە پارتە نەتەوەیە رێکوپێکەکــانی کــوردســتــان، کــە تەمــەنی دوور و درێژ و نەپساوەی لە خەبات و تەقەلادانی جەماوەری کوردستاندا هەیە. رۆڵی فــرە گــرنگ و ســەرەکی لە بەرز کــردنەوەی بیــرو هۆش و هەستی نەتەوایەتی و راپەراندنی گێراوە. هەمیشــە داکۆکی لە بوون و مافە

ڕەواکانی کورد کردیە.

بە ڕێبەرایەتی نەمر مستەفا بارزانی، پدک چواردە ساڵی ڕەبەق سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوولی کوردستانی کرد.دوای ئەو بڕیارەی لەناوەڕاستی مانگی ئازاری ١٩٧٥ سەرۆک بارزانی و م.س پدک بە چەک فڕێدان و وازهێنان لە شۆڕش وەریگرت . (پدک) تووشی گەورەترین تێکشکان و قەیران، پاشەکشە و گۆشەگیری هات. ئاکامەکەش یەکجار بە سەخت و گران، پڕ ژان و ئازار و خوێن و فرمێسک کەوتە سەر جەماوەری کوردستانی ستەمکارانە بە عێراق لکاندراوە. ئەو وێرانکردن و بە عەرەب کردنەی بەسەر نیشتمانەکەماندا هات، ئەو قڕچوبڕەی دوای هەرەسهێنانەکە، ماوەی ١٥ ساڵ کوردستانی باشوور بە خۆیەوە بینی، لە مێژووی کۆن و تازەی کورد دا، هێرش و تاڵان و لافاوی دڕندانەی وەها نەبیندرا بوو.!!

لە سەرەتای ١٩٧٦ ژمارەیەک لە کادرە سەرەکییەکانی پدک لە ژێر ناوی سەرکردایەتی کاتی خۆیان ڕێکخستەوە، کەوتنەوە خەبات کردنی چەکداری. لە سەرەتای گەڕانەوەیان بۆ کۆڕی خەبات، تەقەلای زۆریان دەدا کەوا لە نەتەوەی کورد و هێزەکانی سیاسی بگەیەنن کە (پدک) سوودی زۆری لە هەڵە گەورەکانی پێشووی و تێکشکاندنەکەی دووچاری شۆڕشی ئەیلول هات وەرگرتیە، بە عەقڵیەت و ڕێبازی تازە خەبات و چالاکیە جۆرا و جۆرەکانیان بەڕێوە دەبەن.

ئەو چەند ساڵەی لە نزیکەوە هاتووچۆی برادەرانی (پدک)م دەکرد لە سنووری بوو چوون و هەڵسەنگاندنم، لە ڕووی بنەمای فیکری و

شێوازی تێکۆشانی جەماوەری و پێوەندییان بە هێزەکانی کوردستانی و نیشتمانی و هەندەران، گۆڕانێکی بنەڕەتی قووڵ بەسەر سەرجەمی ستراتیژیەت و ڕێبازی دانەهاتبوو. کۆمەڵێ لە شێوە و پیشە و کەم و کورتی کۆنی لەگەڵ خۆیدا هانیوە گۆڕەپانەکەی کوردستان وەک:

١- سەرکردایەتی پدک و شۆڕشی ئەیلول بیانەوێ یان نا، لە ڕووی مێژوودا بەرپرسیارە لە بڕیاری وازهێنان لە شۆڕشی ئەیلول و چەک فڕێدان. بەشێکیشی لە هەموو ئەو کارەسات و ناپۆزانەی ڕژێمی بەعسی فاشی بەغدا، ماوەی ١٥ ساڵ هانیە سەر نەتەوەی کورد و کوردستانی وێران کرد، دەگەڕێتەوە بۆ سەر بڕیاری هەرەس پێهێنان بە شۆڕشەکە، کە تاکە ڕێگا نەبوو بە دوای ڕێککەوتنەکەی جەزائیر دەبا هەر ئەو ڕێگایە هەڵبژێردرێت!

ڕەنگدانەوەکەشی لەسەر هەموو ڕۆڵەکانی کوردستان و هێز و گروپە نەتەوەیەکان یەکجار سەخت و پڕ ئەندێشە بوو. بە جۆرەها شێوە لێکدەدرایەوە. بەڕای من ئەو دەرس و پێوەندیەی کە پێویست بوو لێی وەربگیرێت وەرنەگیرا بوو.

٢- هەر کە پێشمەرگەی پدک شوێنی خۆیان لە مەڵبەندی بادینان کردەوە، کەوتنە پاوان کردن و ماوە نەدان بە هیچ گروپ و هێز و بزاڤی چەکداری و کارکردنی سیاسی لە مەڵبەندەکەدا بکات. ڕەزا بوونی سەرکردایەتی پارتی لەگەڵدا نەبێت.

لەو کاتەدا ژمارەیەک لە تێکۆشەرانی کورد دەیانەویست لە ناوچەکەدا تێپەڕن، بەدەستی پێشمەرگەکانی پدک شەهید کران

٣- ناوەڕاستی ١٩٧٧ ژمارەیەک لە کادر و پێشمەرگەکانی یەنک بەناو خاکی کوردستانی باکور (تورکیا) بەرەو سوریا دەڕۆیشتن، لە

ناوچەی (هەکاری) بەدەستی پێشمەرگەکانی پارتی و لایەنگرەکانیان، ژمارەیەکی زۆریان شەهید کران، چەند کادری سەرەکی یەنک لە ریزی شەهیدەکان دا بوو، ئەمەش بە کارەساتێکی خویناوی جەرگ بڕی ناڕەوا دەژمێردرێ. سەر لە نوو بە زەقی و ئاشکاوی کێشە خوێناویە کۆنەکانی نێوان پارتی لەگەڵ یەنک نووی کرایەوە.

٤- لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران شوباتی ١٩٧٩، بەسەر رژێمی پاشایەتی بنەماڵەی پەهلەوی، سەرکردایەتی کاتی پدک کەوتە هاوکاری کردنی کۆماری ئیسلامی ئێران. ژمارەیەک لە چەکدارەکانی خستە ژێر فەرماندە و ئامۆژگاری ئەرتەش و پاسداران. بە پلان و هاندانی کۆماری ئیسلامی ئێران، پدک کەوتە شەڕ کردن و ململانەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، کێشەکە درێژەی پێدرا، ژمارەیەک شەهید لە هەردوو لایان کەوتنە گۆڕێ.

کردەوەکانی ئەو کاتی پارتی ڕەنگدانەوەی خراپی دروستکرد. ناکۆکی و دووبەرەکی و دڕدۆنگی سەرجەمی هێزەکانی کوردستانی ئاڵۆزتر و ناجۆرتر کرد.بە بەردەوامی داوای سەرکردایەتی حدکا لە پدک ئەوە بوو چەکدارەکانی لە تەک ئەرتەش و پاسداران دوور بخاتەوە، دژایەتی پێشمەرگەی کوردستانی ئێران نەکەن. ئەوکات حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە هەموو توانای دووستایەتی و هاوکاری پدک دەکات.

یەنک بە تەواوی لەسەر ئەم هەڵوێستەدا لەگەڵ حدکا دابوو. هەمیشە ئامادەیی دەردەبڕی ئەگەر پدک دوژمنایەتی حدکا و شەڕی کوردی کوردستانی ئێران نەکات، بە تەواوی لەگەڵ پدک ڕێکدەکەوێتەوە ئاشتبوونە و برایەتی لە نێوانیاندا بە ڕێک و پێکی

بنیات دەنری.

سەرکردایەتی پدک بایەخێکی ئەوتووی بە ڕاوو داوا و پێشنیارەکان نەدەدا، بە سوور بوون لەسەر ڕێبازوو نەخشە تایبەتیەکانی خۆیان بەردەوام بوون.

٥- لە ماوەی دوو ساڵدا دوو جار(٨.١) هێزێکی زۆری چەکداری پدک هاتن زنجیرەی سەر شاخەکانی پشتی گوندی دۆڵەتوو و سەری جاسووسانسان گرت، لوولەی چەکەکانیان ئاراستەی زەڵێ و ناو زەنگ کرد. مەبەستی سەرەکیان هێرش بردن و گرتنی بنکە و بارەگاکانی م.س ینک بوو، هەردوو جار ئاواتەکانیان نەهاتە دی.

٦- مەبەستی سەرەکی لە مزر کردنی بەرەی نیشتمانی دیموکراتی (جود) ئەوە بوو، کە برادەرانی پارتی پێوەندی و دۆستایەتیان لەگەڵ هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی و کوردستانی پەیدا بکاتەوە، قورسایی خەبات و تێکۆشانەکانی خۆی بگێڕێتەوە ناو خاکی کوردستانی باشوور.

(٨.١) جاری یەکەم لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٨٠ تا ڕۆژی ١٩٨٠/١١/٣ هێزێکی چەکداری پدک لەسەر لوتکەی شاخەکانی پشتی گوندی دۆڵەتوو مانەوە.

جاری دووەم لە سەرەتای تشرینی یەکەمی ١٩٨٢ تا کۆتایی مانگی شوباتی ١٩٨٣ لە هەمان شوێن و لوتکە مانەوە.

بە پشووی درێژ و گفتوگۆی ئاشتیانە ناکۆکیەکانی نێوان ئەوان و یەک چارەسەر بکرێن... بەداخەوە ماوەی چەند ساڵێک زەمینەی لەبار بۆ چارە کردنی ناکۆکیەکان ساز نەکرا. پەلپ و بیانو و بەڵگەشی لەدەستی ناحەزانی دەرنەهانی. بە لێدانەوەیەکی بابەتیانە و لە یەکتر گرێدانی سەرجەمی ڕووداوەکان تا دەگاتە یەکی ئایاری ١٩٨٣. بە زەقی و ڕاشکاوی دەبینرێ کە تۆباڵی بەرپرسیاریش لە دوای یەک دەکەوێتە سەر ئەستۆی یەک.

*   *   *

ج- کە پارتی کۆمۆنیستی عیراق لە بەرەکە و هاوکاری کردنی پارتی بەعسی عیراق دەرپەڕاندرا، لە سەرەتای ١٩٧٩ دووچاری تەنگەتاوی و هەڵات هەڵات و پەرەوازەیی هات. هەر لە سەرەتادا ژمارەیەک لە کادر و ئەندام و لایەنگرەکانی کەوتنە ناوزەنگ و زەڵێ، وا هات یەکە سەرەکی کادر و پێشمەرگەکان بکەوێتە ناوزەنگ، بە تەک یەکە و بارەگاکانی سەرکردایەتی یەک لە بەرگی یەکەمی (چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی خەباتی گەلی کورد) بە درێژی باسی ئەوە کراوە.

لە ناوەڕاستی ١٩٧٩ لە یەکەم کۆبوونەوەی کۆمیتەی مەرکەزی، بڕیار درا کە حشع تێدەکۆشێت بۆ بنیات نانی بەرەی بەرفرەوان، لە

هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی و کوردستانی، بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسی عێراق و هێنانە دی حکومەتێکی ئیئتیلافی دیموکراسی و ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە بۆ کوردستان. یەکێک لەو هێزانەش پدک عێراق دەبێت.

هەر لە سەرەتای ڕێبازی تازە کە حشع گرتیە بەر، لەسەر پدک و بنەماڵەی خوالێخۆشبوو مستەفا بارزانی، تووشی هەڵوێستی جیاواز هات لەگەڵ یەک، ئەمەش سەرهێشەی زۆر و مشتومڕ و پرۆسەی بۆ خوڵقاند. یەکجار بە گرانیش لەسەری وەستا!

دوا بە دوای مۆرکردنی بەرەی نیشتمانی نەتەوایەتی (جوقد) زۆری نەخەیاند ڕێککەوتنێکی دیکە مۆر کرا، بەناوی بەرەی نیشتمانی دیموکراتی (جود). مەبەستی سەرەکی لە مۆرکردنی ڕێککەوتنەکەی دووەم بۆ ئەوە بوو پدک لە هێزەکانی بەرهەڵستکاری عێراقی و کوردستانی نزیک بکرێتەوە. هەڵ و مەرجی لەباریش بێتە کایەوە، ناکۆکیەکانی لەگەڵ یەک و چەند لایەنێکی دیکەی عێراقی‹٩ . ١› چارەسەر بکرێت. (جود) بۆ ئەوە مۆر نەکرا ڕۆژێ لە ڕۆژان بێتە بەرەی سەرەکی و جێگری (جوقد).

کەچی ڕووداوەکان ڕێی ڕەوتی کاروانی خەبات و هاوکاری و دۆستایەتی بۆ بارێکی دیکە گۆڕی تا گەیشتە کارەساتەکەی یەکی ئایار.

‹٩ . ١› ئەو کات پارتی بەعسی سۆسیالیستی عێراق ـ سەرکردایەتی هەرێمی عێراق و چەند گرووپێکی دیکەی عەرەبی و کوردی یەکجار بە توندی دژایەتی (پدک)یان دەکرد و هێرشی ناڕەوایان دەبردنە سەر.

١- حشع كه شوێنی خۆی له شاخ كردەوە، دروشمی هاوكاری و دۆستایەتی سەرجەمی هێزەكانی بەر هەڵستكاری هەڵگرت. كەوتە بزاڤ و تەقەلادان بۆ لەناوبردنی ناكۆكی و كێشە خویناویەكانی له گۆڕەپانەكەدا پێگاوی داپووە، له سەرەتادا ڕۆڵی ناوبژیكەری ڕاست بینی و دادپەروەرانە هەڵسوكەوتی دەكرد. هەڵوێست و ڕای تایبەتی خۆی لەسەر گشت ڕووداوەكان دەردەبڕی، شوێنێكی بەڕێز و دیاریكراوی له نێوان گشت هێزەكان وەرگرتبوو، گێژاوو ئاڵۆزی ڕووداوەكان لەسەر هەمان ڕێبازی نەهێشت، تووشی ڕاڕای و هەڵوێستی نەچەسپاو هات.

٢- كه بەرەی نیشتمانی دیموكراتی (جود) مۆر كرا. ڕێككەوتنێكی سیاسی بوو، بۆ ئەوە بوو پردێك بێت له نێوان پدک و جوقد، كەچی هێندی هێندی حشع ڕاكێشرا (جود) بوو بە بەرەیەكی سیاسی و ڕاگەیاندن و پارتیزانی. بە كردەوە و جەمۆجۆلەكانی مەترسی له لایەن (جوقد) و ینک پەیدا كرد.

٣- له ڕووی ڕاگەیاندن و پڕوپاگەندە، حشع بوو بە لایەنگری تەواوی پارتەكانی (جود) ڕۆژ دوای ڕۆژ هەڵوێستی بێ لایەنی بەرامبەر ناكۆكی و شەڕە كۆنەكانی نێوان پدک و ینک و حسک نەما.

٤- پاشگەزبوونەوە و ڕاڕای سەركردایەتی حشع له چەند ڕێككەوتن و بڕیار وەرگرتن (وەک خۆ دوور خستنەوە له ڕێككەوتنەكەی ١٩٨٣/٢/٦ی تەرابلس ـ لیبیا كه لەگەڵ نۆزدە پارت و گروپ مۆری كردبوو، كار نەكردن و گوێ پێ نەدان بە ڕێككەوتنەكەی ٣ ـ ١٩٨٣/٢/٦ لەگەڵ سەركردایەتی ینک هەروەها

چاو پۆشینی زۆر لە سەر بەردەوام بوونی پێشمەرگەکانی پدک، لە دوژمنایەتی کردنی حدکا... هتد) ئەمانە زۆر لە نرخ و شوێنی حشع کەم کردەوە.

٥- ژمارەیەک لە کادرە سەرەکییەکانی حشع، لەژێر پەردەی شۆڕشگێڕی و چەپگەری لە هەمان کات مانەوە و خۆ بەستنەوە بەو عەقڵیەت و ئایدیۆلۆژیەتە کۆنەی کە دەگوترا کۆمۆنیستەکان پێشڕەوی خەباتن، دەبێ لە سەرەوە و پێشەوەی کارەکانی سیاسی و جەماوەریدا ڕۆڵی خۆیان بدێنن.

لەو ڕوانگەوە تەقەلایان دەدا کە لە هەر بزاڤ و کارێکدا وەک برژوای بچووک حسێبیان بۆ قازانجی تەسک و بەرژەوەندی ڕۆژانەیان دەکرد.

لەم بۆچوون و ڕەوانگانەدا لە گەڵێ هەڵوێست و هەڵسوکەوتەکاندا، ڕیش سپیایەتی و بێ لایەنی بۆ حشع نەهێشت، لە واقعیشدا بوو بە بەشێک و خزایە ناو شەڕی برا کوژی.

بە ڕاو قەناعەتی تەواوم ماوەی فرەوان لە پێشیدا هەبوو، خۆ لەو لاقاوە لێخن و لیتەو خوێناویە دوور بکات، شوێنی خۆی بپارێزێ، ئەو هەموو شەهید و زەرەر و زیانەی بە ئەستۆی کەوت، دووچاری نەبێت.

دیسان لەو بڕوایە دامە ئەوکات هاوڕێ عزیز محمد لە کوردستان بایە و سەرپەرشتی ئیشرکارەکانی حشعی بەڕێوەبردبایە کارەساتەکە ڕووی نەدەدا.

* * *

د- بوونی کەسانێک گیرە شێوێنکەر و سەرلێشێواو تەنانەت هی گومان لێکراویش لە ریزی ئەو هێز یا ئەم رێکخراو کارو ئەرکیان هێنان و بردن و بڵاوکردنەوەی پروپاگاندەی درۆ و نارەوای دوژمنەکانی نەتەوەی کورد بوو، دژی ئەم هێز و ئەو پارت. لە لایەن دوژمنانی کوردستان را دەسپاردران کە تەقەلا بدەن، نەهێڵن تەبایی و رێککەوتن لە نێوان پارتەکانی کوردستان و هێزەکانی بەرهەڵستکاری عیراقی بێتە دی. وەک زیلەموی زۆر خۆڵەمێش و پشکۆی نێو کزتەڵ هەمیشە ئاگری دوو بەرەکی یەکتر کوژتنیان هەڵدەگیرساندەوە و فتیلی تەقینەوەی تێکدەری بوون. رۆڵی نەهێنی نەناسراویان بینیوە لە بەردەوام بوونی کێشە خوێناویەکانی نێوان هێزەکانی کوردستانی باشوور.

نابی ئەتیش ئەوە لە یاد بکرێت یا حسێبی باشی بۆ نەکرێت کە ئەو ولاتە زلهێزانەی دەسەڵات و پێوەندیان بە باری کوردستانەوە هەبووە و هەیە بە جۆرەها شێوە و ئامۆژگاری و فەرمان کردن بە رۆڵی تێکدەری خۆیان هەڵستاون، ماک و هۆکاری سەرکێش بوون لە زۆربەی هەرە زۆری کارەسات و پرۆسەکانی دووچاری کورد و کوردستان هاتیە.

* * *

کورد گوتەنی (ئەوەی ڕۆیشت ڕۆیشت) گرنگ ئەوەیە لە پێناوی بەرژەوەندی ئێستا و داهاتووی نەتەوەی کورد دەرس و پەندی زۆر لەم هەموو نیشتمان وێران کردن و ئەو کارەساتانەی هاتوونەتە سەرمان وەربگیرێت، نەک تەنیا لە کارەساتەکانی پشت ئاشان، هەکاری، خواکورک(۱۱) ... هتد. لەسەرجەمی ئەو ئاپۆر وایرانکاری و هەرەسهێنان و تێکشکانانەی لە کۆنەوە دووچاری ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی یەک لە دوای یەکی کوردستان هاتیە.

لە هەلومەرجی ئەم سەردەمە و باری ئێستای کوردستان، ئەرکێکی مێژوویی و یەکجار پێویستە لەسەر هەموو ڕۆڵەیەکی کورد، تەقەلا بدات و بێ وچان تێبکۆشێت بۆ ئەوەی ئەو دەستکەوتەی لە کوردستانی عێراق وەدەست هاتیە سەقامگیر بکرێت و لە کیس نەچێت.

لە هەموو شوێن و کار و ئەرکێکیشدا، دڵسۆزانە تێبکۆشرێت کە سەرجەمی تاقم و گروپ و پارت و چین و توێژەکانی کوردستان، لەسەر ئاوات و ئامانجە بنەڕەتیەکانی نەتەوەکە یەکتر بگرن. لە بەرەی یەکگرتوو. خەبات و تێکۆشانی جۆرا و جۆر بەرپا بکرێت و گەشەی پێ بدرێت.

---

(۱۱) شەڕ خوا کورک: مەبەست ئەو شەڕە خوێناوییە کە لە پایزی ۱۹۹۲ لە نێوان پێشمەرگەکانی کوردستانی باشوور و پێشمەرگەکانی پ.ک.ک ڕوویدا، ژمارەیەکی زۆریش ڕۆڵەی کورد تێدا شەهید کرا. پ.ک.ک بەرپرسیاری یەکەمە لە هەڵگیرساندنی شەڕەکە.

لە سەرانسەری کوردستان هەموو بە یەک دەنگ لە ناخ دڵ و دەروونەوە، نەفرەت لە شەڕی کورد کوژی و بەرژەوەندی حیزبایەتی تەسک یا خێڵەکی و تایەفەگەری بکەین. لە قۆناغی تازەو داهاتووی کوردستاندا. کاروانی خەبات و تێکۆشانی نەتەوەکەمان لە پێناو کوردستانێکی ئازاد و مافی چارەی خۆ نووسین بەرەو پێش بڕوات.

*   *   *

کاروانێکی درێژی پڕ گەشت و کۆچ بار

ئەو چەند مانگەی سەرکردایەتی حشع و حسیک و زۆربەی پێشمەرگەکانیان، لە ناوچەی خێڵی مامەشەکاندا دەژیاین. بە تەواوی لەژێر کەنترۆڵ و ئاگاداری دام و دەزگاکانی کۆماری ئیسلامی دابووین.

ژیان و کات بەسەر بردنمان لە ئەوپەڕی دەردەسەری و پڕ ئازار و نا ئارامی دا بوو. بەهۆی پەیوەندی و هاوکاری پێشمەرگەکانی پدک لەگەڵ ئەرتەش و پاسداران. هەست دەکرا ئەو ڕێزلێنانە پڕ شکۆیەی لە لایەن برا کوردەکانی ئێران بەرامبەر بە کوردی عێراق هەبوو، کەوتبووە کزی و دابەزین. لە گەلێ ناوچە بە ڕاشکاوی دەزاندرا کە کوردەکانی کوردستانی ڕۆژهەلات، نایانەوێ چارەی ئەو کوردانە بدیان لایەنگری و دۆستایەتی (پدک) دەکات.!

گەڕان و سووڕانی ئێکەر و داروودەستەی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی، بە بەردەوامی لە دەوروو و بەرماندا، خەڵکی ناوچەکە و لایەنگرانی حشع و حسک‌ی وەڕز کرد بوو. ترسە و بزلە و ناڕەزایی زۆربەی کادر و پێشمەرگەکانی حشع گەیشتبووە کوولان و هاوار. پاڵەپەستۆی کادر و پێشمەرگەکان لەسەر سەرکردایەتی حشع لە سنوور دانەمابوو.

هەرکە زاندرا هێرش و گەڕانەوەی هێزەکانی بەرەی نیشتمانی (جود) لە بناری شاخی قەندیل تێکشاندرا و سەرکەوتنی نەهێنا، بە پەلە لە سەرەتای مانگی ئەیلولی ١٩٨٣ بڕیار وەرگیرا، کە حشع بگەڕێتەوە ناو خاکی کوردستانی باشوور، چەند هاورێیەکی شارەزا و لێزان نێردرانە ناوچەی سێ سنووری سنوور... ناوچەی خێڵی (لۆلان)یەکان. بەو مەبەستەی شوێنی لەبار بدۆزنەوە و بشێ بۆ بنیاتنانی بنکەی تازە!

گوندی (مالی مەلایان) بۆ بارەگای م.س حشع هەڵبژارد بوو، بە درێژای دۆڵی (دەراو)یش بۆ مەکتەبی هەرێم و میوانەکانی (تودە) و (سازمان ـ ئەکسەریەت) و (ڕێکخراوی گروپی حەوت کەسی حدکا) شایەنی ئاماژە کردنە کە پێشی ئێمەش بە ماوەیەکی زۆر، ژمارەیەک لە پێشمەرگەکانی پدک، وەک پاسەوانی سەر ڕێگای هاتووچۆ کردن بۆ بادینان، لە دوو سێ شوێنی ناوچەکەدا دەژیان.

گشت پێشمەرگە و کادرەکانی حشع و میوانەکان بە لە خۆ بووردن و چاپوکی و مێرانە لە ماوەیەکی کەمدا، چەند شوێن و خانووی ڕێکوپێک ئامادە کران.

مانگی ئەیلول کۆتایی نەهاتبوو گەڕاینەوە ناو خاکی کوردستانی ـ ئێراق، یەکسەر دەست بە خۆ ڕێکخستنەوە کرا، سێ تەگەرەی دیکە هاتە پێشمان:

١- ناوچەکە لاپەڕە و دوورە لە ئاوەدانی و شار و ناوچەکانی دی.

٢- ئازوقە و پێویستیەکانی دیکەی ژیان گەلێ بە قورسی و گرانی دەست دەکەوت.

٣- ناوچەیەکی شاخاوی سەختە. کوێستانێکی یەکجار ساردە، لە

زستـــاندا بەفـــری زۆری لێ دەبارێ. هاتووچۆ کـــردن گـــرانە و کـــەم دەبێتەوە. بە دەردەسەری و هیلاکی و ماندوو بوونی زۆر، دام و دەزگا سەرەکیەکان ڕێکوپێک کرانەوە.

برادەرانی ســەرکــردایەتی حــسکیش یەکە و بارەگــاکــانی خۆیان لە گوندی (کاولان) نزیک بە گوندی (ئاڵوەتان) بنیات نا.

لە سەرگەرمی ڕێکخستنەوە و دەستپێکردنەوەی، ئەرک و کارەکانی حیزبایەتی دا بووین، لە سەرەتای مانگی تشرینی دووەمی ١٩٨٣، بە بڕیاری م.س هاوڕێ کـــەریم ئەحـــمـــەد و من، بۆ ســـەردانی دەفـــتـــەری سیـــاسی حدکا چووین. کە ماوەی ســـاڵێک و نیو بوو، کۆبوونەوە لە نێوان ســەرکردایەتی هەردوو حیزب نە بەسترا بوو. دوای بڕینی دوو ڕۆژ ڕێگا بە ئۆتۆمـــۆبیل و پیـــادە ڕۆیشـــتنی ئەحینی گـــەیشـــتـــینە گـــوندی (گامیش تەپە) کە کەوتووتە نزیک شاری مەهابادی خۆراگر، زۆر بە گەرم و گوڕی و ڕێزلێنان لە لایەن سەرکردایەتی (حدکا) کاک جەلیل گادانی و کاک ئەمیری قازی و کــاک مەلا حســەنی رستگار و کــاک نەبی قادری پێشوازی کراین.

لە دانیشتنەکەماندا نوێنەرانی حدکا، دڵزویری و پێ ناخۆشبوون و نارەزایی خـــۆیان و حـــدکـــا لەســـەر کـــارەســـاتەکـــەی یەکی ئایاری پشت ئاشانیان نیشاندا و گوتیـان: (هەر لە سەرەتای ڕوودانی کارەساتەکەدا دەفـــتـــەری ســـیـــاسی بە نـــامـــەی تایـــبـــەت و بڵاوکـــراوە، رەخنەی توند و نارەزایی لەسەر کردەوە نارەواکانی سەرکردایەتی یەنک دەربڕی. تەنانەت ئەو کادرەی خۆمان کە بروسکەی پیرۆزبایی بۆ سەرکردایەتی یەنک نارد بوو، محـاسبە کـرا. د. قاسملو زۆر بە توندی رەخنەی لە مام جەلال تاڵەبانی گـــرتبـــوو کـــە نە دەبوایە هێرش بکرێتـــە ســـەر بارەگـــاکـــانی

سەرکردایەتی حشع و حسکـ...).

دوای ئەوە بە دوور و درێژی باسی باری کوردستانی ئێران و شەڕە گڵاوەکەی نێوان عێراق و ئێرانیان کرد، هەردوولامان بە توندی دژی جەنگەکە و ئاکامەکانی دوابین. ڕاو بۆچوون و هەڵوێستمان لە یەکتری نزیک بوو. هاوڕێ کەریم گوتی: (سەرکردایەتی حشع بە درێژای تەمەنی ویست و خواست و ئاوات و ڕێبازی سیاسی لەگەڵ ئەوە دابووە، پێوەندی نێوان هێز و پارتە کوردستانیەکان هەمیشە ڕێکو پتەو تەبا بێت، لەسەر ئامانجە هاوبەشیەکان و بنەمای بەرژەوەندی جەماوەر، بەرەو ڕێککەوتن لە نێواندا بنیات بندرێت.).

سەرکردایەتی حدکا ئامادەیی تەواوی خۆیان خستە پێش، کە تەقەلا بدەن ئەو ئاکۆکی و کێشە خوێناویانەی نێوان ینک و حشع هەیە، بە گفتوگۆی ئاشتیانە چارەسەر بکرێن. دۆستایەتی و پێوەندی پێشوویان بگەڕێتەوە بارو و دۆخی جارانی.

لە لایەن هەردوو لامان جەخت لەسەر ئەوە کرایەوە کە پێوەندی دۆستایەتی دوو قۆڵیەکەی لە نێوانماندا هەبوو، پتەو بکرێتەوە، پتریش ئاگاداری لە دەنگوباس و بزاڤەکانی یەکتریان هەبێت.

بۆ ڕۆژی دووەم بە هەمان ڕێگای هاتنمان، بۆ بنکەکانی خۆمان گەڕاینەوە.

ـ لە کۆتای ۱۹۸۳ دەنگێکی نا ساز لە کوردستان بڵاوبۆوە کە ڕژێمی فاشی بەغدا بە تاوانێکی درندانەی گەورە دژ بە نەتەوەی کورد هەڵساوە، هەموو پیاو و نێرینە بارزانیەکانی تەمەنیان لە ١٤ ساڵ پتر بووە، لە ئۆردوگا زۆرە ملێیەکانی (بحرکە) و (قوشتەپە)ی نزیک شاری هەولێری، ڕەشبگیر کردیە و ڕاپێچەک دراوون. زۆری نەخاپاند

زاندرا کە شێخ عوسمان شێخ ئەحمەد بارزانی و کورەکانی و چەند کوڕ و برازا و بنەماڵەی خوالێخۆشبوو مستەفا بارزانی و هەموو بارزانیەکان شەهید کراون.

بە بڕیاری م.س حشع لە ناوەڕاستی کانوونی یەکەمی ۱۹۸۳، هاوڕێ کەریم ئەحمەد و من، بۆ بەشداری کردن لە پرسە و پەژارەی شەهیدەکان، بەرەو (ڕاژان) کەوتینە ڕێگا. هەرکە گەیشتینە (ڕاژان) ئاگاداری برادەرانی م.س پارتیمان کرد، کە تایبەتمەند بۆ سەردانی کاک مەسعود و کاک ئیدریس هاتووین، بە مەبەست پێشکەشکردنی پرسە و پەژارەی حشع و موتەئەسیری و دڵتەنگیان لەسەر ئەو تاوانە گەورە نامرۆڤایەتیەی ڕژێمی فاشی پێوەی هەستا بوو. شەو میوانی کاک عەلی عەبدوڵلا سکرتێری پدک بووین. ڕۆژی دووەم ئێمە و کاک عەلی و ژمارەیەک ئەندامانی م.س و ل.م پارتی بۆ ماڵی کاک مەسعود بارزانی لە گوندی (سلێڤان)ی‹۱۱۱› چووین.

لە دیوەخانەکەی ماڵی کاک مەسعود بیست ـ ۲۰ کەس پتر کۆبووینەوە، لە ئامادەبووەکان شێخ محمد شێخ ئەحمەد بارزانی، کاک مەسعود، خوالێخۆشبوو کاک ئیدریس و کاک عەلی عەبدوڵلا و چەند ئەندامێکی م.س و ل.م پدک.

‹۱۱۱› سلێڤانی: گوندێکی خۆشی خێڵی شکاکە. لە ناوچەی تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕ، سی ـ ۳۰ کیلۆمەترێک دوورە لە باکووری وورمێ هەڵکەوتووە. نزیکە لە ڕاژان ماڵ و خێزانی کاک مەسعود بارزانی چەند ساڵ لەم گوندە دەژیان.

هاوڕێ کەریم بەناوی حشع و هەموو ئەندام و لایەنگرەکانی بەشداری لە پرسە و بەژارە و کۆستەکان دەکات، ئەو تاوانە گەورەی ڕژێمی فاشی بەغدا کتومت گەواهێکی دیکەیە نەک تەنیا دژ بە بنەماڵەی خوالێخۆشبوو مستەفا بارزانی و خێڵی بارزانییەکان، کردارێکی ناڕەوا و نا مرۆڤانەیە، دژ بە سەرجەمی نەتەوەی کورد و هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقە. پێویست دەکات، پاڵمان پێوە بنێت و هانمان بدات کە لە گۆڕەپانی خەبات و تێکۆشانەکانماندا پتر تێکچڕژاو بەتین‌تر یەکتر بگرین.

دۆستایەتی و هاوکاری نێوان حشع و خێڵی بارزانییەکان لە چلەکانەوە دەستی پێکردووە، لەو کاتەوەیە کە حشع، گەلێ بە گەرم و گوڕی داکۆکی لە ڕاپەڕینەکەی بارزانی ١٩٤٢ - ١٩٤٥ دەکرد. خواست و ئارەزوومانە ئەم دۆستایەتییە و هاوکارییەی لە نێوانماندا هەیە، بەردەوام بێت، زیاتر گەشە بکات، باڵەکانیش بۆ سەر گشت هێزە کوردستانییەکان بشکێنەوە و پیادە بکرێت.. جارێکی دیش شەریکی پەژار و پرسەتانین...)

دوای هاوڕێ کەریم، شێخ خالید بارزانی کەوتە پەیڤ کرد: (گەلەکا ب خێر بێن، ئێمە سوپاسا حزبا شیوعی د کەین، انشاالله بەم زووانە بەسەر سەدامی کافر و قاسملو سەردەکەوین...)

ئنجا خوالێخۆشبوو کاک ئیدریس و کاک مەسعود، هەست و سوپاس کردنی خۆیان و بنەماڵەی بارزانی و پارتی لەسەر هەڵوێستی سەرکردایەتی حشع بە گەرمی دەربڕی و بە گەر م و گوڕی بە خێرهاتنی ئێمەیان کرد.

یەکسەر گوتاری جۆرا و جۆر هاتە گۆڕێ، هەر یەک گوتراوە (قسە

قسە ڕادەکێشیٚ) بوو بە باسکردنی پێوەندی نێوان هێزەکانی کوردستان لە هەموو بەشەکانیدا و گەڕانەوەی پێشمەرگەکانی پدک بۆ ناو خاکی کوردستانی باشوور و دوور خستنەوەی چەکدارەکانیان لە هاوکاری کردنی ئەرتەش و پاسداران لە ناو خاکی کوردستانی ئێران... هتد.

بەراڤێنمان لە ماڵی کاک مەسعود خوارد. ڕوخسەتمان لێ خواستن و بەجێمان هێشتن، بۆ ڕۆژی دووەم گەڕاینەوە ناوچەی (لۆلان).

زستانەکەمان لە ناوچەی برا دۆستییەکان بەسەر برد، پێوەندی و هاتووچۆکردن بەملاو ئەولا سانا نەبوو. گەلێ بە دەرەنگی دەنگ و باسی ناوچەکانی کوردستان و عێراق پێمان دەگەیشت. هەر ساڵ سووڕابووە لە مانگی گوڵان (نیسان) ١٩٨٤ بڕیار وەرگیرا بەرەو ناوچەی بارزان، لە دەوروبەری شاخی (شیرین)، شوێن و بنکەکانی خۆمان بنیات بنێینەوە.

زۆری نەخایاند لە هەواری تازەمان جێگیر بووین، لە ماوەیەکی کورتدا، دۆستایەتی و برایەتی گەرم و گوڕمان لەگەڵ ئەو چەند خێزانە بارزانیە پەیدا کرد، کە لە ئۆردوگا زۆرە ملێیەکان دەرباز ببوون و گەیشتبوونە شوێنەکانی دێرینی باوک و باپیرانیان، بەپێی توانای لەدەستمان دا هەموو درێغیمان لە یارمەتیدانیان نەدەکرد. ژیانی دارایان بێ سنوور نەدار و دەست کورت بوون.؟

م. هەرێمی کوردستان و سەرکردایەتی مەڵبەندی پێشمەرگەکانی هەولێر و لقی حسک و تا ماوەیەکیش م.س و م.ع حشع و لقی دووی پدک لە ناوچەکەدا کۆ ببوونەوە. لە ڕووی پێوەندی و هاتووچۆ کردن کەمێک لە ناوچەی بادینان، هەولێر، ڕانیە و پشدەر نزیک ببووینەوە، کار و ئەرکەکانی حیزبایەتی و پارتیزانیمان بەرەو بووژانەوە دەڕۆیشت،

تۆپ باران کـردنی هێزەکـانی عـەسـکەری عـێراق لە زنجیـرەی شـاخی (پیرس) و سەربازخانەی (نەحلە) سەری لەسەر هەڵنەدەگرتین. ڕۆژانە چەند جار گولە تۆپەکانیان بە دەور و پشتمان دەکەوت.

ژیانمان بە نیـمـچـە ئاسـوودەیی و پڕ تەقـەلـول و وورەی بەرز بەسـەر دەبرد. سـاڵێک و چەند مانگێک بەم شێوەیە لە ناوچەی بارزان ژیاین.

کتوپڕ لە بەرواری ۱۹۸۵/۸/۳ بارزانیکی چەکدار کە ناوی (سەعید بارزانی) بوو گەیشتە لامان. نامەیەکی پێداین و ئێمەی بەجێهێشت. لەگەڵ هاوڕێیـانی سەرکردایەتی پێشـمەرگەکانی حشع مەڵبەندی هەولێر خوێندمانەوە.

ئەمەش نامەکەیەتی:

جـاء الحـق و زهـق الباطـل
ان الباطل كان زهوقا

الی: الشیوعي الكفره

ان ارض بارزان الطاهره لایمكن ان تكون ملاذا للكفر و الملحدین.

ننذركم باخلاء مناطق بارزان خلال سته ایام و الا فان جحافل الاسلام جاهزه لاخراجكم منها بالقوه.

وقد اعذر من انذر

رحمان رضانی   شێخ خالد بارزانی

ئەوەی ڕاست بێت ناوەڕۆکی ئەم نامەیە، وەک بۆمبێکی داندراوەی نهێنی لە ناکاو بتەقێت و لە هاژەن بدات، مێشک و هەست و جەستەی تاساندین، دڵتەنگی و ئازارمان گەیشتە ئەوپەڕی ناڕەزایی و بێزاری.

لە بارو و دۆخی ئەوکات، قەت چاوەڕێی ئەم جۆرە ڕەفتارەمان لە کەسانێکی دۆست نەدەکرد.

کەوتینە ناردنی بروسکە و بروسکە کاری بۆ م.س حشع، کە ئەو کات لە دۆڵی خواکورک دا دەژیان. ئەوەی کردمان بە فیڕۆ ڕۆیشت. دەرکەوت سەرجەمی تەقەلاکانی م.س و م.س پدک تەنانەت هی کاک مەسعود بارزانیش، نەگەیشت بە ئەنجامێک، هەتا وا بکەن بەم شێوە ناڕەوایە و لەژێر هەڕەشەی چەک لە بارزان دەرنەکرێن. بە ئاشکراو چاو سوورکردنەوە لە دەورو بەری خۆمان دەمان بینی ژمارەیەک لە هێستر بار و چەکداری ڕیش پان، وێنەی خومەینیان بە سنگیانەوە هەڵواسیوە، بە فارسی و بە عارەبی قسەیان دەکرد، لەگەڵ ژمارەیەک لە چەکدارانی شێخ خالید بارزانی گەر و سووڕیان دەدا، وا خۆیان دەردەخست کە چاوەڕێی ئەوە دەکەن، لەم ماوەی داندراوە بارزان بەجێ نەهێڵین بە لوولەی تفەنگ دەرمان پەڕێنن!

م. هەرێمی کوردستان و م. مەڵبەندی پێشمەرگەکانی حشع، دوای دەرسکردن و لێکدانەوەی زۆر گەیشتنە سەر ئەو قەناعەتە، کە هەڕەشە و دەرکردنەکەمان بریتی نیە لە بڕیاری شێخ خالید بارزانی و هەرزەکارێکی پاسداری ورمێ (رحمان رمزانی) لەوە دەکات لە پلان و نەخشەی ئەرتەش و پاسداران، ناوچەی بارزانیان کردبێتە بنکەیەکی سەرەکیان بۆ هێرش بردنە سەر ناوچەی بادینان و ڕێگای مۆسڵ ـ

زاخۆ.

بە ناچاری بڕیارمان وەرگرت بەبێ وەستان بکەوینە گواستنەوە و کۆچ کردن. پێشمەرگەکانی مەڵبەندەکە بۆ ناوچەی (زێبار)ییەکان، دەوروبەری گوندی (کافی)‹١١٢›. (دۆڵی مەرانەش)‹١١٣› نزیک بە (سوارە) و (ئەسپیندارە) لە پارێزگای (دهۆک) بۆ م.س هەڕێم.

کەوتینە بەکرێ گرتنی دەبان هێستر لە فەلاح و دانیشتوانی گوندەکانی زێبارییان، ئەوانەی کەوتبوونە بناری ڕۆژهەڵاتی شاخی (پیرس) بە ماندوو بوون و شەکەتی و سەر ئێشە و زیانی زۆر لە ماوەی شەش ڕۆژ ناوچەی بارزانمان بەجێهێشتا

دەستکرایەوە بە قوڕ و قوڕ کاری و خانوو دروستکردن. بە تەک ئەو هەموو سووکایەتیەی پێمان کرا و ئەو هەموو زیان ئازار و ماندوو بوونەی دووچارمان کرا. پرۆسەی پەیداکردنی ئازوقە و پێویستیەکانی دیکەی بژێوی بۆ پێنج مانگێک کەوتەوە پێشمانا

‹١١٢› گوندی کافی: گوندێکی خێڵی زێباریەکانە. لە سەرچاوەی ڕووباری نەحلە هەلکەوتووە، بنکەکانی مەڵبەندی هەولێر پێنج لیلۆمەترێک لە ڕۆژهەڵاتی گوندەکە دروستیات نرا لە بناری شاخێکی بەرزدا بوو. ناوچەکە سەربە قەزای (ئاکرێ)یە.

‹١١٣› مەرانە: دۆڵێکی تەسکە پڕە لە داری گێوز. بە دارستانێکی چڕ داپۆشراوە نزیک بە گوندی (کانی مازی) و سوارە و ئەسپیندارەیە. ماوەیەک شوێنی بنالیۆزنێکی پێشمەرگەکانی حشع بوو. لە پارێزگای دهۆک.

ناوچەکە و هەوارە تازەکەمان یەکجار ڕژدو شاخاوی و زستانی سارد بوو. لە گەرمەی خۆ ڕێکخستنەوەدا بووین، پشوومان وەرنەگرتبوو. بروسکەیەکی بە پەلەی م.س حەشمان پێگەیشت. داوای من و هاوڕێ باوکی سیروان کرا بوو. بەپەلە بەبێ وەستان بگەینە لای ئەوان لە دۆڵی خواکورک.

یەکسەر بۆ ئەوێ چووم کە بە دووری نابینم م.س بڕیاری بەستنی کۆنگرەی چواری وەرگرتبێ. یەکسەر کەوتینە خۆ ئامادە کردن، دوای دوو ڕۆژ کەوتینە ڕێگا بەرەو ناوچەی خێڵی برادۆستیەکان. بە شەش ڕۆژ ڕێگا بڕین و سنگ دانە بەر چەند شاخی سەرکەش و سەختی کوردستان، لە ناوەڕاستی مانگی ١١ ئوکتۆبەری ١٩٨٥ گەیشتینە لای هاوڕێیانی م.س لە گوندی (ئەرموش سەرەوە) سێ سووچی باکووری ڕۆژهەڵاتی سنوور.

*   *   *

لەژێر پەردەی گفتوگۆکردندا

پارتی بەعسی عارەبی سۆسیالیست‹١١٤› دەسەڵاتداری عێراق، هەر لە سەرەتای بنیاتنانیەوە تا ئەو رۆژە رەش و دژوارانەی دووچاری گەلەکانی عێراقی هات، لە رووی ئایدیۆلۆژیەتی چینایەتییەدا رەگەزپەرستە. وەک هەر پارتێکی بەرژەوای بچووک و گەورەی نیشتمانی، پێش ئەوەی دەسەڵاتی بکەوێتە دەست بە جۆرەها دروشم و هەڵوێست رەفتار لەگەڵ هێزەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتییدا دەکات. کە دەسەڵاتی کەوتە دەست دەگۆڕێن و رێبازی دی دەگرنە بەر.

‹١١٤› پارتی بەعسی عەرەبی: لە رۆژی ١٩٤٧/٤/٧ چەند رۆشنبیرێکی نەتەوەیی عەرەب وەک میشیل عەفلەق، زەکی ئەرسوک، سەلاح بیتار، شبلی عەیسەمی و هی دیکە لە گازینۆی (هالانا)ی شاری دیمەشق کۆبوونەوە. بڕیاری دامەزراندنی پارتەکەیان دا. لە سەرەتای پەنجاکان، پارتی عارەبی سۆسیالیست کە تاقمی ئەکرەم حەورانی لەگەڵ بەعسی عارەبی بوونە یەک پارت، ناویان بوو بە پارتی بەعسی عارەبی سۆسیالیست.

بنەمای فیکری و سیاسیان لەسەر پرنسیپی میکاڤیلیەت<١١٥> بنیات نراوە، کە دەڵێ: (بە ئامانجەکانت بگە جا بەهەر شێوەیەک بێت)

لە سەرەتای پەنجاکانی ئەم چەرخەدا، کە لقی پارتی بەعس لە عێراق دامەزرێندرا، دۆستایەتی و پێوەندی بەتینیان لەگەڵ حشع پەیدا کرد.

دوای سەرکەوتنی شۆرشی چواردەی تەمووزی ١٩٥٨ یەکسەر بەعسیەکان کەوتنە گەر لافاوی تیژی نەتەوایەتی عارەبی کە ئەوکات لە گەرمە و جۆش بەرزی و بڕاف دابوو، بە ڕێبەرایەتی تێکۆشەری ئەمری میسری (جەمال عەبدولناسر).

پارتی بەعسی عێراق لەگەڵ هەموو کۆنەپەرست و شۆڤێنیستەکانی ناوەوە و دەرەوەی ڕێککەوتن. گوەتا خوێناویەکەی هەشتی شوباتی

<١١٥>نیکۆلۆدی برناردۆ میکاڤیلی: سیاسەتمەدارێکی ناوداری ئیتالیا بوو، لە سێی ئایاری ١٤٦٩ لە شاری (فلۆرنسا) هاتووەتە دنیا، بنەماڵەکەیان ماوەیەکی زۆر لە ژیانی پڕ هەژاری و نەشکەلەیدا دەژیان. هەر لە منداڵیەوە خولانی کەوتە سەر خوێندنەوەی کتێب. زۆری دەخوێندەوە.

لە تەمەنی ٢٩ ساڵیدا بوو بە پیاوێکی ناسراو، ماوەی ١٥ پازدە ساڵ خزمەتی کۆماری (فلۆرنسا)ی کرد بوو بە یەکێک لە سەرکردەکانی. هەر کۆمارەکە تێکدرا لە ١٥١٣ خرایە بەندیخانە، لە دوایدا بۆ گوندێک دوورخرایەوە کەلێ کتێبی نووسیوو، گرنگترینیان (میر) و (مێژووی فلۆرنسا) لە ٢١ حوزەیرانی ١٥٢٧ دڵی لەکار وەستاو دنیای بەجێهێشت.

١٩٦٣یان هەڵگیرساند. شۆڕشی چواردەی تەمووز خنكاندراو گەیشتە سەركار. ئەوەی لە توانا و هێزیان دا هەبوو، دژ بە حشع و دیموكرات پەرستەكان لە كوشت و بڕو گرتن درێغیان تێدا نەكرد. پاسدارانی نەتەوایەتی ـ حرس القومي ـ لە خراپ و تاوانكردندا لە جیهاندا دەنگیان دابۆوە و نفرەتیان لێ دەكرا. بە فرتوفێڵ و تەڵەكەبازی چەند مانگێک لەگەڵ سەركردایەتی شۆڕشی ئەیلولی كورد، كەوتنە گفتوگۆ كردن، هەركە هەستی ئەوەیان كرد كەمێک چەسپاون لە حوزەیرانی ١٩٦٣ هێرشێكی پان و بەرینی دڕندانەیان هانیە سەر هەموو كوردستانی باشوور، ئەوەی پێی بكوترێ خراپەكاری و قڕوبڕ و وێران كردن هانیانە سەر وڵاتەكەمان.

بەهۆی كێشەو ململانەی توند و تیژی نێوا خۆیان لە ١٨ تشرینی دووەمی ١٩٦٣ لە حوكم دەركران، دوای ماوەیەک هێندێ لە سەركردەكانی خۆیان وەک علي سالح سعدی كە ئەوكات ئەمینداری گشتی بەعسیەكان و جێگری سەرۆكی وەزیران بوو، دانی بە تاوانەكانیان تا و بڵاوی كردەوە كە (بەعسیەكان بە شەمەندەفەری وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا و كۆنەپەرستەكانی عارەب حوكمی عێراقیان كەوتە دەست و شۆڕشی چواردەی تەموزیان لەناو برد) پارچە پارچەیی و كێشەی توند لە نێوە خۆیان بڵاوبۆوە... كەوتبوونە ڕیسوا كردنی یەكتر.

لە نێوان ئەو گێژاو سەرلێشێواویەی تێی كەوتبوون. باڵی ئەحمەد حسن بكر و سەدام حسێن، لە چەند كەناڵێكی نهێنی دا، لە تەقەلادان و خەریک بوونی گەڕانەوە بوون بۆ سەر حوكم. ئەوە بوو لە ئەنجامی ڕێككەوتنیان لەگەڵ چەند كاربەدەست و ئەفسەری گەورەی سوپای

عیراق، جارێکی دی بە کودەتایێکی گومان لێکراو، ڕۆژی ١٧ی تەمووزی ١٩٦٨ کەوتنەوە سەر حوکم.
لەسەرەتای گەڕانەوەیاندا، بە نهێنی و بە ئاشکرا کەوتنەوە تەقەلادان لەگەڵ سەرکردایەتی حشع و هێندێ هێزی نیشتمانی و نەتەوایەتی کە بەعس ئەم جارە وەک پێشوو نەماون. سوود و دەرسی زۆریان لە ئەزموون و تاقیکردنەوە و زیانەکانیان وەرگرتیە. ئامادەنە بۆ ڕێککەوتن لەسەر پرۆگرامێکی هاوبەش، بەرژەوەندی جەماوەر و داهاتووی عیراقی تێدا بەدی بکرێت.
بەهۆی خۆ ڕاگرتنی شۆڕشی ئەیلولی کورد و پەرەساندنی و تەقەلادانی زۆری خێرخوازانە لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات. بەسەر پارتی بەعس و حکومەتەکەیان سەپاندرا، کە دان بەوە بنێن بە ڕێگای گفتوگۆ کردنی ئاشتیانە نەبێت، کوردستانی باشوور ئاشتی و ئارامی بە خۆیەوە نابینێ.
بە هۆی لاوازیان سەریان بۆ هێندێ پێداویستەکانی سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول دانواند، ڕێککەوتنەکەی ١١ ئاداری ١٩٧٠یان مۆر کرد.
هەنگاوێکی پیرۆز و ڕەوا بوو، شادی و خۆشی لە سەرانسەری کوردستان و عیراق بڵاو کردەوە، تا ماوەیەک پدک و بەعس وەک دوو شەریکی هاوبەش کاروباری کوردستانی باشووریان بەڕێوە دەبرد. لە عیراقی عارەبیشدا زەمینە بە تەواوی بۆ بەعسیەکان خۆشکرا بە ئارەزوو و مەبەست و مەرامی گڵاویان گیرەی تێدا بکەن!
لە هەمان کاتیشدا بەعس گفتوگۆی بنیات نانی بەرەی لەگەڵ حشعدا هەبوو، ئەوەی مەبەستمە لەم بەشەدا باسی بکەم و بایەخی

پێبدرێت ئەوەیە کە دوای هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلول لە ناوەڕاستی ١٩٧٥ کۆسپ و تەگەرە و هێزێکی چەکداری بەتوانا بەرامبەر بە ڕژێمی بەغدا لە گۆڕەپانەکەدا نەما. گۆڕانێکی چۆن و چلۆنی بەسەر بارو دۆخی عێراقدا هات. سەرانسەری عێراق بە تەواوی کەوتە ژێر پۆستاڵ و چەپۆکیان. بارەکە بوو بە پاشاگەردانی بێ سنوور، تۆشی سەر لێشێواوی و لەخۆ بایی بوونێک هاتن لوتیان لە ئاسمان و شەقیان لە زەوی دەدا.

لە نێو ئەم گۆڕان و سووران و کردە و بردەی بەعسیەکان پێوەی هەڵدەستان زۆری نەخایاند تێکۆشەرەکانی نەتەوەی کورد لە کوردستانی باشوور، کەوتنەوە ڕابوون، سەریان بۆ ڕژێمی ڕەگەزپەرست دانەنواند، دەست بە خەباتکردنی چەکداری کرایەوە تا ماوەیەک دام و دەزگاکانی ڕژێم بە گاڵتە پێکردم و بایەخ پێ نەدان سەیری ڕاپەڕینەکەیان دەکرد. کە هەستی ئەوەیان کرد کورد گوتەنی (ئەم هەویرە ئاوی زۆر دەوێ) کەوتنە پەلاماردان و هێرشبردن بۆ سەر هێندێ ناوچە.

لە لایەکی دیکەشەوە بە ڕێگای دۆست و لایەنگرانیان، ڕژێم کەوتەوە تەقەلادان بۆ ئەوەی هێزەکانی چەکداری بۆ ژێر رکێفی خۆی ڕابکێشێتەوە.

لە سەرەتای ١٩٧٩ کە حشعیان لەبەرە فرتو فێڵاویەکەیان دەرپەڕاند. پتر کەوتنە خۆ خەریک کردن لەگەڵ هێزەکانی کوردستانی کە واز لە خەباتی چەکداری و دژایەتی بەعس بهێنن. هەرچەند ئەوکات نیمچە پەلێن و ڕێککەوتنێک لە نێوان پەنک و حشع و حسیک دا هەبوو، کە هیچ هێزێک بە تەنیا لەگەڵ ڕژێم نەکەوێتە گفتوگۆ کردن، کەچی لە مانگی ئەیلولی ١٩٧٩ ڕژێم توانی وەفدێک لە برادەرانی

حسک* بۆ بەغدا رابکێشێت، دوای دوو سێ مانگ هاتووچۆ کردن و بەڵێن پێدانی پڕ درۆ و ناراست، سەرکردایەتی حسک بە هیچ ئەنجامێک نەگەیشت.!

رژێمی بەعس کە شەڕە گڵاوەی دژی ئێران هەڵگیرساند و خۆی خستە ناو لێرەوارێکی گێژەن، دووچاری تەنگوچەڵەمەیەکی قووڵ هات. پتر کەوتە پەلەتیقە و تەقەلادان لەگەڵ حشع و هێزەکانی کوردستانی، بە نیازی ئەوەی سوودیان لێ وەربگرێت و کاروباری ناوەوەی عیراق پتەو بکات.

چەند جار لە ڕێگای کۆنە پاڵێراوێکی کۆمیتەی مەرکەزی، داوا لە سەرکردایەتی حشع دەکرا بگەڕێنەوە شوێنی پێشووی لە ڕیزی بەرەکەیان (جوقت) کەسانی تریش بۆ سەرکردایەتی پدک و یەنک دەنارد کە رژێم ئامادەیە لەگەڵیاندا بکەوێتە گفتوگۆ کردن!

یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە کانوونی دووەمی ١٩٨٥ نامیلکەیەکی ١٢٠ لاپەڕەیی بە مۆری م.س لەژێر ناوی (گفتوگۆی

---

* حیزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان - حسک لە کۆتایی مانگی مارتی ١٩٧٩ بەشێک لە برادەرانی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان - عیراق (لایەنگرانی کاک رەسووڵ مامەند و شەهید تاهیر عەلی والی) لەگەڵ کۆمیتەی ئامادەیی (الهیئە التحضیریە لحزب الدیمقراطي الکردستاني - العراق) تاڵس د. مەحموود عوسمان و قادر جەباری و عەدنان موفتی) دامەزرێندرا. بە ناوی (حیزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان - حسک لە یەکەم کۆنفرانسیان ناویان بوو بە (حیزبی سۆسیالیستی کوردستان) حسک.

شۆڕش لەگەڵ میری) بلاوکردەوە، بە دوور و درێژی باسی گفتوگۆ کردن و تەقەلاکانی رژێمی بەعسی عێراق دەکات، هەر لە سەرەتای بەرپابوونی شۆڕش حوزەیرانی ١٩٧٦ تا سەرەتای ١٩٨٥.

پێشەکی م.س یەنک لە رووی فیکری و سیاسی باسی گفتوگۆ دەکات کە شێوازێکە لە شێوازەکانی خەباتکردنی جۆرا و جۆر بۆ وەدەست هێنانی ئامانجەکانی نەتەوایەتی و نیشتمانی، لە رووی مێژوویەوەش باسی هەڵوێست و راو بۆچوونەکانی پارتە کوردستانیەکان و حشع دەکات! تا لە لاپەڕەی: ٦٥ دەگاتە سەر ئەم برگەیە:

(سەرەتای هەوڵ و تەقەلای میری بۆ کردنەوەی دەرگای گفتوگۆ لەگەڵ یەنک دەگەڕێتەوە بۆ هاوینی ١٩٨٢، کە بە هێزێکی کوردستانی(١١٦) هاوبەیانەوە لەسەرکردایەتی یەنک و سەرکردایەتی حشعیان راسپارد بوو کە میری ئامادەیە گفتوگۆ لەگەڵ یەنک و حشع بکات. لەسەر چارەسەرکردنی دیموکراتی مەسەلەی کورد و مەسەلەی جەبهە و حوکمی ئیئتیلافی و هەر مەسەلەیەکی دی.

ئێمە لەگەڵ م.س حشع پێکهاتین بزانین میری چی دەوێ! چی ئامادەیە بدات؟ بەلام گفتوگۆ راستەوخۆی بە وەفدی رەسمی لەگەڵی نەکرێت)

یەنک لە نامیلکەکەیدا داکۆکی تەواو لە هەڵوێست و کردەوەکانی دەکات بەڵگەی زۆریش دەهێنێتەوە کە گفتوگۆیان لەگەڵ میری، بۆ سوود و بەرژەوەندی جەماوەری کوردستان و شۆڕشەکەی تازەی کورد

---

(١١٦) ئەم هێزە حیزبی دیموکراتی ئێران. بە تایبەت بە رێگای د. قاسملو بوو.

بووه. لەگەڵ شوێنی نامیلکەکەدا و چەند بڵاوکراوەی دیکە، باسی ئەوەی کردووە کە هەڵوێست و بۆچوونەکانی یەکێتی بەرامبەر بە ڕژێمی بەغداو داهاتووی عێراق و چارسەرکردنی پرۆسەی کورد، لەگەڵ بۆچوونەکانی حشع نزیکی یەکتر بوون!

کەواتە سەرەتای دووریان و دوورکەوتنەکە چۆن هات و کەی دەستی پێکرد؟

لێرەدا پێویست بەوە دەکات کە گەلێ بە خەست و بە کورتی باسی هێندێ ڕووداو بکرێتەوە، هەرچەندە لە شوێنی دی باسکراوە.

لە ناوەڕاستی ١٩٨٢ د. قاسملو داوای لە سەرکردایەتی حشع و ینک کرد، بکەونە گفتوگۆ کردن لەگەڵ میری عێراق، بە ڕاو بۆچوونەکانی دکتۆری شەهید، مەترسی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران لەسەر ئاشتی جیهان و هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کوردستان، لە هی ڕژێمی بەعسی عێراق زلتر و پڕ مەترسی ترە، بۆیەکا پشتگیری کردنی بکرێت و تەقەلا بدرێت لە پێشەوە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی بروخێندرێ! کەمی جیاوازی هەبوو لە نێوان ڕاکانی د. قاسملو لەگەڵ هی سەرکردایەتی حشع و ینک.

جارێکی دیکەش دەفتەری سیاسی حدکا کاک مستەفا شلماش و تەیفور سنەوی بۆ هەمان مەبەست، ناردە لای هەردوو سەرکردایەتی. زۆری نەخایاند زاندرا کە لە کۆتایی ١٩٨٢ نوێنەرانی میری عێراق لەگەڵ د. قاسملو گەیشتونەتە (شێنێ). مام جەلال باسی مشتومڕەکانی لەگەڵ نوێنەرەکانی بەعس بۆ هاوڕێ کەریم نووسیبووی: دەقی نامەکەی لە پێشەوە بڵاوکراوەتەوە.

لە ئەنجامی بەردەوام بوونی جەنگە گلاوەکەی نێوان عێراق و ئێران

و تەقەلای زۆری میری بەغدا. ئیمجە برایەک لە لایەن سەرکردایەتی یەنک پەیدا ببوو کە ئەو هەڵو مەرجە هاتووتە کایە، چونک بە ڕژێم دابندرێ و دان بە مافە ڕەوا سەرەکییەکانی گەلی کوردستانی باشوور بنێت. بەمەرجێک هێزێکی بەتواناو دەسەڵات هەبێت، ئاشتی و ئارامی لە کوردستان بپارێزێت و ڕێککەوتنەکە سەقامگیر بکات. لە هەمان ڕوانگەو ڕووکار یەنک وا خۆی دادەنا و ڕەچاو دەکرد کە شیاوی ئەوەی هەیە بەم ئەرکە هەڵسێت و ئەم ڕۆڵە بدێنێ.

لە هەمان بارو دۆخ بەرەی دیموکراتی نیشتمانی و بەرەی دیموکراتی نەتەوایەتی (جود و جوقد) کەوتبوونە دەربڕینی ڕەخنە و ناڕەزایی لەسەر نزیک بوونەوەی یەنک لەگەڵ میری بەغدا. قسە و قسەڵۆک، گومان و شەک و دڕدۆنگی ڕۆژانە پتر پەرەی دەستاند. وابێک دەدرایەوە کە یەنک بە تەواوی لەگەڵ ڕژێم ڕێککەوتووە!

لەنێوان ئەم بارە دژوار و ئاڵۆزەدا، کارەساتەکانی پشت ئاشان ڕوویدا. پەردە هەڵماڵدرا. نهێنییە سەرەکییەکان ئاشکرا بوو، یەنک کەوتە گفتوگۆ کردنی ڕەسمی لەگەڵ میری بەغدا. نوێنەرانی هەردوولایان لە نێوان بەغداد ـ کوردستان فەرک و هۆڕی هاتوچۆکردنیان بوو. ڕژێم درێژەی بە گفتوگۆیەکە دەدا. لە ناوەوەی کوردستان و عێراق، هێزەکانی سیاسی و جەماوەر لە تەواوی ئەو بڕوایەدا بوون کە ڕژێمی ڕەگەزپەرست، شتێک بە یەنک نادات خێری کورد و کوردستانی پێوەبێت! لە کاتی گفتوگۆکردندا، میری کۆمەک و یارمەتی باشی بە یەنک دەگەیاند. پارە، ئازوقە، هێندێ کەل و پەلی پارتیزانی. جگە لە پێشکەشکردنی دیاری بۆ کادر و کەسانی لەنێو هاتووچۆ کردندا بوون. سەرکردایەتی یەنک لە ئامێلکەکەیدا دەدان بە

هێندێ هەڵەکردن و زیانەکانی گفتوگۆکەیاندا دەمێنێت. بەڵام ئەوەی ڕاست بێت زیانەکانی لەوە فرەوانتر و پڕ ئازارتر بوون وەک:

١- لەکاتی گفتوگۆ کردنەکەدا، ئاگری شەڕی کورد کورد کوژی و کینەبەربەتی شێوازی گەلێ توند و تیژتری وەرگرت.

٢- بێ بڕوایی لە نێوان زۆربەی جەماوەری کوردستان تەشەنەی کـــرد، وەرە دابەزی، بە هەزاران لاوی کـــورد پشـــتی لە پارتە کوردستانیەکان کرد، تەنانەت دڕدۆنگی و ساردی گەیشتە نێوان کەسوکار و خێزانی هێزەکانی سیاسی.

٣- دەرفەتی زێڕینی بۆ سوپای عێراقی ڕەخسا، زۆر بە ئاسانی دەستی بەسەر شوێنە ستراتیژیەکانی کوردستان دا بگرێتەوە. سەنگەر و بنکەی قایمی لێ بنیات ناو بە هەزارەها مینی لە خاکی کوردستان چاند و بڵاوکردەوە.

٤- لەکاتی گفتوگۆ کردندا ژمار جاش و سوپای میللی و نۆکەر و بەکرێگیراوانی ڕژێم چەند جار زێتری کرد و هەموو کوردستانی باشووری گرتەوە.

٥- ناوو ناوبانگی پارتە کوردستانیەکان و بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستانی باشوور، لەلایەن هێزە پێشکەوت پەرست و ئەو وڵاتانەی خۆیان بە دۆستی نەتەوەی کورد دادەنا گەلێ نرخیان دابەزی، ناویان بە خراپە و دواکەوتوو بڵاو بۆوە. تا سنوورێک سارد بوون لە پشت گرتنی پرۆسەی کورد!

٦- دەروازە خراپە سەر پشت بۆ داو و دەزگاکانی تیرۆر و فشار و تەشکەلجیدانەکانی ڕژێمی فاشی، کە هەرچی مەبەستیان بێت بە ساناو بەدەستی بهێنن. بە جۆرەها شێوە دەستی نگریسی خۆیان وەشاند،

ژمــــارەیەکی باشـــــیـــــان لە کـــــادر و ئەندام و لایەنگرانی هێزە کوردستانیەکانیان کوشت. تەنانەت ژمارەیەک لە کادر و ئەندامانی (ینک)یشیان لەناو برد.

٧- ئەرتەش و پاسدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران، کە ئەمەیان بینی هێزەکانی چەکداری عێراق، کاتی گفتوگۆ کردنی ینک لەگەڵ میری بە درێژی سنوور گەلێ شوێنی ستراتیژی گرنگیان کەوتەوە ژێر دەسـتـەلاٌت. ئەوانیش بەرامبەر بەوە کەوتنە هەمان خۆ ئامادە کردن. ئەنجامەکەشی بە گران لەسەر نەتەوەی کورد لە هەردوو دیوی کوردستان وەستا.

٨- سیستەمی تۆرانیەکانی تورکیاش لە ڕووی پڕوپاگاندە و ڕاگەیاند کەوتبووە هێرش بردن بۆ سەر نەتەوەی کوردی کوردستانی باشور و دەربڕینی ناڕەزایی لە گفتوگۆی میری بەغدا لەگەڵ ینک. لە لایەکی دیکەشەوە چەندان جار هێرشی عەسکەریان هانیە ناو خاکی کوردستانی باشوور، بۆ چاو سوورکردنەوە و هەرەشە کردن.

سەرکردایەتی ینک کە گەڕایەوە سەر ئەو بڕوایە، ڕژێمی بەعسی شۆڤێنیست هیچ مافێک سوودی تێدا بێت، بە کوردی نادات. لە سەرەتای ١٩٨٥ لەبەر یەکتری دەرهاتن و گفتوگۆ تێکچوو نەما. مەکتەبی سیاسی ینک بە بەیاننامەیەکی دوور درێژ، هۆی سەرنەکەوتنی گفتوگۆیەکانی لەگەڵ میری بلاٌو کردەوە.

وازهێنانی ینک لە گفتوگۆکردنی و پچڕاندنی پێوەندییەکانی بە ڕژێمی فاشی بەغدا، لەلایەن سەرجەمی هێزەکانی نیشتمانی کوردستانی و بەرهەڵستکاری عێراقی، پێشوازی گەرمی لێکراو بە هەنگاوێکی ئیجابی و سەرەتای ئاشتبوونەوە و ڕێککەوتن وەرگیرا.

جارێکی دیش ئاسۆ و ڕوانگەی چارەکردنی کێشە و ناکۆکیەکانی نێوان پارتە کوردستانیەکان و گشت نیشتمانیەکان هاتەوە گۆڕێ.

زۆری نەخایاند بۆ چارەکردنی کێشە و ناکۆکیەکان، دەست بە تەقەلادانی ئاشتیانە کرایەوە، ڕووکاری ئاشتبوونەوە و ڕێککەوتن لەسەر بنیاتنانی بەرەی کوردستانی سەری هەڵدایەوە. هەروەها سەرکردایەتی (ینک) کەوتەوە دۆستایەتی کردن و هاوکاری لەگەڵ سوریا و کۆماری ئیسلامی ئێران و لیبیا.

لە بەشی بەڵگەنامەکان، بەیاننامەکانی (حشع و ینک و جود و جوقد) دەربارەی تێکچوونی گفتوگۆ بلاوکراونەتەوە.

* * *

ڕاپەڕین هەمیشە بەردەوامە

جەنگە گڵاوەکەی ڕژێمی فاشی بەغدا، دژ بە کۆماری ئیسلامی هەڵیگیرساند وەک هەر جەنگێکی شوومی دڕندانەی وێرانکەر، گەورەترین زەرەرو زیانی بە مرۆڤ، شارستانیەت، پیشەسازی و کشتوکاڵ گەیاند. ئارامی و ئاسوودەیی بە هیچ شتێکەوە نەما. سروشتو ئاوو هەوا، مرۆڤ، ئاژەڵ، باڵندە دووچاری ناخۆشترین و دژوارترین باری شڵەژاوی هاتبوون. بە هەزاران ڕۆڵەی عێراق و ئێران، کران بە چیلکە و سووتەمەنی بەردەوام بوون گرساندنی جەنگە نەفرەت لێکراوەکە. ژیانی ناهەموار و سەخت ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پتر هەموو جەمارەر و بەشەکانی کۆمەڵی دەگرتەوە. ڕەشبگیری و ڕاپێچەکردن بۆ گۆڕەپانی ئاگری جەنگەکە، بە تەواوی جەماوەری بێزار و وەڕس کردبوو.

ڕژێمی فاشی بەغدا هەر جەنگەکەی هەڵگیرساند، شاڵاوی فشار و تیرۆری توندتر کرد، بۆ سەر پێ شێلکردن و کپ کردنی هەر هەست و خوست و دەنگێک بۆنی دژایەتی جەنگەکەی تێدا بەدی بکرابایە. بە هەڵخەڵەتاندن و هەڵبێن‌پێدانی ناڕاست و هەڕەشە و گەف کردن.

پۆل پۆل لاوانیان بۆ بەری جەنگەکە دەنارد. خەڵکێکی زۆریشیان دەخستە ریزی بەناو لەشکری میللی (الجیش الشعبی) خۆ ئەوانەی سەرپێچی بڕیارەکانی میریان بکردبایە، سزاو ئازاری زۆریان پێ دەگەیشت و بەریەرەکانی دەکران. هەرچەندە لە بنەڕەتا لەشکری میللی بە تایبەت ئەندام و لایەنگرانی پارتی بەعسی عەفلەقی دەگرتەوە، کەچی بەتەک بەردەوام بوونی جەنگەکە شێوە و فشار و تیرۆر راپێچەکدان دەگۆڕا. جۆرەها شێوازی ناڕەوا و دوور لە هەموو گیانێکی مرۆڤایەتی بەکار دەهێندرا، دژی ئەوانەی بە ساناا مل کەچ نەدەبوون.

رۆژانە گۆڕانکاری بەسەر رووداوەکانی ژیاندا دەهات، بە کۆمەڵ لاشەی کوژراوانی شەڕەکە بەسەر شار و شارۆچکەکان بڵاو دەکرایەوە، ئەوەی ورتەی نارەزایی لێوە دەربهاتایە خۆشی نەبدەزانی چی بەسەر دەهێندری، زۆر جار ئاکامیان بە ئیعدام کردن یا بە هەڵواسین لە شەقامەکان دەگەیشت. !؟

تیپی مردن (فرقە الموت) لە هەموو شوێنێکدا وەک مۆتەکەی ترسناک بڵاو کرابۆوە. بەپێی مەرسومی کۆماری سەدام حسێن، دەستەڵاتی تەواویان پێدرا بوو کە ئەو تیپانەی کوشتن ئازادن لە هەرچی بیکەن، لێپرسینەوەیان لەسەر نیە! ترس، هەترەش چوون، پاڕانەوە و سەرایی کردن، بەرتیلدانی زۆر بێ سنوور تەشەنەی کرد بوو. بێزاری و رق و کینیش دژ بە تاوانەکانی رژێم لە ناو دڵ و دەروونی جەماوەر دەکولاو پەنگاوی دابۆوە.

کەرتی خوێندن (قطاع التعلیم) لە هەموو کەرتەکانی دیکەی دەوڵەت پتر کەوتبووە بەر فشار و شالاوی هێرشی دام و دەزگاکانی بەعس. هەر لە سالانی یەکەمی جەنگەکەدا، مامۆستاو قوتابیەکی زۆر

لە کاتی پشودانی هاوین، ڕادەکێشرانە نێو ریزەکانی لەشکری میللی، مەشقیان لەسەر جۆرەها چەک و تانک و ماشێن پێدەکرا. تەنانەت ڕۆژانی هەینیش ماوەی پشوودان و سانەوەیان پێ نەدەدرا.

خۆ ئەو قوتابیانەی گێنو لە مست و مەلکچی بڕیارەکانیان نەدەبوون، بە ئازاردان و هەڕەشە و سووکی پێکردن مامەڵەیان دەکردن، کۆسپ تەگەرەی زۆریان لە پێشی خوێندنەکانیان دادەنایەوە.

چەندە شەڕە گلاوەکە گەرمتر دەبوو، باررو دۆخی وڵات و میللەت بەرەو خراپتر و شێواوتری دەڕۆیشت. ڕاپێچەکردان بۆ ناو لەشکری میللی و مەشق پێکردن لەسەر بەکارهێنانی جۆرەها چەک، هەموو قۆناغێکی خوێندن و کەرتەکانی دی کۆمەڵی گرتبووە. چیناپەت و فشار و تیرۆری دام و دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕژێمیش لە شارو شارۆچکەکان ڕوو لە بەرز بوون و زێتر بووندا بوو.

بەهۆی باری تایبەتمەندی کوردستانی باشوور و بوونی هێزی پێشمەرگە و ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لە ناوچە شاخاویەکان، ڕاکردوان و بێزاربووانی جەنگەکە، ریزی لەشکری عێراقیان بەجێ دەهێشت و دەگەیشتنە ئەو ناوچانەی هێرش و دەستەلاتی میری بە سانا پێ نەدەگەیشت. شوێنێک لەو شوێنانەی بە ڕاشکاوی کەوتبووە ژێر پاڵەپەستۆی قورسایی فشار و ئەشکەنجەدان، قوتابیانی زانکۆی سەلاحەدین بوو لە هەولێر.

لە سەرەتای ١٩٨٤ پتر لە ٢٠٠ قوتابی کۆلیجەکانی زانکۆی ناوبراو دەرکران. چلکاوخۆر وجەتە پیاو کوژەکانی تیپی کوشتن کەوتبوونە ڕاونانی دەرکراوەکان. کۆمەڵێک لە قوتابیە دەرکراوەکان، جوامێرانە ڕۆڵی باشیان دەبینی لە هاندانی قوتابیانی دیکە و جەماوەر،

کە بڕیار و فەرمانەکانی ڕژێمی بەعس ڕەد بکەنەوە، جێبەجێیان نەکەن. ئەچنە ریزی لەشکری میللی یا بەرەکانی شەڕ، بە هەموو توانا و شێوەیەک دژی ڕژێم بزاڤ بکەن لە زانکۆی سەلاحەددین مانگرتن بەرپا بوو، لە سەرانسەری کوردستان و دام و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی وڵاتانی هەندەران دەنگیدایەوە. بە فرەوانی باسی لێدەکرا.

ئێزگەکانی هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکان، ڕۆڵێکی باشیان دەگێڕا، لە سازدان و هاندانی قوتابیان، داواشیان لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەکرد، پشتگیری لە مانگرتنەکە بکەن، ڕاپەڕین لە هەموو لایەکەوە دەست پێ بکات و پەرەبستێنێ. هەرچەندە ئەو کات سەرکردایەتی یەنک لە گفتوگۆکردنی گەر ڕژێمدا بوو، بە پێچەوانە زۆربەی قوتابیەکانی سەر بە ئەو، ریزی براکانیان بەجێ نەهێشت، هەڵوێستی یەکڕیزی و شۆڕشگێڕانەیان هەبوو، بەجەرگانە بەشداری ڕاپەڕین و گشت ئەرک و کارەکانیان دەکرد. لە هەمان کاتیشدا پارتەکانی سیاسی و ڕێکخراوەکانی قوتابیانی بەرەی دیموکراتی (جود) و بەرەی نیشتمانی دیموکراتی نیشتمانی (جوقد) چەندان بەیانیان لەسەر مانگرتنەکە بڵاوکردەوە. داوای پشتگرتن و کۆمەک کردنی قوتابیەکانیان دەکرد، هانی جەماوەریشیان دەدا ڕاپەڕن، ڕژێمی بەعسی بەغدا ڕیسوا بکەن لێدان و زەبری کوشندەی پێ بگەیەنن، داوای نەمان و ڕووخاندنی بکەن.

خۆ ڕاگرتنی چوارمێزانەی قوتابیەکانی زانکۆی سەلاحەددین، لە چوارچێوەی هەرێمی ئۆتۆنۆمی دەرچوو. لەگەڵ شوێنی دیکەی عێراق ڕەنگی دایەوە. لە کۆتای نیسانی ١٩٨٤ چپە چپ و خۆ ئامادەکردن بۆ مانگرتن لە زانکۆی موسڵ و قوتابخانەکانی کەرکوک بڵاوبۆوە.

رۆژی ١٩٨٤/٥/٤ سەرەتای مانگرتن لە زانکۆی موسڵ بەرپا بوو، کاربەدەستە چڵکاوخۆرەکانی ڕژێم، تووشی تەنگەتاوی و هەناسە برکە و سەر هێشە و سەر لێشێواوی هاتبوون، نەیاندەزانی بە چ شێوازێک مانگرتنەکە دابمرکێنەوە و خەفەی بکەن، نە هێڵن تەشەنە بکات. بە قسەی نەرم و خۆش، بە دەم لووسی و تکاو پاڕانەوە، بە سوێندن و بەڵێن پێدانی ساختە بازی، بە هەڕەشە کردن و چاو سوورکردنەوە، بە نیشاندانی کوتەک و تۆزێ زۆر عەبا، لە سەگی هەریان خراپتر بەسەر هاتبوو، پەلاماری ئەملا و ئەولایان دەدا!.

جەماوەری هەولێر و سلێمانی و دهۆک و زۆربەی شار و شارۆچکەکان ڕاپەڕین. دەنگی زوڵاڵی پشتگرتنی مافە ڕەواکانی قوتابیان بەرزکرابەوە، پرۆتستۆ دژ بە تاوانەکانی ڕژێم لە هەموو لایەکدا دەبیندرا، مانگرتن و خۆ پیشاندان لە زۆر شوێن دەستی پێکرد. لە شەقام و گۆڕەپانی شارەکان چەندین تێکهەڵچوون و لێکدان و تێکپرژانی کوشندە ڕوویدا. دروشمی یەکگرتووی سەرجەمی هێزەکانی سیاسی بەرزکرانەوە:

شەرە کڵاوەکە ڕاگرن
بڕوخێ فاشیەت
ڕۆڵەکانتان لە بەرەکانی جەنگ بگێڕنەوە
دیموکراسیەت و ئاشتی و ئاغان گەرەکە

ئەندام و لایەنگرەکانی یەنک، حشع، پدک و حسک لە شار و شارۆچکەکان یەکتریان گرتبوو. دڵسۆزانە هارکاری و هاریکاریکاری

یەکـــتـریان دەکـرد. پێکڕا بە یەکگرتووی هانی جـەمـــاوەریان دەدا، پێشڕەوی و ڕابەرایەتی ڕاپەڕینەکانیان ئەنجام دەدا.

فاشـیـەکانی بەغـداش دڕندانە، بە توند و تیـژی ڕەفـتاریـان لەگەڵ ڕووداوەکـاندا دەکـرد. سـوور بوون لەسـەر وەجـێـهـێـنانی گـشـت پلان و نەخشە گلاوەکانیان، لە ماوەیەکی کورتدا ۲.۸ قوتابخانەی سەرەتای و ناوەندی و ســـانەوی (برایەتی)یان لە پارێزگـــای دهۆک و ۲. . . قوتابخانە لە پارێزگای سلێمانی و کەرکوک هەڵگرت.

مـانگرتنی قـوتابیـەکانی زانکۆی سـەلاحەدین و زانکۆی موسـڵ و فێرگـاکـانی کـەرکـوک دامرکـێندرا، ژمارەیەک لە قـوتابیـە ئازاو چاو نەترسـەکان لەلایەن دام و دەزگای تیـرۆر و ئەشکەنجەدانی بەغدا، بێ سەرو شوێن وون کران و پەرت و بڵاویشیان بە قوتابیان کرد.

ژمارەیەکی زۆر لە قوتابیە ئازاکان گەڕەپانی خەبات و تێکۆشانیان بەجێ نەهێشت. لە ڕۆژی ۱۹۸٤/٥/۱. خۆپیـشـاندانێکی گـەورە لە شـاری هەولێر سـازدرا، هەمـوو شـارەکەی هەژاند، دوژمنی فـاشی کـەوتە پەلامـارداني جـەمـاوەر. ژمـارەیەکی زۆر لە سـیـخـوڕەکـانی ئەمن و مخابەرات و تیپی مردن و چەکداری عـسـکەری بە مودەرەعات دابەزینە ناو شەقام و کوچە و کۆڵانەکان، کەوتنە هێرش و پەلاماردانی کێوڕانە. ئازاری زۆریـان بە جـەمـاوەر گـەیاند. ئازایەتی و لە خـۆبووردوویی و هەڵوێـسـتی دانیـشـتـوانی شـاری هەولێری تێکۆشـەر لەیاد ناکـرێت. دەرگای ماڵەکـانیـان بۆ خۆپیـشـاندەرەکان کردبووە سـەرپشت، دالدەیان دەدا، دەیان شـاردنەوە نەیاندەهێشت بکەونە چنگ تاوان بەرانی پیـاو کوژانی ڕژێم.

لە سـەرەتای ۱۹۸٥ کە کلتـوگۆکەی ینک و ڕژێمی بەغدا تێکچوو

نە گەیشت بە هیچ ئەنجامێک و پێوەندیان نەما. هەلومەرجی لەبارتر بۆ خەڵکی کوردستانی باشوور هاتەوە کایە، چوستی و چالاکی و ورە بەرز بۆوە.!!

لە ناوەڕاستی ۱۹۸۵ لە گەلێ شوێنی هەرێمی کوردستان، هەولێر، سلێمانی، ئامێدی، کۆیە، قەرەداغ و دوکان لێدانی کوشندە ئاڕاستەی نۆکەر و دام و دەزگاکانی رژێم دەکرا. لە مانگی تشرینی یەکەمی ۱۹۸۵ فاشیەکانی بەغدا هێرشێکی درندانەی فەرمانیان بردە سەر شاری سلێمانی. بە بیست هەزار سەرباز ئابلوقەی شارەکەیاندا کەوتنە پشکنینی زۆربەی گەڕەک و کوچە و شەقامەکان بە بەڵگەی ناڕەوا و بەلپو بیانوو پتر لە ۱۲۰ خانووی دانیشتوانیان بە دینامێت کاول کرد، سێزدە رۆڵەی بێتاوانیان لە گەڕەکی ئەسحابە سپی، ›› کەس لە نزیک حەمامی نالی و سێ بەرامبەر بەندیخانەی شار ئیعدام کرد، بە ئاشکرا لەبەر چاوی جەمــــاوەر، بۆ چاوترســـاندن و چۆک پێدادان هەشت رۆڵەشیان زندە بەچاڵ کرد.

جارێکی دیکەش جەماوەری شاری سلێمانی کارەساتەکەی نۆی (۹) حوزەیرانی ۱۹٦۳ کەوتەوە بەرچاو، کە بە فەرماندەی گۆڕ بە گۆڕ شۆڤێنیستی دلڕەش زەعیم سدیق، ۱۲۸ رۆڵەی قارەمان لە دەوروبەری حامیەی شار زیندەبەچاڵ کران. ئەم کارەساتەش تاوانێکە لە تاوانەکانی رەگەزپەرستە داگیرکەرەکانی کوردستان، تا مێژوو ماوە هەر نەفرەت و لەعنەتی لێدەکرێت.

راپەڕین و لەخۆبووردوویی و قوربانیدانی نەتەوەی کورد یەکجار کۆنە، نەپساوە بووە. ئاگر، ئاسن قرچوبڕ و ڕاگیوزان چۆکی بە کورد دانەنواندووە و سەری پێ شۆڕ نەکردووە. نەتەوەی کورد ساتێک وازی

له داواکردنی مافه ڕەواکانی نەهانیوە، هەمیشە هەر بەردەوام بووە له ڕاپەڕین و قوربانیدان بۆ مافەکانی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابووری نەتەوایەتی و سەربەخۆیی نیشتمانەکەی.

جـــارێکی دیکەش ڕاپەڕینەکـــانی ١٩٨٤ و ١٩٨٥ هەر وەک ڕاپەڕینەکانی ١٩٨٢ سەرنەکەوتن. نەیان توانی ئامانجە سەرەکیەکانی جەماوەری کـوردسـتانی باشـوور وەدەست بهێنن، هۆیەکانی سەرەکیش لەســەرنەکــەوتنەکــان، هەر هەمـــان هۆنە کـــە لەوانەی (ڕاپەڕین و پەرساندنی چالاکیەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان) تۆمارکراوە.

مەشخەڵ و گلپەی ئاگر و قینی دەروونی نەتەوەکەمان بۆ ماوەیەکی کـاتی کـز کـرا. له ڕووی ڕاگـەیاندن و بروپاگـەندە دوژمنی فـاشی بە پەردەیەکی شاش واش بارەکەیان سەرپۆش کرد. گلپە و پشکۆ بوون بە زیلەمۆی ژێر خۆڵەمێش. نە ئەشکەنجە و تیرۆر و زیندانەکانی ڕژێم، نە شالاوی مرۆڤکوژە خوێن خۆرەکان. نە چەکی کیمیاوی و کردەوە بێ ئابڕوو دڕندانیەکەیان کە ناویان نابوو (ئەنفال) نەیتوانی و ناتوانێ نەتەوەیەکی وا ئازا و چاو نەترسی وەک کورد لەناو بەرێت!

جـــارێکی دیش له ناوەڕاســـتی مـــانگی مـــارتی ١٩٩١ ڕۆڵە نەبەردەکـانی کـوردسـتانی باشـوور، جـەمـاوەرە کۆڵنەدەرە قـارەمـانەکە ڕاپەڕینەوە، دوژمنی داگیرکەری ڕووڕەشیان ڕاونا و ڕەتاند. بەشـێکی زۆریان له کـوردسـتـانی باشـوور ئازاد کرد. ئەو بەرووبوومـەی ئێـسـتـاکە لەکاردایە، پەرلەمان و حکومەتی کوردستان و تەقەلادانبۆ فیدرالیەت له عـیراق، بەرهەمی تەقـەلا و قـوربانیـدانی جـەمـاوەرە ئەزیەت و ئازار دراوەکەی دەستی ڕژێمی فاشیە.!!

پێویـست دەکـات و دەبێ هەمـوو ئەرک و پرۆگـرام و تەقـەلا و

خەباتکردنەکان بۆ بەرژەوەندی ئەو جەماوەرە بگەڕێتەوە، هەر کارو ئەرک و کردەوە و ڕووداوێک بە پێچەوانەی بەرژەوەندی ئەوان بێت، دوا ڕۆژی بوو نیە و سەرکەوتن بە دەست ناهێنێ و دەکەوێتە بەر نەفرەت و بەرپرسیاری مێژوو! جا زوو بێت یا درەنگ!

*   *   *

کۆنگرەی چوارەمی
پارتی کۆمۆنیستی عێراق

لەچەند شوێنێک لەناو کتێبەکانم دا، باسی ئەوە کراوە کە لە سەرەتای پایزی ١٩٨٥، بە شێوەیەکی یەکجار ناڕەوا لە بناری شاخی شیرین و ناوچەی خێڵی بارزان دەرکراین، شوێنی مەکتەبی هەرێمی کوردستان، حشع کەوتە دۆڵی (مەرانە) لە مەڵبەندی بادینان. سەرجەمی کادر و هاوڕێکانی پێشمەرگە بە چالاکی و جوامێرانە، شەو و ڕۆژ کەوتبوونە کارکردن. بەپێ توانا گشتیان دەستەبەریەتی و بەشداریان لە بناغە هەڵکەند، بەرد شکاندن، داربڕین و تورکاری کردن و خانوو دروستکردندا دەکرد .

لەنێو ئەم کەین و بەینە و سەرقاڵیەدا دەژیان، کتوپڕ لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٨٥ بروسکەیەک لە م.س حشعەوە گەیشتە دەستم (بە پەلە، بەبێ وەستان دێن بۆ لای ئێمە) وێنەی هەمان بروسکەش بۆ هاوڕێ سلێمان شێخ محمد ئەندامی ل.م نێردرا بوو.

بەپەلە کەوتمە خۆ ئامادەکردن، بۆ ڕۆژی دووەم بەرەو ناوچەی سێ

سووچی نێوان ئێران ـ عێراق ـ تورکیا دژلی خوا کورک کەوتە ڕێگا. دوای شەش ڕۆژ ڕۆیشتن و بڕینی چەندان شاخی بەرز و ڕۆد و کەند و لەند گەیشتمە گوندی مەرگەوەڕۆکی سەرەوە. دیم هەموو ئەندامانی م.س و ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی ل.م و چەند سەروو ڕووی نەبیندراو لە گوندەکە کۆکراونەتەوە. یەکسەر بۆ ئەوە چووم ئەم بەزم و ڕەزمە، لەم کوێستانە ساردە و کەنارە چۆڵ و هۆڵە بۆ بەستنی کۆنگرەی چوارەمە!

بە زەقی دەبیندرا م.س حەشیع شەو و ڕۆژ لە کۆبوونەوەدایە، پشرودان لە سەرجەمی هاوڕێیانی دیکە هەڵگیرا بوو. دوو دوو و سێ سێ وەک خەرەکی جولا لە گەرمەی هاتوچۆکردن و گەر و سوور و فسکو هور دا دەژیان، دوای چەند ڕۆژ چاوەڕوان کردن، لەسەر داوای م.س، کۆمیتەی مەرکەزی، کەوتە کۆبوونەوە کردن، گشتمان بیست و سێ هاوڕێ ئامادە بووین، ئەمانەی خوارەوە:

١- عەزیز محمد
٢- زەکی خەیری
٣- کەریم ئەحمەد
٤- عومەری عەلی شێخ
٥- عەبدوڕەزاق سافی
٦- باقر ئیبراهیم مووسەوی
٧- سلێمان یوسف
٨- ئەحمەد بانیخێلانی
٩- فاتح ڕەسوڵ

١٠- تزما توماس
١١- مەهدی عەبدولکەریم
١٢- ئاراخشادور
١٣- یوسف حەنا
١٤- کازم حەبیب
١٥- حەمید مەجید موسا
١٦- رەحیم عەجینە
١٧- فەخری کەریم
١٨- عەدنان عەباس
١٩- عەبدولوەهاب تاهیر
٢٠ سەلیم ئیسماعیل
٢١- سولێمان شێخ محەممەد
٢٢- جاسم خەلوائی
٢٣- بشرا پرتۆ

ژمارەیەکیش لە هاوڕێیان نەیانتوانی بوو بگەنە کۆنگرەکە، ئەمانە بوون:

١- عامر عەبدولا
٢- د. نەزیە جەودەت دلێمی
٣- عادیل حەبە
٤- ماجد عەبدورەزا
٥- حوسێن سوڵتان

٦- ناسر عەبود

نزیک دوو هەفتەی مشتومڕ و دەمەتەقەی زۆر لەسەر ڕەش نووسی ڕاپۆرتەکاندا کرا کە بریتی بوون لە:

١- ڕاپۆرتی کۆمیتەی مەرکەزی بۆ کۆنگرەی چوارەم.
٢- هەڵسەنگاندنی تاقیکردنەوە و ئەزموونی خەباتی پارتی کۆمۆنیستی عێراق لە ساڵانی ١٩٦٨ - ١٩٧٩.
٣- پرۆگرامی پارتی کۆمۆنیستی عێراق لەژێر دروشمی (لە ڕێگای سەرخستنی شۆڕشی نیشتمانی دیموکراتی و گوازتنەوە بۆ سۆسیالیستی) نووسرا بوو.
٤- ڕاپۆرتێکی کورت بە ناوی ڕاپۆرتی متمانە پێکردن (تقرير الاعتماد) لەسەر چۆنیەتی کۆکردنەوەی نوێنەرەکان بۆ کۆنگرەکە.

هەروەها م.س ڕاپۆرتێکی کورت، تایبەت بۆ کۆمیتەی مەرکەزی دەربارەی کاروباری ڕێکخراوەکانی حشع لە سەرانسەری عێراق و دەرەوە ئامادە کرابوو.

لەژێر پەردەی کارکردنی پارتایەتی نهێنی و مەترسی فشار و تیرۆری فاشی بەعسدا، ڕاپۆرتەکەی ڕێکخراوەکان لە عمومیات و کۆمەڵێک بڕگەی جوان و ڕێکوپێک، دەرنەچوو بوو. لە کۆبوونەوەکانی ل.م بە ڕاشکاوی دەبیندرا کە ژمارەیەک لە ئەندامانی ل.م سازشکاری بە هێندێ وشە و پەیڤی زل زل دەکەن. لەژێر پەردەی شۆڕشگێڕیەت و چەپگەری! لە ڕاستیدا نە پێش کۆنگرە و لە لە دوایشدا توانیان بە خەڵکی بسەلمێنن شۆڕشگێڕ و لە خۆ بووردوونە!!! کردەوە و

هەڵوێستەکانیان بۆ خۆڕەپێشکردن و مەبەستی تایبەتیان بوو. جگە لەمەش لەنێوان ئەندامەکانی کۆنگرە، کەوتبوونە پەسە پس و بەرەلایی و لیبرالیەت، ئیمچە یەکبارچەیان (التکتل) لە نێوان نوێنەرە کەم شارەزاکانیان لە دەوروبەری خۆیان کۆکردبۆوە. هانیان دەدان و پاڵیان پێوەدەنان بۆ گێرە شێوێنی کردن. قسە کردن دژ بە ئەم و بە ئەو...!

بەیانی ڕۆژی ۱۹۸۵/۱۱/۱ لە گوندی سەرگەبەرۆکی خوارەوە لەژێر خێوەتێکی گەورەی ۱۵ + ۱۰ یەکجار ڕێکوپێک و جوان دامەزراو، لەژێر دروشمی (ئەی کرێکارانی جیهان یەکگرن - نیشتمانێکی ئازاد و گەلێکی بەختیار) و هەڵواسینی وێنەی مارکس، ئەنگلس، لینین، فەهد، سەلام عادل. بە سرودی ئینتەرناسیۆنال و وەستانی دەقیقەیەک لە یادی شەهیدەکانی جولانەوەی کرێکاریو نیشتمانی عێراقی و کوردستان کۆنگرەکە کرایەوە... ۱۳۸ نوێنەر ئامادە بوون، کۆمیتەیەک بۆ بەڕێوەبردنی کۆنگرەکە هەڵبژێدرا و دەست بە کار کردن کرا.

پێنج ڕۆژ لەسەر یەک، هەر ڕۆژە دە سەعات پتر کۆنگرە لە کارکردندا بەردەوام بوو، مشتومڕ و دەمەتەقەی توند و تیژ دەکرا، گەلێ ڕا و بیر و بڕوای جوت و گۆتەی ناڕەوا دەکەوتە بەرگێریان. هێرشی توند و تیژ ئاراستەی ڕێبازی سەرکردایەتی حشع دەکرا کە هێزی سەرەکیە تا ڕۆژی کۆنگرە حشع سەرکەوتنی بەدەست نەهانیە و هەر بەرەو دواوە گەڕاوەتەوە. لە گۆتە و بۆچوون و ڕەوشی ژمارەیەک لە نوێنەرەکانی کۆنگرە، دەمار ڕەقی و بۆزنی فشار و پەلاماردانی لێکری هەرزەکارانە بەدي دەکرا.

گەلێ ڕووداوی گرنگ و کارەساتی هەبوو کە لە دوای کۆنگرەی

سێیەمی حشع تا کاتی کۆنگرەی چوارەم رووی دا بوو، لە نێو راپۆرتەکاندا لە چەند رستەیەکی پەنکوپەنکی پارازاوە شاردرابوونەوە، یا هەر ئاماژەشیان بۆ نەکرا بوو وەک (دەربەڕاندنی حشع لە بەرەکەی لەگەڵ بەعسییەکانی عێراق سەرەتای ۱۹۷۹، پاشگەزبوونەوە لە رێککەوتنەکەی تەرابلس ـ لیبیا ۱۹۸۳/۲/٦ کارەساتەکانی پشت ئاشان ئیعدام کردنی بیست و چوار کادر و پێشمەرگەی ئارمانی حشع لەناو شاری هەولێر، پاییزی ۱۹۸٤، کەم و کورتیەکانی « جود »...)

شەوانیش لەدوای کۆبوونەوەکانی رۆژانەی کۆنگرەکە، کۆمیتەی مەرکەزی بۆ ماوەی سەعاتێک یا دوو سەعات کۆبوونەوەی تایبەتی دەکرد، گۆیە رووداوەکانی نێو کۆنگرەکە هەڵدەسەنگێنێ و شێوازی کارکردنی بۆ رۆژی داهاتووی دادەنا.

هەر کۆنگرە لە دەرسکردنی راپۆرتەکان و پرۆگرامی تازە بۆ حیزب کۆتای هات، هاوڕێ (عەزیز محەممەد) لە کۆبوونەوەیەکی تایبەتی ل.م، کورتەیەکی لەسەر ئیش و کار و ئەرکەکانی م.س و ل.م باس کرد، گوتی: کاتی ئەوە هاتووە:

۱- دەست بە نوێ کردنەوەی هەموو حشع بکەین، لە پێشەوەیاندا ل.م و کۆمیتە سەرەکیەکان، کادری لێهاتوو تازە پێگەیشتوو چالاکی و شوێنی خۆیان وەربگرن.

۲- بایەخ پتر بە کارو باری رێکخراوەکانی نهێنی حیزب بدرێت، بەتایبەتی شاری بەغدا و ناوەند و باشووری عێراق.

۳- پێویست دەکات ئەم مەبادەرەیە لە خۆمانەوە دەست پێ بکات، بۆ هەڵبژاردنی کۆمیتەی مەرکەزی تازە، داوا لە کۆنگرە بکەین پازدە ئەندام لە ئەمەی کۆن هەڵبژێردرێنەوەولە دوایشیدا بۆ ئەرک و کارە

نهێنیەکانی حیزبی، دە ئەندامی تازە بهێننە ل.م.

مشتومڕەکی کەم لەسەر گۆتە و پێشنیارەکانی هاوڕێ عەزیز کرا. دەربارەی نیوەی ئەندامە کۆنەکانی ل.م کش بکرێن. بە دەنگدانی زۆریە ڕێککەوتنی لەسەر کرا.

دەربارەی پێشخستنی دە کادری تازە بۆ ل.م لەژێر پەردەی سانترالیزمی توند و تیژ و کاری نهێنی سەخت و تیرۆر و ژیانی پارتایەتی لە عێراقدا و پەروەردە نەکردنی ڕاست و دواکەوتنمان لە زانین و تێگەیشتنی مانای پیرۆزی دیموکراسیەت و چۆنیەتی بەکارهێنانی... دوای دەمەتەقەیەکی کورد، دەسەڵات بە هاوڕێ سکرتێری گشتی درا کە دە ئەندام بە نهێنی هەڵبژێردرێت و بیانهێنێتە کۆمیتەی مەرکەزی بەومەرجەی ئاشکرا نەکرێن، نهێنی بن تەنیا بۆ کاروباری ڕێکخراوەکانی حیزب لە بەغدا و خوارووی عێراق بەکار بهێندرێن!

لە دوایەمین ڕۆژی کۆنگرەکە، کۆمیتەی سەرکردایەتی ناوی ئەندامەکانی ل.م/ی لە لیستەیەکی نارێکی پڕ فرتوفێل دابەزاند، نە بە شێوەی تیپی ئەبجەدی و نە بە شێوەی ڕۆڵ و شوێنی ئەندامەکانی ل.م ڕێکخرا بوو. داوا کرا کە دەنگ بدرێت بە پازدە ئەندم بۆ ل.م/ي تازە. پێشی دەنگدان هاوڕێ باقر ئبراهیم ناوی خۆی لە لیستەکە دەرهانی و نامەیەکی کورتی بۆ کۆنگرە خوێندەوە، نارەزایی و ڕەخنەی خۆی لەسەر گەلێ لە کار و ئەرکەکان نیشاندا و ڕازی نەبوو لە لیستەکەدا ناوی هەبێت.

زۆربەی ئەندامەکانی کۆنگرە پێشنیارەکەی کۆمیتەی سەرکردایەتی کۆنگرەیان بە گەرم و گوڕی و چەپڵەلێدانی پێشوازی کرد، وایان

لێکدەدایەوە ئەم هەنگاوە سەرەتای هەنگاوێکی شۆڕشگێڕی تازەیە، ڕۆڵی حشع لە گۆڕەپانەکەدا دەگۆڕێ و سەرکەوتن وەدەست دەهێنێ.

هەر کە کۆتای بە دەنگدان هێندرا و ژمار دەکرا. کۆمیتەکەی سەرکردایەتی ڕایگەیاند کە تەنیا سێزدە ئەندام دەنگی تەواویان بۆ ل.م ی تازە هێناوە، کۆمیتەکە پێشنیار دەکاتە سەر کۆنگرە سێ ناو بکەوێتە گەر سێزدە ئەندامەکانی دەنگیان وەرگرتیە، بۆ ئەوەی ژمارەی ئەندامە کۆنەکان لە ل.م ی تازە ببن بە شازدە ئەندام. ئەمەش نیمچە شەرعیەتێکی شکلی بۆ وەرگیرا.

دیسان جارێکی دیکەش لە ژێر پەردەی پاراستنی کاروباری نهێنی نوێنەرانی کۆنگرە نەیانزانی ئەمانەی دەنگیان وەرگرتیە کێ ئەو هەر یەکە چەند دەنگیان وەرگرتیە و ئەم سێ ناوەی خستراونە سەر سێزدە ناوەکە کێ نە؟

بە ڕاستی سەرجەمی هەڵسوکەوت و شانۆگەریەکە، لە سادەترین گیانی دیموکراسیەت و مافی ئەندامایەتی ڕاستەقینە دوور بوو. بەڵام دەبێ چی بگوترێ کە گەلێ جار لە ژیانداا دڵسۆزی و گەرم گرتن و سەرگەرمی دەروونشانە، مرۆڤ دەبەستێتە ناو قوڵترین کارکردنی میکانیزمی، تا ژیان و مێشکی بە واقیعێکی گەورە و تاڵ و پڕ ئازار نەکەوێت، هەست و هۆشی هۆشیار بوونەوەی ناکەوێتەوە ناخی مێشک و بیرکردنەوە لێکدانەوەی دا.

دوای تێپەڕ بوونی سێ چوار ڕۆژ بەسەر تەواو بوونی کۆنگرەکە، یەکە یەکە ئەم هاوڕێیانەی گوایە دەنگیان نەهانیبوو، ئاگادارکران کە بە ئەندامێتی تازەی ل.م دەرنەچوون. منیش یەکێک بووم لە دەرنەچووەکان.

دوای هەفتەیەک هاوڕێ عەزیز و عومەر عەلی شێخ ئاگاداریان کردم کە م.س بڕیاری داوە بە ئەندامیەت لە مەکتەبی هەرێمی تازە کار بکەم. بانگهێشت کرام کە لە کاتی دیاریکراو بەشداری لە یەکەم کۆبوونەوەی مەکتەبەکە بکەم. لە کۆبوونەوەکەدا دیم هاوڕێیان کاک عزیز و کاک عومەر و ئەندامێکی کۆنی ل.م و دوو لە کادرە تازەکان ئامادەنە.

هاوڕێ عەزیز محەمەد یەکجار بە گوشادی و خۆشی کەوتە باسکردنی کۆنگرەکە و ئەنجامەکانی، کە لە هەموو ڕوویەکەوە سەرکەوتوو بووە و حیزب بەرەو پێش دەبات.

دوای لێکدانەوە و بیرکردنەوەی زۆر، گەیشتمە سەر ئەو بڕوایە، نە ڕەوشتم نە مزاجم لەگەڵ ئەم بلۆکە کادرە ناگونجێت ئەگەر لەگەڵیان بینمەوە، تووشی ئازار و سەر ئێشەی زۆر دەبم، بەتایبەت هاوڕێیەکی عارەبیان بۆ سکرتێرایەتی هەرێمی کوردستان داناوە، لە لێزانین و ناسیاری کۆنم و هەڵسەنگاندنم، ئەم هاوڕێیەی سکرتێری تازەی هەرێم لە بیر و بڕوای ڕەگەزپەرستی ڕزگار نەبووە، هەموو ژیانی حیزبایەتیشی بیروکراتێکی وشک بووە، دوو کادرە تازەکەش ... کوردن، نە توانای ژیانی سەختی شاخیان هەیە.

داوام لە م.س کرد بوار بە خۆم و خێزانم بدەن بۆ معالجەی پزیشکی بۆ دەرەوەی وڵات بڕۆین. بە سووربوونێکی زۆر و تکا، ماوەیان پێداین بچینە سوریا.

لە کۆتایی مانگی کانونی یەکەمی ١٩٨٥ ئیدارەی م.س مقدارێک پارەیان بۆ خەرجی ڕێگا پێداین لەگەڵ نامەی م.س حشع بۆ م.س پدک کە یارمەتیمان بدەن و لە تاران لیژەپاسی ئێرانیمان بۆ وەربگرن.

ئاگاداری ڕێکخراوی حشع کرا کە لە تاران شوێنی ژیان و پارەمەتیمان پێشکەش بکەن تا لە ئێران دەردەچین.

لە ڕۆژێکی یەکجار دژوار و سارد و بەفراوی گوندی مەرگەوەڕۆک و دۆڵی خواکورک/م بەجێهێشت.

لە (ورمێ) سەردانی برایانی م.س پدک و کرد. ئەوانیش بە نامەی رەسمی خۆیان داوایان لە کاربەدەستانی ورمێ کرد ڕێگامان بدەن بۆ دەرەوەی ئێران بڕۆین. تەنانەت لەکاتی دیار کراو برادەر (سەرکیس سریانی) کە ئەوکات لە دەفتەری کاک مەسعود بارزانی کاری دەکرد لەگەڵیاندا ناردبێن بۆ لای کاربەدەستانی ئێرانی بۆ یارمەتیدان و تەرجومەکردنی ئەو پرسیارانەی ئێرانیەکان ئاراستەمان دەکەن و وەرامەکانی ئێمەدا

هەروەها لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئەوە بڵێم کە هەمیشە یارمەتیدانی ماڵ و منداڵەکانی برادەر کاک محەمەد رەحیم (خاڵە حاجی) کە ئەو کات ئەندامی م.س حسک بوو لەیاد نەکەین. بە تایبەت یارمەتیدانی هەردوو خێزانەکەی کە لەکاتی نەخۆشی خێزانەکەم لە نەخۆشخانەی ورمێ وەک خوشکی دڵسۆز و ئافرەتی کوردی لەخۆبوردوو ئازا، ڕۆژانە سەریان لێ ئەدەی بوو، ئەیانهێشت بوو دەربەدەری و تەنیای پێوە دیار بێت، فریاکەوتن لە تەنگانەدا نرخ و پایەی خۆی هەیە.؟!

لە ورمێ ئەوەی لام سەیر و سەر سوڕهێنەر بوو، چۆن وا زوو بە زوو، لە دوو سێ شوێن ناوی ژمارەیەک لە دەرئەچووەکان بۆ ل.م و ئەندامە تازەکان، کە گۆیە نهێنینە و بۆ کاری نهێنی دانراون زاندرا و کەوتە سەر دەمی ئەو و ئەو(١١٧).

هەر کارەکانمان لە ورمێ تەواو کرد، بە پسولەی پەسەپۆرتنامەی م.س پدک بۆ تاران ڕۆیشتین، هاوڕێیانی خۆمان و برادەرانی لقی هەشتی پدک لە تاران بە تایبەت خوالێخۆشبوو کاک ئیدریس بارزانی و کاک

<١١٧> خۆم و خێزانم هەر لە تاران مابوینەوە و دەرنەچوو بووین، لە شاری کەرەج - ئوتێلی سامان دەژیاین، هاوڕێ ڕێکخەری ڕێکخراوەکانی حشع لە تاران بۆی گێڕامەوە کە ناوی هەموو ئەندامە کۆنەکانی لەم کە لە کۆنگرەی چوارەم دەرنەچوبوون، لە ڕۆژنامەکانی کوێت و بەیروت بڵاوکراوەتەوە، دەرنەچووەکان ئەمانە بوون:

١- زەکی خەیری

٢- باقر ئیبراهیم

٣- عامر عەبدوڵلا

٤- د.نزیهە دلیمی

٥- فاتح رسول

٦- عەدنان عباس

٧- یوسف حنا

٨- جاسم حلوای

٩- عبدالرحاب تاهیر

١٠ ماجد عەبدوررزا

١١- ناسر عبود

١٢- حسین سوڵتان

١٣- بشری پرتو

عوسمان قازی و کاک دکتۆر شەوکەت بامرنی یارمەتی باشیان داین و لەگەڵماندا خەریک بوون ئەوە بوو لە ڕۆژی ١٩٨٦/٤/٢٢ تاراندمان بەجێهێشت و گەیشتینە (دیمشق).

سەرجەمی بەڵگەنامەکانی کۆنگرەکە لە کتێبێکی ٣٤٤ ڕووپەری خنجیلانەی قەوارە بچوک، ڕێکوپێک چاپکراو بە عارەبی لەژێر ناوی:

(وثائق المؤتمر الوطني الرابع للحزب الشيوعي العراقي)
١ ـ ١٥ تشرين الثاني ١٩٨٥.

بلاوکرایەوە.

وا لێرەدا تەنیا چەند تێبینی و ڕای تایبەتیم لەسەر کۆنگرەکە تۆمار دەکەم:

أ- هەر دوا بە دوای ڕاونان و دەربەڕاندنی حشع لە بەرەکەی لەگەڵ بەعسی عەفلەقیدا لە سەرەتای ١٩٧٩، دەنگ لە لایەن زۆربەی کادر و ئەندامەکانی حشع بەرزبۆوە کە پێویستە کۆنگرە ببەسترێت:

١- بۆ دەرسکردنی هۆی ئەم ئاپۆرو و کارەساتانەی دووچاری حشع هات.

٢- دانانی پلان و پرۆگرامی تازە، بۆ داهاتووی عێراق و شێواز کردنی خەباتکردن.

بەڕاو بۆچوونم دەتواندرا لە ١٩٨١ و کۆتایی ١٩٨٤ کۆنگرەکە ببەسترێت. کەچی م.س هەر دوووی دەخستەوە!!

ب- لەکاتێکی نا لەبارو بەپەلە نوێنەرانی کۆنگرە کۆکرانەوە، کەسانی ئەوتۆش لە دەورووبەری م.س و ڕێکخراوەکانی دەرەوە

هێندرابوونە کۆنگرەکە وەک نوێنەر بە هیچ شێوەیەک شیاوی ئەوەیان نەبوو ئامادە بکرێن، کەسانی لێهاتووش هەبوو بە ناڕەوا ماوەیان پێ نەدرا بەشداری لە کۆنگرەکەدا بکەن.

ج- ڕاپۆرتەکان بە شێوەیەکی ڕێکوپێکی وەستایانە نووسرا بوون و ڕازاندرابوونەوە، بە جەرگانە و ئاشکرا، دەست نشانی ئەو کەم و کورتی و هەڵە کردنانەی سەرکردایەتی حشع تێی کەوتبوو نەکرابوو.

گەلێک ڕووداوی فرە مەزن و کارەساتی، بەسەر باری عێراق کوردستان و حشع دا هاتبوو، یا بە خێرا ئاماژەی بۆ کرا بوو، یا هەر باسی لێنەکرا.

د- بڕیاردانی زۆربەی ئەندامانی ل.م و کۆنگرەکە بە هاوڕێ عەزیز محەمەد کە دە ئەندام بێنە ناو لێژنەی مەرکەزی لە گەورەترین هەڵە کردنی سیاسی و فیکری دادەندرێت.

گوشادی و ڕەزا بوونی هاوڕێ سکرتێریش بە بڕیارەکە، لە چوار چێوەی خۆپەرستی و بیروکراتیەت و پاراستنی شوێنی دەرناچێت.

هـ- ژمارەیەک لە ئەندامەکانی م.س و کۆمیتەی بەڕێوەبردنی کۆنگرە، دەیانزانی لە ناو کۆنگرەکەدا جەمەوجۆلی و مەقۆ مەقۆ و نیمچە تەکەتول دژ بە ئەم و ئەو هەیە، کەچی خۆیان لێ بێدەنگ کردبوو گوێیان پێ نەدەدا.

لەژێر بەردەی چەپڕەوی و خوێن گەرمی شۆڕشگێڕانە، شەپۆلێک لە توند و تیژی باڵی بەسەر کۆنگرەکەدا گرتبوو، بۆنی فشار و هەڕەشە کردنی فیکری و سیاسی بە زەقی و بێ پێچ و پەنا دەبیندرا.

و- چاوەڕوانی دەکرا، لەدوای کۆنگرەکە ڕۆڵ و باری حشع لە هەموو ڕوویەکەوە بگۆڕێت و بەرەو پێش بڕوات.

کەچی بە پێچەوانە لە واقیع و تاقیکردنەوەو ئەزموونەندا، وا دەرنەکەوت، هەر دوا بە دوای کزنگرەکە کەم و کورتی و مشاکیلەکانی ناوخۆی گەلێ پتر بوو، لە زۆربەی بەشەکانی ئەرک و کارەکانیدا بەرەو دوواوە گەڕایەوە.!!

*   *   *

سێ ساڵ ژیان لە سوریا

هەرکە گەیشتینە دیمەشق، زوو هەستی ئەوەم کرد، مامەڵە و ڕەفتاری سەرکردایەتی حشع لەگەڵ ئێمەی ئەندامە کۆنەکانی پێشووی م.س و ل.م جیاوازی زۆری تێدا بەدی دەکرا لەگەڵ ژیانی سەرکردایەتی تازە و هێندێ لە تێکۆشەرەکانی دەوروبەریان!ا تەمەنی درێژی حیزبایەتی و ماندوو بوونی زۆر و باری تەندروستی خراپ ئەوەندە گیوی پێ نەدەدرا.

لە دوای مانگێک ئاگادار کرام، کە لەکات و ڕۆژی دیار کراو بچم بۆ مەکتەبی حزب ـ بارەگا. لە مەکتەب کاک عەزیز محەمەد و کاک کەریم ئەحمەد دانیشتنیان لەگەڵدا کردم. لەسەرتادا هاوڕێ عەزیز ئاگاداری کردم (بەناوی ل.م ڕەخنەت ئاراستە دەکەین، بەچی ئەوەی لە دوای گۆنگرەی چوارەم لە شاخ نەمایەوە و بە سووربوونێکی توند داوای دەرچوونت کرد بۆ دەرەوە؟) لە دوایدا گوتی: (بڕیارمان هەیە بە ئەندامێتی لیژنەی پێوەندییەکانی نیشتمانی حشع (لجنة العلاقات الوطنیه ـ للحزب الشیوعي العراقي) داندراوی خۆشم سەرپەرستی کۆمیتەکە دەکەم) ئامادەییم نیشاندا بۆ بەجێهێنانی ئەو ئەرکە و

کــارانەی پێیم ڕادەســـپــێردرێن. ڕۆژ و کـــاتی یەکــەم کــۆبوونەوەی کۆمـیـتـەکـەی پێ گوتم. لە یەکەم کۆبوونەوەکەدا دیم کـومیتـەکە لە هاوڕێیان: زەکی خیری، ماجد عەبدوڕەزا، شێرزاد قازی، فاتح ڕەسول، عەبد علوان، ئەحـمـەد جەبوری، ڕفـیق سابیر، کـادرێکی دی، خەڵکی بەسـرا لە دەرچوانی زانکۆی پراگ پێیان دەگـوت ئەحـمـەد قـامیـشلی پێکهاتبوو.

لە دانیـشـتـنەکـەدا هاوڕێ عـەزیز بە دوور و درێژی باسی باری سـیـاسی و کـوردسـتـان و جـەنگی ئێران و عـێراقی و ئەرکـەکـانی کۆمـیـتـەکـەی بۆ کردین. کـە لە بارودۆخ و هەلومـەرجی ئێـسـتـامـاندا پێوەندیەکانی نیـشـتـمـانی گرنگی تایـبـەتی خۆی هەیە، بایەخ پێدانی باشی گەرەکە.

ئەرکـەکـان لە نێوانماندا دابەشـکرا. هاوڕێیـەک بۆ پێوەندی کـردن لەگەڵ پارتە کۆمۆنیـسـتـەکانی عـەرەبی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، یەکێک بۆ ڕێکخـراوی ئازادیخوازی فـەلەسـتین و گشت گروپ و تاقـمـەکـانی دیکەیان. یەکێک بۆ پێوەندی لەگەڵ جولانەوەی ئازادیخوازی نیشتمانی و دیموکراتی عـەرەب، یەکـێک بۆ پارتە کـوردسـتـانیـەکـانی سـوریا و تورکــیـــا، هاوڕێیـــەکــیش بۆ پێوەندی بۆ بەرەی (جـوقـد) و پارتە کوردستانیەکانی عێراق.

پێوەندی کردن لەگەڵ پارتە کوردستانیەکانی سوریا و تورکیا بوو بە ئەرکی من. بە یارمەتیدانی هاوڕێیانی مەکتەب لە ماوەیەکی کورتدا پێوەندی و ناسین و دۆستایەتیم لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری نوێنەرانی ئەو پارتە کـوردسـتـانیـانەم پەیدا کرد، مـاوەی دوو سـاڵ لەسـەر ئەو کـارە مامەوە، ساڵەکەی دیکە وەک ئەندامێکی کۆمیتـەکە بەردەوام بووم، تا

ئەو ڕۆژەی دیمشقم بەجێهێشت.

لە دانیشتن و کۆبوونەوەکانی لەگەڵ نوێنەرانی پارتە کوردستانیەکاندا دەم کرد. بە وردی گوێم لە ڕا و بۆچوون و ڕووداوەکانیان دەربارەی شێوازی کارکردنیان و ئاسۆی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد دەگرت... بە وردی ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانیانم دەخوێندەوە. لە هەمووی سەرنج ڕاکێشتر ئەوە بوو لە گۆڤار و بڵاوکراوەکانی برا تێکۆشەرەکانی کوردی سووریا دەردەکەوت جیاوازیەکی بنەڕەتی لە نێوانیاندا نەبوو، لە پرۆگرام و دروشمەکانیاندا یەکجار لە یەکتری نزیک بوون. کەچی قسە دژی یەکتری کردن و ساردی و دڕدۆنگی لە نێوانیاندا بڵاوببۆوە.

کە پرسیارم لێیان دەکرد بۆچ چارەیەک بۆ بارە نارەوایە و نا تەباییانەی لە نێوانتاندا هەیە نادۆزنەوە؟ هەرلایەک داکۆکی توندی لە ڕێبازی خۆی دەکرد، تۆمەت و هێرش ئاراستەی لایەنی دیکەی دەکرد.

نوێنەر و کادری ئەم پارتە کوردیانەی سووریام دەبینی:

١- پارتی دیموکراتی پێشکەوتوخواز لە سووریا
٢- پارتی دیموکراتی کورد
٣- پارتی یەکێتی گەلی کورد
٤- پارتی کاری دیموکراتی کورد
٥- کۆمەڵەی کارکەرانی کورد
٦- پارتی چەپگەری کورد.
٧- پارتی سۆسیالیستی کورد
٨- پارتی کۆمۆنیستی کوردستان.

نوێنەرانی ئەو پارتە کوردستانیانەی باکوریش:
١- پارتی کرێکارانی کوردستانی تورکیا
٢- پارتی کرێکارانی کوردستانی پێشڕەو
٣- پارتی کرێکارانی کوردستان پ.ک.ک
٤- بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان ـ تورکیا کوک
٥- بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستانی ـ ڕێبازی سۆسیالیست
٦- ئالأی رزگاریخوازی کوردستان ـ تورکیا

بەشی زۆر لەم پارتانە وا خۆیان دەردەخست و لە قەڵەم دەدا کە یەکجار شۆڕشگێڕ و چەپگەرن. بنەمای فیکریان لە مارکسیەتەوە وەرگرتیە. ڕۆژانە ئێمەی هاوڕێیانی کۆمیتەکە چەند سەعاتێک لە مەکتەبی سەرکردایەتی حشع بەردەوام دەبووین.

ئاسیاری و دۆستایەتیم لەگەڵ هێندێ خێزانی برا کوردەکانی دیمشق پەیدا کرد. بەپێی لێکدانەوە و بۆچوونم. پتر لە (...٦) هەزار کورد لە خودی پایتەخت ـ دیمشق ـ دا دەژین. زۆربەیان هەژار و دەستکورتن. پتر لە ٢٠٠ هەزاریان بێ شوناسنامە دەژین. لە هەموو پارەتی و چاوەدێرییەکانی میری بێ بەشن، خوێندن بە کوردی قەدەغەیە. بە هەزار فرت و فێڵ و دەردە سەری ژمارەیەکی کەمیان قوتابخانەی ناوەڕاستی تەواو دەکەن. ڕێگای زانکۆ و کۆلیجەکان یەکجار لە پێشیان تەسکە. خۆ کۆلیجەکانی عەسکەری و فڕۆکەوانی بە تەواوی بۆ کورد قەدەغەیە.

دام و دەزگاکانی پارتی بەعسی سەرکار و مخابەرات و ئاسایشی ڕامیاری (الامن السیاسی) بە جۆرەها شێواز کەنتڕۆڵ و سانسۆریان

لەسەر داناون. وەک رایەلی جالجالۆکە تۆکمە و بەکرێگیراوی خۆیان لە نێواندا بلاو کردووەتەوە.

سێ . ٣ ساڵ لەمەوبەر ناوی گوندەکانی کوردیان بەناوی عارەبی گۆڕی، بە درێژایی سنووری کوردستانی باکور کوردەکان ڕاگوێزرا و خێزانی عەرەبیـان لە شوێنیان دانا. ناویان نا پشتێندی ئاسایش دەیان بنەماڵەی ناسراوی کورد هەنە کە سەدان ساڵە لە سووریا دەژین وەک بنەماڵەی: ئەیوبی، بەرازی، بۆزە، بەگداش، زارگەلی، کوردی حاجۆ و بەرمەدا... هتد. قەدەغەیە لە دەفتەری شوناسنامەیان بنووسرێ کوردی. ناو و بنەماڵەی هەموویان بە نیشتمانیەتی سووری (مواتین سوری) نووسراوە.

ئەو ماوەی لە سووریا دەژیام هەمـوو خوێندنەوە و هۆش و بیـر لێکدانەوەکانم بۆ سێ مەبەست تەرخان کرد بوو.

١- بە وردی و بەردەوامی ئاگاداریم لە ڕووداوەکـان و باری کوردستان نەپچڕێت.

٢- ئەو هاش و هۆش و پەشـۆکـاویەی بەناوی نوێکردنەوە و ئاشکرایی پرۆستـرویکا و گلاسنۆست لە یەکێتی سۆڤیـەتی دەستی پێکردووە بۆکی دەچێت و بەچی دەگات؟

٣- تەقەلادان بۆ کردنەوە و تۆمارکردنی بەڵگەنامـەو بلاوکراوەی گـرنگ و بەسـوود. ئەوانەی کـە پێوەندیان بەو پرۆژەیە هەبوو، کـە لە دەمێکەوە خەریکی کۆکردنەوەیان بووم،

گـەلێ ڕووداوی گـرنگ و سەرنج ڕاکێشـەر ڕووی دەدا و بە خێرا تێپەڕ دەبوون، ئەوکات گەلێ کتێب و نامیلکە و دۆکۆمێنت پۆستەرات و سـەدان ڕووپەڕ لەسـەر ڕووداوەکان بلاودەکـرایەوە. وا لێرە لـە ناو ئەم

کتێبەدا. تەقەلا دەدەم کە زۆر بە خەستی چەمکێ لە ڕووداوە بایەخدار و گرنگەکان بخەمە پێش خوێنەری کوردی ئازیز، تاوەکو ئەو بەڵێنەی خستومەتە ئەستووم (ئەویش نووسین و بڵاوکردنەوەی هێندێ لە دوکۆمێنتەکانی دوازدە ساڵ ١٩٧٩/١/١تا١٩٩٠/١٢/٣١ لەسەر ڕووداوەکانی کوردستان جێبەجێی بکەم.

١- ئاشتبوونەوە

أ- لەگەڵێ شوێنی نووسینەکانمدا باسی ئەو کۆشش و هەوڵ و تەقەلادانانە هاتووە کە لە پێناو چارەسەرکردنی دووبەرەکی و کێشە و ناکۆیەکانی نێوان هێز و پارتە کوردستانیەکان دەدرا. لەگەڵ بڵاوکردنەوەی دۆکۆمێنتی بەسوود و پڕ مانا. بە تایبەتێ، ئەوانەی لە ناوەڕاستی ١٩٧٩ەوە دەستی پێکرد. تا گەیشتە ئاشتبوونەوەی تەواو و بنیاتنانی بەرەی کوردستانی لە کوردستانی باشوور.

پێویستە ئەوەش لە یاد نەکرێن کە هەر بەهێنا بهێن، کۆسپ و تەگەرە و کێشەی توند و تیژ دەهاتی گۆڕێ، بەڵام خۆشبەختانە دوای ماوەیەک سەرلە نوێ، لە زۆر لا هاواری خێرخوازانە و بانگەوازی دڵسۆزانە بۆ ئاشتبوونەوە و چارەکردنی ناکۆکیەکان دەستی پێدەکردەوە.

دوا بەدوای کارەساتەکانی یەکی ئایاری ١٩٨٣ بە ماوەیەک لەوکاتەی (ینک) هێشا هەر لە گفتوگۆکردنی لەگەڵ میری عێراق بەردەوام بوو. لە پایزی ١٩٨٤ کاک حەمەی حەمە باقی و فەرەیدون دارتاش و محەمەد مزکری، گەیشتبوونە لای هاوڕێیانی مەڵبەندی سلێمانی لە (کەرەژاڵ)‹١١٨› گۆیە تەدیب و نووسەری کوردن، بە

مەبەستی ڕێکخستن و یەکبوونی سەرجەمی نووسەرە چەپ پەرستەکان تێدەکۆشن. لە هەمان کات دەربان بڕیبوو کە بە ئەرکی پیرۆزی خۆیان دەزانن تێبکۆشن هێز و پارتە کوردستانیەکان لە یەکتری نزیک بکەنەوە بە ڕێگای گفتوگۆی ئاشتیانە ناکۆکیەکانی نێوانیان چارەسەر بکەن و گشت وزە و توانایان بکەن بە یەک و ئاراستەی جەرگی دوژمنی فاشی بکەن.

لە هەمان دەورویەریشدا نوێنەرانی سەرکردایەتی (یەک) شەهید ئازاد هەورامی و کاک جەبار فەرمان و کاک پێشەوا تاڵەبانی گەیشتبوونە گوندی بارزانی وێران کراو، چاویان بە نوێنەرانی سەرکردایەتی حشع کەوتبوو. ئاگاداری نوێنەرانی حشعیان کردبوو کە سەرکردایەتی یەک داوا دەکات لاپەڕەی تازە و ئاشتبوونەوە دۆستایەتی و خەباتکردنی هاوبەش لە نێوان هەردوو لایانەوە دەست پێ بکاتەوە. لە سەرەتای مانگی نیسانی ١٩٨٦ م.س یەک نامەیەک بۆ م.س حشع دەنێرێ، داوای گفتوگۆ کردن و ئاشتبوونەوەی کردبوو. م.س حشع بەم نامەیە وەرامی دابۆوە:

---

(١١٨) کەرەژاڵ: بەو دۆڵە دەگوترێ کە کەوتووتە سەرووی گوند و ئاوی ئەحمەد ئاو لە ناحیەی خورماڵ. قەزای هەڵەبجە.

الرفاق المحترمون في المكتب السياسي للاتحاد الوطني الكردستاني

تحية نضالية

استلمنا رسالتكم غير المؤرخة الى المكتب السياسي للجنة المركزية لحزبنا الشيوعي العراقي و الى الاطراف الاخرى في جود و التي تعربون فيها عن املكم في ان تقبل دعوتكم لتوحيد النضال المشترك و تعبئة قوى الجميع ضد الحكم العفلقي الفاشي و المصالحة الوطنية و الجبهة الوطنية العريضة الحقيقية.

ومن خلال المشاورات التي قام بها ممثلوا الاحزاب و المتحالفة في الجبهة الوطنية الديمقراطية العراقية (جود) بشأن رسالتكم، كما كانت تقوم به في السابق حول العلاقة مع الاتحاد الوطني الكردستاني. عهدت الينا الاحزاب الحليفة بالرد على رسالتكم و تحديد موقفها من خطواتكم. ان جود بذلت في الماضي و تبذل الان و في المستقبل ايضا جهودا حقيقية من اجل تطبيع العلاقة مع (الاوك) و اقامة الجبهة الوطنية العريضة و دون شروط مسبقة، تضم كل قوى المعارضة الوطنية، الشيوعيتو و القومية التقدمية، العربية و الكردية و الديمقراطية و الاسلامية. و هذه حقيقة تعكسها قراراتها و وثائقها و تعرفها جماهير شعبنا بقوميته العربية و الكردية و اقلياته القومية و طوائف الدينينة.

ان جود تود ان تؤكد ان لديها ملاحظات جدية على بعض الفقرات الواردة في رسالتكم، و في الوقت نفسه تعرب عن شكرها على دعوتكم و استجابتها للقاء مع وفد من (الاوك) و نتطلع الى ان يكون منطلق الجميع العمل الموحد لتحقيق اهداف شعبنا.

ان الاحزاب المتحالفة في جود تثق ان ما يخلق الارضية الصالحة و

بشكل مقدمة لتطبيع العلاقة هو خلق الاجواء الضرورية لنجاح الجهود المشتركة و ذلك بالاستجابة الى مطالبة الجماهير و طلائعها بترك الاصطدام المسلح و تجنب التعرض لانصار قوى المعارضة في هذه المنطقة او تلك من قبل هذا الطرف او ذلك.

ان وفد الحزب الاشتراكي الكردستاني الذي يحمل رسالتنا اليكم مخول من قبل جود بالاتفاق معكم على الموعد و المكان المناسبين للقاء و المستوى الذي يتم به بضمن اشتراك وفد جود و وفد (الاوك).

مع تحياتنا لكم بالسعادة و النجاح

المكتب السياسي
للجنة المركزية للحزب الشيوعي العراقي
اواسط نيسان ١٩٨٦

لەمسان كاتدا م.س حشع داوای لە هاوڕێ ئەحمەد بانیخێلانی کرد کە هەوڵبدات چاوی بە مام جەلال تاڵەبانی بکەوێ و لەگەڵیدا بکەوێتە گفتوگۆ کردن بە مەبەستی ئاشتبوونەوە، لەملاو ئەولاش زاندرا بوو کە سەرکردایەتی حسک پێوەندی لەگەڵ سەرکردایەتی (ینک) پەیدا کردووە.

بە یارمەتیدانی کاک محەمەد رەحیم (خاڵد حاجی) کە ئەوکات ئەندامی م.س حسک بوو، هاوڕێ بانیخێلانی لە سەرەتای مانگی ئایاری ١٩٨٦ توانیبووی بە ڕێگای ئۆتۆمۆبیل بە ناو خاکی کوردستانی ئێران بگاتە بێتوش لە وێشەوە بوو سەفەرە و زەروون و دۆڵی

جافایەتی‹. ١٢›، چاوی بە مام جەلال بکەوێ و لەگەڵی کۆببێتەوە.

لە ناوەڕاستی کانونی دووەمی ١٩٨٧ نوێنەرانی حشع هاوڕێیان عبدورەزاق سافی و ئەحمەد بانیخێلانی لە ڕاژان لەگەڵ نوێنەرانی ینک کاک فەرەیدون عبدولقادر کۆبوونەوە بەیاننامەیەک و ڕێککەوتنێکی دووقۆڵیان بڵاو کردەوە.

ئەمەش دەقەکەیەتی:

اتفاق بين الحزب الشيوعي العراقي و الاتحاد الوطني الكردستاني

في اواسط كانون الثاني ١٩٨٧ التقى وفد من قيادة الحزب الشيوعي العراقي و الاتحاد الوطني الكردستاني لبحث العلاقات الثنائية بين الطرفين و الاوضاع و المستجدات السياسية في البلاد و المنطقة و ضرورة العمل من اجل خلق المناخ السياسي الملائم لتعبئة جميع الاحزاب و القوى الوطنية من اجل اسقاط الدكتاتورية الفاشية و اقامة البديل الوطني الديمقراطي الذي يحقق الديمقراطية للعراق و الحقوق القومية المشروعة للشعب الكردي و يقوم بدوره في اطار حركة التحرر الوطني العربية ضد الامبريالية و الصهيونية و الرجعية.

‹. ١٢› سەفەرە و زەڕوێن: دوو گوندی سنوورینە لە ناحیەی ماوەت لەژێر قەزای چوارتا کەوتوونەتە سەر ڕێگای ماوەت بنگرد. لە شوێنێکی سەخت و شاخاوی هەڵکەوتووە.

دۆڵی جافایەتی بەم دۆڵ و ناوچە شاخاویە دەگوترێ کە کەوتووەتە باکووری ناحیەی سورداش تا دەگاتە باشووری دەربەندی دوکان.

و قد رأى الطرفان، ان رصيد التجربة التاريخية للحركة الوطنية، بنجاحاتها و سلبياتها يوكد الدور الكبير الذي تلعبه الوحدة الوطنيةو الاثار السلبية الضارة التي تنجم عن الافتراق و الاحتراب بين الاحزاب و القوى الوطنية، مما يضع على عاتقها بذل الجهود المتواصلة من اجل ارساء افضل العلاقات فيما بينها و اليقظة ازاء الدسائس التي تستهدف اثارة الصراعات في صفوفها و العمل لتكريس التوجيهات التي من شأنها تقريب وجهات نظرها، وتنشيط مختلف اشكال التنسيق و العمل المشترك بين اطرافها وصولا لاقامة الجبهة الوطنية العريضة.

وفي معرض تبادل الاراء حول الاوضاع السياسية في العراق و العلاقات الثنائية بين الطرفين عبر كل منهما عن وجهات نظرة ازاء الحرب العراقية ـ الايرانية و تطوراتها و بشأن الظروف و الملابسات التي رافقت العلاقة المشتركة خلال السنوات الماضية، و العواقب السلبية التي تمخضت عنها و الحقت الاذى بمسيرة الكفاح الوطني ضد الدكتاتورية الفاشية و اسهمت في عرقلة حشد جميع القوى الوطنية و المعارضة لتحقيق اهدافها المشتركة.

و اكد الطرفان اهمية و ضرورة استخلاص الدروس المناسبة التي تساعد على تجنب تكرار مثل تلك الاوضاع مع احتفاظ كل منهما بوجهة نظره تجاه الاسباب و الظروف التي دفعت العلاقات بينهما في الاتجاه المعروف.

و اذا ينطلق الطرفان من روح الحرص على القيام بكل ما من شأنه تطوير العلاقات بينهما و مع الاطراف الوطنية الاخرى و مواصلة المساعي المشتركة لاقامة الجبهة العريضة يعلنان الاتفاق التالي:

١- يقر كل طرف حرية النشاط السياسي و الفكري و التنظيمي

للطرف الاخر،

٢- يلتزم الطرفان بعدم الدخول في اتفاق موجه ضد الطرف الاخر.

٣- تبادل الرأي لمناقشة الاوضاع المستجدة.

٤- تشكيل لجنة عليا من الطرفين تجتمع مرتين في السنة على الاقل لتعزيز العلاقات بينهما.

٥- ادانة العنف كأسلوب لحل الخلافات و تحريم استخدامه تحريما مطلقا و اعتماد الحوار الديمقراطي كأسلوب وحيد لحل الخلافات و تكوين لجان مشتركة كلما اقتضى الامر لمعالجة الخلافات و الاشراف على تطبيق مايتم التوصل اليه.

٦- الاقرار بحق الطرفين في ممارسة النقد و النشاط الفكري و السياسي و الحوار العلني البناء مع مراعاة التركيز على ماهو مشترك و موحد.

٧- تبادل العون الفني في تطوير العمل الاعلامي.

٨- المساهمة من قبل كل طرف في نشر اخبار وانشطة و فعاليات الطرف الاخر.

٩- الاقرار بحرية العمل العسكري في جميع المناطق ضد الدكتاتورية الفاشية وفق ضوابط يتفق عليها، لتأمين التنسيق و تنشيط العمل المشترك في هذا المجال.

١٠- التعاون العسكري بين الطرفين للقيام بعمليات مشتركة ضد الدكتاتورية الفاشية.

١١- يواصل الطرفان البحث في سبل تطوير اشكال التنسيق و العمل المشترك بينهما و مع جميع الاطراف الوطنية العراقية لبلوغ وحدة فصائل الثورة بالاستناد الى الاسس السياسية و العسكرية التحالفية و

تشكيل الهيئات القيادية المشتركة لهما وفقا لذلك.

١٢- تشكيل لجنة مشتركة لمواصلة العمل من اجل التنسيق لتنظيم الادارة وجباتة الموارد النقدية و العينية.

١٣- يعمل الطرفان لتعزيز التعاون بينهما و مع الاطراف الاخرى في الميادين العربية و الدولية من اجل التعريف بنضال الشعب الكردي و التضامن مع قضيته القومية العادلة.

١٤- تسري مبادئ و روح الاتفاقية على جميع اميادين داخل الوطن و خارجه.

وفد	وفد
الحزب الشيوعي العراقي	الاتحاد الوطني الكردستاني

* * *

رۆژانیش بە بەردەوامی رژێمی فاشی بەغدا بەردەوام بوو لە هێرش بردن و پەلاماردانی درندانەی بۆ سەر کوردستانی باشوور، بە جۆرەها چەکی وێرانکارانە.

لە سەرەتای نیسانی ١٩٨٧ رژێم زۆر ناوچەی بە چەکی کیمیاوی رشاند، زیانی یەکجار گەورەی گەیاند، ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی بێ تاوان لە دۆڵی بالیسان، جافایەتی، بادینان شەهید کران یان

دووچاری ســـوتان و پەککەوتن هاتن بە هۆی گـــازی ژەهراویەوە. شاردراوەش نەبوو ژمارەیەکی زۆر لە بریندارو سووتاوەکان گەیشتبوونە نەخۆشخانەکانی هەولێر.

هەر لە سەرەتادا دام و دەزگای فاشیەکانی بەغدا، داوایان لە بریندار و سووتاوەکان کردبوو، کە بڵێن بە چەکی کیمیاوی ئێران وامان بەسەر هاتیە. لە دوایشدا هەموویانیان زیندە بە چاڵ کردبوو.

ڕۆژی ١٩٨٧/٤/٨ بەیاننامەیێکی دوو قـۆڵی هاوبەشی نێوان حـشع و ینک دژ بە تاوانەکـە بڵاوکـرایەوە دەقـەکـەی لە بەشی بەڵگەنامەکاندا بڵاوکراوەتەوە.

هەروەها لە مـانگی ئایاری هەمـان ساڵ ینک نامـیلکەییکی پەنجا لاپەڕەیەیی بە ناوی (تاج المـغلقـیـه) بە عـەرەبی بڵاوکردەوە لەسـەر تاوانەکانی ڕژێم . تەنها لە گوندی (شێخ وەسانان) لە دۆڵی بالیسان ١٢٧ کوردی بێ تاوان شەهید کرا بوون.

* * *

بە تەک گەلێ کەین و بەین، گرژی و ساردی و کێشە و مشتومڕ، ناسـزی تەبایی و ئاشتـبـوونەوە لە کـەلی تەمـاوی و دژوار سـەری دەرهانیبوو و ڕووکاری ڕێککەوتن لە نێوان هێزەکانی کوردستانی بووە

وێرد و گۆڤار و ڕۆژنامە و لیندوان داواو خواست و مەبەستی هەموو لایەنەکان.

دوای چوار ساڵ دوورکەوتنەوە و پچڕان دەستایەتی، لەناوەڕاستی ١٩٨٧، نامەیەکی گرنگ لە نێوان هاوڕێ عەزیز محەمەد و مام جەلال تالەبانی ئاڵوگۆڕ کرا.

ئەمەش دەقی نامەکانە:

الرفيق الاستاذ عزيز محمد المحترم ١٩٨٧/٦/٢٥

تحية ثورية حارة

تمعنت في اجوبتكم التبريرية فلم احد فيها ما يقنع او يرضيو اسمحوا لي بأن اصارحكم بأنني قد صدمت و اصبحت بخيبة امل مريرة و مرة اخرى. لانني كنت دوما اعتبركم كاك عزيزنا ايضا و ملاذا نلجأ اليه لتصحيح الاخطاء لا لتبريرها و رفع المظالم عنا لا تزكيتها ففي مجال التبرير الحملة الظالمة التي شنها رفيقكم صالح دگلة و ليس بدون علم الرفيق زنگنة ابدا و المليئة بالاحقاد و الاهانات لتاريخ شعبنا الكردي النضالي و لهدفه الستراتيجي الاسمى و الاوك و نضالاته و تضحياته الجسام و لشهدائه الاماجد الذين يصبغون يوميا بدمائهم ميادين النضال الثورية و المعارضة الحقيقية ضد الطغمة العفلقية الفاشية، تذكرت ماكان يحلو لكم ترديده في بعض المناسبات في قول للاستاذ عمر دبابة ابلغكم به في كركوك و في موقف مشابه قبل حوالي الثلاثين عاما تقريبا، فلم اجد ماهو و بمثل شعبي متداول!

نعم ايها الاخ العزيز كيف فاتكم هذا المثل الشعبي؟ و اننا حافظون

له و اننا كلنا (ولد الكرية* و كل واحد يعرف اخيه)! فقد كان يسير لكم و متوقعا منكم ان تشجبوا الشتائم و اجترار الافتراءات و الاتهامات الواردة في صحيفة دكلة لا محاولة تبريرها بالرضى عنها و السكوت اللهم الا اذا كنتم قد التعتم براى قديم لاستاذي الكريم ابي سليم سجله عنا في محضر للجود حيث يقول عنا نحن قادة الاوك باننا اطفال و صبيان في السياسة: مغامرون و مشاكون! و هل لا تعلمون مثلا بانني مثلا قد اكملت الرابعة و الخمسين من عمري قضيت ٤٠ عاما منه في العمل السياسي و الطلابي و السياسي و الحزبي المسلح و الاعلامي و المهني في السجون و المنافي و الجبال و الاوهاد؟ زرت خلالها الدول الاشتراكية و الرأسمالية في اوروبا و آسيا و العالم العربي! مما يكفي بالفرد العادي و المتوسط في العقل و الذكاء قديرا على تجاوز مرحلة الطفولة السياسية ايضًا! ولم اكن غبيا الى حد يمنعني من التعلم و الاستفادة من التجارب القاسية و المريرة و من الاخفاقات و النجاحات العديدة من الخبر و الدروس العديدة.

و لذا اهملنا المنطق البريجنيفي في تحديد العمر و قبلنا منطق الرفيق الكبير غورباتشوف نكون قد وصلنا الى نتيجة مغايرة للاستاذ كريم احمد. فنحن نعتبر بالمنطق الجديد وفق روح العصر الحديث من الشباب و ليس من الاطفال. فأنا شخصيا احسب من حيث العمر من جيل غورباتشوف الذي اجزم بأن استاذي الفاضل كريم احمد لا يعتبره جيل الصبيان و الاطفال!.

---

* ولد الكرية: تعني ابناء القرية الواحدة باللهجة العراقية.

فكيف اذن يمكنكم خداعنا كالاطفال و الصبيان؟ و بمثل هذه التبريرات. خاصة بعد صدور تكذيب الاوك لما نسبته اليه جريدة (لوموند) الفرنسية! فاذا كنتم توافقون الاستاذ كريم فارجو الان تعزيز رايكم عنا و مصارحتنا بالحقائق المقنعة و بالمنطق الثوري الواضح. ارجو ان لاتفهم باننا نرفض او نخشى الانتقاد او نمنع احدا من الحوار و النقد ضد مواقفنا و مبادئنا وفق سياستنا بل كل ما نرجوه و نتمناه هو بيان الحقائق و مناقشة حقيقة مواقفنا و سياستنا و آرائنا لا المنسوبة الينا. و بالاسلوب الموضوعي و العلمي البناء.

فالاوك عاني كثيرا من تشويه الحقائق عن مبدائه و نضالاته و قوته و قدراته النضالية و الفاعلة اذا كان سوء التقديم القوى و التوهم في تقدير القوى و القدرات من اسباب اندفاع البعض ضد الاوك واهمين بانه يسهل اخراجه و طرده من الساحة بجرة اذن.

و بالتالب عليه مما ادى الى نتائج كارثية في العلاقات الوطنية. جلما نرجوه هو ان لا يتوهم احد بان اسلوب الابتزاز و الاستفزاز و التشهير يخيف الاوك و يجبره على الرضوخ و الخضوع او التراجع عن مبادئه و آرائه و مواقفه بل العكس هو الصحيح تماما، فالحوار الهادئ و النقاش الموضوعي و الانتقاد البناء و الصراحة و الصادقة كل ذلك فقط يوفي بالغرض و المرام. ولا اخفي عنكم ان الترصد و الترقب و استغلال الفرص امور لاتخدم في تعزيز العلاقات الوطنية بل تثير الحساسة و التنافر و الشكوكية و الظنون مما يلغم هذه العلاقات الوطنية بقنابل موقوتة قابلة للانفجار في اية لحظة فهل نطلب الكثير من قيادة الحشع و على رأسها كاك عزيزنا حين نطلب الانطلاق الى الوقائع لاستنتاج الحقائق ثم التقدير و التقيم سلبا او ايجابا بما هو موجود و مقرر و مثبت

من سياستنا و مبادئنا و مواقفنا لما هو منسوب الينا او ملصق بنا او مختلق ضدنا؟ هل من الانصاف و العدل ان تقابلوا حرصنا الشديد على اقامة احسن العلاقات النضالية معكم و مع حزبكم بالاصرار على تغليب الثانوي على الرئيس و الاختلاف على الاتفاق بالمواقف و الاهداف و المبادى؟

هل من الصائب و المنطقي ان تصدوا تقدمنا نحوكم و رغبتنا في الاتفاق معكم حتى في آراء و مبادى و مواقف معلنة من قبلكم بالنفور و الشكوكية و حملة دعائية ظالمة! و لكي لا تقول عني ان مام جلال قد بدأ يخرف بعدما تجاوز مرحلة الطفولة اسوق لكم الامثلة التالية:

١- عندما ابرزنا شعار حق تقرير المصير للشعب الكردي اقمتم الدنيا ضدنا و لم تقعدوها حتى الان. فقد تم توجيه تهم الانعزالية القومية و الشوفينية و الانفصالية و الى اخره الينا. وهي التهم المحببة لدى القوى القومية العربية الشوفينية و القوى الكوسموبوليتية العراقية ضد الحركة التحررية الكردية عموما. علما بان موقفنا من حق تقرير المصير و مضمونه كيفية ممارسته و تطبيعه ظروفه و امكانياته ارتباطه بالحركة الثورية المعادية للامبريالية و الصهيونية هو مثل موقفكم المعلن في العديد من وثائق حزبكم و العديد من مقالاتكم و خاصة المقالة المنشورة في العدد ١٣٤ من مجلتكم الثقافة الجديدة بقلم عضو مهم في مكتبكم السياسي. نعم ان موقفنا هو تماما و مائة في المائة هو مثل الاراء و المواقف الواردة في الموضوعة الموسومة "سياستنا" (اي سياستكم انتم) حق تقرير المصير الانفصال او الاتحاد الطوعي! ولكي اكون دقيقا فلا اختلاف على الطوعي و الاختياري. فقد استعملنا نحن الاتحاد الاختياري بدلا من الاتحاد الطوعي وها اعلن تنازلنا من الاختياري

لصالح الطوعي؟ و اعلن استعدادنا للتوقيع معكم على وثيقة مشتركة لتوحيد مواقفنا و اعلانهما بنقل و تبنى الجمل و الصيغ الواردة في تلك المقالة من الثقافة الجديدة! و اصدار تعهد مشترك بالنضال من اجله و التمسك له وعدم الخروج منه. فهل يرضيكم؟ هل انتم مستعدون لاصدار و توقيع هذه الوثيقة المشتركة كي نقطع دابر الاختلاف و التباين بينكم و بيننا بل و في الحركة التحررية الكردية و الثورية العراقية معا؟ فلماذا اذن كفرتمونا و زندقتمونا عندما قلنا نفس ما قالته الثقافة الجديدة في معرض حق تقرير المصير؟ و اكثر من ذلك فها اناذا ابلغكم بموافقة الاوك الكاملة على القسم التالي من المقالة المعنونة:المسالة القومية الكردية في العراق (فان المهمات العشرة بنفس النصوص و الفقرات الواردة في الثقافة الجديدة)

للحركة القومية الكردية و طلائعها السياسة فهل ترضون؟ هل تقبلون؟ اننا نتحداكم ان تجعل مضمونها و المهمات العشر نقاطا للاتفاق الستراتيجي بين الاوك و الحشع نوقع عليه و نتعهد باحترامهما و تنفيذهما و العمل المشترك من اجلهما؟ فهل هذا كثير؟ فهل طلبنا البسيط و الواضح بتبنى مواقفكم و جعله برنامجا مشتركا هو طلب تعجيزي؟

٢- فنحن في الاوك مع تقرير المصير باعتباره حقا مطلقا و مقدسا لكا الشعوب و منها الشعب الكردي، اعتقد باننا تطعنا مرحلة الخلاف على كون الاكراد شعبا او قبائل متفرقة و نحن مع المقتطفات المأخوذة من الخالد الذكر لينين حول واجب الاشتراكين في الامم السائدة و في الامم المسودة (المظلومة)و للتاكيد انقل من صاحبه:

أ- ان مركز الثقل في تربية العمال بروح الاممية في البلدان الظالمة و

المضطهدة يجب ان يقوم حتما في الدعاية لحرية البلدان المظلومة و المطهدة في الانفصال و على الدفاع عن هذه الحرية بدون هذا لاتكون هناك اممية و كل اشتراكي ديمقراطي في امة ظالمة لا يقوم بهذه الدعاية يحق لنا و يجب علينا ان ندعوه امبرياليا و نذلا.

ب- اما الاشتراكي الديمقراطي في امة صغيرة فمن واجبه على العكس من ذلك. ان ينقل مركز الثقل لدعاية التحريضية الى القسم الاول من صيغتنا و هي (الاتحاد الاختياري الحر بين الامم و في وسعة دون ان يخل بواجبه من حيث هو اممي ان يكون مويد الاستقلال امة و مويدا لدمجها مع الدولة المجاورة هي آ. اوب او ج انما يجب عليه في كل الاحوال ان يناضل ضد ضيق الافق القومي و ضد الميل الى الانحصارو الانعزال و ان يكون من انصار النظر الى الحركة بمجموعها و شمولها. ان يكون من انصار اخضاع المصلحة الخاصة للمصلحة العامة. نعم دعونا نتفق على تحديد وظائف الثوريين العرب و الكرد وفق هاتين الصيغتين الرائعتين للخالد الذكر لينين! هل تقبلون؟ هل يرضيكم هذا؟

٣- و اود ان افرح قلبكم بقول آخر هو موقفنا الصريح من الترابط العضوي الثابت و المحكم بين الديمقراطية و الاشتراكية و حق تقرير المصير فاصرح بما يلي: اننا نقبل باستعمال استخدام حق تقرير المصير لصالح الثورة الاشتراكية في العراق اذ اننا بخلافكم لا نعتبر الحركة التحررية الكردية جزءا من الحركة الوطنية العراقية "الديمقراطية البرجوازية في مضمونها" بل نعتبرها جزءا من الثورة الاشتراكية العراقية.

سنعود لشرح هذه النقطة في مجلاتنا. و اننا ندعو الى الاتحاد الاختياري الحر (عفوا الطوعي الحر) بين الشعبين الشقيقين في العراق

الديمقراطي المستقل المعادي للاستعمار و الصهيونية و الدكتاتورية و الرجعية و اقول ان كيفية استعمال حق تقرير المصير و حتى ضمن الاتحاد الطوعي تتناسب طرديا في نظرنا مع الديمقراطية الحقيقية فكلما توسعت و ازدهرت الديمقراطية توفرت الحريات و الحقوق الديمقراطية و ترسخت دستوريا و قانونيا في الحياة العملية. كلما تشددنا في تمتين و تعزيز الاتحاد و ترجيح المركزية الديمقراطية فيه حتى اذا كان الاتحاد بشكل حكم ذاتي حقيقي.

و لكن كلما تقلصت الديمقراطية و تضيقت و تشوهت العبارات الممجوجة الرشيدة و الموجهة و الحزب و القائد و الشعبية و الثورية.. الخ. كلنا تشددنا في توسع مضمون الاتحاد الطوعي و اغنائه حتى يصل الى حد الفدرالية و الكونفدرالية؟ و نحن على استعداد لتثبيت ذلك في ميثاق مشترك بيننا و بينكم و سائر القوى الكردية و العربية التقدمية فهل يرضيكم؟ هل يرضيكم قبولنا و استعدادنا لاصدار ميثاق مشترك يتضمن بالنص و حرفيا مقتطفات من مراقفكم المعلنة في مقالة الثقافة الجديدة؟ او مقالة الشهيد فهد او قرارات كونفرنس حزبكم لعام ١٩٥٦؟ ام ماذا؟ هل يجبرونى على تشبيه موقفكم بالقوى العربية و القومية التي كلما تقربنا منها في ادعاء اتها التقدمية بصدد الشعب الكردي ابتعدت و طلعت علينا بتفسيرات جديدة تلغي مضمون مقولاتها التقدمية المقبولة؟

٤- حتى الحكم الذاتي الحقيقي لكردستان ليس هو شعارنا غير مرفوض لدينا بصورة مطلقة فنحن نحمل شعار حق تقرير المصير و نناضل لتحقيقه باعتباره حقا طبيعيا و مقدسا لشعبنا الكردي و اسوة بشعوب العالم و لكننا نرضى بالحكم الذاتي الحقيقي.تطبيقا له في

الحالات التالية:

أ- اذا قرر الشعب الكردي في استفتاء حر و انتخابات حرة.

ب- اذا وجدت ديمقراطية تقدمية معادية للاستعمار و الصهيونية و الدكتاتورية و اصرت على الحكم الذاتي الحقيقي فقط.

ج- اذا تطلبت ظروف اقليمية او دولية معينة ذلك.

د- اذا تطلبت ذلك مصلحة الثورة الاشتراكية او مصلحة اقامة حكم ديمقراطي شعبي في العراق.

هـ- اذا فرضت موازين القوى الحقيقية الفاعلة ذلك.

و- اذا تطلبت مصلحة حركة التحرر الوطني الديمقراطي للامة العربية الشقيقة.

اذا فيجب ان يكون واضحا لديكم باننا نفهم و بعمق و بشكل مبدئي و ثابت الترابط العضوي و الديالكتيكي بين الحركة التحررية الديمقراطية للامة العربية الشقيقة. ولكن عندما نقبل الحكم الذاتي الحقيقي نعتبره جزءا من حق تقرير المصير لشعبنا لاهيبة من الحزب القائد او منحة من حكومة الوطنية او كرما من القومية السائدة و نعتبره حلا مرحليا نناضل لتطويره. هل اصبحت مفهوما لديكم؟ هل نجحت في التعبير عن آرائنا و مواقفنا؟ ارجو ذلك.

ايها الاخ العزيز دعوني اطالبكم بنزع نظارات و مناظير فترة الاقتتال المسلح و اقتتال الاخوة من عيونكم و سائر الرفاق في قيادة الحشع؟ دعوني اطالبكم بشان تنظروا الى الاوك و قوات انصاره الابطال نظرة موضوعية لحالفاتيه، نظرة علمية، ادعوكم للتمعن و التدقيق في مواقفنا و ارائنا و سياستنا من ثم انتقاد ماترونه خاطئنا منحرفا منها؟ و نحن نرحب بالنقد الاخوي دعوني اتوقع و امل ان لايكون هناك صيف و

شتاء على سطح واحد، بل المطلوب هو موقف مبدئي حيال الجمع و الجميع المواقف. المطلوب هو التقدير الحقيقي و التقييم الصائب و الحساب العلمي الدقيق للمواقف و القوى وللاراء و استميحكم عذرا بان اكون صريحا فاطلب بالجدية و الاستقامة و الصراحة و الوضوح من الحشع و الاوك حيال بعضها ولارساء العلاقات بينهما على اسس متينة و مبدئية و دون لف او دوران او خداع او تحايل، و بخلاف ذلك فالانتظار ريثما تنضج الظروف لذلك و مع النضال المتواصل للاسراع فيه.

و ختاما فانني اكرر طلبي البسيط و العادل بشجب الشتائم و الاهانات و الافتراءات الواردة في صحيفة دكلة و مع الاحتفاظ بحقكم في نقد الارآء و المواقف التي لاتعجبكم.

و تفضلوا بقبول تحياتي الصادقة

اخوكم المخلص
جلال الطالباني
١٩٨٧/٦/٢٥

وەرامی هاورێ عەزیز محەمەد بۆ مام جەلال

الرفيق الاستاذ جلال الطالباني المحترم

تحية ثورية حارة..

١- تسلمت رسالتكم المورخة في ١٩٨٧/٦/٢٥. وامل ان تكونوا قد تسلمتم كل الرسائل التي ارسلتها اليكم موخرا. و بودي التنوية

بارتيـاح الى ان الرسـالة التي نـحن بصـددها قـد تخطت عن الاسـلوب المتوتر الذي طبع رسـالتكم و برقيـاتكم التي سبـقتهـا، و آمل ان يكون ذلك خطوة هامة على طريق العودة الى الجو الطبيعي. جو العمل المشترك المثمر و التحالف الواعد. ان اخشى ما نخشـاه هو ان تكون العلاقة فيما بيننا و في مثل هذه المرحلة الحساسة، ضحية التباس او تصـورات لا اسـاس لها من الصحة. فالقصـة التي نحن بصـددها افترضـموها انتم و اوردتم "البراهن" عليها من عندكم و من خلال تقرير واحد و وحيد هو تحالف حزبنا مع الجبهة المسؤولة عن القصـة، ثم سارعتم باصـدار الحكم بتجميد العلاقة و الاتفاقية مع حزبنا و اذاعة كل ذلك على الملاء و على الموجة القصيرة حتى دون ان تسمعوا راينا و على هذا و اذ تتصـورون بدون اسـاس ان الحقـائق كلها اصـبحت ملك و بـمنكم تبدو كل توضيحاتنا و نفينا لاى علاقة لنا بالموضوع "موقفا تبريريا و مخيبا" او مذكرا اياكم بقول كاك عمر. هل هذا جائز؟

٢- نحن نملك حصتنا من الصدق و الصرحة و الجراة و مستعدون ان ندفع ضـريبتها بل و دفعناها في اكثر من مرة و مناسبة. و اذا كان الحديث يدور عن موقفنا او قولوا صـراحتنا تجاه ماطرحته قيادة اوك الحليف فاننا سبقنا غيرنا في التعبير عنه و بمنتهى الصراحة في اول رسـالة من رسائلنا الاخيرة الخاصة اليكم شخصـيا، و كذلك في الرسـائل الاخرى و قلنا فيها ماقلنا و سميناه بالمواقف الخاطئة و الخطيرة التي لا يصح السكوت عندما و طالبناكم بمعالجة الامر بصراحة و وضـوح و من اجل مصالح اوك ايضا. و كل ذلك في اطار من الصداقة و الايجابية و بشى غير قليل من القلق. و بانتظار ان تقول قيادة اوك شيئا واضحا و صريحة. ثم ازاء هذا الوضع و باعلان مثل هذه المواقف و الاراء و في

غياب اي توضيح او نفي لها بالمستوى الذي تتطلبه من الجدية، بتكذيب يرسله الاستاذ نوشيروان الى اللوموند. او تكذيب يصدره م.س اوك او اي مرجع قيادي مركزي (وصلنا اخيرا و قريبا نفي الدكتور فواد معصوم في كيهان العربي لبعض مانسب الى الاستاذ نوشيروان و قد طبعناه و وزعناه) فان من حق الاحزاب و القوى السياسية الاخرى ان تقول رايها ولكن باسلوب علمي و سياسي و بناء و هذا ليس فقط لانه حق و التزام و واجب امام الشعب، بل و كذلك بهدف مناقشة و تبصير الطرف المعني بالراي الاخر و محاولة ثنيه عن المضى في الطريق الخاطى. نقول كل هذا و نحن لم ننشر حتى الان اى شي عن هذا الموضوع بل و لم نفكر حتى باطلاع احد على رسائلنا الخاصة اليكم الا بعد ان عممتم انتم رسائلكم و اذاعتم بعضها في الاذاعة. و ذلك انطلاقا من حرصنا الشديد و شعورنا العالي بالمسؤولية تجاه علاقاتنا التحالفية و تجاه الوضع المخطورف باشد المخاطر.

٢- بخصوص الاراء و المواقف الاخرى التى اطرقتموها عن القضية الكردية و آفاقها فقد سبق ان كتبناها لكم باختصار شديد و لكن ايضا بوضوح حين قلنا:

(اننا نوكد على سياستنا المبدئية بصدد القضية القومية الكردية بافاقها البعيدة كقضية شعب له ما لكل الشعوب الاخرى من كامل الحقوق بما في ذلك حقه في تقرير المصير و بكل مايعنيه ذلك. و ببعدها العراقي الراهن اي الحكم الذاتي الحقيقي لكردستان العراق في اطار عراق ديمقراطي) ولم نحصر يوما ما حق تقرير المصير بالحكم الذاتي. و بهديهي اننا لاتنظر اليهما كشي واحد و ان تحقيق الحكم الذاتي كحق ديمقراطي للشعب الكردي وهو امر ممكن في ظل اوضاع و منعطفات

معينة، يمكنه ان يكون محطة نوعية هامة على طريق الوصول الى حق تقرير المصير. و ممارسته عمليا في الوقت الذي يكون ذلك ممكنا بما في ذلك وحدة كردستان بما يخدم مصالح الشعب الكردي المنسجمة مع مصالح الحركة الثورية في المنطقة. اما الحديث عن هذا الشعار و بالشكل الذي يفهم منه انه للتطبيق و في جو الحرب الدائرة بين العراق و ايران، و واضح انه لن يكون الا على اساس اعادة النظر بخارطة المنطقة، نقول ان التعامل مع هذا الشعار بهذه الصورة و في مثل هذه الاوضاع من شأنه فقط ان يشوش القضية الكردية و ان يعقدها باكثر مما هي معقدة و بالتالي يسيء اليها امام اصدقاء الشعب الكردي و مويدي قضيته العادلة. ثم انكم انفسكم تحددون الحالات التي تقبلون فيها بشعار الحكم الذاتي الحقيقي "كتطبيق لحق تقرير المصير" بحيث تكون اطارا لا يكون من السهل الخروج منها خصوصا في ظل توازن القوى الحالية و الاوضاع التي تسود المنطقة و العالم عموما. و الحالات هي:

أ- اذا قرر الشعب الكردي في استفتاء حر او انتخابات حرة

ب- اذا وجدت ديمقراطية تقدمية معادية للاستعمار و الصهيونية و الدكتاتورية و اصرت على الحكم الذاتي الحقيقي فقط.

ج- اذا تطلبت ظروف اقليمية او دولية معينة ذلك.

د- اذا تطلبت ذلك مصلحة الثورة الاشتراكية او مصلحة اقامة حكم ديمقراطي شعبي مصلحة حركة التحرر الوطني الديمقراطي للامة العربية الشقيقة.

هـ- اذا فرضت موازين القوى الحقيقية ذلك.

و- اذا تطلبت مصلحة حركة التحرر الوطني الديمقراطي للامة العربية الشقيقة.

و بعد افليس من حقنا ان نسأل: اذا كانت هذه هي الحالات التي تشدنا كل واحدة منها الى شعار الحكم الذاتي فما هي الحالة و الحالات التي تصلح ان تكون اساس للتخلي عنه؟ الا ترى معنا ان المهمة ليست سهلة؟

و اننا اذ نرحب بالتاكيدات الواردة في الرسالة بهذا الخصوص، نود ان تاخذ هذه التاكيدات طريقها الى وسائل اعلامكم، و تثقيف رفاقكم و انصاركم بها و العمل على ازالة ما علق باذهان الكثير من الاوساط الصديقة من امور سلبية جراء ماورد في برقياتكم السابقة الموجهة الى المكتب السياسي لحزبنا و المكاتب السياسية للاحزاب المتحالفة معنا في جود و ما طفي على وسائل اعلامكم في الفترة الاخيرة بصدد القضية الكردية و الوحدة العراقية و وحدة نضال الشعب العراقي بقوميته الرئيسيتين و اقلياته القومية النآخية و غيرها من الامور.

و اننا ننطلق في هذا من حرصنا على كسب المزيد من الاصدقاء للقضية الكردية و المزيد من التضامن مع نضال الشعب الكردي العادل في سبيل حقوقه القومية هذا التضامن الذي يشكل في ظروفنا الحالية مسألة غاية في الاهمية لضمان انتصار نضال الشعوب.

٤- لماذا تجهدون انفسكم لوضعنا بدون وجه حق في موضوع التعارض مبادئنا و شعاراتنا؟ نحن كنا ولا زلنا و سنبقى ننظر الى القضية شعبنا الكردي من داخلها و في اطار ما نعتقد انه عملي و ممكن، و اذا كنا قد حركنا مواقفنا و مواقعنا و دققناها، فيفرحنا ان نقول ان ذلك كان دائما الى الامام و الى الاحسن.ولم تغير الموقف الا لصالح الاحسن. و نحن كنا و سنبقى فخورين بالمعالجات المبدئية المبكرة للرفيق الخالد فهد و لقرارات الكونفرنس الثاني لحزبنا في ١٩٥٦ و وثائق

مؤتمرات حزبنا انها تراثنا و لم نتناول الموضوع من جوانبه المبدئية فقط او تحركنا على الساحة النضالية انسجاما معه فحسب بل و اصبح حزبنا داعية نشطا له، عربيا و دوليا لشرح مضامين و عدالة القضية و ابعادها عراقيا و كذلك على صعيد المنطقة و قدم التضحيات الغالية في سبيل الحقوق القومية للشعب الكردي من خلال دفاعه الثابت عنها و عن نضالات الشعب الكردي القومية و اسهامه المباشر فيها، ولا غرو فانها قضيتنا و التزامات حزبنا امام برنامجه و امام الشعب و هل ثمة من يجهل هذه الحقائق! اننا نعتز بان حزبنا لم يتزحزح عن مواقفه المبدئية و بقي امينا لمثله النضالية، تنص مواقفه و اعماله بالرغبة الصادقة لوحدة الصف و العمل المشترك و التركيز على مايجمعنا و يوحدنا. و اذا كنا نرجو شيئا فاننا نرجو ان يكون هذا هو نفسه نهج الاخرين.

و يسرنا ان يبدي اي طرف قومي كردي معاد للامبريالية و الرجعية استعداده لوضع توقيعه معنا على ما صغناه من برامج لحل القضية الكردية للناضل معا من اجل تحقيقه دون حاجة الى اي تحدا

٥- تأكد ايها الاخ العزيز اننا ننظر الى الامور و منذ بعيد بدون اي تاثير لفترة الاقتتال و لن نستوحي في كل ما نعمل الا مصلحة الشعب و مصلحة النضال، و يقينا اننا دللنا على ذلك حتى في هذه الازمة التي نامل ان تكون عابرة بل و ان تكون قد انتهت و على هذا لازلنا نعتقد ان خير عمل تقومون به الان هو الرجوع عن قراركم و الاعلان عن ذلك باسرع وقت. و بانتظار خطوة كهذه منكم، من قيادة اوك تقبل من اخيك المخلص الشكر و التقدير...

عزيز محمد

١٩٨٧/٧/٣

● لە چەند نامیلکە و کتێب و بڵاوکراوەی زۆر، لە نووسینەکانی منیشدا، زۆر شت لەسەر پێوەندی نێوان پدک و یەنک نووسراوە کە هۆکارە سەرەکی و بنەڕەتی و ناکۆکییەکانیان چی بوو؟ لە کەیەوەش دەستی پێکردبوو؟

کێشەو ناکۆکی نێوان ئەو دوو هێزە زلە، زەرەری یەکجار زۆر و زەبەندی بە نەتەوەی کورد و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان گەیاند لەم وانەیە پێویست بەوە ناکات، جارێکی دیکەش دووپاتیان بکەینەوە و کاوێژ لەسەر ڕووداوە ترش و تاڵ و جەرگ بڕەکانی پێشووی نێوانیان بکەینەوە.

لەگەڵ هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی تازەی کورد، لە ناوەڕاستی ١٩٧٦وە، لە چەند لایەنی دۆست تەقەلادان دەستی پێکردەوە، کە ئەم دوو هێزە سەرەکییەی کوردستان، تەبابن، ریزەکانیان یەکبخەن، برایەتی و هاوکاری کردن لە نێوانیاندا پتەو بێت، کێشەی ناڕەوا و کوشت و بڕ کینەبەرێتی یەکتری رزگاریان بێ. هەموو هێز و وزە و توانایان بە جۆرەها شێواز پێکرا ئاراستەی دوژمنەکانی نەتەوەی کورد و داگیرکەرانی کوردستانی بکەن.

لە ناوەڕاستی ١٩٨٦ بە هەمان ڕێگای برادەرانی م.س حسک نامە و نامەکاری نێوان سەرکردایەتی پدک و یەنک ئاڵوگۆڕ کرا لە ڕۆژی ١٩٨٦/٥/٢٧ نوێنەرانی سەرکردایەتی هەردوولایان لە بارەگای حسک لە گوندی (کاولان) کۆبوونەوە، پێوەندی و دۆستایەتی تازەیان بە گەرم و گوڕی دەستی پێکردەوە، تا گەیشتە ئەوەی لە ڕۆژی ١٩٨٦/١١/٧ خوالێخۆشبوو کاک ئیدریس بارزانی و مام جەلال تاڵەبانی لە (تاران) کۆبوونەوە، کەوتنە گفتوگۆ کردن لە ئەنجامدا لەسەر گەلێ خاڵی

هاوکاری کردنی یەکتر و هاریکاری لە نێوانیاندا ڕێککەوتن چێ بوو. بەیاننامەیەکی دووقۆڵی و خاڵەکانی ڕێککەوتنەکەیان لە سەرانسەری کوردستان بە کوردی و عارەبی بڵاوکردەوە، ڕۆژنامەکانی تارانیش بە فارسی ئاماژەیان پێداو شتەکیان لەسەر ڕێککەوتنەکە بڵاوکردەوە.

ئەمەش دەقەکەیەتی:

بەلاغی هاوبەشی کۆبوونەوەی
١٩٨٦/١١/٧

لە ڕۆژی٧/١١/١٩٨٦دا وەفدی پارتی دیموکراتی کوردستان ـ عێراق بە سەرۆکایەتی هەڤاڵ ئیدریس بارزانی و وەفدی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە سەرۆکایەتی هەڤاڵ مام جەلال کۆبوونەوەی هاوبەشیان کرد بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نێوانیان و دارشتنی بنچینەو ڕێ و شوێنی پێوەندی دۆستانە و هاوکاری نێوانیان ڕوو لە کۆکردنەوەو یەکخستنی هەموو هێزو توانای گەل و وڵاتەکەمان بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسی عەفلەقی لە عێراقدا و سەرکەوتنی مافە ڕەواکانی گەلەکەمان.

میوانداری کردنی کۆماری ئیسلامی ئێران لە هەردوو وەفدەکە و پشتیوانی کردنی لە یەکێتی هێزە شۆڕشگێڕەکانی گەلەکەمان و خۆشحاڵی و دەوری ئیجابیان لە پێکهێنانی پارتی دیموکراتی کوردستان ـ عێراق و یەکێتی نیشتمانی کوردستان، نیشانە بە شانی سوپاس و ڕێز لێنانە.

لەم کۆبوونەوە گرنگەدا وەفدی هەردوولا بە گیانی بەرزی هەست

کردن بە مسئولیەت و بە ڕاشکاوی لە مسەلە گرنگەکانی کوردستان و عێراق و ناوچەکە دوان، بەر لە هەموویان پێویستی یەکخستنی هێزە شۆڕشگێڕەکانی کوردستانی ـ عێراق و پێکهێنانی بەرەی نیشتمانی فراوانی عێراق و کۆتایی هێنان بە جەنگی ناڕەوای عێراق دژی کۆماری ئیسلامی ئێران بە ڕووخاندنی ڕژێمی فاشی عێراق و ئەرکەکانی ئەمڕۆی خەبات و مافی ڕەوای گەلی کورد.

لە ئەنجامی گفتوگۆی برایانە و دڵسۆزانەدا پارتی دیموکراتی کوردستان ـ عێراق و یەکێتی نیشتمانی کوردستان پێکهاتن لەسەر:

١- هەوڵی تەواو و بەردەوام بۆ یەکگرخستنی هەموو توانای هەردوولا بەرەو ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسی عەفلەقی عێراق.

٢- دابین کردنی ئازادی چالاکی سیاسی، عەسکەری، ڕێکخراوەیی هەردوولا لە هەموو ناوچەکانی کوردستانی عێراق بۆ گەشە پێدانی خەبات.

٣- وەستاندنی چالاکی ڕاگەیاندنی هەردوولا دژی یەکتر، چ چالاکی ڕاستەوخۆ بێت یا نا ڕاستەوخۆ.

٤- ڕێگە گرتن لە شەڕی براکوژی و حەرام کردنی.

هەروەها ڕێکەوتنێکی هەمەلایەنەی سیاسی، عەسکەری، ئیعلامی دوو قۆڵی مۆرکراو کۆمیتەیەکی بەرز لەسەرکردایەتی هەردوولا دیاری کرا بۆ دانانی ڕێ و شوێنی جێبەجێ کردنی ڕێکەوتنەکە و گەشە پێدانی پێوەندی نێوانیان.

جەماوەری خەڵکی کوردستان

تێکۆشەر و پێشمەرگە قارەمانەکان

کێشە و ناکۆکی ناو جوولانەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمان بە

گشتی، کێشەو ناکۆکی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان ـ عێراق و یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە تایبەتی هێزەکی کاریگەر و کۆسپێکی گەورە بوو لە ڕێگەی گەشەکردن و بۆ پێشەوە چوونی جولانەوەی گەلەکەمان لە ڕێگەی کۆکردنەوە و بەگەڕ خستنی بەشی هەرە فراوانی کۆمەلانی خەلکی کوردستان پێکهاتن و هاوکاریشیان بایەخێکی گرنگ و شوێنەواری کاریگەر لەو بوارەدا دەخاتەوە دۆست و دوژمنەکانی گەلەکەمان دەجولێنێ بۆیە بەیەک دەنگ داوا لە کۆمەلانی خەلک و لایەنە سیاسیەکان و تێکۆشەر و پێشمەرگە قارەمانەکان دەکەین کە دلسۆزانە و هۆشیارانە پشتیوانی لەسەرکەوتنی ئەم ڕێکەوتنە بکەن و وریای پلان و دەست تێوەردانی دوژمنان بن.

پارتی دیموکراتی کوردستان
ئیمزا ئیدریس بارزانی

یەکێتی نیشتمانی کوردستان
ئیمزا امام جەلال

١٩٨٦/١١/٨

لە هەمان کۆبوونەوەدا، هەردوولایان ڕێکەوتن لەسەر هاوکاری و هاریکاری کردن لەنێوان هەردوو هێز، ئەمەش دەقی پرۆژەی ڕێکەوتنەکەیانە:

پرۆژەی هاوکاری نێوان
پارتی دیموکراتی کوردستان و
یەکێتی نیشتمانی کوردستان

لە ڕۆژی ١٩٨٦/١١/٨دا وەفدی پارتی دیموکراتی کوردستان ـ

عێراق بە سەرۆکایەتی هەڤاڵ ئیدریس بارزانی و وەفدی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە سەرۆکایەتی هەڤاڵ مام جەلال کۆبوونەوە و لە بیویستی دارشتنی شێوەی کارو ڕێ و شوێنی قوڵکردنەوەو پتەوکردنی پێوەندی دۆستانەی نێوانیان کۆڵینەوە و ڕوو لە مەیدێنی یەکخستنی هێزی پێشمەرگە و داو دەزگاکانی شۆڕش پێکهاتن لەسەر:

لایەنی سیاسی:

١- هیچ لایەک لەم دوو لایەنە دژی یەکتری لەگەڵ لایەنێکی سێیەم داخلی هیچ جۆرە محورێکی سیاسی یا اتفاقێکی سیاسی نەبێ.

٢- هەردوولا هەوڵ بدەن گەشە بە خەباتی هەمەلایەنەی خەڵکی کوردستان بدەن بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسی عەفلەقی عێراق و مسۆگەرکردنی مافی ڕەوای گەلی کورد.

٣- لە هەموو کاروبارێکی شۆڕشی گەلەکەماندا تنسیقی هاوبەش بکەن بە تایبەت لە هاوکاری و دۆستایەتیدا لەگەڵ هێزە عێراقی و دۆستەکاندا.

٤- کۆبوونەوەی دەوری کۆمیتەی بەرزی هاوبەش بەلاتی کەمەوە ساڵی دووجار بۆ قوڵکردنەوە و پتەوکردنی پێوەندی دوو قۆڵی و چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفتانە یا ئەو مەسەلە گرنگانەی لە ڕەوتی خەباتدا دێنە پێشەوە بگیرێ.

٥- شۆڕکردنەوەی گیانی ئەم ڕێکەوتنە بۆ هەموو ئاستەکان و حورمەت گرتن لە ڕێکخستن و ئەندام و لایەنگرانی یەکتر.

٦- هەوڵدان بۆ یەکخستنی ڕێکخراوی خوێندکارانی کورد لە

دەرەوەی وڵات.

٧- هەوڵدان بۆ یەکخستنی هێزەکانی کوردستانی عێراق و پێکهێنانی بەرەیەکی نیشتمانی فراوانی عێراقی.

لایەنی عەسکەری:

١- ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هەردوولا بۆ چالاکی سیاسی، عەسکەری، ڕێکخراوەیی، ڕاگەیاندنیان ئازادە. دەبێ هەردوولا یارمەتی یەکتر بدەن تا ڕێکخراوو هێزەکانیان لەو ناوچانەدا بتوانن بە چاکی دەوری خۆیان بنوێنن بێ ئەوەی کۆسپ بۆ یەکتر ساز بکەن.

٢- هێزو ڕێکخراوەکانی هەردوولا کە دەچنە ناوچەی یەکتر دەبێ ئاگاداری یەکتر بکەن و تنسیق پێکەوە بکەن.

٣- هەوڵ بدەن چالاکی هاوبەشی پێشمەرگانە بکەن تا زەمینەی هاوکاری هەمەلایەنە و برایەتی بۆ پێشەوە بچێ و کاری ئیجابی لە کۆمەڵانی خەڵک و هێزی پێشمەرگە بکا، بۆ زەمینە خۆشکردنی یەکخستنی هێزی پێشمەرگە لە داهاتوودا.

٤- بۆ پێشمەرگەی هەردوولا هەیە خۆیان نەقل بکەن بۆلای ئەوی دی بەبێ چەک مەگەر بە بەڵگە چەکەکەی خۆی بێ. بەمەرجێ ئەوە ڕەچاو بکرێ کە تاوانی دەرهەق لایەک لەو دوولایەنە نەکردبێ.

٥- لە مەسەلەی حوکمڕانی ناوچەکان و گومرگدا تا هەلومەرجێکی لەبارتر دەبێ لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکتریدا، واقیعی ئێستە حورمەت بگرن.

٧- پێکهێنانی دادگای هاوبەش بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵانی خەڵک.

لایەنی ڕاگەیاندن:

١- ڕاگرتنی هەموو جۆرە کارێکی ڕاگەیاندن و پڕوپاگەندە چ ڕاستەوخۆ یا نا ڕاستەوخۆ لە دژی یەکتر.

٢- مەسەلەیەکی ڕاگەیاندنی هاوبەش بە هەموو جۆرێ لە هەموو ئاستەکاندا بکرێ هەم بۆ چەسپاندنی گیانی ئەم ڕێکەوتنە و گەشە پێدانی، هەم بۆ ناساندنی مەسەلەی کورد و جوولانەوەکەی و مافە ڕەواکانی لەناوەوە و لە دەرەوەی وڵات.

٣- ڕەخنەگرتن لە یەکتر لە کۆبوونەوە هاوبەشیەکاندا نەک لە دەزگاکانی ڕاگەیاندندا.

٤- هاوکاری ڕاگەیاندن لە ڕووی فەنیەوە.

پارتی دیموکراتی کوردستان ـ عێراق	یەکێتی نیشتمانی کوردستان
ئیمزا ئیدریس بارزانی	ئیمزا مام جەلال تاڵەبانی

١٩٨٦/١١/٨

پێوەندی نێوان پارتی سۆسیالیستی کورد « پاسۆک » و (ینک) و (پدک) و (پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان) هی ئەوانیش هێمن بووە، کەوتبوونە دۆستایەتی کردنی یەکتر و دانیشتنی دوو قۆڵی و لێدوان و لێکۆڵینەوە لەسەر باری ناجۆری کوردستان و چۆنیەتی بەرەوپێش خستنی کاروانی خەباتی سەختی نەتەوەکەمان کە ڕژێمی بەعسی عێراق بە درندەترین شێوە و جۆرەها چەکی کوشتن و لەناوبردن سوورە لەسەر وێرانکردنی کوردستان و ئاوارەکردنی دانیشتوانی، دۆستایەتی و هاوکاری لە نێوانی هەموو هێزە کوردستانیەکان ڕۆژ

دوای ڕۆژ پتەوتر دەبوو. لەو کات و هەلومەرجە نوێەی بەسەر پێوەندی سەرجەمی پارت و هێزە کوردستانیەکان دا هاتبوو، یەک ڕەشنووسی پرۆژەی بەرەیەکی داڕشتکرد. پێشنیـــاری کـــردبوو کـــە لە سەرکردایەتیەکانیادا بە وردی دەرسی بکەن، لە کۆبوونەوەیەکی فراوان بە ئامادەبوونی نوێنەرانی هەموولایەنەکان، خاڵ خاڵ دەرسبکرێن و بڕیاری لەسەر وەربگیرێت.

ڕۆژی ١٢/٥/١٩٨٨ کۆبوونەوەکە لە بنکەکانی (گوێزێ)‹١٢٢› کرا. نوێنەرانی سەرکردایەتی حشع دکتۆر ڕەحیم عەجینە و یوسف حەنا‹١٢٣› لە کۆبوونەوە ئامادە بوون. لە کۆبوونەوەکەدا، دەمەتەقە و گفتوگۆی زۆر لەسەر پرۆژەکەدا کرا، گۆڕانکاری بەسەر هێندێ برگەی داهات. لەسەر ئەوە ڕێککەوتبوون لە کۆبوونەوەی داهاتوودا بەرەکە مۆر بکرێت..

‹١٢٢› گوێزێ: دۆڵێکی تەسکی سەختە، هاوینەهەواری کۆچەرەکانی خێڵی مەنگوڕانە، دوورترین شوێنە کەوتووتە سەر سنوور، لە کلکەی شاخی قەندیل باکوری ڕۆژهەڵاتی پشتی گوندی دۆڵەتوو هەڵکەوتووە. ماوەیەک بنکەکانی حشع و یەک تێدا بوو.

‹١٢٣› لە ڕاپۆرتێکی کورتی هاوڕێ یوسف حەنا کە وێنەکەی بەمن ئه دەڵێ:
(کە بروسکەی بانگهێشتنی بەشداربوون لە کۆبوونەوەی پارتە کوردستانیەکانمان پێگەیشت. بە بڕیار بەکەسەر لەگەڵ هاوڕێ دکتۆر ڕحیم عەجینە بەرەو گوێزێ کەوتینە ڕێگا.
دوای ئەمە بە دوو ڕۆژ بروسکەی م.س حشع کە ئەو کات پێنج ئەندامیان لە دیمەشق دەژیان دەگاتە هاوڕێ ئاراخشاور کە ئەوکات تەنیا ئەو ئەندامی م.س بوو لە

ڕۆژی ١٩٨٨/٦/٦ نوێنەرانی شەش پارتی کوردستانی لە خواکورک کۆبوونەوە، بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی باش لە سەرکردەکانیان بە پەنجەی ئەم هاوڕێ و هەڤالانە بەرەکە مۆر کرا:

- پارتی سۆسیالیستی کورد. ملازم کەریم
- پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان. محەمەد محمود عەبدورەحمان ـ سامی
- پارتی دیموکراتی کوردستان ـ عێراق. عەلی عەبدوڵلا.
- پارتی سۆسیالیستی کوردستان ـ عێراق. رەسول مامەند.
- پارتی کۆمۆنیستی عێراق ـ هەرێمی کوردستان. عەزیز محەمەد
- یەکێتی نیشتمانی کوردستان. نەوشیروان مستەفا

بەم شێوەیە بەرەی کوردستانی بنیات نرا و بوو بە بناغەیەکی پتەو ڕەوا بۆ سەرپەرشتی و سەرکردایەتی خەبات و جەماوەری کوردستانی عێراق.

شاخ مابۆوە. داوادەکەن بەشداری لە کۆبوونەوەی پارتە کوردستانیەکان ئەکرێت. خۆشبەختانە ڕێکەوت وا هاتبوو ئێمە لە بنکەکانی خۆمان دوور کەوتبووینەوە و گەیشتبووینە کۆبوونەوەکە لە (گۆیژێ) بەپێی توانامان بەشداری باشمان لە کۆبوونەوەکەدا کرد. لە ئەنجامدا بەرەکەمان مۆر کرد و ڕێکخراوی هەرێمی کوردستان حشع بەشداری تێدا کرد.)

لە دوایدا م.س بێدەنگ بوو و پەسندی ڕێککەوتنەکەی کرد و بڕیاری وەرگرت مۆری بکات

حەلەبجە ـ جەنگ ـ ئەنفال

سێ وشەی کورتن. بەڵام هەر یەکێکیان کارەسات و ئاپۆرێ، چەندین چیروک ورۆمان، شانۆگەری دراماتیکی، ژان و گریان و فرمێسک، یادکردنەوە و نیگەرانیان بە دوای خۆیان بەجێهێشتووە. تا مرۆڤ و مێژوو لەسەر تۆپی زەوی مابێت دەشمێنێتەوە. بە سەدان ڕووبەر، نووسین و شیعر بەڵگەنامەو لێکدانەوە و باسکردن، وێنە و پۆستەراتیان لەسەر بڵاوکراوەتەوە،

ڕەنگدانەوەی یاداشت و پرۆتێستۆ، بەرزبوونەوەی هاوار دەنگی بێزاری و ناڕەزایی دەربارەی بەسەرهاتەکانی نەتەوەی کورد، لە ئاکامی کارەساتەکانی ئەم سێ وشەیە، لە سەرانسەری ئەم جیهانەدا بڵاو بوونەوە، کەم کەس هەیە نەزانی مانای حەلەبجە، جەنگی ئێران و عێراق و تاوانەکانی بەناو ئەنفالی فاشیەکانی بەغدا کردنیان چی بووە چی بەسەر نەتەوەی کورد هانی و چ ئازارێکی کوشندەی پێ گەیاند؟

خۆ تەنیا ئەوەی لەسەر هەر ڕووداوێکیان نووسراوە کۆبکرێتەوە، گومانی تێدا نیە چەند کتێبی گەورەی لێدەردەچێت.

ئەو ماوەیەی لە سوریا دەژیام، هەموو هۆش هەست و بیرو بڕوام

لەگەڵ ڕووداوەکان و باری کوردستان دا بوو. بەڵام لەکاتی ڕوودانی کارەساتەکانی حەلەبجە و ئەنفال لە گۆزەپانەکەدا نە دەژیام، تاوەکو بە وردی ئەوەی دەکەوێتە بەرچاوو گوێم و دۆکۆمێنتەکان تۆمار بکەم. هێمـا وا دەبینم ئەوەی بینووسم و بڵاوی بکەمەوە، هەموو دەبێتە دووپاتکردنەوە، بۆیەکا وام بە پەسند زانی، تاوەکو بۆشایی لە کارەکەمدا نەکەوێتە کاروانی خەبات و تێکۆشان و ژیانی نەتەوەی کورد لە ماوەی ئەو دوازدە ساڵەی (١٢ ساڵ) خەریکی نووسینمە، زۆر بە کورتی و بە خەستی باسیان بکەم. هەرچی نووسراویشە و دەنووسرێت بیرا بیرا ئەو زەرەر و زیانە زۆرانەی بە نەتەوەی کورد و نیشتمانەکەی گەیاندراو، پڕ ناکرێتەوەو لە یادیش دەرناچن!

حەلەبجە

دوای ئەوەی ئاشتبوونەوەو تەبایی نێوان هێزەکانی کوردستانی باشوور، باڵی بەسەر هەموو ناوچەکاندا شکابەوە، وورەی جەماوەر بەرز بۆوە، هیوا بەدوا ڕۆژی سەرکەوتن نزیک بۆوە. چالاکی و گورج و گۆڵی و ئازایەتی پێشمەرگەکان، کەوتە قۆناغێکی چلۆنی دی، لە هەموو لایەک هێرشی توند و پڕ ئازار دەکرایە سەر دوژمن. جوامێرانە لێدانی کوشندە بە دام و دەزگاکانی ڕژێم و نۆکەرانی دەگەیاندرا. دەیان سەنگەر و مۆڵگەی قایمی پێ چۆڵ کرا. ڕۆژانە ژمارەی بەدیل گیرانی ئەفسەر و ڕژێم لە قەیرانێکی قووڵدا دەژیا. تووشی سەرلێشێوان و پەشێوی هاتبوو، جۆرەها چەک و فرت و فێڵەکانی بەکاردەهێنا، شکستەکانی پێ بەربەست نەدەکرا، لەوە دەرچوو بوو تۆپی قورس و

بۆمبای ناپالم و موشەکی کاتیوشا، بتوانێ ڕێگا لە پەرەسەندن و پەلامار و هێرشە پرتاوەکانی پێشمەرگەی کوردستان بگرێت! لە چەند شوێنێک کەوتبوونە بەکار هێنانی چەکی کیمیاوی، ژەهری خەردەل و سیانیدی دەپرژاند.

لە ناوەڕاستی مانگی ئاداری ۱۹۸۸، دەنگ لە دیمەشق بڵاوبۆوە، کە هێزی پێشمەرگە توانی دەست بەسەر شاری حەلەبجە و سەید سادق دا بگرێت. سوپای عێراق دووچاری شکستەکی گەورە و ڕاکردن هات. زیانی کوشندەی پێ گەیشت، چەکی زۆری جۆراو جۆر کەوتە دەستی پێشمەرگە.

ئەم دەنگوباسانە سەرجەمی هێزەکانی بەرهەڵستکاری عێراقی گوشاد کرد. لەلایەکی دیکەشەوە دام و دەزگاکانی پڕوپاگەندە و ڕاگەیاندنی ڕژێم لایەنگرەکانیان لە وڵاتانی عارەبی، دەماری ڕەگەزپەرستیان هەڵسا بوو، لەژێر پەردەی عارەبایەتی دەیانویست وا ڕابگەیەنن کە حەلەبجە لەلایەن هێزەکانی ئەرتەش و پاسدارانی ئیسلامی ئێران داگیر کراوە.

لە نێوان ئەو کەین و بەینەدا زوو دوای دوو سێ ڕۆژ، لە هەموو دنیا بڵاوبووەوە کە ڕژێمی فاشی عێراق بە گەورەترین تاوانکردن دژی جەماوەری حەلەبجە هەڵساوە، لە ڕۆژانی ١٦ و ١٩٨٨/٣/١٧ بە ژمارەیەکی زۆری فڕۆکەی جەنگی، هەموو ناوچەی حەلەبجەیان بە چەکی کیمیاوی ڕشاندووە. هەر لە یەکەم ڕۆژدا پتر لە پێنج هەزار کەسی بێ تاوان گیانیان لەبەر دەرهات و بوون بە سووتەمەنی چەکی کیمیاوی ژمارەی بریندارەکانیش لە دوو ئەوەندەی شەهیدەکان پتر.

حەلەبجە وێران کرا، دانیشتوانی شارە خنجیلانە قەشەنگەکە

دووچاری گەورەترین کارەسات هاتن. یەکسەر لەلایەن هێزەکانی خێرخوازی دنیا، لایەنگرانی مافی مرۆڤ و دیموکراسیەت و ئاشتی و سروشت، تاوانی فاشیەکانی بەغدایان بەتەک گەورەترین تاوان و کارەساتی مێژووی کارەساتەکانی هیرۆشیما و ناگازاکی (١٢٤) دانا.

دانیشتوانی شار و ناوچەکە دووچاری پرت و بڵاوەیی هاتن، ئاوارە و دەربەدەری هەندەران بوون. سەرو ماڵ و سامانیان بەفیڕۆ ڕۆیشت. نەخۆشخانەکانی تاران، پاریس، لەندەن و گەلێ شاری دیکەی دنیا، بریندار و سووتاوەکانیان گرتە باوەش خۆیان، کەوتنە تیمارکردن و بایەخ پێدانیان.

لەگەڵێ وڵاتان و ڕێکخراوەکانی مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتی و

---

(١٢٤) هیرۆشیما و ناگازاکی: دوو شاری گەورەنە لە (یابان) لە ڕۆژی ١٩٤٥/٥/٨ کە (بەرلین) لە لایەن وڵاتەکانی هاوپەیمان گیرا و ڕژێمی ئەڵمانیای فاشی هیتلەری شکا و چۆکی دادا. ڕژێمە بیروکراتە عەسکەریەکەی (یابان) کە لە جەنگی جیهانی دووەم لایەنگری ئەڵمانیا و ئیتالیا بوو، سەری شۆڕ نەکرد. درێژەی بە شەڕ کردن دا. سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئەوکات (ترومان) بوو، لە سەرەتای مانگی ئابی هەمان ساڵ بڕیاری بەکارهێنانی بۆمبای ئەتۆمی دا. کە بەکارهێندرا یەکسەر ١٢٠ هەزار کەس کوژران، بریندار و پەک کەوتە لە ژماردن دەرچوو، لە مێژوودا بە گەورەترین کارەسات دەژمێردرێ.

تا ئێستاش دوای تێپەڕبوونی ٤٨ ساڵ شوێنەواری لە بێ دەست و بێ چاو بێ لوت لە یابان بەبینا بەبین دەبیندرێ.

رامیاری، بە بەیاننامەی زۆر و ڕاگەیاندن و پرۆتێستی توند رژێمی فاشی بەغدایان ڕیسوا دەکرد و داوای مەحکەمە کردنی تاوانبارەکانیان دەکرد، لە دادگایەکی نێودەوڵەتان.

ڕۆژی ۱۷ مارتیش کرا بە ڕۆژی لەناوبردن و قەدەغەکردنی چەکی کیمیاوی لە جیهاندا و هەموو ساڵێکیش یادی بکرێتەوە. حەلەبجەی شەهیدیش بەناوی هیرۆشیمای کوردستان دەبردرێ.

لە پێشەوە نووسیومە کە زۆر لەسەر کارەساتەکە بە گەلێ زمان نووسراوە و بڵاوکراوەتەوە، ئەوەش دەهێنێ گەلێ پتری بۆ بکرێت و لەسەری بنووسرێت.

بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی دژی شارێکی ۷۰ هەزار کەسی پێویست بە دەرسکردنێکی ڕاست و ڕەوار زانستیانە دەکات. چونکە بەشێکە لە فروان ترین کارەساتی دڕندانە کە بە ئەستۆی نەتەوەی کورد کەوتیە.

*　　*　　*

جـــــەنگ

ئەو لێکدانەوە و حسێبانەی سەرکردایەتی سیستێمی عێراق کردی و کردیان بە بەڵگە و بنچینە بۆ ئەو هێرش و بەلامارداندە کتوپڕانەی لە

ڕۆژی ۲۲ی یەیلولی ۱۹۸۰. کردیانە سەر خاکی ئێران، جەنگێکی گڵاوی تێکدەریان هەڵگیرساند، سەرتاپا هەموو بۆ چوونەکانیان پووچەڵ و هەڵسەنگاندنی ناراست دەرچوو. کاتێک ڕژێمی عێراق خۆی بینییەوە کەوتوونەتە ناو گەردەلوول و گێژاوێک ڕزگار بوونی سانا نیە!

هەشت ساڵی ڕەبەق پیسترین جەنگی هارانە درێژەی کێشا، هەزارەها کەسی هەردوو وڵاتەکە بوونە سوتەمەنی تاوانەکە! شوێن و کەنار نەما زیانی پێ نەگات، شوێنەوارەکەی لە کوشت و بڕو وێرانکردندا، تا ماوەیەکی زۆر هەر دەمێنێتەوە، شار و شارۆچکە، گەرەک و کوچە لە هەردوو وڵاتدا نەما، دایک و باوکی جەرگ سووتاو، ئافرەتی مێرد کوژراو، منداڵانی هەتیو، دەست شکاو قاچ براو، کیورو پەککەوتەی بەرنەکەوتبێ. جۆرەها چەک بەکارهێندرا، نەلە جەنگی جیهانی یەکەم نە لە هی دووەم نە لە جەنگی ڤێتنام چەکی وەها نەبیندرا بوو.

لە گەرمەی شەڕ و پەلاماردانی یەکتر، هەردوو ڕژێمە ڕەگەزپەرستەکە چرکەیەک دوژمنایەتی کردنی کوردیان بەلاوە نەدەنا. لە واقیعدا هەردوو وڵات لەناو دوو جەنگدا دەجەنگان جەنگی نێوان خۆیان، جەنگی لەناوبردنی کورد.

هەشت ساڵی ڕەبەق جەنگە شووم و بێ ماناکەی ئێران و عێراق، گۆڕانکاری قووڵی بەسەر باری ژیانی کۆمەڵایەتی، ئابووری، فیکری و نەریت و ئاداب دا هانی. لە سەرانسەری ئەم جیهانەشدا، بەشێک وەک تەماشاکەر سەیری ئامێری هاردنی کوشت و بڕو وێرانکاریەکەیان دەکرد، لەلایەکی دیشەوە وڵاتانی زۆر جۆرەها کۆمەک و یارمەتیان بە ڕژێمی فاشی بەغدا دەگەیاند، بوو ئەوەی خۆ لەبێش شالاوی

هێرشەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران رابگرێت. لە هەمان کاتدا بەربەستی لە شالاوی تەوری ڕێبەرە ئاخوندەکانی ئێران بکەن، کە مەرخی ئەوەیان هەبوو لەژێر پەردەی ئاینی ئیسلام دەست بەسەر ئەملاو ئەولا دابگرن.

مەترسی گەورە لەلایەن ولاتە سەرمایەدارە گەورەکان و خاوەن کۆمپانیا مۆنۆپۆلەکانی نەوتی پەیدا ببوو، بۆیەکا بە پەلە کردن بە جۆرەها یارمەتیدان، چەکی جۆرا و جۆر، ئازوقە و خواردەمەنی بە تێرو تەسەل، کەل و پەلی عەسکەری، تەکنۆلۆژیای زانستی و جەنگی پشتی عێراقیان گرتبوو تاوەکوو خۆ رابگرێت و نەڕووخێت؟

کەس بە زەبیی بە وێرانکردنی هەردوو ولات و کوشتن و بڕی هەزارەها مرۆڤ دانەدەهات. تاکە ئامانج ببو بە سەرنەکەوتنی کۆماری ئیسلامی ئێران لە جەنگەکەدا.!!

ئەوەبوو دوای هیلاکی و شەکەتی و زیان و کاولکاری و کوشتوبڕی زۆر، لە ڕۆژی ١٨ تەمووزی ١٩٨٨ خومەینی بڕیاری راگرتنی جەنگەکەی دا و بلاوی کردەوە و گوتی: (کە ئەو بڕیارە دەدەم وادەزانم پەرداخێک ژەهر دەنۆشم) دوای ماوەیەک عێراق رای گەیاند کە ئامادەیە بەپێی ڕێکەوتنەکەی (الجزائیر)ی ١٩٧٥/٣/٦ لەگەڵ ئێران ڕێک بکەوێتەوە و جەنگ رابگرێت و بکەونە گفتوگۆ کردن. ئەوەبوو لە ڕۆژی ١٩٨٨/٨/٢٠ جەنگە گلاوەکە ڕاگیرا و ڕۆژی ١٩٨٨/٨/٢٥ کەوتنە گفتوگۆ کردن بۆ مەسەلەی ئالوگۆڕ کردنی دیلەکانیان و چارە کردنی گشت ناکۆکیەکانیان.

دوای هەشت ساڵ جەنگەکە وەستێندرا، بەلام چی لەدوای خۆی بەجێهێشت؟ تا هەنوکە چەندان کتێبی زل زل و راپۆرتی جۆراوجۆر و

دەرسکردنی پسپۆرانی جەنگ لەسەر ئاکامە پیس و نافرجاو کاولکاریەکانی بلاوکراوەتەوە. ئەو زەرەرو زیانە زۆر زەبەندانەی بە ئەستۆی هەردوو ولات کەوت، ماوەیەکی دوور و درێژی دەوێ تاکو پڕ دەکرێتەوە. بە تایبەتی لە ڕووی کۆمەلایەتی و ژیانی جەماوەرو ئەرەت و ئاداب.

بەهۆی فەرموانی و چەشنی زۆر، بە تەواوی قەبارەی زیانەکانی هەردوو ولات بە تەواوی نەزانندراوە. لە راپۆرتێکدا گۆڤاری (العربي) کوێتی مانگی کانوونی دووەمی ١٩٩٢ بلاوکرایەوە کە زیانی عێراق لە ٤٥٢ ملیارد دوولار و هی ئێران ٦٤٢ ملیارد دوولار پترە کە دەکاتە پارەی دەستکەوتی نەوتیان لە سالی ١٩٣٨-١٩٨٨. هەروەها گۆڤاری (الثقافة الجديدة) لە چەند گوتارێکدا زیانی هەرلایەکیان بە ٥٠٠ ملیارد دوولار تەخمین دەکات. کوژراو پەککەوتە و شەل و سەقەتی هەردوو ولات لە ملیۆنێک مرۆڤ زێترە.

هەلگیرساندن و بەردەوام بوونی هەشت سال بەسەر پیسترین جەنگی ناڕەوا و دڕندانە ئەویش تاوانێکە لە تاوانە هەرە هەرە مەزنەکانی سیستێمی پارتی بەعسی عێراق و دیکتاتۆر سەدام. کە هەتا هەتایە مێژووی لەعنەت و نەفرەتی لێدەکات و بە تاوانباری جەنگ ناوی دەبردرێ.

* * *

ئـەنفـال

هەرکە جەنگی عێراق و ئێران ڕاوەستێندرا، فەرمانبەرە فاشیەکانی بەغـدا مـاوەی ئەوەیان نەدا کە سـوپای عـێراق و چەک هەڵگرەکـانی پشـوویەک بخۆن، یەکسـەر ئاگری چەکە قـورسـەکان و فـڕۆکـەکـانی ئاراستەی سەر نەتەوەی کورد کرد.

گـەورەترین و بەرگـراوەترین هێرش و پەلامـاردانیـان بە ناوی (الانفال)‹١٢٥› بۆ سەر هەموو کوردستانی باشوور کرد.

‹١٢٥› الانفـال: لە لێکدانەوەی قـورئان بە مـانای (الغنائم ـ دەسکەوت) هاتـیە سورەتی هەشتەمە لە جزئی نۆیەمی قورئانی پیرۆزە، ٧٥ ئایەتە دوازدەیان لەسەر ئەو کەسانە هاتیە کە سەر بۆ ئاینی ئیسلام شۆڕناکەن. لە ئایەتی حەوتەم خودا فـەرمـوویەتی: (و یرید الله ان یحق الحق بکلمـاته و یقطع دابر الکافـرین) لە هی دوازدەهەم فـەرمـوویەتی: (یا ایها النبی حرض المؤمنین علی القتـال) لە هی ٣٩ فەرموویەتی: (قاتلوهم حتی لاتکون فتنه و یکون الدین کله لله) ئایەتی ٤٥ (یا ایها الذین آمنوا اذا لقیتم فئه فاثبتوا واذکروا الله کثیرا لعلکم تفلحون).

دنیا ئەزانێ نەتەوەی کورد نەتەوەیەکی پاک و خاوەن ئاینە. ڕێزی هەموو ئاین و مرۆڤێک دەگرێت و گرتوویەتی.

سەیر ئەوەیە تاوان باران، چەتە پیاوکوژە خوانەناسانی وەک سەدام و عەلی حەسەن مەجید کە بە عەلە کیمیاوی کورد کوژ ناسراوە، خۆیان بە دیندار و خاوەن ئیمان دەزانن. تاوان و قڕ و بڕکردن و کردارە ناڕەوا نا مرۆڤایەتیەکانی ئەوان و دام و دەزگاکانیـان ، دوورە لە هەموو ئەخلاق و پیشە و ئادابێکی کۆمەڵایەتی. فەرمان بە

له ماوه‌یه‌کی کورتدا پتر له ٧٢٨ گوندیان له قه‌زای چه‌مچه‌ماڵ، توزخورماتو، که‌لار، کفری و دبس له پاریزگای که‌رکوک له‌گه‌ڵ زه‌ویدا جووت کرد. به هه‌مان درنده‌یه‌تی و هاربوون شالاوو هێرشی فه‌رمان کرایه سه‌ر پاریزگای هه‌ولێر و سلێمانی و مه‌ڵبه‌ندی بادینان، له ژماره‌ی ٢٣٨ گۆڤاری (الثقافه الجدیده) هاتووه که ئه‌وکات رژێمی ره‌گه‌زپه‌رستی شۆڤێنی نزیکی ٢٥. ٢٥ قه‌رجی سووکی له کوردی خۆفرۆش و چلکاوخۆره‌کان و سێ فه‌یله‌قی له سوپا و سه‌دان فرۆکه‌ی جه‌نگی و هێلیکۆپته‌ری ئاراسته‌ی سه‌رتاپای کوردستانی باشووری کرد. به جۆره‌ها چه‌ک و موشه‌ک و ژه‌هری کیمیاوی که‌وتنه گیانی نه‌ته‌وه‌ی کورد، ده‌نگوباس و راپۆرته‌کان راین گه‌یاند که پتر له ٤.... (چوار هه‌زار) شارو شارۆچکه و گوندی کوردستانیان وێران کرد. نزیک له ٢.. ٢.. دووسه‌د هه‌زار کوردی پێتاوانیش له قه‌سابخانه‌ی فاشیه‌کانی به‌غدا کوژران و زینده‌به‌چاڵ کران، کچ‌یه و منداڵانی کوردیش که‌وتنه بازاری فرۆشتن و بلاوکردنه‌وه به‌ملاو ئه‌ولا.

له ٢٦ و ٢٧ ئه‌یلولی ١٩٩١ له پاریس پایته‌ختی فه‌ره‌نسا کۆبوونه‌وه‌یه‌کی تایبه‌ت بۆ کوردستان سازکرا. ژکاره‌یه‌کی زۆر له ژن و

دیتناریه‌وه نیه، لا دین و گوناهبار ئه‌وانن، ئه‌گه‌ر سه‌تاڵێک باریهان به خواناسین و دین هه‌بایه، هه‌زاران مزگه‌وتی کوردستان و ئارامگه‌ی ئیمام عه‌لی و ئیمام حوسێنیان له نه‌جه‌ف و که‌ربه‌لا وێران نه‌ده‌کرد. به هه‌زاره‌ها رۆڵی عێراق و ئێرانیانیشیان به سوتمه‌نی جه‌نگه‌کانیان نه‌ده‌کرد. عێراقیان نه‌ده‌کرد به دۆزه‌خێک ماوه‌ی ژیانی خۆشی و به‌خته‌وه‌ری تێدا نه‌بینێت. به راستی ئه‌وان کافرن و خوا نه ناسن پێویسته (الانفال) به‌سه‌ر ئه‌وان به‌جێ بهێنرێ.

پیاوانی ناودار و تێکۆشەر بەشداریان تێدا کرد. چەندین راپۆرتی بە نرخ دەربارەی کوردستان پێشکەش بە کۆبوونەوەکە کرا.

لە راپۆرتێکدا کە عەلی باباخان بە کۆنگرەکەی پێشکەش کرد لە رۆژنامەی (العراق الحر) کە لە لەندەن دەردەچێت. لە ژمارەی ١٩ رۆژی حەفتی تشرینی یەکەمی ١٩٩١ بڵاوکرایەوە هاتبوو:

ژمارەی ئەو گوندانەی ویران کران	٣٨٣٩
ژمارەی ئەو قوتابخانانەی ویران کران	١٧٥٧
ژمارەی ئەو مزگەوت و شوێنی ئاینی ویران کراو	٢٤٥٧
ژمارەی ئەو نەخۆشخانە و تیمارخانەی ویران کراو	٢٧١

ژمارەی ئەو ماڵ و منداڵانەی دەربەدەر و ئاوارە کران ١.٢١٩.٣٧١ ملیۆن کەس و کوژراو پتر لە ١٨٠ هەزار کەس. ئەمە جگە لە ٦٠٠ هەزار شیعە کە حکومەتی عێراق لە ١٩٨٠-١٩٨٩ دەستی بەسەر ماڵ و سامانیان دا گرتوو و بە رووتی و هەژاری لە عێراقی دەرکردن، کە نیوەیان پتر برا کوردە فەیلیەکانن.

لە هەمان دەورووبەردا (پیتەر کالبریس) ئەندامی کۆنگرێسی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە راپۆرتێکدا کە لە ئاپاری ١٩٩١ دای بە ئەنجومەنی پیرانی ئەمەریکا دەڵێ: (لە رۆژی ١٩٨٨/٨/٢٥ رژێمی عێراق چەکی کیمیاوی بەسەر کوردستان بڵاوکردەوە).

ئەوکات بەرەی کوردستانی و یەکە یەکە هەموو پارتە کوردستانیەکان و هێندێ هێز و پارت لە بەرهەڵستکارەکانی عێراق، چەندان یاداشت و بانگەواز و داوا و تکاو پاڕانەوەیان پێشکەش بە

کۆمیتەی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجومەنی ئاسایش و کۆمەڵەکانی مافی مرۆڤ و پارت و هێزە پێشکەوتنپەرستەکان کرد، کە دەنگی ناڕەزایی بەرز بکەنەوەو سنوورێک بۆ تاوانی چەتەکانی بەغدا دژی کورد دابنێن.

گەلێ بەداخ و کەسەرەوە لەم چەرخەی کە باری دنیا هەمووی لە گۆڕان دایە و بە چەرخی پێشکەوتن و دیموکراسیەت و مافی مرۆڤ ناسراوە، بە ڕاشکاوی و بێ سڵکردنەوە دەبیندرا، شۆڤێنیستەکانی بەغدا تەقەلای لەناوبردن و ئاوارەکردنی کوردیان دەدا. لە هیچ وڵات و کۆمیتەکانی نێودەوڵەتان دەنگێکی توند و ڕاستەقینە ؟ بە زەبر و توانا بەرز نەبۆوە و هاوار بکات. فاشیە ڕەگەزپەرستەکان بوەستن لە تواناکانی دژی نەتەوەی کورد. کوردیش نەتەوەیەکە نیشتمان و خاک و مێژووی هەیە، وەک هەر گەلانی دیکەی ئەم دنیایە، مافی ئەوەی هەیە بە ئازادی و سەرفرازی لەسەر خاکی نیشتمانی خۆی بژیت.

دوای ماوەیەکی درەنگ پیچەک دەستی یارمەتیدان بە کورد و کوردستان گەیشت.

لە کۆتای مانگی ئابی ١٩٨٨ بەرەی کوردستانی، بەپەلە بانگەوازێکی ئاراستەی کۆمیتەی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتان، لیژنەی خاچی سوور، لیژنەی باڵای پەنابەرانی سەربە کۆمیتەی نەتەوە یەکگرتووەکان، گشت ڕێکخراوە سیاسی و کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتی، یەکێتی نەقابەکانی عەرەبی و وڵاتانی دیکەی کرد بوو. کە بێزاری و ناڕەزایی دژ بە ڕژێمی بەغدا دەربڕن. لەسەر ئەو پەلاماردانە و هێرشە عەسکەریە فراوانەی بەناوی (ئەنفال) هانیبوبانە سەر کوردستان.

دەقی بانگەوازەکە:

الجبهة الكردستانية

نداء عاجل الى المنظمات الدولية

في الوقت الذي يتابع العالم باهتمام جهود الامم المتحدة لوقف الحرب العراقية ـ الايرانية يستغل نظام بغداد هذا الظرف ليصب حقده الشوفيني العنصري على الشعب الكردي في كردستان و شن حملات عسكرية واسعة ابتداء من محافظتي السليمانية و كركوك و انتهاء بمحافظة دهوك.

ففي ٢٥ و ٢٦ و ١٩٨٨/٢٨ قصفت قوات النظام بمنات القنابل الكيمياوية عشرات القرى الكردية و سقط من جراء ذلك اكثر من (٣.٥٠٠) قتيل و جريح ولا تزال حملات الابادة سارية على قدم وساق.

شمل القصف الكيمياوي قرى محافظة دهوك في اقضية زاخو و العمادية و قضائي شيخان و عقرة في محافظة الموصل و منطقتي سيدكان و شقلاوة في محافظة اربيل.

و الجدير بالذكر ان الاف الجرحي من النساء و الاطفال و الشيوخ توجهت صوب الحدود التركية هربا من الابادة الشاملة بالاسلحة الكيمياوية.

ولكن السلطات التركية منعت الصليب الاحمر التركي من التدخل و اقفلت في وجههم كل الابواب بل وصل الحد بها الى التهديد و قصف المنكوبين.

ان عشرات الجرحى يسقطون في كل يوم على الحدود التركية العراقية و الاخرين ينظرون الموت المحتم.

و من سخريات القدر ان يتم كل هذا في الوقت الذي تجري محادثات السلام في جنيف،

اننا ندعو الصليب الاحمر الدولي و الهيئات الدولية و المنظمات الانسانية التدخل الفوري لوقف حرب الابادة و تقديم المساعدات الطبية و الانسانية.

الجبهة الكردستانية العراقية
١٩٨٨/٨/٢٩

ئەمەش دەقی ئەو ڕاگەیاندنەیە. لیژنەی هەندەرانی بەرەی کوردستانی لەسەر باری کوردستان و هێرش و تاوانەکانی ڕژێم بلأوکردبووە:

لاتزال الحرب الشوفينية في تصاعد مستمر في كردستان العراق

في صباح يوم ١٩٨٨/٨/٢٥ حينما كان الوفدان العراقي و الايراني يتوافدان على جنيف لحضور مباحثات السلام باشراف السكرتير العام للامم المتحدة، و بعد مضى اكثر من عشرة ايام من الهدوء الفعلي على جبهات القتال العراقية ـ الايرانية و خمسة ايام على ايقاف اطلاق النار بين الدولتين المتحاربين رسميا، عاودت السلطة العراقية القصف

الكيمياوي الكثف للعديد من قرى كردستان في محافظتي اربيل و دهوك العراقيتين.

ففي محافظة دهوك شمل الق#ف الكيمياوي القرى التالية من قضاء زاخو:

كورجين، دركتل، زورتفا. و في العمادية قرى بة كمالة، بري، بنكاو و قرى منطقة گاره، حيث استشهد (٨٨) مواطنا و اصيب (٥٠٠) آخرين بالجروح.

و في محافظة اربيل شمل القصف الكيمياوي قرى: هيران، خلتي، وترتي، باليسان، داراش، جارسينة، بناوي.. الخ. مما ادى الى استشهاد و اصابة مئات من ابناء الشعب الكردي.

ان هذا الجرائم البشعة تفضح النظام و ممارسته الشوفينية في الوقت الذي كان يتذرع بابادة الشعب الكردي و بحجج مستلزمات الدفاع عن الاراضي العراقية في الحرب العراقية الايرانية، الا انه يواصل نهج الابادة العرقية و حربه الشوفينية القذرة ضد شعب كردستان بالرغم من ايقاف القتال على الجبهة العراقية ـ الايرانية.

و هكذا يتعري هذا النظام الدموي امام الراي العام العالمي، كنظام اجرامي و عدواني، انه في الوقت الذي اجبر تحت ضغط و الحاح و اجماع العالم بالجنوح الى السلام، يواصل حربه الاخرى و بوتائر متصاعدة ضد مواطنه من ابناء الشعب الكردي المسالم و المطالب بحقوقه القومية المشروعة، مستخدما افتك الاسلحة المحرمة دوليا.

اننا نناشد القوى المحبة للحرية و السلام في العالم و قوى و فصائل حركة التحرر العربية و جميع القوى الخيرة و منظمات حقوق الانسان في العالم بالتضامن مع الشعب الكردي في محنته العصيبة، و ادانة النظام

العراقي و ممارسة الضغط لردع هذا النظام المنفلت من عقالة عن ممارسة جريمة الابادة ضد الشعب الكردي.

الجبهة الكردستانية العراقية

لجنة الخارج -

١٩٨٨/٨/٢٧

* * *

چەند هەڵوێست و ڕووداوی بایەخدار

کە کەوتمە پشکنینی دوامین ڕووپەڕە تۆمارکراوەکانی ئەو ساڵانەی لە سوریا دەژیام و تا لە سویدیش گەیشتمە ڕۆژی ۱۹۹۰/۱۲/۳۱، دیم پێویست دەکات هێندێکیان ون نەکرێن، بە کورتی لەناو کتێبەکەمدا ئاماژەیان پێبکرێت، پێوەندی زۆریان بە باری کوردستانەوە هەیە:

۱- لە مانگی کانونی دووەم و شوباتی ۱۹۸۷، ڕژێمی فاشی بەغدا زێتر لە ۷۰۰ کەسی ئیعدام کرد، تەنیا تەرمی ٤٦یان بۆ سلێمانی و ۲٥ بۆ شەقڵاوە، گەڕاندەوە.

۲- لە ڕۆژی ۱۹۸۷/٦/۱۱ سەدامی دیکتاتۆر، بە مەرسوومی کۆماری ژمارە: ۳۲۱ چەند قەزاو ناحیەی لە کوردستان نەهێشت، مەبەستی گەلاوی ڕژێم بۆ ئەوە بوو کە هەنگاوی یەکەم ناویان لەسەر نەخشەی کوردستان نەهێڵن، دوای ماوەیەک بە عارەب نشینی بکەن.

۳- لە ۱٦ و ۱۹۸۸/۳/۱۷ حەلەبجەی شەهید بە بۆمبای کیمیاوی و ناپاڵم و مووشەک وێران کرا.

لە پایزی هەمان ساڵ زۆربەی ناوچەکانی سۆران و بادینان بە هەمان

چەک و درندایەتی لەژێر ناوی (الانفال) وێران کرا.

٤- لە ناوەڕاستی ١٩٨٨ جارێکی دیکە دەنگوباس لە دەرەوە و ناوەوەی عێراق بلاوبۆوە کە میری عێراق جارێکی دیکە موکەرەم تالەبانی ڕاسپاردووە داوا لە سەرکردایەتی حشع بکات، بگەڕێتەوە ژێر ڕکێفی ئەوان کە ناویان بەرەی نیشتمانی دەبرد (الصف الوطني)

لە هەموو لایەکەوە پرسیار لە سەرکردایەتی حشع دەکرا< ڕاستی و درۆی ئەم دەنگوباسە چیە؟ م.س ڕوونکردنەوەیەکی ناوخۆی لە ڕێکخراوەکانی حزبی بلاوکردەوە.

ئەمەش دەقەکەیەتی

عطفا على ماورد من اخبار حول موضوع اجراء حوار مع النظام اجاب م.س الوسيط في اوائل ايار ١٩٨٨ بمايلي:

١- ان اية خطوة من جانبنا و من حلفائنا تحتاج الى مناخ سياسي يعكس جدية توجه النظام في التطبيق العملي.

٢- ان مبدء الحوار من جانبنا و في الظروف الملموسة الراهنة يكتسب جدية، عندما تتخذ جملة من الاجراءات و التدابير العملية من النظام مقترنة بتاكيد توجيهاته لتحقيق المصالحة الوطنية.

٣- ان القوى الاساسية المعنية بالحوار تتحرك في منطقة كردستان، و هذا يحتاج الى ايقاف حرب الابادة و استخدام السلاح الكيمياوي خاصة ضد الشعب الكردي و اتخاذ اجراءات تنطوي على تطمينات سياسية للاحزاب و القوى المعنية بالحوار، و من هذه الاجراءات:

اعلان عفو غير مشروط و اطلاق سراح السجناء و المعتقلين السياسيين و وقف الهجوم على مناطق قوات الانصار. و الاعلان عن

السماح بعودة المهجرين و افساح المجال امام الفلاحين الاكراد للعودة الى قراهم.

اواخر آيار ١٩٨٨

* * *

٥- دوای وەستاندنی جەنگی نێوان عێراق و ئێران و وێرانکردنی سەرەتاپای کوردستانی باشور، رژێمی فاشی بەغدا، پروپاگەندە و رەکلامەی بڵاوکردەوە، کە کاتی ئەوە هاتیە باری عێراق بگۆردرێ. ژیانی فرە پارتایەتی برپا بکرێت و سەربەستیەکانی دیموکراسی بدرێت.(اعلان التعددیه الحزبیه و الحریات الدیمقراطیه)

زۆری نەخایاند لە ناوەوە و دەرەوەی عێراق دەرکەوت کە بەڵێنەکانی رژێم درۆیە، راستی تێدا نیە بۆ هەڵخەڵەتاندنە.

٦- لە رۆژی ١٩٨٩/٧/١٤ تێکۆشەرێکی لێهاتووی کورد، سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی رۆژهەڵات دکتۆر عەبدورەحمان قاسملو و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی عەبدولای قادری و دکتۆر فازیل مەلا محمود بەدەستی پیاوکوژە تاوانبارەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە (ڤییەنا) پایتەختی نەمسا شەهید کران.

لەو کاتەی لە گفتوگۆ کردن دا بوون لەگەڵ نوێنەرەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران، بۆ چارەکردنی پرسەی کوردەکان بە رێگای ئاشتیانە.

٧- عالم و زانای ناوداری یەکێتی سۆڤیەتی (پێشو) ئەندریە

زاخارۆف ڕۆژی ١٣/ ١٩٨٩/١ یاداشتێکی دا بە کۆمیتەی نەتەوە یەکگرتووەکان، داوای کردبوو کە لە ڕووی مرۆڤایەتی، مێژووی و یاسایی، نەتەوەیەکی گەورەی وەک کورد، پێویست دەکات پشتی بگیرێت. جەنگ و جەوری داگیرکەرانی خاکی لەسەر لابیردرێت. دان بە مافەرەواکانی بندرێت، ئەوانیش ببنە ڕیزی میللەتانی ئازاد و سەربەخۆ.

٨- لە ناوەڕاستی مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٨٩ کۆنفرانسێکی تایبەت بۆ دەرسکردنی باری کوردستان لە پاریس پایتەختی فەرەنسا بەسترا. زێتر لە ٣٠٠ کەسایەتی ناوداری پتر لە ٢٥ ولآت بەشداریان تێدا کرا. ژنی میتران سەرۆک کۆماری فەرەنسا ڕۆڵێکی یەکجار پڕ شانازی پڕ شکۆی تێدا گێڕا، بە ناساندنی پرۆسەی نەتەوەی کورد بە کۆنفرانسەکە. لە ئاکامدا گەلێ بڕیار بۆ پشتگرتن و یارمەتیدانی کورد وەرگیرا.

٩- ڕۆژی ٨-١٩٩٠/٣/٩ کۆمیتەی بالأی بەرەی کوردستانی عێراق کۆبوونەوەیەکی گرنگی کرد، چەند بڕیارێکی بۆ پتەوکردنی ڕیزەکانیان و چۆنیەتی خەباتکردنی جەماوەری کوردستان، دوای ڕاگرتنی جەنگی عێراق و ئێران و تاوانەکانی شۆڤێنیستەکانی بەغدا بە وێرانکردن و ئەلاچۆزکردنی کوردستان.

بۆ یەکەم جار کۆمیتەکە بەناوی هەموو پارتە کوردستانیەکان بڕیاری وەرگرت کە بەرە تێدەکۆشێت پرۆسەکانی گەلی کوردی عێراق بە ڕێگای گفتوگۆی ئاشتیانە چارە بکرێت.

ئەمە دەقی بڕیارەکەیە:

و تبنى الجبهة الحل السلمي الديمقراطي للقضية الكردية في اطار الوحدة الوطنية العراقية و تدرك ان تحقيقه ليس سهلا، بل يتطلب تحشيد هائلا للقوى و الجهود و تنظيماتها، كذلك التضامن العربي و الدولي و تدعو الى العمل باتجاه تهيئة الراي العام العربي و العالمي و على المستوى الرسمي او الشعبي لتحقيق الحل السياسي لهذه القضية المشروعة، كما قرر السعي لتوحيد المنظمات الجماهيرية و المهنية و تاسيس منظمة للدفاع عن حقوق الانسان في كردستان العراق.

١٠- رۆژی ١٩٩٠/٤/٢٩ لە شاری (لۆزان ـ سویسرا) کۆبوونەوەیەک ساز کرا بۆ باسکردن و لێدوان لەسەر باری دژواری کوردەکانی کوردستانی باشوور، نوێنەرانی چەند کۆمەڵ و وڵات و پیاوانی ناودار بەشداریان تێدا کرا. نوێنەری بەرەی کوردستانی لە ئەوروپا کاک هۆشیار زێباری راپۆرتێکی گرنگی پێشکەش بە کۆبوونەوەکە کرد.

١١- لە رۆژانی ٢٥ و ١٩٩٠/٧/٢٦ لە ئامۆژگای مارکس ـ لینینی لە مۆسکۆ بۆ یەکەم جار کۆنفرانسێکی گەورە لەژێر دروشمی (کوردەکانی یەکێتی سۆڤیەت، مێژوو ئەمڕۆ.... رێکخرا.) .

نوێنەرانی کوردەکان کە لە نوو کۆماری یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو کە بڵاوکرابوونەوە، ئامادەبوون، ژمارەیەکی زۆر لە پرۆفیسۆر و هۆزانان، دۆست و شارەزایان لەسەر مێژوو پرۆسەی کورد بەشداریان لە کۆبوونەکاندا کرد.

